# قەڵای پەری

## لە (کەریم خان)ەوە تا (لوتف عەلی خان)

نووسینی: بەهرام ئەفراسیابی

وەگێڕانی: سامان عەبدوڵڵا

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان


- ناوی کتێب: قەڵای پەری
- نووسەر: بەهرام ئەفراسیابی
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سامان عەبدوڵلا
- پیتچنین و دیزاین: کەمال عەبدولهادی
- دیزاینی بەرگ: زانا کەمال
- مۆنتیف: نەهرۆ شەوقی
- تیراژ: ٧٥٠
- زنجیرە: ١٧٦
- چاپخانە: روون
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٣٤٢) ساڵی (٢٠٠٧)



**کەریم خانی زەند**



**لوتف عەلی خانی زەند**

# پێشەکی

قەڵای پەری باسی چۆنیەتیی سەرهەڵدان و فەرمانڕەوایی و لەناوچوونی بنەماڵە زەندەکان ئەکات.

پاش ئەو کەس لە کەسییەی دوای کوژرانی نادر شا لە ئێراندا هاتە کایەوە بە جۆرێك کە چەندین کەس لە گۆشەو کەناری ئێران هەریەکە خۆی بە پاشاو فەرمانڕەوا دائەناو کەوتبووە گیانی خەڵك. جێگیرەکانی نادر شا لە خۆراسان و محەممەد حەسەن خانی قاجار لە باکوورو ئازاد خانی ئەفغانی لە ئازەربایجان و عەلی مەردان خانی بەختیاری و ئەبولفەتح خان لە باشووری ئیسفەهان هەر کام خۆی بە پاشای ئێران ئەدایە قەڵەم. ئا لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا هۆزی زەند بە سەرکردایەتیی کەریم خان لە گوندی پەری راپەڕین و کەریم خان بە ئازایی و لێهاتوویی خۆی توانیی لە ماوەی ٩ ساڵدا هەموو ئەوانە سەرکوت بکات و ئێران هێمن بکاتەوە و دەسەڵاتێکی خەڵکی لە ئێراندا بنیاد بنێت.

کەریم خان لە ماوەی ١٩ ساڵ دەسەڵاتی خۆیدا باشترین شێوەو سیستەمی دەسەڵاتی دامەزراند. هەرگیز تاجی نەکردە سەرو ناوی پاشای لە خۆی نەنا، بەڵکو هەر بەو کڵاوە نمەدییەوەو بە ناوی نوێنەری خەڵك لەوپەڕی سادەییدا فەرمانڕەوایی ئەکرد، بە پێچەوانەی پاشاکانی ئەو سەردەمە هەرگیز بە دوای رابواردن و پارە کۆکردنەوەوە نەبوو. کەریم خان خۆی بە کاروباری خەڵکدا رائەگەیشت و ستەمی لە کەس نەئەکردو زۆر دادپەروەر بوو، هەرچەند خوێندەواری نەبوو بەڵام زۆر زاناو ئازاو لێهاتوو بوو. کاری زۆری بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات ئەنجام دا کە هێشتا پاشماوەی ئەو کارانەی لە شارەکانی شیرازو تاران ماون.



پاش مردنی کەریم خان شەڕی ناوماڵ و ناکۆکی کەوتە ناو بنەماڵەی زەندو هەموو کەوتنە کوشتن و کوێرکردنی یەکدی کە ئەم کارە بنچینەی دەسەڵاتی زەندی لاواز کردو جێگرەکانی کەریم خان لەبەر شەڕی ناوماڵ سەر دوژمنیان نەئەپەرژا.

پاش کەریم خان ئەبولفەتح خانی کوڕی و دواتر سادق خانی برای و پاشان عەلی مراد خان و جەعفەر خان و لوتف عەلی خان هاتنە سەر کار بەڵام دەسەڵاتی زەند هەر رۆژ لاوازتر ئەبوو، هەموو پیاوە ئازاکانی زەند بە دەستی یەکدی یان کوژرابوون یا کوێر کرابوون. لەو لایشەوە ئاغا محەممەد قاجار رۆژ بە رۆژ خۆی بەهێزتر ئەکرد.

لوتف عەلی خان کە دوای کەریم خان ئازاترین و لێهاتووترین دەسەڵاتداری زەند بوو، لاوێکی زۆر جوان و ئازا بوو بە شێوەیەك کە ئاغا محەممەد خانی دوژمنی هەمیشە باسی ئازایەتیی ئەوی ئەکرد. لوتف عەلی خان لە ماوەی شەش ساڵ فەرمانڕەواییدا هەمیشە لە شەڕدا بوو دژی ئاغا محەممەد خان هەرچەند لەشکرەکەی لە دوو تا سێ هەزار کەس تێپەڕی نەئەکرد بەڵام لە رووی لەشکری چەند هەزار (٤٠ هەزار) کەسی ئاغا محەممەد خاندا ئازایانە ئەوەستا تا بەهۆی خەیانەتی حاجی ئیبراهیمی کەلانتەری شیرازی کە هەمەکارەی خۆی بوو لەشکرەکەی شکاو رایکردە کرمان و پاشان چووە بەم و ناپیاوانە گرتیان و دایانە دەست خواجە محەممەد خانی قاجارو ئەویش بە دەستی خۆی چاوی دەرهێناو پاش ماوەیەك کوشتی. بەم جۆرە کۆتایی بە دەسەڵاتی زەندەکان هات. زەندەکان لە ماوەی (٣٥) ساڵ فەرمانڕەواییدا (١٧٦٠ تا ١٧٩٥ زایینی) توانییان لاپەڕەیەکی زێڕینی لە مێژووی ئێران تۆمار بکەن و جوانترین شێوەی دەسەڵات بەڕێوە بەرن کە نەك هەر لەوەوپێش بەڵکو لەوە بە دوایش سیستەمی وا لە ئێراندا نەهاتە سەر کار.

٢٠٠٢/١/١٥

س. عبدالله

# بەشی یەکەم

**شێرە ژنانی قەڵای پەری**
**( ساڵی ١١٤٤ کۆچی )**

یەکێك لە نەریتەکانی زەند ئەوە بوو کە ژنیش لە کاتی شەڕو هێرشدا یارمەتیی مێردەکانیان ئەدا. ئەگێڕنەوە لە یەکێك لە شەڕەکاندا سەربازێکی ئەفغانی بە دەنگی بەرز سووکایەتی بە کەریم خان ئەکاتو ئەڵێت: (ئەگەر تۆ پیاویت بۆ ژنەکەت ئەنێریتە مەیدانی شەڕو خۆت هەڵدێیت؟ وەرە لەگەڵ من بجەنگە).

کەریم خان ئەسپەکەی تاو ئەداتو بە یەك شمشێر کابرای ئەفغانی ئەکوژێتو پاشان شمشێرەکەی ماچ ئەکاتو بە شێوەی لوڕی ئەڵێت: (تۆمی بوریو بختم نیبورە).

گوندە بچکۆلەو دڵگرەکەی پەری لە ناوجەرگەی دەشتە بەرینەکانی لوڕستاندا بۆتە کانگای شۆڕشێك کە بەشێکی زۆری لە مێژووی ئێران تۆمار کردووە. ئەم گوندە لەسەر تەپۆڵکەو کێوەکاندایەو ئەڕوانێتە دەشتێکی پانو بەرینو کێڵگە بەپیتەکان. چواردەوری ئاوایی بەهۆی دیوارێکی بەرزەوە لەگەڵ دەرەوە پەیوەندیی بڕاوە. گوندی پەری لەناو چوار دیواری ئەم قەڵا مێژووییەدا داستانێکی زۆری لە ناخی خۆیدا حەشار داوە. ئەم قەڵایە بە پێچەوانەی قەڵاکانی تر کە بە تێپەڕبوونی زەمان وێران ئەبن، هەتا ئەهات پتەوتر ئەبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی کە زوو زوو تازە ئەکرایەوەو هەروەها





کەرەسەی چاکی تیا بەکار ئەبراو دانیشتوانی ناوچەکەیش پارێزگارییان لێئەکرد. دەرگا گەورەو قورسەکانیو ئەو ئەڵقەو بزمارە گەورانەی تێیدا بەکارهێنرابوون سامناکییەکی تایبەتییان ئەدا بە قەڵاکە. دەرگاکان لە رۆژیشدا کەمتر ئەکرانەوەو هێشتا هەوا تاریك نەئەبوو کە بە چاکی ئەبەسترانو هیچ کەس تا رۆژ ئەبووەوە رێگەی نەبوو بێتە ناو قەڵاوە، مەگەر لە کاتی زۆر پێویستدا. خەڵکی ناوچەکەو دەوروبەر بە چاکی ئەیانزانی کە لە شەودا نابێ بچن بۆ قەڵای پەری، ئەبوو هەرکەس بیویستایە بچێ بۆ قەڵا پێش تاریکبوونی هەوا خۆی بگەیاندایە دەرگای قەڵا. ئەم یاسایە بۆ دانیشتوانی گوندی پەریش بەڕێوە ئەچوو واتە ئەگەر کەسێك لە قەڵا بە کارێك دەربچووایەو شەو بگەیشتایەتەوە ئەوا ئەبوو لە دەرەوەی قەڵا رۆژ بکاتەوە ئەگەر نە زۆر بە دژواری رێگەی پێئەدرا بێتە ناو قەڵاوەو پاشان ئەکەوتە بەر لێپرسینەوە.

هەندێ لە ژوورەکانی قەڵا پڕ بوون لە خواردەمەنیی وەك بادەم، گوێز، خورما، میوەی وشککراوە وەك توو، قەیسیو گۆشتی قاورمە. ئاخوڕی رێکوپێكو تەویلەیەکی گەورە لە ناوەڕاستی قەڵادا دروست کرابوو، قەڵاکەی کردبووە یەك بارەگای سەربازیی بەهێز نەك گوندێکی ئاسایی. دیوارو بورجە بەرزەکانی قەڵا لە دوورەوە دیار بوون. جێگەی سروشتیی قەڵاکەیش بە شێوەیەك بوو کە تەنیا رێگەی قەڵاکە لە پێشەوە بوو کە بەهۆی دیوارە پتەوەکانی پارێزگاریی لێئەکرا. لەوانەیە ئەم هەموو بارە ئاسایشییە بۆ قەڵا زیا لە پێویست بووبێت، بەڵام ئەگەر سەرنجی رەوشی ئەو کاتەی ناوچەکەو ئێران بدەین بە تایبەت لە سەردەمی شا سوڵتان حسێن سەفەوی ئەبینین زەندەکان ناچار بوون بەوجۆرە پارێزگاری لە خۆیان بکەن. دەوڵەتی ناوەندی ئێران بە جۆرێك لاواز ببوو کە هێزی دوژمن گەیشتبوونە دەروازەی

پایتەختو تاجوتەختی شایان خستبووە خەتەرییەوە، ئیتر ڕەوشی شوێنە دوورەکان هەر پێویستی بە باسکردن نییە. ئەم بارە نائاساییو پڕ لە ئاژاوەیە لە ڕۆژئاوای ئێرانو سنووری دەوڵەتی عوسمانیدا زۆر خراپتر بوو. ئەم ناوچانە لەو کاتەدا ئەکەوتنە بەر پەلاماری عوسمانییەکانو ئەم ڕەوشە لە کۆتایی دەوڵەتی سەفەوییەکاندا گەیشتبووە بەرزترین ڕادەو، ناوچە سنوورییەکان ببوونە مەیدانی جەنگ.

میرە ناوچەییەکان دەوری سەرەکییان هەبوو، لە کاتێکدا کە ئەبوو هێزی دەوڵەتی ناوەندی پارێزگاری لە گیانو ماڵی خەڵکی بکردایە، کەچی خەڵکی ناوچەکە بۆ پاراستنی دەوڵەتی ناوخۆیی، گیانو ماڵی خۆیان ئەکردە قوربانی. گوندنشینەکان خۆیان ئەکردە سپەری کۆشکنشینەکانی دەسەڵاتدار، پاش کۆتایی ئاژاوەو شەڕەکانیش هەر ئەو خەڵکە ئەبوونە مەترسی لەسەر دەوڵەتی ناوەندی. گوندی پەریش یەکێك بوو لەو ناوچانەی کە دووچاری ئەم شەڕو ئاژاوانە ئەبوو، گوندی پەری کە دانیشتووانەکەی لوڕن لە ڕۆژئاوای ئێراندا هەڵکەوتووە.

زەندەکان هاوسنووری عوسمانییەکان بوون کە لەو کاتەدا هێزێکی گەورەی ناوچەکە بوونو هەرێمێکی گەورەیان لە ژێر دەستدا بوو لە عێراقەوە تا بەشێك لە ئەوروپا. لەبەر ئەوە شەڕو تێکهەڵچوون لە نێوان زەندو عوسمانییەکاندا بە زۆری ڕووی ئەدا. زەندەکان لە ماوەی هەشت ساڵدا بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە لەگەڵ عوسمانییەکاندا شەڕیان ئەکردو گورزی کاریگەریان لێئەدانو نەیانئەهێشت پێشڕەوی بکەن. هەندێ کات ئەم تورکە هێرشهێنەرانە ئەبوونە سەرچاوەی داهات بۆ زەندەکان، چونکە لە کاتی ڕاکردنو شکاندا بەشێکی زۆری خواردەمەنیو جلوبەرگو ئاژەڵو چەکیان لێئەگیرا.





پیاوانی زەند هەموو جەنگاوەر بوونو هەمیشە شمشێربەدەست ئەچوونە مەیدانی شەڕ، منداڵانیش دەوری خۆیان هەبوو. ئەوەی زیاتر ناوی زەندەکانی بەرز کردبووەوە دەوری بەرچاوی ژنانی زەند بوو لە هەموو بوارەکاندا.

پیاوانی زەند لەبەر کاروباری شەڕ کەمتر ئەکەوتنە گوندەکەو سەرچاوەی ژیانیان زیاتر لە ڕێگەی دەستکەوتی شەڕو تالانو ڕاوڕووتەوە دابین ئەبوو. ژنان لە کاتی نەبوونی پیاوەکان دەوری جۆراوجۆریان هەبوو وەك: کاری کشتوکاڵ، کەندنی کاریزو بیرو زەوی کێڵانو هەروەها پەروەردەکردنی منداڵو پارێزگاری لە قەڵاو شانبەشانی پیاوەکان شەڕیان ئەکرد. ژنی زەند ژنێکی ئاسایی نەبوو بە تایبەتی کە کاتێ ڕووبەندی تایبەتی ئەبەست پێی لە ئاوزەنگی ئەسپ توند ئەکردو ڕووبەڕووی دوژمنی ئەبووەوە بە شێوەیەك ئازاو چالاك بوو کە کەس باوەڕی نەئەکرد ئەمە ژن بێت، ژنێك کە لە جوانیی دەموچاوو بەژنوباڵادا بەوجۆرەی کە دڵی دوژمن ئەخاتە لەرزە، دڵی دۆستیشی ئەبات، بڕۆی کەوانیو تیژ وەك خەنجەر، پێستی سووتاوی بەر هەتاو، چاوی کەژاڵو کوڵمی وەك سێوە لاسوورەو گەردنی بلورین کاتێك تێکەڵ بێت لەگەڵ ئازایەتیی پیاوانەدا، ئەبێتە تابلۆی (جوانیو توانین) کە بینەر ئەخاتە ستایشکردنی. پیاوانی زەند لە کاتی شەڕدا هەرگیز بەتەنگ ژنەکانیانەوە نەبوون چونکە ئەیانزانی ئەوەندە ئازاو چالاكو لێهاتوون کە ناکەونە دەستی دوژمن، ئەگەر بێتو دیلیش بکرێن ئەوا بە خەنجەرێك کە هەمیشە لە باخەڵیاندایە دوژمنەکە ئەکوژن. پیاوانی زەندیش ڕواڵەتێکی سامناکیان هەیە، هەتاو پێستی سووتاندوون، چاویان کارتێکەرو بڕۆیان کەوانیو سمێڵێکی درێژ تا پەناگوێ، سنگ پان کە لە بەرگی لوڕیو کڵاوی تایبەتو پشتێندا زیاتر سامناکیان ئەکات، قارەمانی ئەفسانەکان وەبیر مرۆڤ ئەهێنێتەوە، ئەو قارەمانانەی کە لە مەیدانی جەنگدا وەك بە بری تووڕەو

هەڵۆی تیژپەڕ هێرشیان ئەبرد، ئەم دیاردانە لە بواری خۆشەویستیدا جیاوازە، کاتێ لە جێگەیەکی چۆڵدا دەست ئەکەن بە گۆرانی وتن، سۆزو ئاوازیان لە گیانو دڵ کار ئەکاتو مرۆڤ ئەخاتە دەریای خەیاڵەوە.

لە شەوێکی بەهاریدا کاتێ مانگ جارجار لە پشتی درەختەکانەوە خۆی ئەشاردەوە، سەرکردەی زەند نوقمی تەماشای جوانیی مانگ بوو و کەوتبووە دەریای خەیاڵەوە، کاتێك مانگ دەرئەکەوتو هەموو دەشتی رووناك ئەکردەوە، ئەوانەی ئەویندariش نەبوون خۆیان بە ئەویندار پیشان ئەدا، کەوابوو ئازاری کەسێك کە لە تاوی غەمی ئەوین پەنای بردبووە بەر مانگ، جێگەی باسکردن نییە.

مەهدی خان نوقمی خەیاڵ بوو، سەرنجی مانگی ئەدا، لە کاتێکدا کە مانگ لە پشتی هەورێکەوە بوو، مەهدی خان دەستی کرد بە گۆرانی وتن، ویستی بە تەواوی دەردی دەروونی هەڵڕێژێتە دەرەوە، مەهدی خان بە لوڕی ئەیووت:

(چەخش بی مهربونی هەردو سر بی      کە یك سر مهربونی دردسر بی)

واتە:

(چەند خۆشە خۆشەویستی دوولایەنە بێت

چون خۆشەویستی یەکلایەنە مایەی دەردی سەرە)

خورشید کچی (بوداق خان) یەکێ لە سەرکردەکانی لوڕو ئامۆزای مەهدی خان بوو. باوکی مەهدی خان کە ناوی (زەند بەکەللە) سەرکردەی زەند بوو و مامی مەهدی خان واتە (بوداق خان) پەیوەندییەکی برایانەی باشیان هەبوو. هەموو تەمەنیان پێکەوە بوونو هەرگیز لە یەکتری دڵگیر نەبوون.

لەناو لوڕەکاندا وا باو بووکە کچ هەر بە منداڵی ئەدرا بە ئامۆزای خۆیو ژنهێنانو کچ بە شوودان لە چوارچێوەی بنەماڵەدا ئەنجام ئەدرا، هێشتا کچ لە



قەڵای پەری

سکی دایکیدا بوو مێردی بۆ دیاری ئەکرا. لەم رووەوە ئەبوایە خورشید بدرایە بە مەهدی خان کە ئەوکات تەمەنی دە ساڵ بوو، بەڵام ئەم کارە نەکرا چونکە چەند ساڵ پێش لەدایکبوونی خورشید گوندی پەری تووشی قاتوقڕی هاتبوو بە جۆرێك کە نوسیویانە سێ ساڵی تەواو گیا لە زەویدا نەڕواوە.

میری ئەوکاتی لوڕستان کە لە ناوچەی خوڕم ئاباد دائەنیشت رەحیم خانی سەروکوهی بوو کە یەکێك بوو لە دۆستو هاوڕێیانی زەند بەکەللەو بوداق خان، ناوبراو پیاوێکی بەتوانا بوو، تا ناوچەی بروجردی لەژێر دەستدا بوو. رەحیم خان کە داوای یارمەتیی لەلایەن زەند بەکەللەو بوداق خانەوە پێگەیشت، خێرا هەرچییان ویستبوو بۆیانی ناردو داوایشی لێکردن کە تا ماوەیەك بە ماڵو خێزانەوە میوانی ئەو بن تاوەکو ئەو تەنگانەیە کۆتایی دێت. شەوێك خەبەریان هێنا کە لە گوندی پەری بارانێکی زۆر باریوە، بە رادەیەك کە لافاو هەستاوەو خەڵکەکە داوایان لە زەند بەکەللەو بوداق خان کرد بوو کە خێرا بگەڕێنەوە گوندی پەری. بوداق خان ئەو شەوە چون ژنەکەی بە مناڵەوە بوو نەیتوانیبوو بگەڕێتەوە بۆ پەری، بەڵام زەند بەکەللە لەگەڵ مەهدی خانو خەڵکەکەی تر خۆیان گەیاندەوە پەری.

بوداق خانو رەحیم خان سەرگەرمی وتووێژ بوون کە لە نیوەشەودا ئوزبەك خانی کوڕی رەحیم خان هەواڵی هێنا کە بوداق خان بۆتە خاوەنی کچێك، رەحیم خان سکەیەکی زێڕی مژدانە دا بە ئوزبەك خان، بەڵام بوداق خان هیچی پێنەبوو بیدا بە مژدانە، زۆر شەرمی کرد، لەبەر ئەمە کچەکەی کە ناوی نا خورشید پێشکەشی ئوزبەك خانی کرد.

ساڵ هاتو چوو، قاتوقڕی کۆتایی هات، کوڕ جێگەی باوکی گرتەوە، بەڵام ئەوەی هەروەك جاران مابووەوە برایەتیو دۆستایەتیی نێوان زەندو بنەماڵەی رەحیم خان بوو، ئوزبەك خان لە ناوچەکەدا ناوی دەرکردبوو، هەر کچ بوو

به ئاواتەوە بوو ببێتە هاوسەری. پاش مردنی رەحیم خان، کوڕەکانی لەسەر وەسیەتی باوکیان ئوزبەك خانیان کردە گەورەی خۆیان، بەڵام زۆری نەبرد ناکۆکی دەستی پێکردو شەڕی ناوماڵو بنەماڵەو چەندین ساڵ درێژەی کێشا، ئوزبەك خان کە نزیکەی بیست ساڵ تەمەنی بوو هەمیشە گیرۆدەی ناکۆکیی ناو بنەماڵەکەی بوو. ئەگەر پشتیوانیی مەهدی خانو یارمەتی نەزەر عەلی سوڵتانی عەلی شوکر نەبوایە لەوانە بوو ئوزبەك خان تێك بشکێت. ئەم رووداوانە بوونە هۆی لەبیرکردنی خورشید، چونکە دووریی نێوان گوندەکانو بوونی کچی زۆر لە بنەماڵەی خۆیدا ماوەی ئەوەیانی بە ئوزبەك خان نەئەدا کە بیر لەو بڕیارە کۆنەی بوداق خانو باوکی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی لەبیر نەئەچوو کە جارجارێك باوکی بە گاڵتەوە بە ئوزبەك خانی ئەووت:

- ئوزبەك ئەزانی ئەو شتەی بە ئاسمانەوە ئەدرەوشێتەوە چییە؟

ئوزبەك سەیری ئاسمانی ئەکردو دەستی ئەنایە سەر چاویو هاواری ئەکرد:

- ئاخ چاوم، نازانم.

رەحیم خان ئەیدایە قاقای پێکەنینو ئەیووت:

- ئەوە خورشیدە (واتە رۆژ)، هاوسەری داهاتووی تۆیە.

ئوزبەك خانیش ئەگریاو هاواری ئەکردو بە راکردنەوە ئەیووت:

- نە، من نامەوێت خورشید ببێتە هاوسەرم، خورشید مەدەن بە من، چاوم کوێر دەکات.

ئەم چەند بیرەوەرییە لای ئوزبەك خان مابوون، ئەمە لە کاتێکدا کە مەهدی خان ئەو شەوە لەباتی مانگ تەنیا سیمای خورشیدی ئەهاتە بەرچاوو یەك هەفتە پاش ئەم شەوە رووداوێکی وا هاتە پێش کە سەرکردەی زەندو هاوڕێکانی چوونە شەڕی دوژمن. هەرچەندە تورکە عوسمانییەکان پێشتر





زەبری دەستی زەندەکانیان چەشتبوو، بەڵام هەر وازیان نەئەهێنا. هەواڵ هاتبوو کە ئەمجارە تورکەکان لە جاران زۆرترن، بە گەیشتنی ئەم هەواڵە دوو تەتەر رەوانەی عەلی شوکر (هەمەدانی ئێستا)و خرم ئاباد کران تا هەواڵ بە نەزەر عەلی سوڵتانو ئوزبەك خان بدەن.

پاش دە رۆژ شەڕی توند هێزە ئازاکانی لوڕ، تورکەکانیان تێکشکاندو کوشتەو دەستکەوت لە تورکەکان لە جاران زیاتر بوو. تورکەکان هەرچییان پێبوو بەجێیان هێشتبوو. جەنگاوەرانی زەند چەندین شەوو رۆژ جەژنیان گرتو شاییان گێڕا بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە.

لەم جۆرە جەژنانەدا پیاوان ئەکەونە خۆنواندنو هونەرمەندانیش هونەری خۆیان پیشان ئەدەنو هەموو جۆرە سەمایەك وەك (کەمنونی)، (سێ پێی)و (گنەم چینی واتە دروێنە) لەم جەژنانەدا بەڕێوە ئەبرێن.

جوانترین سەما، سەمای بەکۆمەڵی دەسماڵە، هەرکەس جوانترین بەرگی خۆی لەبەر ئەکاو پارچەیەك ئەگرێ بە دەستییەوەو لەگەڵ دەنگی دەهۆڵو زوڕنا سەما ئەکا (هەڵپەڕینی ناوچەی خۆمان. و.). ژنو پیاو لەم سەمایەدا یەکێتیی خۆیان پیشان ئەدەن (واتە هەڵپەڕین نیشانەی یەکێتییە. و.). هەر لەم جۆرە شاییانەدا کوڕو کچ هاوسەری ئایندەی خۆیان دیاری ئەکەن. لەم جەژنەدا ئوزبەك خان چاوی ئەکەوێت بە کچێکی جوانو گیرۆدەی ئەبێت.

ئەو شەوە نەزەر عەلی سوڵتان کە لە سەرووی خەڵکەکەوە دانیشتبوو و ئوزبەك خان لە تەنیشتییەوە بوو سەیری سەماکەرانی ئەکردو لە خەیاڵدا بوو. ئوزبەك خانیش هەر بە چاو بۆ ئەو کەسەی کە تیری لە دڵی دابوو ئەگەڕا. نەزەر عەلی سوڵتان کە ئوزبەك خانی بەم جۆرە دی وایزانی کە نەخۆشەو ویستی پرسیاری لێبکات، بەڵام هاتنە ژوورەوەی مەهدی خان مۆڵەتی نەدا. بوونی نەزەر عەلی سوڵتانو ئوزبەك خان لەوێ بۆ مەهدی خان

گرنگ بوو، چونکە لەلایەکەوە ئەوانە میوانی ئەو بوونو لە لایەکی ترەوە ئەوان هاتبوون بۆ یارمەتیی مەهدی خان، لەبەر ئەوە مەهدی خان خەریکی خزمەتکردن بوو. بە دەنگێکی گەرمەوە وتی:

- خان هیچتان پێویست نییە؟

ئۆزبەك خان سەری بردە نزیك گوێی مەهدی خانو وتی:

- ئەگەر ئەکرێت پێکێ شەراب.

ئەم داوایەی ئۆزبەك خان بووە مایەی نیگەرانیی مەهدی خان، چونکە چەند ساڵ پێش بەهۆی مەستییەوە رووداوێکی ناخۆش رووی دابوو کە ببوە هۆی ئەوەی سوێند بخۆن هەرگیز لە جەژندا شەراب نەخۆنەوە. نەزەر عەلی سوڵتان کە بە ساڵاچووتر بوو هەستی بە نیگەرانی مەهدی خان کردو زانیی ئەبێ بکەوێتە بەینەوە، ئەو بە باشی بنەماڵەی هەردوو خانی ئەناسی. ئۆزبەك خان بە بیستنی وتەکانی نەزەر عەلی سوڵتان بێ دەنگ بوو و مەهدی خانیش لەوەی کە نەیتوانی داواکەی ئۆزبەك خان جێبەجێ بکات دڵتەنگ بوو. رۆیشتو یەك سینی میوەی هێناو لای ئۆزبەك خان دانیشتو دەستی کرد بە وتووێژ. مەهدی خان بۆی دەرکەوت کە ئۆزبەك خان دڵی لە کوێیە بەڵام ئەیویست نەهێنانی شەرابەکە پاساو بداتەوە. مەهدی خان گەرچی سەرکردەیەکی لێهاتوو بوو بەڵام بە باشی ئەزانی کە ئەگەر ئۆزبەك خان دڵی بە کچێکەوە بێت ئەوا ئەو ببێتە برازاوای. لەبەر ئەوە لەلای نەزەر عەلی سوڵتان لە ئۆزبەك خانی پرسی:

- خان چییە؟

بە پێکەنینەوە وتی دیارە تەمەنی لاوییە، لەوانەیە وەك من ئەویندار بێت.

ئۆزبەك خان ئەم وتەیەی بە راستی وەرگرتو وتی:





- کەوابوو بەم زوانە شیرینی ئەخۆین.

ئەم وتەیەی ئۆزبەك خان نیشانەی ئاشتیو میهرەبانی پێوە بوو. دیار بوو لە نەهێنانی شەرابەکە زویر نەبووە، لەبەر ئەوە مەهدی خان دۆستانەتر لە پێش بە گوێی ئۆزبەك خاندا وتی:

- لە بیری دڵدارەکەتدایت، بەیانی کە گەڕایتەوە چاوت پێی ئەکەوێت.

مەهدی خان ئەمەی بە جۆرێك وت تا بەڵکو ئۆزبەك خان ئەوەی لە دڵیدایە بیدرکێنێت، بەڵام ئۆزبەك خان ناوی کەسی نەبرد چونکە لەلایەکەوە ئەوەی لا باش نەبوو و لەلایەکی ترەوە شەرمی ئەکردو، تەنیا وتەکەی مەهدی خانی لە بەرخۆیەوە دووپات کردەوە:

- بەیانی کە گەڕامەوە.

ئۆزبەك خان ئەیزانی کە بوداق خان کچەی پێشکەش ئەو کردووە، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار باسی ئەم شتە بە سوودی ئۆزبەك خان نەبوو. چون یەکەم ئەو (ئۆزبەك خان) ئەویندارى کچێك بوو و دووەم ئەوەی کە چەندین ساڵ لەم بڕیارەی بوداق خان تێپەڕی بوو و ئۆزبەك خان نەیئەزانی ئەم کچە چۆن کچێکەو تەنیا ناوی بیستبوو ئەویش بەهۆی ئەو گاڵتەیەوە کە باوکی پێی ئەووت:

- ئۆزبەك ئەزانی ئەوە چییە بە ئاسمانەوە ئەدرەوشێتەوە؟ ئەزانی ئەوە خورشید هاوسەری تۆیە؟

ئۆزبەکیش بە بیستنی ئەم وتەیە رایئەکردو ئەیووت:

- من نامەوێت خورشید ببێتە هاوسەرم، خورشید ئەدات لە چاوم، ئیتر کاری خراپ ناکەم، خورشید مەدەن بە من...

ئەم وتانە هاتنەوە بیری ئۆزبەك خان.

رۆژی دواتر نەزەر عەلی سوڵتانی پاش دەعوەتکردنی مەهدی خانو

ئوزبەك خان، لەگەڵ سوارەكانیدا رۆیشتن، ئوزبەك خانیش بە دڵێكی پڕ لە ئەوینەوە سەرگەرمی رۆیشتن بوو كە لەناكاو سوارێكی چالاك لە چەند هەنگاو ئەودا لە ئەسپەكەی دابەزیو رووبەندی لە رووی لاداو دڵی ئوزبەك خانی هەژاند، ئەم ئەو كچە بوو كە شەوی رابردوو دڵی ئوزبەك خانی بردبوو.

ئەم سوارە بە پەلە بوو ئەیویست ئەسپەكەی بەرێتە تەویلەو كابرایەك كە چاوی لێبوو بە دەنگێكی بەرز كە ئوزبەكیش بیستی وتی:

- خورشید خانم هاتیتەوە؟ دایكتان چاوەڕێتانە..

لەم كاتەدا هەموو شتێك بۆ ئوزبەك خان گۆڕا، ئایا ئەم كچەكەی بوداق خانە كە پێشكەشی ئەو كراوە؟ ئوزبەك ویستی هەرچۆن بووە بزانێت كە ئایا بوداق خان كچێكی بە ناوی خورشید بووە.

ئەم پرسیارە زۆر گرنگ بوو چونكە باوكی مەهدی خانو ئوزبەك خان زۆر دۆستی یەكدی بوونو دۆستایەتیی ئەم دوانەیش درێژەپێدەری ئەو دۆستایەتییە بوو، لەبەر ئەوە ئەم پرسیارە زۆر گرنگ بوو. لەم كاتەدا مەهدی خان گەیشتو ویستی بزانێت ئایا ئوزبەك خان كارێكی هەیە تا بۆی ئەنجام بدات:

- خان! كارتان نییە؟

مەهدی خان دەستی دا بە پشتی ئوزبەك خانداو چاوەڕوانی وەڵامی ئەكرد، كە ئوزبەك خان وتی:

- كارم نییە بە مەرجێك وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە.

مەهدی خان كە هێشتا نەهێنانی شەرابەكەی لەبیر مابوو ویستی دڵی ئوزبەك خان چاك بكاتەوە، وتی:

- خان بڵێ، بەسەر چاو وەڵامت ئەدەمەوە.





ئوزبەك خان خێرا پرسی:

- مامی رەحمەتیت (بوداق خان) چەند مناڵی بوو و ناویان چییە؟

مەهدی خان وتی:

- مامی رەحمەتیم تەنیا كچێكی بە ناوی خورشید هەیە.

- خورشید؟ ئوزبەك خان لەژێر لێوەوە دووپاتی كردەوەو بانگی كرد: ئامادە بن بڕۆین. ئوزبەك ئەوەی ئەیویست بە دەستی هێنابوو، نەیویست زیاتر لەمە بمێنێتەوە.

هێشتا دوو رۆژ لە گەڕانەوەی ئوزبەك خان تێنەپەڕی بوو كە هەواڵیان دا بە مەهدی خان كەوا چەند كەس لەلایەن بنەماڵەی ئوزبەك خانەوە هاتوون بۆ گوندی پەری. مەهدی خان لەو كاتەوە كە شەرابەكەی بۆ ئوزبەك خان نەهێنابوو زۆر دڵگیر بوو، كە هاتنی ئەم كەسانە ئەو غەمەی زیاتر كرد.

- ئەو كەسانە هاتوون بۆ خوازبێنی.

مەهدی خان بە بیستنی ئەم هەواڵە خۆشحاڵ بوو، پرسی:

- خوازبێنیی كێ؟

وەڵامیان دایەوە:

- دایكی ئوزبەك خان ئەڵێت هاتووین تا ئەو بڕیارەی كە بوداق خان دابووی جێبەجێ بكەین.

مەهدی خان وتی:

- من نازانم، بڕۆن بزانن چییان ئەوێت.

وەڵامیان دایەوە:

- خورشیدیان ئەوێت.

مەهدی خان تا هەفتەیەك پاش گەڕانەوەی خزمانی ئۆزبەك خان ئارامی نەبوو، ئەم رووداوە کوشندە بوو، لە میوانداریيەکی نەزەر عەلی سوڵتان کە بڕیار بوو مەهدی خانو ئۆزبەك خان ئامادە بن بەڵام ئۆزبەك خان ئامادە نەبوو. نەزەر عەلی سوڵتان ئەیزانی کە پەیوەندیی ئەو دوو بنەماڵەیە بەم شێوەیە پتەوتر ئەبێت لەبەر ئەوە ئەم کارەی لا پەسند بوو، بەڵام نەیئەزانی کە ئەم کارە دوژمنیی لێ ئەکەوێتەوە لە نێوان ئەم دوو بنەماڵەیەدا کە ئەنجامەکەی شەڕێکی لێکەوتەوەو لەو شەڕەدا ئۆزبەك خان شکاو لەشکرەکەی پرشوپڵاو بوونو خۆشی پەنای بردە بەر (بابا خان چایشلو) میری لوڕستان.

بابا خان چایشلو لەو میرە بەهێزانە بوو کە لە ناوچەکەی خۆیدا فەرمانڕەوایی ئەکردو گوێی نەئەدایە فەرمانی دەوڵەتی ناوەندیی شا سوڵتان حسێن سەفەوی کە بەهۆی لاوازیو لێنەهاتوويیەوە سەری خۆیو دەوڵەتەکەی دا بە بادا.

لەبەر ئەوە میرە ناوچەییەکان وەك بابا خان بە یارمەتیی میرە ناوچە بچوکەکان فەرمانڕەوایی خۆیان بەهێز ئەکرد. بابا خان خۆشی لە کەسانێك وەك مەهدی خان کە خاوەن ناوو هێز بوون نەئەهات، لەسەر ئەو بنچینەیەی کەوا (دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە) ئۆزبەك خانی پەنا دا تا لە کاتی پێویستدا لە دژی زەندەکان بەکاری بهێنێتو ئۆزبەك خانیش لە ژیانی بنەماڵەی زەند ئاگادار بوو.

پاش رووخانی سەفەوییەکانو هاتنە سەرکاری نادر شای ئەفشار کاروباری ئێران گۆڕانی بەخۆیەوە بینی. سەرەك بنەماڵەکان بێهێز بوون. دەسەڵات تەنیا لە دەست نادر شادا بوو، بەڵام بابا خان شێوەیەکی تایبەتی هەبوو لە کۆکردنەوەی باجدا، ئەو شێوە بێ بەزەییانە بووە هۆی مانەوەی جێگەی بابا خان لەلای نادر شا. بابا خان خێرا خۆی بە نادر شاوە بەستەوەو بە یەکێك لە





کوڕەکانیدا دیارییەکی زۆری نارد بۆ نادر شاو بەمجۆرە فەرمانڕەوایی ناوچەی خۆی پاراست. کوڕەکەی بابا خان لە دەرباری نادر شا لەسەر کار دانراو بەم شێوەیە پەیوەندیی نێوان بابا خانو دەوڵەتی ناوەندیی نادر شا پتەو بوو.

نادر شا کەڵکی زۆری لە کوڕەکەی بابا خان وەرگرت لە بارەی رەوشی ناوچەکەوە، بابا خانیش هەرچی بویستایە بە کوڕەکەی ئەووت تا لە کاتی خۆیدا بە نادر شا بڵێت. کاتێ نادر شا لەبارەی لوڕستانەوە لە کوڕەکەی بابا خانی پرسی بە سەرسوڕمانەوە بیستی:

- بنەماڵەی زەند ئاسایشیان لە خەڵك بڕیوە، ئەو رێگرانە بەسەر ناوچەکەدا زاڵن کە بۆ سەرکوتکردنیان هێزێکی زۆر پێویستە.

نادر شا خێرا فەرمانی بۆ بابا خان نارد کە سەرکردەکانی زەند تێکبشکێنێتو خێزانەکانیان رەوانەی دەرگەزی ئەبیوەرد بکات بە زووترین کات.

کاتێ پەیامی نادر شا گەیشتە دەست بابا خان، لەگەڵ ئۆزبەك خان کەوتە راوێژو ئۆزبەك بە بیستنی ئەم هەواڵە لە رادەبەدەر خۆشحاڵ بوو. کاتێ کە بیستی سەرکردەکانی زەند ئەبێ لەناو بچنو خێزانەکانیان دوور بخرێنەوە، ئەو خێرا زەردەخەنەی خورشیدی هاتەوە پێش چاوو وتی:

- خان ئەبێت لەم کارەدا بە وردی بجووڵێینەوە، چونکە ئەگەر لەگەڵ مەهدی خان شەڕ بکەیت یەکەم ئەوەی کە ئەم شەڕە چەندین ساڵ درێژە ئەکێشێتو دووەم لەوانە نییە نادر شا ئەو مۆڵەتە بدات بە تۆ تا ئەو کاتە لە جێگەی خۆت بمێنیتەوە.

بابا خان رووی کردە ئۆزبەك خانو پرسی:

- تۆ رات چییە؟

ئۆزبەك لە وەڵامدا وتی:

- به رای من چون مەهدی خان لە رێگری‌و جەردەیی تێر بووە ئەگەر پێشنیازێکی چاکی وەك لێپرسراوی پێ بدرێت لەوانەیە بێتە ئێرە، ئەوکات هەموو کار ئاسانەو لەناویان ئەبەین‌و کاری دوورخستنەوەی خێزانەکانیش بە من بسپێرە تا منیش خزمەتێکم کردبێت.

بابا خان کە زۆرجار سوودی لە بۆچوونەکانی ئوزبەك خان وەرگرتبوو ئەیزانی کە راست ئەکات، لەبەر ئەوە درێژەی بە راوێژکردنەکە داو بەیانی زوو تەتەری رەوانەی قەڵای پەری کرد.

کات پاشنیوەڕۆیەکی پاییز بوو، بێ ئەوەی هەور بە ئاسمانەوە بێت بەری رۆژ کەمێك لێڵ بوو، پیرەپیاوو منداڵە وردەکان لە بن دیواری قەڵادا چاویان بڕیبووە دەشتە بەرینەکان‌و گوێیان لە وتەکانی ئەسکەندەر بەگ گرتبوو. ئەسکەندەر بەگ پیاوێکی پیرو ژیر بوو، هەمیشە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کۆن کەسانی تری سەرگەرم ئەکرد:

- من ئەو کاتە زۆر لە رۆژگیران ئەترسام، هەموو هەر ئەترسان..

ئیسماعیل بەگ وتی:

- ئێستایش ئەترسن؟

ئەسکەندەر بەگ بە زەردەخەنەیەکەوە دووپاتی کردەوە:

- ئێستایش ئەترسن! بە تایبەت لە هەژدیهایەك کە لە کاتی رۆژگیراندا ئەیەوێت رۆژ قووت بدات! منداڵەکان هاواریان کرد:

- هەژدیها (خاڵۆ) ئەسکەندەر؟! هەژدیها؟!

- بەڵێ خاڵۆ، پێشینیان ئەڵێن کاتێك رۆژ ئەگیرێت هەژدیهایەك کە نازانم چەند گەورەیە رۆژ قووت ئەدات..

- خاڵۆ ئەسکەندەر تۆیش رۆژگیرانت دیوە؟





- بەڵێ خاڵۆ گیان، خۆیشم ئەمویست ئەوە بڵێم. کاتێ منداڵ بووم رۆژێك رۆژ گیراو ئاسمان وەك شەو تاریك بوو، هەموو دەستمان کرد بە گریان‌و منیش گریام، بەڵام لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە بێ هۆ ترساوم.

هەڵبەت ئەسکەندەر بەگ هێشتا هەر ئەترسا بەڵام لەبەر منداڵەکان وای ئەووت، ئەسکەندەر بەگ ئەو باسەی وا ئەگێڕایەوە وەکو دوێنێ بووبێت، ئەسکەندەر بەگ وتی:

- بۆ ئەوەی هەژدیها واز لە رۆژ بهێنێت ژنان ئەبێ لە دەفری مسی بدەن تا کاتێ رۆژ رزگاری ئەبێت. ئێستایش پێتان ئەڵێم بۆچی، سیز عەلی بەگ وتی:

- ئەسکەندەر! لە کاتێکدا کە پیاوان لە دەرەوەی گوندن تۆ باسی چی ئەکەیت؟ شتێکی باشتر نازانیت؟

ئەسکەندەر بەگ وەڵامی دایەوە:

- ئەمە چیرۆك نییە، ئەمرۆیش ئەمە روو ئەدات، خێرا شیشەیەکی دوکەڵاوی دایە دەست سیز عەلی‌و وتی:

- سەیر کە، ئەم شیشەم لەو کاتەوە پێیە، سەیری رۆژ بکە، هەموو بەو شیشە سەیری رۆژیان کرد. پاشان ئەسکەندەر بەگ وتی:

- لە یادمە یەك هەفتە پاش ئەو رۆژگیرانە گوندکەیان تاڵان کردین‌و پاشان نەخۆشی داکەوت‌و خەڵکێکی زۆر مردن. نزیکی نیوەی دانیشتوانی گوند مردن، ئێستایش بڕۆن بە دایکتان بڵێن تا زووە لە دەفرە مسەکان بدەن تا هەژدیها گوێی لێبێت.

ئێوارەیەکی غەمناك باڵی بەسەر گونددا کێشا، بەجۆرێك کە دەنگی ناخۆشی دەفرە مسەکان لەباتی رزگارکردنی رۆژ غەمێکی پتریان ئەخستە دڵی خەڵکەوە. رۆژ لە گۆشەیەکی ئاسماندا کەوتبووە گیری هەژدیهاوەو ژنانیش بۆ

ڕزگارکردنی لە دەفری مسییان ئەدا. ژنان هەر خەریکی لێدانی دەفر بوون کە لەناکاو لە ڕێگەی دوورەوە تەپوتۆزێك دەرکەوتو پاشان سوارێك کە بەغار دەهات ئەبینرا. هاتنی ئەو سوارە خەڵکەکەی خستەوە یادی وتەکەی ئەسکەندەر بەگ کە وتی:

- گوندەکەمان پاش ئەو ڕۆژگیرانە تاڵان کرا..

کاتێ کە سوارەکە نزیك بووەوەو دەرکەوت کە تەنیایە ئیتر ترسی خەڵکەکە کەم بووەوە، چونکە یەك یا چەند سوارێك نەیانئەتوانی ئەو گوندە تاڵان بکەن، چونکە قەڵا زۆر قایم بوو و هەروەها ژنانیش دەستی کەمیان لە پیاوان نەبوو لە شەڕکردنو پارێزگاریی قەڵاکەدا، بەڵام چون هاتنی ئەم سوارە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژگیراندا بووە هۆی دڵەڕاوکەی خەڵکەکە. لە دەفری مسدان بە گەیشتنی سوارەکە کۆتایی هات. سەگەلی گوند کەوتنە دوای سوار، بەڵام سوار بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە لە گوند نزیك بووەوە.

وەڕەی سەگو هاتنی سوارێکی نەناسراوو هەروەها ئەو شتانە کە ئەسکەندەر بەگ وتبووی پاش گیرانی ڕۆژ ڕوویان داوە بووە هۆی ئەوەی منداڵانی دێ دەست بکەن بە گریان. ژنانیش دەستیان کرد بە ئامادەکردنی خواردن بۆ پیاوەکان چونکە بە سکی برسیو دەستی پڕەوە ئەگەڕانەوە. ژنانو منداڵان خۆیان ئامادەی پێشوازی لە پیاوان کردبوو تا مناڵان دیاریی خۆیان وەرگرنو ژنانیش خواردن ئامادە بکەن.

پاش ئەم سەرنجی ژنو مناڵان بەرەو سوارە ڕاکشا. سیمای سوارەو بارستایی ئەو شتومەکانەی بە ئەسپێکی تر هەڵی گرتبوو و ڕووی کراوەی کابرا تا ڕادەیەك لە ترسو دڵەڕاوکەی خەڵکەکەی کەم کردەوەو خەڵك لە بەرخۆیانەوە ئەیان وت:

- نە، ئەمە ئەوە نییە کە ئەسکەندەر بەگ باسی ئەکرد.





بەڵام ئەسکەندەر بەگ هەر دوودڵ بوو، بەڵام ئەیویست ئەم نیگەرانییە دەرنەبڕێت، ویستی لە هۆی هاتنی سوارەکە ئاگادار بێت، وتی:

- بەخێر هاتی، فەرموو، وا دەرئەکەوێت لە ڕێگەی دوورەوە هاتبی؟

سوارەکە وتی:

- من تەتەری میری لوڕستان (واتە بابا خان)م.

ئەسکەندەر بەگ پرسی:

- میری لوڕستان؟!

کابرا بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، لەلایەن میری لوڕستانەوە هاتوومو مژدەیەکی خۆشم بۆ مەهدی خان هێناوە.

لەو سەردەمەدا سەرکردە ناوچەییەکان (سەرکردەی هۆزەکان) بە تایبەت ئەوانەی لە ناوچە دوورو سنوورییەکان نیشتەجێ بوون زۆر بایەخیان بە تەتەری دەوڵەتی ناوەندی نەئەدا، چونکە ئەیانزانی کە فەرمانڕەوای تەتەر تەنیا بۆ کۆکردنەوەی باجو یارمەتی سەربازی ئەنێرێتە لایان، کە ئەم دیاردەیە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا گەیشتبووە بەرزترین ئاستی خۆی، بەڵام پاش هاتنە سەر کاری نادر شا ڕەوش بە تەواوی گۆڕا. نادر شا خاوەنی سوپایەکی بەهێز بوو، کەوتە گیانی بێگانەکانو ئەفغانییەکانی تێکشکاندو تورکەکانی تا سەر سنوور ڕاو نا. هەموو یاخیبووەکانی سەرکوت کردو میرە ناوچەییەکانی ناچار کرد ملکەچی بن. لەبەر ئەوە تەتەری نادر شا لەگەڵ ئەوانی پێشوو جیاواز بوو، ئەبوو ڕێزی لێبگیرێ نەوەکو ببێتە هۆی دڵگیریی نادر شا. لەبەر ئەمە تەتەرەیان بە ڕێزێکی تایبەتەوە بردە ناو قەڵا تا مەهدی خان ئەگەڕێتەوەو چاوی پێی ئەکەوێت.

هێشتا تازە دەرگای قەڵا بەسترابوو کە نادر بەگ گوێی لە دەنگی ئەسپو هەرای سوارەکان بوو. هاتە سەر دیواری قەڵاو:

- سەلام نادر بەگ، خۆمانین، بڵێ دەرگاکە بکەنەوە.

ئەو شەوە لە ماڵی خانی زەند تا درەنگێك هاتوچۆ بەردەوام بوو، کەس نەیئەزانی تەتەر چ پەیامێکی پێیە. ئەسکەندەر بەگ زۆر هەوڵی دا کە شتێکی پێبدرکێنێت، بەڵام تەتەر لەوە زیرەکتر بوو کە باسی هیچ نهێنییەك بکات.

بەیانی زوو تەتەرو دیارییەکانی برانە لای مەهدی خان، تەتەر بە روویەکی کراوەو دەستو دیارییەکی چاکەوە چووە لای مەهدی خان.

- خانی زەند سەلامەت بێت، من پەیامی میری لوڕستان بابا خانم پێیە بۆتان.

- بەخێر هاتی.

مەهدی خان لە کڕنوشبردنو ڕێزی تەتەر سەری سوڕما.

- بۆ دانانیشی؟ خانی زەند وتی.

- دانیشتن لە بەرامبەر گەورەپیاواندا بێ ئیزندان جوان نییە. تەتەر وتی.

ئەو دیارییانەی کە هێنابووی لەگەڵ دوو کیسە زێڕ دای بە خانو پاشان دانیشت. خان سەیری دیارییەکانی کردو بە سەرسوڕمانەوە چاوەڕوانی پەیامی تەتەری ئەکرد.

- ئازایەتیو جەنگاوەری هۆزی زەند لای هیچ کەس ون نییەو هەموو خەڵکی ئەم ناوچەیە ئەزانن کە ئێوە چ هێزێکتان هەیە. لەبەر ئەوە بابا خان کە ئەیەوێت لەشکرێك پێکبهێنێتو بچێتە لای نادر شا بۆ ئێوە جێگەیەکی تایبەتی داناوەو ئەیەوێت ببنە فەرماندەی بەشێکی گەورەی هێزەکانی.





تەتەر کاتێ بینی خان بێ دەنگە درێژەی بە وتەکانی دا:

- خانی زەند سەلامەت بێت، ئەزانی نادر شا بۆ فەرماندەیەکی لێهاتووی وەك ئێوە چەند ڕێز دائەنێت؟ من خۆم گوێم لێبوو میر ئەیووت:

- نادر شا بە بوونی پیاوی وەك مەهدی خانو سوارەکانی زۆر خۆشحاڵ ئەبێت. ئەمە مژدەیەکی گەورەیە، هەروەها میر ئەیووت:

- کە مەیدانی شەڕ، سەربەرزی، فەرماندەییو دەستکەوتی شەڕ هەر لە سەردارێکی وەك مەهدی خان جوانە.

خان پرسی:

- سەردار؟! تەتەر وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ (سەردار) ئێوە ئەگەر بتانەوێت بە زوویی ئەبنە (سەردار) ئەویش بە وەڵامدانەوەی داواکەی میری لوڕستانو، بە کردەوە بیسەلمێنن کە ئەو بە هەڵەدا نەچووە لەم کارەدا. تا ئەویش لای نادر شا سەربەرز بێت. بابا خان بۆ نادر شای نووسیوە کە ئێوە لە بەرامبەر تورکە عوسمانییەکاندا چ ئازایەتییەکتان نواندووە.

مەهدی خان وتەکانی تەتەری بڕیو پرسی:

- لەگەڵ نادر شا لەبارەی منەوە باس کراوە؟!

تەتەر کاتی بە چاك زانیو وتی:

- بەڵێ سەردار، ئێوە خۆتان بە کەم ئەزانن، مانەوە لە ناوچەیەکی بچوکداو شەڕ لەگەڵ ئەمو ئەودا کەس ناکاتە پیاو. ئەگەر نادر شا هەر لە دەرگەز بمایەتەوە کەس نەیئەزانی ئێستا چ کارە ئەبوو. نادر شا هاتە مەیدانەوەو پێی نایە هەرێمێکی گەورەوەو بوو بەو نادر شایەی ئێستا.

وتەکانی تەتەر، بەرگی سەرداری، دەستکەوتی شەڕو بوون بە نادر شا خەیاڵی مەهدی خانی پڕ کرد. لەم کاتەدا تەتەر بۆ ئەوەی وتەکانی باش

جێگەی خۆی بگرێ کەوتە کردنەوەی دیارییەکان، کە بریتی بوون لە: چوار شمشێری نیشانەدارو جوان، دوو خەنجەری رازاوەو گران کە مەهدی خان هێشتا شتی وەهای نەدیبوو، لە بەردەم مەهدی خانی دانا. مەهدی خان خەنجەرەکانی لە کێلانە زێڕینەکانیان دەرهێنا. لە بەرخۆیەوە وتی: چ هیمەتێك! لەم کاتەدا تەتەر نامەیەکی دا بە مەهدی خان:

- ئەمە چییە؟ خان پرسی.

- نامەیە بۆ ئێوە.

خان بە پێکەنینەوە وتی:

- خۆت هێناوتەو خۆت بیخوێنەوە.

تەتەر وتی خان سەلامەت بێت. نامە مۆر کراوەو تایبەتە بۆ تۆ..

خان وتی:

- لێرە کەس خوێندەواریی نییە.

تەتەر وتی:

- پێش خوێندنەوەی نامەکە ئەبێت بڵێم ئەم خەنجەرانە بە تایبەتی بۆ ئێوە دروست کراون.

مەهدی خان خەنجەرەکانی هەڵگرتو سەرنجی دان.

تەتەر وتی:

- ئەوە ناوی مەهدی خان لەسەر خەنجەرەکان هەڵکەندراون.

مەهدی خان پێکەنیو وتی:

- ئێستا نامەکە بخوێنەوە.

- لە نامەکەدا نووسراوە: لەبەر ئەوەی بوونی خانی زەند لە سوپای نادر شادا پێویستە ئەبێت خێرا لەگەڵ هاوڕێیانی خۆی بگەیەنێتە کۆشکی میری لوڕستان تا چۆنیەتیی پەیوەندی بە سوپای نادر شاوە تەرتیب بکرێت. لەبەر





ئەوەی ئامادەکردنی سوارە پێویست بە پارە ئەکات وا دوو کیسە زێڕیان نارد، لەم کاتەدا تەتەر دوو کیسە زێڕەکەی لە تەنیشت دیارییەکانەوە داناو وتی:

- منیش ئەمەوێت بڕۆم.

ئەسکەندەر بەگو چەند کەسی تر بەو جۆرەی کە شیاو بوو دیارییان بۆ بار کردو تەتەریان بەڕێ کردو گەڕانەوە لای مەهدی خان. مەهدی خان سەرگەرمی تەماشای دیارییەکان بە تایبەت خەنجەرەکانو گێڕانەوەی رووداوەکە بۆ خورشیدی ژنی بوو. کاتێ ریش سپییەکانی دی گەیشتن خورشید چووە ژوورەوەو مەهدی خان کەوتە وتووێژ لەگەڵیاندا.

پاش گەڕانەوەی تەتەر، شێخ عەلی خان، ئەسکەندەر بەگ، نادر بەگو چەند کەسی تر لەگەڵ مەهدی خان دانیشتن. پاش هەڵسەنگاندنی دیاریو پێشنیارەکانی میری لوڕستانو کیسە زێڕو نامەکە، کەوتنە گومانو دوودڵییەوە.

- میرەکان هەمیشە باجیان لە خەڵك سەندووە، پیاوانی نادر شا فەرمانیان پێیە هەرکەس درەنگ باج بدات سەری بڕنو بیبەن بۆ نادر شا. کەوابوو چۆن وا نادر شا پارە بۆ ئێمە ئەنێرێت؟ کەسێك کە لە سەندنی باجدا وا بە ناوبانگە چۆن خەنجەری زێڕینو تایبەت بۆ ئێمە رەوانە ئەکات؟

مەهدی خان وتی:

- بابا خان لەلایەن نادر شاوە ناردوویەتی.

ئەسکەندەر بەگ پاش خواردنەوەی چایەکەی لە وەڵامدا وتی:

- سەرەڕای ئەوە من لە تەتەرەکەیش بەدگومانم. دوێنێ شەو، زانیم کە نەك هەر وەڵامی راست ناداتەوە بەڵکو هەوڵی ئەدا بزانێت ئێمە چەند کەسین، کاتێ لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی تێپەڕیم، دیم هەر خەریکی

پشكنینە، رۆژی دوایی لێم پرسی كە پیاوەكانی ئێمەت چۆن دیوە؟ وتی:

- من كارم بە پیاوەكانی ئێوە چییە؟ من كەسم نەدیوە.

مەهدی خان دایە پێكەنینو وتی:

- ئەم ئەسكەندەر بەگە زۆر بەدگومانە، گەر بەلایەوە ناخۆش نەبێت ئەڵێم كە زۆر كات ئەو خەیاڵی خراپ ئەكاتو هەواڵی ناخۆش ئەدات، دوێنێ وتبووی كە لە داهاتوودا گوندەكەمان تاڵان ئەكەن..

ئەسكەندەر بەگ بێ دەنگ بوو، بەڵام نادر بەگ لە پشتگیریی ئەودا وتی:

- ئەسكەندەر بەگ ئەگەر شتێك بڵێت لە رووی دڵسۆزییەوەیە، ئەو كە لەگەڵ ئێمە دوژمن نییە، چ وتەیەكی ئەو بێ نرخە؟

مەهدی خان بە لەخۆباییبوونەوە وتی:

- ئەمڕۆ نادر شا لە هەموو كەس باشتر نرخی جەنگاوەر ئەزانێت. منیش ئەڵێم، بابا خان لەگەڵ ئێمە دوژمن نییە تاوەكو بیەوێت تەفرەمان بدات. تەفرەدان بۆچی؟ ئێمە كارێكمان نەكردووە. مەهدی خان درێژەی پێداو وتی:

- من وتەكانی تەتەر بە تەواوی وەرناگرم، هەروەها وتەكانی ئەسكەندەر بەگیش بە درۆ نازانم، بەڵام ئەگەر نیوەی وتەكانی تەتەرەكە راست بێتو من بكەنە سەردار ئیتر پێویست نییە چەتەییو رێگری بكەین. ئەگەر وتەی تەتەریش درۆ بێت، ئێمە كە دەستمان نەبەستراوە، كەسێك لە ئێمە بكوژن ئێمە دە كەس لەوان ئەكوژین. ئەمەیش كە روو ناداو بەم كارەش ئێمە زیان نابینین. ئێوەیش ئازادن گەر من لە هەڵەدام ئەوا بڵێن هەڵەی. ئەم باسانە تا درەنگێك لە شەو درێژەی كێشاو بە بێ ئاكام كەوتە رۆژی دواتر.

لوڕستان پاییزێكی ساردی هەیە، ئەتوانین بڵێین ئەو با ساردەی لە پاییزدا هەیە لە زستاندا كەمترە، بە تایبەت بەیانیان وشكە سەرمایەك هەیە كە كار ئەكاتە سەر ئێسكی مرۆڤ. لە یەكێك لەم بەیانییە ساردانەی پاییزدا





قەڵای پەری بەڕێكردنی پیاوانێكی بەخۆیەوە دی كە بۆ یەكەم جار بەرەو جێگەیەكی دوور بەڕێ ئەكەوتن. ئەگەرچی پیاوەكان زۆربەی كات لە دەرەوەی دێ بوون بەڵام بەڕێكردنی ئەو رۆژە تایبەتی بوو، منداڵان باوەشیان بە پیاوەكاندا كردبوو و ژنانیش دەرەوەی قەڵامێردەكانیان بەڕی ئەكرد، تا ئەو رادەیەی كە سەگەكانیش لەم بەڕێكردنە غەمگین بوونو تا توانییان دوای سوارەكان كەوتن.

بابا خان پاش گەڕانەوەی تەتەرەكەو دڵنیابوون لەوەی كە تەتەر پەیامەكەی بە باشی گەیاندووە، خەریكی ئامادەكردنی پێشوازی بوو لە مەهدی خانو هاوڕێكانی، هەندێ لە پیاوانی بابا خان چوونە دەری دێ تا هەواڵی هاتنی مەهدی خان بهێننەوەو هەندێ كەسی تر ئامادەكردنی جێگەوبانیان پێ سپێردرا. لەو شەوەدا میر لە تەتەری پرسی:

- دڵنیایت كە ئەوان دێن؟

تەتەر وەڵامی دایەوە:

- میر دڵنیا بێت كە من فەرمانەكەم بە چاكی ئەنجام داوە. ئەگەر ئەوان درەنگیان كردووە لەوانەیە شتێكی تر رووی دابێت، بەڵام دڵنیا بن كە بەم زوانە سەرەكەللەی مەهدی خان پەیدا ئەبێتو هەروەها ئامادەكردنی ئەو هەموو سوارە پێویستی بە زەمان هەیە.

هەواڵ هات كە سوارەكانی زەند نزیكی شار بوونەتەوە، بە گەیشتنی ئەم هەواڵە هەندێ لە پیاوانی بابا خان چوونە پێشوازیی زەندەكانو بردیاننە جێگەی تایبەت كە پێشتر ئامادە كرابوو. مەهدی خان بە جیاواز هێنرایە ناو شارەوە:

- بابا خان، میری لوڕستان لە دیداری سەردار شاد ئەبن.

سوارەكان ئەمەیان وتو لە پشت سەری خانەوە رێگەیان پیشان مەهدی

خان ئەدا.

بارەگای میر لە دامێنی چیا بەرزەکانەوە کە بە رووبارو باخو درەخت رازابووەوە مەهدی خانی خستە خەیاڵەوە. پاسەوانانی نێزە بەدەستو جلوبەرگی یەك رەنگ لەبەردا خانی خستە ئەو بیرەی کە وایزانی بە راستی سەرداره، ئەم خەیاڵە کاتێ زیاتر بوو کە بابا خان لە کاتی بەخێرهێناندا دووپاتی کردەوە:

- سەردار بەخێر هاتی.. بابا خان کە هاتبووە پێشوازیی مەهدی خان دوای بەخێرهاتنو یەکدی ماچکردن، مەهدی خانی بردە ناو بارەگای خۆی. بابا خان بە پێچەوانەی ئەندامی گۆشتنو تەمەڵیی لەش، خاوەنی زمانێکی لوس بوو، وتی:

- سەردار بەخێر هاتن، ئێرەش وەك ماڵی خۆتانە.

مەهدی خان سەیرێکی دەوروبەری کردو بەراوردێکی کرد لە نێوان ئێوەو گوندی پەریداو لەو هەموو جیاوازییەو لە وتەکەی بابا خان سەری سوڕما. بابا خان وتی:

- کێ ئەیزانی، نادر شا خۆیشی رۆژێکی ئاوای بە خەیاڵدا نەدەهات، منیش خۆم لە خەویشدا نەمئەدی کە بهێڵن بێمە بارەگای میرییەوە، چ جای کە ببمە میریش. ئازایەتی، لێهاتووییو لەخۆبووردنو ناوبانگتان هەموو کۆسپێکی لە رێ لاداوە.

مەهدی خان سەیرێکی میری کردو لە فیکری خۆیدا بابا خانی تەنیا شیاوی ئەوە ئەزانی کە ببێتە گاڵتەجاڕی منالانی قەڵای پەری. پێشنیارو هەڵسوکەوتی میر بۆ مەهدی خان شتێکی تازە بوون. پیاوێکی بەوجۆرە کە نەیئەتوانی کاری خۆیشی بەڕێوە بەرێ چۆن ئێستا کە بۆتە میرو فەرمانەدەی هەزاران جەنگاوەر. مەهدی خان لەم خەیاڵانەدا بوو کە بابا خان پرسی:





- چەند کەست لەگەڵ خۆت هێناوە؟

- چوار سەد کەس جەنابی میر.

- بۆچی هەموویانت نەهێناون؟ مەگەر نازانیت تا سوارەکانت زیاتر بن جێگەت لای نادر شا بەرزتر ئەبێت.

مەهدی خان وەڵامی دایەوە:

- بەم زوانە ئەوانیش دێن.

میر پرسی: چۆن؟

- بڕیارمان داوە کە من پەیامیان بدەمێو ئەوانیش رێکەون.

- چەند کەسی تر بڕیارە بێن؟

- سێ سەد کەس، ئەم سێ سەد کەسە ئامادەنو کاتێ من پەیام بنێرم رێ ئەکەون.

بابا خان وتی: چون ماندوون پشو بدەو ئامادەی خوانی ئێوارە بن.

سینی گەورە کە بەرخی برژاوی لەسەر بوو هەروەها هەموو جۆرە خواردنێكو دەستوپێوەندی رێکوپێك لە بەرگی یەك رەنگدا جێگەی سەرنجدان بوو. کاتێ هێرشیان هێنایە سەر خوانی خواردن وتەکەی خالۆ ئەسکەندەریان کەوتەوە یاد لەبارەی تالانکردنی گوندەکەیانو دایانە قاقای پێکەنین. خواردنو خواردنەوە بەردەوام بوو. دانیشتن تا نیوەشەو درێژەی کێشا، کاتێ کە بە تەواوی سەرگەرم بوون، دەنگی پێی ئەسپ لە دەرەوە ئەهاتە گوێو بە یەك ئیشارە هەموو پیاوانی میر چوونە دەرەوە. پیاوانی زەندیش یەك لە دوای یەك کەوتنە سەر زەوی. کاتێ بابا خان زانی دەرمانی (ژەهری) تێکەڵ بە شەراب کاری خۆی کردووە فەرمانی دا بە سەربازەکانی هاتنە ژوورەوەو پیاوانی زەندیان قۆڵبەست کرد. هێشتا هەتاو نەکەوتبوو چوار سەدو یەك سەری خوێناوییان خستە چاڵو دایانپۆشی. لەم رووداوەدا

کەسێك بینەر بوو کە تا ماوەیەك پێش هاوڕێ‌و دۆستی ئەو سەر بڕاوانە بوو، چاوەڕوانی دەرکەوتنی خۆری ئەکرد کە لەناکاو کەسێك بانگی کرد:

- ئوزبەك خان کەی بەڕێ ئەکەوێ؟ ناو بڕاوەکە لەمێژ بوو چاوەڕوانی وەها ڕۆژێك بوو، وتی:

- هەر ئەمڕۆ..

بابا خان پاش کۆتایی ئەو کارە، پێنج سەد جەنگاوەری بە فەرماندەیی ئوزبەك خان ڕەوانەی قەڵای پەری کردو بە ئوزبەك خانی وت:

- پیاوەکان ڕەوانەی ئێرە بکەو بە ناوی مەهدی خانەوەو خێزانەکانیش ڕەوانەی دەرگەز بکەو خۆت زوو بگەڕێرەوە..

ئوزبەك خان خێرا کەوتە ڕێ تا بەڵکو ئێوارە بگاتە نزیکی قەڵای پەری تاوەکو بەیانی زوو دەستبەکار بێت، چونکە ئەیویست پیاوەکانی بە شەو نەچنە ناو قەڵا تا نەوەکو ببێتە کەس لە کەس‌و شیرازە لە دەستی ئەو دەرچێت، سوارەکانی کە زۆر ماندوو بوون لەم بڕیارەی ئوزبەك خان زویر بوون.

ئوزبەك خان وتی:

- ئەو کەسەی لە هەموو بەپەلەتر بچێتە ناو قەڵا، ئەوە منم.

پیاوەکانی کە ئەمەیان بیست ناچار بوون بمێننەوەو دەستیان کرد بە چادر هەڵدان‌و لە ماوەیەکی کەمدا هۆبەیەکی گەورە هەڵدرا، چەند کەسیش بۆ خزمەتی ئەسپەکان دانران، چادری ئوزبەك خان لە هەموو چادرەکان پڕ هاتوچۆتر بوو. ئەو وەك فەرماندە چەند کەسی کردبووە چێشت لێنەر، پاشان لەگەڵ دوو نەفەر لە پیاوەکانی بە ناوی مستەفا بەگ‌و گرزەن بەگ کەوتە ڕاوێژکردن:

- بە ڕای من بەیانی پیاوانی هۆزی زەند ڕەوانەی بارەگای میر بکەین‌و





خۆمان‌و چەند کەسی دی کارەکانی تر بکەین..

پڕمەی پێکەنینی مستەفا بەگ‌و گرزەن بەگ‌و ئوزبەك خان ئەگەیشتە دەری چادرەکە. چاویان بڕیبووە یەکترو لە دڵەوە بە ئوزبەك خان ئافەرینیان ئەووت بۆ ئەو تەگبیرەی.

- بابا خان بە بێ هۆ ئەوەندە ئوزبەك خانی لا گرنگ نییە، ئەزانێت کە ئەم بەگە دەرس بە شەیتان ئەڵێت، ئەبوا پێی بڵێن شەیتان بەگ، ئوزبەك خان دەستی بە یەکدا داو خێرا پاسەوانێك هاتە ژوورەوەو وەستا:

- یەك شووشە شەراب خێرا بهێنە..

پاش ڕۆشتنی پاسەوان گرزەن بەگ وتی:

- ئەڵێن ژنی مەهدی خان زۆر جوانە. دایە قاقای پێکەنین، ئوزبەك خان لە داخا سوور بووەوە بەڵام هیچی نەگوت.

مستەفا بەگ وتی: ئەڵێن هۆزی زەند خاوەنی زێڕی زۆرن لای ژنەکانیان کە بە جەردەیی بەدەستیان هێناوە. ئوزبەك خان بێ دەنگ بوو، بە بەهانەی سەرئاو لە چادرەکە چووە دەرەوەو دەستی کرد بە پیاسەکردن‌و لەژێر لێوەوە وتی:

- گرزەن بەگ‌و مستەفا بەگ نابێ لەم کارەدا بن، چون خەیاڵێکیان لەسەردایەو ئەبێ بە هەر جۆرێك بووە لە خۆمیان دوور بخەمەوە. پاش گفتوگۆ لەگەڵ یەکێ لە پاسەوانەکانی کە جێگەی باوەڕ بوو، هاتەوە بۆ چادرەکەی‌و بینی مستەفا بەگ‌و گرزەن بەگ لەسەر دابەشکردنی دەستکەوت‌و هەڵبژاردنی ژنەکان شەڕە قسەیانە. بە پێکەنینەوە وتی:

- تا ئەسپ نەکڕیە ئاخوڕی بۆ ناکەن. بەم وتەیە کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا.

بەیانی ڕۆژی دوایی ئوزبەك خان پاش ڕەوانەکردنی تەتەرێك بۆ لای بابا

خان، خۆی‌و سێ کەسی بەرەو قەڵای پەری کەوتنە ڕێ‌و بە پیاوەکانی وت کە بۆ ئاگاداری لە کاروبارەکە ئەچێتە قەڵا، بەم جۆرە هەردوو جێگرەکەی لە مل خۆی کردەوە.

دەمی نیوەڕۆ دانیشتوانی قەڵا لە هاتنی سێ سوار ئاگادار بوون. پیرەپیاوەکان هاتنە پێش‌و کاتێ سوارەکان وتیان لەلایەن مەهدی خانەوە هاتووین لەناو قەڵادا بوو بە هەرا.

لەلایەن مەهدی خانەوە هاتوون، لەلایەن مەهدی خانەوە هاتوون، هەموو چاوەڕێی هەواڵ بوون.

میوانداریی گەرمی ژن‌و مناڵ‌و پیر‌و جوان بووە هۆی ئەوەی پیاوانی ئۆزبەك خان تووشی گومان‌و دوودڵی ببن. هۆزی زەند کەمتر فریویان ئەخوارد بەڵام زمان لووسیی ئۆزبەك خان‌و ناسیاویی پێشووی ئەو بووە هۆی دڵنیابوونی زەندەکان. ئۆزبەك خان بە باشی دەوری خۆی ئەبینی، چونکە پێشتر بڕیار بوو کاتێ مەهدی خان کاروباری بەدڵ بوو هەواڵ بنێرێت کە پیاوەکانی تر بچن بۆ لای‌و ئەم بڕیارەیش بابا خان لە زمانی مەهدی خانی دەرهێنابوو و ئۆزبەك خان وای پیشان دا کە لەلایەن مەهدی خانەوە هاتووە‌و وتی:

- مەهدی خان وتی، کاروبار بە باشی ئەڕوا، پاشماوەی سوارەکان بکەونە ڕێ.

کاتێ خەڵکی دێ ئامادە بوون بۆ لای مەهدی خان ڕێکەون، غەمێکی قورس کەوتبووە دڵیان، نادر بەگ بە بەهانەی سەرگەرمی داوای لە گۆرانیبێژەکان کرد تا چەند ئاهەنگێك بڵێن، گۆرانیبێژ لەگەڵ دەنگی کەمانچە بە شێوەی لوڕی تێی ڕاچریکاند:

(موکە پاکی دڵم چی بسمونە   سی چە چیونم باموسەگرونە؟
سەر بە صحرا بنوم)





واتە:

دڵی من کە وەك ئاسمان پاکە   ئاسمان هەمیشە لەگەڵ من سەرسەختە
بیابان ئەگرمە بەر لەبەر بێکەسی   چونکە ژیانی تەنیایی لەگەڵ غەمدا گرانە

ئەسکەندەر بەگ وتی: کە وایە هۆنراوەی (نامدار خان) بڵێ..

کەمانچەژەن کەوتە ڕێککردنی تاڵی سیمی کەمانچەکەی‌و گۆرانیبێژیش لەلایەن دانیشتوانەوە هان ئەدراو بە دەنگێکی بەسۆزەوە دەستی پێکرد:

(خاڵۆزال چاك ئەڵێت گوێی لێبگرن، ئەسپەکانتان زین کەن
خاڵۆزال ئەڵێت پێمەکەنن‌و وتەکانی بەکەم مەگرن، ئەسپەکان زینکەن‌و ریز بن
حەمە حسێن مووی سوور بوو.. من دیم کە سەریان بڕیبوو،
ماە پەسند خوشکی نامدار خان لەچکەکەی دا بەسەر شانیدا،
وتی حەمە حسێن مەکوژن چون ژنەکەی لە پەردەدا چاوەڕێیەتی)

ئۆزبەك خان داوای لە ئەسکەندەر بەگ‌و خەڵکەکە کرد کە چون بەیانی زوو ئەبێ ڕێکەون، کاتی پشوودانەو، داوای کرد کە ئەگەر ئەکرێت با هەموو سوارەکانی لە یەك شوێن بخەون، بەڵام ئەم کارە نەکرا، بەیانی کاتێ سوارەکان بەڕێ کەوتن ڕووداوێك خەریك بوو نەخشەی ئۆزبەك خان بکاتەوە، منداڵەکان هەریەك بە کۆشێك بەردەوە هاتنە بەردەم ئۆزبەك خان‌و وتیان:

- ئێمەیش ئەتوانین شەڕ بکەین، ئێمەیش ببەن..

ئۆزبەك خان تەماشای هاوڕێکانی کردو سەری داخست. ئەسکەندەر بەگ وتی:

- خاڵۆ گیان نۆبەی ئێوەیش دێت، ئێوەیش بەم زوانە ئەچنە مەیدان.

لەو کاتەوە خورشیدیان نەدا بە ئۆزبەك خان ناکۆکی لە نێوان ئۆزبەك‌و مەهدی خان پەیدا ببوو و ببووە هۆی شەڕو شکانی ئۆزبەك، بەڵام چەند جار مەهدی خان هەوڵی دا کە لەگەڵ ئۆزبەك خان ئاشت ببێتەوە کە ئۆزبەك

وەڵامی نەدایەوە. رۆژ بە رۆژ رق ئەستوورتر چاوەڕوانی تۆڵە بوو.

خەڵکەکە لەوەی کە ئوزبەك هاتبوو بۆ قەلاّی پەری خۆشحاڵ بوون. کەس لە بیری ئەوەدا نەبوو کە ئوزبەك خان هێشتا لە بیری تۆڵەدایە. ئەو رۆژە هەموو شتێك سەیر بوو، منداڵان بێ دەنگ‌و بێ ئەوەی هیچ بخۆن رۆژیان بردە سەر، شەویش بێ شێو سەریان نایەوە، غەم باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو. دایکان زۆر نیگەران بوون، گەورەکان ئەو شەوە خەو نەچووە چاویان. شەوێکی مانگەشەو بوو، بێ دەنگی تەواو باڵی بەسەر دنیادا کێشابوو، تەنیا سەگەکان بوون کە وەڕەیان ئەهات.

ئەسکەندەر بەگ سەرگەرمی گێڕانەوەی یەکێك لە شەڕەکانی نادر شا بوو کە لەناکاو وتی:

- سەگەکان زۆر ئەوەڕن، لەوانەیە کەسێك هاتبێتە نزیك قەلاّ.

یەکێك لە ژنەکان وتی:

- خالۆ سەگ بە مانگەشەو زۆر ئەوەڕن.

خورشید هەڵیدایەو وتی:

- خالۆ ئەسکەندەر کەمتر هەڵە ئەکات، منیش وا ئەزانم دەنگی سەگەکان ئاسایی نییە، خۆم ئەچم سەیر ئەکەم. پاش ئەمە خورشید لەگەڵ چەند ژنی تردا لە کاتێکدا ئەو خەنجەرەی یادگاریی مێردەکەی بوو لە باخەڵی نا چووە سەر دیواری قەلاّ. دەنگی سەگەکان زیاتر ئەبوو وە ئەو ئەسپانەی لە تەویلەدا بوون دەستیان کرد بە حیلە، کە ئەمە نیشانەی ئەوە بوو بۆنی ئەسپی تریان کردبوو.

سێبەری چەند سوارێك لە دوورەوە دەرکەوتن، سوارەکان بە رێکوپێکی‌و بە ئارامی نزیك ئەبوونەوەو بە دەنگێکی ئاشنایانەوە بانگیان کرد:

- خالۆ ئەسکەندەر دەرگاکە بکەرەوە، خۆمانین.





- ئێوە کێن؟ خورشید وتی.

- ئوزبەکم! هەوا زۆر ساردە، ئەسپەکان توانایان نەماوە.

ئوزبەك پاش ئەمە دابەزی‌و هاتە نزیك دەرگاکە تا بێتە ژوورەوە.

دەنگی خورشید لە جێگەدا وەستانی:

- لە کەیەوە وات لێهاتووە؟ نزیکی قەلاّ مەکەوە، لەو رێگەیەوە هاتووی بگەڕێرەوە، مەگەر نازانیت دەرگای ئەم قەلاّیە بە شەو ناکرێتەوە؟

ئوزبەك کە سەوداسەری گەیشتن بە خورشید بوو وتی:

- کچی مامە لەو رۆژەوە بوداق خانی باوکت تۆی دا بە من، من بوومە ئاشناو هەروەها من کە نەناسیاو نیم‌و گەر بتزانیبا من بۆچی هاتووم دەرگات لێئەکردمەوە، من بەیانی نەمتوانی پێت بڵێم.

- بۆ هەر کارێك هاتوویت بەم شەوە بە هەڵەدا چوویت.

ئوزبەك کە زانی هیچی بۆ ناکرێ، بە دەنگی ئارامتر درێژەی بە وتەکانی دا بەڵام خورشید لەسەر قسەی خۆی سور بوو، ئوزبەك خان وتی:

- خانمی من سەرماو ماندوویی ئەوە نازانیت‌و هەروەها من پەیامم پێیە.

- گەورەم تۆ کە فەرماندەیت، بۆچی کاتی رۆیشتن بیرت لەمە نەکردەوە؟ پەیامەکەیش یا لێرەوە بیڵێ یا با بمێنێت.

ئوزبەك زانی ناتوانێ فێڵی لێبکات‌و نەیئەویست زۆر بەکار بهێنێت، وتی:

- کارێکی گرنگەو ئەبێت بە خۆتی بڵێم، نهێنییەو نابێ کەس بزانێت، ئیتر ئارەزووی خۆتە.

هاتنەوەی کوتوپڕی ئوزبەك خورشیدی بە تەواوی تووڕە کرد، لەبەر ئەوە بە توندی وتی:

- چون لەم شەوەدا چاوەڕوانی ئەوەیت ژنانێك کە بە سەری مێردەکەیان یاری ئەکەیت میوانداریت بکەن؟

ئۆزبەك لەم وتەیە بە تەواوی ترساو وایزانی خەڵکی قەڵاو ژنی مەهدی خان بەهۆی یەکێك لە پیاوەکانی ئاگاداری رووداوەکە بوون، لەبەر ئەوە بە ترسەوە هاواری کرد:

- دڵنیا بن مێردەکانتان سەلامەتنو هەر کەسێك شتی وتبێت درۆی کردووەو ئەگەر باوەڕتان بە ئێمە نییە ئەڕۆینو بەیانی دێینەوەو یاسای قەڵا ناشکێنین.

لەم وتانەی ئۆزبەك ژنی مەهدی خانو ژنانی ترو ئەسکەندەر بەگ کەوتنە لەرزەو نزیك بوو خورشید بۆ زانینی ئەم رووداوە دەرگا بکاتەوە. خورشید تا بەیانی لە خەیاڵدا بوو، لە خەیاڵی ئەوەدا ئەگەر بەیانی ئۆزبەك شتێکی باشی پێ نەبوو کە بیڵێ ئەوا ئەبێ ئەمان دەستبەکار بن، خورشید بەم خەیاڵانەوە خەوت.

هێشتا هەوا بە تەواوی روون نەبووەوە کە لە دەرگا درا، خورشید لە خەو راپەڕیو چووە سەر دیواری قەڵاو وتی:

- ئێستا ئەڵێم دەرگاکە بکەنەوە، بەڵام دابەزنو ئەسپەکانتان لەو شوێنەی من ئەڵێم ببەستنەوەو چەکەکانتان دابنێنو یەك یەك بێنە ژوورەوە، لەگەڵ یەکدی قسە مەکەن، بە فەرمانی ئۆزبەك وتەکانی خورشید جێبەجێ کرا، پیاوەکان پاش پشکنینی تەواو هاتنە ناو قەڵا.

هەرچەند نانی ئامادەیش هەبوو بەڵام خورشید فەرمانی دا تەنور دابخەنو نانی تازە بکەن تا چاوەڕوانی بکەن. سفرە لە کەرەو هەنگوینو هێلکە رازاوەو میوانداری بە گەرمی کرا. پاش نانو چاو قلیان ئۆزبەك خانو ئەسکەندەر بەگ بەرەو ژووری خورشید رۆیشتن. شێوەی دوانی ئۆزبەك خانو پەیوەندیی نێوان کیسە زێڕەکانو هاتوچۆی بێ بەهانەی ئۆزبەك، خورشیدی خستبووە بەدگومانی، بە تایبەت کاتێ کە ئەسکەندەر بەگ لە





ژوورەکە چووە دەرەوە، نیگای هەوەساویی ئۆزبەك لە خورشید ئەم بەدگومانییەی زیاتر کرد.

خورشید بە پێکەنینێکەوە وتی:

- خان ئێوە وتتان کە مەهدی خانتان دیوە، ئەو چەند جار داوای لە تۆ کرد بێیتە ئێرە بەڵام تۆ نەهاتیت.

ئۆزبەك کە رەنگی گۆڕابوو خێرا وتی:

- ئەوە رابورد، ئێمە ئەمانەوێت وەك جاران پێکەوە بژین، لە راستیدا ئێمە وەك برا واینو هیچ ناکۆکییەك نییە لە نێوانماندا، تا رادەیەك کە مەهدی خان داوای لە من کرد کە تۆ بەرم بۆ لایو کەس نابێت ئەمە بزانێت، چونکە بڕیار وایە تۆ بە بەرگی پیاوانەوە لەگەڵ ئەودا بیت.

خورشید کەوتە بیرکردنەوە. ئۆزبەك خەنجەرەکەی خورشیدی دی لەوەی کە بە دەستی بابا خانەوە دیبووی، خورشید بە ئارامی پرسی:

- سەیری ئەم خەنجەرە بکە، ئایا ئەمەت لە جێگەی تر نەدیوە؟

ئۆزبەك خان دوای بیرکردنەوە وتی:

- ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، یەکێ وەك ئەوەم لای بابا خان دیوە بەڵام بە تەواوی سەیرم نەکرد بزانم چی لەسەر نووسراوە، بەڵام هەروەك ئەمە وابوو، بۆچی ئەپرسی؟

خورشید سەرنجی ئۆزبەك خانی داو بە زەردەخەنەوە وتی:

- زۆر چاکە، ئێستا ئەبێ من بڕۆمو خواردن بۆ ئێوە ئامادە بکەم.

بە جۆرێ کە ئۆزبەك باوەڕی نەئەکرد، وتی:

- ئەگەر ئەو شەوە مەهدی خان شەرابی بە تۆ نەدا، من ئەمشەو بۆتی ئەهێنم، بەڵام ئایا پیاوەکانت ئەخۆنەوە؟

ئۆزبەك کە لە خۆشیا چاوی زەق ببوو وتی: (چاکەو پرسیار!).

لەو سەردەمەدا ئەگەر ژنێكى شارى لەگەڵ پیاوێك بووایە ئەبووە بنێشتەخۆشەى سەرزاران، بەلام ئەم كارە بۆ ژنێكى خێڵەكى كارى ئاسايى بوو. هەرچەند ئوزبەك خان هەزاران خەياڵى لە سەردا بوو. ئەو رۆژە ئەسكەندەر بەگ‌و ئەوانى تر هەر باسى ئەسپ‌و چەكى باشيان ئەكرد، منالانيش بە بەهانەى شەڕە بەرد نەيانئەهێشت پياوانى ئوزبەك لە ژوورى چەك‌و جبەخانە نزيك ببنەوە، شەو پياوەكانى ئوزبەك كەم كەم مەست بوون‌و لەم كاتەدا ژنانى زەند بە بيانووى خزمەتكردنەوە هاتنە ژوورەوە، پياوانى ئوزبەك خان وايانزانى كە خەو ئەبينن، خورشيد لە ئوزبەك خان نزيك بووەوەو بە پێكەنينەوە وتى:

- خان ئەگەر تۆ راستى بە من بڵێيت كە بۆچى گەڕايتەوەو هەروەها قسەى پياوەكانتم بۆ روون بكەيتەوە، هەموو شتێك ئەگۆڕێت، جامێ مەيى دا بە ئوزبەك خان‌و وتى:

- من ئەزانم لەوانەيە مەهدى خانت نەديبێ بەلام گرنگ نييە. لەم كاتەدا بە فەرمانى خورشيد سى‌و سێ كەس كە بە تەواوى مەست بوون لەلايەن ژنانى زەندەوە قۆڵبەست كران. پياوانى ئوزبەك خان نەيانئەزانى ژنانى زەند وەك پياوەكانيان جەنگاوەرن. پياوەكانى بابا خان وايانزانى كە ئەم ژنانە چون پياوەكانيان لە ماڵ نين وا ئەكەن بەلام خورشيد بە يەك خێڵى ژنانە هەرچى نهێنى بوو لە ئوزبەكى مەستى دەرهێنا.

ئەسكەندەر بەگ‌و خورشيد وتيان: (تا روونبوونەوەى هەموو شتێك ئەمانە ئەهێڵينەوە، چونكە لەوانەيە ئەم پياوە درۆ بكات، گەرچى وتى بابا خان پياوانى زەندى لەناو بردووە، بەلام روون نييە ئەم قسەيەش درۆ نەبێت. ئەوەى ديارە ئەم پياوانە ئيتر نێردراوى مير نين‌و تەنيا لەبەر ژن‌و پارە هاتوونەتەوەو بەم زووانە هەموو شتێك دەرئەكەوێت).





بابا خان بە گەيشتنى تەتەرى ئوزبەك خان كەوتە خەياڵەوە، بەو جۆرە كە ئوزبەكى ئەناسى زۆر نيگەران بوو لەوەى گيروگرفتێك بۆ ئوزبەك پێش بێت. زياتر لەوە ئەترسا كە كارى دوورخستنەوەى خێزانى زەندەكان بە درەنگ كەوێت‌و نادر شا تووڕە ببێت، لەبەر ئەوە قەدەر بەگى خوشكەزاى خۆى بانگ كرد (كە لەبەر دڵڕەقى بە زوحاك بەناوبانگ بوو)و پێى وت بە سەد سوارەوە بگەرە گوندى پەرى‌و ئەوەى ئوزبەك ئەنجامى نەداوە تۆ تەواوى بكە چونكە لەوانەيە تووشى هەڵە بووبێت. قەدەر بەگ بە خەياڵى دەستكەوتى چاك وتى بيست كەس بەسە بەلام بابا خان وتى: هەرچى ئەڵێم ئەوە بكە..

قەدەر بەگ بە خێرايى‌و لە لاڕێوە خۆى گەياندە قەلاى پەرى، هێشتا نيوەڕۆ نەببوو كە منالان بە بينينى ئەو سوارانە دەرگاكانى قەلايان بەست، بە خالۆ خالۆ هەواڵيان بە هەموو لايەك دا. خورشيد چووە سەر ديوارى قەلاو كاتێ سەد سوارى پڕ چەكى دى زانى كە ئەم بەسەرهاتە دووردرێژە، گەرچى پاش گرتنى پياوانى بابا خان چاوەڕوانى ئەم رووداوە بوو. رواڵەتى خورشيدو مانەوەيان لە قەلادا كە بە خەياڵى ئەوان ئەبوو لە رێگەى دەرگەزدا بن قەدەر بەگى خستە ئەو بيرەى كە هاوكارەكانى شتێكيان بەسەر هاتووەو ئەمە خەتەرێك بوو، قەدەر بەگ پرسيارى كرد:

- چيتان بەسەر ئوزبەك خان هێناوە؟

ئەمەى دووپات كردەوە كە وەلامى درايەوە:

ئەو كارەى بەسەر مەهدى خانتان هێناوە..

قەدەر بەگ وايزانى كە خورشيد هەموو شتێكى زانيوە، بە دەنگێكى ناخۆش هاوارى كرد:

- كەواتە گۆڕى خۆتان هەڵكەندووە.. ئێمە ئەڕۆين بەلام دێينەوە.

مناڵەکان ویستیان وەڵامیان بدەنەوە بەڵام خورشید نەیهێشت.

پاش ماوەیەکی کەم پیاوانی قەدر بەگ هاتنەوە.

خورشیدو دانیشتوانی قەڵا زانییان کە ئەمانە دەستبەردار نین لەبەر ئەوە خۆیان ئامادەی بەرگری کرد. سەرەتا قەدەر بەگو پیاوەکانی ویستیان کە دەرگای قەڵا ئاگر بدەن، بەڵام دەرگاکە قایم بوو، بە ئاسانی ئاگری نەئەگرت، بەڵام بە سەرسوڕمانەوە دییان دەرگاکان کراوەنو کەسیان لەو ناوە نەدی، بە پەلە هاتنە ژوورەوە. کاتێ هەموویان هاتنە ناو قەڵا خێرا دەرگاکان بەستران. لەناکاو لە هەموو لایەکەوە سوارەکان کەوتنە بەر بەرد بارانی مناڵان بە جۆرێ کە ئەیانویست هەڵبێنو بەرەو دەرگای قەڵا رایان ئەکرد، بەڵام کوتوپڕ کەوتنە بەر پەلاماری کۆمەڵێك سوارەی چالاك کە جلوبەرگی یەك رەنگیان لە بەردا بوو، بە توندی گەمارۆ دران. ئەوانەی لە ئەسپ دابەزی بوون خێرا قۆڵبەست کرانو ئەوەی سواری ئەسپ بوو ئەسپەکەی ئەکوژراو خۆشی دەستگیر کرا.

قەدەر بەگ کە هیچ کات چاوەڕوانی ئەم سوارانەی ناو قەڵام نەئەکرد ویستی هەڵبێت بەڵام بەردێك بە چاوی کەوتو گیرا.

پاش دوو رۆژ کە قەدەر بەگیش دیل کرا، لە گوندی پەرییەوە هیچ هەواڵێ نەهات، ئەمە بووە رازێکی ئاڵۆز، ترس لە فەرمانی نادر شا وای لە بابا خان کرد کە خۆی بچێتە گوندی پەریو هەموو شتێك بزانێتو کارەکان کۆتایی پێبێنێت.

خورشید خانمو ئەسکەندەر بەگو پیاوە دنیا دیدەکان کە ئەیانزانی بە زوویی هێزێکی گەورەتر دێت خۆیان ئامادەی بەرگری کرد تا کەمترین زیان ببینن. بەرگی کوڕانەیان پۆشی بۆ کچەکانو رواڵەتیان وا گۆڕین کە کەس باوەڕی نەئەکرد ئەم کوڕە چلکنانە هەر ئەو کچە جوانانەی دەشتی لوڕستان





بن. ژنان شتومەکی بە وەزن سووكو بە قیمەت گرانیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرت، چون لە ئوزبەکیان بیستبوو ئەبێت دوور بخرێنەوە. ژنان نەئەترسان چون زۆریان لەم رووداوانە دیبوو، چاکیان ئەزانی لە کاتی گیرکەوتندا چۆن دوژمنی خۆیان بەو خەنجەرەی لە باخەڵیاندایە بکوژنو، کوڕە گەنجەکانیش بە باشی کاری خۆیان ئەزانی.

زۆری پێنەچوو کە هێزی دوو هەزار کەسی دەوری قەڵای دا، بەڵام هیچ کەس لەوانەی ناو قەڵا خۆی پیشان نەدا. هەرچی پیاوانی بابا خان هاواریان کرد، ئێمە ئەمانەوێت لەگەڵتان قسە بکەین، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. بابا خان کە نە حەزی بە شەڕ بوو و نە کاتی بوو بۆ گەمارۆی قەڵا، پاش راوێژێکی کورت بڕیاری دا دیواری قەڵا تێك بدات، بەڵام بارانی بەرد نەیهێشت لە قەڵا نزیك ببێتەوە. بابا خان کە زانی وایە ویستی شەو هێرش بکاتو بە سوارەکانی فەرمانی پێویست دا. بەیانی پاش ماندووییەکی زۆر لە چەند لایەکەوە دیوار کون کرا. بە پێی نەخشەی پێشوو چوار سوار هاتنە ناو قەڵاو وایان پیشان دا کە لە مناڵەکان ئەترسنو دووبارە هەڵهاتن. منداڵیش کە وایانزانی بە جوێندان کەوتنە دوایان بەڵام خێرا کەوتنە ناو گەمارۆی دوژمن، دە مناڵ دیل کران، پاش ئەمە سوارەی بابا خان وازیان لە گەمارۆی قەڵا هێناو لە دەوری قەڵا مانەوە. بابا خان زانی دانیشتوانی قەڵا لەبەر گیانی مناڵەکان هەموو پێشنیارێك پەسند ئەکەن لەبەر ئەوە چاوەڕوان مانەوە، ئەوان چاکیان زانی بوو، ئەسکەندەر بەگو دوو کەسی تر لە ریش سپییەکان هاتنە لای بابا خانو ئەسکەندەر بەگ بە تووڕەیی پرسی:

- چیتان لە ئێمە ئەوێت؟

بابا خان وتی:

- خاڵۆ گیان! بڵێ چیتان لە من ئەوێت؟!

ئەسکەندەر بەگ وتی: تێناگەم!

بابا خان وتی:

- راستە ئەمڕۆ من میرم بەڵام ئەگەر فەرمانی نادر شا بەڕێوە نەبەم بەیانی بەند ئەکرێم. بە من فەرمان دراوە هۆزەکەتان بۆ دەرگەز دوور بخەمەوە کە ئەگەر ئەم کارە بە ئارامی ئەنجام بدرێ باشترە ئەگینا بە زۆر ئەیکەم.

ئەسکەندەر بەگ پرسی: چۆن؟

بابا خان بە پێکەنینێکی تاڵەوە وتی:

- تەنیا ئەوە بەسە فەرمان بدەم یەکێك لە مناڵەکان لە بەر قەڵادا سەر ببڕن، واتە ئەو کارە کە ئەگەر درەنگ بکەم نادر شا لەگەڵ خۆمی ئەکات، تێگەیشتیت؟!

ئەسکەندەر بەگ کەوتە لەرزەو وتی: نە، وا مەکە من هاتووم بۆ گفتوگۆ.

بابا خان وتی: ئەمە شتێکی ترە، کە وایە سەرەتا بڵێ پیاوەکانی من چییان بەسەر هاتووە؟ وان لە کوێ؟

ئەسکەندەر بەگ وتی: تۆیش بڵێ پیاوەکانی ئێمە چییان بەسەر هاتووە؟ ئێستا لە کوێن؟

بابا خان تووڕە بوو و هاواری کرد:

- ئەتەوێت مناڵەکانتان رزگار کەیت یا باسی قەرز کەیت؟ من لەبەر دڵنیایی تۆ یەکێك لە مناڵەکان بەر ئەدەم، ئەگەر بڵێیت پیاوەکانمان لە کوێنو، ئەگەر وەڵام نەدەیتەوە پیشانت ئەدەم کە گاڵتە ناکەم، ئەو کات ئۆباڵی خۆتان بە ئەستۆی خۆتانە.

ئەسکەندەر بەگ وتی: من ئەبێ بڕۆم راوێژ بکەم.





**دەرگەزی ئەبیوەرد:**

دەرگەز کەوتۆتە ناوچەی خوراسانو لە گوندی پەرییەوە زۆر دوورە. بۆ ژنانی زەند زۆر ناخۆش بوو، زەمانێکی زۆریان بە ناخۆشی بردە سەر. نەبوونی ئاسایش، نەبوونی سەرپەرستو گیروگرفتی زۆر ببوە بارێکی گرانی سەر شانی ژنانی زەند. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپو تەگەرانەدا راهاتن، بە تەواوی دەستیان دایە کشتوکاڵ بە جۆرێك کە پیاوەکانی نادر شا سەریان سوڕما بوو، ئەیان وت: (سەیرە ئەم ژنانە چۆن ئەتوانن ئەم هەموو بەروبوومە بەدەست بهێنن). سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتانەو نەخۆشیی کوشندە کە زیاتر ئەکەوتە گیانی مناڵان، بەڵام کەم کەم مناڵان بوونە لاوو پیرەکانیش وردە وردە لە جیهان ماڵئاواییان ئەکردو جێگەی خۆیان ئەدا بە لاوە تازە پێگەیشتووەکان.

دڵی یەناق بەگ کەم کەم لە لێدان وەستا. بوداقی برای رووی کردە ژنەکەی (ماه مەنزەر)و وتی: بە رەحمەت بێت رزگاری بوو..

ساڵی ١١٤٥ گوندی پەری پاش بیست ساڵ بێ دەنگی جموجۆڵێکی تایبەتی بە خۆیەوە دی، هاتنەوەی هۆزی زەند بۆ پەری لای خەڵك ئەوەندە سەیر بوو مەگەر هەواڵی مردنی نادر شا. لە راستیدا پاش کوژرانی نادر شا کەریم بەگ سەرەڕای گیروگرفتو کەندو کۆسپ توانی هۆزی زەند بگەیەنێتەوە قەڵای پەری.

**دانیشتوانی قەڵای پەری ئەگەڕێنەوە:**

دەشتی پەری بەهۆی جۆرە فەرشی سروشتی لە گوڵو گیای جوان رازا بووەوەو هەتاوی بەهاری ئەو دیمەنەی جوانتر کردبوو. لەم شوێنەدا جەژنێکی گەورە بەرپابوو. دەنگی خۆشی بولبولو زەنگی ملی کارەکان ئەم دیمەنەی خۆشتر کردبوو. لاوانی شەیدای پەری روویانی (پەری) بانگی (دەرگا

بکەنەوە ئێمە هاتووینەتەوە)یان ئەدا. گەرچی ئەمە تەنیا لەبەر نەریتی کۆن بوو، چونکە لە کاتێکەوە پەرییەکان لە (پەری) کۆچیان کرد بۆ ئەم قەڵایە لەبیر کرابوو و تەنیا گوندێکی چۆڵو لەبیرکراو بوو، بورجەکانی رووخا بوونو دەرگاکانی کە کەس توانای چوونە ژوورەوەی لەوانەوە نەبوو خراپ ببوونو لە کاتێکەوە کە پەرییەکان رۆیشتبوون هەرگیز نەستدرا بوون. ناو قەڵا لە دەرەوە باشتر نەبوو، تەویلەکان خاڵیو بە جێگەی ئەسپ پڕ بوون لە مێش، بەڵام هۆزی زەند بە بۆنی وڵات دووبارە ژیانەوە. لە دەوری قەڵا خێوەت هەڵدراو لە کەمتر لە دە رۆژدا قەڵا لە جاران باشتر چاك کرایەوە بە کۆششی ژنو پیاوو منداڵ.

خورشید کە ئێستا بیبی خورشیدیان پێئەووت، لە پێش هەمووەوە هاتە ناو قەڵاو لە پشت ئەوەوە بوداق بەگو گەورەپیاوانی تر. کەریم بەگو سادق بەگی برای لەگەڵ لاوەکانی تر هاتنە ژوورەوە، دەرگاکانی قەڵایان بەست.

ئەو شەوە دەنگی دەهۆڵو زوڕناو حیلەی ئەسپو پێکەنینی لاوەکان کە سەرگەرمی هەڵپەڕین بوون تێکەڵ ببوو، جەژنو شایی لوڕی زۆر خۆشە، کاتێ لە هەڵپەڕیندا دەستی یەکتر ئەگرن یەکبوون بە تەواوی واتە پیشان ئەدەن. ناکۆکی لەم جەژنانەدا ئەگۆڕێ بۆ دۆستیو خۆشەویستی. کەریم بەگو سادق بەگ لەلای مامو مێردی دایکیان دانیشتبوون، نەیانئەزانی بە بوداق بەگ مامە بڵێن یا شتێکی دی، گەرچی یەناق بەگی باوکیان لەوێ نەبوو (مرد بوو) بەڵام لاوە تازە پێگەیشتووەکان جێگەیان گرتبوونەوە.

شمشێربازی، نیزەبازی، ئەسپ سواری، خۆنواندن لەسەر پشتی ئەسپو تیرخستن لەو هونەرانە بوون کە لاوەکان لە خۆیان پیشان ئەدا. ئەو منداڵانە کە تا دوێنێ چاوی پیاوانی بابا خانیان بە بەرد کوێر ئەکرد، ئەمڕۆ دیارە چۆن ئەبن.





ئەو شەوە ماه مەنزەر لە تەنیشت بوداق بەگ کە پێشتر برای مێردی بوو، ئێستایش مێردی، دانیشتبوو. سەیری لاوەکانی ئەکردو هەموو تەماشای کەریم بەگیان ئەکرد.

کەریم بەگ لە شمشێربازی، نیزەبازی، تیرهاویشتنو سواری ئەسپدا ئەوەندە چالاك بوو کە پیرانی قەڵای پەری پاش هەر کێ بەر کێیەك ناوچاوانیان ماچ ئەکرد.

رۆژی پاش چوونە قەڵاوە وەك چۆن باو بوو زۆرانبازی دەستی پێکرد لە نێوان لاوەکاندا. پشتێك بەسترانو لاوەکان هاتنە مەیدان، کەریم بەگ ئەو رۆژە چوار لاوی کە لە هەموو بەهێزتر بوون دا بە زەویداو، ئیتر کەس نەیوێرا لەگەڵ کەریم بەگدا زۆران بگرێت. ماه مەنزەر لە کۆتاییدا رووی کردە بوداق بەگو وتی:

- ئەو رەحمەتییە باش ئەیزانی کە (کەریم بەگ ناوی هۆزەکەی بەرز ئەکاتەوە) بە تایبەت کاتێ دەستەسڕی ئاوریشمی لەسەر ئاو بە شمشێر کرد بە دوو لەتەوە.

پاش کۆتایی جەژنەکە، دەستماڵبازیو سێ پێیی تا ماوەیەك درێژەی کێشا بۆ پیشاندانی یەکێتی.

# بەشی دووەم

**دەستتێکردنی**
**دەوری کەریم خان**

ئەگەرچی گوندی پەری تا چەند مانگێك دوای هاتنەوەی هۆزی زەند جەژنو ئاهەنگی لاوەکانی بەخۆیەوە دی کە هەوای بەهاریش ئەو ئاهەنگانەی خۆشتر کردبوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرمی هاوین کاروباری قەڵانشینان گۆڕانکاریی بەخۆیەوە دی. شەڕ جێگەی هێمنیی گرتەوەو دووری سەرلەنوێ رووی کردەوە هۆز، ئازایەتیو جەنگاوەریی لاوەکان بووە هۆی ئەوەی بە زوویی تا نزیکی شاری تویسرکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانو ئەمە بووە هۆی ئەوەی پیاوەکان ماوەیەکی زیاتر دوور بن لە ماڵ. هیچ کاروانێك بێ باجدان نەیئەتوانی لەو ناوچەیەوە تێپەڕ بکات. ئەمە بووە هۆی ترسی میرە ناوچەییەکان، لەبەر ئەوە ویستیان زۆر بەکار بهێننو هەندێکی تر ویستیان بە دۆستایەتی لەگەڵ کەریم بەگ لە خەتەر رزگاریان بێت. یەکێك لەوانە (میر عەلی خانی تەکلو) میری عەلیشکە (هەمەدان) بوو کە کاتێ بیستی زەندەکان گەیشتوونەتە تویسرکان ترسی لێبار بوو و بە (عەبدولغەففار خانی برای) کە لە پیاوە ناودارەکان بوو وت:

- بەم زوانە کەریم بەگ ئەبێتە مایەی دەردی سەری ئێمەیش لەبەر ئەوە من ئەمەوێت بانگی بکەم بۆ ئێرە، تا سوود لەو هێزەی ئەو وەرگرمو دوژمنانم سەرکوت بکەمو سەری مار بە دەستی دوژمن پان بکەمەوە..





عەبدولغەففار خان تووڕە بوو و بە شەرمەوە وتی:

- کەریم بەگ رێگرەو چەند سوار نەبێت کەسی نییە، کە تەنها تاڵانو جەردەیی نەبێ شتی تر نازانێ کە ئەویش لە باوكو باپیرانی فێر بووە. نازانم بۆچ دوانزە هەزار سواری شەڕکەری خۆمان بە کەم ئەزانیو ئەوەندە ئەو دزانە گرنگن لە لاتان؟

ئیسماعیل خان کە لە خزمانی میر عەلی خان بوو سەرکردەی هۆزێکی گەورە بوو، پیاوێکی بەساڵاچووی لەسەرخۆ بوو، لە وەڵامی عەبدولغەففار خاندا وتی:

- خاڵۆ گیان (هر بیشه گمان مبر که خالی است) واتە هەر جەنگەڵێك بە چۆڵ مەزانە. مەگەر تۆ بەسەرهاتی هۆزی زەند لەگەڵ بابا خانت نەبیستووە، مەگەر نازانی کاتێ باسی هۆزی زەند ئەکرێت باسی کۆمەڵێك جەنگاوەر کە مناڵەکانیشیان شەڕکەرن دێتە ئاراوەو ئەوان بۆ ژیان شەڕ ئەکەنو لە بوونی خۆیان بەرگری ئەکەن، هەرکەس لەوان لە مەیداندا یا ئەکوژێ یا ئەکوژرێ، بەڵام دوانزە هەزار سەربازی ئێمە کە کەوتنە خەتەر هەڵدێنو چەند کەس زیاتر کەسی لێنامێنێت. بە باوەڕی من وتەکەی (پێشنیارەکەی) میر عەلی خان زۆر راستە، تەتەرێك لەگەڵ دیاریی وادا کە کەریم بەگ بەدڵی بێت رەوانە ئەکەینو نامەیەك بە راوێژی یەکتر ئەنووسینو بۆی ئەنێرین. ئەو لەوانەیە لەم کارەی ئێمە بەدگومان بێت، ئەبێ ئەوە بزانین کە لوڕەکان کەمێ سادەن..

میر عەلی خان درێژەی بە وتەکانی ئیسماعیل خان داو وتی:

- ئەبێت بڵێین لوڕەکان دڵپاکن، هیچ فێڵو تەڵەکەیەکیان نییە، نابێ بڵێین سادەن چون ئەگەر سادە بوونایە بابا خانی چایشلویان سەرشۆڕ نەئەکردو، ئێستاش نەئەگەیشتنە دەروازەی هەمەدانو ئێمە ناچار نەئەبووین تەتەر بنێرینە لایان..

پاش گفتوگۆو راوێژێکی زۆر بڕیار درا تەتەرێکی لێهاتوو بنێرنە لای کەریم خانو نامەیەکیان بۆ نارد بەم جۆرەی خوارەوە:

بۆ محەممەد کەریم بەگ..

بە ویستی خوا بەڕێز کەریم بەگی زەند پەیدا بووە وەکو ئایەتی پیرۆز ئەڵێت (تعز من تشاء وتذل من تشاء بیدك الخیر انك على كل شيء قدیر)، خوای گەورەو خاوەنی زەویو ئاسمان کەسێکی لە نێوان خەڵکدا کە شایستە بوو بەرز کردەوە تا کاروباری خەڵك بەرێ بە رێوە، لەم کاتەدا دوژمنان ئەبێت ملکەچ بکەن لە بەرامبەر جەنگاوەرانی وەك پڵنگو سوپای شەڕکەری ئێوەو دوژمنان هەموو تێکشکانو دانیشتوانی قەڵای عەلی شوکر (هەمەدان)و دەستی دۆستی بۆ ئێوە رائەکێشێ لەبەر ئەوە داواکارین بە گەیشتنی ئەم نامەیە جەنابتانو سەردارانی زەندو سوارەکانتان بگەنە ئێرە تا بتوانین میوانداریتان بکەین بە جوانترین شێوە.

نامەکەیان دا بە تەتەرێکی گورجوگۆڵو شارەزای ناوچەکەو خۆیان چاوەڕوانی وەڵام بوون. تەتەر وتی: (دڵنیا بن هەواڵی خۆشتان بۆ دێنمەوە)و بەرەو گوندی پەری کەوتە رێ.

نزیکی شەش مانگ بوو کە دانیشتوانی قەڵا گەڕابوونەوە کە جارێکی دی ئەو رووداوەی وەك بیست ساڵ پێش رووی ئەداو کاری کردە سەر ژیانیان.

رۆژگاری پاییز لە گوندی پەری دیمەنێکی جوانی هەیە، دیوارەکانی قەڵا بیرەوەرییە کۆنەکانی زیندوو ئەکردەوە. کۆبوونەوەی پیرو مناڵان لە دەوری شێخ عەلی لە یەکێك لەو دوانیوەڕۆیانەدا بیرەوەریی کۆنی ئەهێنایەوە یاد. شێخ عەلی وتی:

- لە یادمە (محەممەد کەریم بەگ)و (سادق بەگ) پێکەوە کایەیان ئەکرد، هەندێ جار مناڵەکان شەڕیان ئەبوو، بە سادق بەگیان ئەوێرا بەڵام کەس





توانای بەسەر کەریم بەگدا نەبوو.

شێخ عەلی دەستی هێنا بە ریشیداو وتی:

- لە پەنا ئەم دیوارەو لەم جێگەیەی ئێمەدا ئەسکەندەر بەگ دانیشتبووو بیرەوەریی ئەگێڕایەوە وەك ئێستای من. ئەو رەحمەتییە سەیری ئاسمانی کردو یەك پێشبینیی کرد..

لەم کاتەدا فرمێسك کەوتە چاوی شێخ عەلیو بە رووومەتیدا هاتنە خوارێ. مناڵەکان حەزیان ئەکرد بزانن ئەو پێشبینییە چی بووە، وتیان:

- خاڵۆ بڵێ بزانین چی بوو؟

- بەڵێ خاڵۆ گیان، ئەسکەندەر بەگ لێرەوە سەیری ئاسمانی کردو وتی: رۆژ ئەگیرێ، من لە منداڵیدا رۆژگیرانم دیوە. ئەو وتی: پاش رۆژگیرانەکە گوندەکەیان تاڵان کردووەو ئەوان ئاوارە بوون.

یەکسەر هەموو چاویان بڕییە ئاسمان بەڵام رۆژ ئەدرەوشایەوەو داوایان لە شێخ عەلی کرد باسەکە درێژە پێبدا. ئەویش باسی چۆنیەتیی تەتەری بابا خانو رووداوەکانی تری بۆ کردن.

لەم کاتەدا تەپوتۆزێکی زۆر پەیدا بوو. شێخ عەلی هەستاو بانگی کرد:

- پەنا بە خوا، تەپوتۆز هەر لەو جێگەیەوە دێ کە تەتەرەکەی میری لوڕستان هات، هەر بەو جۆرە توند. لەوانەیە سوارێکی بێگانە بێت کە بۆ ئێرە دێت، ئەگەر بێگانە بوو کەس هیچ نەڵێت تا لەگەڵ کەریم بەگ یا عەلی وەیس یا سادق بەگدا ئەدوێت.

شەو عەلی وەیس، سادق بەگ، شێخە عەلیو کەریم بەگ لەگەڵ ریش سپیانی گوند لە دەوری ئاگردان دانیشتبوونو گوێیان بۆ وتەکانی تەتەر هەڵخستبوو، کە ئەیووت:

- ئێوە باشتر لە من نەزەر عەلی سوڵتان باوکی میر عەلی خان ئەناسن،

کوڕەکەیشی وەك باوکی وایە، زۆرجار خۆم گوێم لێبووە کە وتوویەتی:

- دۆستایەتیی نێوان سەرکردەکانی زەندو میری هەمەدان چاوی دوژمنانی کوێر کردووە.

مەهدی خانی زەند، نەزەر عەلی سوڵتانی بە برای خۆی دائەنا، ئەمە لای کەس ون نییە.

عەلی وەیس پرسی:

- بە کورتی خان چی لە ئێمە ئەوێت؟

تەتەر پاش پێشەکییەکی دوورودرێژ وتی:

- یەکێتی! تەنیا یەکێتی (میرتکلو) ئەیەوێت هۆزی زەندو تەکلو وەکو هەمیشە پێکەوە دۆست بن، ئەو کاتە هەردوو هێز ئەبنە یەكو خانی زەند ئەبێتە فەرماندەی سوپاو هەروەکو جاران، ئێمە ئەبێت لەسەر رەوشتی باووباپیرانمان بڕۆین. لەوە گرنگتر ئەوەیە کە کەریم بەگ ئەبێتە سەردار..

سەرەك هۆزەکان سەیری ریش سپییەکانیان کردو بێ دەنگ بوون، عەلی وەیس کۆتایی بە دانیشتنەکە هێناو هەموو چوونە دەرەوە تاوەکو بەیانی وەڵامی تەتەرەکە بدەنەوە.

پاش دوو رۆژ لە بارەگای میر عەلی خان ببووە هەراو هوریا، میر عەلی خان لە هەموو خراپتر وەك ماری بریندار تلی ئەدا، تەتەریش کە سەروچاوی خوێناوی بوو خۆی داپێچا بوو ناڵەناڵی بوو:

- ئای گوێم، ئای لووتم، خان خەریکم ئەمرم..

میر عەلی خان بە دەنگی بەرز بە تەتەرەکەی وت:

- بە هەموو بڵێ چییان بەسەر هێناوی.

تا هەموو بزانن تەتەر بە ناڵەوە وتی:





- وەك ئەوە وابوو کە بیرەوەرییەکی ناخۆشیان لە تەتەر هەبێت، نازانم چیم وت کە هەموو روویان گرژ کرد.

میر عەلی خان وتی:

- کەوابوو زمان درێژیت کرد؟

- نەخێر قوربان، هەر ئەوەم وت کە خۆت لێرە بە منت راسپارد، شتێکی زیاترم نەووت. بەیانی زوو چوار کەس منیان بردە کەنارەوە بە جێگەی نانو چا ئاوایان لێ بەسەر هێنام، وتیان خێرا ئەم نامەیە بگەیەنە میر عەلی خانو بڵێ ئێمە یەکێتیمان ناوێتو نایشمانەوێ ببینە سەردار!

ئەو شەوە دانیشتن بۆ راوێژ تا نیوەشەو، میر عەلی خان بێ دەنگیی شکاندو وتی:

- ئێستا کە کەریم بەگی دز وای لێهات لاسایی جەنگیزی مەغۆل بکاتەوە، ئێمە ویستمان لەسەر ئامۆژگاریی باوکمان لەگەڵ ئەم هۆزە ببینە دۆست، بەڵام باوکم نەماوە تا بە چاوی خۆی وەڵامی دۆستی ئەوان ببینێت.

ناڵەناڵی تەتەر تەواو نەئەبوو، ناچار میر عەلی خان وتی:

- ئەزانم کارت زۆرە بڕۆ پشوو بدەو چەند سکەی زێڕی دایەو گەورەپیاوانی تریش هەریەکە چەند سکەیان دایە، ئەوەندە زۆر بوو کە کابرا ژانی لووتو گوێی لەبیر چووەوەو هەستا رۆیشت. راوێژ هەر درێژەی کێشا، میر عەلی خان وتی:

- من کەریم بەگم بە زیندوویی ئەوێت، هەر کەس بە زیندوویی بیگرێت پاداشتی چاکی ئەدەمێ.

لەلای خەڵك برینی لووتو گوێی تەتەر بۆ میر زۆر ناشیرین بوو.

بڕیار درا پێنج هەزار سواری پڕ چەك لە ماوەی چوار رۆژدا رەوانەی گوندی پەری بکرێن. لە کاتێکدا بە هەر یەك پێشنیاری پارەیەکی زۆر کرابوو

گەر کەریم بەگ بە دیل بگرن.

عەبدولغەففار خان برای میر عەلی خان کە فەرمانـدەی سوپاکە بـوو لـە کاتی ڕۆیشتندا وتی:

- خۆم کەریم بەگ بە زیندوویی ئەهێنمە ئێرە.

میر عەلی خان بە براکەی وت: ئەبێت کەریم بەگ بە زیندوویی بهێنن.

کۆکردنـەوەی پێـنج هـەزار کـەس ئاسـان بـوو، بـەڵام عەبدولغـەففار خـان نەیئەزانی هۆزی زەند لە باری سەربازییەوە چۆننو تەنیا ئـەوەی ئـەزانی کـە زەنـدەکان تـا نزیـك تویـسرکانیان گرتـووەو هـەروەها گـوێو لـووتی تەتـەری ئەوانیان بڕیوە. ئەمە بووە هۆی ترسێکی زۆر لـە دڵـی عەبدولغـەففار خانـداو لـە دڵـی خۆیـدا ئـەیووت: نابـێ کـەریم بـەگ دەسـتی کـەم بگـرم، لەوانـە نییـە بتوانم بە دیل بیگرم. لەلایەکی ترەوە کەریم بەگو سادق بەگو عـەلی وەیـس پاسی ڕۆیشتنی تەتەر خۆیان ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە کردبوو.

کاتێ میر عەلی خان پێنج هەزار سواری نـاردە سـەر کـەریم بـەگ، کـەریم بەگ تەنیا دوو سەد جەنگاوەری لە بەردەستدا بوو بەڵام لێهاتوویی، ئازایەتی، ناسـینی ناوچـەکەو لـە هـەموو گـرنگتر کارامـەیی لـە شـەڕی پێـشمەرگەییو چریکیدا بـووە هـۆی ئـەوەی کـە کـەریم بـەگ کـەمیی جـەنگاوەری پێـوە دیـار نەبێت. ئەوەی زیاتر گرنگیی هەبوو شوێنی سروشتیی قەڵای پەری بوو کە لە ڕووی سـەربازییەوە زۆر چـاك بینـا کرابـوو، گونـدی پـەری ئەیڕوانییـە سـەر دەشتێکی بەرینداو هەموو شتێك لە دوورەوە ئەبینرا. بۆ هاتنە نـاو گونـدیش سوار ئەبوایە لە یەك تەپۆڵکە ڕەت ببوایـەو لـە دەربەنـدێکی باریکـەوە ڕەت ببوایە کە دوو سوار بـە سـەختی ئـەیانتوانی پێکـەوە لـە دەربەنـد ڕەت بـبن. ئەمە وای ئەکرد کە چەند سوارێکی کەم بتوانن هەر هێرشێك بۆ سـەر قـەڵای پەری ڕاوەستێنن.





زەنـدەکان لـە تیرهاویـشتندا بـەناوبانگ بـوون. عـەلی وەیـس هـەم لـە شمشێربازیداو هەم لە تیرهاویشتندا یەکەم بوو. ئـەیانووت کـە دوو مـەلی لـە هـەوادا بـە یـەك تـیر پێکـەوە گرێـداوە. عـەلی وەیـس بـە بیـست سـوارەوە لـەو تەپـەی کـە ئەیڕوانییـە سـەر دەربەنـدەکە سـەنگەری گـرتو لەسـەر ڕاوێـژی سـەرکردەکانی تـر بڕیـار درا کـە کـەریم بـەگ بـە سـەدو هەشـتا سـوارەوە لـە پشتەوە سوپای میر عەلی خان بداتە بەر هێرش. لەم کاتـەدا سـوپای مـیر عـەلی خان بە تەواوی نزیك ببوونەوە.

بە گەیشتنی سوارەکانی میر عەلی خـان بـە دەربەنـد کەوتنـە بـەر بـارانی تیری زەندەکانو عەبدولغەففار خان خێرا بۆی ڕوون بووەوە کە گرتنی قەڵای پەری بەو جۆرەی بیری لێئەکردەوە ئاسان نییە، ئەم شەڕە چەند کاتژمێرێکی خایاند تا لەناکاو سوارەی زەند لە گۆشەیەکی ترەوە سوپای میری عەلی خانیان دایە بەر هێرش، لەم هێرشەدا تۆپەکانی کەریم بەگ زۆر کاریگەر بوون. ئەم تۆپانە بە شێوەی کۆن بە پشتی وشتر هەڵئەگیران. ئەم هێرشـەی کـەریم بـەگ لە پـشتی سـوارەکانی مـیر عـەلی خانـەوە بـووە هـۆی شـکانو هـەڵهاتنی سـوپای دوژمن. ئەو کوشتارەی لە سوپا کراو دەنگی کەریم بەگ کە لـە دەربەنـدەکـەدا دەنگی ئەدایەوە ترسێکی زۆری لە دڵی دوژمنـدا دروسـت کـرد، چـونکە پێیـان وتبوون کە لە ماوەیـەکی کەمـدا ئـەتوانن قـەڵای پـەری بگـرنو دەسـتکەوتێکی باشتان هەبێت. لە کاتی ڕاکردنی سـوارەکانی مـیر عـەلی خـان کوتـوپڕ کەوتنـە بەر هێرشی کۆمەڵێك سوار کە ڕووی خۆیان داپۆشـی بـوو، ئـەم سـوارانە پـاش کوشتارێك خێرا ون بوون، ئەمـە ترسـی لـە دڵـی دوژمنـدا زۆرتـر ئـەکرد. ئـەم شەڕە پاش هاتنەکاری سوارە ڕووپۆشراوەکان بە سوودی کـەریم بـەگ درێـژەی کێـشاو ئـەم سـوارانە ڕێگـەی دەربەنـدیان گـرتو سـادق بـەگو هاوڕێکـانی لەلایەکی ترەوە دوژمنیان دایە بەر گوللەو لە ئاکامدا هێزەکەی میر عەلی خان

تێکشکاو دەستکەوتێکی باش کەوتە دەست هێزەکانی زەند، لە هەمووی گرنگتر گرتنی سێ تۆپ بوو، ئەم سەرکەوتنە بۆ کەریم بەگ ناوی خانی پێوە بوو، لەوە بە دوا بە کەریم خان ناوی دەرکرد، پێشتر بە توشماڵ بەناوبانگ بوو (توشماڵ واتە سەرەك هۆز بەڵام بە پێی نەریتی کۆن رێز لە تۆشماڵ ناگرن. توشماڵەکان هەمیشە لە ناو هۆزدا لە جێگە بەرزەکان دائەنیشن‌و لە کاتی مردنی کەسێکدا "سازی چەپی" لێئەدەن. ئێستا توشماڵە بەتواناکان پیر بوون بەڵام هێشتا هەر بەکەڵکن).

ناوبانگی کەریم خان بڵاو بووەوەو گەیشتە میری ناوچەکان‌و بووە زەنگی خەتەر. یەکێك لەو میرانە زەکەریا خان بوو (ناوبراو لە زەمانی ئیبراهیم پاشادا راوێژکەرو وەزیر بوو، ئیبراهیم پاشا دایك برای نادر شا بوو، کاتێ عەلی شا بوو بە جێگری نادر شا، ئیبراهیم پاشا میری فارس "شیراز" بوو لە ساڵی ١١٦٢ ك، دژی عەلی پاشا وەستاو لە سوڵتانیە شەڕێکیان کردو عەلی پاشای بە دیل گرت‌و کوشتی‌و خۆی بووە پاشا، بەڵام خەڵکی خوراسان دژی وەستان‌و شا روخ میرزایان کردە شا).

زەکەریا خان ناوچەکانی کزاز، جابلق، کمرەو پروجردی لە ژێر فەرمانـدا بوو، نەیئەتوانی بێ دەنگ بێت، لە کاتێکدا ئەیدی هۆزێکی بچوك وا بەو خێراییە پێش ئەکەوێت لە داهاتوودا ئەتوانێ جێگەی ئەویش لەق بکات، لەبەر ئەوە بڕیاری دا دژی کەریم خان بوەستێ‌و لەناوی بەرێت. زەکەریا خان بەو بەهانەیەی کە کەریم خان هاتۆتە ناوچەی ئەوەوە بە هێزێکی گەورەوە هێرشی هێنایە سەر کەریم خان‌و چەند رۆژێك شەڕ درێژەی کێشاو لە سەرەتاوە کەریم خان بڕیاری دا لە سنووری ئەو بکشێتەوەو زەکەریا خانیش دەست لە پشتیوانیی دوژمنانی زەند هەڵگرێت، ئەم پەیمانە بۆ هەردوولا بەسوود بوو چونکە دوژمنانی هەردوولا چاوەڕوانی هەل بوون تا ئەگەر شەڕ





درێژە بکێشێت هێرش بەرنە سەر ئەو ناوچانە. هەروەك چۆن میر عەلی خان لەم چەند رۆژە شەڕە کەڵکی وەرگرت بە سوپایەکەوە خۆی هێرشی هێنایە سەر کەریم خان.

میر عەلی خان بە سوپایەکی گەورەی پڕ چەك‌و تۆپەوە دەستی دایە هێرش دژی کەریم خان، بەڵام کەریم خان کە ترسی زەکەریا خانی نەمابوو هەروەها پارەی پێویستی هەبوو هێزێکی تازەی پێکەوە نابوو هەروەها ئازایەتیی خۆی، کەوتە شەڕو بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هێزەکەی میر عەلی خانی تێکشکاند. کەریم خان لەم شەڕەدا بە جۆرێك ئازایەتیی نواند کە لە (مجمل التواريخ)دا هاتووە:

(کەریم خان ئەو رۆژە شەڕێکی کرد کە دۆست‌و دوژمن سەد جار ئافەرینیان کرد).

زۆریی هێزو تۆپی زۆر نەیتوانی بەسەر جەنگاوەری زەندەکاندا زاڵ بێت‌و میر عەلی خان بەرەو هەمەدان هەڵهات‌و کەریم خان تا نزیکی هەمەدان بە دوایەوە بوو. میر عەلی خان کە تەنیا دوو هەزار سواری لەگەڵ مابوو خۆی گەیاندە قەڵای (وەلاشجرد) لە نزیکی هەمەدان. زۆربەی سوارەکانی میر عەلی خان یان کوژرابوون یا چووبوونە لای کەریم خان یا رایانکردبوو. میر عەلی خان‌و کەسوکاری لە قەڵای (وەلاشجرد)دا گەمارۆ دران، کە گەمارۆکە درێژەی کێشا سوارەکانی میر عەلی خان ورەیان لەدەست داو بە شەو لە قەڵا هەڵئەهاتن بە جۆرێك کە پاش ماوەیەکی کەم تەنیا کۆمەڵێك سواری کەم لای میر عەلی خان مابوونەوە. میر عەلی خان کە نەیئەویست خۆی بدات بەدەستەوەو توانای بەرگریشی نەمابوو ناچار عەبدولغەففار خانی برای بە شەو بە بەرگێکی ترەوە کە نەیناسن ناردە سنە لای (حەسەن عەلی خان) میری ئەردەڵان (والیی سنە). حەسەن عەلی خان رێزێکی زۆری لە

عەبدولغەففار خان گرت‌و دوانزە رۆژ نەیهێشت بڕوات‌و پاشان وتی:

- بە میر عەلی خان بڵێ من چوار هەفتەی تر بە هێزێکی گەورەوە دێمە یارمەتیی.

حەسەن عەلی خان پاش تەواوبوونی شەڕی لەگەڵ (ئیمام قولی خان زەنگەنە) کوڕی رەحیم بەگ‌و یەکێك لە فەرماندەکانی ئیبراهیم پاشاو سەرکەوتنی بەسەر ئیمام قولی خاندا بۆ یارمەتیی میر عەلی خان بەرەو قەڵای وەلاشجرد کەوتە ڕێ، ئەم هەواڵە گەیشتە کەریم خان‌و ئەویش خێرا وازی لە گەمارۆی وەلاشجرد هێناو خۆی گەیاندەوە قەڵای پەری. میر عەلی خان لە رۆیشتنی کەریم خان سەری سوڕما بەڵام پاش گەیشتنی سوپای حەسەن عەلی خان لە سنەوە ئەمەی بۆ روون بووەوەو رزگاری بوو.

قەڵای پەری ئیتر ئەو جێگە هێمنەی جاران نەبوو، چونکە لەبەر ناوبانگی تازەی کەریم خان ئەبوایە خۆی لە بەر هێزێکی گەورەدا راگرێت‌و کەریم خان ئەیزانی کە دوژمن ئەیەوێت ژن‌و منداڵ‌و پاشەکەوتی هۆزی زەند بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوە کەریم خان ژن‌و منداڵەکانی ناردە جێگەیەکی باش‌و ژنان بە بیستنی ئەم هەواڵە خۆیان ئامادە کرد تا وەك هێزێکی پشتگیری لە کاتی پێویستدا بکەونەشەڕ.

حەسەن عەلی خان چەند رۆژێك لە زاغەی نزیکی هەمەدان مایەوە تا میر عەلی خان کەوتە کۆکردنەوەی هێز، پاشان بە راوێژی میر عەلی خان، حەسەن عەلی خان ڕێگەی قەڵای پەریی گرتە بەر. دابینکردنی خواردن‌و پێویستیی سوپایەکی دوانزە هەزار کەس کارێکی ئاسان نەبوو بە تایبەتی لە ناوچەی ساردی هەمەداندا‌و کەریم خان کە کوڕی کوێستان بوو چاکی ئەزانی کە هێشتنەوەی ئەو هەموو سوپایە لە دەوری قەڵای پەری بۆ ماوەیەکی درێژ شکانی بەدواوەیە، لەبەر ئەوە وەکو هەمیشە دەستی دایە شەڕی گەریلایی،





سەرەتا خۆی لە ناوچەکەدا شاردەوەو فەرماندەکانی حەسەن عەلی خان وایان بیر کردەوە کە لە ماوەی چەند رۆژدا کاری کەریم خان یەکلا ئەکەنەوە، بەڵام کاتێ دییان گوندی پەری کەسی تێدا نییە لە دڵەوە بە کەریم خان ئافەرینیان وت بۆ ئەو ژیری‌و خێراییە. لەبەر ئەوەی کەس لە دێدا نەبوو سوپای حەسەن عەلی خان ناچار خێوەتی هەڵدا تا بەڵکو هەواڵی شوێنی کەریم خان بزانن، بەڵام هێرشی پێشمەرگانەی کەریم خان نەیهێشت لە جێی خۆیان بجووڵێن.

چەند شەو لە مانەوەی سوپای حەسەن عەلی خان تێنەپەڕیبوو لە ناوچەی کمازان لە نیوەشەودا بوو بە هەراو بگرەو بەردە لە ناو سوپاکەدا، بە جۆرێك کە تا بەیانی هەریەك بە دوای یەکتردا رایانئەکرد، کاتێ رۆژ بووەوە زانییان کە هێرشی کەریم خان بووەو ئەمە نیشانەی بوونی کەریم خان بوو لە ناوچەکەدا. لەبەر ئەوە هەموو شتێك تا بەیانی چواردەوری سوپا بە پاسەوان ئەتەنرا. چەند شەو هیچ رووداوێك نەبوو، پاسەوانەکان خەریك بوو خەیاڵیان تەخت بێت کە هێرشێکی خوێناویی تر حەسەن عەلی خان‌و میری عەلی خانی گێژ کرد چونکە ئەوان ئەم جۆرە شەڕانەیان نەئەزانی. سەرما، برسیەتی، بێ ورەیی، کەریم خانی کردبووە مێردەزمەیەك کە خەوی لە چاوی سوپاکە بڕی بوو. هەندێ جار سوارەکانی کەریم خان سەر لە ئێوارە خۆیان پیشان ئەداو ئەمە ئەبووە هۆی هوشیاریی سوپای حەسەن عەلی خان‌و تا بەیانی لە ترسی هێرش نەئەخەوتن.

ماوەی چل‌و پێنج رۆژ بەم جۆرە رابورد، حەسەن عەلی خان نەیئەویست بێ گرتنی کەریم خان ناوچەکە چۆڵ بکات، بەڵام هیچی بۆ نەکرا. لەم کاتەدا هەواڵ هات کە سەلیم پاشا کە لە سنووری ئێران‌و عوسمانی فەرمانڕەوایی ئەکردو لەلایەن پاشای بەغداوە کە بەشێك لە ئیمپراتۆریی عوسمانی دائەنرا،

کرابوو بە میری کرمانجەکان، لەبەر ناکۆکیی لەگەڵ پاشای بەغدا هاتۆتە ئێرانو گەیشتۆتە ناوچەی سنەو چون خەڵك لە حەسەن عەلی خان ناڕازین داوایان لە سەلیم پاشا کردووە کە حەسەن عەلی خانیان لە مل بکاتەوە. ئەمە لە زەمانی زوودا باو بووە کە خەڵك بۆ رزگاربوون لە میرێکی زۆردار پەنایان بردۆتە بەر میرێکی تر گەرچی هەندێ جار بە زیانیان تەواو بووە. لەم بەینەدا خەڵکی کوردستان (ناوچەی سنە) لە دەوری سەلیم پاشا کۆ بوونەوەو بە کرمانجەکان سوپایەکی مەزنیان پێکهێنا لە ژێر فەرمانی سەلیم پاشادا. سەرەتا ئەم سوپایە بیست هەزار کەس بوو، بەڵام کەم کەم زیادی کردو بووە سوپایەکی بەهێز. حەسەن عەلی خان گەرچی لە کاری خۆی پەشیمان بوو و نیگەرانی ناکۆکیی ناو کوردستان بوو بەڵام ناچار بوو دژی سەلیم پاشا بوەستێ. لە نیوەی رێدا بەشێك لە سوارەکانی حەسەن عەلی خان کە ورەیان بەردابوو لە شەڕی کەریم خاندا لەشکرەکەی حەسەن عەلی خانیان بەجێهێشتو پاڵیان دا بە سوپای سەلیم پاشاوە. حەسەن عەلی خان ناچار بە سوپایەکی کەمەوە بەرەو رووی سەلیم پاشا بووەوە بەڵام خێرا تێکشکا. پاش ئەم سەرشۆڕییە حەسەن عەلی خان لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەو یەلاق هەڵهات. پاش شکانی حەسەن عەلی خان سەرکردەکانی کورد دەوری سەلیم پاشایان چۆڵ کرد، چونکە ئیتر خەتەری حەسەن عەلی خان نەمابوو، پاش ئەم رووداوە سەلیم پاشا کە دیی دەوریان چۆڵ کردووە رێگەی ئازەربایجانی گرتە بەرو سنەی بەجێهێشت. لەم بارەیەوە لە کتێبی (مجمل التواریخ)ی نووسینی محەممەد گوڵستانەدا هاتووە:

> ...... پاش شکانی حەسەن عەلی خان، خەڵکی کوردستان هەموو گەڕانەوە جێگەی خۆیانو سەلیم پاشا کە کاری بەم جۆرە دی لە ترسی سلێمان پاشای بەبە (بابان) کە مامی بوو





> ئارامی نەبوو، هەروەها لە خەڵکی کوردستانو یارمەتیی سەردارانی عێراق (ناوچەی رۆژئاوای ئێران کە ئێستا ناوەندی ئەوی ئاراکە) ترسی لێنیشتبوو، لەبەر ئەوە لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەو ئازەربایجان هەڵهات. تایەفەی (مامۆیی) کە لە هۆزە گەورەکانی کوردستانە ماوەیەکی زۆرە پشتاوپشت ئەکرێنە والیی ئەو ناوچەیە لەلایەن شاوە. هەروەك لە زەمانی دەوڵەتی نادردا (سوبحان وەردی خانی مامۆیی) کە پیاوێکی هەشتا ساڵە بوو لەگەڵ حەسەن عەلی خانی ئامۆزای کرایە والیو پاش کوژرانی نادر شا، حەسەن عەلی خان بە هاوکاریی خەڵکی سنەو ئەردەڵان (سوبحان وەردی خانیان) لابردو سوبحان وەردی خان بەرەو ئیسفەهان رایکرد تا بەڵکو بە یارمەتیی کەسانی تر دژی حەسەن عەلی خان راوەستێ. بەڵام ئەو کاتە لە هەموو لایەکی ئێران میرە ناوچەییەکان فەرمانڕەواییان ئەکرد، لەبەر ئەوە ماوەیەك لەوێ مایەوە تا هەواڵی سەرکەوتنی سەلیم پاشاو شکانی حەسەن عەلی خانی پێگەیشت. لە ئیسفەهانەوە رێکەوتو هاتە هەمەدانو لەوێوە تەتەری رەوانەی لای گەورەپیاوانی کوردستان کرد تا ئاگاداری کاروبار ببێت. خانەکان بە نامە داوای لێبوردنیان کردو داوایان لێکرد بێتەوە شاری سنە. سوبحان وەردی خان خێرا گەیشتە کوردستان، خەڵکی سنە خەسرەو خانی کوڕەزایان کە بیست ساڵ تەمەنی بوو کردە فەرمانڕەوا لە شاری سنە.

کەریم خان پاش گەڕانەوەی حەسەن عەلی خان لە ناوچەکە بە شەو

هێرشێکی کوتوپڕی کردە سەری، ئەم ئازایەتییە ڕێزی کەریم خانی لای هاوڕێکانی بردە سەر. ڕووداوەکە بەم جۆرە بوو، کاتێ هێزەکانی حەسەن عەلی خان لە دەربەندێکی باریکەوە ڕەت ئەبوون کەریم خان بە کۆمەڵێك سوارەوە وەك هەڵۆ هێرشی کردە ناوجەرگەی هێزەکەو دوو باری هێستر زێڕی سپیو یەك بار ئەشرەفی بە دەستکەوت گرتو هەر بەو خێراییە خۆی گەیاندەوە ناو چیاکان، ئەم دەستکەوتە بووە هۆی ئەوەی کەریم خان بتوانێت هێزێکی پتر کۆ بکاتەوە.

ناوی کەریم خان لە لوڕستانو ناوچەکانی تر دەنگی دایەوەو بووە هۆی ئەوەی سەرەك هۆزەکان هەوڵ بدەن بە هەموو جۆرێك بووە لەگەڵ کەریم خان ڕێکەون تا لە خەتەریی هێرشی دوور بن، لەوانە هۆزی (قەرەگوزلو) بە سەرکردەی (شەهباز خان) بە دوو هەزار سوارەوە پاڵی دا بە کەریم خانەوە. کەریم خان بە یارمەتیی هۆزەکانی تر چووە گلپایەگانو خوانسار بۆ کۆتایی هێنان بە ئاژاوەو ناهێمنی. لە کاتی ڕێکەوتندا هەواڵ هات کە (زەکریا خان کلەیی) کە یەکێك بوو لە خانە ناودارەکان بە خۆیو سوارەکانییەوە ئەیەوێت بێتە لای کەریم خان، ئەم هەواڵە ورەی جەنگاوەرانی کەریم خانی زۆر بەرز کردەوە.

ئەو کاتە ناوچەی گلپایەگان تا بەشێك لە (خەلیل ئاباد) لە ژێر فەرمانی عەلی مەردان خانی بەختیاری (ناسراو بە چوار لنگ)دا بوو. عەلی مەردان خان پاش کوژرانی نادر شا هەموو ناوچەی خەلیل ئابادی تا گلپایەگان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ناوبراو کاتێ هەواڵی هاتنی کەریم خانی بیست لە (محال کمرە) ڕێگەی لە کەریم خان بەست. کەریم خان کە دە هەزار کەسی لەگەڵ بوو بەهۆی خۆشەویستی لە ناو سوپاکەیداو ئازایەتیی خۆیەوە خێرا توانی هێزەکەی عەلی مەردان خان تێك بشکێنێتو کۆمەڵێکی زۆر دیل





بگرێت. لەم شەڕەدا دەستکەوتێکی زۆر کەوتە چنگی کەریم خان، بەڵام کاتێ بە خورشیدەوە چووە ناو شاری گلپایەگان، میر عەلی خانی تەکلو هێزەکانی خۆی کۆ کردەوەو بۆ سێیەمین جار هێرشی هێنایە سەر ناوچەکانی زەند. کەریم خان خێرا بەڕێ کەوتو بۆ ڕۆژی چوارەم گەیشتە نزیکی (وەلاشجرد).

میر عەلی خان بە خەیاڵی دیلکردنی ژنانی هۆزی زەندو ملکەچکردنی کەریم خان هێرشی بردە سەر قەلاى پەری بەڵام ئازایەتیو بەرگریی ژنان وای لێکرد کە فەرمان بدا سوارەکانی بێ بەزەییانە شەڕ بکەن، لەم کاتەدا کەریم خان گەیشتو میر عەلی خان کە ئازایەتیی ژنانی بەو جۆرە دیبوو بە چاکی نەزانی لەگەڵ کەریم خان بەجەنگ بێت.

# بـةشـى سيَيـةم

## ثةيمانى سىَ قوَلَىو سىَ مةرج

وەك لەمەوبەر وتمان عەلی مەردان خانی بەختیاری كە پاش مردنی نادر شا هێزێكی باشی پێكەوە نابوو بە دە هەزار سوارەوە رووبەڕووی كەریم خان بووەوە، بەڵام سەرنەكەوت. كەریم خان پاش ئەم شەڕە كەوتە شەڕ لەگەڵ میر عەلی خانو ئەمەش هەلی بۆ عەلی مەردان خان رەخساند تا هێزێك كۆ بكاتەوەو دووبارە گلپایەگانی داگیر بكاتەوە. ئەم سەركەوتنە بووە مایەی لەخۆباییبوونی عەلی مەردان خانو ویستی ئسفەهانیش بگرێت كە ئەوكات لە ژێر دەستی (ئەبولفەتح خانی بەختیاری)دا بوو كە لەلایەن شاهروخ شاوە دانرابوو. جگە لە ئسفەهان، ئاراكی ئێستایش كە لەو زەمانەدا عێراقیان پێئەووت لە ژێر دەستیدا بوو، بەڵام عەلی مەردان خان لە شەڕ لەگەڵ ئەبولفەتح خاندا شكستی خواردو گەڕایەوە گلپایەگان.

كەریم خان ئەو كاتە لە (پێنج كەسبی مەلایر) بوو كە هەواڵیان دایە چوار كەس لە نێردراوەكانی عەلی مەردان خان كە بریتی بوون لەمانە (عەلی سوڵتانی هارونی)، (بالی سوڵتان) برای عەلی مەردان خان، (سوڵتان موم زایی)و (حاجی بابان خان بەختیاری) بە ناوی پەیكی ئاشتی ئەیانەوێت كەریم خان ببینن و پەیامێكی گرنگیان پێیە.

كەریم خان وتی:





- بلێ بێنە ژوورەوە.

ئەو چوار كەسە چۆنیەتیی شەڕی نێوان عەلی مەردان خانو ئەبولفەتح خانیان لە ناوچەی مورچە خۆرتی ئسفەهان گێڕایەوەو وتیان:

- عەلی مەردان خان دەستی برایەتی بۆ خانی زەند درێژ كردووەو ئەیەوێت بێتە لای ئێوە.

كەریم خان زۆری پێخۆش بوو و رێزێكی زۆری لێگرتنو دیاریی چاكی پێدانو بە رێزەوە بەڕێی كردنەوە بۆ گلپایەگان.

عەلی مەردان خان بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی نێردراوەكانی ئەكردو بە هیوای ئەوە نەبوو كەریم خان وەڵامی باشی بداتەوەو هەروەها رووداوی گوێ بڕینی تەتەری میر عەلی خانی لەبیر بوو. كاتێ نوێنەرەكان گەڕانەوە پرسیاری كرد: (بەڵێ یان نە).

كاتێ بۆی دەركەوت كە كەریم خان بەو شێوەیە وەڵامی داوەتەوە زۆر شاد بوو. بالی سوڵتان دیارییەكانی پیشان داو هەروەها رەفتاری كەریم خانی لەگەڵیاندا باس كردو عەلی مەردان خانی برای دڵنیا كرد كە وتەی كەریم خان یەك وتەیە.

بەیانیی رۆژی دواتر عەلی مەردان خان فەرمانی دا بە ساڵح خان كە یەكێك بوو لە ئازاترین فەرماندەكانی كە بە سەد سوارەوە بچێتە لای كەریم خانو پێشنیاری گرتنی ئسفەهانی پێبكات تا ئەبولفەتح خان لەسەر كار لابەرن. ساڵح خان پاش هەڵبژاردنی پیاوەكانی بەرەو (پێنج كەسب) كەوتە رێ، بەڵام كاتێ گەیشت بیستی كە كەریم خان لە گوندی پەرییە. ساڵح خان خێرا خۆی گەیاندە پەریو چووە لای كەریم خانو وتی:

- خانی زەند سەلامەت بێت، پەیامێكی گرنگم پێیە لەلایەن عەلی مەردان خانەوە.

کەریم خان وتی:

- ئێستا پشوو بدە، ئەمشەو لەو بارەیەوە پێکەوە ئەدوێین.

سالَح خانو پیاوەکانی لە رەوشتو ژیانی سادەی کەریم خان سەریان سوڕما. کەریم خان پاش بیستنی پەیامەکەی عەلی مەردان خان بە سالَح خانی وت:

- من خۆم بەم زوانە دێمە گلپایەگان، تا هێزەکانمان هەڵسەنگێنینو بە وردی ئاگاداری کاروبار ببین. کەریم خان وتی: بە هەموو هێزێکەوە دێتە گلپایەگان.

ئەم رووداوانە لە سالَی ١١٢٨ ك هەتاویدا روویان دا کە سێ ساڵ لە مەرگی نادر شا تێپەڕ ببوو. ئێران ببووە کەس لە کەسو ئاژاوە. چوار پاشا لە ئێراندا فەرمانڕەواییان ئەکرد. کەریم خان بە چوونی بۆ گلپایەگانو ئەو رووداوانەی پاش ئەوە روویان دا سەرەتای ئێرانێکی هێمنی دامەزراند، بەلاَم بە شەڕو کوشتارو خوێنڕشتنێکی زۆر، کە یەکێك لەو شەڕانە بەم جۆرەیە:

قەلاَی پەری جارێکی دی پڕ بووەوە لە بەزمو هەرا. رێکەوتنی هەشت هەزار سوار بە ئامانجی شەڕ لەو زەمانەدا کارێکی ئاسان نەبوو، بەلاَم کەریم خان ئەم کارەی بە خێرایی ئەنجام دا. خانی زەند بۆ تۆمارکردنی لاپەڕەیەکی گرنگی مێژوو بەرەو گلپایەگان کەوتە رێ. عەلی مەردان خان تا دەرەوەی شار هاتە پێشوازیی کەریم خان تا دڵسۆزیی خۆی بۆ دەربخات. عەلی مەردان خان توانی دوانزە هەزار سوار پێکەوە بنێت کە لەگەڵ سوارەکانی کەریم خان ئەبوونە بیست هەزار کەس. ئەم هێزە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەبولفەتح خاندا بەس بوو.

ئەبولفەتح خان کاتێ بیستی کەوا عەلی مەردان خان لەگەڵ کەریم خان بۆتە یەكو ئەیەوێت حەقی شکانەکەی بکاتەوە، ترسی لێنیشتو کەوتە





کۆکردنەوەی هێزو داوای یارمەتیی لە بنەماڵە ئەفشارییەکان کرد. (موسا خانی ئەفشار)، (سەلیم خانی قرەقونیلوی ئەفشار)، (سالَح خانی دەربەندی)و (میر محەممەد خانی عرب میش مەست خراسانی) هێزەکانیان کۆ کردەوەو هاتنە پشتیوانیی ئەبولفەتح خان. بەم جۆرە ئەبولفەتح خان بە هێزێکی پەنجا هەزار کەسییەوە ئامادەی شەڕ بوو. لە کاتێکدا هێزی کەریم خانو عەلی مەردان خان کەمتر لە نیوەی ئەوان بوون. ئەبولفەتح خان هێزەکانی هێنایە دەری ئەسفەهانو لە ناوچەی (کەهریز) سەنگەری گرت، پاش چەند رۆژ هێزەکانی کەریم خان گەیشتنە ئەوێو شەڕ دەستی پێکرد. لەو شەڕەدا لە خۆبوردوویی جەنگاوەرانی زەندو ئازایەتیی کەریم خان تەکانی لە دوژمن بڕیبوو. دوای پێنج رۆژ شەڕ ئەبولفەتح خان ناچار هەڵهاتو ئازایەتی بەسەر زۆری هێزدا سەرکەوت. ئەبولفەتح خان چووە ئەسفەهانو فەرمانی دا سەنگەرو دیوارەکانی شار قایم بکرێن تا کەریم خانو عەلی مەردان خان نەتوانن بێنە شارەوە. کەریم خان کە ئەوەی زانی وتی:

- هەر چۆن بووە ئەبێ بچینە شارەوە.

بە پێی نەخشەیەکی سەربازیی چاك لە دوو لاوە هێرشی دەست پێکرد، واتە خۆی لە (خواجو)و (جلفا)وەو عەلی مەردان خان لە (تەقچیو باخی خۆشخانە)وە شاریان دایە بەر هێرش.

لەم شەڕەدا کەریم خان ئازایەتییەکی وای نواند کە کەمیی هێزی خۆیانی لە بەرامبەر زۆریی هێزی دوژمندا پڕ کردەوە. پیاوەکانی ئەبولفەتح خان کە چاوەڕوانی ئەوە نەبوون لە بەرامبەر بیست هەزار کەسدا چۆك دادەن ناچار پاشەکشەیان کرد. ئەبولفەتح خان سەرەتا ویستی بەرگری بکات لەبەر ئەوە لەگەڵ فەرماندەکانی چووە قەلاَی کۆنی (تبرك)و سەنگەری گرت. ئەم قەلاَیە لە سەرووی زایندەرودو لە دامێنی تەپەیەك بە ناوی (تەپەی ئەشرەف)دایە.

ئەم قەڵایە لە زەمانی سەفەوییەکاندا جێگەی پاراستنی دارانو زیندان بووە. هێزەکانی کەریم خانو عەلی مەردان خان هاتنە ناو شارەوە. کاتێ ئەبولفەتح خان خۆی لە گەمارۆدا دی بڕیاری دا خۆی بدات بەدەستەوە. چەند خانێکی ئسفەهانی کە ئاشنای کەریم خان بوون کردە ناوبژیەوان. کەریم خان وەڵامی باشی دانەوەو بڕیار درا هێزێك لە هۆزی زەندو بەختیاریو چەکدارەکانی ئەبولفەتح خان پێك بێت بۆ جێگیرکردنی دەوڵەتێکی پتەو لە ئێراندا هاوکاری یەکتری بکەن.

کەریم خانو عەلی مەردان خان بە هاوکاریی ئەبولفەتح خان ببوونە هێزێکی گەورەو بەتوانا، هەروەها پشتیوانیی هەندێ لە سەرۆك هۆزی ئەفشارییەکان ببوە مایەی بەهێزتربوونی ئەم سێ کەسە. بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ناکۆکی پەیدا نەبێت بڕیار درا بە سێ مەرج ئەم سێ کەسە هاوکاریی یەکتری بکەن. ئەم رووداوە وەك چیرۆکە کۆنەکان وابوو.

ساڵی ١١٦٣ شاری ئسفەهان رووداوو کارەساتی زۆری بەخۆیەوە بینیو ئەم رووداوانە کەمتر کاریان ئەکردە سەر خەڵکی ئاسایی، وەك لە پاش کوشتنی شا سوڵتان حسێن سەفەوی ئەم کارەساتانە زۆر روویان دابوو، خەڵك لە دەست سوڵتان حسێن جەوری زۆریان دیبوو، لەبەر ئەوە بە کوژرانی خۆشحاڵ بوون. بەڵام لە کاتێکدا کە کارەکانی نادر شا خەریك بوو سوڵتان حسێن لەبیر خەڵك بەرێتەوە دووبارە سوڵتان حسێنێکی دی پەیدا بوو.

هەروەك لە پێشدا هاتووە مەرجی یەکەم هاتنە سەرکاری یەکێك لە سەفەوییەکان بوو کە ئەم کەسە بەم شێوەیەی خوارەوە دۆزرایەوە: کابرایە هەبوو لە بازاڕی شاردا دوکانێکی قەڵەمو کاغەز فرۆشیی هەبووو بۆ چەرخاندنی ژیانی کاری دوکاندارەکانی تریشی ئەکرد واتە بەردەستی، هەموو رۆژێك هێشتا دوکانەکەی نەئەکردەوە کە دوکاندارەکان ئەیان نارد بەملاو





ئەولادا، بەڵام ئەم (میرزا ئەبولتراب)ە کوتوپڕ بووە کەسێکی تایبەتیو لەبەر ئەوەی کوڕی (میرزا مورتەزا سەدرلسدور) بوو، کچەزای سوڵتان حسێن سەفەوی. بەیانییەك کە ئەویست دوکانەکەی بکاتەوە چەند پیاوێکی بینی کە بە رێزەوە وەستاونو سەلامیان لێکردو پێیان وت:

- تۆ ئیتر ئەو کارانە مەکە، ئەمانە کاری تۆ نین.

ویستیان نەهێڵن دوکان بکاتەوە، کە هاواری لێ بەرز بووەوە:

- بۆ وا ئەکەن؟ کارتان بە کێ هەیە؟

میرزا ویستی دوکانەکەی بکاتەوە کە بیستی:

- قوربان تۆ نابێ ئیتر لەم جێگە خراپەدا بیت.

میرزا هاواری کرد:

- ئێوە کارتان بە کێیە؟ من بە کێ تێگەیشتوون؟ ئەگەر گاڵتە ئەکەن من حەزم بە گاڵتە نییە. وازم لێبێنن با خەریکی کاسبیی خۆم بم.

پیاوەکان بە رێزێکی زۆرو کڕنوشبردنەوە وتیان:

- خاوەن شکۆ! ئێمە بەهەڵەدا نەچووین، تۆ میرزا ئەبولتراب کچەزای شا سوڵتان حسێن سەفەوەیت کە بڕیار وایە ئەمرۆ یا بەیانی ببیتە پاشا، لێمان ببوورە ئەوە کەژاوە ئامادەیە تا بتانباتە کۆشك، ئێمە چاوەڕێی فەرمانی ئێوەین.

هەمو خەڵکەکە لە جێگەی خۆیان وشك ببوونو میرزا خۆشی باوەڕی نەئەکرد. میرزا کەوتە خۆو بە دەنگێکی جیاواز لە جاران وتی:

- دڵنیان کە بە هەڵەدا نەچوون..

هێشتا وتەکەی میرزا تەواو نەببوو کە بە کڕنوشەوە وتیان:

- بەڵێ خاوەن شکۆ، دڵنیاین، ئێمە بۆ بردنی جەنابتان بۆ کۆشك هەموو پێویستییەکمان ئامادە کردووە.

سەیر بوو، میرزا ئەبولترابی شاگرد دوکان بووە شا ئیسماعیلی سێیەم. سەرەتا بردیانە حەمام کە چەند مانگ بوو حەمامی نەدیبوو، چەند کاتژمێرێك لە حەمام کە لە ژیانیدا شتی وای نەدیبوو مایەوە. کابرای حەمامچی ناچار بوو وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە، گەرچی زۆربەی پرسیارەکان زۆر منالانە بوون وەك:

- بڵێ بزانم شەو چ خواردنێك ئەدەن بە شا؟ (گوایە زۆری حەز لە گۆشتاو کردووە).

کابرای حەمامچی پێکەنینی ئەهات بەم پرسیارەو لە وەڵامدا وتی:

- ئەگەر خاوەن شکۆ بڵێت لە کەیەوە نەچۆتە حەمام ئەوا منیش وەڵام ئەدەمەوە.

بەم جۆرە ئەبولترابی شاگرد کرایە شاو مەرجی یەکەمی پەیمانەکە جێبەجێ کرا. تاوەکو لە بەر پاشایەتی ناکۆکی دروست نەبێتو هەروەها خەڵکێکی زیاتر لە دەوری کەریم خانو عەلی مەردان خانو ئەبولفەتح خاندا کۆ بوونەوەو باوەڕیشیان وابوو کە نادر پاشایەکی لە سەفەوییەکان داگیر کردووە.

مەرجی دووەم ئەوەبوو کە عەلی مەردان خان لە ئسفەهان بمێنێتو یارمەتیی شا بداتو لە شار پارێزگاری بکاتو هەرگیز لە شار دەرنەچێتو شا بەجێ نەهێڵێت.

مەرجی سێیەم ئەوەبوو کە کەریم خان بکرێتە فەرماندەی گشتیی سوپای ئێران تا بە سوودوەرگرتن لە ئازایەتیو لێزانی خۆی سەرکێشان بێ دەنگ بکاتو ئێران هێور بکاتەوەو، بڕیار درا ئسفەهان وەك پێشوو لە ژێر فەرمانی ئەبولفەتح خاندا بمێنێ. ئەم سێ کەسە سوێندیان خوارد کە لەم مەرجانە سەرپێچی نەکەن.





دوو هەفتە پاش ئەم پەیمانە کەریم خان بەرەو هەمەدانو قەزوینو کرماشان کەوتە ڕێ تا پاش گرتنی ناوچەی باشوورو ڕۆژئاواو فارس دووبارە بگەڕێتەوە ئسفەهان تا لەگەڵ ئەبولفەتح خاندا بچنە خوراسانو ئەو ناوچەیەیش بگرنو بیخەنە ژێر فەرمانی خۆیانەوە.

کەریم خان بە سوپایەکی گەورەو پڕ چەکەوە کە زۆرتر لە زەندەکان پێکهاتبوو سەرەتا چووە تارانو پاشان قەزوینو هەمەدانو بە بێ شەڕ ئەو ناوچانەی گرتو فەرماندەی بۆ دیاری کردنو یا فەرماندەکانی پێشووی لە جێگەی خۆیان داناوە. کەریم خان لە فەراهان تووشی کارەساتێك بوو کە بووە یەکێك لە جوانترین بەسەرهاتە ئەفسانەییەکانی مێژوو کە لەوانەیە شتی وا کەمتر روو بدات، ئەویش بەمجۆرە بوو:

هەواڵیان بە کەریم خان دا کە لە ناوچەی فەراهان گرفتێك پێش هاتووەو میری ئەوێ وەڵامی نوێنەرانی کەریم خان نەداتەوە. کەریم خان بۆ ئەوەی باشتر ئاگاداری رەوشەکە ببێت خۆی چووە ناوچەکە، کە نزیك بووەوە هەواڵ هات کە میر لە قەڵای (وەسیلە) سەنگەری گرتووەو وەڵامی کەس ناداتەوە. کەریم خان بۆی راسپارد کە: ئەگەر لە ماوەی بیستو چوار کاتژمێردا خۆت نەدەی بە دەستەوە قەڵاکەت بەسەردا ئەڕووخێنم. تەتەر هاتەوەو وتی کە میر بە جۆرێك لەسەر وتەی خۆی سوورە کە ئەڵێ: ئەگەر تۆ تەتەر نەبوویتایە هەردوو گوێم ئەبڕیت. کەریم خان حەزی کرد کە میرێکی ئاوا ئازا باشتر بناسێت. لەم کاتەدا هەواڵ هات کە ئەو میرە کچی (حاجی تغانی فەراهانی)یەو ناوی (ئازەرە)، کەریم خان وتی وەك دیارە ئەم کچە هەم ناوی ئازەرە (ئاگر)و هەم خۆشی ئازەرە (ئازەر بە واتەی ئاگرە). کەریم خان ویستی ئەم کچە ئازایە ببینێت بەڵام نەیویست خۆی بشکێنێت لەبەر ئەوە بۆی راسپارد کە چاك وایە ئەو خانمە واز لە سەرسەختی بێنێتو ملکەچی

شا بێت تا بکەوێتە ژێر پشتیوانی ئەوەوە. وەڵامی ئازەر، کەریم خانی زیاتر خستە سەرسوڕمانەوە، لەم بارەیەوە لە (مجمل التواریخ)دا هاتووە (لاپەڕە ٧٧ – ١٧٦):

(...... کەریم خان بە سوپاوە گەیشتە ئەو جێگەیە تا ئەو قەڵایەی کە چەند ڕۆژ بوو بەرگریی ئەکرد بگرێت، رایسپارد کە ئەگەر خۆت بە دەستەوە نەدەی قەڵاکەت ئەڕووخێنمو خۆت باڵبەست ئەکەمو تا ناو سوپا راتئەکێشمو لە دارت ئەدەم. ئەو شێرە ژنە لەم راسپاردەیە تووڕە بوو، لە وەڵامدا وتی:

ئەگەر کەریم خان پیاوە خۆی بێتە مەیدانو منیش دێمە مەیدان تا پێکەوە دەستو پەنجەیەك نەرم بکەین. ئەگەر ئەو سەرکەوت هەرچی ویستی بیکاتو ئەگەر منیش سەرکەوتمو دەستی ئەوم بەستو لە مەیدان هێنامە دەر، ئەگەر ویستم ئەیکوژمو ئەگەر ویستیشم ئازادی ئەکەم. ئەگەر نەهاتە مەیدانەوە هەرچی لە دەست دێت بیکات.

کەریم خان چوونە مەیدانەوە بە چاك نەزانی لەگەڵ ئەو کچەدا. دووبارە رایسپارد کە ئامانجم لەم کارە تاقیکردنەوە بووە کە بۆم دەرکەوێت کە تا چ رادەیەك ئازاو لێهاتوویتو یا تەنیا هەر خۆت ئازا پیشان ئەدەیت. پاش بیستنی ئەم راسپاردەیە ئەو کچە ئازایە پێکەنیو وتی:

ئەگەر ئامانجی ئەو سەردارە تاقیکردنەوەی من بووە کەوا بۆ راستی ئەم کارە بە هاتنە مەیدانو بەکارهێنانی شمشێر روون ئەبێتەوە چون خان ئازاو ناودارە ئەم کارە لە





جێی خۆیەتی. ئیتر راسپاردە بەسەو زوو بێتە مەیدانەوە تا ئاکامی تاقیکردنەوەکە ببینێت.

کەریم خان ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم شێرە ژنە بە چاك نەزانیو رێگەی کرماشانی گرتە بەر).

(نووسەری ئەم رووداوە خۆی لەگەڵ کەریم خاندا بووەو رووداوەکەی لە نزیکەوە بە چاوی خۆی دیوە).

کەریم خان بڕیاری دا پێش هەموو شتێك تۆپخانەکەی نادر شا لە کرماشان بگرێت. لەبەر ئەوە ویستی کرماشان گەمارۆ بداتو هێزەکەی لە بێستون دابەزاند کە لە شەش کیلۆمەتری کرماشاندایە. تۆپخانەکەی نادر شا لە قەڵای کرماشاندا بوو کە بریتی بوو لە هەزارو پێنج سەد تۆپی گەورەو بچوكو نزیکەی شەش سەد هاوەنی گەورە بە وەزنی شەست منی تەوریزیو چەكو جبەخانەیەکی زۆرو شەش هەزار خەروار باروت کە هەر خەروارێك بریتی بوو لە سەد منی. هەروەها شتومەكو کەرەسەی گرتنی قەڵاو هێرشو ئەو شتانەی نادر بۆ گرتنی ناوچەی عوسمانییەکان ئامادەی کردبوو.

کەریم خان لەبەر گرنگی هەوڵی گرتنی ئەم قەڵایەی ئەدا. لەم کاتەدا ئەم تۆپخانەیە لە ژێر دەسەڵاتی کەسێك بە ناوی (میرزا محەممەد تەقی گلستانە) کە زەمانی نادر شا کاری گرنگی بەدەست بووەو عادل شای جێگری نادر کردبووی بە فەرماندەی ئەو تۆپخانەیە. میرزا محەممەد تەقیو عەبولعەلی خان عرب مێش مەست فەرماندەی تۆپچییەکان کە هەردوو پێکەوە لە کرماشان کاروباریان ئەبرد بەڕێوە بە بیستنی هەواڵی هاتنی کەریم خان خۆیان ئامادەی بەرگری کرد. کەریم خان ناچار شاری گەمارۆ داو میرزا محەممەد تەقیو عەبدولعەلی خان هەرچەند ئەم هەموو تۆپەیان هەبوو بەڵام داوای ئاشتییان کرد. میرزا محەممەد تەقی چەند کەسی نارده لای

کەریم خانو چوار ئەسپی بە دیاری بۆ نارد. کە یەکێك لەو کەسانە ئەبولحەسەن گلستانە بوو کە رووداوەکەی بەمجۆرە نووسیوەتەوە (ئەبولحەسەن گلستانە نووسەری مجمل التواريخ):

کاتێ کەریم خان گەیشتە (هارون ئاوای کرماشان) ئەبولحەسەن گلستانە چووە پێشوازیو لەگەڵ گەورەپیاوانی ماوەی بیستو پێنج رۆژ میوانی کەریم خان بوون. چون برازای میرزا محەممەد تەقی گلستانە بوو کەریم خان لێی بەدگومان بوو. میرزا محەممەد تەقیو عەبدولعەلی خان بە کەریم خانیان وت کە هەردووکیان کە میری کرماشان بوون ملکەچی فەرمانی کەریم خان ئەبن، لەبەر ئەمە بەهانەیەك نییە تا شەڕ بکەن. داوایان لە کەریم خان کرد کە هاتنی بۆ کرماشان دوا بخات بۆ کاتێکی تر چونکە ئێستا کرماشان ئامادەی میوانداریی ئەوان نییە. کەریم خان بیری کردەوە کە بە گەمارۆدان ناتوانێت قەڵای کرماشان بگرێت. داواکەی ئەوانی بە باش زانیو بوونی هەزارو پێنج سەد تۆپ بووە مایەی هوشیاریی کەریم خانو فەرمانی دا بە هێزەکانی کە بەرەو سنە بکەونە رێ تا لە کاتی خۆیدا ئەم شتومەکانە بەدەست ئەهێنن. سنە وەك قەزوینو هەمەدان خێرا گیراو کەوتە ژێر دەسەڵاتی کەریم خان. کەریم خان لە رێگەی هەمەدانەوە گەڕایەوە قەڵای پەریو دوو مانگ مایەوە تا سوپاکەی پشووی خۆی بدات.

## عەلی مەردان خان پەیمان ئەشکێنێت:

ئەبولفەتح خان لەلایەن دوژمنانی دوێنێو دۆستانی ئەمڕۆوە کرابووە والیی ئسفەهان کە ئەوکات (بیگلر بیگ)یان پێ ئەوت، ئەمە یەکێك بوو لە سێ مەرجی رێکەوتنەکە. عەلی مەردان خان بەهیوای پاشایەتییەوە دەسەڵاتی بە تەواوی گرتە دەستو بە ناوی شا ئیسماعیلی سێهەمەوە هەرچی بیویستبا





ئەیکرد. شا ئیسماعیل لەلایەکەوە هەر بە ناو شا بوو و لەلایەکی دیکەوە ئەوەی ئەیکرد ئەبووە هۆی نائارامی. ئەو کە لە کاری بازاڕو کڕینو فرۆشتن بەولاوە هیچی نەئەزانی پاش ئەوەی بووە پاشا کاری وای ئەکرد کە وەك ئەفسانە وابوون.

ئەو رۆژەی کە میرزا ئەبولترابیان بردە حەمامو هێنایانە کۆشکی پاشایەتی زەڕەنگەرە باشەکانی ئسفەهانیان کۆ کردەوە تا تاجێکی چاك بۆ پاشای تازە دروست بکەن. وەستا زەڕەنگەرەکان هەریەك شتێکیان وت، بەڵام شا تووڕە بوو و وتی:

- ئەم تاجە نابێ لە تاجەکەی شا سوڵتان حسێنی باپیرم بچوکتر بێت.

ئەم وتە مناڵانەیەی شا، وەستا زەڕەنگەرەکانی خستە سەر دوو رێگە، یا ئەبوو هەموو هونەری خۆیان بخەنە گەڕ بۆ کەسێك کە تا دوێنێ کڵاوە کۆنێکی لە سەردا بوو، یا ئەبوو پاشا خۆی شێوەی تاجەکە دیاری بکات.

یەکەم کاری پاشا ئەوە بوو کە حەقی خۆی لەوانە بکاتەوە کە پێشتر گەمەیان پێئەکردو پێیانی نەئەوێرا. لەوانە حەسەن قەنادی (واتە حەسەنی شیرینی ساز) ئسفەهانی بوو، ناوبراو پیاوێکی قسەخۆشو زیرەك بوو. حاجی حەسەنی قەناد کە لەگەڵ هەموو دوکاندارەکاندا گەمەی ئەکرد، بە تایبەتی کاتێ میرزا ئەبولترابی ئەدی سەرگەرم ئەبوو و دەستی ئەکرد بە گەمەکردن بە میرزاو خەڵکەکەیش ئەیاندایە قاقای پێکەنینو میرزا تووڕە ئەبوو. چەند جارێك نزیکە ببێتە شەڕیانو دەستەویەخەی یەکتر ببن، بەڵام حاجی حەسەن هەر لەسەر گەمەی خۆی بەردەوام بوو. هەرکات میرزای ئەدی ئەیووت: بەه، بەه، بڕوانە کێ هات! شازادە، کچەزای سوڵتان حسێنی وڵات فرۆش! چ باپیرێکی ئازای هەبوو، دەستکراوە بوو، وەك حاتەمی تەی وابوو، تاجەکەی خۆی پێشکەشی مەحمود ئاغا (واتە مەحمودی ئەفغانی) کرد،

ئسفەهانییەکانیش کە خۆشیان لە سوڵتان حسێن نەدەهات ئەیانداییە پڕمەی پێکەنین، میرزایش سەری دائەخستو ئەڕۆیشت.

رۆژێك تازە ببووە پاشا پاسەوانەکانی بانگ کردو فەرمانی پێدان، پاسەوانەکان خێرا چوون بە دوای حاجی حەسەنی قەنادداو وتیان:

- حاجی حەسەنی قەناد تۆیت؟

- بەڵێ فەرمووون.

- خێرا بەرگەکانت بگۆڕەو وەرە لەگەڵماندا.

- دێم بەڵام ئەتوانم بپرسم بۆ کوێ‌و بۆچی؟

فەرماندەی پاسەوانەکان وتی:

- زۆر مەڵێ، خۆت ئەزانی، خێراکە بزانم.

لە رێگەدا حاجی هەرچی لە پاسەوانەکانی پرسی‌و بڕیاری پاقلاوەو پەشمەك‌و گەزی پێدان کە پێی بڵێن بۆ کوێی ئەبەن، بەڵام پێیان نەگوت، تا گەیشتنە کۆشکی پاشاو چاویان بەستو پاش ماوەیەك لە ژوورێکی جوان‌و رازاوەدا چاویان کردەوە. حاجی وایزانی بە هەڵە ئەویان هێناوەتە ئێرە یا پاشا ئەیەوێت شیرینی پێ دروست بکات. لەم خەیاڵەدا بوو کە پیاوێکی بالآبەرز کە بەرگی سووری لەبەردا بوو هاتە ژوورەوەو حاجی پێش خۆی داو وتی:

- خۆت ئامادە بکە، خاوەن شکۆ ئەیەوێت بتبینێت.

حاجی لە دڵی خۆیدا وتی: ئەمووت، بەڵام کاتێ میرزا ئەبولترابی لەسەر تەختی پاشای دی سەرەتا باوەڕی نەکرد بەڵام کاتێ میرزا دەنگی هەڵبڕی، حاجی دڵنیابوو و میرزا (واتە پاشا) وتی:

- بەخێر هاتی حاجی ئاغا!!

حاجی ویستی هەستێ‌و ماچوموچی لەگەڵ بکات بەڵام پاسەوانەکە





نەیهێشت بجووڵێ، میرزا وتی:

- خێرا جلوبەرگی ئەم پیاوە داکەنن!

حاجی دەستی هێنا بە چاویداو وتی:

- خوایە لەو دێوەزمەیە رزگارم بکە.

پاشا وایزانی هێشتا هەر ئەیەوێت گاڵتەی پێبکات، وتی:

- هەر ئێستاکە رزگارت ئەکەم.

فەرمانی دا دارکارییەکی چاکیان کردو ئەمە ماوەی چەند رۆژێ درێژەی کێشاو هەر رۆژ دەستێ داریان لێئەدا.

پاشا یا میرزا خۆشیی لە چایخانەو کۆبوونەوە نەئەهات. لە ئسفەهانی ئەوکات چایخانە جێگەی نانخواردنی بەیانی‌و نیوەڕۆو ئێوارەو چایی‌و قاوە خواردنەوەو یەکتر بینین بوو. پاشا فەرمانی دا هەر چایخانەیەك کار بکات بەسەر خاوەنەکەیدا بیڕووخێنن. دانیشتن‌و کۆبوونەوە لە باخ‌و شوێنی سەرگەرمی قەدەغە کراو هەموو ئەبوو پێش تاریکی هەوا بچنەوە ماڵ واتە شێوەیەك لە رژێمی سەربازی هاتبووە گۆڕێ.

عەلی مەردان خان کە پیاوێکی زیرەك بوو دەنگی نەکرد تا پاشا هەرچی ئەیەوێت بیکات‌و خەڵك وابزانن خەتای ئەبولفەتح خانە. ئەبولفەتح خان هیچی لەدەست نەئەهات‌و پێشنیارەکانیشی پاشای تووڕە ئەکرد. بە پێچەوانەی عەلی مەردان خان کارە خراپەکانی شای ستایش ئەکرد. شەوێك بە بیانووی ئەوەی پاشا کاری هەیە ئەبولفەتح خانی بانگ کردو پیاوەکانی عەلی مەردان خان پێیان وت کە ئەبێت بە بێ چەك بچێتە لای شا، هەرچەند لەم فەرمانە سەری سوڕما بەڵام فەرمانەکەی جێبەجێ کرد. کاتێ چووە ژوور جەلادەکانی عەلی مەردان خان گرتیان‌و بردیانە ژوورێك‌و هەردوو چاویان بە شیشی سوورەوەبوو کوێر کردو پاش ماوەیەك بە فەرمانی عەلی مەردان خان

کوشتیانو، خێرا عەلی مەردان خان، بابا خانی بەختیاری کە مامەی بوو خستە جێگەکەی ئەبولفەتح خان. بابا خان بە پشتیوانیی عەلی مەردان خان کەوتە خراپەکردن لەگەڵ خەڵك‌و شای کردە ئالەتی دەستی خۆی.

عەلی مەردان خان بە پێچەوانەی ئەو پەیمانەی دابووی جووڵایەوەو لەگەڵ سوارەکانی بەرەو شیراز کەوتە رێ تا (سالح خانی بەیات) لەسەر کار لابەرێت‌و شیرازیش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە لە کاتێکدا بە پێی پەیمانەکەی نەئەبوو لە ئسفەهان دەربچێت.

ئاووهەوای خۆش، شوێنی گرنگ‌و بەپیتی خاکی شیراز لای دەوڵەتی ناوەندی روون بوو، لەبەر ئەوە فەرمانڕەواکان هەمیشە لە هەوڵدا بوون ئەم ناوچەیە بخەنە ژێر چاودێریی خۆیانەوە. ساڵی ١١٦٣ ك.م (محەممەد سالح خانی بەیات) لەلایەن شاروخ شاوە کرابووە میری شیرازو عومان‌و بەحرێن‌و بەندەرەکانی کەنداو، لەلایەن ئەفشارییەکانەوە پشتیوانیی لێئەکرا. عەلی مەردان خان پاش کۆکردنەوەی هێز کەوتە رێ‌و لە (ئابادە) پاش پشوودان‌و رێکوپێککردنی هێزەکەی هاتە نزیکی شیرازو هۆبەی هەڵدا. محەممەد سالح خان بە بیستنی ئەم هەواڵە خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد. شەڕ دەستی پێکردو دوو رۆژی یەکەم هەردوولا بە چاکی شەڕیان کرد بەڵام رۆژی سێیەم عەلی مەردان خان پتر لە نیوەی سوپاکەی ناردە پشتی دوژمن کە ئەمە بووە مایەی گۆڕانی تەرازووی هێز بەسوودی عەلی مەردان خان‌و شەڕەکەی بردەوەو محەممەد سالح خان ناچار بەرەو شیراز پاشەکشەی کرد. خەڵکی شیراز لە ترسی تاڵان‌و بڕۆی عەلی مەردان خان خێرا کۆبوونەوەو کەوتنە راوێژکردن لە ماڵی شێخولئیسلام. دیاری‌و پێشوازی‌و رووی خۆشی شیرازییەکان گیان‌و ماڵی خەڵکی لە تاڵانی عەلی مەردان خان پاراست.

عەلی مەردان خان یەك تا دوو هەفتەی یەکەم لەگەڵ خەڵك باش بوو





بەڵام وردە وردە کەوتە گیانی خەڵك‌و ستەمێکی کرد کە بێگانەیش نەیکردبوو. خەڵکی شیراز کە پێشتر باجێکی کەمیان ئەدا بە دەوڵەت ئێستا کە لەباتی سێ هەزار تمەن ئەبوایە چل هەزار تمەن بکەنە گیرفانی عەلی مەردان خانەوە. عەلی مەردان خان بۆ ئەوەی خەڵکەکە زوو باج بدەن هەندێ لە پیاوماقوڵانی شاری کۆت‌و زنجیر کردو هەرکەسیش باجی نەدایە خێرا کوێری ئەکرد.

کەریم خان هێشتا لە گوندی پەری خەریکی رێکخستنی سوپا بوو کۆمەڵێکی زۆر لە سەرکردەی هۆزەکان هاتنە لای کەریم خان، بەمە کەریم خان توانی هێزێکی چاك پێکەوە بنێ‌و بە بێ بەرگری ئسفەهانی گرتەوەو (بابا خانی بەختیاری) مامی عەلی مەردان خان رایکردو شار چووە پێشوازیی کەریم خان.

کەریم خان بە چاکی نەخشەی دائەنا لەبەر ئەوە لە هەموو شەڕێکدا سەرکەوتوو بوو. ئەو هەواڵانەی لە رەفتاری عەلی مەردان خان لە شیرازەوە ئەگەیشت کەریم خانی نیگەران کردبوو، بڕیاری دا تۆڵەی پەیمانشکێنییەکەی لێبکاتەوە. شەو لەگەڵ سەرکردەکاندا کە زۆربەیان کەسوکاری عەلی مەردان خان بوون کەوتە بیروڕا گۆڕینەوەو پێی وتن:

- ئەبێ باش بزانن کە پەیمانشکاندن لە هیچ یاساو نەریتێکدا جوان نییە، کەسێك کە پەیمان لەگەڵ ئێوە ببەستێت‌و سوێند بخوات کە هەندێ مەرج بپارێزێت‌و لە پاشاندا لە پشتەوە خەنجەرتان لێبدات، ئێوە چیی لەگەڵ دەکەن؟

کەریم خان مژێکی لە قلیانەی داو وتی:

- روونتر بڵێم، لەوانەیە هەمووتان بزانن کە کاتێ عەلی مەردان خان لە شەڕدا شکا، داوای لێبوردنی کردو بڕیاری دا پێکەوە بۆ هێورکردنەوەی ئێران

کار بکەین. ئێستاکە هەموو قسەکانی بە پێچەوانەی کردەوەکانییەوەیە، کوێرکردن‌و کوشتنی ئەبولفەتح خانی بێ تاوان، هێرشبردنە سەر شیراز کە بۆتە هۆی ناڕازیبوونی خەڵکی ئەوێ. هەواڵ هاتووە کە خەڵکێکی زۆری کوێر کردووەو داراییەکەیانی بۆ خۆی بردووەو مەگەر خەڵك چ تاوانێکیان کردووە.

ئەم وتانەی کەریم خان کاری کردە دڵی دانیشتوان‌و هەموو وتیان:

- هەرچی خانی زەند بڵێت وایە، باشتر وایە خۆتان تۆڵەی لێبکەنەوە.

کەریم خان بەرەو شیراز کەوتە ڕێ کە هەواڵیان پێدا عەلی مەردان خان لە نزیك زایەندەڕوو سەنگەری گرتووە، کاتێ عەلی مەردان خان زانی کەریم خان دێتە سەری بە هێزێکی سی هەزار کەسییەوە بەرەو ئسفەهان کەوتە ڕێ‌و لە نزیك زایەندەڕوو سەنگەربەندی کرد.

ئازایەتیی کەریم خان‌و بێباوەڕیی عەلی مەردان خان بووە مایەی ئەوەی هەر ڕۆژە کۆمەڵێك لە پیاوەکانی عەلی مەردان خان بچنە لای کەریم خان. عەلی مەردان خان پاش شکانێکی گەورە بەرەو ناوچەی شوشتر و هۆیزە رایکرد، تا هێزێکی تازە پێکبێنێتەوە.

## کەریم خان‌و دوژمنانی (نەیارانی) بەهێز:

عەلی مەردان خان وەك ماری بریندار گەیشتە ناوچەی شوشتر و کەوتە کۆکردنەوەی نەیارانی کەریم خان تا بتوانێ تۆڵەی شکانی خۆی بکاتەوە. هۆزی فەیلی کە لە ناوچەی کرماشان بەناوبانگ بوون لەگەڵ خانەکانی بەختیاری بە سەرکردەیی (ئیسماعیل خانی بەختیاری) بە کۆمەڵێك سوارەی ئازاو تۆپی قورسەوە چوونە لای عەلی مەردان خان‌و خۆیان ئامادەی شەڕ کرد.

کەریم خان کە زانیی عەلی مەردان خان چۆتە ناوچەی کرماشان بۆ





کۆکردنەوەی هێز، لەشکرێکی بە فەرماندەیی محەممەد خانی زەند بۆ سەرکوتکردنی عەلی مەردان خان ناردە کرماشان. محەممەد خان زۆر ئازاو جەنگاوەر بوو، زۆرجار بە تەنیا لەگەڵ چەند کەس بەشەڕ هاتبوو و هەرگیز پشتی نەئەکردە دوژمن، بۆیە کەریم خان کاری گرنگی بەو ئەسپارد. شەڕی کرماشان یەکێك بوو لەو فەرمانە گرنگانە. محەممەد خان بە سوپایەکی بەهێزو پڕ چەکەوە ڕێگەی کرماشانی گرتەبەر. لە هەمەدان تا حاجی ئاوا کە نزیکی کرماشانە ئەوەندە خێرا ڕێگەی بڕی کە پیاوەکانی بەجێهێشت‌و تەنیا بە هەفتا سوارەوە گەیشتە حاجی ئاوا. محەممەد خان کە لەبەر ئازایەتی لەخۆبایی ببوو، چاوەڕێی سوپاکەی نەکردو ویستی تا سوپاکەی ئەگات دوژمن بترسێنێت. عەلی مەردان خان هەواڵی زانیبوو سوپای زەند بەرەو کرماشان دێت بەڵام هەرگیز نەیئەزانی محەممەد خان بەو خێراییەو بە هەفتا کەسەوە خۆی ئەخاتە خەتەرەوە. کاتێ محەممەد خان گەیشتە حاجی ئاوا، پیاوەکانی عەلی مەردان خان ئاگایان لەخۆیان نەبوو و ئەسپەکانیان خەریکی لەوەڕ بوون. عەلی مەردان خان لە هەواڵی گەیشتنی محەممەد خان تێك نەچوو. هاوڕێکانی عەلی مەردان خان وەك عەبدولعەلی خان‌و میرزا محەممەد تەقی گلستانە لە مەنگران بوون‌و هەوڵیان دا عەلی مەردان خان ناچار بکەن هێرشی محەممەد خان راوەستێنێ، بەڵام عەلی مەردان خان بەوجۆرەی کە محەممەد خانی زەندی ئەناسی وتی:

- بە رای من ئێستا ئێوە هێرش مەکەن، بزانین ئەم لاوە سادەیە چی ئەکات، بەڵام ئەوان هەر سوور بوون لەسەر قسەی خۆیان، لەبەر ئەوە وتی:

- تەنیا سەنگەر بگرن‌و هەرگیز لە هێرشدا دەستپێشخەری مەکەن.

عەبدولعەلی خان‌و محەممەد تەقی گلستانە فەرمانیان دا کە تۆپەکان ئامادە بکەن. عەلی مەردان خان‌و ئیسماعیل خان پاش ئەمە چەند پیاوێکیان

نارد بۆ ئەسپەکانیان بەڵام ئەمە درەنگ بوو، محەممەد خان گەیشتبووە نزیك سەنگەرەکانی عەلی مەردان خانو پاسەوانەکانی بریندار کردبوو، عەلی مەردان خان چەکدارەکانی بە باشی لە سەنگەردا دانابوو و ڕێگەی هاتنە ژووری بە وردی خستبووە کۆنترۆڵەوە، محەممەد خان هاتە نزیکی سەنگەرەکانو بانگی چەکدارەکانی کرد:

- من محەممەد خانی زەندمو بە تەنیا هاتووم، ئەگەر ئێوە داهاتووی باشتان ئەوێت واز لە پشتیوانیی عەلی مەردان خان بهێننو بێنە ریزەکانی ئێمەوە، بە پێچەوانەوە هەمووتان ئەکوژرێنو کەستان ناهێڵین.

سەنگەرنشینەکان چون محەممەد خانیان نەئەناسی وایانزانی شێت بووە، چون محەممەد خان کەسی لەو هەفتا سوارەیشی لەگەڵ نەبوو. لەم بارەیەوە لە (مجمل التواریخ)دا لە زمانی کەسێك کە خۆی لەوێ بووە (ئەبولحەسەن گلستانە) هاتووە:

(دانیشتوانی سەنگەرەکان چون محەممەد خانیان نەئەناسی وتەکانی ئەویان بە شێتانە زانیو هەموو سەیریان ئەکرد بزانن ئەمە کێیەو چیی ئەوێت. بینییان سوارێك خۆی داوە بەسەر نێزەکەیداو ئەوان بۆ لای خۆی بانگ ئەکات. دانیشتوانی سەنگەر جوێنیان پێئەدا. محەممەد خان توورە بوو و ئەسپەکەی تاودا کە بچێتە ناو سەنگەرەکانەوە، لەم کاتەدا چەکدارەکان تەقەیان لێکردو لەگەڵ ئەسپەکەی تێکەوەگلا، چەند گوللە درا لە ئەسپەکەیو قاچی چەپی محەممەد خان شکا. چەکدارەکان لە سەنگەر هاتنە دەرەوە تا محەممەد خان بگرن، لەم کاتەدا پزیسکێك کەوتە ناو باروتی سەنگەرەوەو ئاگری گرتو سی چل کەس لە چەکدارەکانی





سووتان. لەم کاتەدا کەریم بەگی زەنگەنە بە سێ سوارەوە لە لەشکری محەممەد خان گەیشتنو دییان محەممەد خان لە خوێندا گەوزاوەو چەکدارەکان خەریکن ئەیگرن، خێرا لە ئەسپەکەی خۆی دابەزیو محەممەد خانی سوار کردو خۆی سواری ئەسپێکی تر بوو. محەممەد خانی ئازایانە رزگار کردو بە ڕێی خۆیاندا گەڕانەوە).

(مجمل التواريخ، لاپەڕە ١٩٤ — ١٩٥).

لەشکرەکەی محەممەد خان بێ ئەوەی شەڕ بکات بەم رووداوە شکاو پاشەکشەی کردو پیاوانی عەلی مەردان خان لە خۆشیدا نەیانئەزانی چی بکەنو بۆ گرتنی دەستکەوت کەوتنە دوای سوپاکەی محەممەد خان.

ئەمە یەکەمین شکانی هێزەکانی کەریم خان بوو، ئەویش لەبەر لەخۆباییبوونی محەممەد خان کە سەرکەوتنی کردە دۆڕان. عەلی مەردان خان هاتە حاجی ئاواو چووە خێوەتەکەی محەممەد خانو دەستی کرد بە تاڵانو نۆ سەد کەسیان لە سوپاکەی محەممەد خان بە دیل گرتو محەممەد خانیش بە قاچی شکاوەوە گەیشتەوە پەریو چاوەڕوانی فەرمانی کەریم خان مایەوە. محەممەد خان وایئەزانی عەلی مەردان خان بە دوایدا تا قەڵای پەری دێت بەڵام نەهات.

ئەو سەرکەوتنە بووە مایەی ئەوەی عەلی مەردان خان لە خۆی دەرچێتو ئەوەی پێویست بوو نەیکرد. هەرچی هاوڕێکانی وتیان ئەم سەرکەوتنە ئەفسانەییەو نابێت بە دوژمن مۆڵەت بدەین بەڵام ئەو گوێی نەدایەو چاوی لە محەممەد خان کرد. عەلی مەردان خان چل ڕۆژی تەواو لە کرماشان مایەوە بێ ئەوەی کارێك بکات، تا ئەوەی زۆریان لەگەڵ وتو ناچاریان کرد روو بکاتە قەڵای پەری تا محەممەد خان بە تەواوی سەرکوت بکات. لەلایەکی ترەوە کاتێ

کەریم خان هەواڵی شکانی محەممەد خانی بیست تووڕە بوو لەو هەموو لەخۆباییبوونەو نەزانییەی محەممەد خانو خۆی لەگەڵ سوپایەکی بچوك رووی کردە قەڵای پەری.

لێرەدا کارەساتێك رووی دا کە ئەگەر نووسەری ئەم کارەساتە خۆی لەوێ نەبوایە بێگومان ئەبووە ئەفسانەو کەس باوەڕی نەدەکرد (ئەم رووداوە پێش رێکەوتنی کەریم خان بۆ قەڵای پەری رووی داوە):

عەلی مەردان خان پاش چل رۆژ مانەوە لە کرماشان بە سوپایەکی گەورەوە لەگەڵ ئیسماعیل خانی فەیلیو عەبدولعەلی خانو سەرکردەکانی تردا بە تۆپخانەوە لە پردی شاوە بە ئامانجی لەناوبردنی زەندەکان کەوتنە رێ. میرزا محەممەد تەقی لە قەڵا مایەوە بۆ پارێزگاری، زەندەکان کە هەواڵیان زانی خۆیان ئامادە کردو، کەریم خان ئاگادار کرا، کاتێ عەلی مەردان خان گەیشتە نزیکی نەهاوەند کە نزیکی سوپای زەند بوو (ترابخانی نەهاوەندی) کە سەرەتا دۆستی کەریم خان بوو خۆی بە دڵسۆزی دائەنا لە عەلی مەردان خان ترساو پاڵی دا بە سوپاکەی ئەوەوەو چاکەی کەریم خان لەبیر کردو بە سوپاکەیەوە چووە لای دوژمنەکەیو دەستی عەلی مەردان خانی ماچ کرد. چون زەندەکانی باش ئەناسیو ناوچەکە شارەزا بوو بۆ سەرکوتکردنی کەریم خان بووە هاوکاری عەلی مەردان خان. عەلی مەردان خان کەوتە رێو گەیشتە نزیك سوپای زەند. شەڕ بە توندی دەستی پێکرد. تا ئێوارە شەڕ گەرم بوو، شەو بەسوودی سوپای عەلی مەردان خان بوو. شەو شەڕەکە





راگیرا. (ترابخانی نەهاوەندی) بە عەلی مەردان خانی وت کە هەواڵ گەیشتووە کە کەریم خان لە ئسفەهانەوە هاتووەو ئەبێ پێش گەیشتنی ئەو ئەمشەو بە کۆمەڵێك جەنگاوەری ئازاو لێهاتووەوە هێرشێکی کوتوپڕ بەرینە سەر سوپای زەند تا پەرشوبلاویان بکەین تا کەریم خان نەگاتە فریایانو ئەگەر ئەم هێرشە بکەین ئسفەهانیش ئەگرینەوە. عەلی مەردان خان ئەم پێشنیارەی لا جوان بوو، نزیکەی سێ هەزار سواری ئازای داوا کردو ئامادەی هێرش بوونو لە دەوری چادرەکەی عەلی مەردان خان کۆ بوونەوەو چاوەڕێی فەرمان بوون، بەڵام چون بەختیارییەکان نەگبەتییان بوو، عەلی مەردان خان خەوی لێکەوتو تا بەیانی خەبەری نەبووەوە. دوو جار یەکێك لە فەرماندەکان ویستی خەبەری بکاتەوە کە وتیان هێشتا زووە. تا بەیانی سوارەکان چاوەڕوان بوون. بەیانی کە لە خەو راپەڕیو هەموو شتێکی وەبیر هاتەوە فەرماندەکانی بانگ کردو تووڕە بوو، بەڵام فەرماندەکان هەرکام بە جۆرێك وەڵامیان دایەوەو بێدەنگییان کرد. ئەو شەوە کەریم خان بە چەند سوارێکەوە گەیشتە ناو سوپاکەی خۆیو بەیانی شەڕ دەستی پێکرد. هەواڵی گەیشتنی کەریم خانو خەوی عەلی مەردان خان لای پیاوانی عەلی مەردان خان نیشانەی شکان بوو، شەڕ بە گەرمی دەستی پێکردو ئەو رۆژە سوارەکانی عەبدولعەلی خان لە هۆزی (بەنی لام) زۆر ئازایەتییان نواند بە جۆرێك کە دۆستو دوژمن ئافەرینی ئەکردن. پاش کوشتنی پاسەوانەکان چوونە نزیکی سوپاکەی

کەریم خانو نزیك بوو بچنە ناو سوپاکەوە، تا لەناکاو کەریم خانیان رووبەڕووی خۆیان دی، کەریم خان کۆمەڵێك جەنگاوەری نارد تا لە پشتەوە بە جۆرێك کە عەلی مەردان خان نەزانێت خێوەتەکەی تاڵان بکەن. شەڕ گەرم بوو، کەریم خانو سەردارانی زەند هێرشیان بردە سەر سوپای دوژمن، زەوی بە خوێنی جەنگاوەران سوور ببوو، جەنگاوەرەکانی کەریم خان کە بڕیار بوو چادرەکەی عەلی مەردان خان تاڵان بکەن خۆیان گەیاندە ناو چادرەکەو دەستیان کرد بە تاڵانکردن. کۆمەڵێك لە چەکدارەکانی عەلی مەردان خان کە ئاگادار بوون چوونە یارمەتیی پاسەوانی خێوەتەکە، لەم کاتەدا سوپاکەی عەلی مەردان خان گەڕانەوەی ئەم سوارانەیان بە شکان زانیو ترسیان لێ بار بوو. کەریم خان لەم هەلە کەڵکی وەرگرتو بە هێرشێکی لەناکاو هێزەکەی دوژمنی لە جێگەی خۆی هەڵکەندو راوی نان، هەرچەند عەلی مەردان خان هەوڵی دا سوپاکەی هان بدات بەڵام سوودی نەبوو، ناچار خۆشی رایکرد.

عەلی مەردان خانی بچوك (برای عەلی مەردان خانی گەورە) کاتێ ئەمەی دی خۆی گەیاندە خێوەتەکەیو شتومەکەکانی خۆی هەڵگرتو بە ئازایەتییەکی بێوێنەوە خۆی لەناو سوپای زەند رزگار کردو گەیشتەوە لای عەلی مەردان خانی گەورە. عەبدولعەلی خان والیی کرماشان بە کۆمەڵێك چەکداری کەمەوە خۆی گەیاندەوە قەڵای کرماشانو سەرکردەکانی تریش هەریەك شتومەکی خۆیان جێهێشتو بۆی دەرچوون. تۆپخانە، وشترەکان، هێسترەکانو خێوەتو چەند تۆپێ کەوتنە دەستی کەریم خانو تەپڵی





سەرکەوتن لێدرا. لەم کاتەدا ئەوانەی ترسنۆك بوون یا شوێنی هەڵهاتنیان نەبوو خۆیان دا بەدەستەوە، ترابخان کە زۆر ئەترسا پەتی خستە ملی خۆیو چووە تەویلەی ئەسپەکانی کەریم خان کە ئەوکات ئەم شێوەیە واتای داوای لێبوردن بوو. کەریم خان ئەوی بەخشی بەڵام عەبدولعەلی خانو میرزا تەقی لە دەست تۆڵەی کەریم خان رزگاریان نەبوو، کە لە کاتی خۆیدا باس ئەکرێت.

# بةشىضوارةم

**محةممةد حةسةن خانى قاجار،**
**دوذمنى بةهيَز**

یەکێك لە نەیارە بەهێزەکانی کەریم خان محەممەد، حەسەن خانی قاجار بوو، کاتێ لە رووی کەریم خاندا راوەستا، خانی زەند نەیتوانی بەسەر هەموو ئێراندا فەرمانڕەوایی بکات. گەرچی نەیاری تریش زۆر بوون‌و بنەماڵەی نادر شایش لە ناوچەی خوراسان هەر فەرمانڕەواییان ئەکرد بەڵام هۆزی قاجار لە هەمووان گرنگتر بوون.

رەگەزو بنەچەی قاجار بە پێی مێژووی خۆیان ئەگەڕێتەوە بۆ زەمانی (ترکی) کوڕی (یافس) کوڕی (نوح)، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئەوەیە کە قاجار لە رەگەزی تورك‌و سێ هۆز بوون وەك: (سولدوز)، (تنك کوت)و (جەلایەر). سولدوزەکان هەرگیز نەهاتوونە ئێرانەوە. تنك کوتەکان کە نزیکی سی چل ماڵ بوون لەگەڵ مەغۆلەکان تێکەڵ بوون، بەڵام جەلایرەکان لە ئێران نیشتەجێ بوون. یەکێك لە سەرکردەکانی جەلایر بە ناوی (سەرتەك نویان) لە زەمانی دەوڵەتی مەغۆلەکاندا بوو بە میری ناوچەی سیمون تا ناوچەی رەی‌و لە ناوچەی گرگان نیشتەجێ بوو. ئەمە بووە هۆی ئەوەی قاجارەکان بتوانن ناوچەی ئەستراباد بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. پاش (سەرتەك نویان) کوڕەکەی (قاجار نویان) چووە جێگەی‌و لەم کاتەوە هەموو هۆزی جەلایر بە قاجار ناویان دەرکرد. قاجارەکان پاش رووخانی جێگرەکانی





جەنگیز لەگەڵ سەرۆکی یەکێك لە هۆزە تورکمانەکان بە ناوی (حەسەن بەگ) کە لە دەرباری سەفەوییەکاندا بوو رێکەوتن. شا ئیسماعیل سەفەوی لە دایکەوە قاجار بوو، هەر بۆیە لە زەمانی ئەودا قاجارییەکان دەسەڵاتیان زیاتر بوو. لێرەدا بە کورتی باسی یەکەمین جووڵانەوەی قاجارییەکان ئەکەین:

محەممەد حەسەن خانی قاجار (بیگلر بیگی) فەرمانڕەوای ئەستراباد کە لەگەڵ نادر شا بوو. (محەممەد زەمانی بەگ)ی کوڕی کردە والیی ئەو ناوچەیە، بەڵام کۆمەڵێك لە قاجارەکان وەك محەممەد عەلی بەگی عیزەدین لوتف عەلی خان ئەمەیان بە دڵ نەبوو و کەوتنە سەرپێچیکردن، محەممەد زەمان بەگ لەم ناکۆکییە دڵگیر بوو و هەرچی هەوڵی دا ئەم ناکۆکییە نەمێنێ بەڵام بێ سوود بوو. پاش ئەو محەممەد حەسەن خان بووە جێنشینی. محەممەد حەسەن خانی قاجار دوژمنی خوێنی نادر شا بوو. لەبەر ئەم هۆیە دوژمنی (محەممەد حەسەن خانی قاجارو نادر شا) باوکی محەممەد حەسەن خان واتە (فەتح عەلی خانی قاجار) لە شەڕێکی ناڕاستەوخۆدا لەگەڵ نادر شا کوژرا، هەم نادر شاو هەم فەتح عەلی خان کە هەردوو لە دەرباری شا سوڵتان حسێن سەفەویدا بوون لەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات دژایەتیی یەکدییان ئەکرد. شا تەهماسب بەهۆی شەرابخۆری‌و مەستییەوە هەمیشە دەسەڵاتی ئەدا بە دەست پیاوەکانی وەك باوکی محەممەد حەسەن خان (فەتح عەلی خان قاجار).

لە ساڵی (١١٣٤ ك)دا کە مەحمودی ئەفغانی ئسفەهانی گەمارۆ دا شا سوڵتان حسێن کوڕەکەی خۆی واتە تەهماسب میرزای لە ئسفەهان ناردە دەرەوە تا بەڵکو بتوانێت هێزێك رێك بخات‌و فریای گەمارۆدراوەکان بکەوێت. تەهماسب میرزا گەیشتە قەزوین کە هەواڵی سەرکەوتنی مەحمودی ئەفغانی‌و گرتنی ئسفەهانی پایتەخت‌و خۆبەدەستەوەدانی باوکی پێگەیشت، لەبەر ئەوە

لە کۆتایی مانگی محەرەمی ساڵی (١١٣٥ ك)دا تەهماسب میرزا بە ناوی شای تازە هاتە سەر کورسی، مەحمودی ئەفغانی کە کاری ئسفەهانی تەواو کرد بۆ لابردنی شا تەهماسب سوپایەکی رەوانەی قەزوین کرد. مرتەزا قولی خان وەزیرو هەمەکارەی تەهماسب هەوڵی دا شا لە مەیخۆریو مەستی دوور بکاتەوە کەوتە ئامۆژگاریی شا بەڵام کەڵکی نەبوو. لەم کاتەدا مەلیك مەحمودی سیستانی کە لە (تون) فەرمانڕەوایی ئەکرد هەواڵی گرتنی ئسفەهانی لەلایەن ئەفغانەکانەوە بیستو بە خەیاڵی فەرمانڕەوایی بەسەر ئێراندا لە تونەوە ڕێکەوتو شاری مەشهەدی گرت، لەم کاتەدا شا تەهماسب لە تەبرێزەوە هاتە مازەندەران.

کاتێ مەلیك مەحمودی سیستانی مەشهەدی گرت (نادر قولی) (کە پاشان بووە نادر شا) کە ئەمەی دی کۆمەڵێك لە ئەفشارییەکانو کوردەکانی دەوروبەری لە خۆی کۆ کردەوەو ناوچەی ئەبیوردو دەرگەزی گرتو لەو شەڕانەی کە کردی دەستکەوتی زۆری بەدەست هێناو بە دابەشکردنی توانی کۆمەڵێك زۆر لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوە. هەندێ لە سەرکردە ئەفشارییەکان کە خۆیان لە نادر بە زیاتر ئەزانی ئامادە نەبوون سەری بۆ دانەوێنن، لەبەر ئەمە لە ئەبیورد هەڵهاتنو چوونە لای مەلیك مەحمود.

ساڵی ١١٣٦ کە هەواڵی هاتنە سەرکاری مەلیك مەحمود بە شا تەهماسب گەیشت، رەزا قولی خانی غلامی ناردە سەر مەلیك مەحمودو پێشتریش لەگەڵ نادر ڕێکەوت کە یارمەتیی بدات. نادریش خێرا کۆمەڵێك جەنگاوەری ئامادە کردو چوونە نزیکی مەشهەدو لە ناوچەی (میر کاریز) لەگەڵ مەلیك مەحمود کەوتە شەڕو تێکی شکاند.

لەلایەکی ترەوە کاتێ رەزا قولی خان گەیشتە قوچان کۆمەڵێك لە کوردەکانی نەیاری نادر چوونە لای و پێیان وت کە ئەگەر نادر شار بگرێت





ئەوا ئەم کارە بۆ تۆ سوکایەتییەو شا تەهماسب لەبەر ئەم سەرکەوتنە فەرمانڕەوایی خوراسان ئەدات بە نادر. بەم جۆرە بوونە هۆی هاوکاری نەکردنی نادرو رەزا قولی خان، لەم کاتەدا نادر گەڕایەوە کەلاتو ئەم کارەی لەبیر نەکرد. ساڵی ١١٣٨ ك شا تەهماسب لەگەڵ باوکی محەممەد حەسەن خانی قاجارو شەش هەزار کەس لە ڕێگەی دامغانو جاجرمو قوچانەوە بەرەو مەشهەد هاتو هەموو کاروباری وەك جێگری پاشایەتی دا بە باوکی محەممەد حەسەن خان. فەتح عەلی خان کە هەمەکارە بوو لە دەربارد بۆ بەهێزکردنی سوپاو سەرکەوتنی تەواوەتیی شا تەهماسب، حەسەن عەلی خانی معیر الممالکی نارده لای نادرو داوای هاوکاریی لێکرد. نادر کەوتە بیرکردنەوە لەم بارەیەوە. لەم کاتەدا نجف قولی خانی شادلو لەگەڵ کۆمەڵێك لە کوردەکان چووە ناو سوپای شا تەهماسبەوە. فەتح عەلی خان بە نجف قولی خانی فەرمان دا کە بە خۆیو سوپاکەیەوە پێش گەیشتنی شا بچێتە ناو شاری مەشهەدەوەو شار گەمارۆ بدات، بەڵام نجف قولی خان توانای کاری وای لە خۆیدا نەدیو سەرپێچیی کرد لە فەرمانی شا. فەتح عەلی خان بە شای وت ئەگەر سەرۆکی هۆزێك سەرپێچی بکات لە فەرمان ئەبێتە هۆی دواکەوتنی کارەکان لەبەر ئەمە خانی شادلو ئەبێ سزا بدرێت. شا تەهماسب کە هەموو قسەیەکی فەتح عەلی خانی وەرئەگرت خێرا نجف قولی خانی شادلوی کوشت. ئەم کارە بووە هۆی ترسو رق ئەستووریی کوردەکانو خێرا کەوتنە گیانی کوردەکانو کۆمەڵێکی زۆریان لێ کوشتنو هەندێکیان گرتنو ئەوانی دیکە رایانکرد. پاشان بە ناوبژیکردنی نادر وازیان هێنا.

فەتح عەلی خان بەم کارەی تۆوی رقو تۆڵەی لە دڵی کوردەکاندا چاندو هەروەها ئەو بیرەوەرییەی نادر لە شاو جێگرەکەی بۆی بووە مایەی دروستبوونی جووڵانەوەیەك دژی شاو جێگرەکەی. لە قوچان شا ناوی

(تەهماسب قولی خانی) لە نادر ناو کردییە فەرماندەی شەڕ لەگەڵ مەلیك مەحمودی سیستانیدا.

ساڵی ١١٣٩ ك نادر لەگەڵ پیاوەکانی بەرەو مەشهەد کەوتە ڕێو سێ ڕۆژ پێش ڕێکەوتنی شا، کەسێکی ڕەوانەی لای مەلیك مەحمود کردو نامەیەکی بۆ نارد کە لە نامەکەدا داوای لێکردبوو کە دەست لە سەرسەختی هەڵگرێو ملکەچی فەرمانی شا بێت، بەلاّم مەلیك مەحمود ملکەچ نەبوو. سەرمای زستانو برسیەتی بوونە هۆی ئەوەی سوپاکەی نادر نەتوانن بمێننەوەو شەڕ بکەن.

فەتح عەلی خان قاجار جێگری شاو هەمەکارەی ئەو، لە دۆستایەتیی نێوان شاو نادر نیگەران بوو و حەزی نەئەکرد شار بە دەستی نادر ئازاد بکرێت، لەبەر ئەمە لە ژێرەوە لەگەڵ مەلیك مەحمود کەوتە کەینو بەین کە ئەمە زۆر سەیر بوو کەسێك کە جێگرو هەمەکارەی شا بێت لەگەڵ دوژمنی شا دژی هێزەکانی خۆی هاوکاری بکات. فەتح عەلی خان نامەیەکی بۆ مەلیك مەحمود نارد کە تیایدا هاتبوو کە وا هیچ مەترسەو خەریکی کاری خۆت بەو منیش لە قەلاّی مەشهەد بەرگری ئەکەم.

فەتح عەلی خان کەوتە فێڵو تەڵەکەو بە شای وت کە دەست لە گەمارۆی شار هەڵگرێتو تا زستان تەواو ئەبێتو پاشان بە هێزێکی گەورەترەوە لە بەهاردا دەستبەکار بن. نادر بە توندی دژی ئەم بۆچوونە وەستاو وتی:

- خانی قاجار وا چاکترە باش بیر بکاتەوە، شارێك کە بەم زوانە بە چۆکدا نەیەت چۆن ئەکرێت وازی لێبێنین؟ ئەمە کارێکی ژیرانە نییەو بەسوودی شایش نییە.

لە وەلاّمی نادردا فەتح عەلی خان وتی:

- تۆ بیرت لە هێزەکان نەکردۆتەوە، ئەوان توانای بەرگرییان نەماوە.





نادر بە سوربوونەوە وتی:

- ئەگەر خانی قاجار نیگەرانی هێزەکانە ئەوا نیگەرانییەکەی بێجێیە، پاشان وتی:

- ئەمە بخەنە ئەستۆی من، بڕیار ئەدەم بەم زوانە شا ببەمە ناو مەشهەدەوە.

شا کە وتەکەی نادری بیست وتی:

- نادر قولی ئەڵێت سەرکەوتن بۆ ئێمەیە، کەوابوو کارێکی ژیرانە نییە پاشەکشە بکەین.

فەتح عەلی خان بە تووڕەیی وتی:

- کەوابوو کاری مەشهەد تەواو بکەن، من ڕای خۆمم دەربڕیو لەسەر وتەی خۆم سورمو، ئیتر جێگەی من ئێرە نییە.

فەتح عەلی خان بە تووڕەیی لە کۆبوونەوەکە چووە دەرەوە.

شا لەگەڵ نادرو فەرماندەکانی تر کەوتە ڕاوێژو نادر وتی:

- خانی قاجار لەناو هێزەکاندا خۆشەویستەو ئەگەر بڕوات ئەبێتە هۆی لاوازیی هێزەکانی ئێمەو بەهێزبوونی دوژمن.

شا وتی:

- تۆ ئەڵێی چی؟

نادر وتی:

- بە ڕای من نابێت خانی قاجار لە سوپا دەرچێتو ئەم ڕووداوە ئەبێ لێرە بشارڕێتەوە.

شا وتی:

- واتە لە زۆر کەڵك وەرگرین؟

نادر وتی:

- ئەوە ئیتر لە دەستی شادایە، هەرچۆن بە چاك ئەزانیت وا بكەن. من رای خۆمم دەربڕی.

لەم كاتەدا شا فەرمانی گرتنی فەتح عەلی خانی دەركرد. (لە پەرتوكی "زبدة التواريخ"دا محەممەد حەسەن مستەوفی لەو بارەیەوە ئاوای نووسیوە):

(رۆژی پێنج شەممە حەوتی رەبیع ئەوەل بوو كە شا تەهماسب نادرو فەتح عەلی خانی قاجاری بانگ كردو بە ناوی گاڵتەوە بە نادری وت:

- نادر قولی بەگ ئەگەر بڵێم فەتح عەلی خان بگرە، ئایا ئەتوانی؟

نادر وتی:

- هەركات بفەرمووی ئەتوانم.

فەتح عەلی خان راوەستابوو، پێئەكەنی. شا بە گەمەوە وتی بیگرە! نادر قولی خێرا فەتح عەلی خانی گرتو بە پشتێنەكەی باڵی بەست. خانی قاجار بۆی دەركەوت كە ئەمە فێڵ بووە بەڵام دەستی بەسترابوو و هیچی بۆ نەئەكرا، هەرچی هەوڵی دا بێسوود بوو. بەم جۆرە بردیانە چادری یوسف سوڵتانی مین باشی خۆیی. هەروەها جەعفەر بەگو محەممەد عەلی بەگ كوڕانی ئەسكەندەری قاجار مامی فەتح عەلی خانو چەند كەسێكی تر لە سەركردەكانی قاجاریان قۆڵبەست كردو زندانییان كردن).

محەممەد حسێن ئاغای قاجار كە بە حسێن حبوق بەناوبانگ بوو یەكێك بوو لە سەركردەكانی قاجار بە سواری هەڵهاتو خۆی گەیاندە ئەسترابادو پیاوەكانی خانی قاجاریش رایانكرد. ئەو رۆژە كە خەیانەتی خانی قاجار بۆ





شا دەركەوت پێشنیاری نادرو رازیبوونی محەممەد خانی قاجار دەلو كە دوژمنی فەتح عەلی خان بوو سەری فەتح عەلی خانیان لە لەش جیاكردەوەو، ئەمە بووە مایەی دوژمنایەتیی نێوان قاجارو ئەفشارییەكان، بەڵام محەممەد حەسەن خانی قاجار كوڕی فەتح عەلی خان رووی دوژمنی خۆی كردە كەریم خانی زەند تا رادەیەك كە ئەم دوژمنییە گەیشتە ئاغا محەممەد خان لە دژی لوتف عەلی خانی زەند. دوژمنایەتیی نێوان نادرو قاجار درێژەی كێشاو كاتێ نادر لەگەڵ ئەفغانییەكان لە خوراسان لە شەڕدا بوو شا تەهماسب كەوتە ئەو خەیاڵەی كە قەڵای ئیرەوان لە عوسمانییەكان بگرێتەوە. لە ساڵی ١١٤٤دا لە ئسفەهانەوە كەوتە رێو لەگەڵ سوپای عەلی پاشای عوسمانیدا كەوتە شەڕ. سەرەتا هێزەكانی ئێران سەركەوتنو گەیشتنە نزیكی قەڵای ئیرەوان، بەڵام لە ئەنجامدا شكانو شا گەڕایەوە ئسفەهان، عوسمانییەكان كە ترسی نادریان هەبوو كەوتنە رێكەوتن لەگەڵ شاداو بەم جۆرە پەیمانی ئاشتی لە نێوان شاو عوسمانییەكاندا بەسترا، كە تیایدا هاتبوو:

ئەو ناوچانەی نادر گرتبوونی بچنە ژێر فەرمانی شا تەهماسبو شارەكانی ناوچەی رۆژئاوای رووباری ئاراس بدرێن بە عوسمانییەكانو نۆ بەش لە خاڵی كرماشانیش بدرێت بە ئەحمەد پاشای والیی بەغدا كە هۆی بەستنی ئەم پەیمانە بوو.

شا وێنەیەكی ئەم پەیمانەی نارد بۆ نادر. نادر كاتێ پەیماننامەكەی بینیو زانیی ئەم پەیمانە بەشێك لە شارەكانی ئێران ئەدات بە عوسمانییەكانو هەروەها لەم پەیمانەدا باسی ئازادیی دیلەكان نەكراوە (دیلە ئێرانییەكان)، مۆری نەكردو كەسێكی بە ناوی محەممەد ئاغا رەوانەی ئەستانبول كردو هەواڵی نارد بۆ دەوڵەتی عوسمانی كەوا یان هەموو

ناوچەکانی ئێران ڕەت بکەنەوە یان خۆیان ئامادەی شەڕ بکەن. پاشان حەسەن عەلی بەگ‌و میرزا کافی نارد بۆ ئسفەهان تا بە شا ڕاگەیەنێت کە ئەم پەیمانە بەسوودی ئێران نییە، لەم کاتەدا چەند فەرماندەی ڕووس بە دیاری‌و پێشکەشەوە هاتنە مەشهەد لای نادرو ڕایانگەیاند کە ئامادەن ناوچەکانی باکوور بدەن بە ئێران‌و داوایان کرد کە نادر کەسێك دیاری بکات تا ئەم ناوچانە وەربگرێت. نادر دوو کەسی دیاری کرد بۆ ئەم کارە. نادر ساڵی ١١٤٥ ك لە مەشهەدەوە هاتە نیشانپورو پاشان هاتە ئسفەهان‌و کاتێ گەیشتە شار شا تەهماسی لەسەر کار لابرد.

کاتێ نادر هاتە ئسفەهان شا تەهماسب لە چوارباغ جەژنێکی گەورەی سازدابوو بە جۆرێك کە نادر هەرگیز شتی وای نەدیبوو. کاتێ نادر ئەمەی دی‌و بۆی دەرکەوت کە شا لەبیری هیچدا نییەو بایەخ بە هیچ نادات تاوەکو بە نادریش. نادر نانی نەخوارد. پاش نانخواردن خەڵکەکە ویستیان بڕۆن شا بە نادری وت:

- ئەمڕۆ چۆن ماڵی ئێمەت بە هاتنی خۆت ڕووناك کردووە لە کۆشکی هەزار جریبدا جەنابی نادر خەریکی ڕابواردن بێت. کۆمەڵێك لە گۆرانیبێژو هونەرمەندانی خوراسان لەگەڵ کوڕانی جوان‌و کچانی ڕازاوە ئامادەن تا خزمەتی بەڕێزتان بکەن.

نادر ئەمەی پەسند کردو هاتە دەرەوەو چووە ژووری پاسەوانەکان‌و بە دەنگێکی بەرز بە فەرماندەکانی وت:

- ئێوە کۆمەڵی بێ داهاتوو ئەوەندە خەریکی ڕابواردن بوون لەگەڵ کوڕو کچی جواندا کە بۆتە کاری ڕۆژانەتان.. کارێکتان پێ ئەکەم کە ببنە پەندی خەڵکی!





هەموو لە دەنگی تووڕەی نادر کەوتنە لەرزەو لە ترسان وتیان:

- ئێمەیش لە کردەوەی ئەم جۆرە پیاوانە بێزار بووین. ئەم پیاوە نەزان‌و پاشایەکی نەفامەو کرداری وەك شێت وایەو ئێمە هەر لە سەرەتاوە پاشایەتیی ئەومان نەئەویست، بەڵام چون نادر ویستی بیکات بە پاشا ئێمەش ناچار پەسندمان کردو ئێمە هەموو ملکەچی تۆین.

نادر کە کاتێ بەسوودی خۆی دی هاواری کرد:

- کەوابوو ئێوەی فەرماندە تاج‌و تەختی لێوەرگرن‌و بیدەنە ئێمە تا کەسێك کە شایانی پاشایەتی بێت دیاری بکەین.

لێرەدا کاری شا تەهماسب تەواو بوو، بەڵام پەنابردنە بەر محەممەد حەسەن خانی قاجار لە ئەستراباد بووە مایەی دەردی سەری بۆ خانی قاجار کە باوکی بە دەستی نادر کوژرابوو. کاتێ فەتح عەلی خان کوژرا محەممەد حەسەن خان شەش ساڵە بوو. گەنج عەلی بەگی یەموت خاڵۆی محەممەد حەسەن خان، محەممەد حەسەن خانی برد بەرەو منقشلاقی دەشتی قبچان. کاتێ محەممەد حەسەن خان گەورە بوو کەوتە هاتوچۆ لەناو هۆزی قاجارداو توانی هێزێکی پێنج هەزار کەسی کۆ بکاتەوە لە هۆزی یەموت. محەممەد حەسەن خان هەردەم لەو خەیاڵەدا بوو کە تۆڵەی باوکی لە نادر بکاتەوەو بە شا تەهماسب لە ئەستراباد پەنای داو ئەمە بووە هۆی تووڕەیی نادر لە محەممەد حەسەن خان‌و شا تەهماسب. ئەم ناکۆکییە بووە مایەی لەناوچوونی بنەماڵەی سەفەوییەکان کە لەم کارەدا محەممەد حسێن خان دوژمنی محەممەد حەسەن خان دەوری سەرەکیی هەبوو. لەم کاتەدا نادر لە هیندستان

بوو و رەزا قولی میرزای کوڕی لە خوراسان فەرماندەیی ئەکرد. لەم دەمەدا پیاوەکانی میرزا قولی کەوتنە فێڵو تەڵەکەو بیروڕای میرزا قولیان لەمەڕ شا تەهماسب خراپ کرد. بە میرزا قولیان وت:

- هیندستان وڵاتێکی پانو بەرینەو سوپای زۆری تێدایەو جەنابی نادر شا ئەگەر هەزار گیانی هەبێت بە سەلامەت دەرناچێت، جا وا چاکە بۆ پێشگیری لە هەر بزوتنەوەیەك بە پشتیوانی شا تەهماسب، شا تەهماسب لەناو بەرین تا هیچ پێشهاتێك روو نەدا بۆ پشتیوانیی ناوبراو. محەممەد حسێن خان لەم ناوەدا بە وتەکانی خۆی کاری کردە سەر میرزا قولی بە جۆرێك کە میرزا وتی:

هەرچی دۆستان لایان چاك بێت وا ئەکەین.

محەممەد حسێن خان بە روونی وتی:

- شا تەهماسبو کوڕەکانی ئەبێ بکوژرێن چون هەر کاتێ هەواڵێکی ناخۆش لە نادر شاوە بگات خەڵکی سەبزەوز تاجو تەختی ئەدەنێو ئەیکەنەوە بە پاشا. جا چاك وایە کۆمەڵێك رەوانە بکەیت تا شاو هەرچی کوڕی هەیە بیانکوژن. هەندێ لە فەرماندەکان ئەم پێشنیارەیان پەسند کردو هەندێکی تر دژی راوەستانو پاش چەند رۆژ را گۆڕینەوە سەرەنجام پێشنیارەکە پەسند کرا.

محەممەد حسێن خانو ئەردوغدی بەگ چەگنی سەبزەواری ئامادەبوون بۆ ئەنجامی ئەم کارە. لەم بارەیەوە میرزا محەممەد کازم مرۆیی کە وەزیری مرۆ بوو و خۆی هەموو رووداوەکانی بینیوە دەنووسێت:

...... محەممەد حسێن خانو چەند کەسی تر لەلای میرزا قولی رێکەوتن بە ئامانجی کوشتنی پاشای بێتاوان، پاش چوونە ناو (دار المؤمنین)ی سەبزەوار بێ درەنگو بە





رازیبوونی ئەردوغدی بەگ هاتنە ماڵی شا تەهماسبو بە نۆکەرانی شایان وت کە شا بێتە دیوەخان تا پەیامی میرزا قولی کوڕی نادری بدەینێ. کاتێ نۆکەران ئەمەیان بە شا وت، شا ماڵو خێزانی کۆکردەوەو بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە خواحافیزیی لە هەموویان کرد. ماڵو منداڵ کەوتنە گریانو وتیان: بۆچی ئەگریت مەگەر شتێك رووی داوە؟.

شا وتی:

دوێ شەو لە خەودا شێخ سەفی الدینی باپیرم دی کە لەگەڵ باوکم لە بەهەشت ئەگەڕان. باوکم بە منی وت: بۆچی یادم ناکەیتو منت لەبیر کردووە. لەم کاتەدا شێخ سەفی الدین وتی: خەمت نەبێتو ئامادە بە کە سبەی شەو لەگەڵ منداڵەکانی دێنە دیداری ئێمە. لەم کاتەدا لە خەو داچڵەکیمو ئەم هەواڵەی کە وا محەممەد حسێن خان هاتووە دڵنیام کە بۆ کوشتنی من هاتووە. لەم هەواڵە شینو گریان کەوتە ناو ماڵو خێزان. هەرچی شا ئەیویست دەرچێتە دەر خێزانەکەی نەیانئەهێشت. لە دەنگی گریان خەڵکی سەبزەوار هەوژانو کاتێ محەممەد حسێن خان ئەمەی زانی لە دڵەوە وتی: ئەگەر درەنگ بکەم لەوانەیە کارەساتێکی گەورە روو بداتو بە زیانی خۆمان تەواو بێت. بە بێ ئیجازە چووە ناو ماڵەوەو سەرەتا شا تەهماسبی گرتو بردییە گۆشەیەکەوەو کوشتیو پاشان عەباس میرزا کە هەشت ساڵە بوو چووە سەر تەرمی باوکیو دەستی کرد بە گریان کە محەممەد حسێن خان ئەویشی کوشت. ژنان دەستیان کرد بە

گریان‌و شینگێڕی کە بە فەرمانی محەممەد حسێن خان
چەند ژنێك کە سکیان پڕ بوو کوژران.

زۆری شەڕی خوێناوی لە نێوان نادرو محەممەد حەسەن خان رووی دا. ناوچەی هەزار جریب‌و ئەستراباد لەبەر دەستتێوەردانی هۆزی قاجار هەرگیز ئارام‌و هێمنیی بەخۆیەوە نەدی. لەم کاتەدا هەموو کەس لە نادر ئەترسا مەگەر محەممەد حەسەن خانی قاجار کە بە دوای خوێنی باوکیدا بوو و بووبووە ناوەندی ئاژاوەگێڕی بۆ نادر. محەممەد حەسەن خان لە مازەندەران لە نێوان دۆستانی باوکیداو حاجی سەفەر سۆڵی‌و حاجی کەوسەر هێزێکی پێکهێناو بووە هۆی تووڕەیی نادر. نادر بە میرزا تەقی پیرزادو حەسەن بەگی کوردو حاجی محەممەد بەگی ترابی کە لە نەشیاپورو ناوچەکانی تر بوون فەرمانی دا بە هێزێکی پێنج هەزار کەسییەوە لە جەنگاوەرانی کوردو بەیات لە دامەغانەوە رێکەوتن‌و ئاژاوەی مازەندەران سەرکوت بکەن. کاتێ محەممەد حەسەن خان هەواڵی بیست بە هێزێکەوە خۆی گەیاندە نوزرئابادی ساری‌و لەگەڵ هێزەکەی نادر کەوتە شەڕەوە، رۆژی یەکەم شەڕ کۆتایی هات‌و شەو حاجی کەوسەرو حاجی سەفەر بە هێزێکەوە هێرشیان بردە سەر هێزەکەی نادر بەڵام سەرنەکەوتن‌و رۆژی دواتر شەڕ بە سوودی هێزی نادر بوو. حاجی سەفەرو حاجی کەوسەر دیل کران‌و کوشتارێکی چاك لە هێزەکەی محەممەد حەسەن خان کراو کەلوپەلێکی زۆریان لێگیرا.

محەممەد حەسەن خان دوای ئەم شکانە گەڕایەوە مازەندەران‌و بە شێوەیەکی سەیر توانی لە ماوەیەکی کەمدا دە هەزار کەس کۆ بکاتەوەو گەڕایەوە ئەستراباد بۆ شەڕ. لەلایەکی ترەوە نادر شا هێزێکی بە فەرماندەی بهبود خان ناردە پێشگیریی محەممەد حەسەن خان‌و بە سارۆ خانیش فەرمانی دا کە یارمەتی بهبود خان بدات. محەممەد حەسەن خان شارەزای



قەڵای پەری

ناوچەی ئەستراباد بوو و توانیی بیست هەزار کەس لە هۆزی یەموت کۆ بکاتەوەو هێزەکانی قاجارو یەموت لە ناوچەی حاجی لەر تووشی هێزەکەی بهبود خان‌و سارۆ خان بوون‌و لە ناوچەی سرخ محله شەڕ دەستی پێکرد. لەم شەڕەدا محەممەد حەسەن خان تێکشکاو لەگەڵ چەند کەسێکی پیاوی خۆیدا بەرەو گرگان‌و پاشا منقشلاق کەوتە رێ. پاش ئەمە محەممەد حەسەن خان نزیکی (٥٠٠) کەسی لە خۆی کۆ کردەوەو لە ناوچەی ئەستراباد کەوتە چەتەیی‌و راووڕووت‌و پارە پەیداکردن. تاکو توانی جارێکی دی خۆی بگەیەنێتەوە ئەستراباد. تا کاتێ نادر لەسەر تەخت بوو محەممەد حەسەن خان بووە مایەی دەردی سەریی زۆر بۆ نادر. کە یەکێك لە نزیکانی نادر لەم بارەیەوە لە ژێر ناونیشانی (هۆی تێکچوونی رەوشی نادر) ئەنووسێت: (هۆی ئەم تێکچوونەو ناکۆکییە لە نێوان پیاوانی نادردا لە دەمێکدا کە نادر ئەیویست وڵاتی عوسمانی بگرێت‌و گەیشتە ناوچەی موسڵ خراپکاریی تەقی خانی شیرازی‌و محەممەد حەسەن خانی قاجار بوون).

لە سەرەتاوە تا کاتێك نادر چووە ناوچەی داغستان خەڵك ملکەچی فەرمانی نادر بوون‌و لە دڵەوە نادر شایان خۆش ئەویست. بەڵام پاش گەڕانەوە لە داغستان‌و بەدگومانی بە میرزا قولی کوڕی خۆی‌و کوێرکردنی میرزا قولی‌و پاشان پەشیمانبوونەوەی لەم کارە بووە هۆی تێکچوونی رەفتاری نادرو ئیتر نادر ئەو نادرەی جاران نەبوو و کردارو رەفتاری توند بوو و خەڵك لەو بێزار بوون‌و کەوتنە نافەرمانیکردن. خەڵکی شیراز بە فەرماندەیی تەقی خانی شیرازی کە والیی شیرازو عەمان بوو شۆڕشیان کرد. لە رۆژئاوادا خەڵکی تەبریز کەسێکی نەناسراویان بە ناوی سام میرزای بەبە سەرکردەی خۆی راستکردەوەو ناویان نا شاو ئەمەو ئاژاوەی محەممەد حەسەن خان کاریان کردە سەر رەفتاری نادرو بە تەواوی تووڕەیان کرد.

محەممەد حەسەن خان لە زەمانی نادردا هەمیشە لە شەڕدا بوو لەگەڵ نادر، گەرچی زەمانە نادری لە مەیدان لادا بەڵام محەممەد حەسەن خان دووبارە خۆی لە بەرامبەر کەریم خانی زەنددا بینی، گەرچی سەرەتا دژی یەکتر هیچیان نەکرد بەڵام هەریەکە هەوڵی ئەدا سەر بە ئەوی دی دانەوێنێت.

ئەوەی بووە مایەی ناکۆکی لە نێوان کەریم خانو محەممەد حەسەن خان ئەوە بوو کە محەممەد حەسەن خان لە عەلی مەردان خانی بەختیاری پشتیوانی کرد. عەلی مەردان خان بە دەستی محەممەد خانی زەند کوژرا بەڵام کەریم خان وازی لە دۆستەکانی عەلی مەردان خان نەهێناو کەوتە شەڕ لەگەڵیاندا.

عەبدولعەلی خان والیی کرماشان پاش شکانی عەلی مەردان خان لەگەڵ پێنج سواردا خۆی گەیاندەوە کرماشانو چووە قەڵای شارەوە کە پێشتر لەلایەن نادر شاوە دروست کرابوو بۆ هێرشبردنە سەر دەوڵەتی عوسمانیو ئەم قەڵایە زۆر قایمو پڕ بوو لە چەكو تۆپو تەقەمەنی.

عەبدولعەلی خان ترسی کەریم خان کەوتە گیانی، لەبەر ئەوە ویستی رابکات بەڵام میرزا محەممەد تەقی گلستانەو چەند کەسی تر نەیانهێشت بڕواو بڕیاران دا لە قەڵادا بەرگری بکەن. چاڵێکی گەورەیان لە دەوری قەڵا هەڵکەندو پڕیان کرد لە ئاوو پاسەوانی زۆریان لە قەڵا دانا، بەڵام لەباتی کەریم خان هەواڵ هات کە محەممەد حەسەن خانی قاجار لەگەڵ سی هەزار سواردا گەیشتووەتە ناوچەکە، بەڵام دانیشتوانی قەڵا لەم هەواڵە تێکنەچوون چونکە عەبدولعەلی خانو محەممەد تەقی خان کە والیی کرماشان بوون نامەیەکیان بۆ محەممەد حەسەن خان ناردبوو و داوای یارمەتییان کردبوو، نامەکەش بەم جۆرە بوو:





(لەم کاتەدا کە کەریم خانی زەندی بێ ناونیشان لە هەندێ جێگەو بە هاوکاریو هاودەستیی دزو بەکرێگیراوو چڵکاوخۆران سەری هەڵداوەو خەریکی دوژمنکارییە لەگەڵ میرزا محەممەد تەقی گلستانە والیی کرماشانو رێکەوتووین تا زەندەکان لەناوبەرین جا پێویستمان بە یارمەتیی ئێوە هەیە).

محەممەد حەسەن خان بە راگۆڕینەوە لەگەڵ فەرماندەکانی بە سی هەزار کەسەوە بەرەو کرماشان بەڕێ کەوت، بەڵام کاتێ گەیشتە نزیکی کرماشان هەواڵی بیست کەوا عەبدولعەلی خان شکاوەو قەڵای کرماشان لە گەمارۆی کەریم خاندایە.

کاتێ محەممەد حەسەن خان دی کەریم خان (٤٥) هەزار کەسی لەگەڵدایە بە چاکی نەزانی شەڕ بکاتو کەوتە پاشەکشێ. کەریم خان کە ئەمەی دی وازی لە گەمارۆی کرماشان هێناو کەوتە دوای محەممەد حەسەن خان. محەممەد حەسەن خان بێ پشوودان لەگەڵ سوارەکانی خۆی گەیاندەوە قەڵای ئەستەرابادو کەریم خانیش لە سێ لاوە قەڵای گەمارۆ دا. چون قەڵا لە سێ لاوە رێگەی وشکی هەبوو و لەلاکەی ترەوە بە رووبارێکەوە لکابوو. محەممەد حەسەن خان کەوتە خۆیو قەڵای ئامادە کرد تا بتوانێت خۆی راگرێت. ئەوەی هەرگیز بیری لێنەئەکردەوە شەڕکردن لەگەڵ کەریم خاندا بوو. چون ناوبانگی ئازایەتیی کەریم خان بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو. لەلایەکی ترەوە کەریم خان لە دەوری قەڵا سەنگەری گرتو خێوەتی هەڵدا تاوەکو محەممەد حەسەن خان ماندوو بکاتو خۆ بدات بەدەستەوە، بۆ ئەوەی لە بۆچوونی دوژمن ئاگادار بێت زەکەریا خانی زەندی نارد بۆ قەڵا. محەممەد حەسەن خان رێزێکی زۆری لە زەکەریا خان گرت. لەم گفتوگۆیەدا محەممەد حەسەن خان

وتی:

دابونەریت وایە کە هیچ فەرماندەیەك لەگەڵ هێزێکی تر شەڕ ناکات بێ ئەوەی دوژمنایەتی هەبێت. زەکەریا خان کە جگە لە ئازایەتی پیاوێکی ژیر بوو وتی:

وتەی خان زۆر راستە، هیچ فەرماندەیەك لە خۆیەوە لەگەڵ کەس شەڕ ناکات، بێ ئەوەی بیناسێت، زەکەریا خان کە حەسەن خانی بێدەنگ کرد درێژەی دا بە قسەکەی:

- جەنابتان کە ئەمە باوەڕتانە بۆچی لەخۆتانەوە لەگەڵ کەریم خان کە دوژمنی ئێوە نەبوو دوژمنایەتیتان کرد؟ ئەگەر دۆستەکانتان نەشکانایە ئایا هەر لەسەر ئەم باوەڕە ئەمانەوە؟ یاخود بە هاوکاریی ئەوان لەگەڵ هێزێك کە نەتانئەناسین ئەکەوتنە شەڕ؟ کە من دڵنیام کە لە ئێمەتان ئەدا لە کاتێکدا کە ئێمە هیچمان نەکردووە.

محەممەد حەسەن خان کە ئەیزانی هێزێکی ئەوتۆی نییە کەوتە گلەییو وتی کە حەز ناکات خوێنی کەس برژێت، بەڵام زەکەریا خان لەسەر قسەی خۆی سووربوو و وتی بڕیار هەر بڕیاری کەریم خانە. محەممەد حەسەن خان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەوە وتی:

- باشتر وایە خانی زەند واز لە بیانووگرتن بهێنێت، هێشتا هیچ رووی نەداوەو خوێن لە لووتی کەس نەهاتووە. ئێمەیش قەرەبووی ئەم کارەی خۆمان ئەکەینەوەو ئەمەیش خۆی سەرکەوتنەو سەرکەوتن هەر بە کوشتار نییەو من تکام وایە واز لە شەڕ بهێننو من دیاریو پێشکەشی ئەدەمو هەروەها کوڕەکەم ئەنێرمە لای خان کە ئەمەیش سەرکەوتنێکی گەورەیە.

زەکەریا خان لەگەڵ محەممەد حەسەن خاندا تا دەری قەڵاکە هاتنو زەکەریا خان وتی:





- خانی قاجار دڵنیا بێ من هەواڵی تەواو ئەدەم.

پاشان خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەیو دوورکەوتەوە. کەریم خان پاش بیستنی وتەکانی محەممەد حەسەن خان زیاتر سەرسەختی کردو فەرمانی دا گەمارۆ تەنگتر بکەنەوە. لە وەڵامی محەممەد حەسەن خاندا وتی:

- محەممەد حەسەن خان خۆی بێت بۆ لامان هەموو شتێك تەواو ئەبێت.

زەکەریا خان کە دووبارە هاتەوە قەڵاو پەیامی کەریم خانی دا بە محەممەد حەسەن خان، محەممەد حەسەن خان زۆر تووڕە بوو بەڵام نەیهێنایە روویو لە وەڵامدا وتی:

- من نازانم هاتنی من بۆچییە؟ ئەگەر بۆ تەواوبوونی شەڕەکەیە پێویست بە هاتنی من ناکاتو، ئەگەر بۆ سووککردنی منیشە ئەوا من ئامادە نیم بێم. ئێمە لەم ناوچەیەدا ناوبانگمان هەیەو باوکم لەگەڵ نادر شا شەڕی کردووەو من خۆم چەندین ساڵ بوومە مایەی دەردی سەر بۆ نادرو هەرچەند بەڵێنی زۆری دا بەڵام ملم بۆ کەچ نەکرد. ئێستا کەریم خان ئەیەوێت بەم کارە ئابڕووی هۆزی ئاشاقەباش ببات لە ناو هۆزەکاندا بە تایبەت هۆزی بوخاری باش. هەرگیز من ئەمە ناکەمو حەزیش بە شەڕ ناکەم جا تکام وایە خانی زەند باشتر بیر بکاتەوە.. من کوڕێکی سیانزە ساڵەم هەیە (محەممەد خانی قاجار) (ئاغا محەممەد خان) ئامادەم بینێرمە لای خانی زەند تا لەگەڵ ئەودا بێت بۆ ئەوەی هەم فێری شەڕ ببێتو هەم خانیش دڵنیا بێت کە من دژی ئەو ناوەستمو یارمەتیشی ئەدەمو (٣٠٠) ئەسپی چاکیش بە ناوی دیاری پێشکەش ئەکەمو نابێت خانی زەند ئەمە بە لاوازیی ئێمە بزانێت.

کاتێ زەکەریا خان گەڕایەوەو هەموو شتێکی بۆ کەریم خان باس کرد، کەریم خان بە تەواوی لاوازیی دوژمنی بۆ دەرکەوتو لەسەر باوەڕی خۆی سووربوو و وتی:

- ئەم خانەی قاجار کە ئێستا لە لاوازیدا دیاریو بگرە کوڕەکەی ئەنێرێتە لای ئێمە، گەر توانای هەبوایە هەرگیز ئەم ئەسپە جوانە تورکیانانەی نەئەنارد بۆ سواری لوڕ کە دژی خۆی بەکاری بهێنن. ئەو جارێك بەختی خۆی تاقی کردەوەو لە کاتێکدا کە ئێمە شەڕمان لەگەڵی نەبوو دژی ئێمە وەستا ئەگەر عەلی مەردان خان یا ئازاد خان ئەو کاتە لەوێ بوونایە ئایا محەممەد حەسەن خان ئەم دیارییانەو یا کوڕەکەی ئەنارد بۆمان؟ کەسێك نییە بەم خانە بڵێت بۆچی ئەو هەموو سوپایەت هێنایە سەرمانو ئێستاش کە ئێمە قەڵامان گەمارۆ داوە کەوتوویتە پاڕانەوە؟

ماوەیەکی زۆر گفتوگۆو تەتەر لە نێوان کەریم خانو محەممەد حەسەن خاندا بەردەوام بوو، بەڵام کەریم خان هەر لەسەر بڕیاری خۆی سووربوو. محەممەد حەسەن خان کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا کە تیایدا جگە لە فەرماندەکان (خەدیجە بیگم)ی خۆشکی کە جەنگاوەرێکی ئازا بوو، ئامادە بوو. (خەدیجە بیگم) کە لە زۆربەی راوێژەکاندا ئامادە ئەبوو وتی: (ئەبێ لووتی ئەم لوڕە کەللەشەقە بدرێ لە زەوی، ئێمەی ژن بەرگی پیاو لەبەر ئەکەینو لەگەڵیان ئەجەنگێین.

خەدیجە بیگم لەبەر جوانیو ئازایەتی زۆر لەخۆبایی ببوو و هیچ کەس بۆ هاوسەری خۆی بە باش نەئەزانی لەبەر ئەوە هەرچەند تەمەنی گەیشتبووە (٣٠) ساڵ بەڵام هێشتا شووی نەکردبوو. خەدیجە بیگم زۆرتر کاتی خۆی لەگەڵ براکەی (محەممەد حەسەن خان) بە کاری شەڕەوە ئەبردەسەر کە بە راستی یەکێك بوو لە جەنگاوەرانی هۆزی قاجار، خەدیجە بیگم کاتێ بیستی کە ئەیانەوێت ئاغا محەممەد خان بنێرنە لای کەریم خان تووڕە بوو، ئەوەبوو بڕیاری دا خۆی بچێتە لای کەریم خانو دوایەمین بڕیاری خۆیانی پێڕاگەیەنێتو گفتوگۆ یەکلایی بکاتەوە. محەممەد حەسەن





خان کە ئاگاداری ئازایەتیو توانایی خەدیجە بیگم بوو و هەروەها نەیئەویست شەڕ روو بدات، بە چوونی خەدیجە رازی بوو.

خەدیجە بیگم بەیانی زوو لەگەڵ چەند سواردا چوون بۆ هۆبەکەی کەریم خانو بە فەرمانی ناوبراو یەکێك لە سوارەکانی بانگی کرد:

- فەرماندەی ئێمە ئەیەوێت کەریم خان ببینێت.

پاسەوان بە تووڕەیی وتی:

- ئەمە چ فەرماندەیەکە کە ئەیەوێت بە سواری چاوی بە کەریم خان بکەوێت. بۆچ هیچ نالێت؟ مەگەر چون ئەیەوێت لەگەڵ کەریم خان بدوێت؟ با خۆی قسە بکات. ئەگەر توانی هیچ بڵێت ئەوکات پەیامەکەی ئەگەیەنمە کەریم خان. لەم کاتەدا پاسەوانەکە لە ئەسپەکەی خەدیجە خانم نزیك بووەوەو وتی: ئەم ئەسپەش دیارییە؟ خەدیجە خانم لە دەستی پاسەوانەی هەڵداو پاسەوان چەند جوێنی داو خەدیجە خانم لە ئەسپ هاتە خوارو پاسەوانەکەی دا بە زەویدا بە جۆرێك کە نزیك بوو ئێسکی تێك بشکێت. لەم هەرایە چەند پاسەوانی تر خڕبوونەوەو کەریم خانیش لە چادرەکەی خۆی هاتە دەرەوەو کە ئەم هەرایەی دی بۆ ئەوەی فەرماندەی قاجار بە دەستی پاسەوانەکان نەکوژرێ بانگی کرد:

- تۆ کێیت ئەوەندە ئازایت لەناو سوپای ئێمەدا لە پاسەوانی ئێمە دەدەیت؟

خەدیجە خانم بە بینینی لوڕێکی باڵابەرزو ناوشان پان زانی کە کەریم خانە، لەبەر ئەوە لەسەر سنگی پاسەوان هەستاو خەنجەرەکەی بە نیشانەی رێز داناو هاتە پێش. کەریم خان دووبارە پرسیارەکەی دووپات کردەوە، بەڵام خەدیجە بیگم وەڵامی نەدایەوە، کەریم خان رووی کردە سوارەکانی قاجارو وتی:

- سەیرە، خانی قاجار ئەمجارە کەڕولاڵێکی ناردووە. ئێستا ئێوە چیتان ئەوێت؟

یەکێك لە سوارەکانی قاجار بە ڕێزو کڕنووشەوە وتی:

- خانی زەند سەلامەت بێ، ئەگەر پاسەوان مۆڵەتی بدایە ئەمە رووی نەئەدا، ئەو نەیهێشت ئێمە هیچ بڵێین جوێنی دا.

کەریم خان فەرمانی دا بیانبەنە ناو چادرەکان تا کاتێ چاوی پێیان ئەکەوێت، کاتێ کەریم خان ناردی بە دوایاندا خەدیجە بیگم بەردەستەکە هاتنە لای.

کەریم خان فەرمانی دا چەند سەرکردەیەکی تریش ئامادەی دانیشتنەکە بن بەڵام بەردەستی خەدیجە خانم وتی: خان فەرمان بدە ئێمە باش بپشکنن چون ئەم فەرماندەیە ئەیەوێت خان بە تەنیا ببینێت. کەریم خان وتی: چەککردنو پشکنین پێویست نییە. هەموو دانیشتوانی کردە دەرەوە. کاتێ خەدیجە خانم کەوتە ئاخاوتن، کەریم خان سەری سوڕماو پرسی: تۆ ئافرەتی؟! کەوابوو بۆیە هیچت نەئەوت، ئافەرین بۆ ئازایەتیی تۆ! بڵێ بزانم چیت ئەوێت؟

خەدیجە خانم دەستی کرد بە ئاخاوتن بەڵام بە هێواشیو بە وردی چون فارسیی باش نەئەزانیو کەریم خانیش کە لوڕ بوو باش فارسیی نەئەزانی. بەڵام کەریم خان بە جێی گوێگرتن هەر لە جوانیی خەدیجە بیگم ورد ئەبووەوە. کەریم خان کە هێشتا نەیتوانیبوو ژن بخوازێ لەم کاتەدا خەیاڵێك هات بەسەریداو بۆ ئەوەی باشتر ئەم ئافرەتە بناسێ وتی:

- من بیستوومە کە قاجارەکان زۆر توند بیر ئەکەنەوە. چۆن مێردەکەت مۆڵەتی پێداوی بە تەنیا لەگەڵ دوژمندا دابنیشیت؟ خۆی چ کارێکی بوو کە تۆی ناردووە؟





خەدیجە خانم پێکەنیو وتی:

- من هەر خۆمەو پێویست نییە لە کەس مۆڵەت وەربگرم..

خانی زەند دەستێکی هێنا بە سمێڵیداو وتی: ئێستا پەیامەکەتان بڵێن.

چون کەریم خان ئەیزانی چییان ئەوێت وتی:

- بیستو چوار کاتژمێر بە من مۆڵەت بدەن تا وەڵامتان ئەدەمەوە.

ڕۆژی دوایی بەیانی زوو زەکەریا خان بە تەنیاو بە هیوایەکی زۆرەوە هاتە قەڵای ئەستراباد، کاتێ محەممەد حەسەن خانی دی هەر لە دوورەوە هاواری کرد خان مژدە. هەموو شتێك بە خۆشی تەواو بوو. محەممەد حەسەن خان لەم گۆڕانە لەناکاوە سەری سوڕما. خێرا زەکەریا خانی بردە ژووری خۆی تا لە هەموو شتێك تێبگات. زەکەریا خان وتی:

- ئێستا نۆبەی ئێمەیە کە دیاری پێشکەش بکەین.

محەممەد حەسەن خان بە تەواوی گێژ ببوو. زەکەریا خان درێژەی دا:

- سەرەتا بڵێ بزانم کە کەریم خان باش تێگەیشتووە کە خوشکت شوی نەکردووەو منداڵی نییە.

محەممەد حەسەن خان وتی:

- باشی بۆچووە بەڵام بۆچی؟

زەکەریا خان ڕوونی کردەوە کە ڕۆژی پێشوو کاتێ کە کەریم خان چاوی بە خەدیجە خانم کەوتوە سەری لەوە سوڕماوە کە چۆن ئافرەتێك بۆ پەیامهێنان هاتۆتە لای ئەو.

بەڵام حەسەن خان وتی:

- مەگەر لای هۆزی زەند ژنو پیاو لە کاتی شەڕدا جیاوازییان هەیە؟

زەکەریا خان بە خۆشحاڵییەوە وتی:

- بە کورتی لەوە ئەچێت هەموو شتێ بەخۆشی تەواو بێت. ئێستا هەموو

شتێك پەیوەندیی بە ویستی تۆوەوەیە.

محەممەد حەسەن خانی دڵخۆش لەوەی کە لەوانەیە کوشتار پێشگیری بکرێ وتی:

- هەموو شتێك پەیوەندیی بە خواستی ئەوەوە هەیە (خەدیجە خانم) بەڵام من هەوڵی خۆم ئەدەمو بەڵێنیش نادەم، بەڵام کێ ئەزانێت بەڵکو ئەم کارە ببێتە هۆی پێکەوە گرێدانی ئەم دوو هۆزە.

ئەو کاتێ محەممەد حەسەن خانو خەدیجە خانم لەبارەی گەمارۆی قەڵاو شەڕو پێکداداان گفتوگۆیان بوو، خەدیجە خانم وتی:

- هێشتا ئەم کەللەشەقە نەرم نەبووە. ئەو وتی ٢٤ سەعاتی دیکە وەڵامتان ئەدەمەوە.

محەممەد حەسەن خان وتی:

- راستە ئەڵێن کەریم خان خاوەنی وتەی خۆیەتی، ئەو وەڵامی داوەتەوەو ئێستا ئەبێ ئێمە وەڵام بدەینەوە. پاشان وتی:

- هەموو شتێك بەستراوە بە وەڵامی بەڵێ یا نەخێری تۆوە.

هەموو شتێکی تێگەیاندو هەروەها هۆی هاتنی زەکەریا خان. خەدیجە خانم لەم وتەیە ئەوەندە تووڕە بوو کە وتی:

- وا چاکترە لەمە زیاتر هۆزی قاجار سوك نەکەین، ئێستا من بوومەتە هۆی ئاشتی، ئەگەر کەریم خان پێشتر داوای بکردایە، من لەوانەبوو رازی ببم، بەڵام لەم بارودۆخەدا هەرگیز.

ئەم هەواڵە کۆتایی بە رێگەی ئاشتی هێناو هەردوولا خۆیان ئامادەی شەڕ کرد.

پاش ئەمە هەردوولا بە خێرایی کەوتنە خۆ. محەممەد حەسەن خان کەوتە سەنگەر دروستکردنو بە شەو سوارەی ئەنارده دەوروبەری قەڵا تا





نەهێڵن سوارەکانی زەند ئالیك بۆ ئەسپەکانیان پەیدا بکەنو، کەریم خانیش بەو هیوایەی کە هێزەکانی محەممەد حەسەن خان ماندوو بکات درێژەی بە گەمارۆدانەکە داو خەریکی سەنگەرکردن بوو. محەممەد حەسەن خان ئەیزانی کەریم خان لە خۆی بایی بووەو وا بیر ئەکاتەوە کە سەرئەکەوێت، کەوتە بەرنامە دارشتن.

یەکێك لەوانەی کە ئەو رووداوانەی بە چاوی خۆی دیوە ئەنووسێ:

(...... رۆژێك کە نۆبەی شێخ عەلی خان بوو تا بچێت ئالیك بۆ ئەسپەکان بهێنێت، کاتێ نزیکی قەڵا بووەوە محەممەد حەسەن خان کە لەسەر دیواری قەڵا سەیری سوپای زەندی ئەکرد کاتێ شێخ عەلی خانی دی یەکێك لە پاسەوانەکانی نارد تا بە شێخ عەلی خان بڵێت مەترسەو بێرە نزیکەوە تا پەیامێکت بۆ کەریم خان بدەنێ. کاتێ کابرا چووە لای شێخ عەلی خانو ئەوەی پێراگەیاند شێخ عەلی خان بێ ترس هاتە لای دیواری قەڵا، کاتێ محەممەد حەسەن خان ئەوەی دی لە ئازایەتیی شێخ عەلی خان سەری سوڕماو وتی:

- من بۆیە تۆم بانگ کرد تا بە ناوی منەوە بە کەریم خان بڵێیت کە من لەبەر ئەوەی شەڕ روو نەدات هەموو سوکایەتییەکم پەسند کردو قورئانم کردە ناوبژی بەڵام جێگەی نەگرت. ئێستا کە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا تەنیا هەر زمانی شمشێر ماوە کەوابوو هەرچی زووترە با کار یەکلایی بکەینەوەو لەبەر ئەوە بەیانی ئامادەی شەڕ بن).

خەدیجە خانم کە لەوێ ئامادە بوو بە محەممەد حەسەن خانی برای وت:

- زەندەکان هەموویان ئاوا ئازان؟

محەممەد حەسەن خان وتی:

- پیاوو ژنیان ئاوا ئازان، لە هیچ ترسیان نییە، هەر ئەوەی کە دوو مانگە لێرەن‌و سەنگەریان دروست نەکردووە خۆی نیشانەی ئازایەتیی ئەوانە. ئەڵێن کەریم خان خۆی لەگەڵ چەند کەس بە شەڕ دێت. جا خوا بکات بەیانی بە فێڵ‌و تەڵەکە بەسەریاندا سەرکەوین.

خەدیجە خانم کەوتە خەیاڵەوەو وتی:

- حەز ئەکەم بەیانی خۆم بچمە مەیدانی کەریم خان‌و گورزێکی کاریگەری لێبدەم کە تا ئێستا نەیدیبێت.

شێخ عەلی خان لە هەواڵی شەڕ زۆر خۆشحاڵ بوو بێ ئەوەی ئالیك کۆ بکاتەوە خێرا گەڕایەوە لای کەریم خان‌و وتی:

- محەممەد حەسەن خان منی بانگ کردو وتی: بەیانی ئامادەی شەڕ بن.

ئەم هەواڵە خێرا لەناو سوپادا بڵاو بووەوەو هەموو خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد.

محەممەد حەسەن خان لەگەڵ فەرماندەکانی کۆبووەوەو وتی:

- کەریم خان‌وپیاوەکانی بەیانی بە ئازایی شەڕ ئەکەن‌و کوشتاری باش ئەکەن لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێت کارێك بکەین لەم جۆرە شەڕە دوور بین‌و لەناکاو هێرش بکەینە سەر ئەوان‌و بەیانی هەموو بەوجۆرەی کە من فەرمان ئەدەم کار دەکەن.

شێوەی شەڕی محەممەد حەسەن خان بەم جۆرە بوو کە دوژمنی بە فێڵ ئەهێنایە مەیدان‌و لەو شوێنانەوە کە دوژمن بیری نەئەکردەوە هێرشی ئەکردە سەریان. کەریم خانیش خۆی ئامادە کردبوو تا بەیەك هێرش کاری قاجارییەکان تەواو بکات.





یەکێك لەوانەی خۆی ئامادەی شەڕەکە بووە ئەنووسێ:

( محەممەد حەسەن خان کە پیاوێکی ئازاو ژیرو لێهاتوو بوو ئەوەیشی ئەزانی کە کەریم خان چەند ئازایەو جەنگاوەرانی زەند چەند شەڕکەرن. بۆ ئەوەی رادەی کوشتار کەمتر بێت کەوتە فێڵ‌و تەڵەکەی شەڕو بەسوودوەرگرتن لە تاریکیی شەو سوارەکانی هۆزی یەموتی نارده سەنگەرەکان تا خۆیان حەشار بدەن‌و سوارەکانی هۆزی کوکلانی ناردە جێگەیەکی وا کە لە کاتی پێویستدا بە هانای سوارەکانی یەموت بگەن. بڕیار درا کە محەممەد حەسەن خانیش لەگەڵ کۆمەڵێك سوارەدا لە قەڵا بچنە دەرەوەو کاتێ شەڕ دەستی پێکرد خۆیان بە شکاو لەقەڵەم بدەن‌و خۆی بگەیەنێتەوە ناو قەڵا تا سوارەی دوژمن بکەونە تەڵەوە).

لێرەدا محەممەد حەسەن خان وای نیشان دا کە شکاوە، بۆ ئەوەی سوارەی زەند بکەونە دوای‌و لە جێگەی خۆیان هەڵکەنرێن‌و بکەونە داوی دوژمنەوە. لە درێژەی ئەم راپۆرتەی سەرەوە هاتووە:

(محەممەد حەسەن خان وتی: چون کەریم خان لە شێوەی شەڕی قاجار ئاگادار نییە شکانی ئێمە بە سەرکەوتنی خۆی ئەزانێت‌و بە هیوای دەستکەوت لە سەنگەر دێنە دەرو لەو کاتەدا ئەوانەی خۆیان حەشار داوە ئەبێ خۆیان بگەیەننە سەنگەرە خاڵییەکانی زەندو لە هەر چوار لاوە گەمارۆیان بدەن تا کەس نەتوانێت رابکات‌و هەموویان بە دیل بگرن‌و کەس نەکوژن‌و هەموویان بهێننە لای محەممەد حەسەن خان.

هەموو فەرمانەکان ئەنجام دران. بەیانی کاتێ هەتاو هەڵهات محەممەد حەسەن خان لە قەڵا هاتە دەرو بەرەو سوپاکەی کەریم خان کەوتە رێ.

ئەسکەندەر خانی برای کەریم خان کە پیاوێکی زۆر ئازا بوو بە (٣٠٠) کەسەوە پێشی بە محەممەد حەسەن خان گرتو شەڕ دەستی پێکرد. پاش کوژرانی چەند کەسێك محەممەد حەسەن خان بە پێی نەخشەی پێشوو خۆی بە شکاو پیشان داو بەرەو قەڵا رایکردو ئەسکەندەر خان کەوتە دوای‌و کەریم خان‌و سوارەکانی کاتێ ئەمەیان دی لە سەنگەر هاتنە دەرو بەرەو قەڵا رێکەوتن. محەممەد حەسەن خان کە بە ئامانجی خۆی گەیشتبوو لە نزیکی قەڵا گەڕایەوەو لەگەڵ ئەسکەندەر خان کەوتە شەڕ. هۆزی یەموت‌و کوکلان کە خۆیان حەشار دابوو لەم کاتەدا هاتنە دەرو خۆیان گەیاندە سەنگەرە خاڵییەکانی کەریم خان‌و لە پشتەوە سوپای کەریم خانیان گەمارۆ داو شەڕ گەرم بوو بە جۆرێك زەندەکان گەمارۆ دران کە لە ماوەیەکی کەمدا هەموویان بە دیل گیران.

محەممەد حەسەن خان‌و پیاوەکانی بە دوای کەریم خاندا ئەگەڕان. کەریم خان کاتێ ئەمەی دی زانیی کە کار تەواوەو ئیتر ئازایەتی بەکار نایەت. ویستی رابکات بەڵام رێگەی نەبوو. لەم کاتەدا موسا خانی ئەفشار برای ئەمیر گونە خان گەیشتە لای کەریم خان‌و دیی بەو جۆرە گیری کردووە کەوتە شەڕو کەریم خانی رزگار کرد. کەریم خان لە





گەمارۆ دەرچوو و لەگەڵ (٥٠٠٠) کەس لە هێزە پیادەکەی بەرەو تاران هەڵهات‌و هەموو دارو نەداری سوپای زەند کەوتە دەستی قاجارییەکان‌و (٤٥) هەزار کەسیان دیل کران. بە دیلەکانیان وت یا ببنە نۆکەر یا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان).

ئەم سەرکەوتنە ناوبانگی محەممەد حەسەن خانی بەرز کردەوە بە جۆرێك کە سەرەك هۆزەکان لە هەموو لایەکەوە ئەهاتنە دیدەنی‌و پشتیوانییان لێئەکردو ئەمە محەممەد حەسەن خانی خستە سەر هەوای ئەوەی لە کاتی خۆیدا هێرش بکاتە سەر کەریم خان‌و لەناوی بەرێ. لەلایەکی ترەوە کەریم خان بیری لە شکانی خۆی نەئەکردەوەو هەمیشە لە بیری گرتنی قەڵای کرماشاندا بوو.

# بەشی ثێنجەم

**طەمارۆی قەلآی کرماشان و سەرهەلّدانی سولّتان**

**حسێن میرزای دووەم**

**(ثێنجەمین خوازیاری ثاشایەتی)**

گەمارۆی قەڵای کرماشان کە چەندین مانگ درێژەی کێشاو سەدان کەس لە هەردوولا گیانیان لەدەست دا، دوو هۆکاری هەبوو: یەکەم هۆکاری ستراتیژی بوو واتە گرنگیی جێگەو هەڵکەوتوویی شارو ئەو هەموو چەکو تەقەمەنییەی لە قەڵادا بوون، دووەم هۆکاری تایبەتی بوو کە دوژمنایەتیی شەخسی کە پەیوەندی بە رەوشی سەربازییەوە نەبوو.

قەڵای کرماشان نادر شا بۆ ئەوە دروستی کردبوو کە بتوانێت لەوێوە هێرش بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەرێت. ئەو هەموو تۆپو چەکو جبەخانەو تەقەمەنییەی لەناو قەڵادا بوو قەڵای کردبووە یەك سەربازگەی بەهێز، قەڵا زۆر قایمو سەربازی دروست کرابوو، نادر شا کە لە کاروباری سەربازیدا زۆر بەتوانا بوو ئەم قەڵایەی بە جۆرێك دروست کردبوو کە هیچ کەموکوورییەکی نەبوو. کەرەسەی بەکاربراو لە دیوارەکانیدا، بەرزیی دیوار، شوێنی پاسەوانی، خەندەقی قوڵی دەوری قەڵاو هەروەها رووبارێك کە لە پشتی قەڵاوە تێپەڕ ئەبوو. هەر فەرماندەیەکی سەربازیی ئەخستە سەرسوڕمانەوە. لە چەند کاتژمێرێکدا ئەتوانرا خەندەقی دەوری قەڵا پڕ لە ئاو بکرێت تا دوژمن نەتوانێ بپەڕێتەوە. ناو قەڵایش هەموو پێویستییەکی سەربازیی تیا رەچاو کرابوو. لەمانە زیاتر ئەو هەموو تۆپو تەقەمەنییەی ناو قەڵا هەر





فەرماندەیەکی ئەخستە سەر هەوای گرتنی قەڵا. ئەم قەڵایە لەتوانایدا بوو کە دوژمنی بۆ چەندین مانگ لە دەرەوە بهێڵێتەوەو تەقەی تۆپە بەهێزەکانی نادر شا ئەیتوانی ریزەکانی دوژمن لەیەك هەڵوەشێنێت. کەریم خان جارێك ویستی قەڵا گەمارۆ بداتو داگیری بکات بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە نەیتوانیو داینا بۆ کاتێکی تر.

هۆکاری دووەم بۆ گرتنی قەڵا جیاواز بوو و پەیوەست بوو بە یەکەم بزوتنەوەی کەریم خانو دەسەڵاتی میرزا محەممەد تەقی گلستانە بەسەر قەڵادا کە ماوەیەکی زۆر لە قەڵادا لەگەڵ بنەماڵەی زەند شەڕی کرد. لەم بارەیەوە برازای میرزا محەممەد تەقی کە خۆی لەو شەڕانەدا بووەو رووداوەکانی وەك خۆی تۆمار کردووە ئاوا ئەنووسێ:

کرماشان دوو فەرمانڕەوای بوو، یەکەم عەبدولعەلی خانو دووەم میرزا محەممەد تەقی گلستانە. میرزا محەممەد تەقی زەمانی نادر شا سەرەتا کرا بە نوێنەری دارایی لە کرماشانو کاتێ کە نادر سەرگەرمی سەرکوتکردنی شۆڕشی هۆزی لگزیە بوو لە داغستان، میرزا محەممەد بەرز کرایەوە بۆ مستوفی الممالكو پاش گەڕانەوەی نادر کرا بە والیی هەمەدان. کاتێ نادر شا بەرەو کلات چوو داوای میرزا محەممەد تەقی کردو لە کۆشکی پاشای ئسفەهان ئەوی خەڵات کردو کردییە راوێژکاری تایبەتی خۆی. دوای ئەوەی نادر بەرەو کەلات گەڕایەوە:

(دوای ئەوە چەند رۆژ بەرەو کەلات رێگەیان بڕی، رۆژێك نادر شا میرزای بانگ کردو وتی: پێویستە تۆ بگەڕێیتەوە بەرەو عێراق "واتە کرماشانو دەوروبەری" پێنج هەزار سوارەی سیستانی بە فەرماندە ئەشرەف سوڵتان یوسف زەییو یەك هەزار سوار سیستانی بە فەرماندەی

سەرمەست خان شا سۆن خستە ژێر دەستییەوە. تا بۆ وەرگرتنی باجی عێراق بەرەو ئەو ناوچەیە بگەڕێنەوە. میرزا محەممەد تەقی بە پێی فەرمانی پاشا بەڕێ کەوتو لە ڕێگەی ساوج بلاغی قومەوە گەیشتە سنە کە بە کوردستان‌و ئاردەڵان بەناوبانگە. سوبحان وەردی خان ماقویی بیگلر بیگ‌و فەرماندەکانی شاری سنە هاتنە پێشوازی، میرزا کەوتە کۆکردنەوەی باج‌و پاش کۆکردنەوە ویستی ئەو پارانە بەرەو خەزێنەی نادر شا لە کەلات ڕەوانە بکات کە هەواڵی کوژرانی نادر بڵاوبووەوە. میرزا محەممەد تەقی بڕیاری دا دەست لە کار بکێشێتەوەو لە شوێنێك دابنیشێت. بەڵام بەهۆی کوژرانی نادر هەرکەس لەلایەکەوە سەری هەڵدا. میرزا محەممەدیش ویستی بچێتە کرماشان. هاوکارەکانی وتیان: ئێستا هەرکەس ئەیەوێت بچێتەوە ماڵی خۆ، خەڵکی کرماشان‌و شوێنەکانی تریش ئەوەندە ستەمی نادریان چەشتووەو جەوری ئەفغانی‌و ئۆزبەکییان دیوە هەموو لە بیری تۆڵەدان هەروەك لە هەمەدان چەند ئەفغانییان کوشتووە).

نووسەر باسی ڕەوشی ئەو کاتەی ئێران پاش کوژرانی نارد شا ئەکات. هەروەها باس لە شەڕێك دەکا کە لە نێوان میرزا محەممەد تەقی‌و زەندەکاندا بووە هۆی ئەو هەموو شەڕو ئاژاوەیەی کە لە داهاتوودا ڕوویان دا. لەو کاتەدا ئەفغانییەکان شۆڕشیان کردو هەمەدانیان دایە بەر هێرش‌و هەروەها سەرکردە ناوچەییەکان هەریەك لەلای خۆیەوە بەختی خۆیان تاقی ئەکردەوە. میرزا محەممەد تەقیش ئەیویست بچێتە کرماشان‌و لە قەڵای





باووباپیرەی خۆیدا بژی، بەڵام ڕووداوەکان بە جۆرێکی تر ڕوویان دا:

(...... میرزا محەممەد تەقی بڕیاری دا بچێتە کرماشان، سوبحان وەردی خان والیی سنە کە خۆشی لە میرزا محەممەد نەئەهات بەهۆی کۆکردنەوەی ئەو باجەی نادر داینابوو لەسەریان، ئاگادار بوو کە میرزا محەممەد ئەیەوێت بچێت بۆ کرماشان بە دزییەوە نامەیەکی بۆ هۆزی "زەند کەللە شێر" کە لە نزیکی سنەوە بوون نووسی بەم شێوەیە: میرزا محەممەد ئەیەوێت بچێتە کرماشان‌و سوپا ئەفغانەکانیشی ناردۆتەوەو، کەسی لەگەڵ نەماوە مەگەر نۆکەرەکانی، بەهەر شێوەیەك کە ئەتوانن ڕێگەی پێبگرن‌و هەرچی پێیە لە ئەسپ‌و ئاژەڵ بیگرن‌و خۆی بکوژن. لەوەی کە ئەیگرن لە پارەو دەسکەوت نیوەی بۆ من‌و نیوەی بۆ خۆتان بەشی بکەن.

کاتێ ئەم نامەیە گەیشتە ئادینە خانی زەندو ئەحمەد خان ناسراو بە "کاکە" زۆر خۆشحاڵ بوون‌و بە سوارەکانی خۆیانەوە کەمینێکیان بۆ میرزا محەممەد دانا.

لە لایەکی ترەوە میرزا محەممەد تەقی کە زۆر زیرەك‌و هوشیار بوو لە ڕەفتاری سوبحان وەردی خان دڕونگ ببوو و نامەیەکی بۆ سەر ئەفراز بەگی خودابەندەلو کە لە یەکێك لە ناوچەکانی هەمەدان بوو نووسی، ناوبراو هاوپەیمانی شاهسۆنەکان بوو بەم شێوەیە: لەم ڕۆژانەدا کە سوارە ئەفغانییەکانم ناردۆتەوەو ئەمەوێت بچمەوە کرماشان‌و ماوەیەك جەنابتانم نەدیوە ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێك سوارەدا

بگەیتە "رەهشت" کە لە نزیکی سنەدایە تا یەکتری ببینینو
تا نزیکی سەنقور هاوڕێییم بکەیت کە ئەمە ئەبێتە مایەی
خۆشحاڵیی منو لە دیداری ئێوە شاد ئەبم).

لەو دەمەدا تەتەرو پەیامبەران بە توندی ڕێگەیان ئەبڕیو بە شەوو ڕۆژ لە ڕێگەدا بوون. تەتەری میرزا لە ماوەی کەمتر لە (٢٤) سەعاتدا نامەکەی گەیاندە سەرئەفراز بەگو ئەوەی پێویست بوو بەدەمی گەیاندی. وەڵامی نامەکە خێرا بەم جۆرە رەوانە کرایەوە: بە پێی فەرمانتان بە سوارەکانی شاهسۆنەوە دوو ڕۆژی تر لە (رەهشت) جەنابتان دەبینم. میرزا بە گەیشتنەوەی وەڵامی نامەکە فەرمانی بە ڕێ کەوتنی دا.

والیی رەهشت کە دۆستی میرزا محەممەد بوو داوای لە میرزا محەممەد کرد کە لە ماڵی ئەو شەو بمێنێتەوە، میرزایش وتی کە خۆم هەروام بڕیار بووە. چون لێرە چاوم بە سەرئەفراز بەگ ئەکەوێت.

پاش شەش ڕۆژ، هەواڵ هات کە سەرئەفراز بەگ گەیشتووەتە چوار فرسەخیو چاوەڕێی فەرمانە. میرزا محەممەد تەقی خەلاتی دا بە تەتەرو وتی:

- بە سەرئەفراز بەگ بڵێن بەیانی ئێمە ئەکەوینە ڕێو لە ڕێگە یەکدی ئەبینین.

(... تەتەر گەڕایەوەو میرزا محەممەد لەگەڵ سوارەکانی بەرەو دەرەیەك لە نزیك رەهشت ڕێکەوتن. میرزا چەند کەسێك لە نۆکەرانی خۆیو نجف قولی بەگی رەهشتی سوارو تەتەرێك رەوانەی لای سەرئەفراز بەگ کرد. نجف قولی بەگ وتی کە زەندەکان بە خەیاڵی تاڵانکردنی ئێمە کێوەکانیان گرتووەو زۆریشن، کەوابوو نابێ لەو ڕێگەیەوە بڕۆین).





میرزا محەممەد تەقی کەسی لە دەور نەمابوو، هەموو سوارەکانی هەریەك بەلایەکدا چووبوونو هەرکەس سەرگەرمی کارێك بوو. شارەزای ڕێگە بە میرزای وت لەبەر ئەوەی زەندەکان ئەمانبینن وا باشە لەو ڕێگەیەوە نەڕۆینو لەلای چەپی ڕێگەکەوە بڕۆینو سوارێکیش ئەنێرین تا بە سەرئەفراز بەگ هەواڵ بدات تا ئەویش وەك ئێمە لە لاڕێوە بڕوات. میرزا کە زانی نجف قولی بەگ دڵسۆزەو ڕاست ئەکات پێشنیارەکەی پەسند کردو فەرمانی دا لە لای چەپی ڕێگەوە بڕۆن. یەکێك لە خۆی لەوێ بووەو ئاوا ئەنووسێ:

(...... نجف قولی بەگی بەدبەخت نەیئەزانی زەندەکان ئەولای ڕێگەیشیان گرتووە. میرزایش کە ئەیزانی قسەکەی نجف قولی بەگ لە ڕووی دڵسۆزییەوەیە پێشنیارەکەی پەسند کردو لاڕێیان گرتەبەرو میرزا خۆیو نووسەرو سەید محەممەد خانی برا بچوکیو نجف قولیو هەشت کەسی تر کەوتنە ڕێ. کاتێ گەیشتنە دەشتێکی پانو نزیکی دەربەندێکی باریك کە زەندەکان خۆیان لێ حەشار دابوو، لەناکاو کەوتنە بەر هێرشی زەندەکان).

زەندەکان کە بە سوارەیەکی زۆرەوە چەند ڕۆژێك بوو چاوەڕوانی هاتنی کاروانی میرزایان ئەکرد لەناکاو بینییان کە هەموو بارگەو بنەی میرزا بە بێ پاسەوان لە بەردەستیاندایە. ئەویش چ بارگەو بنەیەك، زیاتر لەوە ئەو هەموو باجەی کە بۆ نادر کۆکرابووەوە ئەویش بە شێوەی سکەی زێڕ کە لەناو بارەکاندا بوو. باجی ئەوکات کە بە هەزاران سکەی زێڕ ئەبوو. میرزا محەممەد کاتێ چاوی بە زەندەکان کەوت فەرمانی دا کە بارگەو بنە بەرەو چیاکان بەرنو بە نجف قولی وت بزانە ئەو زەندانە چییان ئەوێت. نجف قولی لەگەڵ چەند سوارەدا چووە پێشەوەو پرسی:

- ئێوە بۆچ ئەم ڕێگەیەتان گرتووەو چیتان لە ئێمە ئەوێت؟

زەندەکان بە قسەکەی نجف قولی پێکەنینو خۆیان گەیاندە بارەکان.

میرزا محەممەد کاتێ دی زەندەکان سەرگەرمی تالانن خێرا هەڵهات. چەند سوارەیەکی زەند کە دییان میرزا رائەکات کەوتنە دوای بەلام بەهۆی تەقەی نۆکەرانی میرزاو شڵەژانی ئەسپی زەندەکان میرزا توانیی دەرچێتو زەندەکانیش بەو هەموو دەستکەوتەوە گەڕانەوە جێگەی خۆیان.

میرزا محەممەدو هاوڕێکانی ئەو شەوو ڕۆژە سەرگەردان لە چیا مانەوەو دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووەم شاری سونقریان لە دوورەوە دی. لەو لایشەوە سەرئەفراز بەگ چون هەواڵی میرزای پێنەگیشت زانیی کە کارەساتێکی بەسەر هاتووەو لەلایەکی تریشەوە ئەیزانی کە سوارەی زەند لە حەشاردایە، هەرچی بە دوای میرزادا گەڕا بێ سوود بوو. کاتێ میرزا گەیشتە سونقر سەرئەفراز بەگ هەواڵی زانیو ناردی بە دوای میرزاداو دەعوەتی کردو هەوڵی زۆری دا تا میرزا رازی بوو و ماوەی مانگێك لە ماڵی سەرئەفراز بەگ مایەوە. سەرئەفراز بەگ لەو ڕووداوە پەشیمان بوو و هەڵەی خۆی بە دانی دە ئەسپی عەرەبی بە دیاری قەرەبوو کردەوە. هەرچەند ئەم دە ئەسپە لەچاو ئەو هەموو پارەیەی کە لە میرزا سەندرابوو شتێکی شایانی باس نەبوو.

بەم شێوەیە میرزا محەممەد تەقی لە سونقرە گەیشتەوە کرماشانو لەلایەن خەڵکەوە بە گەرمی پێشوازی کرا. بە دوای ئەمەدا چەند ڕووداوێك ڕوویان دا، لێرەدا بە کورتی باس ئەکرێت. میرزا محەممەد تەقی لە کرماشان ئەبێتە هاوکاری عەبدولعەلی خان کە لەلایەن نادرەوە بە والیی کرماشان دانرابوو و قەڵا دووبارە چاك ئەکەنەوەو ئەم قەڵایە کە لە ناوەندی شاری کرماشاندا بوو دوو فەرماندەی هاوکارو جەنگاوەرانی ئازاو تەقەمەنیی تەواوی هەبوو. هەروەها زەویی تەواوی بۆ کشتوکاڵ هەبوو لەبەر ئەوە





ئەیتوانی بە باشی بەرگری لە خۆی بکاتو چەندین جار لە هێرشی دوژمن رزگاری ببوو. کەریم خانیش جارێك بەختی خۆی تاقی کردبووەوەو سەرکەوتوو نەبوو بەلام خەیاڵی گرتنی قەڵای هەرگیز لەبیر نەکردبوو. سەرکردەکانی قەڵا بیرەوەرییەکی خراپیان لە زەندەکان هەبوو. کاتێ میرزا محەممەد تەقی دی ئەو کەسانەی کە ئەویان لە رەهشت ڕووت کردبووەوەو ئێستا هاتوونەتە گەمارۆی قەڵاو لە بەر ئاگری تۆپەکانی ئەودان زۆر خۆشحاڵ بوو.

ئەم ڕووداوە بەم جۆرە بوو کە کاتێ کەریم خان جاری یەکەم نەیتوانی قەڵای کرماشان بگرێت. جارێکی تر سوپای نارده سەر کرماشان کە ئەو جاریش بەهۆی هەڵەی محەممەد خانی زەند شکاو پاشەکشەی کرد بەلام کەریم خان هەر لەسەر گرتنی قەڵا سور بوو. سەرکردەکانی کەڵهوڕو زەنگەنەی بانگهێشت کرد لەبارەی گرتنی قەڵاو لەگەڵیاندا کەوتە راوێژ:

- من خۆم ئەمویست ئەم قەڵایە بگرم، بەم بۆنەیەوە چەند کەسێك لە خانەکانی زەندم بۆ ئامادەکاری دیاری کرد، تا خۆیشم بە لەشکرێکەوە کە ئامادەم کردبوو بکەومە ڕێو بە هەر شێوەیەك بووە قەڵا ئازاد بکەم.

سەرکردەکانی کەڵهوڕو زەنگەنە کە ئەوانیش هەوڵیان دابوو قەڵا بگرن بەلام شکابوونو ئەیانزانی بە بێ پشتیوانیی کەریم خان گرتنی ئەم قەڵایە خەیاڵە. بە وردی گوێیان بۆ کەریم خان گرتبوو. سەرکردەکانی کەڵهوڕو زەنگەنە لەگەڵ عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی دوژمنییەکی قووڵیان هەبوو لەبەر ئەوە وتەکانی کەریم خانیان پەسند کرد:

- من بەو مەرجە ئەم کارە (واتە گرتنی قەڵا) بە ئێوە ئەسپێرم کە پاش گرتنی قەڵا ئێوە نابێ دەست بدەن لە چەكو تەقەمەنیی ناو قەڵاو لە بەرامبەردا منیش بڕیارتان ئەدەمێ کە بتانکەم بە والیو فەرماندەی قەڵای

کرماشان‌و هەمیشە پشتیوانیتان بکەم.

ئەمە باشترین مەرج بوو بۆ هەردوولا، چونکە کەریم خان لە بیری ئەوەدا بوو هێرش بەرێتە سەر محەممەد حەسەن خان‌و، سەرکردەکانی کەڵهوڕو زەنگەنەیش لەگەڵ والییەکانی کرماشان دوژمن بوون.

پاش ئەم رێکەوتنە سوپایەکی بەهێز کۆ کرایەوەو لەناکاو بە توندی هێرش کرایە سەر قەڵای کرماشان، سەرەتا دانیشتوانی قەڵا کە بیریان لەم هێرشە نەکردبووەوە ترسان، بەڵام پاش ماوەیەك توانییان رەوشی بەرگریی خۆیان بەهێز بکەن. هێرشی کەڵهوڕو زەنگەنە ئەوەندە لەناکاو بوو کە شوانەکان نەیانتوانی مەڕوماڵاتەکانیان بگەیەننەوە ناو قەڵاو بونە ئامانجی هێرشەکەو پاسەوانی شوانەکان بە ناوی حەسەن خان رزقانی لەم رووداوەدا کوژرا.

کەریم خان بە فەرماندەکانی وتبوو کە ئەبێ لەناکاو هێرش بەرن‌و بچنە ناو قەڵاوەو ئەگەر نەکرا ئەوا نابێ شەڕ بکەن چونکە ئەم قەڵایە بە شەڕ ناگیرێت‌و ئەبێ قەڵا گەمارۆ بدرێ تا کاتی خواردنی ناو قەڵا تەواو ئەبێت‌و قەڵا خۆی ئەدا بەدەستەوە. بەم جۆرە قەڵا گەمارۆ درا، دانیشتوانی قەڵا غافلگیر ببوون‌و تەنیا خواردنی دوو مانگیان هەبوو. دانیشتوانی قەڵا هەوڵیان دا پاسەوانەکان تێر بکەن تا بەڵکو چارەیەك پەیدا بێ. تا ئەهات خۆراك کەم ئەبووەوەو ئەڵقەی گەمارۆیش توندتر دەبوو. لەلایەکی ترەوە ئاگری تۆپخانەی قەڵا گەمارۆدەرانی شپرزە کردبوو. چەکدارەکانی ناو قەڵا بۆ ئەوەی چەکدارانی دوژمن راکێشنە بەر ئاگری تۆپەکانیان لە دەرگای قەڵا ئەهاتنە دەرو دوژمنیان بە دوای خۆیاندا ئەهێنا تا نزیکی قەڵا ئەمجا تۆپەکان ئاگر ئەدران. لە یەکێك لەم شەڕو هەڵات هەڵاتانەدا تۆپێك کەوتە ناو چەکدارەکانی کەڵهوڕەوە کە بووە هۆی ترس‌و پاشەکشێ‌و لەم کاتەدا





عەبدولعەلی خان دژە هێرشێکی کردە سەریان‌و ناچاری کردن ئەڵقەی گەمارۆ شل بکەن‌و ماوەیەك پاشەکشێ بکەن، ئەمە هەلی بۆ دانیشتوانی قەڵا رەخساند تا بتوانن پێویستییەکانی خۆیان بەدەست بهێنن:

(عەبدولعەلی خان هەلی بەدەست هێناو بە توندی هێرشی کەریم خان کە گەمارۆدەران شکان‌و پاشەکشەیان کردو لە شار چوونە دەرەوەو تا هارون ئاباد کشانەوە. لەم کاتەدا عەبدولعەلی خان چووە ناو شارەوە، کات نوێژی شێوان بوو. پاشان سەرکەوتووانە گەڕانەوە ناو قەڵاو شاییان گێڕاو سێ سەدو پەنجا تۆپی گەورەو بچوك بە یەك جار ئاگر دران‌و بوو بە شایی‌و گۆڤەند، ئەو شەوە عەبدولعەلی خان‌و میرزا محەممەد تەقی‌و سەرکردەکان کۆبوونەوەو بڕیار درا کە دانیشتوانی شار کۆچ بدەن‌و هەرچی خۆراك هەیە بیهێننە ناو قەڵا).

ئەم کارە بووە مایەی نائومێدیی گەمارۆدەران‌و ناچار چەند کیلۆمەترێك پاشەکشەیان کردو ئەم کشانەوەیە بووە هۆی ئەوەی لە نێوان کەڵهوڕو زەنگەنە جودایی دروست ببێت. هۆی ئەم شکانە کەڵهوڕەکان بوون لەبەر ئەوەی هاتن‌و کابرایەکی کەڵهوڕ کە لە کرماشان نیشتەجێ بوو بە ناوی نجف قولی خان کەڵهوڕ کردیانە سەرکردەی خۆیان‌و لە شەڕەکە دوور کەوتنەوە. نجف قولی خان زەمانی نادر شا بە فەرمانی نادر کوێر کرابوو بەڵام لەناو خەڵکدا هێشتا جێگەی رێز بوو. کەڵهوڕەکان سواری ئەسپیان کردو بەرەو ماهی دەشت‌و هامون ئاباد دوای کەوتن. لەملایشەوە هۆزی زەنگەنە بە بێ شەڕ شکابوون‌و پەرتەوازە بوون‌و بەرەو خۆرهەڵاتی کرماشان کشانەوەو چۆنیەتی رووداوەکەیان بۆ محەممەد خانی زەند کە لە پەری بوو نووسی.

محەممەد خان بە بیستنی ئەم هەواڵە ناچار بوو سادق خانی برای رەوانەی کرماشان بکات تا گەمارۆکە نەشکێتو چەکدارەکان لەمە زیاتر پەرشوبلاو نەبن. سادق خان خۆی ئامادە کردو پێی وترا کە ئەبێ خۆڕاگر بێت تا بتوانێ لە کاتی خۆیدا قەڵاکە بگرێت. سادق خان بە هەزار سوارەوە خۆی گەیاندە چەکدارەکانی زەنگەنە لە بێستون. سادق خان لەگەڵ سەرکردەکانی زەنگەنە چووە ناو شارو دانیشتوانی قەڵا کە بۆ کڕین هاتبوونە ناو شار ترسانو خەڵکیش دەستی کرد بە گرتنیانو دوو کەس لە چەکدارانی قەڵا کوژران. کاتێ عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی هەواڵی هاتنی سادق خانو کوژرانی دوو چەکداری خۆیان بیست داوایان کرد کە کەس نەچێتە ناو شارەوەو چوار جاسوسیان نارد تا هەواڵی تەواو بهێننەوە. کاتێ جاسوسەکان هاتنەوە وتیان: سادق تەنیا بە هەزار سوارەوە لەگەڵ سوپا هەڵوەشاوەکەی زەنگەنە هاتۆتە ناو شارەوە.

لەم کاتەدا سوارێك هاتو دابەزیو پرسیاری عەبدولعەلی خانی کردو خۆی بە تەتەری سادق خان ناساندو وتی:

- سادق خان ئەڵێ من بۆ شەڕو براکوژی نەهاتوومو لەلایەن محەممەد خانی برایەوە پەیامی ئاشتیی هێناوە، کە خۆی بە وردی باسی ئەوە ئەکات.

تەتەر نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێناو وتی:

ئەمەیش نامەی ئاشتبوونەوەی محەممەد خانە کە سادق خان هێناویەو سادق خان خۆی ئەیدا بە ئێوەو سادق خان ئەڵێ ئەگەر ئێوەیش شەڕ بکەن ئێمە شەڕ ناکەین.

میرزا محەممەدو عەبدولعەلی خان لە وەڵامدا وتیان:

- ئامانجی ئێمەیش شەڕو خوێنڕشتن نییە. ئەگەر سادق ڕاست ئەکات ئێمەیش ئەوەمان ئەوێت.





تەتەر وتی:

- هەر وەهایە کە ئێوە ئەڵێن.

عەبدولعەلی خان وتی:

- چی لەمە چاکترە کەوابوو بۆ دڵنیابوون لەم ڕاستییە ئەمشەو هەموو بێن بۆ قەڵا تا پێکەوە نان بخۆینو ئەم دوژمنییە لە ناودا نەمێنێ.

کاتێ سادق خان ئەم وەڵامەی پێگەیشت پێکەنیو لە دڵی خۆیدا وتی: ئێمە ئەمانەوێت ئەوان بخەینە ناو داوەوە بەڵام ئەوان پێشتر تەڵەیان بۆ ئێمە داناوە. لەبەر ئەمە پەیامی بۆ ناردن:

- داوەتی ئێوەو دڵپاکیتان سوپاس دەکەم، ئەمشەو ناتوانین بەڵام لە یەکەمین مۆڵەتدا دێینە خزمەتتان.

سادق خان کە کردارو رەفتاری خۆیو سوارەکانی بە چاکی کۆنترۆڵ کردبوو تا نەبنە هۆی دوودڵیو بەدگومانیی دوژمن پەیامێکی تری بۆ عەبدولعەلی خان نارد:

- فەرماندە بەڕێزەکام من ئەمڕۆ ئەچم بۆ شار لەبەر ئەوە دوو ڕۆژی تر لەگەڵ ئێوە دیدار ئەکەم.

سەرکردەکانو عەبدولعەلی خان لەگەڵ میرزا محەممەد تەقی کەوتنە گفتوگۆو وتیان: چار چییە؟ عەبدولعەلی خان وتی:

- ئەگەر ئەمڕۆ سادق خان بچێتە ناو شار سوپای زەنگەنەو کەڵهوڕ لە خۆی کۆ ئەکاتەوەو بەهێز ئەبێت. ئەگەر گەمارۆ بکرێنەوە روون نییە چیمان بەسەردا دێت. ئەگەر جارێك خۆمان رزگار کرد ئەمجارە ناتوانین هیچ بکەین.

میرزا محەممەد تەقی قسەکەی پێبڕیو وتی:

- چۆن رزگار ئەبین؟ ئەمە سەرەتای کارە.

گفتوگۆ درێژەی کێشاو هەموو هاتنە سەر ئەوەی کە:

گەمارۆ چەندین مانگو ساڵ درێژە ئەکێشێتو خواردن
تەواو ئەبێو دوژمن سەرئەکەوێت. ئێستا کە سادق خان
لەگەڵ چوار پێنج هەزار چەکداری گەڵهورو زەنگەنەدایەو
بەمجۆرە هاتووە ئەگەر بەرپەرچی نەدرێتەوە قەڵا گەمارۆ
ئەداو کار لە کار ئەترازێ.

هەموو هاتنە سەر ئەوەی کە ئەگەر سادق خان هەلی دەستکەوێت دانیشتوانی قەڵا لەناو ئەبات. لەبەر ئەوە تەتەرەکەی سادق خانیان بانگ کردو وتیان:

چون خانی بەڕێز بەبێ فەرمانی محەممەد خان ناتوانێ
بێتە قەڵاوەو هەردوولا ئەمانەوێت یەك بینو ئاشت ببینەوە
لەبەر ئەوە ئێمە دێینە پێشوازی تا بە دیداری شاد بین.

سادق خان کاتێ ئەم پەیامەی بیست زوو فێڵو داوی دوژمنی بۆ دەرکەوتو نەچووە ناو شارەوە.

عەبدولعەلی خان پاش رۆیشتنی تەتەر کەوتە کۆکردنەوەی هێزو ئامادەکاری بەناوی پێشوازی لە سادق خان. میرزا محەممەد تەقی لە قەڵا مایەوە بۆ پارێزگاری. عەبدولعەلی خان چەکدارە پیادەکانی کردە دوو دەستە، لەلای چەپەوە میر سەید محەممەد خان برای میرزا محەممەد تەقی کە بە شێری شەڕ بەناوبانگ بوو لەگەڵ دەستەیەك رەوانە کردو ئیمام وەردی بە دەستەیەکی ترەوە لەلای راستەوەو خۆیشی وەك فەرماندە لە ناوەڕاستەوە کەوتە رێ. بەم جۆرە لە سوپای سادق خان نزیك بووەوە. سادق خانو سوارەکانی کە ئەممەیان دی لە جێگەی خۆیان وەستانو کەم کەم بەرەو دوا گەڕانەوە. لەلایەکی ترەوە عەبدولعەلی خان چەکدارێکی زۆری لە نزیك





سوپاکەی سادق خاندا حەشار دابوو کە لەناکاوو لە باغەکانی دەوروبەرەوە سوپای سادق خانیان دایە بەر رێژنەی گوللەو هاوکات چەکدارەکانی تری عەبدولعەلی خان هێرشیان کردە سەر سوپای سادق خان. ئەم هێرشە لەناکاوەو تەقەی ناو باخەکان ترسی خستە ناو سوپای سادق خانو کەوتنە راکردن. لەم کاتەدا چەکدارەکانی قەڵا کەوتنە تاڵانکردنی چادرەکانی سادق خانو پاشان کەوتنە گیانی ژنەکان:

(...... لەشکری سادق خان نەیتوانی لە بەرامبەر
هێرشی کوتوپڕی چەکدارانی قەڵادا راوەستنو رایانکرد.
چەکدارانی قەڵا خۆیان گەیاندە ناو چادرەکانیانو تاڵانیان
کردنو ژنەکانیان بە دیلی گرت).

ژنان دیل کران بەڵام عەبدولعەلی خان ئەم ژنانەی دایە دەستی شێخولئیسلامو قازیی شارو پارەی خەرجی بۆ دابین کردن.

لە ناو قەڵا بووە شاییو جەژنی سەرکەوتن. لەولایشەوە هەواڵی شکانی سادق خان گەیشتە محەممەد خانی برای، ئەویش بە پەلە بە دە هەزار سوارەوە بەرەو کرماشان کەوتە رێ.

عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی ئەیانزانی کە محەممەد خان بۆ قەرەبووی ئەو شکانە هێرش دێنێتەوە سەر قەڵا لەبەر ئەوە ئەوەی پێویست بوو بۆ بەرگری ئەنجام دراو تۆپەکان لە جێگەی پێویستدا بەسترانو پاسەوانەکان لە شوێنی خۆیان دانران.

محەممەد خان بە خێرایییەکی سەرسوڕهێنەرەوە لە قەڵای پەرییەوە خۆی گەیاندە بێستونو لەوێ سوپاکەی کرد بە دوو بەشەوەو هەر ئەو شەوە رەوانەی قەڵای کردن تا خۆیان حەشار بدەن. بەیانی کاتێ دانیشتوانی قەڵا ئاژەڵەکانیان کردە دەرەوەو کەوتنە داوی سوپای زەندو دیل کران:

(...... دانیشتوانی قەڵا هەموو ڕۆژێك ئاژەڵەكانی خۆیان بۆ لەوەڕ ئەنارده دەرەوەی قەڵاو بڕیار بوو كە زۆر لە قەڵا دوور نەكەونەوە. لەو ڕۆژەدا پاسەوانانی ئاژەڵەگەلو شوانەكان نەچوونە دەرەوە بەڵام بۆ دڵنیایی سێ تۆپیان بەرەو شوێنی لەوەڕگە ئاگر دا. شوانەكان كە (٥٠) كەسو چەكدار بوون ئاژەڵەكەیان بردە لەوەڕو تفەنگەكانیان خستە ژێر سەریانو بێ ترس لێی خەوتن، لەم كاتەدا چەكدارەكانی محەممەد خان ئاژەڵەكانیان تالان كردو شەڕ لە نێوان شوانو لەشكرەكەی محەممەد خان دەستی پێكردو كاتێ قەڵا لەم شەڕە ئاگادار بوو تۆپەكانیان ئاگر دا. چەكدارەكانی محەممەد خان لە ترسی گوللەی تۆپ كشانەوە ناو شارو ئاژەڵەكانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش كرد. پاشان نامەیەكی بە سەرانی هۆزی كەڵهوڕو زەنگەنە نووسیو داوای لێكردن كە بە پەلە خۆیانو چەكدارەكانیان بگەیەننە ناو شار. لەم لایشەوە دانیشتوانی قەڵا كەوتنە خۆو ئامادەكاری بۆ بەرگری. دوای چەند ڕۆژێك محەممەد خان پیاوێكی باوەڕپێكراوی خۆی نارده لای عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی).

محەممەد خان بۆ والییەكانی ناو قەڵای ڕاسپارد كە تا ئێستا كەریم خان زۆربەی ناوچەكانی ئێرانی گرتەوە لە كرماشانەوە تا لوڕستانو فەیلیو كوردستانی لە ژێر كۆنترۆڵدایەو من لەلایەن كەریم خانەوە دەسەڵاتی تەواوم هەیە، ئەمەوێت لە ئێوە بپرسم بۆچی لەو ڕۆژەوە كەریم خان دەسەڵاتی پەیدا كردووە ئێوە كەوتوونەتە سەرهەڵدانو گێرەشێوێنی؟ ئایا وا بیر





ئەكەنەوە كە لە بەرامبەر هێزی گەورەی ئێمەدا سەرئەكەون؟ ئەگەر بە تۆپخانەی ناو قەڵاوە ئەنازن ئەوا لە هەلدان چون یان تەقەمەنی تەواو ئەبێتو یا ورەی چەكدارەكانتان دێتە خوارەوە. من بەڵێنتان ئەدەمێ كە هەمووتان عەفو ئەكرێنو با چیتر خوێن نەڕژێو ئێمە هەردوو باری یەكین، ئەگەر لە كەری شەیتان نەیەنە خوارێ خۆتان بەرپرسیارن.

عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی پاش بیستنی ئەم پەیامە هەندێ لە مەرجەكانیان پەسند كردو وتیان ئەگەر محەممەد خان ڕاست بكات ئەم قسانە خراپ نینو میرزا محەممەد تەقی بە پێكەنینەوە وتی:

- من پێشنیاری خۆم دەرئەبڕم لە ڕووی ئەو ئەزموونانەی كە هەمەو هەركەسیش با پێشنیاری خۆی بڵێت. ڕاستییەكەی ئەوەیە كە من لەم هۆزە بیرەوری ناخۆشم هەیە. ئەوان منیان ڕووت كردەوە، كەوابوو ناتوانم لەگەڵیان ڕێك بكەوم. ئێستاكەیش پەیوەندی بە بۆچوونی ئێوەوە هەیەو ئەوەیش بڵێم كە ئەگەر محەممەد خان بیتوانیبا قەڵا بەزۆر بگرێت هەرگیز پەیامی ئاشتیو برایەتیی نەئەنارد.

(تەتەرەكەی محەممەد خان گەڕایەوە هەرچی دیبوو و بیستبوو گێڕایەوە، محەممەد خان لە بیستنی ئەم قسانە تووڕە بوو و بڕیاری گرتنی قەڵای دا. هەرچی سوارو پیادەی كەڵهوڕو زەنگەنە بوو كۆی كردنەوەو ڕێگەی هاتوچۆی قەڵای بە تەواوی بەست تا هیچ هەواڵێك نەگاتە قەڵا).

ئەڵقەی گەمارۆ تەنگ كرایەوەو هەموو ئەو ڕێگەیانەی كە ئەتوانرا ڕێگەی پەیوەندیی قەڵاو دەرەوە بێ گیران. یەك مانگ بەم جۆرە تێپەڕی. هیچ پەیوەندییەك لە نێوان قەڵاو دەرەوەدا ڕووی نەدا. محەممەد خانیش هیچ هێرشێكی نەكرد. دانیشتوانی قەڵا لەم ڕەوشە سەریان سوڕماو ویستیان

ئاگاداری دەرەوە بن لەبەر ئەوە چەند کەسیان ناردە دەری قەڵاوە بۆ هەواڵ. ئەم کەسانە توانییان خۆیان بگەیننە دەری قەڵاو لە دەوری شار چەند کەسیان دی کە باری گەنمیان ئەبرد بۆ شار. چەکدارەکان ویستیان بارەکانیان بکڕنو بیبەنە ناو قەڵا لەبەر ئەوە خاوەنی شەش بارە گەنمەکەیان بانگ کرد:

- برا چیت پێیە؟

وەڵامی دایەوە: گەنم.

وتیان: بە چەند ئەیفرۆشی؟

کابرا بە لەسەرخۆیی وەڵامی دانەوە:

- نایفرۆشم. چەکدارەکان کابرایان بانگ کردە ئەملاوەو وتیان:

- ئەگەر هاوار بکەی خێرا ئەتکوژین، یان بڵێ ئەم گەنمە ئەدەی بە چەند یا ئەتکوژین، ئێمە چەکداری والیی قەڵاین.

کابرای خاوەن گەنم کە ئەیزانی شار وا لە دەست سەرکردەکانی کەڵهوڕو زەنگەنەداو ئەم پیاوانە درۆ ئەکەن، وتی:

- وازمان لێبێنن تا مامەڵە بکەین.

کاتێ وازیان لێهێنان وتیان: ئێستاکە ناچارین کەوابوو ئەم شەش فەردە گەنمە ئەدەین بە دوو شمشێر. چەکدارەکان چون پارەیان پێنەبوو خێرا ئەم پێشنیارەیان پەسند کرد. کابرا بۆ دڵنیاکردنیان وتی:

- ئەگەر گەنمی تریشتان ویست بەم نرخە ئەتاندەمێو من هەر لەم ناوەدام.

کاتێ کابرا دوورکەوتەوە خێرا ئەم هەواڵەی دا بە پاسەوانەکانی کەڵهوڕو زەنگەنەو ئەوانیش کەوتنە دوای گەنمکڕەکان.

(...... پاسەوانانی سوپای زەند خێرا کەوتنە خۆو گەنمەکەیان لە چەکدارانی قەڵا سەندەوەو چەکدارەکانیان





گەمارۆ داو شەڕ دەستی پێکردو یەکێك لە چەکدارانی قەڵا توانیی خۆی بگەیەنێتەوە ناو قەڵاو لەم کاتەدا چەکدارەکانی ناو قەڵا کە لە ئامادەیی تەواودا بوون هاتنە دەری قەڵا بۆ یارمەتیدانی هاوڕێکانیانو کاتێ سوپای زەنگەنە ئەمەیان دی وازیان لە چەکدارەکان هێنا. ئەو رۆژە پێنج شەممەی مانگی محەرەمی ساڵی ١١٦٥ بوو).

محەممەد گلستانە لە پەرتوکی (مجمل التواریخ)دا (ناوبراو برازای میرزا محەممەد تەقی بوو و خۆی لەناو قەڵادا یەکێك بوو لە گەمارۆدراوەکان) ئاوا ئەنووسێ:

چەکدارەکانی زەند کاتێ دییان کە هێرش لە قەڵاوە دەستی پێکردووە وازیان لە گەنمکڕەکان هێناو ئامادەی بەرگری بوون. عەبدولعەلی خان کە دیی سوپای کەڵهوڕو زەنگەنە ئەوەندە زۆرنو چواردەوری قەڵایان گرتووە ترسا، بەڵام هاواری کرد کە تا مردن شەڕئەکەین، خێرا (٥٠٠) کەس گەیشتنە فریایو لەژێر ئاگری تۆپەکاندا دەستی کرد بە هێرش. لەم کاتەدا هێرشی گەمارۆدەران بۆ قەڵا دەستی پێکرد. محەممەد خان سەرەتا فەرمانی دا بەو چەکدارانەی خۆیان حەشار دابوو پاشان خۆی بە (١٤) هەزار کەسەوە لە سێ لاوە هێرشێکی کوتوپڕی دەست پێکرد. دوانزە تۆپ بە جارێك ئاگر دران، دەنگی تۆپ نیشانەی ئەوەبوو کە خەتەریی هێرش هەیەو رەوشەکە زۆر ناسکە.

(لەم کاتەدا پاسەوانەکانو تۆپچییەکان کە هەریەك لەلایەك بوون هەموو گەیشتنەوە سەر جێگەی خۆیانو

هێرشهێنەران لە سێ لاوە کردیان بە هەراو لە قەڵا نزیك بوونەوە). (مجمل التواريخ).

تۆپخانەی قەڵا کەوتە تۆپبارانو پیشانی دا کە نادر شا بە راستی خاوەنی توانایەکی مەزنی سەربازی بووە کە ئەم تۆپانەی لێرە داناوە. ئاگری تۆپ هێرشهێنەرانی بە چۆکدا هێناو نەك هەر لە هێرش وەستان بەڵکو پەرشوبڵاو بوونو کەوتنە پاشەکشێ. محەممەد خان نەیئەزانی ئەم تۆپانە چەند خەتەرناکن. لە شەڕدا تەکنیك بەسەر زۆریی جەنگاوەردا زاڵ ئەبێت. ئەو رۆژە قەڵانشینان بەهۆی ئەم تۆپانەوە توانییان بەرگری لە خۆ بکەن.

محەممەد خان ناچار بوو فەرمانی کشانەوەی دا پاش ناشتنی کوژراوەکانو تێپەڕبوونی چەند رۆژێك پیاوێکی نارد بۆ قەڵاو پەیامی دا:

- ژنانی ئێمە لای ئێوەن، ئەبێ بیانگێڕنەوە.

عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی هەموو ژنەکانیان کە لای شێخولئیسلام بوون ناردەوە سوپاکەی محەممەد خان. محەممەد خان فەرمانی دا سەنگەر دروست بکەن، هەموو چەکدارەکان شەو تا بەیانی لە تاریکیدا سەنگەریان هەڵکەند، ئەم کارە چوار مانگی خایاند. خۆراکی قەڵاکە لە تەووبووندا بوو، ئەمە بە چاکی ئەبینرا.

(...... چوار مانگە بەم شێوەیە تێپەڕیو لە هیچ لایەکەوە هاتوچۆ نەبوو، خۆراکی دانیشتوانی قەڵا روو لە تەواوبوون بوو بە شێوەیەك کە تووتنو خوێ دەست نەئەکەوتن، تا ئەو جێگەی بەشی یەك قلیان تووتنیان ئەدا بە دە شایی. دانیشتوانی قەڵا لەم رووەشەوە ماندو ببوون. عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی دوو پیاوی خەڵکی شوتر کە مەلەوان بوون لە دەرگای لای چەمی قەرەسو ناردە





دەر تا بچن بۆ لای سەرکردەکانی هۆزی بەختیاری کە ئەو کاتە لە کێوەکانی لوڕستان خەریکی پێکەوەنانی لەشکر بوون).

ئەم دوو نوێنەرە چاویان بە ئیسماعیل خان فەیلیو سەرکردەکانی تر کەوتو پەیامی والییەکانی کرماشانیان گەیاندو رەوشی قەڵایان بۆ باس کردن. ئیسماعیل خان فەیلی پاش راوێژ لەگەڵ سەرکردەکانی تردا نامەیەکی بۆ قەڵانشینەکان نووسی بەم شێوەیە:

(چون لەشکری بەختیاریو لوڕستان لە جەنگاوەرانی زەند چەند جارێك شکستیان خواردووەو ترساونو لە شەڕی زەندەکان ئەترسن. ئەوا سێ کەسمان لە لوڕەکانی لوڕستان لەگەڵ تەتەرەکانتان ناردو بە ئەندازەی پێویست تووتنو خوێمان بۆ ناردن بۆ خانەکانی قەڵا.

تەتەرەکان لە رێگەی چیاوە خۆیان گەیاندە چەمی قەرە سووشەو بە مەلە گەڕانەوە ناو قەڵاو ئەوی پێویست بوو بۆ "عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی"یان گێڕایەوە).

رووداوێك رووی دا کە پیشانی دا مرۆڤ نابێ بە هیوای کەس بێت، ئەو کەسەی خۆی لەوێ بووە ئاوا ئەیگێڕێتەوە:

رۆژێك دوای نیوەڕۆ عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی لەگەڵ سەرکردەکانی قەڵا لە دەرگا هاتنە دەرو لە پشتی شیر حاجی خەندەق راوەستان، دەستیان کرد بە دابەشکردنی خۆراكو گفتوگۆ لەگەڵ چەکدارەکانیان. نووسەری ئەم بابەتە واتە ئەبولحەسەن کوڕی محەممەد

ئەمین گلستانەو نووسەری (مجمل التواریخ) کە خۆی لەوێ ئامادە بوو بە سەرکردەکانی وت: ئەم قسانە هەمووی بێکەڵکن، ئێستاکە دوژمن لە نزیکەوە سەنگەری لێداوەو دوای دوو رۆژی تر ئەتوانن بگەنە ناو قەڵاوە. ئەو سەرکردانەی لەوێ بوون لەم وتەیە نیگەران بوونو وتیان کە ئێمە هیچ رێگەچارەیەکمان بە خەیاڵدا نایە، ئەگەر تۆ پێشنیارێکی باشت هەیە بیڵێ تا ئەگەر باش بوو ئێمەیش پەسندی بکەین. نووسەر لە وەڵامدا وتی: بە بۆچوونی من ئەبێ ئێستا چەند جەنگاوەر بە پێی پیاوە هەڵمەت بەرنە سەر ئەو سەنگەرانەو چەکدارانی دوژمن لە بەین بەرن. هەرکەس ئەجەلی هاتبێت پیاوانە ئەمرێت. مرۆڤ رۆژێك لە دایك ئەبێتو رۆژێکیش ئەمرێت کەوابوو چۆن بژی شەرتە نەوەك چەندە بژی.

لەم قسانە جموجۆڵ کەوتە نێو چەکدارەکانەوە، هەریەك لەلایەکەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی. لە ئەنجامدا (٧٠) کەس سواری ئەسپ بوونو خۆیان ئامادە کرد. بڕیار درا سەرەتا چەند تۆپێك ئاگر بدرێت تا سەنگەرنشینان نەتوانن سەر دەربێنن، پاش ئەم تۆپانە دەرگا کرایەوەو پردێکی دارین خرایە سەر خەندەقەکەو سوارەکان هێرشیان کردە سەر سەنگەری دوژمن. سەنگەرنشینەکان سەرەتا ویستیان راکەن بەڵام کاتێ دییان سوارەی قەڵا زۆر کەمن گەڕانەوەو سەنگەریان گرت. گوللەیەك درا لە سنگی عەلی بەگ نۆکەری عەبدولعەلی خانو کوژرا. چەند کەس کە دانیشتوانی سەنگەر کوژراو چەند کەسی دی بە دیل گیرانو سوارەکان دیلەکانیان رەوانەی ناو قەڵا کردو هێرشیان بردە سەر سەنگەری دووەمو پاشان سەنگەری سێیەم. لەم کاتەدا





هێزێکی تر لە قەڵاوە بە یارمەتیی هێرشبەران هاتە دەرەوەو شەڕ گەرم بوو، هەندێ رووداو رووی دا کە ئەگەر لە بەشداربووانی ئەم شەڕە باسی نەکردایە جێگەی باوەڕکردن نەبوون وەك:

لەم کاتەدا کەمەر خانی زەند کە برازای محەممەد خانو لە جەنگاوەرە ئازاکانی ئەو زەمانە بوو کاتێ هێرشی چەکدارانی قەڵای دی خێرا بە هێزێکەوە لەناو شارەوە بەرەو شەڕەکە کشا تا چەکدارانی قەڵا بە دیل بگرێتو بەم هیوایە ویستی رێگەی گەڕانەوەی چەکداران بۆ ناو قەڵا بگرێت. کاتێ چەکدارانی قەڵا ئەمەیان دی ویستیان بە شەڕکردنەوەوە خۆیان بگەیەننەوە ناو قەڵا. هەرچی کەمەر خان هەوڵی دا بەڵام بە ئامانجەکەی نەگەیشتو چەکدارانی قەڵا خۆیان گەیاندەوە دیواری قەڵاو دەستیان کرد بە بەرگری. لەم کاتەدا کەمەر خان ئامادەو چاوەڕوان بوو تا کاتێ چەکداران ئەیانەوێت بچنەوە ناو قەڵا هەڵمەت بەرێتە سەریانو نەهێڵێت بگەنەوە ناو قەڵا.

دانیشتوانی قەڵا لەو هەموو هێزەی دوژمنو ئازایەتیی ئەوان ترسیان لێ بار بوو، بەڵام بە بەرگریی خۆیان درێژەیان داو بڕیاریان دا نەهێڵن چەکدارانی محەممەد خان زەندو کەڵهوڕو زەنگەنە قەڵا بگرن.

جێگەی سوپاکەی زەند زۆر چاك بوو و لە ئاگری تۆپخانەی قەڵا بە دوور بوو و بوونی هێزی قەڵا لە دەرەوەی قەڵا ببووە هۆی ئەوەی کە نەتوانن تۆپ بتەقێنن چون ئاگری تۆپەکان چەکدارانی قەڵای ئەگرتەوە بە جۆرێك کە:

عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی لە شیر حاجی (جێگەیەك لە قەڵا) بوون، چون سوارەکانی قەڵاو سوارەی

زەند رووبەڕووی یەك وەستابوون قەڵانشینەكان نەیانئەتوانی تۆپەكان ئاگر بدەن چونكە سوارەكانی خۆیان ئەكوشت، عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقیو سەركردەكانی تر گرتنی قەڵایان هاتە بەرچاو چونكە هەركات سوارەكانی قەڵا هەوڵی هاتنە ژوورەوەیان بدایە لەو كاتەدا سوارەی زەندیش خۆیان ئەگەیاندە ناو قەڵا. چون هێزی ناو قەڵا لەچاو هێزی گەمارۆدەر زۆر كەم بوون لەم كاتەدا هەموو دانیشتوانی قەڵا ئەكوژران. لەبەر ئەوە واین بە چاك زانی كە پێش ئەوەی هێرشی دوژمن روو بدات سەرەتا هێزەكەی خۆیانو هێزەكەی كەمەر خان بخەنە ژێر ئاگری تۆپو بیانكوژنو پاشان قەڵا بتەقێننەوە تا هەموو واتە هەم خۆیانو هەم دوژمن لە بەین بەرن لەسەر ئەم بڕیارە فەرمانی ئاگردانی تۆپیان دا. تەقەی تۆپ زەویی بە شێوەیەك لەرزاند كە دۆستو دوژمن یەكتریان لێ وون بوو، هیچ یەك لە گوللەی تۆپەكان بەر سوارەی قەڵا نەكەوت بەڵكو هەموو كەوتنە نێو سوپای كەمەر خانو لەگەڵ ئەسپەكانیان تێكەوە گلان. لەم كاتەدا كە شەو بەسەردا هاتبوو و هێزەكەی كەمەر خانیش لە تەقەی تۆپ وڕ ببوون سوارەكان توانییان بكشێنەوە ناو قەڵاو سوپای زەند بدەنە بەر تۆپو گوللەو كوشتاری باش بكەن.

لەم شەڕەدا زۆرجار جەنگاوەری سوپای زەندو سەركردەكانیان دەركەوت، مێژوونووسێك لە بارەی شەڕەكانی محەممەد خانی زەند ئاوا ئەنووسێ:

(محەممەد خانی زەند پیاوێكی نەترسو سادەو ئازا بوو، لەوانەیە ئەگەر





محەممەد خان نەبوایە حكومەتی زەند دروست نەئەبوو). هەروەها ئەنووسێ: (محەممەد خان وەك رۆستەمی داستان وابوو بەو جیاوازییەی كە رۆستەم ئەفسانەو محەممەد خان بە راستی لە مەیدانی جەنگدا بوو).

لێرەدا رووداوێك ئەخوێنینەوە كە ئەگەر نووسەرەكەی خۆی لەوێ نەبوایە ئەبووە ئەفسانەیەكو كەس باوەڕی نەئەكرد:

كەمەر خان كە بە نیازی دیلكردنی سوارەی دوژمنو گرتنی قەڵا هێرشی هێنابوو بەڵام بێ ئاكام بوو. لەولایشەوە چەكدارانی قەڵا سوارەی سەنگەرەكانی یەكەمو دووەمیان دیل كردبوو و لە سەنگەری سێیەم كوشتاری باشیان كردبوو و گەیشتبوونەوە ناو قەڵا، زۆر تووڕە بوو و پاشەكشەی لا گران بوو و خۆبەكوشتدانی بە چاكتر لە شكان ئەزانی.

زیاتر لە دوو كاتژمێر لەسەر خەندەقی قەڵا وەستاو رووی كردە قەڵاو نێزەكەی كرد بە زەویداو خۆی دا بەسەر نێزەكەیدا، لە هەر چوارلاوە سوارەكانی ئەكەوتنە بەر گوللەی قەڵاو ئەكوژران، بەڵام كەمەر خان خۆی تێك نەداو لە جێگەی خۆی نەجووڵا. هەرچەند محەممەد خان كە مامیو فەرماندەی ئەو بوو چەندجار ناردی بە دوایدا بەڵام ناوبراو وەك بە بەبری تووڕە راوەستاو تەماشای قەڵای ئەكرد. عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقیو سەركردەكانی قەڵا لەم هەموو ئازایەتییە سەریان سوڕمابوو و ئافەرینیان ئەكردو فەرمانیان دا كە تەقە راوەستێ، چراكانی قەڵایان هەڵگیرساند كە دەشتو دەری روون كردەوەو هەموو قەڵانشینان هاتنە سەیری كەمەر خان.

پاشان دوو کاتژمێرو نیو کە لە شەو تێپەڕی کەمەر خان بەرەو لای محەممەد خان گەڕایەوەو دەستی کردە ملیو ناوچاوانی ماچ کردو لەگەڵ خۆی بردی بۆ ناو شار. ئەو شەوە جەنازەی کوژراوەکان کۆ کرانەوەو بە خاك سپێردران.

بەیانی محەممەد خان دانیشتنێکی بە بەشداریی هەموو سەرکردەکانی زەندو کەڵهوڕو زەنگەنە پێکهێنا تا لە بارەی چۆنیەتیی گرتنی قەڵاو هێرش‌و یا ئاشتییەوە راوێژ بکەن.

هەروەك هەموو دیمان رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تۆپدا واتە خۆبەکوشتدان. لەبەر ئاگری زۆریی تۆپ‌و جێگەی گرنگی قەڵاو گرتنی ئەم قەڵایە بەم جۆرە ناکرێ. نادر زانیویەتی چی بکات‌و چۆن ئەم قەڵایە دروست بکات.

ئامادەبووان ئەم وتانەی سەرکردەی کەڵهوڕەکانیان پەسند کردو هەموو بەو ئاکامە گەیشتن کە تەنیا رێگەی خۆ بە دەستەوەدانی قەڵا تەواوبوونی خۆراکی ناو قەڵایە. کەوابوو ئەگەر گەمارۆ درێژە پێبدەن تا خواردن تەواو ئەبێت ئەوا قەڵا خۆی بەدەستەوە ئەدا. محەممەد خان قسەکەی پەسند کردو بڕیار درا سەنگەرەکان قایم بکەن. هەر سەنگەرەی بە ناوی فەرماندەکەیەوە ناو نا، تا دەرکەوێت چ فەرماندەیەك بە جوانی بەرگری ئەکات. بەم جۆرە سەنگەری زەنگەنە، سەنگەری کەڵهوڕو سەنگەری زەند دیاری کرا. لەوبەری چەمی قەرەسویشەوە سەنگەر دروست کرا تا بە تەواوی پەیوەندیی قەڵا لەگەڵ دەرەوە بڕا.

لەم دەمەدا محەممەد خان ناردی وەستای ئاسنگەری لە شارەکانی ترەوە کۆ کردەوەو فەرمانی دروستکردنی (٨) تۆپی دا. ئەم تۆپانە لە (٢٠) رۆژدا ئامادە کران‌و لە چواردەوری قەڵا دابەستران‌و بڕیار درا لە کاتی خۆیدا قەڵای





پێ تۆپباران بکەن. محەممەد خان کە زانیی تۆپەکان ئامادەن وتی:

- لە کاتی بەیانیو ئێوارەدا کە دانیشتوانی قەڵا سەرگەرمی نوێژکردنن لە چوار لاوە قەڵا بدەنە بەر تۆپ. پاش ئەم فەرمانە لە شەوێکی تاریکدا کە قەڵانشینەکان لەبیری هێرشدا نەبوون کەوتنە ژێر ئاگری تۆپەوەو بوو بە قیڕەو هەرا لەناو قەڵادا. کوشتارێکی باش لە قەڵا کرا. خەڵکەکە زۆر ترسان بەڵام لەوانە زیاتر عەبدولعەلی خان‌و میرزا محەممەد تەقی ئەترسان چونکە ئەیانزانی ئەگەر پزیسکێك بکەوێتە ناو باروتی قەڵاوە ئەوا قەڵا بە دانیشتووەکانییەوە ئەچێتە ئاسمان. خێرا کەوتنە خۆو هەموو باروتەکەیان خستە ناو چاڵێکی قووڵەوە لە بەشی باکووری قەڵاوە کە جێگەیەکی کەم خەتەرتر بوو. هەشتا هەزار گوللە تۆپ خرایە ناو چاڵ تا ئەگەر کەوتە بەر ئاگری تۆپی دەرەوە ئەوا زیان بە قەڵا نەگەیەنێت.

ئەم رەوشە سێ مانگ درێژەی کێشا لەبەر ئامادەکاریی باشی سەرکردەکانی قەڵا، هیچ زیانێك بە باروتەکان نەگەیشت، بەڵام کەمبوونەوەی خواردن قەڵانشینیانی تووشی ترس کرد:

رۆژێك هەموو لە ماڵی میرزا محەممەد تەقی کۆبوونەوەو وتیان: چون محەممەد خان بە دڵنیاییەوە قەڵای گەمارۆ داوەو هێزی ئەوان لە هی ئێمە زۆرترەو زۆریش هاتوونەتە پێشەوە، ئەمە بۆتە مایەی دڵنیایی دوژمن. ئەمە باشترین کاتە کە ئێمە گورزی خۆمان بوەشێنین، بەڵام چ کەسێ سەرەتا ئەم کارەی دەست پێئەکرد، ئەوە گرنگ بوو.

بڕیار درا لە کاتی شەودا (٢٥٠) چەکداری قەڵا بەرگی ئەفغانی لەبەر بکەن‌و هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکانی دوژمن لەلای رۆژهەڵاتەوە:

بڕیار درا دەرگای لای رۆژهەڵات کە ماوەیەك بوو گڵ

درابوو بە دەوریدا شەو بکرێتەوەو سوارەکانی قەڵا هێرش بکەنە سەر سەنگەری گەمارۆدەرانو بە زمانی ئەفغانی قسە بکەن تا دوژمن وا بزانێت ئەفغانی هێرشیان هێناوەو لە ترسا سەنگەر چۆڵ بکەنو ئەمانیش تۆپەکان بگرنو بیانهێننە ناو قەڵا. بەمجۆرە دەرگای قەڵا کرایەوەو (٢٥٠) سوارە هاتنە دەرو لەم کاتەدا تۆپەکانی قەڵا ئاگر درانو هێرشی سوارەکان کە بە جلوبەرگی ئەفغانیو بە زمانی ئەفغانییەوە قسەیان ئەکرد هێرشیان بردە سەر سەنگەر. سەنگەرنشینان کە ئەمەیان دی وایانزانی لەشکری ئازاد خانی ئەفغانییەو بۆ یارمەتیی قەڵا هاتووە، لە ترسا سەنگەریان چۆڵ کردو رایانکردو پەرشوبڵاو بوون.

ئەم پێشنیارەی عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی بەسوود بوو و بووە هۆی ترسی دوژمنو چۆڵکردنی سەنگەر. سوارەکانی قەڵا هاتنە سەنگەرەکان بۆ تاڵان، بەڵام هیچیان گیرنەکەوت مەگەر کەوشو کڵاوە کۆن، بەڵام بە ئامانجی خۆیان گەیشتبوونو توانییان دوو تۆپ بگرن.

لەم کاتەدا محەممەد خانی زەند هەواڵی ئەم هێرشەی بیستو زانیی کە سەنگەرنشینەکان رایانکردووە بۆیە بە چاکی سزای دان. پاشان مەلا عەبدولئەحەد شێخولئیسلام کە پیاوێکی زاناو تێگەیشتوو بوو لەگەڵ مەلا محەممەد زەکی قازی ناردە لای عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقیو ئەم پەیامەی بۆ ناردن:

ماوەی پێنج مانگە کە لە قەڵادا بەرگری ئەکەنو بوونە هۆی کوژرانی خەڵکێکی زۆرو هیچ کارێکیان بۆ نەکراوە. ئەگەر پێنج ساڵی تریش بەم جۆرە بڕوات زەندەکان لە





گرتنی قەڵا کۆڵ نادەنو درێژەدانی گەمارۆ ئەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی دوژمنایەتیتان لەگەڵ هۆزی زەند. ئەگەر واز لە بەرگری بهێننو قەڵا بدەنە دەستی لێپرسراوانی دەوڵەتەوە ئەوا من بەڵێنتان ئەدەمێ کە گیانو ماڵو ناموستان پارێزراو ئەبێتو رێزتان لێئەگیرێ. ئەگەر لەم فەرمانە سەرپێچی بکەن چیتر تەتەر رەوانەی لای ئێوە ناکەینو پاش ماوەیەکی دی کۆتایی بەم ئاژاوەیە دێنین.

سەرکردەکانی قەڵا پەیمانەکەیان بیستو ماوەی دوو رۆژ تەتەرەکانیان هێشتەوەو لەناو خۆیاندا کەوتنە راوێژکردن.

میرزا محەممەد رقێکی زۆری لە زەندەکان بوو و حەزی بە ئاشتی لەگەڵ محەممەد خان نەئەکرد، لەبەر ئەوە ئەم پەیامەی بە تەتەرەکاندا ناردەوە:

ئێمە لە وتەکانی محەممەد خانو سەرکردەکانی تر دڵنیا نینو بە بەرگریی خۆمان درێژە ئەدەین چونکە پیاوانە بکوژرێین باشترە لە سەرشۆڕی.

محەممەد خان پاش وەرگرتنی ئەم پەیامە گەمارۆی توندتر کردو چەند تۆپی بچوکیشی لە دەرەوەی قەڵا دابەستو دەرگای قەڵای دایە بەر تۆپ کە دەرگاکان خراپ بوون بەڵام دانیشتوانی قەڵا بە شەڕ گڵیان دایە پشتی دەرگاکان.

لەگەڵ درێژبوونەوەی گەمارۆ کەمبوونەوەی خواردن، عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی چەند کەسێکیان رەوانەی بەغدا کرد تا رەوشەکە بۆ لێپرسراوانی ئەوێ باس بکەنو داوای یارمەتی بکەن. ئەمە پاش یەك ساڵ لە گەمارۆکە بووەو هەردوولا هەر رۆژ کەللەشەقتر ئەبوون. خۆڕاگریی دانیشتوانی قەڵا ببووە هۆی تووڕەبوونو سەرسەختیی گەمارۆدەران.

تەتەرەکانی عەبدولعەلی خانو میرزا تەقی پاش پێنج رۆژ گەیشتنە بەغداو هەموو شتێکیان باس کرد، لەم دانیشتنەدا ئیسماعیل خانی فەیلیو مستەفا خانی شاملۆی بیگدلی ئامادە بوون.

مستەفا خان یەکێك بوو لە پیاوە ناودارەکانی ئەو دەمە لە زەمانی قادر شاداو بە ناوی ئیلچی (پالۆێز) بە دیارییەکی زۆرەوە لەلایەن نادر شاوە نێردرابووە دەرباری روم (واتە دەوڵەتی عوسمانی). مستەفا خان لە رێگەی بەغداوە بەرەو روم رێکەوتبوو بەڵام کە گەیشتبووە بەغدا هەواڵی کوژرانی نادر شای پێئەگات، لەبەر ئەوە چوونی بۆ ئەستانبول لە بەغدا کۆتایی دێتو لەوێ ئەمێنێتەوە.

مستەفا خان پیاوێکی ژیرو خوێندەوارو سیاسی بوو و لە دەرباری نادر شادا کاری کردبوو و لە رەوشی سیاسیی ئەزانیو سەرکردەکانی ئێرانی باش ئەناسی. ئەیزانی لەم کاتە ناسکەدا کەس بە بێ بەهانەو هۆیەك ناتوانێ لە کاروباری ئێراندا خۆی تێوەرداو بۆ ئەم کارە پێویستی بە ئامادەکاریو بەهانەیەکی بەجێ هەیە، بەڵام لە بەختی بەرزی ئەوان ئەو بەهانە کەوتە دەست مستەفا خانو ئەویش بەم جۆرە:

ماوەیەك پێش هاتنی تەتەری عەبدولعەلی خان، لاوێك هاتبووە بەغداو خۆی بە ناوی کوڕی شا تەهماسب ناساندبوو، ئەم هەواڵە بە مستەفا خانو محەممەد رەزا قورچی باشی کە لە زەمانی شا سوڵتان حسێندا دانرابوو بە قورچیو لە زەمانی نادر شادا دەستی لەکار کێشابووەو لە بەغدا مابووەوە، گەیشتبوو.

مستەفا خان بە باشی ئاگاداری بنەماڵەکانی شاکان بوو و باش ئەیزانی کاتێ مەحمودی ئەفغانی غلچەیی هێرشی کردە سەر ئسفەهان هەموو کوڕەکانی شای کوشتبوو و نێرینەی نەهێشتبووەوە. لەبەرە ئەوە باوەڕی بە





قسەی ئەو کابرایە نەبوو کە خۆی بە ناوی کوڕی شا سوڵتان حسێن ئەدایە قەڵەم. واتە تا گەیشتنی تەتەری عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد ئەم پیاوەی بە شێت ئەزانی، بەڵام کاتێ رەوشەکەی بەم جۆرە دیو لە بیروڕای خەڵکی ئێرانیشی شارەزا بوو بڕیاری دا رژێمێکی پاشایەتی بە ناوی ئەم پیاوەوە دامەزرێنێو خۆی هەڵسووڕێنەری کارەکان بێت. لەم ناوەدا محەممەد رەزا خان قورچی باشی کە لە پیاوە کۆنەکانی دەرباری سەفەویە بوو لەم بارەیەوە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ مستەفا خانو چون شارەزای تەواوی هەبوو لەسەر بنەماڵەی سەفەوییەکان وتی من ئەچم تا بزانم راستیی ئەم کارە لە چیدایە. ئایا ئەم کابرایە راست ئەکات یا نا. بۆ ئەم کارە محەممەد رەزا چووە ماڵی ناوبراوو دای لە دەرگا، کابرا دەرگای کردەوەو محەممەد رەزای هێنایە ژوورەوەو پرسیی کارتان چییە؟

- بیستوومە کە تۆ خۆت بە کوڕی شا ناساندووەو شتێك ئەڵێیت کە من باوەڕ ناکەم.

کابرا لەم قسانە تووڕە بوو و وتی:

- سەرەتا ئێوە بڵێن کە کێن؟ کە بەم جۆرە لەگەڵ شازادەیەکی ئێرانی قسە ئەکەیت. لەوە ناترسیت کە من لە داهاتوودا ببمەوە بە شاو تۆ سزا بدەم.

قورچی باشی سەیری کابرای کردو وتی:

- ئەی لاوی نەفام. بزانە تەنیا دە کەس هەن کە هەموو شازادەکانی سەفەوی بە ناو ئەناسن، یەکیان مستەفا خانە کە چەند جار ویستوتە چاوت پێ بکەوێت بەڵام ئەو رێگەی نەداوی چونکە ئەزانێت سەفەوییەکان کوڕیان نەماوە، دووەم کەسیش منم کە ئێستا لێرە دانیشتووم. ئەگەر بتوانی بە من بڵێیت کە لە کوڕانی سەفەوییت. من مستەفا خانو گەورەپیاوانی تر رازی ئەکەم کە لەگەڵ تۆ بەو جۆرەی شیاوە رەفتار بکەن.

کابرا لەم قسەیە خۆشحاڵ بوو، وتی:

- ئێستا تۆ هەموو بنەماڵەی سەفەوی ئەناسیت. من بەسەرهاتی خۆم باس دەکەم تۆیش هەرچیت پێویست بوو بپرسە:

ئەو رۆژەی مەحمودی ئەفغان هەموو شازادەکانی کوشت من هەشت مانگ تەمەنم بووە. یەکێك لە نۆکەرە دڵسۆزەکانی پاشا منی بە پیاوێکدا ناردووە بۆ رەشتو لەوێوە بە بەلەم منی بردۆتە روسی (روسیە)و لەوێ ماڵێکی گرتووەو ماوەی دوو ساڵ منی بەخێو کردووە. پاش دوو ساڵ کابرای باوەڕپێکراومان ئەم راستییەی بۆ پاشای ئەوێ باس کردووە. پاشای ئەوێ کە کچێك بوو من ئەباتە لای خۆیو پیاوێك دیاری ئەکات بۆ پەروەردەکردنی منو خۆیشی زۆر ئاگاداریی ئەکردم. دوای چەند ساڵ بە تەواوی چوومە دەربارەوەو هەمیشە لەلای پاشا بووم. رۆژێك داوای شتێکی لە من کرد کە من رازی نەبوومو گریانم هاتو پێم وت ئێستاکە دوژمنانی ئێمە تەواو بوونو بە سزای خۆیان گەیشتوونو، تەختی پاشایەتی لە ئێراندا خاڵییە، ئەگەر یارمەتیم بدەی کە ببمەوە بە پاشا، تا دنیا هەیە لە یادم ناچێتو ئەگەر ناکرێت ئەوا من ئەڕۆم تا لە وڵاتێکی تر داوای یارمەتی بکەم. پاشا لەم قسەیە تووڕە بوو و منی دەرکرد.

من مانەوەم لەو وڵاتە بە باش نەزانیو لەگەڵ پیاوەکەی خۆمان کە مەحمود بەگی ناو بوو لەبارەی گەڕانەوە گفتوگۆمان کرد. لەم کاتەدا پیاوەکانی شا هاتنو





منو مەحمودیان برد بۆ لای شاو ئەویش دڵنەوایی کردینو وتی چون ئەتەوێت بچیتەوە بۆ وڵاتی خۆت ئێمە یارمەتیی گەڕانەوەت ئەدەین. بە یەکێك لە ئامادەبووان فەرمانی دا منو مەحمود بەگی هێنایە دەرەوەو سواری بەلەمی کردینو لە ئاو پەڕاندینییەوەو لە وشکی وتی ئەمە خاکی ئێرانەو ناوچەی دەربەندە، من لەمە زیاتر ناتوانم بێم. منو مەحمود بەگ لەوێوە چووینە لای کازم خان بەڵام لەبەر ستەمگەریی ئەو لەو شارە دەرچووینو خۆمان لە کەس ئاشکرا نەکرد بە نیازی چوونە لای سوڵتانی رۆم هاتینە ئێرە. لە رێگەدا مەحمود بەگ مردو ئێستایش نیازم وایە بچم بۆ ئەستەنبولو داوای یارمەتی لە سوڵتان بکەم تا وڵاتەکەم بگرمەوە.

محەممەد رەزا خان لە بیستنی ئەم قسانە کەوتە بیرکردنەوەو پرسی:

- ئەزانی دایکت لە چ هۆزو چ بنەماڵەیەك بوو؟

کابرا وتی: لە مەحمود بەگم بیستووە کە ئەیووت دایکت کچی قەهرەمان خان بووە.

محەممەد رەزا خان بە بیستنی ناوی قەهرەمان خان فرمێسك کەوتە چاویو وتی: ئێستا بۆم دەرکەوت کە راست ئەکەیت. شێوەی قسەی محەممەد رەزا خان گۆڕاو خێرا هاتە دەرو بە پەلە چووە لای مستەفا خانو پاش یەك کاتژمێر گەڕایەوە بۆ لای کابرا. لە رێگە مستەفا خان لە بارەی قسەکانی شاهزادەی پرسیو محەممەد خان وتی:

قسەی ئەم شازادەیە راستە، چونکە کاتێ مەحمود ئەفغانی شاو کوڕەکانیو بنەماڵەی شای کوشت خەڵك زۆر

لەم رووداوە نیگەران بوونو لەوەی کە ئەم ئەفغانییانە دەسەڵاتدار بن ئەترسانو رۆژێك لە ماڵی دۆست کۆبوونەوەیەك پێکهاتبوو، هەموو ئامادەبوان لەم بارەیەوە باسیان بوو، یەکێك لە ئامادەبوان کە کاروباری ماڵی پاشای بەدەست بوو لە بارودۆخێکی ناوماڵو مناڵو زاووزێی ماڵی پاشا ئاگادار بوو پاش گریانێکی زۆر لەگەڵ ئەوەی لەلای دانیشتبوو و چرپەیەکی کرد. کابرایش وتی بەڵکو پاش ماوەیەکی تر بارودۆخ بگەڕێتەوە جێگەی خۆی. پاش ئەوەی ئامادەبوان زۆر هەوڵیان دا بزانن باسی چی ئەکەن. کابرا پاش ئەوەی هەمووی سوێند دا وتی پیاوێکی باوەڕپێکراو یەکێك لە مناڵە شیرخۆرەکانی شای لە وڵات بردۆتە دەرەوەو لە جێگەیەکی بێ خەتەری داناوە. بەو هیوایە پاش ماوەیەك بتوانێت تەختی پاشایەتی وەربگرێتەوە. ئامادەبوان هەموو دەستی دوعایان بەرز کردەوەو من لەو دانیشتنەدا ئامادە بووم. لەم رووەوە قسەی ئەم لاوەم باوەڕ کردووە. من خۆم دایکی ئەم کوڕە واتە کچی قارەمان خانم خوازبێنی کردووە بۆ شا تەهماسب.

لەم کاتەدا قورچی باشی سەیری مستەفا خانی کرد تا بزانێت ئایا قسەکانی ئەو کاری تێکردووەو پاشان درێژەی داو وتی:

ئەگەر ئەتەوێت بچیتەوە ئێرانو دەسەڵات پەیدا بکەیت واز لەم شازادەیە مەهێنە، ئەم شازادەیە بە خەڵکی عێراقو فارسو خوراسانو ئازربایجان بناسێنەو لەگەڵیدا بەرەو ئێران بکەوەرە رێو بەهانەیەکت لەم چاکتر دەست ناکەوێت.

مستەفا خان کە بە دوای بەهانەیەکی وادا بوو بەڵێنی دا بە قورچی باشی



قەڵای پەری

کە وا بکاتو لەگەڵ چەند پیاوێکی تردا چوون بۆ ماڵی شازادە.

شازادە کە سەری سوڕمابوو رووی کردە مستەفا خانو وتی:

- من چەند جارێك ویستم چاوم پێت بکەوێت بەڵام نۆکەرەکەت نەیهێشت، ئێستا خۆت هاتوویت بۆ ئێرە.

مستەفا خان بە هێواشی وتی:

- ئێستا هەموو شتێك گۆڕاوە.

مستەفا خان کاتێ هاتەوە ماڵ بە تەتەرەکانی عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی وت کە ئێوە لە کاتێکی باشدا هاتوون، بڕۆنو بڵێن کەوا بەم زوانە هێزێکی زۆر دێتە یارمەتیی قەڵاو عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەدیش ئەبنە کاربەدەستی دەرباری سوڵتان میرزای دووەم. مستەفا خان چەند رۆژێك تەتەرەکانی هێشتەوە تا هەموو شتێك بە چاوی خۆیان ببینن. بە پەلە هەواڵی پەیابوونی ئەم شازادەیەی بڵاو کردەوە. پاش ماوەیەکی کەم لە هەر لاوە سەرکردەکان بە هیوای جێگەو مەقامو هاوڕێیەتیی شا ئەگەیشتنە لای شازادە. تەتەرەکان لەم رووداوە سەریان سوڕماو بیریان لەوە ئەکردەوە کە چۆن ئەمە بگێڕنەوە تا باوەڕیان پێبکەن.

مستەفا خان کە لە کاروباری دەربار ئاگادار بوو شازادەی وا لێکرد کە ئەتووت ساڵەهایە پاشایە. پاش هەموو ئامادەکارییەکان بە سوڵتان میرزای دووەمی وت:

- شازادە ئەبێ سوێند بخوات کە هەمیشە ئاگای لە من بێتو هەرچی من ئەیڵێم بیکات، بە پێچەوانەی ئەم شازادەیە ئەخرێتەوە ئەم جێگەیەی ئێستاو لەوانەیە خراپتریش.

تەتەرەکان پاش وەرگرتنی نامە گەڕانەوە قەڵای کرماشان، لە کاتێکدا کە خۆراکی قەڵا لە تەواوبووندا بوو، نامەکەیان خوێندەوە:

پاشا ئاگادار کرا کە ئێوەی بەڕێز عەبدولعەلی خانو

میرزا محەممەد خانو فەرماندەکانی تری قەڵاو دانیشتوانی قەڵا داوای یارمەتیتان کردووە ئێستاکە پاشا لە دەستی دوژمن رزگاری بووەو بە یارمەتیی سوپای غەیبی لە روسیەوە گەڕاوەتەوە بەغدا تا تاجو تەختی پاشایەتی بسێنێتەوە، هەردوو پیاوی گەورەی دەرباری واتە مستەفا خانو محەممەد رەزا خانی قورچی باشی پێش هەموو کەس خۆیان پێناساندووەو چوونەتە ژێر فەرمانی ئەوەوەو، لەشکر پێك هاتووەو بەرەو کرماشان دێت.

دانیشتوانی قەڵا لەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوون. محەممەد خانی زەند لەو دەمەدا سەنگەرەکانی لە قەڵا نزیك کردبووەوەو هەمیشە لە بیری هێرشدا بوو. لەم کاتەدا هەواڵیان دا بە محەممەد خان کە تەتەرەکانی عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی هەواڵێکی گرنگیان لە بەغداوە هێناوە چونکە ورەی قەڵانشینەکان بەرز بووەتەوە. محەممەد خان ئاگاداری بارودۆخەکە بوو و تەتەرێکی رەوانەی ئسفەهان کردو هەواڵی بۆ کەریم خان نارد کە سوڵتان میرزای دووەم پەیدا بووە، لەم کاتەدا کارەساتێك رووی دا کە دانیشتوانی قەڵا بەم جۆرە نووسیویانە:

> دانیشتوانی قەڵا بەرگریی باشیان ئەکردو پاسەوانی تەواویان لەسەر بورجەکان دانابوو و ئامادەی شەڕ بوون. پیاوێکی نۆکەرو باوەڕپێکراو کە لە قورخانەی چیگردا بوو و هەمیشە ئەو ئەچوو کە باروت بهێنێت. ناوبراو کە لەبەر خاتری ئەوەی لە هۆزی زەندەکان بوو و بۆ ئەوەی محەممەد خانی زەند خۆشی بوێ. بینی کە محەممەد خان نزیکی پێنج شەش مانگە قەڵای گەمارۆ داوە بەڵام ناتوانێت بیگرێ. ئێستا ئەگەر ئەم ئاگرێك بخاتە ناو باروتخانەکەوە ئەوا





> بورجەکان ئەڕوخێنو خەڵکی قەڵا لە ترسا خۆ ئەدەن بەدەستەوە. لەم کارە محەممەد خان خۆشحاڵ ئەبێو رێزێکی تایبەتی بۆ ئەم کابرایە دائەنێتو پایەیەکی باشی لە دەرباری کەریم خان ئەداتێ. ئەم نەخشەیەی کێشابوو و چاوەڕوانی کاتێکی باشی ئەکرد. ئێوارەیەك ناردیان باروت بهێنێت ناوبراو لەگەڵ چەند کەسی دی چووە جێگەی باروت کە لە شوێنێکی قایمدا بوو و دوو مەتر گڵی بەسەرەوە بوو لە سەربانی باروتخانەکەدا گوللەتۆپەکان دانرابوون. ناوبراو چەند کیسە باروتی بە پیاوەکاندا لە پێش خۆیەوە رەوانە کرد، خۆی بە بەهانەی داخستنی دەرگا گەڕایەوەو پشکۆیەکی کە لە پارچەوە پێچابوو خستە ناو باروتەکەوەو هاتە دەرو دەرگای قفڵ دا. خۆی گەیاندە سەر دیواری قەڵا رووبەڕووی چەمی قەرەسوو. چاوەڕوانی تەقینەوە بوو و تا خۆ بگەیەنێتە محەممەد خان. ئەو شەوە هەینی بوو، باروتخانە لە نزیکی بورجی لای رۆژهەڵاتەوە بوو کە ئیمام وەردی بەگ بە خۆیو بیست کەسەوە پاسەوانییان ئەکرد.

دانیشتوانی قەڵا ئەو شەوە لە هێرشی دوژمن بێ خەم بوونو هەریەك سەرگەرمی کاری خۆی بوو. عەبدولعەلی خانو میرزا تەقی خانو سەرکردەکانی تر بۆ نوێژکردن چووبوونەوە ماڵی خۆیان. کاتژمێرێكو نیو لەم رووداوە تێپەڕیبوو و خەڵك خەریکی پشوودان بوونو تەنیا یەك کەس چاوەڕوانی کارەساتی ئەکرد، ئەویش ئیمام وەردی بوو کە چاوەڕوانی تەقینەوەی ئەکردو لەبیری ئەوەدا بوو ئاگرەکە نەکوژابێتەوە، بەڵام ئەو لە کاری خۆی دڵنیابوو، ئەیزانی بە زوویی باروتخانە ئەتەقێتەوە. ئیمام وەردی لەم خەیاڵەدا بوو کە لەناکاو بانی باروتخانە چووە هەواو بە ئەندازەی سی

مەتر زەویی چاڵ کردو هەر سێ بورجی بە دیواری قەڵاوە لێك هەڵوەشاندو خەندەق پڕبووەوەو ئیمام وەردی لەگەڵ دیواری بورجەکەدا بەرز بووەوە.

کەسێك کە خۆی ڕووداوەکەی دیوە ئاوا ئەنووسێ:

> لە دەنگی تەقینەوەی باروتخانەو تێکچوونی بورجەکانی قەڵاو تەقینەوەی گوللەتۆپەکان ترسی لە دڵی دانیشتوانی قەڵا نیشت، ئەت وت ڕۆژی قیامەتە. هەر کەس هەوڵی ڕزگارکردنی گیانی خۆی ئەدا. لە ترسی هێرشی دوژمن چەکدارانی قەڵا تفەنگ‌و تۆپەکانیان ئاگر داو بوو بە تەقەیەکی وا کە گەمارۆدەرانیش وایانزانی لە قەڵاوە هێرش کراوەتە سەریان‌و لە ترسی ئەوە سەنگەریان چۆڵ کردو بەرەو دەشتودەر ڕایان کرد.

محەممەد خانی زەند لەگەڵ براکانی‌و ڕاوێژکارەکانی لە کۆشکی شاردا سەرگەرمی ئاخاوتن بوون لەبارەی شەڕەوە، بەهۆی تەکانی تەقینەوەکە هەموو کەوتنە زەوی‌و دەرگاو پەنجەرەی کۆشك هەموویان شکان‌و نووسەرەکەی محەممەد خان لە دوو لاوە سەری شکا (میرزا ڕەحیم بروجردی). لەم کاتەدا هەرا کەوتە نێو سوپای محەممەد خانەوە، لەبەر ئەوە محەممەد خان ویستی بزانێ ئەو ڕووداوە چییە، سەرەتا وایزانی لە قەڵاوە زەوییان دڕیوەو هاتوون تا ئەو بکوژن، بەڵام کاتێ ئاگرو دوکەڵ‌و دەنگی تەقینەوەی ناو قەڵای دی هاتە سەربانی ماڵەکە تا بزانێت چی ڕووی داوە. ئاگری تەقینەوە قەڵای وەك ڕۆژ ڕووناك کردبووەوە، محەممەد خان نەیزانی بە ڕاستی چی ڕووی داوە، فەرمانی دا چەکدارەکان لە دەوری قەڵا بکشێنەوە تا بزانن ئەم ڕووداوە چییە.

لەولایشەوە ئیمام وەردی خان کە ئەم کارە خراپەی کردبوو بە هیوای ئەوەی پاداشتێك وەرگرێت، لەسەر دیواری بورج تەماشای ئەکرد. کاتێ





گوللەتۆپەکان چوونە هەواو کەوتنەوە ناو قەڵا شەش کەسی لەناو قەڵا کەوتنە ژێر تەقینەوەی ئەم گوللەتۆپانەو پارچە پارچە بوون کە یەکێکیان ئەمیر عەبدوڵڵا ناسراو بە ئەمیر پڵنگی بوو. کاتێ تەقینەوە ڕووی دا ئیمام وەردی خان لەگەڵ دیواری بورج بەرز بووەوەو کەوتە ناو ئاوی چەمەکەوەو بێهۆش بوو و کاتێ بەهۆش هاتەوە دیی کە ڕزگاری بووە:

> بە خۆشحاڵییەوە دەستی هێنا بە ڕیشیداو پێکەنی‌و بە جلوبەرگی تەڕەوە ڕووی کردە سەنگەرەکانی محەممەد خان، بەڵام سەنگەری بە چۆڵی دی. ڕووی کردە شارو چووە لای محەممەد خان‌و کڕنوشی برد. محەممەد خان کە لەم کارەساتە ترسابوو و بە دوای هەواڵدا ئەگەڕا. ئەم کابرایەی دی کە وەك مەیمونی لێهاتبوو و بە جلوبەرگی تەڕەوە بێ ترس لە بەردەمی خاندا وەستابوو و پێئەکەنی. محەممەد خان پرسی: تۆ کێیت‌و؟ لە کوێوە بەم جۆرە دێیت؟. کابرا (ئیمام وەردی خان) ڕووداوەکەی بە وردی گێڕایەوەو چاوەڕوانی ئافەرین‌و خەڵات بوو. محەممەد خان تووڕە بوو و وتی: ئەی حەرامزادە چۆن کاری وا خراپت کردووەو خەڵکی بێ تاوانت بەم جۆرە کوشتووە؟ ئێمە ڕازی نین بە ناپیاوانە خەڵك بکوژی‌و بە بێ فەرمانی ئێمە ئاگر بەردەیتە خەڵك‌و چاوەڕوانی ئافەرینی ئێمە بیت. ئەوانە ئەگەر ئێستا وا سەرسەختی ئەکەن لە دواییدا دێنەوە لای ئێمەو برای ئێمەن. کەوابوو ئێستا بە سزای خۆت ئەگەیت. خێرا فەرمانی دا بیکوژن. پاسەوانەکان خەریك بوون سەری لە لەشی جیا بکەنەوە کە هەندێ لە سەرکردەکانی زەنگەنە پاڕانەوەو وتیان جارێ مەیکوژە با زیندان بێت تا بزانین

چی روو ئەداتو چی بەسەر قەڵانشینەکان هاتووە. پاش پاڕانەوەیەکی زۆر محەممەد خان وتی جارێ مەیکوژن بەڵام سەرەوژێر هەڵیواسنو بە دار لێیدەن تا جلەکانی بە خوێنی خۆی ئەخوسێ. پاسەوانەکان فەرمانیان بەجێ هێنا. قەڵانشینانیش پاش تەواوبوونی تەقینەوە دییان کە سەنگەرەکانی گەمارۆدەران خاڵیو هێرش لە گۆڕێدا نییە.

پاش کۆتاییهاتنی تەقینەوەو کوژانەوەی ئاگر عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقیو سەرکردەکانی تر کۆ بوونەوەو بارودۆخەکەیان هەڵسەنگاندو بۆ ئەوەی هۆی تەقینەوەکە بزانن سەردانی بورجەکەی ئیمام وەردی خانیان دا. بەڵام ئیمام وەردی بەگیان نەدیو باروتخانەکەیش نەمابوو. زەوی بە قووڵیی بیست مەتر هەڵکەنرابوو بە جۆرێك کە ئاوی تێهابوو. عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەدو سەرکردەکانی تر سەریان سوڕمابوو، هەریەك بە جۆرێك رووداوەکەیان شی ئەکردەوە، هەموو لە خۆڕاگرییی نائومێد ببوونو سەرکەوتنی محەممەد خانیان لا مسۆگەر ببوو. یەکێ لە سەرکردەکانی ئامادە ببوو وتی:

ئێستا کە دوژمن لە پشتی قەڵاوەیەو بارودۆخ ئاوا ناسکە نابێ ئێمە بێ هیوا ببنو هیچ نەکەین، نابێ ورە بەردەین. کەم کەم سەرکردەکان کەوتنە خۆو بڕیار درا دیواری قەڵا چاك بکەنەوە. هەموو دەستبەکار بوونو کەوتنە دیوارکردنو، پاسەوانی زۆریان دانا، کیسەی گڵیان وەك کیسە زنجی ئێستا لەباتی دیوار هەڵچنی، تا رۆژ بووەوە هەموو دیوارەکانیان چاك کردەوە، جەنازەکانیان لەژێر دیوارە رووخاوەوە دەرهێنان.

لەملایشەوە محەممەد خانی زەند کە بە تەواوی لە رووداوەکە گەیشتبوو





تا رۆژبوونەوە چاوەڕوان مایەوە. ئەگەرچی ئەوکاتە باشترین کاتی هێرش بوو بەڵام هێرشی نەکرد. بەیانی فەرمانی دا تا دوو تۆپی دیکە رووبەڕووی دەرگای قەڵا دابەستنو کەوتە تۆپبارانی قەڵا بەڵام بە ئازایەتیی قەڵانشینان تۆپەکان بێ دەنگ کران.

پیاوەکانی محەممەد خانیش ئەو رۆژە خەریکی دروستکردنەوەی سەنگەرەکانیان بوون کە بەهۆی تەقینەوەکە خراپ ببوون. لەولایشەوە کاتێ پاسەوانەکان چوونە زیندان دییان ئیمام وەردی بەگ مردووە. محەممەد خان سەری سوڕما کە چۆن ئەم کابرایە کە لە تەقینەوەو کەوتنە خوارەوە لەسەر دیواری قەڵا نەمردبوو بەڵام لەم جێگەیەدا کە خەتەری نەبوو مردووە. هەرچی سەیریان کرد جێگەیەکیشی نەشکابوو.

لەم دەمەدا کە قەڵانشینان دوای ئەو کارەساتە ورەیان لەدەست دابوو هەواڵ هات کە هێزێکی گەورە بە فەرماندەی شازادەیەك لە تایەفەی سەفەوی دێتە یارمەتیی قەڵا. مستەفا خانو عەلی مەردان خانی بەختیاری دوژمنانی سەرسەختی کەریم خان لەگەڵ ئەم هێزە بوون. بەم شێوەیە:

مستەفا خانی بگدلی هەموو ئامادەکارییەکی بۆ سوڵتان کردبوو و هەواڵی ئەم شازادەیەی گەیاندبووە سوڵتانی عوسمانیو ئەویش فەرمان بە سلێمان پاشا بدات بۆ یارمەتیدانی تا سوڵتان حسێن میرزا بگەڕێتەوە سەرتەخت لە ئێران. بەڵام سوڵتانی عوسمانی ناردنی سوپا بۆ ئێران بە چاك نەزانیو داوای مستەفا خانی کرد تا بچێتە ئەستەنبول، کە ئامانج لەم کارە هێشتنەوەی مستەفا خان بوو لە ئەستانبول تا کاتێ ئەم ئاژاوەیە کۆتایی دێت. مستەفا خان بەم سیاسەتەی زانیو بە بەهانەی نەخۆشییەوە خۆی لەم سەفەرە دزییەوەو داوای گەڕانەوەی ئێرانی کرد. لە وەڵامدا

به سلێمان پاشای والی فەرمان درا ئەگەر مستەفا خان راست ئەکات‌و ئەم کابرایە بە راستی شازادەیە ئەوا تا سەر سنوور رەوانەی بکەن‌و نەچنە ناو سنووری ئێرانەوە. سلێمان پاشایش بە حەوت هەزار لە سوپای مین چری‌و سرون کچریەوە هاتنە لای سوپاکەی شازادە مستەفا خان‌و عەلی مەردان خان بە دە هەزار سوارەوە لە رێگەی کوردستانەوە لەگەڵ شازادە بەرەو ئێران رێکەوتن.

مستەفا خان کە ناسراویی پێشووی لەگەڵ ئازاد خان هەبوو نامەیەکی بۆ نووسی‌و نامەیەکی شازادەیشی بۆ نارد تا بە خۆی لەشکر ئازربایجانەوە پەیوەندی بەوانەوە بکەن. بەڵام چون قسەو پەیامەکەی شا زۆر نەزانانەو دێهاتیانە بوو و لە قسەی شازادە نەئەچوون، لەبەر ئەوە مستەفا خان‌و عەلی مەردان خان ئەمەیان پێ باش نەبوو کەوتنە گفتوگۆو راگۆڕینەوەو چەند کەسێکی ژیریان رەوانەی ئازربایجان کردو خۆیان کەوتنە تاووتوێکردنی شازادەو بۆیان دەرکەوت کە کوڕی تورکێکی دێهاتی ئازربایجانە کە بە ترکمە بەناوبانگن‌و دایکی ئەرمەنی‌و هێشتا لە ژیاندایە.

لێرەدا شازادە بە درۆ دەرچووو هەرسێ دوژمنەکەی کەریم خان کەوتنە سەر رێگەیەکی بەستراو. مستەفا خان‌و عەلی مەردان خان‌و ئازاد خان سێگۆشەیەکیان پێك هێنا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات‌و بەهانەی باشیشیان لەدەست دابوو. مستەفا خان کە ئەم کۆمەڵەیەی لە خۆی کۆ کردبووەوە، لەوەی کە شازادە بە درۆ دەرچووە نیگەران بوو و هەرچەند خۆی لە پێشدا باوەڕی بەم کابرایە نەبوو بەڵام نەیئەزانی بەم زوانە ئەم راستییە دەرئەکەوێت‌و دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی ئەم سوپایەی کە فەرماندەکەی





سوڵتان میرزا یا یەك ئەرمەنی تورکمەییە.

عەلی مەردان خان‌و مستەفا خان کە چاوەڕوانی گەیشتنی ئازاد خان‌و لەشکری ئازربایجان‌و بەختیاری‌و فەیلی بوون لە رێگە راوەستان، ترسی ئەوەیان بوو کە لەشکرەکە بڵاوە بکات. مستەفا خان لەگەڵ عەلی مەردان خان‌و چەند سەرکردەیەکی تر کۆ بوونەوەو مستەفا خان وتی:

- ئێستا کە وایە نابێ ئەم نهێنییە بدرکێت، چون لەوانە لەشکر بڵاوە بکات‌و گیانی خۆشمان بکەوێتە مەترسییەوە. چارەی ئەم کارە ئاسانە، خۆم ئەم کابرایە دێنمەوە خوارەوە. وا بڵاو ئەکەینەوە کە سوڵتان نەخۆشەو پاشان ئەڵێین شێت بووەو لە کۆتاییدا لەناوی ئەبەین.

ئەحمەد حەکیمی ئسفەهانی دیاری کرا تا دەرمانی هەمەجۆر بدا بە شاو تا وردە وردە لەناوی بەرن، بەڵام حەکیم نەخشەیەکی تری کێشابوو:

هاتوچۆی بۆ لای پاشا قەدەغە کرد، بە ناوی ئەوەی فەرمان ئەبات بەڕێوە، دەرمانی بێ زیانی ئەدا بە شا کە بە ناو شێت ببوو بەڵام هیچی نەبوو. لەم کاتەدا هەندێ لە سەرکردەکانی فەیلی‌و بەختیاری کە لەسەر داوای عەلی مەردان خان‌و ئیسماعیل خان هاتبوون داوای چاوپێکەوتنی شایان کرد، بەڵام وتیان کە شا نەخۆشەو هەرکات چاك بووەوە چاوتان پێی ئەکەوێت. حەکیم سەرگەرمی دەرمانی شا بوو، ئەوانیش نەیانئەزانی چی بکەن.

ئەم سەرکردانە کە حەزیان بە چاوپێکەوتنی شا ئەکردو ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوێی بوون زۆریان بۆ هات:

ئەوانەی تازە لە هۆزی فەیلی‌و بەختیارییەوە هاتبوون‌و ئەیانویست شا ببینن دوای ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی کە

نەیانتوانی شا ببینن. وتیا کە ئەم پیاوە شازادە نییەو ئەم چەند کەسە بە درۆ ئەمەیان سازاندووە تا بەم هۆیەوە لەشکرێك پێکەوە بنێنو بەناوی شازادەوە خەڵك فریو بدەنو پلەوپایەیەك بۆ خۆیان پەیدا بکەنو بەسەر دوژمنەکانیاندا زاڵ بن، کە ئەمە تەنیا خەیاڵێکی پووچە، لەبەر ئەوە هەر رۆژ سەدان سوار بێ ئیجازە ئەگەڕانەوە ماڵی خۆیان.

لە ماوەیەکی کەمدا لەشکر کەم بووەوە. ئەم هەواڵە واتە پەیدابوونی شازادەو پشتیوانیی مستەفا خانو عەلی مەردان خانو ئیسماعیل خانو پاشای بەغدا گەیشتە کەریم خانی زەند. خێرا لە ئسفەهانەوە خۆی گەیاندە هەمەدان. مانگێك پێش خۆی شێخ عەلی خانی زەندی بە (١٦) هەزار کەسەوە نارد بۆ یارمەتیی محەممەد خان لە کرماشان تا قەڵای کرماشان بگرن، شێخ عەلی خان بەو لەشکرەوە گەیشتە بێستونو پاشان لە قاقوستان هۆبەی هەڵداو ناردی بە دوای محەممەد خاندا تا لەبارەی چۆنیەتیی گرتنی قەڵاوە راوێژ بکەن. دانیشتوانی قەڵا بە شێخ عەلی خانیان راگەیاند کە کاری گرتنی قەڵا تا هاتنی کەریم خان دوا بخات چونکە چەند مانگە لە هەموو هێرشێکدا کوشتارێکی زۆر لە سوپای محەممەد خان دەکرێتو قەڵانشینەکان بێ زیان بوون.

لەملایشەوە کەریم خان خۆی گەیاندە هەمەدانو لەوێ هێزەکەی زیاتر کردو بە (٤٢) هەزار جەنگاوەرەوە بەرەو کرماشان هات. نووسەری رووداو ئەنووسێ:

کاتێ کەریم خان گەیشتە بێستون خێرا توراب خانی نهاوەندیو عەبدولرەزاق خانی عەبدولمەلکیو دوو کەسی تری نارد بۆ قەڵاو ئەم پەیامەی نارد:





ماوەی (١٤) مانگە کە ئێوە خۆتان راگرتووەو پیاوانە بەرگریتان کردووەو لە هەردوولا کەسێکی زۆر کوژراوە، ئێستاکە من خۆم هاتووم ئەگەر دەست لە خۆڕاگریو کەللەشەقی هەڵگرنو ملکەچ بن بەڵێنتان ئەدەمێ کە گیانو ماڵتان پارێزراو ئەبێ، بە پێچەوانەوە ئەگەر وازنەهێنن چەند هەزار کەس بۆ گەمارۆی قەڵا دائەنێمو خۆم ئەچم دوژمنان (شازادەی درۆیی) سەرکوت ئەکەمو پاشان بە تەواوی هێزەوە گەمارۆتان ئەدەمو هیچ هێرش ناکەم بەڵکو رێگەی هاتووی قەڵا ئەبڕم، تاوەکو خواردن تەواو ئەبێتو خۆتان ئەدەن بەدەستەوە. ئەو کاتە چاوەڕوانی بەزەیی نەبنو هیچ پەشیمانی لەو کاتەدا بەکەڵك نایەتو گیانو ماڵتان لەدەست ئەدەن.

دانیشتوانی قەڵا هەواڵی هاتنی کەریم خانیان نەبوو و تەنیا لەبیری گەیشتنی خۆراكو یارمەتیو هاتنی شازادەدا بوون، تەتەری کەریم خان گەیشتە ناو قەڵاو پەیامەکەی گەیاند. لە ماڵی عەبدولعەلی خان کۆ بوونەوەو بە تەتەرەکانیان وت ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە قسەی پیاوانی کەریم خان ببوایە بەم جۆرە خۆڕاگریمان نەئەکردو ئێستاکەیش کە باوەڕمان نییە خۆمان داوەتە بەر چارەنووسو هەرچی ئەبێ با ببێ. تا توانامان هەیە بەرگری ئەکەین. سەرەتا عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی قسەی خەڵکەکەیان پەسند کرد پاشان دوای راوێژ ئەم وەڵامەیان پێ جوان نەبوو، خەڵکەکەیان بێ دەنگ کردو بڕیاریان دا چەند کەسێکی جێی باوەڕ لەگەڵ نوێنەرەکانی

کەریم خاندا بنێرنە لای کەریم خان تا داوای عەفوو لێبوردن بکەنو وتیان هەرکات کەریم خان بە قورئان سوێند بخوات کە گیانو ماڵی گەمارۆدراوان لە مەترسیدا نابێت ئەوا خۆیانو قەڵا ئەدەن بەدەستەوە. بۆ ئەم کارە عەبدالی خانی وەلی بەگ قلعە بەگیو جەعفەر بەگی وەکیلی تۆپخانە لەلایەن عەبدولعەلی خانو لەلایەن میرزا محەممەد تەقییەوە نووسەری ئەم بابەتە دیاری کرانو رەوانەی لای کەریم خان کران. لە بێستون چوونە لای کەریم خان، نوێنەرەکانی قەڵا پەیامەکەیان گەیاند، کەریم خان وتی عەبدولعەلی خان بێ تاوانەو ئەوەی رووی داوە خەتای میرزا محەممەد تەقییەو عەبدولعەلی خان عەفو ئەکەم بەڵام تۆڵە لە میرزا محەممەد تەقی ئەکەمەوە. وەلی بەگ وتی کاتێ عەبدولعەلی خان دڵنیا ئەبێت کە بە قورئان سوێند بخوێت. کەریم خان بە قورئان سوێندی خوارد کە چون روون بووەتەوە عەبدولعەلی خانو پیاوەکانی بێ تاوانو هەمووی لەژێر سەری میرزا محەممەد تەقییەوەیە ئەوا عەبدولعەلی خانو پیاوەکانی عەفو ئەکەم بەڵام میرزا محەممەد تەقی عەفو ناکەم. نووسەری ئەم بابەتە کە نوێنەری میرزا محەممەد تەقی بوو و برازای ناوبراو بە وەلی بەگی وت ئێستاکە کە تۆ لەلایەن خۆتو عەبدولعەلی خانەوە دڵنیا بوویت پێویستە لەلایەن میرزا محەممەد تەقیشەوە دڵنیا بیت، وەلی بەگ وتی من کارم بەوە نییە. کەریم خان زۆر لە میرزا تووڕەیە لەوانەیە ئەگەر قسە بکەم لە پەیمانەکەی منیش پەشیمان ببێتەوە. نووسەر لە جێگەی خۆی هەستاو چووە پێشەوەو وتی: جەنابتان ئەڵێن





عەبدولعەلی خانو پیاوەکانی بێ تاوانو عەفو ئەکرێن بەڵام میرزا تەقی تاوانبارە، ئێستا کە میرزا محەممەد تەقی تاوانبارەو داوای عەفو ئەکاتو لە کردەوەی خۆی پەشیمانە زیاتر پێویستی بە عەفو هەیە، واتە عەفو بۆ تاوانبارانە. عەفوکردن تاوان بۆ شا جوانە نە بەخشینی بێ تاوان.

کەریم خان ئەم وتانەی پێخۆش بوو و سەرکردەکانی زەند هەموو ئەمەیان پەسند کرد. کەریم خان خێرا بە قورئان سوێندی خوارد کە لە تاوانی میرزا محەممەد تەقی خۆش ئەبێت. توراب خانو عەبدولرەزاق خانو کەمەر خانی برازای محەممەد خان لەگەڵ نوێنەرانی قەڵا هاتن بۆ لای عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی. سەرەتا عەبدولعەلی خانو میرزا ویستیان نەچنە لای کەریم خان بەڵام پاش گفتوگۆیەکی زۆر رازی بوون. بە سواری لە قەڵا هاتنە دەرو هاتن بۆ لای کەریم خان. کەریم خان چەند سەرکردەی ناردە پێشوازیو بە رێزێکی زۆرەوە پێشوازیی لێکردن. دوای چەند رۆژ پاسەوانی لە دەرگای قەڵا داناو فەرمانی دا کە سوکایەتی بە کەس نەکرێتو پیاوەکانی عەبدولعەلی خانو هەرچی هەیانە بەرەو ئسفەهان بە رێ بکرێنو پیاوەکانی میرزا محەممەد تەقیو هەرچی پێیان ببرێنەوە ناو شاری کرماشانو بچنەوە ماڵی خۆیانو، عەلی مەردان خانی زەند لەلایەن محەممەد خانەوە کرا بە والیی کرماشانو قەڵاو تۆپخانە خرایە ژێردەستی. عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی لەگەڵ خۆیدا هێشتەوە. دوای چەند رۆژێك بۆ شەڕ لەگەڵ شازادە رووی کردە کوردستان.

لەملایشەوە مستەفا خانو عەلی مەردان خانی بەختیاری چاوەڕێی هاتنی ئازاد خانیان ئەکردو لە کێوەکانی باباویە مابوونەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێ ورەتر ئەبوون، لەم کاتەدا هەواڵی ڕووداوەکانی قەڵای کرماشانو هاتنی کەریم خانیان پێگەیشت. لەم دەمەدا ئازاد خان بە خۆیو (٢٠) هەزار جەنگاوەری پڕ چەکەوە لە تەبریزەوە هاتبووە نزیکی کوردستانو تەتەری نارد بۆ لای مستەفا خانو هەواڵی هاتنی خۆی پێدابوو. لەم هەواڵە مستەفا خانو پیاوەکانی خۆشحاڵ بوونو کەوتنە نەخشەکێشان.

مستەفا خانو عەلی مەردان خان لە چوار فرسنگی (قاصدان) چاوەڕێی گەیشتنی سوپای ئازاد خانیان ئەکردو شازادەیان خستبووە ژێر چاودێریی رابکاتە لای کەریم خان. سەنگەربەندیان کردو (٥) هەزار لەشکری نیکچری عوسمانی کە ئازاتر بوون لە پێشەوەی سەنگەر دانرانو سوپای بەختیاریو فەیلی لەلایەکی تری سەنگەرەوەو سوارەکانی ئێرانیو عوسمانی پێکەوە سەنگەریان گرتو لەم کاتەدا سوپای کەریم خان گەیشتو شەڕ دەستی پێکرد:

شێخ عەلی خان لە پێش سوپاوە بوو، گەیشتە لەشکری شازادەو ئامادەی شەڕ بوو. لەم کاتەدا کەریم خانیش گەیشت. کەریم خان فەرمانی شەڕی دا بە شێخ عەلی خان، ئەویش کە پیاوێکی ئازا بوو بە (٥٠٠) سوارەوە هێرشی کردە سەر سەنگەری عوسمانییەکان. لەم هێرشەدا هەندێ لە سوارەکانی شێخ عەلی خان کەوتنە بەر گوللەو کوژران. بەڵام شێخ عەلی خان نەگەڕایەوە دواوەو خۆی گەیاندە سەنگەرەکانو چەکدارەکانی دوژمنیان دایە بەر شمشێرو هەندێکیان کوشتو ئەوانی تر رایانکرد. عەلی مەردان خان کە ئەمەی دی شازادەی سوار ئەسپەکەی خۆی کردو لە ڕێگەی چیاوە بۆی دەرچوو. مستەفا خانیش سواری ئەو





مایینە بوو کە لە والیی بەغدای وەرگرتبوو (مایینێکی بەناوبانگ بوو)و رایکرد. بەڵام سوارێکی زەند بە یەك نێزە لە مایینە خستییە خوارو دیلی کردو لەگەڵ مایینەکە هێنانی بۆ لای کەریم خان. کەریم خان وتی:

لەم تەمەنە زۆرەدا بۆ ئەم کابرا نەناسراوەت کردووە بە شازادەو ئەم ئاژاوەیەت ناوەتەوە؟ ئێستایش بە سواری ئەو مایینە بەناوبانگە ئاوا کەوتیتە داوی ئەم سوارەو سوکایەتیت پێبکرێ؟ بەڵام چون نەزانیو شایانی سواری ئەم مایینە نیت ئەبێ بتکەین بە گسکدەر. لەم کاتەدا گسکدەرێکی بانگ کردو وتی کە کڵاوەکەی خۆی بکاتە سەری مستەفا خانو گسکێکی دایە دەستیو ماوەی دوو کاتژمێر بەم جۆرە لە بەردەمی کەریم خاندا ڕاوەستا. لەسەر داوای هەندێ لە سەرکردەکان کەریم خان مستەفا خانی دایە دەستی عەلی خانی زەند تا بیخاتە زیندانو، هەرچی پارەو ماڵی مستەفا خان بوو کە زەمانی نادر شا پێکییەوە نابوو کەوتە دەستی سوپای کەریم خان.

ئازاد خانی ئەفغان کە هەواڵی کەریم خانی بیست لە ترسا ڕێگەی خۆی گۆڕیو بەرەو ئازربایجان گەڕایەوە. ئەم هەواڵە بە کەریم خان گەیشتو ئەویش کەوتە دوای ئازاد خان.

# بەشی شەشەم

**ئازاد خانی ئەفغان**

(ئازاد خانی ئەفغنی غلیجای) خەڵکی کابولی ئەفغانستانو لە گەورە پیاوانی ئەفغانی بوو. پاش گرتنی کابول لەلایەن نادر شاوە، ئازاد خان هاتە لای نادرو ئیبراهیم خانی برازای نادر شاو ناوی خانی دا بە ئازاد. پاش شکانی ئیبراهیم خان لە شاروخ شا ئازاد خان بە (١٥) هەزار کەسەوە هاتە ناوچەی قەزوینو کاتێ بارودۆخی ئێرانی بە ئاڵۆزی دی خۆی گەیاندە ئازربایجانو لەوێ مایەوە. لە ئازاربایجان وەك شوێنەکانی دیکەی ئێران کەس لە کەس بوو. فەتح عەلی خانی ئەفشارو شاباز خان لە ئازاد پشتیوانییان کردو کردیانە سەردارو گورزی دەستیانو قەڵای ورمێیان پێگرت کە قەڵایەکی قایم بوو. لە هەمان کاتدا ئازاد خان لەلایەن عەلی مەردان خانو مستەفا خانەوە بانگهێشت کردبوو تا پێکەوە کەریم خان تێك بشکێنن. وەك پێشتر باس کرا شکانی مستەفا خانو عەلی مەردان خان ئازاد خانی ناچار کرد کە بکشێتەوە. کەریم خان زانیی ئازاد خان بۆ شەڕی ئەو هاتبوو ویستی تۆڵەی لێبکاتەوەو سەرکوتی بکات. بەڵام محەممەد خانو شێخ عەلی خان ئەم کارەیان زۆر بەلاوە باش نەبوو. لەم کاتەدا تەتەرێك لەلایەن ئازاد خانەوە هاتو وتی:

- خانی زەند. من نامەیەکی گرنگم لە ئازاد خانەوە هێناوەو ئەبێ وەڵامەکەی وەربگرمەوە.





کەریم خان کە بیرەوەریی باشی لە تەتەر نەبوو وتی بەیانی وەڵام ئەدەمەوە.

محەممەد خانو شێخ عەلی خان لە پەیامی ئازاد خان زۆر خۆشحاڵ بوونو چاوەڕوانی وەڵامی کەریم خان بوون. وەڵامی کەریم خان بە دڵی ئەو دوو فەرماندەیە نەبوو. تەتەرەکەیان راگرت تا بەڵکو بڕیاری کەریم خان بگۆڕنو، بە کەریم خانیان وت: ماوەیەکی زۆرە ئەم سوپایە لە ئامادەییو شەڕو گەمارۆدایە، ئێستا کە دوژمن ئاوا لاوازیی خۆی دەرئەبڕێ ئەمە سەرکەوتنە، مەگەر خان سەرکەوتن بە چی ئەزانێ؟

کەریم خان وتی:

- ئەگەر ئازاد خان راست ئەکات ئەبێ خۆی بە پێی خۆی بێتە ئێرە. ئەوکات ئەیبەخشم.

تەتەر ئەم پەیامەی بۆ ئازاد خان بردەوەو، دووبارە هاتەوە لای کەریم خان. ئەمجارەیش وەك پێشوو محەممەد خانو شێخ عەلی خان لەگەڵ کەریم خان کەوتنە راوێژ. کەریم خان وتی:

- باشتر وایە ئامادەی شەڕ بین تا ئەم کابرایە دەرس دادەین. ئێمە هیچ دوژمنییەکمان لەگەڵ ئەو نەبوو، ئەو سوارەکانی بۆ کوشتنی ئێمە ناردە ئێرەو ئێستاکە ئەزانێ شەڕی پێناکرێ داوای لێبوردن ئەکات.

کەریم خان ئەمانەی وت کە بووە هۆی نیگەرانیی محەممەد خانو شێخ عەلی خان. کەریم خان ئەیووت ئازاد خان لە داهاتوودا ئەبێتە دەردی سەر بۆیان چونکە ئێستا بێ بەهانە شەڕ ئەفرۆشێت، لە داهاتوودا دیار نییە چی ئەکات. بەڵام محەممەد خانو شێخ عەلی ئەیانووت: راستە ئێمە هیچ کارێکمان بەو نەبووە بەڵام ئەویش هێشتا هیچی نەکردووە، کەوابوو وازی لێبهێنە. دانیشتنەکە بێ ئەنجام نیوەشەو کۆتایی هات.

کاتێ وەڵامی کەریم خان گەیشتەوە بە ئازاد خان، ناوبراو مەرجەکانی کەریم خانی پەسند نەکرد چونکە ئەیزانی ئەیەوێت سوکایەتیی پێبکاتو لەگەڵ فەرماندەکانی دانیشتنێکی پێکهێناو وتی:

- تەنیا ڕێگەیەکمان لە پێشە، یا ئەبێ بکوژرێین یا ئەبێ بەسەر کەریم خاندا سەرکەوین. ئێوە دیتان من تکام لە کەریم خان کرد کە وازمان لێبهێنێت بڕۆین بەڵام ئەو رازی نەبوو، کەوابوو با خۆمان بکەینە فیداو بکوژرێین چونکە لە سوکایەتی باشترە. هەموو بە جارێك وتەکانی ئازاد خانیان پەسند کردو ئامادەی شەڕ بوون.

شەڕێکی سەخت لە نێوان دوو سوپادا دەستی پێکرد. لەم شەڕەدا لەشکری ئازاد خان ئازایانە شەڕی ئەکردو زۆریان بۆ لەشکری کەریم خان هێنابوو. ئەو رۆژە بە پێچەوانەی شەڕەکانی تر محەممەد خانو شێخ عەلی خان شەڕیان نەئەکرد، تەنیا بەرگرییان لە خۆیان ئەکرد.

ساردبوونەوەی سەرکردەکانی زەند لەم شەڕەداو ئازایەتیی ئەفغانییەکان تەرازووی هێزی بەلای ئازاد خاندا گۆڕی. کەریم خان شکاو لەگەڵ هێزەکەی رووی کردە (کمازان)و پاشان قەڵای پەری. پارێزگاری قەڵای دا بە چەند کەسو پارێزگاری لە خواردەمەنی دا بە محەممەد خانو شێخ عەلی خانو خۆی لەگەڵ ئەسکەندەر خانی دایك برای چوو بۆ ئسفەهان. ئازاد خان پاش ئەم سەرکەوتنە ناوبانگی دەرکردو بەهێز بوو و عەبدولعەلی خانو میرزا محەممەد تەقی چوونە لای ئازاد خان. ئازاد خان خەیاڵی پاشایەتی دای لە سەری. بۆ ئەوەی کۆسپەکانی سەر ڕێگەی لابەرێت رووی کردە قەڵای پەری تا کەریم خان لەناو بەرێ. ئەگەرچی ئازاد خان کەریم خانی گیر نەکەوت بەڵام دەستکەوتێکی باشی کەوتە دەست.

محەممەد خانو شێخ عەلی خان لەگەڵ ماە مەنزەری دایکی کەریم خانو





چەند سەرکردەیەکی تر دانیشتبوونو خەریکی گفتوگۆ بوون. محەممەد خانو شێخ عەلی خان باوەڕیان وابوو کە کەریم خان نە ئەبوو ئەو کاتە شەڕ لەگەڵ ئازاد خان بکات. دایکی کەریم خان کە دیی ئەم دە فەرماندەیە دڵگیر بوون کەوتە دڵنەواییو وتی:

- ئێوە نابێ لەم شتانە دڵگیر ببن چونکە ئێوە ئازاو ناسراونو کەسانێ ئەبێ لەم شتانە دڵگیر بن کە لە هونەری شەڕ ئاگادار نین. ئەگەر سەربازێك لە درەنگ گەیشتنی خۆراكو پێویستی دڵگیر ببێت گرنگ نییە بەڵام فەرماندەیەك کە وڵاتێك ئەبات بەڕێوە نابێ لە هەڵەیەکی وا بچوك زویر ببێت.

محەممەد خانو شێخ عەلی خان لەم وتەیەی ماە مەنزەر سەریان سوڕما، لەم کاتەدا باسەکەی بەم جۆرە گۆڕی:

- ئەوەی چوو، چوو، ئێستا ئەبێ هەڵە دووبارە نەبێتەوە، ئەبێ هەموومان ئاگادار بینو لەم هەموو زەخیرەو پارەیەی ناو قەڵا پارێزگاری بکەین.

لەولایشتەوە ئازاد خان بۆ گرتنی کەریم خان رووی کردبووە قەڵای پەری، گەرچی ئازاد خان لەناکاو هێرشی هێناو سوپایەکی بەهێزیشی لەگەڵ بوو بەڵام زانیی قەڵای پەری بە هێرش ناگیرێت، لەبەر ئەوە هەوڵێکی دیکەی دا:

ئازاد خان کە کەوتبووە دوای کەریم خان کاتێ گەیشتە قەڵای پەری دیی کەریم خان رووی کردۆتە ئسفەهانو سەرکردەکانی تری زەند وان لە ناو قەڵادا. پیاوێکی باوەڕپێکراوی ناردە لای شێخ عەلی خانو محەممەد خانو پەیامی نارد کە: من نەمئەویست لەگەڵ ئێوە شەڕ بکەم

بەڵام هەرچی پاڕامەوە کەریم خان رازی نەبوو، ناچار شەڕمان کردو ئێمە سەرکەوتین، ئێستا وا چاکە لە قەڵا بێنە دەرو چاومان بە یەك بکەوێت. سەرکردەکانی زەند لە تەتەری ئازاد خان تووڕە بوون. ئازاد خان چەند رۆژێك قەڵای گەمارۆ دا. جەنگاوەرانی زەند لە قەڵا ئەهاتنە دەرو شەڕیان ئەکردو ئەگەڕانەوە. ئازاد خان لە ئازایەتیی زەندەکان ترساو کەوتە فێڵو تەڵەکە، چەند کەسی تری نارد بۆ قەڵاو داوای ئاشتیی کرد، بەڵام زەندەکان وتیان ئەوە لە دەستی ئێمەدا نییەو کەریم خان ئەزانێت. ئازاد خان کە ئەمەی بیست قازیی لەشکرەکەی کە ناوی قازی عومەر بوو بانگ کرد، ئەم قازییە پیاوێکی ساختەچیو لە فێڵو تەڵەکەدا رووی شەیتانی سپی کردبوو، بە قازیی وت تۆ ئەنێرم بۆ قەڵا هەرچۆن بووە ئەبێ سەرکردەکانی زەند رازی بکەیو لەگەڵ خۆت بیانهێنیت. قازی وتی ئەمە کارێکی ئاسانەو خێرا خۆی گەیاندە قەڵای پەریو وتی:

ئازاد خان لە هاتن بۆ ئێرە پەشیمانەو ئەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئازربایجانو ئێستایش ئەیەوێت چاوی بە ئێوە بکەوێت تا پەیمانی دۆستی لەگەڵتان ببەستێتو ئەگەر ئەمڕۆ چاوی بە ئێوە بکەوێت بەیانی زوو ئەگەڕێتەوە. سەرەتا محەممەد خان رازی ببوو بەڵام سەرکردەکانی تر رازی نەبوون، بەڵام زمانی لووسی قازی هەموویانی رازی کرد. محەممەد خانو شێخ عەلی خانو سەرکردەکانی تر چوونە دیداری ئازاد خان. ئازاد خان خۆشحاڵ بوو، سەرەتا



قەڵای پەری

ڕێزی لێگرتنو بە ناوی تەماشاکردن شمشێرەکانی لێوەرگرتنو کاتێ دڵنیا بوو هەموویانی گرت. کاتێ سەرکردەکان ئاگاداری فێڵو فریوی ئازاد خان بوون بێ دەنگ بوون. رۆژی دوایی ئازاد خان داوای پارەو زێڕی کردو سەرکردەکانی زەندی خستە ژێر ئەشکەنجەو پاش سەندنی زێڕو پارە هەموویان پێوەند کرد لەگەڵ دەستکەوتەکانی تردا بە ئامۆزایەکی خۆیدا بە حەوسەد سوارەوە ناردەوە قەڵای ورمێ.

محەممەد خانو شێخ عەلی خانیان قۆڵ بەست کردو قەڵای پەرییان گەمارۆ دا. ماه مەنزەر دایکی کەریم خان هەرچەند داوای کرد دەستی دیلەکان بکەنەوە بە قسەیان نەکرد. ئازاد خان فەرمانی دا بە عەلەم خانی ئامۆزای تا محەممەد خانو شێخ عەلی خانو دایکی کەریم خان لەگەڵ (٤٧٠٠) سواردا بباتە قەڵای ورمێ کە ئەوکات لە دەست ئازاد خاندا بوو. لەم کاتەدا ئێران چوار شای بوو کە یەکێکیان ئازاد خان بوو.

عەلەم خان بە دیلەکانەوە رێگەی ورمێی گرتەبەرو زوو زوو ئاگاداری دیلەکانی ئەکرد تا نەوەکو رابکەن. لە شەوێکی درەنگدا ماه مەنزەر بۆ کاری تایبەت دوورکەوتەوەو داوای لە پاسەوانەکەی کرد دەستی بکاتەوە. ماه مەنزەر هەرچەند زۆر پیر ببوو و سەری سپیو پێیان ئەوت (ماه بی بی) بەڵام هێشتا هەر ئازایەتیی لا مابوو. پاسەوان وتی ناتوانم دەستت بکەمەوە. دایکی کەریم خان وتی تۆ چ پیاوێکی کە لە ژنێکی پیری وەك من ئەترسی؟ پاسەوانەکە وتی من لە کەریم خانی کوڕی تۆیش ناترسم. دایکی کەریم خان وتی کەوابوو ئاوا ئازایت، دەستم بکەرەوە من راناکەم. پاسەوانەکە وتی دەستت ئەکەمەوە بەس لەبەر ئەوەی بیسەلمێنم کە لە زەندەکان ناترسم،

ئێمە ئەفغانینو ترسمان نییە. دایکی کەریم خان دەستی هێنایە پێشو وتی:

- ئەفغانی ئازا بزانم راست ئەکەیت.

کاتێ پاسەوان دەستی کردەوە بە پێکەنینەوە وتی: ئەفغانی ئێستا بیرەوەرییەکت ئەدەمێ کە لەبیرت نەچێت. تۆ دەرتخست ناترسی. بەو مەرجەی بە هاورێکانت نەڵێیتو ئەوانیش داوا نەکەنو من هەر ئەوەندەم پێیەو ئەیدەم بە تۆ. پاسەوان وایئەزانی پارەی ئەداتێ. بە پاسەوانەی وت رووت بکە بەولاوە تا دەریبهێنم. ماه مەنزەر خەنجەرێکی لە باخەڵی دەرهێناو کردی بە سکی ئەفغانییەکەداو جلوبەرگی ئەفغانییەکەی لەبەر کردو لەم بارەیەوە ئاوا نووسرا بوو:

بە پێی فەرمان عەلەم خان لەگەڵ (٧٠٠) سوار ئەفغانو (٤٠٠٠) سوار ئەفشاردا لە پەرییەوە بەرەو ورمێ بەڕێ کەوت.

کاتێ کە گەیشتنە ناوچەی بزاغج سەرکردەکانی زەندیان (دیلەکان) سوار ئەسپ کرد. سادق خان برای محەممەد خان کە پیاوێکی خڕەو ناشیرین بوو، وایانزانی نۆکەری محەممەد خانەو بۆ خزمەتکردن دەستیان نەبەستبوو و لە دواوە ئەڕۆی، چون کەوشی لە پێدا نەبوو قاچی بریندارو ماسی بوونو نەیئەتوانی بڕوات. محەممەد خان دڵنەوایی ئەدایەوەو خۆی دڵی پڕببوو و ئەگریا. کاتی پشوودان دیلەکانیان لە چادرێك داناو هەرچی زێڕو دەستکەوتی تر بوو لەلایەکی چادرەکەوە داناو خۆیان زۆر ماندوو بوونو پشوویان داو لە چادرەکانی خۆیاندا خەوتن. عەلەم خانیش بەو جۆرە لە چادری خۆی لێی خەوت. نۆکەرو دەستوپێوەندیش هەریەك لەلایەك پاڵکەوت.





ئەسپەکانیش بە زینەوە بەستراببوونەوە. محەممەد خان بە شێخ عەلی خانی وت روون نییە ئازاد خان چی لە ئێمە ئەکات. شێخ عەلی خان وتی هەموومان ئەکوژێتو ژنەکان داگیر ئەکات. لەم قسانەدا بوون کە پاسەوانێکی نێزە بەدەستیان دیو کاتێ بە وردی روانییان دییان (ماه بی بی)ی دایکی کەریم خانە. سەریان سوڕماو محەممەد خان وتی: ئەمە تۆیت؟ ئەم جلوبەرگە چییە؟ ماه بی بی وتی بێ دەنگ بەو دەستو پێی کردەوەو خەنجەرێکی دا بە محەممەد خانو دەستی هەموو دیلەکانیان کردەوە.

بەم شێوەیە هەموو دیلەکان ئازاد کرانو هەریەکە ئەسپێکیان دیاری کردو بە یەك جار هەموو هەڵیانکوتایە سەر پشتی ئەسپ. شەکر عەلی خان کە شمشێرێکی لە فەردەیەك ئاردا شاردبووەوە دەری هێناو خۆی گەیاندە چادری عەلەم خان، سەفەر عەلی خانیش کە دەمانچەیەکی حەشار دابوو دەریهێناو بە دوای شەکر عەلی خان کەوت. عەلەم خان لە خەو هەستاو ویستی هاوار بکات کە خێرا شەکر عەلی خان کوشتیو سەفەر خانیش بۆ دڵنیابوون دوو دەمانچەی نا بە سکییەوە. جەنگاوەرەکانی زەند کە هەموو سوارو چەکدار ببوون وەك گورگ کەوتنە ناو لەشکری ئەفغانو هاواریان ئەکرد کەریم خان هاتەوەو دیلەکانی رزگار کردووەو عەلەم خانی کوشتووەو ئێستا هەمووتان ئەکوژێت. لەشکر لە ترسی کەریم خان بڵاوەی کردو رایانکرد. ژنە دیلەکان کەوتنە گیانی پاسەوانی زێڕەکانو

راویان نانو هەموو شتەکانیان باری ئێستر کردو جەنگاوەرەکانیان لەم کارە ئاگادار کرد، هەموو لە ڕێگەیەکی ترەوە بەرەو چەمچەماڵ کە ناوچەیەکی کرماشان بوو ڕێکەوتن. ئەم (١٥) جەنگاوەرە ئەوەندە ئازایەتییان نواند کە لە ناو (٤٠٠٠) کەسدا توانییان خۆیان ڕزگار بکەنو دوژمن بشکێنن. پاش دوورکەوتنەوەی ئەمان لەشکر کەوتنەوە خۆو گەڕانەوە سەر چادرەکان، دییان عەلەم خان کوژراوەو نە دیل ماوەو نە دەستکەوت.

کە ئەمەیان دی ئەفغانییەکان سەریان سوڕما، لەو هەموو ئازایەتیو خێراییەی زەندەکان نەیانئەزانی چ وەڵامێك بە ئازاد خان بدەن. ئەم ڕووداوەیان بۆ ئازاد خان نووسیو ناردیان بۆ ئسفەهان. لەملایشەوە دیلەکان خۆیان گەیاندەوە چەمچەماڵ. بە گەیشتنی چەمچەماڵ کوردەکان بە (٣٠٠٠) سوارەوە هاتنە یارمەتییانو پاشان هۆزێکی بەناوبانگی خوڕەم ئاباد کە لەبەر ستەمی ئیسماعیل خان هاتبووە چەمچەماڵ بە (١٠٠٠) کەسەوە هاتە لای محەممەد خان. محەممەد خان خێرا پیاوێکی ڕەوانەی شیراز کرد تا کەریم خان ئاگاداری بارودۆخەکە بێتو بە کەریم خان هەواڵی ئازادیی خۆیان بدات. پاشان بەرەو بروجرد ڕۆیشت، کاتێ گەیشتە بروجرد پیاوەکانی محەممەد خان چەند کەسی ئەفغانییان کوشت. ئەم کارە واتە کوشتنی ئەفغانی لە ناوچەکانی ژێر دەستی کەریم خاندا باو بوو.

لەولایشەوە کەریم خان لە نێوان شیرازو ئسفەهان بۆ کۆکردنەوەی هێز لە هاتوچۆدا بوو بە (٦٠٠) سوارەوە. تا بچێ بە گژ ئازاد خانو محەممەد حەسەن خانی قاجاردا. لەم کاتەدا هەواڵی بیست کە محەممەد خانو دایکیو دیلەکانی تر عەلەم خانیان کوشتووەو خۆیان ڕزگار کردووەو بە چەند هەزار





کەسەوە وان لە بروجرد. کەریم خان خێرا بەرەو بروجرد کەوتە ڕێو لە ڕێگەدا هۆزەکان پەیوەندییان پێوە ئەکرد، وەك هۆزەکانی خزڵ، قەرەگوزلو، خدابەندەلوو هۆزە کۆچەرەکان. هاتنە یارمەتیی خان. لەولایشەوە ئازاد خان کە هەواڵی کوشتنی عەلەم خانو لەدەستچوونی دیلو دەستکەوتەکانی بیست بە هێزێکی گەورەوە ڕووی کردە بروجرد. کەریم خان کە زانیی ئازاد خان لە ڕێگەدایە لە بروجردەوە هاتە سیلاخور تا لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو ناوچەیە بکەوێتە کۆکردنەوەی هێز، بەڵام کەریم خان نەیتوانی سەرکردەکانی سیلاخور بکاتە هاوپەیمانی خۆی.

لەم کاتەدا ئازاد خان گەیشتە نزیکی سیلاخورو هۆبەی هەڵدا. خەڵکی ناوچەکە لە ترسی تالانکردنی ئازاد خان هەموو ژنو مناڵو سەروماڵاتی خۆیان دوور خستەوە. کەریم خان کە هێزێکی کەمی لەگەڵ بوو خۆی ئامادەی بەرگری کرد. ئازاد خان هێزەکەی کەریم خانی گەمارۆ دا. کەمەر خانی زەند برازای محەممەد خان بە تەنیا هێرشی بردە سەر ئەفغانییەکانو چوار کەسی لە ئەفغانەکان کوشت. لەم کاتەدا کەریم خان سێ کەسی ناردە یارمەتیی کەمەر خان. لەم کاتەدا سوارێکی ئەفغان بە ناوی عومەر خان هات کە کەمەر خان دیل بکات. لەم کاتەدا کەمەر خانیش ئەسپەکەی بەرەو عومەر خان تاو دا بە جۆرێك ئەم دوو سوارە دران بەیەکدا کە خۆیانو ئەسپەکانیان تێکەوە گلانو کەوتنە سەر زەوی. لەم کاتەدا سوارەیەکی تری ئەفغانی هاتو سەری کەمەر خانی بڕیو بردی بۆ ئازاد خان. سوارەکانی زەندیش خێرا سەری عومەر خانیان بڕیو بردیانەوە بۆ کەریم خان. کەریم خان دڵی پڕبوو و فرمێسك کەوتە چاویو خۆی گەیاندە لاشەی کەمەر خانو لەوێ ڕاوەستا:

کەریم خان نێزەکەی کرد بە زەویداو خۆی دا

بەسەریاو بە تووڕەیی سەیری سوپای ئەفغانی ئەکرد. ئازاد خان خێرا یەکێ لە فەرمانده ئازاکانی بە ناوی ئەشرەف خانو دە سواری نارد تا کەریم خان بگرن. سوارەکان ئەسپیان تاو دا. کەریم خان لە جێگەی خۆی نەجوولا تا سوارەکانی ئەفغان گەیشتنە دە هەنگاوی. ئەشرەف خان هاتە پێشەوەو نێزەو شمشێر لە دەستدا. لەم کاتەدا کەریم خان نێزەکەی کرد بە ورگی ئەشرەف خانداو لە ئەسپەکەی خستییە خوارو پاشان کەوتە گیانی سوارەکانی ترو یەکێکی تری لە سوارەکان کوشتو ئەوانی تر هەڵهاتن. پاشان کەریم خان هاتەوە ناو لەشکرەکەی. لەم کاتەدا ئازاد خان فەرمانی هێرشی دا، بەڵام کەریم خان بە بێ شەڕکردن لەگەڵ ئەسکەندەر خانی برایو محەممەد خانو شێخ عەلی خانو سەرکردەکانی تردا رووی کردە هەرسینو چەمچەماڵ.

ئەفغانییەکان کەوتنە تاڵانو چەند کەسێکیان کوشتو بە بێ شەڕ سەرکەوتن. پاش سێ رۆژ ئازاد خان سەرکەوتووانە رووی کردە ئسفەهان.

# بةشى حةوتةم

**شةرى كةريم خان لةطةلأ**
**ئازاد خان لة قومشة**

کەریم خانو ئەسکەندەر خانی برای کە لە سیلاخورەوە رایانکردبوو بەرەو شیراز چوونو لە رێگەدا زۆربەی هۆزەکان پەیوەندییان پێوە ئەکرد. کەریم خان ژنو مناڵو هەرچی بوویان لە جێگەیەکی بێ مەترسیدا دایناو خۆی دەستی کرد بە شەڕی پێشمەرگانەو لە هەر جێگەیەك ئەفغانیی ئەگرت ئەیکوشتن. ماوەی دوو مانگ بەم شێوەیە شەڕی کردو هێزی کۆ کردەوەو بە هێزێکی کەمەوە خۆی گەیاندە قومشەی نزیکی ئسفەهان. خەڵکی قومشە پەیوەندییان پێوە کردو قەڵای قومشەی ئاوەدان کردەوە. کاتێ ئازاد خان ئاگادار بوو فەتح عەلی خانی ئەفشاری بە (٨) هەزار سوارەوە نارد بۆ گرتنی کەریم خان لە قومشە. فەتح عەلی خان بە (٤) هەزار ئەفغانیو (٤) هەزار ئەفشاریی پڕ چەکەوە کەریم خانی کە سێ هەزار سواری لەگەڵ بوو گەمارۆ دا. شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی گەورەو پڕچەکی فەتح عەلی خانو هێزی کەمی کەریم خان رووی دا. ئەسکەندەر خان لەم شەڕەدا بە لێهاتوویی خۆی چەند جار هێزەکەی دوژمنی ناچار بە پاشەکشێ کرد. پاش شەڕو بەرگرییەکی زۆر فەتح عەلی خان نەیتوانی هیچ بکات لەبەر ئەوە پەیامی نارد بۆ ئازاد خان کە ئەگەر خۆت نەگەیتە ئێرە ئێمە تێك ئەشکێین. ئازاد خان بە هەموو هێزییەوە کە (٤٠) هەزار کەس بوو رووی کردە قومشە.





ئەسکەندەر خان ئەم هەواڵەی دا بە کەریم خانو وتی کە سوپای ئازاد خان زیاتر لە (٤٠) هەزار کەسەو ئێمەیش تەنیا سێ هەزار کەسمان هەیەو ناتوانین بەرگری بکەین، وتی:

هێزی دوژمن زۆرەو من بە تەنیایی خۆم ئەگەیەنمە ناو سوپای لای ئازاد خانو ئەگەر توانیم ئازاد خان ئەکوژم. ئەگەر کوژرا ئەوا زۆریی سوپا گرنگ نییەو ئێمە سەرئەکەوین، ئەگەر نەمتوانی ئەوا تۆ شەڕ مەکەو برۆ هێز کۆ بکەرەوەو تۆڵە بسێنەرەوە. پاش ئەمە خۆی ئامادە کردو ئەسپی تاو داو خۆی گەیاندە لەشکری ئازاد خان. ئازاد خان وایزانی ئەم سوارە تەتەری کەریم خانەو رێگەیان بۆ کردەوە، ئەسکەندەر خان یەکێك لە سەرکردەکانی ئەفغان لەلای ئازاد خان وەستا بوو بە ئازاد خانی زانیو نێزەی چەقاندە سکیو کوشتی. ئەفغانییەکان چواردەوری ئەسکەندەر خانیان گرت بەڵام ئەو توانی لە گەمارۆ دەرچێتو دایانە بەر گوللە کە چوار گوللەی لێدراو بە نیوە گیان خۆی گەیاندەوە کەریم خانو هاواری کرد کەسێکم کوشتووە ئەگەر ئازاد خان بوو ئەوا ئێمە سەرکەوتووینو ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا شەڕ مەکەن. دوای ئەم قسەیە گیانی دەرچوو.

پاش ناشتنی تەرمی ئەسکەندەر خان، کەریم خان بە چەند سوارەوە رووی کردە کەندمان. ئازاد خانیش بە پەلە لەگەڵ فەتح عەلی خان کەوتە دوای. کەریم خان بە سی سواری زەندەوە هات، ژنو مناڵەکانی هەڵگرتو دەرچوو. ئازاد خان تا (دی کورد) هاتو فەتح عەلی خان وتی تۆ چۆن لە

دوژمنێکی ئاوا کە گرتنی نزیك بووەتەوە واز ئەهێنی. ئازاد خان کە کەریم خانی باش ئەناسی وتی:

کوێستانەکانی بەختیاری جێگەی هۆزی زەندەو گەڕان لەم کێوانەدا بە چاك نازانم، لەوانەیە هۆزی بەختیاری یارمەتیی بدەنو ئەوکات ئێمە ئەبێ راکەین.

بەڵام فەتح عەلی خان هەر لەسەر قسەی خۆی سور بوو و شارۆخ خانی ئەفغانیش قسەی فەتح عەلی خانی پەسند کردو، بەم جۆرە ئازاد خانیان ناچار کرد کە بە دوای کەریم خان بکەوێتو لە دەربەندی (مرنج) گەیشتن بە کەریم خان.

کەریم خان سوارەکانی دوژمنی دیو بە شەکر عەلی خانی زەندی فەرمان دا تا ژنو منداڵەکان لە ئاوی چەم بپەڕێنێتەوەو خۆی لەمبەری چەم وەستا:

کەریم خان بە تەنیا لەمبەر ئاوەکەوە وەستاو کەوتە شەڕ لەگەڵ ئەفغانەکان تا ژنو منداڵەکان دوور بکەونەوە. شەکر عەلی خان ژنو منداڵی پێش خۆی دابوو، یەکێك لە ژنەکان کە منداڵێکی مەلۆتکەی پێبوو هێواش ئەڕۆی لە ترسی ئەوەی نەبا منداڵەکەی بکەوێتە رووبارەکەوە. کەریم خان لەبەر ئەوەی ئەفغانییەکان بە ژنەکە نەگەن منداڵەکەی بە سەری نێزەکەی خستە ناو ئاوەوەو کاتێ ژنو منداڵ لە چەم پەڕینەوە کەریم خان ئەسپی تاو داو لە ناوەڕاستی پردەکەدا قاچی ئەسپەکەی کەریم خان لە نێوان دوو بەرددا گیری کردو شەکر عەلی خان کاتێ ئەمەی دی خێرا قۆناغە تفنگێکی دا لە ئەسپەکەو ئەسپە بازی دایە دەرو قۆناغی تفەنگەکەیش شکا.





کاتێ هەموو لە پرد پەڕینەوە، کەریم خان فەرمانی بە شەکر عەلی خان دا کە ژنو منداڵەکان دوور بخاتەوەو وتی ئێمەیش لە دوای ئێوەوە دێین. لەم کاتەدا فەتح عەلی خانو شارۆخ خان گەیشتنە سەر ئاوەکە. کاتێ فەتح عەلی خان کەریم خانی تەنیا دی بە شارۆخ خانی وت: تۆ هەمیشە لای ئازاد خان ئەڵێیت خۆزگە کەریم خانم تەنیا گیر ئەکەوتو دەستم ئەبەستو ئەمهێنایە لات تا ئازایەتیی منو ئەو دەرکەوێت. ئێستاکە بە ئارەزووی خۆت گەیشتوویو ئەو سوارە تەنیایە کەریم خانە. ئەگەر راست ئەکەیت بڕۆو ئازایەتیی خۆت دەرخەو کەریم خان بگرە. شارۆخ خان ئەسپی تاو داو رووی کردە کەریم خان. گوللەیەکی نا بە کەریم خانەوە بەڵام نەیپێکا، کەریم خان نێزەیەکی کرد بە سکی شارۆخ خانداو لە ئەسپ خستییە خوارەوە، کەریم خان سوار ئەسپەکەی شارۆخ خان بوو. لەم کاتەدا یەکێك لە پیاوەکانی دوژمن، نێزەیەکی گرتە کەریم خان بەڵام کەریم خان خۆی لاداو شمشێرێکی دا لە کابرای ئەفغانیو کوشتی. زەبری شمشێری کەریم خان بەناوبانگ بوو و لە شەڕی دەستەویەخەدا کەس نەیئەتوانی لەگەڵ کەریم خان شەڕ بکات. سوارەی دوژمن نەیانوێرا لە کەریم خان نزیك ببنەوەو لە دوورەوە دایانە بەر گوللەو هەوایش لە تاریکبووندا بوو. کەریم خان بەم جۆرە رزگاری بوو.

فەتح عەلی خانی ئەفشار کە لەناو ئوزبەكو ئەفغانو ئەفشاردا لەبەر ستەمگەریو بێ بەزەیی بە (جاروب خان) بەناوبانگ بوو، گەڕایەوە لای ئازاد

خانو کەوتە هاشەوهۆشەو شکانی خۆی بە هەزار بەهانە بەستەوە. ناوبراو پاش تالانکردنی گوندەکانی ناوچەی کەندمانو دوای (١٧) رۆژ گەیشتەوە لای ئازاد خانو هەرچی دەست کەوتبوو لە ترسان کردییە دیاری بۆ ئازاد خان.

کەریم خان دوای ئەم شکستانە سوپاکەی بڵاوەی کردبوو، باشترین جێگە بۆ کەریم خان لە کاتی لاوازیدا قەڵای پەری بوو، تا لەوێ خۆی کۆ بکاتەوەو هێزێك بهێنێتەوە. محەممەد خانو شێخ عەلی خانیش دوای ئەو شکانە دڵگیربوون لە کەریم خان، سەرەتا هاتنە قەڵای پەریو پاشان روویان کردە چەمچەماڵ کە ناوچەیەکی کرماشانەو لەسەر رێگەی هەمەدان بە کرماشان. عەلی مەردان خان دوژمنی زەندەکان لەو ناوچەیەو لەناو هۆزی چوارلنگدا بوو. کاتێ بیستی سەرکردەکانی زەند هاتوونە چەمچەماڵ خێرا کوڕی زەمان خانی ناسراوو بەهزاد خانو فەتاح خانی بە سێ هەزار سوارەوە نارد تا محەممەد خانو شێخ عەلی خان بە فێڵ بگرنو بیانهێننە لای عەلی مەردان خان. عەلی مەردان خانی بەختیاری ماوەیەك بوو لەو ناوە بوو، واتە پاش شکانی لە شەڕی کەریم خاندا. ناوبراو کە زانیی کەریم خان شکاوەو محەممەد خانو شێخ عەلی خان هاتوونەتە ناو هۆزەکانی خزلو دلفان لە هەرسینو چەمچەماڵ خێرا ئەو هێزە سێ هەزار کەسییەی نارد تا بیانگرن (بە فەرماندەی سەلماس خانی حەوزتونی)، ئەم کابرایە ئازاو زمان لووس بوو، زۆر کاری بە سەرکەوتوویی ئەنجام دابوو. عەلی مەردان خان بە سەلماس خانی وت:

- کەریم خان ئاوارەیەو سەرکردەکانی پەرشوبڵاو بوونو نابێ مۆڵەتیان بدەین بکەونە خۆ، ئەبێ بە هەرجۆر بووە بیانهێنیت بۆ ئێرە.

سەلماس خان پرسی:

- خان سەلامەت بن، فەرمانی ئێوە بە جوانی ئەبەم بەڕێوە بەڵام ئەگەر





ئەکرێ بە وردی ئامانجی خۆتانم بۆ باس بکە.

عەلی مەردان خان کە لەم کاتەدا پیاسەی ئەکردو مووی سمێڵی خۆی ئەجوو و تووڕە بوو و بە توندی وتی:

- سەلماس! ئێمە هەرچی بە سەرمان هاتووە لە دەستی ئەم کەریم خانو براو کەسوکارەکانییەوە بووە.

تووڕەبوونەکەی بوو بە پێکەنینو چاوی بڕییە سەلماس خانو بە وردی وتی:

- هەموو بە قاچی خۆیان هاتوونەتە ناو داوەوە، بەڵام ئەگەر بزانن نەیانکوژین بە ئاسانی ناگیرێن. من ئەمەوێت بەهۆی ئەمانەوە کەریم خانیش بگرم. باش بزانە لێرەدا زمانی تۆ لە شمشێرەکەت بەسوودترە، ئیتر هیچی تر نالێم.

سەلماس خان بە سێ هەزار سوارەوەو پێویستیی تەواوەوە رووی کردە چەمچەماڵو هەرسین. محەممەد خانو شێخ عەلی خان میوانی حەیدەر خانی کمازانی بوون. کاتێ حەیدەر خان سەلماس خانو هێزەکەی دی زانیی شتێ لە ئارادایە، لە ترسی ئەوەی میوانەکانی لە ماڵی ئەودا نەکوژن خێرا مەڕێکی لە بەر پێی سەلماس خاندا سەربڕی. ئەو شەوە حەیدەر خانو سەلماس خانو محەممەد خانو شێخ عەلی خان پێکەوە دانیشتنو لەبارەی دۆستایەتیو برایەتییەوە قسە ئەکرا، سەلماس خان وتی:

- لەم دنیا بێ نرخەدا چی لە برایەتیو ئاشتی باشترە، راستە عەلی مەردان خان زەمانێك دژی کەریم خان بووە، بەڵام ئێستا ئەڵێ کە من نانو نمەکی خانم کردووەو ئەبێ قەرەبووی بکەمەوە. من رێز بۆ ئەم رەفتارەی ئەو دائەنێم. ئەو ئەیویست خۆی بێتە خزمەتی ئەم خانانەی زەند، بەڵام وتی من رووم نییەو منی نارد تا خانەکانی زەند دەعوەت بکەم بە برایەتیو

دۆستایەتی، هیوادارم ئێوەیش ئەم داوایەی من پەسند بکەن تا ئەم ناکۆکییە لە ئارادا نەمێنێ‌و ببنە پشتیوانی یەکتری، وەك ئەو کاتەی کە ئسفەهانتان گرتو بەسەر دوژمندا زاڵ بوون، ئێستاش دووبارە یەك بگرنەوە. عەلی مەردان خان ئەمەی بە من وتووەو منیش داوا لە حەیدەر خان ئەکەم تا مۆڵەت بدات ئێمەیش میوانداریی ئەم خانانەی زەند بکەین.

پاش ئەم دانیشتنە حەیدەر خان‌و محەممەد خان‌و شێخ عەلی خان چەند کاتژمێرێك راوێژیان کردو حەیدەر خان وتی:

- لە قسەکانیدا سور بوو لەسەر ئەوەی ئێوە لەگەڵ خۆیدا ببات، ئەگەر نەچن ئەوا شەڕ روو ئەداتو من ئامادەم پیاوەکانی خۆم بکەمە فیدای ئێوەی میوان. کەوابوو تا پیاوەکانی سەلماس خان لە خەودان بگەڕێنەوە قەڵای پەری کە لە هەموو جێگەیەك باشترە، من خۆم وەڵامی سەلماس خان ئەدەمەوە.

محەممەد خان کە یەکێك بوو لە سەرکردە هەرە ئازاکان ئەم قسەیەی لا ناخۆش بوو و وتی:

- من تا ئاخرین قەترەی خوێنم شەڕ ئەکەم.

بەڵام شێخ عەلی خان وتی:

- برای بەڕێز راستە سەلماس خان هاتووە ئێمە ببات بەڵام شێوەی رەفتاری ئەو جۆرێکە ناتوانین شەڕی لەگەڵ بکەین. ئەبێ باش بیر بکەینەوە، ئێمە ناچارین فەرمانی ئەو واتە دەعوەتەکەی بەجێبهێنین‌و لەگەڵیان بڕۆین بە وریایی، تا لە کاتی خۆیدا بڕیاری تەواو بدەین، ئەوان سێ هەزارو ئێمە کەمتر لە چل کەسین، لەلایەکی ترەوە ئەوان هەموو ئامادەکارییەکیان کردووە، پاسەوانی زۆریان داناوە تا ئێمە رانەکەین.

عەلی مەردان خان لەو کاتەدا لە دەربەند بوو هاتە پێشوازیی زەندەکان‌و بە گەرمی‌و رێزێکی زۆرەوە بەخێرهاتنی کردن، بەڵام محەممەد خان‌و شێخ





عەلی خان‌و سەرکردەکانی تر ئەیانزانی ئامانجی ئەو چییەو چیی لەمان ئەوێت.

عەلی مەردان خان پاش ماوەیەك وتی:

- نامەیەك بۆ کەریم خان بنووسن‌و داوای لێبکەن بە زووترین کات پەیوەندی بە ئێمەوە بکات تا سوپایەك کۆ بکەینەوەو تۆڵەی شکان بکەینەوە.

شێخ عەلی خان دوای سوپاسکردنی عەلی مەردان خان بە رێزەوە وتی:

- من کەریم خان بە باشی ئەناسم‌و ئەزانم کەریم خان بە نامە نایەتە ئێرە، خان ئەبێ بزانێت کە وایە، ئەگەر بە راستی ئەتانەوێت لەگەڵ کەریم خان وەك جاران یەکگرن ئەوە ئاسانەو من ئەو لەگەڵ خۆم ئەهێنمە ئێرە تا راستیی قسەی ئێوەی بۆ دەرکەوێت.

عەلی مەردان خان هەڵخەڵەتاو شێخ عەلی خانی رەوانە کردو چاوەڕوان مایەوە. ئەم کارەی شێخ عەلی مەردان خان، محەممەد خان‌و سەرکردەکانی تری لە مردن رزگار کردو لەلای عەلی مەردان خان بە گەرمی میوانداری ئەکران.

عەلی مەردان خان پاش ئەوەی دوو مانگ بەسەر چوو بەڵام لە شێخ عەلی خان‌و کەریم خانەوە هەواڵ نەبوو، تووڕە بوو و وتی ئێستا کە دەستمان لە کەریم خان گیر نابێ‌و شێخ عەلی خانیش دەرچووە ئەبێ ئەمانەی تر بکوژین. بڕیاری دا رۆژی دوایی تا ئێوارە ئەگەر شێخ عەلی نەهاتەوە ئەمان بکوژێت.

خانەکانی دەربەندو خەڵکی ناوچەکە لە ژێرەوە دەستی کەریم خان بوون بە تایبەتی ئیبراهیم خان کە پێشتر دۆستی محەممەد خان بوو و چەند جار لە قەڵای پەری ببووە میوانی محەممەد خان. بە دزییەوە محەممەد خانیان ئاگادار کردەوە، محەممەد خان سەرەتا ویستی لە هێزی خۆی کەڵك وەرگرێت بەڵام قسەکەی شێخ عەلی خانی هاتەوە بیر کە وتی بۆ جارێکیش

بووە بیر بکەرەوە.

شەو محەممەد خانو سەرکردەکانی تر کەوتنە بیرکردنەوەو بەو ئاکامە گەیشتن کە:

دەبێ ئێمە دەستپێشخەری بکەین پێش ئەوەی بکوژرێین ئەبێ بکوژین. واتە بکوژین بۆ ئەوەی نەکوژرێین، کەوابوو بەیانی ئێوە لە پشتی بەختیارییەکانەوە راوەستنو کاتێ من کڵاوەکەم بە دەست بەرز کردەوە دەستبەکار بن.

بەیانی دانیشتنێکی خۆش بەرپا بوو، سەرکردەکانی زەند لەگەڵ پاسەوانەکانی بەختیاری هاتنە ژوورەوە. خانەکانی زەند دوای داوایەکی زۆر نەیانهێشت بەختیارییەکان لە پشت سەریان راوەستن. پاش ئەوەی هەموو سەرکردەکانی زەند هاتنە ژوورەوە، دەرگاکان بەسترانو پاسەوانەکان نەیانهێشت کەس بچێتە ژوور یا دەرەوە، عەلی مەردان خان رووی کردە محەممەد خانو وتی:

- تۆ واتئەزانی عەلی مەردان خان پیاوێکی نەفامە، بۆچ شێخ عەلی خان منی فریو دا، ئەمەیە پاداشتی خزمەتی من؟!. خراپم کرد ئەم ماوەیە خزمەتو پشتیوانیی ئێوەم کرد، چەند جوێنی بە کەریم خانو شێخ عەلی خان دا.

محەممەد خان سەرەتا سەری داخستو بێ دەنگ بوو، بەڵام کاتێ عەلی مەردان خان درێژەی بە قسە دا، وتی تۆ لەبارەی ئێمەوە چۆنت بیر کردۆتەوە. ئایا وا ئەزانی ئێمە هەروا بە قسەی تۆ باوەڕ ئەکەین. تۆ ئێمەت بە زۆر هێناوەتە ئێرە، من بەڵگەم بەدەستەوەیە، ئەتەوێت پیشانت بدەم؟.

عەلی مەردان خان وایزانی سەلماس خان یا کەسێکی دی خەیانەتی لێکردووە، بە تووڕەییەوە وتی:





- چاوەڕیی چییت؟ بڵی کێ قسەی وای کردووە؟

محەممەد خان هەستایە سەرپێو کڵاوەکەی بەرز کردەوەو خستییەوە سەری. خێرا پشتێنەکەی عەلی مەردان خانی گرتو نایە سەرسەریو دای بە زەویداو خێرا خەنجەری نایە سەر ملی. لەم کاتەدا سەرکردەکانی تری زەند هەریەکە پاسەوانێکی کوشتو بینەری ئەم رووداوە ئەڵێ:

محەممەد خانی زەند لەگەڵ هاوڕێکانی کەوتنە بیرکردنەوەو وتیان ئەگەر بە شەو بیانەوێت رابکەن دوژمن ئەزانێتو ئەگەر رایش بکەن لە کێو ئەمێننەوەو لەناو دەربەندەکەدا ئەکەونە گیری خەڵکی ئەلوار یا ئەگەر دەربەندەکەیان لێبگرن ئەوا دەرچوونیان نییە. لەم خەیاڵانەدا بوون کە محەممەد خان وتی کە بەیانی بڕیارە عەلی مەردان خان ئێمە بکوژێت لەبەر ئەوە وەك جاران دائەنیشنو قسەی خراپ ئەکەن بۆ ئەوەی ئێمە تووڕە ببینو بەهانەیان دەستکەوێتو بمانکوژن کە دوایی نەڵێن لە خۆوە ئێمەیان کوشتووە، کەوابوو بە بیری من هەمووتان چەکەکانتان حەشار بدەنو ئامادە بچینە پێشوازیی عەلی مەردان خان. کاتێ دانیشتن من لای عەلی مەردان خان دائەنیشم، ئێوەیش دامەنیشنو هەردوو کەس لە پشتی سەری یەك سەرکردەی ئەوانەوە راوەستنو منیش کارێك لەگەڵ عەلی مەردان خان ئەکەم پاشان هەرچی ئەبێ با ببێ. رۆژی دوایی هەواڵی هاتنی عەلی مەردان خان درا. محەممەد خان پیاوێکی نارد بۆ لای عەلی مەردان خان کە ئەگەر بۆ دیدار دێیت ئەوا ئەو هەموو هێزە پێویست نییەو ئەگەر

ئەتەوێت بمانترسێنیتو یا بمانکوژیت ئەوا دە کەس بەسە. ئێمە چیمان لەدەست دێت. ئەگەر خۆی لەگەڵ سەرکردەکان بێت ئەوا مایەی خۆشحاڵیی ئێمەیە. عەلی مەردان خان بە بیستنی ئەم پەیامە سوارەکانی گێڕایەوەو خۆیو چوار فەرماندەو چەند نۆکەر هاتنە لای محەممەد خان. محەممەد خانو سەرکردەکانی زوو هاتنە پێشوازیی. پاشان هاتنە ناو چادرەکەوە. سەرکردەکانی زەند وەك برِیاری پێشوو لە پشتی بەختیارییەکانەوە راوەستان. عەلی مەردان خان داوای کرد دانیشن بەڵام محەممەد خان وتی راوەستاو بن، دەست کرا بە گفتوگۆ. عەلی مەردان خان باسی کەریم خانی کرد، بەڵام محەممەد خان نەیهێشت قسەکەی تەواو بێت وتی کەریم خان لە هاتنو نەهاتنی خۆی ئازادەو ئێمە دەسەڵاتی ئەومان نییەو ئێمە چ تاوانێکمان هەیە کە ئەتەوێت بمانکوژیت؟. عەلی مەردان خان پێکەنیو وتی دیارە هێشتا نەفامی، کە قسەی وا ئەکەی. محەممەد خان وتی ئەتەوێت فریومان بدەیو لە کاتی خۆیدا بمانکوژیت. پێش ئەوە ئێمە بکوژیت ئێمە خوێنی تۆ ئەرِێژین. پاش ئەمە شمشێرەکەی عەلی مەردان خانی دەرهێناو خستییە سەر ملی.

بەم جۆرە عەلی مەردان خانو سەرانی بەختیاری کوژرانو محەممەد خانو هاورِێکانی رزگاریان بوو.

# بەشی هەشتەم

**شەڕی ضارەنووس**

## تێکهەڵچوونی کەریم خانو ئازاد خانو محەممەد حەسەن خانی قاجار:

پاش شکانی کەریم خان لە قومشە ئازاد خان هاتە ئسفەهانو دەسەڵاتی گرتەدەستو، هەموو ئەو کەسانەی کەریم خان یا شارۆخ شای ئەفشار دایاننابوون، لای بردنو کەسی سەربەخۆی لە جێگەی دانان. کەریم خانیش بە شێوەی پێشمەرگەیی کەوتە کوشتنی ئەفغانییەکان تا کاتێ توانیی لە شیراز جێگەیەك بۆ خۆی دروست بکات. لەلایەکی ترەوە ئازاد خان وایزانی دوژمنی نەماوە لەبەر ئەوە ناوەندی دەسەڵاتی خۆی لە ورمێوە هێنایە ئسفەهان. لێرەدا مێژوو دووپات ئەبێتەوە، ئەمجارە شا ئیسماعیلی سێیەم لە جێگەی شا سوڵتان حسێنو ئازاد خان لە جێگەی مەحمود خانی ئەفغان دێنە سەر سەکۆی سەربازی، بەڵام بە کوشتارو خوێنڕشتنێکی زیاترەوە. ئازاد خان پاش گرتنی ئسفەهان رووی کردە کۆشکی شا، شا لە ترسان چووە پێشوازیی ئازاد خانو خێرا تاجەکەی خۆی نایە سەر ئازاد خان. خەڵکی ئسفەهان تا ئەو کاتە ئاسایشیان نەدیبوو و هەمیشە ئەکەوتنە بەر تاڵانو رووتکردنەوە بەڵام بە هاتنی ئازاد خان خەڵکی ئسفەهان کەوتنە بەر ستەمو رووتاندنەوەیەکی وا کە هەرگیز نەیاندیبوو. پیاوەکانی ئازاد خان بەزەییان بە کەسدا، نە ژن نە منداڵ، نەئەهاتەوە، هەرچییان لەدەست هات ئەیانکرد.





لەم کاتەدا کەریم خان لە شیراز هێزی کۆ ئەکردەوە. ئازاد خان نامەیەکی بۆ سەرکردەکانی شیراز لەبارەی کەریم خانەوە نووسیو بە چوار ئەفغانیدا ناردی. کاتێ گەیشتنە شیراز خەڵك رێگەیان پێنەدان چونکە هەموو پشتیوانی کەریم خان بوون. ئەفغانییەکان هاتنەوە ئسفەهانو رووداوەکەیان بۆ ئازاد خان باس کرد. ئازاد خان لەمە تووڕە بوو و وتی:

- ئەگەر بگەمە شیراز کارێك ئەکەم شیرازییەکان بکەمە پەندی دەوران.

شیراز لە ئسفەهان بەهێزتر نییە، لە پەڕتووکی (مجمل التواریخ)دا ئاوا هاتووە:

> ئازاد خان بۆ کوشتاری خەڵکی شیراز بە سوپایەکی خوێنڕێژەوە بەرەو شیراز کەوتە رێ. کاتێ کەریم خانو خەڵکی شیراز ئاگادار بوون هەموو لە شاجراغ کۆ بوونەوەو پەیمانی هاوکارییان دا. کەریم خان بڕیاری دا لەگەڵ خەڵك دادپەروەر بێتو ستەم لە کەس نەکات. بەم جۆرە ئامادەی شەڕ بوون، بە محەممەد عەلی خانی خشتی کە خەڵکی خشتو سەرۆك هۆز بوو فەرمانی دا تا دەربەند بگرێتو بەرگریی لێبکات. محەممەد عەلی خان بە چوار هەزار کەسەوە ئەملاو ئەولای دەربەندی گرتو خۆی حەشار دا. کاتێ لەشکری ئەفغان گەیشتنە ناو دەربەندو محەممەد عەلی خان فەرمانی دابوو تا کاتێ هەموو لەشکری ئەفغان ئەگەنە ناو دەربەند کەس تەقە نەکات. لەشکری ئەفغان هەموو گەیشتنە ناو دەربەند، لەم کاتەدا درانە بەر دەستڕێژی گوللەو کوشتارێکی زۆریان لێکرا. ئەفغانییەکان توانای بەرگرییان نەبوو، هەرچی پێیان بوو بەجێیانهێشتو

هەڵهاتن، بەڵام نەیانتوانی لە دەربەند بچنە دەرەوە، زۆربەیان کوژرانو ئەوەی توانیی خۆی رزگار بکات بەرەو عێراقو خوزستان رایکرد. محەممەد عەلی خان ئەو هەموو دەستکەوتەی گرت.

ئەم شەڕە چارەنووسسازە لە کارزون رووی دا، ئەم شوێنە تا شیراز سەد کیلۆمەتر ئەبێت. محەممەد عەلی خانی خشتی کە بە ناوچەکەی خۆی باش ئاشنا بوو بە چوار هەزار کەسەوە هاوکاریی کەریم خانی ئەکردو سوپای ئەفغانیی هێنایە دەربەندو ئاوا تێکیشکاندن.

ئەم دەربەندە هەموو زیخو لمەو چواردەوری تەپەو کێوە، لە هەندێك شوێندا ئەوەندە تەنگەبەرە کە تێپەڕبوونی مرۆڤ بە سەختی ئەنجام ئەدرێ. ئەم دەربەندە وەك دەربەندی قەڵای پەری وایە کە ئەفغانییەکان لەو شوێنەیش شکابوون. کەریم خان گەڕایەوە شیرازو ساڵح خانی بەیاتی لەسەر کار لابرد (ناوبراو شارۆخ شا داینابوو). ساڵح خان دواتر لەلایەن عەلی مەردان خانەوە کرابووە والیی شیرازو کەریم خان لایبردبوو، بەڵام کاتێ کەریم خان شیرازی جێهێشتبوو دووبارە خۆی کردبووەوە بە والی. ئەم جارەی دوایی کە کەریم خان هاتەوە شیراز محەممەد عەلی خانی زەند خێرا چوو ساڵح خانی کوشتو بەم جۆرە شیراز بووە ناوەندی فەرمانڕەوایی کەریم خان.

## شۆڕشی نەسیر خانی لاری:

کەریم خان پاش سەرکەوتنی بەسەر ئازاد خاندا هاتەوە شیراز. کات بەهار بوو و هەوای شیراز خۆشو شاعیرانە بوو، خەڵی لار لەبەر گەرما بە زۆری ئەهاتنە شیراز. یەکێك لەوانە نەسیر خانی لاری بوو کە هەمیشە لەبیری ئەوەدا بوو دەسەڵاتی شیراز بگرێتە دەست. ناوبراو چەند هەزار چەکداری





ئازاو لێهاتووی لەژێر فەرماندا بوو. نەسیر خان بە پشتیوانیی ئەم هێزەیو بارودۆخی ناوچەکە دەسەڵاتێکی بۆ خۆی پێکهێنابوو. هەر رۆژ بەهێزتر ئەبوو، تا وای لێهات خەیاڵی گرتنی شیراز بکات. بۆ ئەم مەبەستە دەستی کرد بە دروستکردنی قەڵایەکی قایم لە لار.

ئەم هەواڵە بە کەریم خان گەیشتو زۆر نیگەران بوو. لەبەر ئەوەی نەیئەویست لە شیراز شەڕ بکاتو دڵی خەڵکی شیراز لە خۆی بکاتو هەروەها دوژمنانی لەم ناکۆکییە سوود وەربگرن، تەتەرێکی نارد بۆ لارو پەیامێکی نارد بۆ نەسیر خان کە واز لە سەرپێچی بهێنێو دڵسۆزیی خۆی بسەلمێنێت. نەسیر خان تەتەرەکەی کەریم خانی دەعوەت کرد تا لە جەژنێکدا بەشداری بکات کە لەم جەژنەدا چەکداری نەسیر خان هونەری جەنگاوەریی خۆیان ئەنواند.

ئەمە وەڵامی کەریم خان بوو، کەریم خان ناچار رووی کردە لار. بە سەرسوڕمانەوە لە نزیکی لار نەسیر خانو گەورەپیاوان بە دیاریی زۆرەوە هاتنە پێشوازیی کەریم خان. نەسیر خان چەند رۆژ میوانداریی کەریم خانی کرد. لەبەر گەرمیی هەوا کەریم خان پاش ئەوەی نەسیر خانی لە جێگەی خۆی داناوەو بەڵێنی لێوەرگرت کە ئیتر سەرپێچی نەکاتو دۆستو پشتیوانی کەریم خان بێت، بەرەو شیراز گەڕایەوە. بەڵام ئەم بەڵێنانە تەنیا لە کاتی لاوازیدا بەنرخنو کاتێ مەترسی نەما لەبیر ئەکرێن هەروەك چۆن نەسیر خان دوای شەڕی کەریم خانو محەممەد حەسەن خانی قاجار ئەم بەڵێنەی لەبیر کرد.

لەلایەکی ترەوە ئازاد خان بە لەشکرە شکاوەکەیەوە خۆی گەیاندەوە ئسفەهانو کەوتەوە هێز کۆکردنەوە. ئازاد خان لەبیری شەڕ لەگەڵ کەریم خاندا بوو کە هەواڵیان دایە محەممەد حەسەن خانی قاجار بڕیاری گرتنی

ورمێی داوە. ئازاد خان بەو سوپایەوە کە بۆ شەڕی کەریم خانی ئامادە کردبوو بەرەو ورمێ کەوتە ڕێ تا پێش محەممەد حەسەن خان بگاتەوە قەڵای خۆی، بەڵام کاتێ نزیك بووەوە هەواڵیان پێدا کە محەممەد حەسەن خان قەڵای گەمارۆ داوە.

ئەمە باشترین ڕووداو بوو کە بە سوودی کەریم خان بێت چون لە کاتێکدا کە خەریکی کۆکردنەوەی هێز بوو هەردوو دوژمنە بەهێزەکانی ڕووبەڕووی یەك ببوونەوەو ئەو ئەیتوانی باشترین سوود لەم ڕووداوە وەربگرێت.

شەڕی نێوان ئازاد خانو محەممەد حەسەن خان خوێناویترین شەڕی ئەو سەردەمە بوو. لەم شەڕەدا کە محەممەد حەسەن خان بە کەڵکوەرگرتن لە هوشیاریی خۆیو بارودۆخی ناوچەکە توانی بەسەر دوژمندا زاڵ بێت. لەلایەکی ترەوە محەممەد حەسەن خانی قاجار مەستی سەرکەوتنی بەسەر کەریم خاندا بوو و ئازاد خانیش شکاوی دەستی کەریم خان بوو. ئازاد خان بە سەختی شکاو ڕووی کردە کرماشان، محەممەد حەسەن خانیش کە دەستکەوتێکی باشی دەست کەوتبوو و هەروەها پشتیوانیی خەڵکی ناوچەکەی بەدەست هێنابوو و قەڵای ورمێی گرتبوو لەلایەکی ترەوە فەتح عەلی خانی ئەفشارو شابازخانیش پەیوەندیان پێوە کردبوو، بەرەو مازەندەران گەڕایەوە.

## شەڕی نێوان کەریم خانو محەممەد حەسەن خانی قاجار

کەریم خان کە لە شەڕی محەممەد حەسەن خانو ئازاد خان ئاگادار بوو و زانی محەممەد حەسەن خان پاش سەرکەوتنی بەرەو مازەندەران گەڕاوەتەوە، شێخ عەلی خانو محەممەد خانی بە (١٥) هەزار کەسەوە ڕەوانەی مازەندەران کرد بۆ سەرکوتکردنی محەممەد حەسەن خان. لە شەڕێکدا لە ناوچەی کزاز





محەممەد حەسەن خان سوپای زەندی تێکشکاندو شێخ عەلی خان هەڵهاتو محەممەد خان دیل کرا. محەممەد حەسەن خان کە محەممەد خانی دیل کرد خەیاڵی تەخت بوو. بە ناوی بارمتە ئەوی ڕەوانەی زیندان کرد لە مازەندەران، چونکە ئەیزانی کەریم خان چەند محەممەد خانی لا گرنگە کەوابوو بە زیندووی بەنرخترە تا بکوژرێت. محەممەد خان توانی لە زیندان رابکات. بەیانی کاتێ محەممەد خان بەگی قاجار لە والیی مازەندەران هەواڵی ڕاکردنی محەممەد خانی بیست کەوتە ترسو خەڵکێکی زۆری نارد بەدوایدا بگەڕێن، محەممەد خان کە شارەزای ڕێگە نەبوو لە جەنگەڵێکدا ون بوو. لە کاتێکدا لە برسان هێزی نەبوو پیاوەکانی قاجار دۆزییانەوەو گرتیانو هێنایانەوە. محەممەد خان بەگی قاجار لە ترسی ئەوەی دووبارە ڕانەکات فەرمانی کوشتنی محەممەد خانی دا.

محەممەد خانی زەند یەکێك لە پیاوە ئازاکانی ئەو سەردەمە بوو و لە هەموو شەڕێکدا ئازایەتیی ئەنواند.

پاش کوژرانی محەممەد خانو شکانی شێخ عەلی خان، کەریم خان ڕووی کردەوە شیراز بۆ پێکهێنانەوەی هێز. محەممەد حەسەن خانیش بڕیاری دا کاری خۆی لەگەڵ کەریم خان یەکلایی بکاتەوە. لەبەر ئەوە بە (٨٠) هەزار سەربازەوە ڕووی کردە شیراز تا کەریم خان لەناو بەرێت.

محەممەد حەسەن خان پێشتر لە ئسفەهان ستەمی زۆر لە خەڵك کردبوو، لەم ڕووەوە خەڵك خۆشیان نەئەویست. محەممەد حەسەن خان ڕێگەی ئسفەهانو شیرازی بە دوو مانگ بڕیو لە نزیکی شارو لە جێگەیەك بەناو چنار راه هۆبەی هەڵدا. کەریم خانیش لەناو شاردا سەنگەری گرت. لەملایشەوە نەسیر خان کە سوێندی بۆ کەریم خان خواردبوو خەیانەتی لێنەکات چووە پاڵ محەممەد حەسەن خانی قاجار، بەڵام کەریم خان ورەی

بەر نەدا. گەمارۆ درێژەی کێشاو بە پێچەوانەوە گەمارۆدەران ماندوو ببوون. لەبەر ئەوە محەممەد حەسەن خان لە خەیاڵی ئەوەدا بوو چۆن بچێتە ناو شار:

چون محەممەد حەسەن خان نەیتوانی بچێتە ناو شار پیاوێکی نارد بۆ لای کەریم خانو پەیامی نارد، ئێمە لە ڕێگەی دوورەوە بۆ دیدار هاتووین، بەڵام وا دیارە لە ترسی جەنگاوەرانی قاجار خۆتان حەشار داوە. ئەمە شێوەی پیاوی ئازاو شەڕکەر نییە. درێژەکێشانی گەمارۆ ئەبێتە هۆی نیگەرانیی سەرکردەکانو زیانی موسڵمانەکان. کەوابوو بۆ کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە ئەگەر جەنابتان لە شار بێنە دەرو من خۆم دێمە مەیدان تا هەرکەسمان ئازا بوو ئەوی ترمان قۆڵبەست بکاتو ببێتە فەرمانڕەوا. تەتەر گەیشتە لای کەریم خانو پەیامی داو کەریم خان ڕازی بوو بەیانی بچێتە مەیدان. تەتەر گەڕایەوەو وەڵامی کەریم خانی دا بە خانی قاجار. محەممەد حەسەن خان باوەڕی نەکرد بەم قسەیە. ڕۆژی دوای کەریم خان بە پەیمانی خۆی سواری ئەسپ بوو لەگەڵ یەك نۆکەردا هاتە دەری شارو لەسەر بەرزاییەك وەستاو چاوەڕێ مایەوە، بەڵام محەممەد حەسەن خان نەهات. کەریم خان نۆکەرەکەی نارد بۆ لای محەممەد حەسەن خانو ڕایسپارد کە من بە بەڵێنی خۆم هاتوومو چاوەڕوانی ئەوم، هەرچی زووترە با بێتە ئێرەو هەموو شتێك یەکلایی بکەینەوەو هەردوولا لە شەڕ ڕزگار بکەین. محەممەد حەسەن خان بە نۆکەرەکەی کەریم خانی وت بڕۆ





بە خان بڵێ ئەوە کارێکی نەفامانەیەو پیاوی ژیر لەگەڵ نەفامدا نایەتە مەیدان. کەریم خان زانیی کە خانی قاجار درۆی کردووەو تەنیا ناوێرێت بێتە مەیدان، گەڕایەوە ناو شار.

لەم ناوەدا ئەوەی زیاتر لە هەموو نیگەران بووبوو (خەدیجە بیگم خان)ی خوشکی محەممەد حەسەن خان بوو. کاتێ کەریم خان هاتبووە مەیدان ئەم بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی وەڵامی برای ئەکرد. کەریم خان سەلماندی کە بە وتەی خۆی پابەندەو لە کەس ناترسێت. خەدیجە بیگم بەم خەیاڵەوە لە گۆشەیەکدا دانیشتبوو.

کەریم خان کە زۆر ژیرو لێهاتوو بوو، لە تەنگانەدا ورەی بەرنەئەداو خۆی نەئەدۆڕاند. کەریم خان کە دیی سوپای دوژمن زۆرەو ناتوانێ بەسەریاندا زاڵ بێت شاری قایم کردو سەنگەری گرتو لەلایەکی تریشەوە ئەیزانی سوپای دوژمن لە ناوچەیەکی قاتوقڕی لێدراوەو هاتوونو خواردنی تەواویان پێ نییە، لەبەر ئەوە کەریم خان بڕیاری دا هێزی دوژمن لە دەری شار بهێڵێتەوە تا خواردنیان تەواو ئەبێت. سوپای محەممەد حەسەن خان خواردنی کەم بوو، لەلایەکی ترەوە کەریم خان دەستەیەکی پێکهێنا بوو کە ناوە ناوە هێرشیان ئەبردە سەر زەخیرەی سوپای محەممەد حەسەن خانو تاڵانیان ئەکرد، لەبەر ئەوە توانای دوژمن لە دابەزیندا بوو.

لەم کاتەدا بارودۆخی خواردەمەنی لە شاردا زۆر باش بوو. محەممەد حەسەن خان کە دیی لەبەر کەمیی خواردن سەرپێچی کەوتۆتە ناو سوپاکەی تووڕە بوو و کەوتە بەهانەگرتنو ئەمە بووە هۆی دڵساردیی هێزەکەیو هەر ڕۆژ دەستەیەك سەرباز لەشکریان بەجێ ئەهێشت.

محەممەد حەسەن خان زانی کە کۆنترۆڵی ئەم سوپایە بۆ ماوەیەك بە

باشی ناکرێتو نەشیئەویست بە سوکایەتیی شکان رازی بێت. دانیشتنێکی پێکهێنا، لەم کۆبوونەوەیەدا سەرکردەکانو محەممەد خانی کوڕیشی ئامادە بوون، کە لەلای خەدیجە بیگمی پوری دانیشتبوو، تەماشای سەرکردەکانی ئەکردو ئەیزانی کە ئەم کۆبوونەوەیە بۆنی شکانی لێدێت. محەممەد خان کە پاشان بە ناوی (ئاغا محەممەد خان) ناسرا بە هێواشی چرپاندی بە گوێی پوریدا کە پوری بەو چرپەیە تێکچوو، بەڵام لە هەموو ناخۆشتر ئەوەبوو کە محەممەد حەسەن خان نەچووبووە مەیدانی کەریم خانو ئەو رێزەی پێشووی نەمابوو، خەدیجە بیگم ئەو رۆژە زۆری حەز ئەکرد محەممەد حەسەن خانی برای بچێتە مەیدانو کەریم خان بگرێتو ئەویش داوای لێبوردنی بۆ بکاتو بیکاتە بەندەی خۆی، بەڵام ترسی محەممەد حەسەن خانو ئازایەتیی ئەو رۆژەی کەریم خان بووە هۆی ئەوەی خەدیجە خانم زیاتر لە پێش عاشقی کەریم خان ببێت، لە دڵی خۆیدا وتی: بریا ئەو رۆژەی کە کەریم خان لە ئەستراباد خوازبێنیی لێکرد باش وەڵامی بدایەتەوە. محەممەد خان کە دیی پوری نیگەرانە بە پێکەنینەوە وتی:

- پوریێ مەگەر تۆیش فەرمانددەی کە ئاوا نیگەرانیو کەوتوویتە خەیاڵەوە؟

خەدیجە خانم دەستی دا بە پشتی محەممەد خانداو بە هێواشی وتی:

- فەرماندە نیم بەڵام گیرۆدەم.

پاشان کەوتە نێو باسەکەوەو لە کاتێکی باشدا وتی بە محەممەد حەسەن خان:

- تۆ کە هەموو رێگەی دوژمنکاریت تاقی کردۆتەوە باشتر نییە ئێستا پەیامی ئاشتیو دۆستی بنێریت؟

محەممەد حەسەن لەم قسەیە کە بۆنی گەمەی لێئەهات تووڕە بوو، بە شێوەیەك هەموو ئامادەبوان ترسیان لێ بار بوو و چاوەڕوانی وەڵام بوون:





- بریا ئەم پێشنیارە لە جێگەو کاتێکی باشدا بکرایە. ئەگەر لە یادت بێت من لە ئەستراباد محەممەدی کوڕم لەگەڵ سێ سەد ئەسپی ترکمەنی پێشنیار دا بە خانی زەند، بەڵام ئەو رازی نەبوو. من ئەوکات پەیامی ئاشتیی خۆمم دا، بەڵام ئەگەر کەسانی تر (مەبەستی خەدیجە خانم بوو) دەستیان لە خۆ بە زلزانین هەڵگرتایە لەوانەبوو ئێستا تا خوراسانیشمان گرتبوو.

خەدیجە خانم وتی:

- بۆ پەیامی ئاشتی هەرگیز درەنگ نییە، هەموو کەریم خان ئەناسن. لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی ئازایە دڵێکی نەرمی هەیەو بەخشندەیە، ئەگەر پێشنیاری ئاشتی پێبکرێت بە باوەڕی من رازی ئەبێ.

فەرماندەکان کە ماندوو ببوونو کۆنترۆڵی سەربازەکانیان لەدەست دابوو ئەم پێشنیارەی خەدیجە بیگمیان پەسند کردو بڕیار درا هەر کەسە پرۆژەیەکی ئاشتی بخاتە روو تا بینێرن بۆ کەریم خان. بەم جۆرە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.

لە نیوەشەودا رووداوێك رووی دا کە کاریگەریی زۆری لەسەر بارودۆخەکە دانا ئەویش بەم شێوەیە بوو:

چوار سەد سوارەی ئەفغانی بە ئامانجی پەیوەندی بە کەریم خانەوە لە لەشکری محەممەد حەسەن خانەوە بەرەو شار کەوتنە رێ. لە پێشەوە سوارێکیان نارد تا ئەم هەواڵە بە پاسەوانی دەرگاو پاشان بە کەریم خان بگەیەنێت. کەریم خان بەم ئەفغانییانە باوەڕی نەکردو وتی: بەوان بڵێن ئەگەر راست ئەکەن ئەوا شەو لە خوارووی شار بمێننەوە کە لەشکری محەممەد حەسەن خان لەوێ نین تا بەیانی رێگەیان ئەدەین بێنە شارەوە. چەکدارەکان ئەمەیان کردو لە خواری شار مانەوە، سوپای محەممەد حەسەن خان کاتێ

دییان ئەم سوارانە نەماون وایانزانی کەریم خان هێرشی هێناوەو بوو بە هەراو لە ئەنجامدا لەشکر هەڵهات. ئەمەو ڕەفتاری توندی خانی قاجار وایکرد هەر فەرماندە بە دەستەی خۆیەوە رووی کردەوە وڵاتی خۆی. محەممەد حەسەن خان کە ئەمەی دی سواری ئەسپ بوو و رایکرد، هەرچی بۆیان بەجێ ماو تا رۆژ بووەوە سەربازێك لەو ناوەدا نەما.

کەریم خان لەسەر دیواری قەڵاوە سەیری جێگەی لەشکری دوژمنی ئەکردو بارودۆخەکەی جیاواز دیو شێخ عەلی خانی بە هەزار کەسەوە نارد تا بزانێت چی رووی داوە. شێخ عەلی خان بە ئارامی لە خێمەکان نزیك بووەوە، دیی هەموویان خاڵیو چۆڵن. بە پەلە گەڕایەوەو هەواڵی بە کەریم خان دا، کەریم خان هاتە دەرو فەرمانی دا هەرچی بەجێ ماوە کۆی بکەنەوەو شێخ عەلی خانی بە سێ هەزار کەسو سوارە ئەفغانییەکانەوە خستە دوای محەممەد حەسەن خان.

محەممەد حەسەن خان کاتێ بۆی دەرکەوت ئەفغانییەکان بوونە مایەی شکانی، فەرمانی دا هەموویان بکوژن، ئەمە بووە هۆی ناکۆکییەکی گەورە لە ناو لەشکردا. محەممەد حسێن خانی قاجار کە دۆستی محەممەد حەسەن خان بوو لەلایەن ئەوەوە کرابوو بە والیی ئسفەهان کە هەواڵی شکانی محەممەد حەسەن خانی بیست بەرەو مازەندەران کەوتە رێ تا لەوێ دەسەڵات بگرێتە دەست.

محەممەد حسێن خان کە دیی شێخ عەلی خان بە دوای محەممەد حەسەن خانەوەیە، بۆ لەناوبردنی دۆستی دوێنێو دوژمنی ئەمڕۆ پەیوەندیی کرد بە شێخ عەلی خانەوە. لە نزیکی ئەشرەف دوو سوپاکە رووبەڕوو بوونەوە، محەممەد حەسەن خان شکاو رایکرد. رووداوی کوژرانی محەممەد حەسەن





خانو نیگەرانیی کەریم خان لە کوژرانی گەورەترین دوژمنی لە مێژوودا بەم جۆرە هاتووە:

محەممەد حەسەن خان کاتێ بەرەو شیراز کەوتە رێ حسێن خانی دولوی کردە والیی ئسفەهان، چونکە حسێن خانو هۆزی بوخاری باش خۆیان بە گەورەتر لە محەممەد حەسەن خانو هۆزی ئەشاقە باش ئەزانی لە شکانی محەممەد حەسەن خان خۆشحاڵ بوونو بەرەو مازەندەران کەوتنە رێ. هەواڵی هاتنی حسێن خان لە لایەك سەفەر عەلی خانی قاجار قوانلوەوە بە محەممەد خانی بیگلر بیگی مازەندەران گەیشت. محەممەد حەسەن خان پاش گرتنی ورمێو سەرکەوتنی بەسەر ئازاد خاندا دەستەیەکی بە فەرماندەیی یوسف خانی هوتەکی ناردبووە مازەندەرانو لە ساری مابوونەوە. محەممەد خانی بیگلر بیگی مازەندەران لە شکانی محەممەد حەسەن خانو هاتنی حسێن زۆر نیگەران بوو و بڕیاری دا پێش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە کاری ئەفغانییەکان یەك لایی بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە تەنیا (٧٠٠) کەسی هەبوو بەڵام کەوتە گرتنی سەرکردەکانی ئەفغانی. حسێن خانی دولو گەیشتە فیرۆزکوهو ئەو ئەفغانییانەی هێشتا نەگیرابوون پەیوەندییان پێوە کرد. لەم کاتەدا بە فەرمانی محەممەد خان یوسف خانی هوتەکیو ئەفغانە دیلەکان کوژرانو هەرچییان بوو دابەش کرا. کاتێ محەممەد حسێن خان ئەمەی زانی وازی لە مازەندەران هێناو لە ڕێگەی هەزار جریبەوە خۆی گەیاندە ئەستراباد.

محەممەد حەسەن خان دوای شکانی شیراز هاتە باخی

قوشخانەی ئسفەهانو کە هەواڵی چوونی حسێن خانی بۆ مازەندەران بیست خێرا نەوەستاو کەوتە ڕێ، کاتێ گەیشتە تاران فەتح عەلی خانی ئەفشارو چەند هاوڕێیەکی تری وازیان لێهێناو بەرەو ئازربایجان کەوتنە ڕێ. لەم کاتەدا هەواڵی گەیشتنی شێخ عەلی خان بە سوپایەکی گەورەوە بۆ فیرۆزکوە پێگەیشت. محەممەد حەسەن خان ناچار وازی لە گەمارۆی دامغان هێناو بەرەو مازەندەران ڕۆیشت.

شێخ عەلی خان بە باشی نەزانی بکەوێتەی دوایو لە فولاد محلی هەزار جریب لە نزیك ساری مایەوە. گەیشتنو مانەوەی شێخ عەلی خان لە نزیك ساری ترسی خستە ناو سوپای محەممەد حەسەن خانو هەموو بلاوەیان کرد. هەوڵی محەممەد حەسەن خان بۆ کۆکردنەوەی سوپا پوچەڵ بووەوەو ناچار لەگەڵ چەند کەسێك لە سەرەك هۆزەکانی ئەشاقە باشو شا ئیسماعیل (واتە ئەبولترابی شاگرد) ڕووی کردە ئەستراباد. دوای ڕۆیشتنی محەممەد حەسەن خان شێخ عەلی خان هاتە ناو ساریەوە.

لەم کاتەدا ئیبراهیم بغایریو محەممەد حسێن خانی قاجار پەیوەندییان کرد بە شێخ عەلی خانەوەو هەروەها یەکێك لە پیاوانی محەممەد حەسەن خان لە سوادکوە ناسراو بە داود بە هێزێکەوە لە خەڵکی قەجەرستان پەیوەندیی کرد بە شێخ عەلی خانەوە.

ڕۆژێك پاش شەڕێکی قورس سەرەتا کوردەکانی خوراسان شکان کە یارمەتیی محەممەد حسێن خانیان ئەداو گەڕانەوە وڵاتی خۆیان. محەممەد حەسەن خان لەمە سوودی





وەرگرتو بەرەو ئەستراباد کەوتە ڕێ. لە ڕێگەدا کاتێ محەممەد حەسەن خان لە پردێك ئەپەڕییەوە ئەسپەکەی سەرسمی داو خۆی کەوتە ناو قوڕەوە. لەم کاتەدا کوردێك بە ناوی شیر عەلی کە پێشتر پیاوی محەممەد حەسەن خان بوو و ئێستا لای شێخ عەلی خانە بە دە سواری کوردەوە لەگەڵ محەممەد عەلی ئاغای دولوی برای محەممەد حسێن خان گەیشتنو سەری خانی قاجاریان لە لەش جیا کردەوەو بردیان بۆ شێخ عەلی خان تا بینێرێت بۆ کەریم خان. خانی زەند فەرمانی دا سەری محەممەد حەسەن خان بە عەترو گوڵاو بشۆنو ڕەوانەی ئەستراباد کرد تا لەگەڵ لاشەکەی بنێژرێ.

(پەڕتووکی گیتی گوشا)

لە (مجمل التواریخ)یشدا بەم جۆرە هاتووە:

لەم کاتەدا چەند کەسێك لە قاجارەکان کە لە ڕەفتاری محەممەد حەسەن خان دڵگیر بوونو چاوەڕێی هەل بوون گەیشتنە سەر محەممەد حەسەن خانو یەکێك لەم کەسانە سەری بڕیو سەرەکەی هێنا بۆ لای کەریم خان لە تاران. کاتێ کەریم خان ئەمەی دی زۆر غەمگین بوو.

لە پەڕتوکی (رستم التواریخ)یشدا ئاوا نووسراوە:

لە ناکاو لەناو جەنگەڵدا ئەسپی محەممەد حەسەن خان کەوتە زەلکاوێكو خانی قاجار نۆکەرێکی بوو کە زۆر باوەڕی پێبوو کە هەلی بۆ هەڵکەوت سەری بڕیو بردی بۆ لای شێخ عەلی خانی زەند. خانی زەند زۆر جوێنی بە کابرا داو بۆ ئەو سەرە گریا.

# بەشی نۆیەم

**خەدیجە بیطم خانمو**
**ئاغا محەممەد خانی قاجار**
**لە مالّی کەریم خان**

خەدیجە بیگم لە ماتەمی محەممەد حەسەن خانی برایدا دڵنەوایی محەممەد خانی برازای ئەدایەوەو جوێنی بە کەریم خان ئەدا. وای بیستبوو کە کەریم خان براکەی کوشتووە، لەبەر ئەوە هەموو ئەو ڕێزو خۆشەویستییەی کە بەرامبەر کەریم خان بووی ببووە رقو تووڕەیی و، بەڵێنی دا ئەگەر دەستی بە کەریم خان بگات بیکوژێ. لەم کاتەدا هەواڵی بیست کە پیاوەکانی کەریم خان لاشەی براکەیان بە ڕێزو گوڵبارانەوە شا عەبدولعەزیم بە خاك سپاردووە، سەرەتا خەدیجە بیگەمو محەممەد خان باوەڕیان نەکرد بەڵام پاش ئەوەی پرسیاریان کرد بۆیان روون بووەوە کە کەریم خان سزای بکوژی محەممەد حەسەن خانی داوە. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی رقی کەریم خان لە دڵی محەممەد خان دەرچێت. بەڵام خەدیجە بیگم دڵی لە کەریم خان پاك بووەوەو لە محەممەد خانیش تووڕە بوو کە جوێنی بە کەریم خان ئەداو وتی:

- مەگەر نازانیت کەریم خان چۆن بکوژی باوکتی سزا داوە.

محەممەد خان وتی:

- کەریم خان پیاوکوژەو من رۆژێك تۆڵەی باوکمی لێئەکەمەوە.

پاش هەفتەیەك کەریم خان زەکی خانی بە والیی مازەندەران دانا لەبەر





ئەوەی زەکی خان پیاوێکی تووڕە بوو. کەریم خان ناردی بە دوای محەممەد خاندا تا دڵنەوایی بداتەوەو پەیامێکی نهێنی بۆ خەدیجە خانم نارد کە بە هاتنی خۆی ماڵی کەریم خان رووناك بکاتەوە، بەڵام خەدیجە خانم دوودڵ بوو و ویستی ئەم چوونەی دوا بخات کە پیاوەکەی کەریم خان وتی:

- خانی زەند وا بە چاك ئەزانێ تۆ بچیتە لای بۆ ئەوەی نەوەك لەلایەن والیی تازەوە سوکایەتیتان پێبکرێتو، بە بڕوای من ئێوە لە ماڵی خانی زەند لە مەترسی دوور ئەبن.

لەگەڵ ئەوەی ئاغا محەممەد خان رازی نەبوو خەدیجە بیگم وتی:

- ئێستا کە تۆ ئەڵێیت ئێمە لە ماڵی خاندا دوورین لە مەترسی. سوپاستان ئەکەم بەڵام ئێستا ئێمە لە ماتەمداین، با ماوەیەکی تر بڕواتو ئێمەیش خۆمان ئامادە بکەین.

خەدیجە خانم بیری کردەوە کە زەمانە هەموو شت لەبیر ئەباتو پاش ماوەیەکی تر محەممەد خان رازی ئەبێتو ئەوکات بڕیاری تەواو ئەدەم. بەم جۆرە وەڵامی خانی دایەوە.

محەممەد خان کوڕە گەورەی محەممەد حەسەن خان بوو کە (محەممەد حەسەن خان نۆ کوڕی بوو) برایەکی تری بە ناوی حسێن قولی خانی قاجار بوو کە پاشان بە جهانسوز شا ناسراو جهانسوز شا باوکی فەتح عەلی شای قاجار بوو.

پاش گەڕانەوەی تەتەری کەریم خان، بنەماڵەی محەممەد حەسەن خان کەوتنە راوێژکردن. محەممەد خان ئەیووت ئەبێ لەگەڵ شێخ عەلی خانی زەند کە والیی تاران بوو شەڕ بکەین بەڵام دایکیو پوری ناڕازی بوونو ئەیانووت ئێستە کاتی شەڕ نییەو ئێمە ئەبێ لەبیری بەهێزکردنی خۆماندا بین.

پاش ماوەیەك هۆزی ئەشاقە باش بەرەو دەشتی تركمن كۆچیان كرد. كاتێ شێخ عەلی خان هاتە ئەستراباد هەواڵی كۆچی ئەم هۆزەی بیست. لەولایشەوە كاتێ كەریم خان وەڵامی بنەماڵەی قاجاریی پێگەیشت فەرمانی دا بە شێخ عەلی كە ئاگاداری قاجارەكان بێتو تا كاتێ لە ئەستراباد ئەمێننەوە كاری پێیان نەبێتو نابێ لەو ناوچەیە دەرچن. كەریم خان لەلایەكەوە ئەیویست محەممەد خان لەژێر چاودێریدا بێتو لەلایەكی تریشەوە لە خەیاڵی جوانی خەدیجە خانمدا بوو، بەڵام هەردووكیان لە دەستی شێخ عەلی خان دەرچووبوون.

محەممەد خان لە لاویدا چارەنووسی وەك باوكی بوو، چونكە كاتێ فەتح عەلی خان باوكی محەممەد حەسەن خانی كوژرا ئەو منداڵ بوو و كەوتە تۆڵەی باوكیو لەگەڵ نادر شا شەڕی كرد. ئاغا محەممەد خان ئەم كارەی بە شێوەیەكی بەربڵاوتر هاتە پێشو رقو تووڕەیی وەك شێتی لێكرد. ئاغا محەممەد خان لاوێكی زۆر جوان بوو، ئەو جوانییەی بووە هۆی ئەوەی بیخەسێننو ببێتە ناشیرینترین پیاوی ئەو دەمەو ئەمیش رەفتاری وا رەنگی دایەوە.

هەر رۆژە خەڵكێكی زۆر ئەهاتنە لای محەممەد خان، ئەم پیاوانە لە هێرشێكدا ئەو پارەیەی والیی ئەستراباد وەك باج بۆ كەریم خان كۆ كردبووەوە، گرتیان. ئاغا محەممەد خان ئەم كارەی بە ئاسانی كرد چونكە هەم شارەزای ناوچەكە بوو و هەم لە بارودۆخو كاتی وەرگرتنو ناردنی باج ئاگادار بوو. بەم كارە پارەیەكی باشی دەستكەوت كە زۆربەی كارە سەربازییەكانی پێ برد بەڕێوە. هۆزی ئەشاقە باش بەم پارەیە بوژایەوە.

والیی ئەستراباد لەم كاتەدا محەممەد خانی قاجار دولو لە هۆزی بوخاری باش بوو و لەم رووداوە تووڕە بوو. كەریم خانیش كاتێ دیی پارە





نەگەیشتووە لە هۆی ئەمەی پرسیو پەیامی بۆ محەممەد خان دولو نارد كە هۆی ئەم نەگەیشتنە روون بكاتەوە. محەممەد خانیش نەیئەزانی چی بڵێت.

هەواڵی رووتكردنەوەو تاڵانی پارە لەلایەن ئاغا محەممەد خانەوە گەیشتە كەریم خان. كەریم خان هەرچەند ئەیویست دڵی ئاغا محەممەد خان راگرێ بەڵام ئەم كارەی ئەو تووڕەی كرد. هێزێكی بۆ یارمەتیی والیی ئەستراباد نارد تا محەممەد خان بگرن. خێرا (١٥) هەزار سوار رەوانەی ئەستراباد كرا تا لەگەڵ هێزی ئەستراباد ئەم ئاژاوەیە بكوژێنەوە. ئەم هێزە بە یارمەتیی شارەزایانی تركمن ئاغا محەممەد خانیان گەمارۆ دا.

ئاغا محەممەد خان كە لەو باوەڕەدا نەبوو ئەم هەموو هێزە ئاوا خێرا بگەنە تركمن سەحراو ئێستا ئەو گەمارۆ بدەن كەوتە بیری ئەوەی چۆن بتوانێت خۆی لە گەمارۆ رزگار بكات. ئاغا محەممەد خان سوودی لە چالاكیی ئەسپی تركمنی وەرگرتو خۆی دەرباز كرد ئەگەرچی كوشتارێكی زۆریان لێكراو ئاغا محەممەد خان خۆیشی بریندار بوو بەڵام گیانی خۆی رزگار كرد.

ئاغا محەممەد خان لاوێكی جوانو لێهاتوو بوو، سنگ پانو پێستی سوورو برۆی كەوانیو هەموو تایبەتمەندییەكی لاوێكی هۆزی ئەشاقە باشی تێدابوو. ئازاو زیرەك بوو، ئەتوانین بڵێین وەك لوتف عەلی خان وابوو، بەڵام پاش خەساندنی بوو بە پیاوێكی ناشیرینو رقاویو خۆیشی لە دەنگی خۆی بێزار بوو. لەباتی بانگكردن لە تەپڵیان ئەدا تا نۆكەرەكان بزانن سوڵتان كاری هەیە.

پاش ئەو رووداوەی باسمان كرد ئاغا محەممەد خان بە برینداری خۆی گەیاندە گێلانو گوندی تنگ سەرو چووە ماڵی نەزەر عەلی خانی برای شێخ عەلی خانو پەنای برد. نەزەر عەلی وەك نەریتی لوڕیی خۆی ناوبراوی بە ناوی میوان هێنایە ماڵەوەو فەرمانی دا برینەكانی دەرمان بكەنو بۆ ئەوەی كەس نەزانێت فەرمانی دا كەس نەیبینێتو تەنیا ژنەكەیو نۆكەرانی خۆی

سەردانیان ئەکرد.

ئەم گوندە بۆ محەممەد خان جێگەیەکی بێ مەترسی نەبوو چون لەوانەبوو شێخ عەلی خان لەم هەواڵە ئاگادار بێت کە بە دوای محەممەد خاندا ئەگەڕا. لەو ڕۆژانەدا کە محەممەد لەژێر دەرماندا بوو ژنی شێخ عەلی خان (سەڵتەنەت خانم) لەگەڵ گوڵابتون خانمی کچیو چەند سوارێکدا هاتن بۆ ماڵی نەزەر عەلی خان. ئەم سوارانە لە پیاوەکانی محەممەد خانی سوادکوهی بوون کە والیی مازەندەران بوو و بە دوای محەممەد خاندا ئەگەڕان. سەڵتەنەت خانم ژنی شێخ عەلی خانو خوشکی ژنەکەی نەزەر عەلی خان بوو. ناوبراو ساڵی چەند جار ئەهاتە دیدەنیی خوشکی تا لای ئەو پشوویەکیش بدات لەبەر ئەوە هەرکات هەلی دەست بکەوتایە ئەهاتە تەنگ سەر. لەبەر ئەوەی سەڵتەنەت خانم خۆی خەڵکی تەنگ سەر بوو ئەم ناوچەیە بە چاکی شارەزا بوو. لەبەر ئەوە لەم سەفەرانەدا خۆی شارەزای ڕێگە بوو بۆ پیاوانی محەممەد خان سوادکوهی.

هاتنی سەڵتەنەت خانم لەلایەکەوە مایەی خۆشحاڵیی ژنو منداڵی نەزەر عەلی خان بوو و لەلایەکی دیکەشەوە مەترسیی ئەوەی هەبوو کە چون لە هاتنی دوژمن بۆ ماڵی خۆیان ئاگاداری بکەن. لەبەر ئەوە هەوڵیان دا محەممەد خان لەوێ دوور بخەنەوە بۆ جێگەیەکی تر بەڵام ئەم کارە پڕ مەترسی بوو. لەولایشەوە محەممەد خان بریندارو لاواز بوو نەیئەتوانی بە تەنیا بڕوات. روونیش نەبوو کە ئایا نەزەر عەلی خان مۆڵەتی ئەوە ئەدا کە دوژمنەکەی رابکات. لەبەر ئەمانە محەممەد خانیان هێنایە ژوورێك لە نزیك خۆیان.

چون ئەم کارە نەئەشاررایەوە سەڵتەنەت خانمو گوڵابتونی کچی بەمەیان زانی کە لاوێکی بریندار لەم ماڵەدایە. لەلایەکی ترەوە برینەکانی محەممەد خان قووڵ بوونو دەرمانکردنیان ئاسان نەبوو لەبەر ئەوە ژنی نەزەر عەلی





خان داوای یارمەتیی لە سەڵتەنەت خانم کرد تا دەرمانی بکات. سەڵتەنەت خانم وتی:

- سەرەتا بڵێ ئەم لاوە کێیە؟ تا دوایی بزانم ئەتوانم کارێك بکەم.

خوشکی وتی:

- گرنگ نییە کێیە؟ یەك پەناهەندەیە، وا بزانە یەك دوژمنە.

سەڵتەنەت خانم وتی:

- نیگەران مەبە من بەیانی ڕەوانەی تارانی ئەکەم تا پزیشکی تایبەتی شێخ عەلی خان دەرمانی بکات.

لەم کاتەدا ژنەکەی نەزەر عەلی خان ناچار بوو ڕاستی بڵێت، وتی:

- بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەم لاوە کەسێکی ئاسایی نییە.

سەڵتەنەت خانم وتی:

- کەوابوو کێیە؟

ژنەکەی نەزەر عەلی خان شتێکی چرپاند بە گوێی سەڵتەنەت خانمدا کە ناوبراو تێکچوو.

ئێوارە ژنی نەزەر عەلی خانو سەڵتەنەت خانمو کچەکەی کە ١٧ ساڵ تەمەنی بوو و لە جوانیدا لەناو هۆزی زەندا بەناوبانگ بوو، هاتنە لای محەممەد خان کە لەبەر قووڵیی برینەکانی تایەکی زۆر دایگرتبوو. سەڵتەنەت خانم دەستی پزیشکیی هەبوو و ئەیزانی لەم کاتانەدا چی بکات. لەم کاتەدا گوڵابتونی کچی یارمەتیی ئەدا. دەرمانکردن درێژەی کێشاو محەممەد خان روو لە چاکبوون بوو. سەڵتەنەت خانم چەند جار کارەکەرەکەی خوشکی ڕەوانەی شار کرد بۆ دەرمان، کە دەرمانی ئەکات زۆربەی دەرمانی گیایی بوون. پاشان دەرمانی بەهێزبوونەوەی ئەدا بە محەممەد خان تا ببوژێتەوە.

سەڵتەنەت خانم کە ژنی سەرکردەیەکی سەربازی بوو برینداریی زۆر

دیبوو لەبەر ئەوە ئەیزانی چۆن دەرمانی بریندار بکات. هەروەها ئەم کارە بۆ سەلتەنەت خانم گولاّبتونی کچی وەك سەرگەرمی وابوو، ئەم کارە واتە سەردانی بریندارەکە هەر رۆژ یەك تا دوو جار دووبارە ئەبووەوە. گولاّبتون خانم لەگەلّ دایکیو پوری ئەهاتە لای محەممەد خانو، هەندێ جار بۆ ئەوەی بزانێت تای هەیە دەستی ئەخستە سەر ناوچەوانیو زەردەخەنەیەکی بۆ ئەکردو، ئەیپرسی:

- تەندروستی خانی قاجار چۆنە؟

لەم کاتەدا دەستی ئەنایە سەر ناوچەوانی ئاغا محەممەد خانو کەم کەم برینی شمشێری لەیاد ئەکردو هەستی بە برینی تر ئەکرد لە دلّیدا. واتە خۆی لە ئەوینی گولاّبتوندا بینی. هەرچەند روو لە چاکبوونەوە بوو بەلاّم حەزی ئەکرد هەر لەم جێگەیە وەك نەخۆش بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر چاك بوایەتەوە ئەوا گیانی ئەکەوتە مەترسیو لەلایەن چەکدارەکانی محەممەد خانی سوادکوهییەوە ئەگیراو، لەلایەکی ترەوە حەزی گولاّبتون گیرۆدەی کردبوو. هەرچەند گولاّبتون بایەخی پێنەئەدا، لەبەر ئەوە محەممەد خان ویستی هەرچۆن بووە حەزی خۆی بۆ دەربڕێ تا ئەویش ئاگادار بێت.

محەممەد خان لەم خەیالّەدا بوو کە گولاّبتونو پوری هاتن بۆ لای تا خواردنی بدەنێ. گولاّبتون بینی کە محەممەد خان چاوی بڕیوەتە ئەو بە شێوەیەکی نائاسایی، گولاّبتون وایزانی کاری هەیە، پرسی:

- خانی قاجار چیی پێویستە؟

بەلاّم خان بێ دەنگ بوو، پوری گولاّبتون کە سەرگەرمی سفرە راخستن بوو وتی:

- نەخۆش لەم کاتەدا ئاگای لە خۆی نییە، بەلاّم تا چەند رۆژی دیکە خانی قاجار چاك ئەبنەوەو ئەڕۆن.





هاوکات لەگەلّ چاکبوونەوەی خانی قاجار، سەفەری سەلتەنەت خانمو گولاّبتونی کچی لە کۆتایدا بوو و خۆیان ئامادەی رۆیشتن ئەکرد. لێرەوە گرفتی ئاغا محەممەد خان دەستی پێکرد، لەلایەکەوە گولاّبتون بەجێی ئەهێشتو لەلایەکی دیکەوە ئەبوو بڕواتو لە دەرەوەیش بۆ گرتنی خەلاّتیان دانابوو و پیاوەکانی محەممەد خانی سوادکوهی بە دوایدا وێلّ بوون. محەممەد خان ئەمەی باش ئەزانیو حەزی نەئەکرد بە زوویی چاك ببێتەوە.

شەو کاتێ سەلتەنەت خانمو خوشکی لەبارەی گەڕانەوەیان بۆ تاران باسیان بوو و لەبارەی محەممەد خانیشەوە قسە کرا کە نەزەر عەلی خانی زەندیش لەم دانیشتنەدا ئامادە بوو، نەزەر عەلی خان وتی:

- مانەوەی ئەم پیاوە لەم مالّە ئیتر باش نییە، من لەسەر دوو رێگە گیرم کردووە، ئایا بە چاوی دوژمن سەیری بکەم یا بە چاوی یەك پەناهەندە؟

ژنەکەی وتی:

- ئەبێ تا کاتێ نەخۆشەو چاك نەبۆتەوە وەك پەنابەر سەیری بکەینو کاتێ چاك بووەوەو چەکی گرتەوە دەستو توانیی بەرگری لە خۆی بکات وەك دوژمن. ئێستا کە ئەو نیازی بە دەرمانە ئەوا پەنابەرەو نابێ دەری بکەین.

نەزەر عەلی خان وتی:

- کەس نالێت پەنابەر دەربکەین، بەلاّم ئەبێ باش بزانی مانەوەی کوڕی محەممەد حەسەن خان لەم مالّە سنووری خۆی هەیە. تازە ئەگەر خانی زەند بەمە بزانێت ئەوا کاری من تەواوە.

سەلتەنەت خانمو گولاّبتون بێ دەنگ بوون، نەزەر عەلی خان رووی کردە سەلتەنەت خانمو وتی:

- بەیانی کە ئەگەڕێیتەوە تاران، ئەگەر لێت بپرسن لەوێ هەوالّ چی بوو، تۆ چی وەلاّم ئەدەیتەوە؟

سەڵتەنەت خانم بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

- مەگەر تۆ شێخ عەلی خانی برات ناناسی؟ لەوانەیە هەواڵی تۆ بپرسێت بەڵام خۆ من دادگایی ناکات. ئێستا ئەگەر پەیامێکت هەیە با بۆی بەرم.

ئەم باسە تا نیوەشەو درێژەی هەبوو، بڕیار درا ئەگەر هیچ روو نەدات بەیانی سەڵتەنەت خانمو گوڵابتون لەگەڵ چەند پیاوێکی محەممەد خانی سوادکوهیدا بگەڕێنەوە تاران.

بەیانی کاتێ سەڵتەنەت خانمو گوڵابتون ئامادەی ڕۆیشتن بوون نەزەر عەلی خان ویستی تا ناوڕێ لەگەڵیان بچێت، کە لەناکاو هەواڵ هات کە لە گوندێك شەڕ بووە لە نێوان خەڵکداو چەند کەسێك بریندار بوون. نەزەر عەلی خان بە یەکێك لە پیاوەکانی وت:

- من کارم هەیە تۆ بڕۆ بزانە چی بووە؟

بەڵام دوو کەس کە هەواڵەکەیان هێنابوو وتیان ئەگەر خۆت نەچیت لەوانەیە شەڕێکی قورس دروست بێت. لەبەر ئەمە سەفەرەکەیان بۆ ڕۆژی دواتر دواخست.

ئەو ڕۆژە سەڵتەنەت خانمو خوشکی بۆ شت کڕینو دیدەنیی هاوڕێیانی کۆنیان چوونە دەرەوە، بەڵام گوڵابتون لە ماڵ مایەوە. پاش ڕۆیشتنی ئەوان ناڵەی محەممەد خان بەرز بووەوە. گوڵابتون ویستی بزانێ چییە، سەری لە محەممەد خان دا. ئاغا محەممەد خان لە بینینی گوڵابتون سەری سوڕماو پرسی:

- مەگەر نەڕۆیشتی؟

گوڵابتون هۆی دواکەوتنی سەفەرەکەیانی بۆ باس کرد.

ئاغا محەممەد خان پرسی:

- دایکتو پورت لە کوێن؟





کاتێ زانیی لە ماڵ نین هاواری بەرز بووەوەو وتی:

ئەمڕۆ حاڵم خراپەو ناتوانم هەستم. ئەگەر ئەکرێ یارمەتیم بدە هەستم. گوڵابتون هاتە پێشەوەو دەستی درێژ کرد تا یارمەتیی محەممەد خان بدات. لەم کاتەدا خێرا محەممەد خان وەك گورگ کە ئەکەوێتە ناو مەڕ دەستی گوڵابتونی گرتو بێ ئەوەی بیر لە داهاتوو بکاتەوە مۆڵەتی بە گوڵابتون نەداو دای بە زەویدا. هەرچی گوڵابتون ویستی هاوار بکات بەڵام محەممەد خان دەمی گرتو نەیهێشت. محەممەد خان دەستی نایە قوڕگیو گوشی تا گوڵابتون هێزی لێبڕاو کەوت لەناو ژوورەکەدا. دوای ئەوەی کار لە کار ترازا ئاغا محەممەد خان ویستی راکات بەڵام لەم کاتەدا سەڵتەنەت خانمو خوشکی گەڕانەوە ماڵ. کاتێ دی ناتوانێ راکات لەسەر جێگەکەی خۆی کەوت.

سەڵتەنەت خانم ئەیزانی کچەکەی بۆ دەرمانی محەممەد خان چووەتە ژوورەکەی، کاتێ هاتە ژوورەوە سەرەتا وایزانی کچەکەی مردووە بەڵام کاتێ ڕواڵەتی شێواوی محەممەد خانی دی بانگی خوشکی کرد.

ژنی نەزەر عەلی خان وتی ئەگەر نەزەر عەلی خان بەمە بزانێت خانی قاجار ئەکوژێت. ئەمەی وتو یەك زللەی دا لە پەناگوێی محەممەد خان.

گوڵابتونی بردە دەرەوەو دەرگای داخستو پاسەوانێکی دانا لە دەرگادا.

کاتی نیوەڕۆ نەزەر عەلی خانو سوارەکانی هاتنەوەو کاتێ گەیشتە دەرگا بانگی خێزانی کرد بەڵام دیار نەبوو. کە هاتە ژوورەوە وتی:

- بۆ ئەمڕۆ نەهاتیتە پێشوازیم؟

پاشان هەواڵی سەڵتەنەت خانمی پرسی، ژنەکەی هاتە پێشەوەو وتی:

- ئەمەوێ نهێنییەکت پێ بڵێم. ئەبێ بەڵێن بدەی هەرچی ئەڵێم بە گوێم بکەی.

نەزەر عەلی خان تێکچوو و وتی:

- پاش تەمەنێك ژیانی هاوبەشی ئەبێ سوێندت بۆ بخۆم، خێرا بڵێ چی بووە؟

- ئەم رازە پەیوەندیی بە منو تۆوە نییە، بەڵام لە راستیدا پەیوەندیی بە تۆیشەوە هەیە. نازانم چۆنت پێ بڵێمو لە کوێوە باس بکەم. بەڵام بەڵێن بدە کە لەسەرخۆ بیتو هیچ نەکەی.

نەزەر عەلی خان کە لەمە گێژ ببوو وتی:

- ئەتەوێت بڵێیت ئاغا محەممەد خان رایکردووە.

ژنەکەی قسەی پێبڕیو وتی:

- بریا رایکردایەو بریا هەرگیز نەهاتبایە ئێرە.

ژنەکەی نەزەر عەلی خانی کەمێ لە ماڵ دوور خستەوەو وتی:

- ئێمە هەڵەیەکی گەورەمان کرد کە بێ سیفەتێکمان لە ماڵی خۆمان پەنا دا. ئێستاکەیش با ئەم هەڵەیە نەبێتە دوو. ئەبێ شێخ عەلی خانی برات واتە باوکی گوڵابتون بڕیار بداتو ئەبێ ئەو هەرچی پێ باش بوو بیکات.

نەزەر عەلی خان لە رقا نەیئەزانی چی بکات. ژنەکەی وتی:

- هەستە تۆ کە تاوانت نییەو پەنادان بە برینداریکی ئاوارە ئەرکی هەر کەسێکە. ئێستا کە ئەو خائینو سپڵە بوو چاوەڕوانی سزادانە.

نەزەر عەلی خان تەتەرێکی نارد بۆ تارانو پەیامێکی نارد بۆ شێخ عەلی خانی برای. شێخ عەلی خانیش رایسپارد کە خێرا ئاغا محەممەد خان رەوانەی تاران بکرێت.

ئاغا محەممەد خان بە دەستبەستراویو پاسەوانی پیاوانی محەممەد خانی سوادکوهی لەگەڵ سەڵتەنەت خانم رەوانەی تاران کرا. لەم بارەیەوە چەندین بۆچوون هەن، تیلۆر تامسۆن نووسەری ئینگلیز ئەنووسێ:

شێخ عەلی خانی زەند کە هەروەك زەندەکانی تر جوان





چاك بوو، کچێکی بوو زۆر جوان، ئاغا محەممەد خانی قاجار حەزی لێکرد، بە بێ زەماوەندو مارەکردن، کردی بە ژن کە ئەم کارە لەو زەمانەدا تاوانێکی گەورە بوو و جێی لێبوردن نەبوو و سزای پیاوەکە ئەوە بوو ئەیانخەساند.

شێخ عەلی خان بە ژنەکەی وت:

- نابێ کەس بەمە بزانێت، ئەبێ ئاگاداری گوڵابتون بیو دڵنەوایی بدەیتەوە، تا من تۆڵە لەو لاوە بکەمەوە.

شێخ عەلی خان لەسەر داوای سەڵتەنەت خانم هەوڵی دا ئاغا محەممەد خان نەبینێ. ئەمە پێشنیاری نەزەر عەلی خان بوو چونکە شێخ عەلیی برای باش ئەناسیو ئەیزانی هەر کە محەممەد خان ببینێ ئەیکوژێ.

شێخ عەلی خان نۆکەرێکی هەیکەلو سمێڵ قەویو تووڕەی هەبوو کە هەمیشە لەگەڵیدا بوو و کارە گرنگەکانی بەو ئەسپارد. شێخ عەلی خان ئەوی بە سەلابەت بانگ ئەکردو کەسانی تر سەلابەت خانیان پێئەوت. کەم پێئەکەنی بەڵام کاتێ پێئەکەنی دەنگێکی سەیری هەبوو. زراوی خەڵکی ئەبرد. شێخ عەلی خان بە سەلابەت خانی وت:

- سەلابەت، ئەم کوڕەی محەممەد حەسەن خان بکە بە ئاغا.

ئیتر هیچی تری نەووتو هۆی ئەم کارەی نەدرکاند. بەڵام چون سەلابەتی باش ئەناسی سەلابەتی بانگ کردە سەر خوانی خۆیو دەردەدڵی بۆ کرد. سەلابەت نەیتوانی هیچ بخواتو خێرا هەستاو چووە لای ئاغا محەممەد خان کە لە زیندان بوو. پاسەوان خێرا دەرگای کردەوە. سەلابەت خان قاقا پێکەنی بە جۆرێ کە محەممەد خان گوێی خۆی گرت. بەڵام سەلابەت پێکەنینەکەی درێژە داو بە دەنگێکی گڕەوە هاواری کرد.

- بەیانی! بەیانی چاوەڕێ بە.

ئاغا محەممەد خان لە ترسا خەو نەچووە چاوی. بەیانی سەلابەت خان بە چوار پیاوەوە هاتە ژوورو وتی: خانی قاجار لەگەڵ ئێمە وەرە.

ئاغا محەممەد خان زراوی چوو و سەری داخست. سواری ئێسترێکیان کردو بردیان بۆ شوێنێکی چۆڵ. سەلابەت خان دایبەزاندو پرسی:

- ئەگەر تۆ لە جێگەی شێخ عەلی خان بوویتایە چ سزایەکت ئەدا؟

ئاغا محەممەد خان بێ دەنگ بوو. سەلابەت خان وتی:

- ئەگەر بێ دەنگ بیت بە توندی سزات ئەدەم.

بەڵام ئاغا محەممەد خان هەر بێ دەنگ بوو. سەلابەت خان وتی:

- ئێستا ئەبێ کارێکی بچوك بکەین تا لەمەودوا خانی قاجار نازناوێکی چاکی هەبێ. پاشان هاواری کرد خێراکەن.

خێرا چوار کەسەکەی لەگەڵی بوون ئاغا محەممەد خانیان راکێشا، ئاغا محەممەد خان نەیئەزانی چی بەسەر دێنن. سەرەتا وایزانی ئەشکەنجەی ئەدەن، کاتێ ویستیان پانتۆڵەکەی داکەنن کەمێ بۆی روون بووەوە.

سەلابەت خان وتی: ئەبێ دڵنیا بم کە خانی قاجار لەمەودوا بێ زیان ئەبێو واز لە سپڵەیی ئەهێنێ. دڵنیابە ناتکوژم.

ئەوەی سەلابەت خان لەگەڵ ئاغا محەممەد خانی کرد سزایەك بوو کە لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەکرا کە کاری وایان ئەکرد. ئەم کارە واتە خەساندن لەگەڵ ئەسپو گا ئەکرێت تا بەهێز ببن، بەڵام لەگەڵ مرۆڤ تەنیا شاکان ئەیانکرد واتە ئەو کەسانەیان ئەخەساند کە لە ماڵی پاشا خزمەتیان ئەکردو ئەم کارەیش زۆر بەئێشە. ئاغا محەممەد خان هاواری ئەکرد، پیاوەکانی شێخ عەلی خان ناچار دەمیان گرتو پاش ماوەیەك بێهۆش بوو. کاتێ بەهۆش هاتەوە کەسێکی تر بوو. ئەم هەواڵە درا بە شێخ عەلی خانو ئەویش کەریم خانی ئاگادار کرد.





کەریم خان ئەو کاتە لە (کەن) بوو کە گوندێکی نزیکی تارانەو ئێستا گەڕەکێکی شارە. کەریم خان وتی:

- ئاغا محەممەد خان بهێنن بۆ کەن ئەمەوێت لە نزیکەوە بیبینم.

لێرەدا هەواڵ بە دایکی محەممەد خان گەیشت، ئەویش بە خەدیجە بیگمی وت:

- خەدیجە بیگم بە باوەڕی من تەنیا کەسێك بتوانێ محەممەد خانی کوڕم لە مردن رزگار بکات تۆیت. کەریم خان تەنیا قسە لە تۆ وەرئەگرێت، بچۆ بەڵکو رزگاری بکەیت.

خەدیجە بیگم لەگەڵ برا بچوکەکەی ئاغا محەممەد خان واتە حسێن قولی خان هاتنە تاران. کەریم خان کە هەواڵی هاتنی خەدیجە بیگمی بیست فەرمانی دا بە رێزەوە بیانهێننە لایو وتی:

- زۆر بەخێرهاتی.

خەدیجە بیگم لە شیراز محەممەد حەسەن خانی برای نەیوێرا بچێتە مەیدانی کەریم خان، عاشقی کەریم خان ببوو. هاتنی خەدیجە بیگمو پاڕانەوەی کاری کردە سەر کەریم خان.

سەرهەنگ (گولد ئسمیت) لەم بارەیەوە ئاوا ئەنووسێ:

> دوای ئەوەی ئاغا محەممەد خانیان هێنایە تاران کەریم خان تەنیا لەبەر ئەوە نەیکوشت یا کوێری نەکرد کە بیستبووی شێخ عەلی خان خەساندوویەتی. کەریم خان بە ئاغا محەممەد خانی وت: ئاشکرایە کاتێ یاخییەك ئەگیرێ ئەیکوژن یا کوێری ئەکەن، بەڵام من تۆ ناکوژمو کوێرت ناکەم چون ئەزانم تۆیان خەساندووەو ئەم سزایە بۆ تۆ بەسە. ئێستا تۆ نە پیاویو نە ژن.

# بەشی دەیەم

## ڕووداوەکانی  ئازەربایجان

ساڵی ١١٤٠ی هەتاوی (١٧٦١ی زایینی) یەکێك لە فەرماندەکانی نادر شا بە ناوی فەتح عەلی خانی ئەفشار پاش کوژرانی نادر شا بووە هاوپەیمانی محەممەد حەسەن خانی قاجارو پێکەوە هاتنە ئازربایجانو قەڵای ورمێیان گرت. کاتێ فەتح عەلی خان بارودۆخی ئێرانی وا ئاڵۆز دی خەیاڵی پاشایەتیی کرد. کەریم خان لەو کاتەدا خەریکی کاروباری فارسو بەختیاریو کرمان بوو. فەتح عەلی خان بە کەڵکوەرگرتن لە سەرکەرمبوونی کەریم خان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کردو تەبرێزو مەراغەو سەڵمایشی گرت. فەتح عەلی خان بە ناوی دەوڵەتو پارێزگاری لە وڵات کەوتە سەرکوتکردنی دەرەبەگەکانی ناوچەکەو ستەم لە خەڵك کردن. دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان لە ترسانو لەبەر بەرژەوەندی پاڵیان دا بە فەتح عەلی خانەوە. کەریم خان کاتێ هەواڵی زانی بەرەو ئازربایجان هاتو سوپاکەی لە ناوچەی (سیاه چەمەن) نیشتەجێ کردو هۆبەی هەڵدا. ئەو کاتە فەرماندەکان هەمیشە ژنو منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان ئەگێڕا، لەبەر ئەوە نەدر خانی زەند دیاری کرا بۆ پاسەوانی لە ژنو منداڵەکانو چاودێری لە خواردەمەنی. پاشان کەریم خان لەگەڵ شێخ عەلی خانی دایك برایو سەرکردەیەکی تردا چووە مەیدانی فەتح عەلی خان.





فەتح عەلی خان کە زانیی کەریم خان هاتووە کەوتە خۆو ئامادەی شەڕ بوو. شاباز خانی دەنبەلی، پەناه خانی جوانشێرو ئەمیرگونە خان کە سەرکردەی فەتح عەلی خان بوون بە سی هەزار کەسەوە لە هۆزەکانی ئەفشارو ئەفغانو ورمێ بەرەو گوندی (سیاه چەمەن) بە رێ کەوتن.

بارودۆخی ناوچەکەو سوپاکان بە شێوەیەك بوون کە هۆزەکان رووبەرووی یەکتری وەستا بوون. فەرماندەکان تەنیا لەبەر ئەوە ئەم سوپایەیان کۆ کردبووەوە کە یەکەم خەڵکی ناوچەکە بوونو شارەزایی تەواویان هەبوو و دووەم خەرجیی ئەم کەسانە کەمتر بوو. یەکێك لەم کەسانە ئیبراهیم خانی بغایری خوراسانی بوو کە لە رقی فەتح عەلی خان بە سوپایەکەوە پاڵی دابوو بە کەریم خانەوە. کەریم خان لێپرسراوییەکی گرنگی پێدابوو. بەڵام ئیبراهیم خان کاتێ گەیشتە (سیاه چەمەن) بیروڕای گۆڕاو کەوتە هاوکاریی فەتح عەلی خانو نامەیەکی بۆ نووسی کە تیایدا هەموو تایبەتمەندییەکانی سوپای کەریم خانی تێدا نووسیبوو و وتبووی:

منو دوو کەسی دی لە خانەکان کە ناوی ئەوان دوایی
ئەنووسم لەگەڵ هێزەکەمان پەیوەندی بە تۆوە ئەکەین.
لەبەر ئەوە پەیوەندی لەگەڵ ئێمە مەبڕە.

ئەم نامەیە بە (قوجە بەگ)دا کە نۆکەری باوەڕپێکراوی ئیبراهیم خان بوو بۆ فەتح عەلی خان رەوانە کرا. سەربازگەکەی کەریم خان، هێزێك نەبوو کە بە ئاسانی بدرێتە بەر پەلامارو لەلایەکی تریشەوە هەموو ئامادەکارییەکی ئاسایشی کرابوو. لەبەر ئەوە دەرچوونی (قوجە بەگ) لە سەربازگە زانراو خێرا هەواڵ بە کەریم خان درا، ئەویش فەرمانی دا:

- با بڕوات بەڵام کاتێ گەڕایەوە بە بێ دەنگی بیهێننە لای من.

پاش چەند کاتژمێرێك قوجە بەگ بە شادمانییەوە گەڕایەوەو کاتێ

نزیکی سەربازگە بووەوە، دەستێ درا بە شانیدا، وترا:

- کێیت؟

قوجە بەگ لەسەرخۆ وتی:

- لە پیاوەکانی ئیبراهیم خانی بغایریم.

کە پاسەوانەکە ئەمەی بیست بە ئارامیو لەسەرخۆ وتی:

- کەوابوو لە خۆمانی، لەگەڵ من وەرە بە پەلە.

فەیزوڵڵا بەگ لەگەڵ دە پاسەوان چاوەڕێی هاتنەوەی قوجە بەگ بوون، کاتێ گەیشت بە پەلە دەستو قاچو دەمیان بەستو هێنایانە لای کەریم خان، کەریم خان پرسیی:

- ماوەی دوو کاتژمێرە چی ئەکەی لە هۆبەی فەتح عەلی خاندا؟

قوجە بەگ نەیئەزانی بڵێ چی، کەریم خان وتی:

فەیزوڵڵا بە باشی بپشکنە.

فەیزوڵڵا خێرا نامەی فەتح عەلی خانی دۆزییەوە. کەریم خان وتی:

- ئەزانی سزای جاسوس لە کاتی شەڕدا چییە؟

لەم کاتەدا بە فیزوڵڵای وت:

- ئەم نۆکەرە بەوەفایە قسە ناکات. باش وایە بۆ هەمیشە بێ دەنگ بێت.

کاتێ قوجە بەگ زانی ئەیکوژن بە گریانەوە وتی:

- هەرچی بپرسن ئەیڵێم بەس مەمکوژن، من بێ تاوانم. ئیبراهیم خانی بغایری نامەیەکی دا بە من کە خۆیو دوو سەرکردەی تر نووسیبوویان.

فەیزوڵڵا پرسی: ناویان چییە؟

قوجە بەگ وتی: بڕیار وابوو ناوەکانیان دوایی بنووسن.

فەیزوڵڵا وتی: درێژە بدە.

قوجە بەگ وتی:





- من نامەکەم گەیاندو بڕیارە ڕۆژی شەڕ بە پێی ڕێکەوتنی فەتح عەلی خانو ئیبراهیم خان، هێزەکەی ئیبراهیم خان بچێتە پاڵ سوپای فەتح عەلی خان.

فەیزوڵڵا بەگ وتی:

- قوجە بەگ، تۆ تاوانباریو سزای تۆ کوشتنە، بەڵام چون ڕاستیتو هەموو شتت وت ئازارت نادەم، بەڵام ڕزگاریی تۆ پەیوەستە بەوەی کە تا چەندە ڕاستیت وتبێت. ئەگەر هەموو شتێکت وتبێت ئەوا ناتکوژین.

لەم کاتەدا کەریم خان لە خێمەکە چووە دەرەوە. کاتێ قوجە بەگ لەگەڵ فەیزوڵڵا بەگو چەند پاسەوانێك تەنیا مانەوە، قوجە بەگ وتی:

- ئەبێ چەند شتێکی تر بە وردی بڵێم.

فەیزوڵڵا بەگ وتی:

- هەرچی بووە لەو کاتەوە لای ئیبراهیم ڕێکەوتووی تا ئێستا باسی بکە.

فەیزوڵڵا بەگ پاسەوانەکانی کردە دەرەوە. کاتێ هەموو شتێکی وت لەوێ کوشتیان.

پاش کوشتنی قوجە بەگ، فەیزوڵڵا بەگ وەڵامی نامەکەی بە پیاوێکی تردا نارد بۆ ئیبراهیم خانو نووسی چون قوجە بەگ لەوانە بوو بناسرێ ئەوا نامەکەمان بە کەسێکی تردا ناردو قوجە بەگ لای ئێمەیە. ئیبراهیم خان باوەڕی کردو وەڵامی نامەکەی ناردەوە بەم جۆرە:

- من هەوڵ ئەدەم خۆم نەخشەی شەڕەکە داڕێژم چون زۆرکات من ئەو کارە ئەکەم. ئەگەر کەریم خان ڕازی بوو ئەوا ئێوە بێ غەم بنو ئەگەر ڕازیش نەبوو ئەوا پەیوەندیت پێوە ئەکەم.

شەو هەموو لە چادرەکەی کەریم خاندا کۆ بوونەوە تا نەخشەی شەڕ بۆ بەیانی داڕێژن. کەریم خان وتی:

- بەیانی شەڕ ئەبێ، هەرکامتان نەخشەی باشی هەیە با دەریخات تا بە باشترین نەخشە کار بکەین.

هەریەکە نەخشەی خۆی راگەیاند، بەڵام کەریم خان تەنیا پێشنیاری ئیبراهیم خانی پەسند کرد. ئیبراهیم خان لەمە شاد بوو و بە پەلە پەیامی نارد بۆ فەتح عەلی خان. فەیزوڵڵا بەگ کابرای خستە ژێر چاودێریو کاتی گەڕانەوە کوشتی تا هەواڵ بڵاو نەبێتەوە.

نەخشەی ئیبراهیم خان بەم شێوەیە بوو کە پیاوەکانی ئەو لە ناوجەرگەی سوپادا بنو لە دوای ئەوەوە شێخ عەلی خانو نەزەر عەلی خان سەنگەر بگرنو کاتێ ئیبراهیم خان هێرشی برد ئەمان پشتیوانیی بکەن.

کەریم خان ئیبراهیم خانی بانگ کردو سوپاسی نەخشەکەی کردو وتی:

- تۆ بۆ ئەم سوپایە پێویستی، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ سوپای دوژمن هەڵئەسەنگێنینو بەیانی بە پێی نەخشەکەی تۆ هێرش ئەبەین.

ئیبراهیم خان ئەو رۆژە لەناو هێزەکەی شێخ عەلی خاندا خرایە ژێر چاودێریو جێگەکەی درا بە شێخ عەلی خان. فەتح عەلی خان ئەم ئاڵوگۆڕەی بە فێڵی ئیبراهیم خان زانی. لەم کاتەدا شێخ عەلی خان بە (٥٠٠) سوارەوە هێرشی برد، بەڵام لەبەر نەگەیشتنی یارمەتی ناچار بە کشانەوە بوو. پیاوەکانی شێخ عەلی خانو نەدر خانی برازای کەریم خان وایانزانی دوژمن هێرشی هێناوەو رایانکرد. لێرەدا تەنیا کەریم خانو هێزێکی کەم مانەوە. کەریم خان خۆی گەیاندە شەڕو فەرمانی تەقەی داو، بە زەکی خانی وت کە لای راستی سوپای دوژمن سەرگەرم بکاو خۆیشی هێرشی کردە ناوجەرگەی دوژمن. کەریم خان ئازایانە توانی دڕ بدات بە سوپای دوژمن. لەم کاتەدا ئەسپەکەی شاباز خان کوژراو خۆیشی لەلایەن چەکدارێکی زەندەوە دیل کرا. کەریم خان رووی کردە سەنگەرەکەی فەتح عەلی خان، کاتێ نزیک بووەوە





هاوار بەرز بووەوە "کەریم خان هات". فەتح عەلی خان لە پێش هەمووان رایکرد. کەریم خان چووە خێمەکەی فەتح عەلی خانو دەستکەوتەکان کۆ کرانەوەو ناردی بە دوای شێخ عەلی خاندا کە رایکردبوو. پاش چەند رۆژێك کەریم خان بەیانێکی بڵاو کردەوە کە تیایدا هاتبوو سەرکەوتن بە هاوکاری سەرکردە گەورەکانی وەك شێخ عەلی خانو زەکی خان بەدەست هاتووە. ئەم بەیاننامەو ئەم هەڵ گوتن بەسەر ئەم دوو سەرکردەیە بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکیو دڵساردی لە نێوان سوپای کەریم خاندا، کە دوژمنان سوودی زۆریان لێوەرگرت. زەکی خانی دایك برای کەریم خان وتی:

- شێخ عەلی خان کە رایکردبوو چون ناوی ئەو پێش هەموو هاتووە لەبەر ئەمە بە هێزەکەی خۆیەوە سوپای بەجێهێشت.

کەریم خان لەم هەواڵە دڵگیر بوو و چەند کەسی نارد بە دوای زەکی خاندا بەڵام ناوبراو نەگەڕایەوە. کەریم خان بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەو بۆ چاککردنەوەی دڵی زەکی خان (٧) هەزار جەنگاوەری نارد بۆ هەمەدان بۆ لای زەکی خان، بەڵام ئەم هەواڵە گەیشتە دوژمنانو ئەم ناکۆکییەیان قوڵتر کردەوە.

کەریم خان کەوتە دوای فەتح عەلی خان کە خۆی خزاندبووە قەڵای ورمێ. کات پاییزو وەرزی سەرما بوو. فەتح عەلی خان لە ناو قەڵاو کەریم خان لە بەر سەرمادا بوو. بە هاتنی زستانو سەرمای سەخت گەمارۆی قەڵا لە توانادا نەمابوو. فەتح عەلی خان پەیامی دا بە کەریم خان کە واز لە گەمارۆ بهێنێتو، ئەگەر واز نەهێنێت بەم زووانە ناوبژیوانی ریش سپی دێت کە ئامانجی لەمە هاتنی وەرزی زستان بوو، بەڵام کەریم خان پێشبینیی زستانی کردبوو، لەبەر ئەوە پێش بارینی بەفرو باران دەستی کرد بە چاککردنی ماڵی قوڕو بەردو دار لە دەوری قەڵاو، چەند تۆپی لە تەپەیەکی بەرزدا بەست.

لەم کاتەدا لە سنووری عوسمانییەوە هۆزە شەیتان پەرستەکان (یەزیدییەکان) دەستیان کرد بە هێرش بۆ ناوچەکە، کەریم خان مراد خانی زەندی بە (٧) هەزار کەسەوە داناو خۆی چووە شەڕی یەزیدییەکان.

کوردە یەزیدییەکان لەمێژەوە لە ناوچەکانی ناوەندو رۆژئاوای ئێراندا ئەژیان. هەندێ لێکۆڵەر جێگەی یەکەمی ئەوان بە یەزد ئەزانن کە پێش هاتنی ئیسلام لەو مەڵبەندە بوون. هەندێکیش ئەمانە بە پاشماوەی یەزیدی کوڕی معاویە ئەزانن یا یەزید ئەنیسەی بێگانە. گوایە دانەری ئەم ئایینە شاهدی کوڕی جەڕاحو بڵاوکەرەوەی ئایین یەزیدی کوڕی ئەنیسەی بێگانە بووە. ئەم ئایینە هەندێ کات بە ناوی (عدویە) بەناوبانگنو یەزیدییەکان ئێستاش لە رۆژئاوای ئێران (کەرەندو جبرلو)و لە عێراقو تورکیاو سوریا ئەژین.

کەریم خان خێرا یەزیدییەکانی شکاندو گەڕایەوە سەر گەمارۆی ورمێ، بەڵام لێرەدا کارەساتێکی سەیر رووی دا. کاتێ کەریم خان خەریکی ئامادەکاری بوو بۆ هێرش، هەواڵ هات ئازاد خانی ئەفغان بە تەنیا هاتووەو داوای لێبوردن ئەکات. کەریم خان پێشوازییەکی گەرمی لە ئازاد خان کردو پرسی:

- خانی ئەفغان ئەم هەموو کاتە لە کوێ بوون؟

ئازاد خان کە لەو هەموو رێزەی کەریم خان سەری سوڕما بوو وەڵامی دایەوە:

- ئەم سەگە لە دەشتودەر ئاوارە بوو ئێستا هاتۆتە ماڵی کەریم خانو پەنای هێناوە.

کەریم خان دڵی سوتاو بەڵێنی دایە کە لە مەترسیدا نییە. پاشان پەنجا کەسی دایەو کردی بە پاسەوانی تایبەتی خۆیو جێگەو مانگانەی بۆ دیاری





کرد.

چواردەوری قەڵایان دیوار کرد تا پەیوەندیی قەڵا لەگەڵ دەرەوە بڕن. قەڵا درایە بەر ئاگری تۆپو تفەنگ، نۆ مانگ بەم جۆرە تێپەڕی، دانیشتوانی قەڵا زۆریان بۆ هات. یەکێك لە سەرکردەکانی قەڵا بە ناوی ئەمیر گونە خان نامەیەکی بۆ کەریم خان نووسیو رایگەیاند کە من ئەتوانم کۆتایی بەم ئاژاوەیە بهێنم. من دەرگای خوارووی قەڵا ئەکەمەوە بەو مەرجەی ئێوە دەستدرێژی نەکەنە سەر دانیشتوانی قەڵا. بەڵام کەریم خان رازی نەبوو، وەڵامی دایەوە کە:

- ئەمیر گونە خان خۆی بێتە ئێرەو لێرە قسەی خۆی بکات.

رۆژی دوایی فەتح عەلی خان لە پەیامی گونە خان ئاگادار بوو، بڕیاری دا خۆی بچێتە لای کەریم خان. فەتح عەلی خان بە ترسو لەرزەوە لە پێناوی کۆتاییهێنان بە شەڕ چووە لای کەریم خانو داوای لێبوردنی کرد:

کەریم خان زۆر رێزی لە فەتح عەلی خان گرتو ئەوی بەخشی. فەتح عەلی خان بە شادمانی گەڕایەوە ناو قەڵاو رۆژی دوایی هاتەوە لای کەریم خانو داوای لە کەریم خان کرد کە بچێتە ناو قەڵاوە. کەریم خان داوای کرد کە دوو گەڕەك چۆڵ بکرێت بۆ حەوانەوەی هێزەکەیو پاشان پاسەوانی ناردە شار تا لەشکر ستەم لە کەس نەکات. پاش شەش رۆژ خۆیشی چووە ناو قەڵا. فەتح عەلی خان رێزی زۆری گرتو پاشان بە کەریم خانی وت کە ئەم شەیتان پەرستانە زۆریان بۆ خەڵکی ناوچەکە هێناوەو پێویستە سەرکوت بکرێن. کەریم خان (٨) هەزار سوارەی دا بە فەتح عەلی خانو ناردی بۆ سەرکوتکردنی شەیتان پەرستان.

کەریم خان هەمیشە هەوڵی ئەدا دوژمنەکانی بکاتە دۆستو لەباتی شەڕ ڕێگەی ئاشتی بگرێتە بەر. لەم ڕووەوە فەتح عەلی خانی وەك فەرماندەیەك نارد بۆ سەرکوتکردنی یەزیدییەکانو، هەوڵی دا زەکی خان ئاشت بکاتەوە. بەڵام کەسانێك هەوڵی قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکەیان داو نامەیەکیان بە ناوی کەریم خانەوە بۆ زەکی خان ناردو داوایان لێکرد کە عەلی محەممەد خانی زەندو والیی قەزوین باڵبەست بکاتو ڕەوانەی لای کەریم خانی بکات. لە هەمان کاتدا بڕیار وابوو عەلی محەممەد خان زەکی خان بگرێت، لەبەر ئەوە بینیی ئەمە داوێکە بۆیان داناوە پاڵی دا بە زەکی خانەوە دژی کەریم خانو هێزێکی گەورەیان پێکەوە نا.

هێزەکەی زەکی خانو عەلی محەممەد خان هێرشیان کردە سەر ئسفەهانو تاڵانیان کرد. کەریم خان کە ئەمەی بیست لە ئەردەبیل بوو و ئەیویست بچێت بۆ باکۆو قەفقاز بگرێت، خێرا بەرەو ئسفەهان گەڕایەوە. زەکی خانو عەلی محەممەد خان لە ترسا بەرەو خوزستان ڕایانکرد. کەریم خان فەرمانی بە نەزەر عەلی خان دا تا یاخیبووەکان بگرێت. کاتێ نەزەر عەلی خان لە هێزەکەی زەکی خان نزیك بووەوە، زۆربەی فەرماندەکانی زەکی خان لە ترسی کەریم خان هاتنە ناو سوپای نەزەر عەلی خانەوە. لەبەر ئەمە نەزەر عەلی خان ئەمەی بە سەرکەوتن زانیو بە بێ شەڕ گەڕایەوە ئسفەهان.

زەکی خان ڕووی کردە شوشتر، هۆزی بەنی کەعب کە لە نێوان شوشترو دزفول ئەژیان بەرەنگاری بوونەوە، بەڵام پاش شەڕێك شکانو ڕایانکرد. خەڵکی شوشتر بە ڕێزەوە پێشوازییان لە زەکی خان کرد. کوڕەکانی ئەبو تالیبی شوشتر کە گەورەی شوشتر بوون هاتنی زەکی خانیان لا ناخۆش بوو لەبەر ئەوەی لەگەڵ هۆزی بەنی کەعب دوژمنایەتییان هەبوو و لەوان ئەترسانو میرزا ئەبو تالیبی باوکیان بە دەستی ئەم هۆزە کوژرا بوو. بۆ





وەرگرتنی تۆڵە زەکی خانیان هان دا بچێت بە گژ بەنی کەعبدا. زەکی خان عەلی محەممەد خانی بە هێزێکەوە نارده سەر بەنی کەعبو، شەفیع خانی کوڕی ئەبو تالیب کرایە فەرماندەی هێزەکە. کاتێ هۆزی بەنی کەعب ئاگادار بوون بە دە هەزار کەسەوە ڕووبەڕوو بوونەوە بەڵام شکانو سەرۆکی بەنی کەعب ڕایکردو عەلی محەممەد خان کەوتە دوایو شەڕی دەستەویەخە دەستی پێکردو لە ئەنجامدا عەلی محەممەد خان والیی شوشتری دیل کردو ناردییەوە لای زەکی خان.

کاتێ سەرۆکەکانی ناوچەکە ئەم ئازایەتییەی زەندەکانیان دی هەموو ملکەچ بوونو، زەکی خان بەمجۆرە بەهێز بوو. شەفیع خان کە دوژمنایەتیی لەگەڵ والیدا هەبوو داوای لە زەکی خان کرد کە والی بکوژێت، ئەویش فەرمانی دا والییان کوشت. لەم کاتەدا کوڕی والی بە دیارییەکی زۆرەوە هاتو وتی ئەگەر باوکم ئازاد بکەیت هۆزی بەنی کەعب بە (٢٥) هەزار کەسەوە دێنە ژێر فەرمانت. زەکی خان کە ئەمەی دی لە کاری خۆی پەشیمان بووەوە بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو.

لەولایشەوە کەریم خان بۆ سەرکوتکردنی زەکی خان کەوتبووە ڕێو نەزەر عەلی خانی بە (١٢) هەزار کەسەوە ناردبوو، ئەگەرچی کەریم خان نەخۆش کەوت بەڵام نەخۆشی نەبووە هۆی وەستانی. کاتێ گەیشتە خرم ئاباد چەند سەرکردەیەکی یاخیبوو پەیوەندییان پێوە کردو بەرەو شوشتر کەوتەوە ڕێ. کاتێ ئەم هەواڵە بە زەکی خان گەیشت بڵاوەی بە هێزەکەی کرد. زەکی خان لە ترسا ڕووی کردە دزفول بەڵام فریا نەکەوت لە شار دەرچێت کە سوپای نەزەر عەلی خان هاتە ناو شارەوە. زەکی خان هەواڵی نارد کە من خۆم ئەچمە لای کەریم خان. نەزەر عەلی خان ڕازی بوو بە مەرجێك دوو هەزار سەرباز چاودێریی بکەن نەوەك ڕابکات.

زەکی خان‌و چەند کەسێك لە سەرکردەکانی خۆیان خستە تەویلەی ئەسپەکانی کەریم خانەوە پەتیان خستە ملیان. تەویلەوان ئەم هەواڵەی بە کەریم خان دا. کەریم خان کە لەگەڵ ئازایەتیدا دڵێکی نەرمی هەبوو لە دایك براکەی خۆش بوو، بەڵام هەمیشە باوەڕی تەواوی پێی نەما.

خەڵکی شوشتر شاریان بە بۆنەی هاتنی کەریم خانەوە رازاندەوەو چوونە پێشوازی. ئەوانەی هاوکاریی زەکی خانیان کردبوو داوای لێبوردنیان کرد. هەموو خەڵکی ناوچە جگە لە هۆزی (لەیلاوی) ملکەچیی خۆیان دەربڕی. لەبەر ئەوە کەریم خان بە خودا مراد خانی زەندی فەرمان دا تا ئەم هۆزە سەرکوت بکات. نەزەر عەلی خان لەگەڵ ئەم هێزەدا بوو، هۆزی لەیلاوی لە سێ هێڵدا سەنگەریان لێداو لە سەنگەری پێشەوەدا لاوەکان بە هەموو جۆرە چەکێکەوە دامەزران‌و لە سەنگەری دووەمدا هەرچی کەلوپەل‌و شتی بەنرخ‌و ئاژەڵ‌و ئەسپیان هەبوو دایان ناو لە سەنگەری سێهەمدا ژن‌و منداڵەکانیان حەشار دا.

ناوچەی ئەم هۆزە ناوچەیەکی سەربازیی گرنگەو تەنیا رێگەیەکی هەیەو بە ناوچەی کێوی کلات ناسراوە، هەر چواردەوری کێوەو ناوەڕاستی دەشتەو لایەکی کێوەکە بەشێکی گەرمیانەو بەشێکی تری کوێستانە. لەیلاوەییەکان بە چاکی خۆیان حەشار داو کاتێ بەشێك لە سوپای خودا مراد خان هاتە ناو دەربەندەکە رێگەی گەڕانەوەیان لێبەست‌و هەموویان کوشتن. پاشان سەنگەرەکانیان گواستەوە بۆ جێگەیەکی ئاستەمتر. خودا مراد خان وتی ئەگەر بەم جۆرە بگەڕێینەوە ئەکەوینە بەر سزای کەریم خان، کەوابوو ئازایانە هێرش بەرین. هێرش دەستی پێکردو کوشتارێکی زۆر لە زەندەکان کرا، بەڵام خودا مراد خان هێرشی درێژە پێدا کە لەناکاو لەیلاوییەکان کەوتنە تلکردنەوەی بەرد بەسەریاندا کە خەریك بوو هێرشەکە راوەستێنێ





بەڵام خودا مراد خان ئازایانە خۆی گەیاندە سەر چیاکەو لە خەتەری گوللەی دوژمن خەلساند. خودا مراد خان‌و هێزەکەی شمشێریان کێشاو هەڵمەتیان کردە سەر سەنگەری یەکەم. لەیلاوییەکان هەرچەند ئازاو شەڕکەر بوون بەڵام توانای سەرکردە شەڕکەرەکانی زەندیان نەبوو و ناچار بە پاشەکشێ بوون. کاتێ زەندەکان دەستکەوتی سەنگەری دووەمیان دی خێراتر خۆیان گەیاندە سەنگەری سێیەم‌و ژن‌و منداڵەکانیان دیل کردو لەگەڵ خۆیان بردیانن، بەڵام سەیر ئەوە بوو کە کاتێ چەکدارەکانی زەند خۆیان گەیاندە سەنگەری ژنەکان‌و هەندێ لە پاسەوانەکانیان کوشت‌و هەندێکی تریان خۆیان دا بەدەستەوە، بەڵام هەندێ لە ژنەکان خۆیان لە کێوەکەوە فڕێ دایە خوارەوەو خۆیان کوشت.

کەریم خان دوای ئەمە لاوەکانی لەیلاوی هێنایە ناو سوپاکەی‌و پاش تەواوبوونی کارەکان گەڕایەوە بەرەو شیرازو لەم کاتەدا تەنیا خوراسان مابوو کە بکەوێتە ژێر فەرمانی کەریم خانەوە.

# بەشی یانزەیەم

**شۆڕشی تەقی دوڕانی**

ساڵی ١١٣٧ی هەتاوی کرمان لەلایەن کەریم خانەوە گیراو، خودا مراد خان کرا بە والیی ئەوێ. خودا مراد خان چوار ساڵ والیی کرمان بوو، پاش چوار ساڵ ڕووداوێکی سەیر ڕووی دا.

سەرەتا والیی کرمان شاروخ خانی ئەفشار بوو کە لەلایەن شاروخ شای ئەفشارەوە دانرابوو. کەریم خان تا ساڵی ١١٣٧ی هەتاوی نەیتوانیبوو کرمان بگرێت. خودا مراد خان کە ئەوکات ئێشك ئاقاسی کەریم خان بوو (شتێکی وەك راوێژکەر) بۆ سەرکوتکردنی شاروخ خانو دەسەڵاتداری کرمان دیاری کرا. دوای شەڕێك کە لە بەهابادی کرمان ڕووی دا شاروخ خان کوژراو خودا مراد خان بووە والیی کرمان.

ڕۆژێك کە خودا مراد خان لەسەر کاری خۆی بوو سەرگەرمی وتووێژ بوو لەگەڵ نێردراوی کەریم خان. هەواڵیان دا کە پیاوێکی جلوبەرگ شڕ لە بەردەرگا ئەیەوێت والی ببینێت، خودا مراد خان وتی باشە چاوم پێی ئەکەوێت.

کابرای باسکراو تەقی دوڕانی خەڵکی کرمان بوو. ناوبراو بێ کەس گەورە ببوو و، دەستی دابووە گەڕۆکی. لە هەمان کاتدا پیاوێکی لێهاتوو و زیرەك بوو. حەزی لە راوکردن بوو و لە تیرهاویشتندا زۆر بەتوانا بوو.





هەمیشە حەزی لە راوی دڕندە بوو. ناوبراو ژنی نەبوو. ڕۆژێك کەڵێکی گەورەی راو کردبوو، هێنابووی بۆ خودا مراد خان تا بەڵکو شتێکی بداتێ. لەم کاتەدا خودا مراد خان لە ژوورێکی تردا چاوی کەوت بە تەقیو وتی:

- تۆ کێیتو؟ چیت ئەوێت؟

تەقی وتی:

- من هیچ نیمو هیچم ناوێ.

خودا مراد خان تووڕە بوو و وتی:

- کەوابوو بۆچی هاتوویتە ئێرەو ئەتەوێت من ببینی؟

تەقی وتی:

- دیارییەکی بچوکم پێبوو، ویستم پێشکەشی خانی بکەم. هیوادارم پەسەندی بکەن.

خودا مراد خان کاتێ ئەم کەڵە گەورەیەی دی بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- ئەم کەڵەت لە کوێ هێناوە؟ ئاغاکەت داوییە پێت؟

تەقی دوڕانی بە شەرمەوە وتی:

- نەخێر خان سەلامەت بێت من خۆم ئاغای خۆمم.

خودا مراد خان لەمە سەری سوڕماو هیچی نەوت، هەندێ پارەی کەمی خستە دەستی تەقی بەڵام کەم بوو. تەقی ویستی وەرینەگرێت بەڵام ترساو کاتێ چووە دەر فڕێیدا. کاتێ هاتە دەرەوە دی کە پاسەوانەکە بانگی کرد:

- ئەبێ بەشی من بدەی لەو پارەیە تا مۆڵەتت بدەم بچیتە دەرەوە.

تەقی پرسی: چ بەشێك؟

پاسەوان وتی: وا دیارە تۆ نەریتی ئێرە نازانی؟ مەگەر خەڵکی ئێرە نییت؟

تەقی وەڵامی دایەوە:

- خەڵکی ئەم شارەم بەڵام نەریتی ئەم بەڕێوەبەرییە نازانم. چون ئەگەر ئەمزانی ئەم والییەی ئێوە ئەوەندە بەخشندەیە هەرگیز نەئەهاتمە لای. ئەو شکارەم لە نێوان هاوڕێکانمدا بەش ئەکرد.

پاسەوان وایزانی تەقی ئەیەوێت هیچ بەشی ئەو نەدات، وتی:

- من زۆرم ناوێ تەنیا چەند درهەمێکم بدەرێ.

تەقی دوڕانی وتی:

- من درۆت لەگەڵ ناکەم، والی ئەوەندە کەمی دامێ کە لە ڕێگە فڕێم دا. ئەگەر باوەڕ ناکەی بمپشکنە.

پاسەوانەکە هاوڕێکەی بانگ کردو چوونە ژوورێکی بچوکەوە، پاشان پاسەوانی دووەم داوای لە تەقی کرد هەرچیی دەست کەوتووە دەری بهێنێ، بەڵام کە کاتێ تەقی وتی هیچم پێ نییە، زللەیەکی توندی لێداو بە قۆناغە تفەنگ خستییە ژوورەوەو داوای لێکرد رووت ببێتەوە، هەرچی تەقی سوێندی خوارد بێ سوود بوو.

پاسەوانەکە پاش پشکنینی جلوبەرگەکانی، هیچیان نەدی، لەبەر ئەوە سەیری تفەنگەکەی تەقیی کردو وتی:

- تفەنگێکی جوانە. بەم تفەنگە ئەو کەڵەت راو کردووە؟

تەقی وەڵامی نەدایەوەو خەریکی لەبەرکردنەوەی جلەکانی بوو. پاسەوان دووپاتی کردەوە:

- مەگەر لەگەڵ تۆم نییە؟ بەم تفەنگە راو ئەکەی؟

تەقی بە سەر وەڵامی دایەوەو خەریکی جلوبەرگ لەبەرکردن بوو.

کاتێ تەقی ویستی بڕوات تفەنگەکەیان لێسەند. تەقی وتی ئێستاکە دەرکەوت هیچم دەست نەکەوتووە، تفەنگەکەم بدەنێ بڕۆم. پاسەوانەکە قاقا پێکەنیو وتی:





- ئەگەر تفەنگەکەت ئەوێت؟ پارەم بدەرێ تا بتدەمەوە.

تەقی وتی چەندە؟

کاتێ پاسەوان وەڵامی دایەوە، تەقی خێرا دوور کەوتەوەو هاتەوە ماڵ بەڵام هیچی نەبوو ناچار هەرچی خەڵووزی بوو فرۆشتیو پارەی کابرای هێناو وتی:

- ئەمەیش بەشی تۆ.

پاسەوان پارەکەی وەرگرتو هەرچۆن بوو تفەنگەکەی دایەوە بە تەقی دوڕانیو وتی:

- ئەمتوانی بە زیاتر لەمە بیفرۆشم، بەڵام گرنگ نییە هەڵیبگرەو بڕۆ، وامزانی ئیتر نایەیتەوە.

تەقی وتی لەوانەیە دووبارە بێمەوە.

(دوڕان) لە (٢٧) کیلۆمەتری کرماندا هەڵکەوتووە. تەقی لەم ناوچەیەو لە کرمان هاوڕێی زۆری هەبوو. هەمیشە یارمەتیی هاوڕێکانی ئەدا. تەقی لەم رووداوە رقی ئەستوور بوو و لەلای هاوڕێکانی وتی:

- هەواڵانی من، دەسەڵاتێك کە پڕ بێت لە خراپە خۆی لەناو ئەچێت، تەنیا کەمێك لە خۆبوردنی ئەوێت. من بەڵێن ئەدەم لە یەکەمین هێرشدا ئەم دەسەڵاتە تێك ئەشکێت. تەقی هەرچەند خوێندەواریی نەبوو بەڵام زیرەكو لێهاتوو بوو، توانیی لە ماوەیەکی کەمدا (کەمتر لە یەك هەفتەدا) سێ سەد کەس لە خۆی کۆ بکاتەوە کە هەموویان فیدای بوون. تەقی بە هاوڕێکانی وت:

- دەستێك بە تەنیا دەنگی نایە، واتە چی؟

هەرکەسێك شتێکی وت بەڵام تەقی دوڕانی وتی:

- رۆژێك ئەسکەندەر لە دەریاوە تێپەڕ ئەبوو، دەستێك لە ئاو هاتە دەرو هەر پێنج پەنجەکانی کراوە بوون. هەرچی سەربازە تیریان هاویشت بەڵام

دەستەکە نەجووڵا. ئەسکەندەر نەیزانی چی بکات. پیاوێکی ژیر لەگەڵ ئەسکەندەر بوو، ئەسکەندەر داوای لێکرد ئەم شتە روون بکاتەوە، کابرا هاتە سەر ئاوەکەو سەیری پێنج پەنجەکەی کردو پێکەنی. ئەسکەندەر وتی:

- چی لێتێگەیشتی؟ بە ئێمەش بڵێ.

کابرا وتی:

- ئەم دەستە ئەڵێت ئەگەر پێنج کەس لە دنیادا یەکگرتوو بن ئەوا دنیا داگیر ئەکەن، بەڵام شتێکی باشتر بەو ئەڵێم.

کابرا دوو پەنجەی خۆی وەك (٧) لێکردو خێرا دەستەکە چووە ناو ئاو. ئەسکەندەر پرسی:

- ئەمە چی بوو؟

کابرا وتی:

- من وتم پێنج کەس زۆرە، ئەگەر دوو کەسیش یەکگرتوو بن دنیا داگیر ئەکەن.

ئامادەبوان کردیانە خۆشی. تەقی دوڕانی درێژەی پێداو وتی:

- ئێستا ئەگەر ئێمە ئەم (٣) کەسە یەك بین بە زوویی ناوەندی دەسەڵات ئەگرین‌و دەستکەوتی چاکمان ئەبێت لە زێڕو پارە.

نیوەشەو سێ سەد کەسەکەی تەقی بە جلوبەرگی رەش‌و دەموچاوی پێچراوەوە هاتنە دەوری بنکەی خودا مراد خان. خودا مراد خان لەگەڵ میوانەکانی باسی راویان بوو و لەم کاتەدا کەڵەکەی تەقی هاتەوە یادو وتی:

- لەم رۆژانەدا کابرایەك کەڵێکی کوژراوی چاکی بۆ هێنام.

خەڵکەکە وتیان کەوابوو خان پارەی چاکی داوە بە کابرا یا تفەنگێکی داوەتێ. لەم کاتەدا دانیشتن کۆتایی هات‌و میوانەکان هاتنە دەر. کە لەلایەن پیاوەکانی تەقی دوڕانییەوە باڵبەست ئەکران. کاتێ میوانەکان تەواو بوون





هێرشیان کردە ژوورو هەموو پاسەوانەکانیان کوشت‌و چوونە ژووری خودا مراد خان.

خودا مراد خان تازە خەوتبوو و چەند ژن‌و کارەکەر لە ژوورەکەیدا بوون. هاوار پەیا بوو. خودا مراد خان خێرا جلی لەبەر کردو دیی چوار کەس هاتنە ژوور، بوو بە شەڕی دەستەویەخە. خودا مراد خان پەردەیەکی گەورەی دڕاندو دای بەسەر کابراکانداو خێرا هەر چواریانی کوشت بەڵام کاتێ سەری هەڵبڕی تەقی دوڕانی‌و دە کەس رووبەڕووی وەستابوون، خێرا گرتیان‌و باڵیان بەست. تەقی دوڕانی خودا مراد خانی هێنایە ژووری پاسەوانەکان‌و رووی کردە ئەو دوو پاسەوانەی لێیان دابوون‌و وتی: ئەموت دێمەوە. ئەمجا بە خودا مراد خانی وت:

- ئەزانی هۆی ئەم رووداوە کێیە؟ زیاتر لە خۆت ئا ئەم کەسانەت کە بە ناوی خزمەت خەیانەت ئەکەن‌و پاسەوانی تۆو ئیزرایلی خەڵکن.

تەقی ویستی شمشێر بدات بە خودا مراد خان تا ئەو دوو پاسەوانە بکوژێت بەڵام پەشیمان بووەوەو فەرمانی دا هەردووکیان هەڵواسن.

ئەو شەوە کرمان لەلایەن تەقی دوڕانییەوە گیرا. هەواڵ بە دەوروبەر گەیشت. لە هەموو لایەکەوە هاتنە پشتیوانیی فەرمانڕەوای نوێ. تەقی دوڕانی کە تا دوێنێ دڵگیر بوو ئەمڕۆ ببووە والی. تەقی دوڕانی کە لە کاری فەرمانڕەواییدا شارەزا نەبوو دەستی کرد بە باج سەندن‌و بە شێوەی نادر شا هەر کەس باجی نەدایە بە توندی سزا ئەدراو هەرچی بوو تاڵان ئەکرا. خەڵك خێرا بێزار بوون.

لەولایشەوە کەریم خان محەممەد ئەمین خانی گەروسی‌و ئەمیر گونە خانی ئەفشاری بە هێزێکی (٥) هەزار کەسییەوە رەوانە کرد تا تەقی دوڕانی بگرن‌و بیبەنە لای کەریم خان. بەڵام لە بەختی باشی تەقی دوڕانی ئەو دوو

فەرماندەیەی کەریم خان ناکۆکی کەوتە نێوانیان‌و هێزەکەیان لێك جیا بووەوەو ئەمیر گونە خان شارەکانی بابەك‌و رفسنجانی تالآن کرد. لەبەر ئەوە محەممەد ئەمین خان گەروسی ناچار ئەمیر گونە خانی ناردەوە بۆ شیرازو بە دزییەوە پەیامێکی بۆ کەریم خان ناردو رووداوەکەی بۆ نووسی. کاتێ ئەمیر گونە خان گەیشتە شیراز کەریم خان بانگی کردو وتی:

- وات لێهات لەباتی خزمەت خەڵك تالآن ئەکەی؟

فەرمانی دا زیندانیان کرد.

محەممەد ئەمین خانی گەروسی بەو هێزەی کە لەگەڵی مابوو کرمانی گەمارۆ دا. پاش شەش رۆژ بەرگری شار گیرا. تەقی دورانی بە هێزێکی کەمەوە رایکرد بەو هیوایەی خۆی بەهێز بکاتەوە. کاتێ تەقی دورانی هێزی کۆ کردەوە شەوێك بوو بە هەرا لە دەشتی دەوری شار. محەممەد ئەمین خانی گەروسی کاتێ ئەم دەنگەی بیست خۆی ئامادەی بەرگری کرد. لەم کاتەدا هەموو دەشت بووە چراخانی‌و رووناك بووەوە. وا دەرئەکەوت کە هێزی دوژمن ئەوەندە زۆرە کە بەرگریی لێناکرێ. محەممەد ئەمین خان سەری سوڕماو ئەیدی کە ئەم ئاگرانە ئەجووڵێن لەمە ترسا.

ئەمەی کە بووە مایەی ترسی محەممەد ئەمین خان تەنیا فێڵێکی تەقی دورانی بوو، ئەویش ئەوە بوو کە تەقی دورانی مەڕێکی زۆری کۆ کردبووەوەو بە شاخی مەڕەکانەوە هەروەها بە پەلی دارەکانی ئەو دەشتەوە هەریەك چرایەکی هەڵواسی بوو و لە یەك کاتدا ئەم چرایانەی هەڵکردو بە هاوارو قیرە بە شێوەی مەغۆلەکان مەڕەکەی لێئەخوڕی. کاتێ هێزەکەی محەممەد ئەمین خان ئەمەیان دی وایانزانی مەغۆل هێرشی هێناوەو رایانکرد. محەممەد ئەمین خانیش رووی کردە شیراز. شەڕ دووبارە کەوتەوە دەست تەقی دورانی. رەفتاری تەقی لە جاری پێشوو خراپتر بوو بە تایبەت کاتێ





خەڵك شاریان دابووە دەستی هێزی محەممەد ئەمین خان.

تەقی کەوتە پتەوکردنی بنکەی خۆی‌و هێزێکی ئازای پێکەوە نا بە جۆرێك کە چەند جار هێزی کەریم خانی شکاند.

کەریم خان فەرمانی دا بە تەقی خانی بافقی کە فەرماندەیەکی زۆر ئازا بوو واتە تەقی دورانی سەرکوت بکات. بەڵام لە یەکەم رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەقی دورانی لە نزیك کرمان بە سەختی تێکشکاو رووی کردەوە شیراز. پاش ئەو عەلی شاهسۆن بە هێزێکی چاکترەوە رووی کردە کرمان. کاتێ گەیشتە کرمان دی دەرگای شار بەستراوەو خەندەق هەڵکەندراوەو پڕە لە ئاو لەبەر ئەوە شاری گەمارۆ دا، چوار مانگ رێگەی هاتوچۆی بڕی. رۆژێك کە عەلی خانی شاهسۆن لەسەر خەندەقەکە پیاسەی ئەکرد تیرێکی وێڵ دای لە سنگی‌و کوژرا. بە کوژرانی ئەو سوپاکەی گەڕانەوە بۆ شیراز.

کەریم خان لەمە نیگەران بوو. نەزەر عەلی خانی بانگ کردو وتی:

- ئەزانی لەبەر کردەوەی والییەکی نەزان بارودۆخی شاری کرمان چەند ساڵە چی بەسەر هاتووەو چۆن ئاڵۆز بووە؟

نەزەر عەلی خان وتی:

- خانی زەند دڵنیا بێ من ئەم کابرایە سەرکوت ئەکەم، چون خەڵك لەو ناڕازین لەبەر ئەوە ئەمە کارێکی ئاسانە.

نەزەر عەلی خان تەنیا بە (٥٠٠) سوارەوە رووی کردە کرمان. ئەم سوارانە بە پێی فەرمانی نەزەر عەلی خان لە دەستەی چەند کەسیدا ئەچوونە ناو شارو وەك خەڵکی ئاسایی رەفتاریان ئەکردو لەناو خەڵك کەوتنە باسی خراپی تەقی دورانی‌و هەموو خەڵکیان هان دا. تا ئەوەی خەڵك بوونە دژی تەقی دورانی. کابرایەك کە خۆی ئەو رووداوانەی دیوە ئەنووسێ:

کرمان ناوچەیەکە وەك بەهەشت، باخو باخـاتێکی زۆری تێدایەو خاکێکی بەپیتی هەیە. کۆمەڵێك لە ئەفشارەکان لـە زەمـانی دەوڵـەتی سـەفەوییەوە لێـرە نیـشتەجێ بـوون. بـە سەرکردەیی شاروخ خانو نـاوبراو زەمـانی شـاروخ شـا کرایـە والیی کرمان. لەم کاتەدا خودا مـراد خـان بـۆ سـەرکوتکردنی شـاروخ خـان دیـاری کـرا. چـون خـەڵکی کرمـان لـە سـتەمی شاروخ خان بێـزار بـوون پاڵیـان دا بـە خـودا مـراد خانـەوەو، ناوبراو بوو بە والی. پاش ماوەیەك کابرایەکی وێڵ گـەرد بـە ناوی تەقی دوڕانـیو خـەڵکی گونـدی دوڕان هەنـدێ لـە لاتو لوتی شاری لە خۆی کۆ کـردەوەو لـە نیوەشـەوێکدا کـە خـودا مـراد خـانو پاسـەوانەکانیو خـەڵکی شـار لـە خـەودا بـوون کردییە تەقەو بەیانی کاتێ هێزەکەی خودا مراد خان دییـان کـە والـی کـوژراوە رایـانکردو پیاوەکـانی تـەقی دوڕانـی دەستکەوتەکانیان کۆ کردەوەو خۆی کردە والی.

محەممـەد ئـەمین خـانی گەروسـیو ئـەمیر گونـە خـانی ئەفشار بۆ سەرکوتکردنی رەوانەی کرمـان کـران بـە هێزێکـی گەورەو پڕ چـەکەوە. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی محەممـەد ئـەمین خانی گەروسی ناچـار بـوو ئـەمیر خـان بگێڕێتـەوە خـۆی بـە تەنیا هێرش بـەرێت. پـاش ئـەوەی خـەڵك هاوکارییـان کـردو دەرگایان بۆ کردەوەو شاری گرت. تا لە ئەنجامدا کەریم خان بۆ سەرکوتکردنی تەقی دوڕانی فەرمانی بە نەزەر عەلی خان دا کە بچێتە کرمان.

ئەم رووداوانە لـە سـاڵی ١١٤٤ هەتاویـدا روویـان دا. کاتـێ پیاوەکـانی نـەزەر





عەلی خان خەڵکی شاریان دژی تەقی دوڕانی هـان داو شـاریان ئامـادەی شـۆڕش کـرد هێزێکـی تـر لـە شـیرازەوە گەیـشتو شـاری گـەمارۆ داو خـەڵکی شـار بـە یارمەتیی ئەم هێزە کۆتاییان بە دەسەڵاتە سێ ساڵەکەی تـەقی دوڕانـی هێنـا. دوژمنەکانی تەقی دوڕانی زۆربەی لە هۆزی مشیزی بوون. خەڵکی شار بنکەی تەقی دوڕانییان گەمارۆ داو هێزەکەی نەزەر عەلی خـانیش هاتـە نـاو شـارەوە. تـەقی کاتـێ ئەمـەی دی لـە قـەڵای نـارین خـزاو ویـستی بـەرگری بکات بـەڵام لەسەر پێشنیاری مـشیزەکان خـۆی دا بـە دەسـت نـەزەر عـەلی خانـەوە. نـەزەر عەلی خان بستام خانی هاوڕێی خۆی کردە والیی کرمانو خۆی بـە هێزەکـەیو دیلەکانەوە گەڕایەوە شیراز. تەقی دوڕانی بە فەرمانی کەریم خان درا لە دار.

## کەریم خانو ئاغا محەممەد خان

کەریم خان پاش ئەوەی خەدیجە بیگمی مارە کـرد، رەفتـاری لەگـەڵ ئاغـا محەممەد خانو حسێن قولی خـانی برایـدا زۆر نـەرم بـوو. رێزێـك کـە کـەریم خان بـۆ خەدیجـەی دائـەنا بـووە هـۆی ئـەوەی کـە پایـەی ئاغـا محەممـەد خـان کـوڕی گـەورەترین دوژمنـی کـەریم خـان بەرێتـە سـەرەوە. جیـا لەمـە ئاغـا محەممـەد خـان ئەگـەر کـوڕی دوژمنـی گـەورەی کـەریم خـانیش نەبوایـە خـۆ ئەبوو لەبەر ئەو کارەی لەگەڵ کچەکەی شێخ عەلی خان کردبووی بکوژرایە.

هەرچەند کەریم خان زۆر بـاوەڕی بـە ئاغـا محەممـەد خـان نـەبوو بـەڵام گرنگیی ئەوتۆی بە برا بـچوکەکەی حـسێن قـولی خـان نەئـەدا. بـەڵام هـەرگیز نابێ دوژمن لاواز سەیر بکرێت.

ئاغا محەممەد خانیش ئەیزانی چۆن هەڵسوکەوت بکات تا نەکەوێتە بـەر رقی کەریم خان. ئەو بە تەواوی رەفتاری کەریم خـانی ئـەزانیو ئـەیزانی کـە نابێ درۆ لەگەڵ خاندا بکـات، چـونکە کـەریم خـان زۆر زیـرەك بـوو هـەروەها

ئەگەر باوەڕی لەبارەی ئەوەوە بگۆڕایە گران تەواو ئەبوو، لەبەر ئەوە ئاغا محەممەد خان چاوەڕوانی هەلی باشی ئەکرد.

بە فەرمانی کەریم خان خواجەی قاجار ئەبوو هەموو رۆژێك بێتە لای کەریم خانو راپۆرتی کارەکانی رۆژی پێشووی راگەیەنێ. لەبەر ئەوە ئاغا محەممەد خان زیرەکانە وای نیشان ئەدا کە حەزی لە پاشایەتی نییەو هەمیشە لەبارەی هۆنراوەو ئەدەبیاتەوە باسی ئەکرد. محەممەد خان هەندێ خوێندەواریی هەبوو، ماوەیەکیش لە تاران خوێندبووی.

ئاغا محەممەد خان زۆر رق ئەستوورو قین لەدڵو بێ بەزەیی بوو، کاری وای کردووە کە بۆتە هۆی سەرسوڕمانی خەڵك. ئەگێڕنەوە ناوبراو لە منالێیدا لەگەڵ کابرایەکی خۆراك فرۆش ئەبێتە شەڕیان، ئاغا محەممەد خان ئەمەی لەبیر ناچێو کاتێ ئەبێتە شا فەرمان ئەدا ئەو کابرایە بخەنە ناو مەنجەڵێك رۆنی گەرمەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر زیرەكو زانا بوو بە جۆرێك کە کەریم خان زۆرجار راوێژی پێئەکرد. ئاغا محەممەد خان ویستی لەدەستدانی پیاوەتییەکەی بە خوێندن قەرەبوو بکاتەوەو دەستی دایە خوێندن.

لەم کاتەدا خەدیجە بیگمی پوری بینی کە وا رواڵەتی ئاغا محەممەد خان لە گۆڕاندایەو ئەو کە تا ماوەیەك پێشتر لاوێکی جوان بووەو ئێستا لە پیرێژن ئەچێو دەنگی کە قسە ئەکات خەڵك ئەهێنێتە پێکەنین، لەمە زۆر غەمگین بوو.

خواجەی قاجار لە رۆژدا چەند کاتژمێرێك پەرتوکی ئەخوێندەوەو لە بەختی باشی ئەو لە شارێکی وەك شیراز بوو کە ناوەندی رۆشنبیری ئەو دەمی ئێران بوو. لەو دەمەدا بە شاری شیرازیان ئەوت خانەی زانست وەك چۆن شارەکانی تر هەریەك بە شتێك ناسرابوون، وەك: ئسفەهان خانەی پاشایەتی، کرمان خانەی پەنا، یەزد خانەی خواپەرستی، کاشان خانەی ئیمانداران،





مازەندەران خانەی پیرۆز، رەی خانەی خەلیفەگەری، گیلان خانەی سوور، ئازربایجان خانەی شەڕ، کوردستان خانەی دلێران، خوزستان خانەی ئاشتی، کرماشان خانەی گەورەیی، هەمەدان خانەی شکۆ، قەزوین خانەی دارایی، عێراق خانەی سەرکەوتنو لوڕستان خانەی غرور.

کەریم خان زۆربەی کارەکانی بە راوێژی ئاغا محەممەد خان ئەنجام ئەدا.

# بەشی دوانزەیەم

## رووداوەکانی باشوور
## (دزە دەریاییەکان)

بەندەری مەسقەتی عەممان لەو سەردەمەدا ڕێگەی سەرەکیی هاتوچۆو پەیوەندیی دەریایی بوو. ئەم بەندەرە جێگەیەکی تایبەتی هەبوو. هەموو کەشتییەك کاتێ ئەچوونە ئەم بەندەرە ئەبوو لە دەربەندی ئاستەمەوە واتە لە نێوان دوو کێوەوە تێپەڕنو لە هەردوو بەرزایی ئەم کێوانە قەڵاو بورج هەبووە تۆپی لێ دابەسترابوو، لەبەر ئەوە هیچ کەشتییەك بێ ئەوەی باج بدات نەیئەتوانی بچێتە بەندەرو کەشتییەکان هەمیشە لە مەترسی دزی دەریاییدا بوون.

عەرەبە نیشتەجێکانی ئەم بەندەرە زۆر دواکەوتوو و هەژار بوونو کاریان تەنیا دزیو ڕاووڕووت بوو کە کێشەکەی ڕووی ئەکردە ئێران.

کەریم خان ئەو دەمە تازە توانیبووی باکوورو ڕۆژئاواو ناوەندی ئێران هێور بکاتەوەو شۆڕشەکان سەرکوت بکاتو ئەیویست کاری باشووریش تەواو بکات. کەریم خان تا ئەو جێگەیەی ئەیتوانی لە ڕێگەی ئاشتییەوە ئاژاوەکانی کۆتایی ئەهێنا. سەرەتا مۆڵەتی بە دوژمن ئەداو بارودۆخەکەی هەڵئەسەنگاندو هەموو ڕێگەیەکی تاقی ئەکردەوە پاشان هێزی بەکار ئەهێنا.

بەندەری مەسقەت سەرەتای ساڵەکانی ١١٤٠ لەلایەن شێخ عەبدوڵڵا بەنی معینو کوڕەکەی حاجی ماربینی ئسفەهانییەوە بەڕێوە ئەبرا. ئەم دوو پیاوە





بەندەریان کۆنترۆڵ کردبوو و خەریکی ڕاووڕووت بوون. ئەم ئاڵۆزییە ببووە هۆی ئەوەی بێگانە وا بزانن بە فیتی ئێران ئەم کارانە ئەکرێن.

کەریم خان وەك شێوەی هەمیشەیی خۆی سەرەتا هەوڵی دا شێخ عەبدوڵڵا بەنی معین لە ڕێگەی دۆستایەتییەوە ملکەچی بکات لەبەر ئەوە ئەوی بانگهێشتی شیراز کرد تا ببێتە میوانیو لەبارەی بارودۆخەکەوە گفتوگۆ بکەن. شێخ عەبدوڵڵا ڕازی بوو چونکە ئەیزانی ئەگەر ڕازی نەبێ کەریم خان هێز بەکار ئەهێنێ. شێخ عەبدوڵڵا لەگەڵ کوڕەکەی هاتنە شیرازو لەلایەن کەریم خانەوە بە گەرمی پێشوازی کران. کەریم خان لە گەرمەی گفتوگۆدا پرسی:

- بۆچ ئەم کارانە ئەکەیت؟ وەك بە منیان وتووە تۆ نیازت نییە دەست لە ڕاووڕووت هەڵگری. نەك هەر ئێرانییەکان سکاڵا ئەکەن کە لە بەندەر دووچاری چەوسانەوە ئەبن بەڵکو دراوسێکانیش لەم کارە بە تەنگ هاتوون. ئەگەر تۆ ئەتوانیت بەندەر هێور بکەیتەوە باشە، بەڵام ئەگەر بارودۆخ هەروا بێت ئەوا ئەبێ ڕێگەیەکی دی پەیدا بکەین. ئێستاکەیش بڕیاری خۆت بدە.

شێخ عەبدوڵڵا کوڕەکەی نیشان داو وتی:

- ئەم کوڕەی من باشترین شاهیدی منە، من سوێند ئەخۆمو بەڵێن ئەدەم گەیشتمەوە بەندەر ئاسایش دابین بکەمو شتێك بە ناوی دزی دەریایی نەمێنێ.

کەریم خان کە ئەیزانی ئەم جۆرە سوێندو بەڵێنانە هی کاتی لاوازینو بایەخیان نییە وتی:

- ئەم بەڵێنەی شێخ بە مانەوەی حاجی ئاغای کوڕت لای ئێمە بایەخدار ئەبێت.

شێخ هەرچی هەوڵی دا کەریم خان ڕازی بکات کوڕەکەی کە ببووە بارمتە

رزگار بکات بێ سوود بوو. زانیی تەنیا ئەبێ بە کردەوە بیسەلمێنێ کە پابەندی بەڵێنەکەیەتی.

هورمزو کەنارەکانی عومان بۆ شێخ عەبدوڵڵا هەرچەندە کوڕەکەی بارمتە بوو لە شیراز، جێگەی چاوپۆشی نەبوون. ئاسایش ماوەیەکی کەمی خایاندو کاتێ شێخ عەبدوڵڵا گەڕایەوە دزیو راووڕووت دەستی پێکرایەوە. ئەم هەواڵە کەریم خانی تووڕە کرد، لەبەر ئەوە زەکی خان کە فەرماندەیەکی تووڕە بوو رەوانەی سەرکوتکردنی شێخ عەبدوڵڵای کرد. زەکی خان دایك برای کەریم خان بوو، زەکی خان خۆیشی ئەیزانی کە رەفتاری توندوتیژە.

زەکی خان بە هێزێکی گەورەوە لە پاییزی ١١٤٥ رووی کردە بەندەری عەباس بۆ هێورکردنەوەی کەنارەکانی عومان. عەرەبەکانی بەنی کەعب یارمەتیی زەکی خانیان دا لە کۆکردنەوەی چەك و پێویستیدا. لەملایشەوە شێخ عەبدوڵڵا کاتێ ئەم هەواڵەی بیست، رای خۆی گۆڕیو کەوتە ناردنی نامەی دۆستانە بۆ زەکی خانو بڵاوی کردەوە کە کچێکی جوانی هەیە. زەکی خان بۆ گەیشتن بە کچی شێخ عەبدوڵڵا لەباتی شەڕ چووە خوازبێنی.

نەخشەی خوازبێنی دانراو شێخ عەبدوڵڵا کە ئەم کارەی فێڵی خۆی بوو بڕیاری دا کە بۆ ئەم کارە لەگەڵ زەکی خان یەکدی ببینن و وتی چونکە ئەم هەموو هێزە لە بەندەر جێگەی نابێتەوە با خانی زەند خۆی بێتە ئێرەو لەگەڵ کچەکە گفتوگۆ بکات.

زەکی خان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بە کەشتی چوونە شوێنی دیاریکراو. شێخ عەبدوڵڵا جۆرێك نەخشەی کێشابوو کە زەکی خان نەتوانێ چەکداری زۆر لەگەڵ خۆی ببات و لە کەشتییەکی بچوکدا لەگەڵ دوژمن سوار ببێت، کە ئەمە لە نەفامیی زەکی خان بوو کە ئاوا فریوی خوارد. کاتێ لە بەندەر دوور کەوتنەوە کەشتییە بچوکەکەی زەکی خان لە کەشتی پاسەوانەکانی دابڕاو





زەکی خان لە خۆشیی گەیشتن بە کچی شێخ هەموو شتی لەیاد چووبوو.

کاتێ کەشتی گەیشتە وشکانیو زەکی خان بینی ئەوە نییە کە ئەو ئەیویست، خێرا لەلایەن پیاوەکانی شێخ عەبدوڵڵاوە باڵبەست کراو شێخ وتی بیبەنە ئەو جێگەیەی دیاریم کردووە تا بزانین دوایی چی لێئەکەین. دەستو قاچی زەکی خان بەستراو زەکی خان لەباتی کچی شێخ عەبدوڵڵا کۆتو زنجیری لە باوەش گرت. سوپاکەی زەکی خان لە دوای ئەمە بڵاوەیان کرد. شێخ عەبدوڵڵا پەیامێکی بەم جۆرە بۆ کەریم خان نارد:

- ئەگەر زەکی خانی برات ئەوێت ئەوا حاجی ئاغای کوڕم رەوانەی بەندەر بکە تا بیانگۆڕینەوە.

کەریم خان لەم پەیامە تووڕە بوو بەڵام ناچار بۆ رزگارکردنی زەکی خان مەرجەکەی شێخ عەبدوڵڵای پەسەند کردو کاتێ زەکی خان گەڕایەوە بە توندی سزای دا، واتە کاتێ گەیشتەوە دەرگای شار سواڵکەرو لاتو لوتیان ناردە پێشوازیی. هەرچەندە کەریم خان لەو کارەی زەکی خان خۆش بوو بەڵام ئەو خۆشەویستییەی جارانی نەما.

## میر مهناو ڕووداوەکانی خارك

بەندەری مەسقەت وەك باسمان کرد لە جێگەیەکی گرنگدا هەڵکەوتووە، هەردوولای بەندەر دوو چیای ئاستەمن کە سەر چیاکان قەڵاو بورجن و تۆپیان لێ دابەستراوە. ئەم بورجانە لەسەر قەڵای قایمی میر ناسر دروست کراون. ناوبراو لەگەڵ کوڕەکانیو براو مامەو ئامۆزاکانی دەستەیەکی دزییان پێکهێنابوو. میر ناسر بەندەر ریگی لە بەردەم بەندەر مەسقەتدا لە ژێر چاودێریدا بوو و کەشتییەکانی رووت ئەکردەوە. میر ناسر لە هەر هێرشێکیدا ئەو کەسەی بەرگریی بکردایە ئەیکوشتو هەر ژنێکیش لە کەشتییەکەدا

بوایە ئەگەر جوان بوایە ئەیبردە ماڵەکەی خۆی، گرنگ نەبوو ئەم ژنە لە چ نەتەوەیەکە. میر ناسر بەم کارە ماوەیەك بەندەر ریگی بەدەستەوە بوو و پارەیەکی باشی پێکەوە نابوو، بەلآم هەمیشە لە نێوان میر ناسرو کەسوکاریدا لەسەر دابەشکردنی دەستکەوت ناکۆکی هەبوو.

میر ناسر بە زۆربوونی ژنەکانی کوڕی زۆری بوو و دامودەستگایەکی لە ژنو نۆکەرو کارەکەر پێکەوە نا وەك پاشاکان. میر مهنا کوڕە گەورەی میر ناسر کاروباری شەڕی لە دەستدا بوو. ناوبراو خڕە پیاوێکی قەڵەوو چاوی بچوكو کەچەڵ بوو. هەمیشە کلآوێکی بە ناو (قوتە) ئەکردە سەر. دزداشەی ئەکردە بەریو پەتێکی ئەکردە پشتێنو خەنجەرێکی جوانی ئەکرد بە پشتێنیدا. هەمیشە چەند نۆکەری بێ بەزەیی لەگەڵ بوو کە کراسی ڕەشو پانتۆڵی سووریان لەبەردا بوو. هەموو لەناو یەکدا جاسوسی میر ناسر بوون. هەرکەس بچوکترین خەیانەتی بکردایە ئەخرایە ناو دەریا تا ببێتە خۆراکی ماسی. ئەم سزایە نەئەبووە هۆی چاوترسانی دزەکانی تر. یەکێك لەو نموونانە نۆکەرێك بوو بە ناوی (غولام جەبار) کە عاشقی جەمیلەی کچی میر ناسر ببوو. (غولام جەبار) چون جێگەی باوەڕی میر مهنا بوو و هەمیشە بۆ کاری خۆی ئەوی ئەناردە ماڵی باوکیو تەنیا ئەو مافی ئەوەی هەبوو لەگەڵ ژنانی میر ناسر قسە بکات. ژنەکانی میر ناسر بەم کەینو بەینەی جەمیلەو غولام جەباریان زانی. هەرچەند لەبەر خۆشەویستیی جەمیلە لای باوکیو غولام جەبار لای میر مهنا ئەم دوانەی لە مردن رزگار کرد بەلآم ئەمان لە دوای هەلێك بوون تا بتوانن ببنە هاوسەر. لە کاتێکدا غولام جەبار لای روون بوو ئەگەر باسی شتی وا بکات ئەیخەنە دەریا.

میر ناسر پیر ببوو و لەبەر ئەوەی شەرابی زۆر ئەخواردەوە هەمیشە تووڕە بوو، لەبەر ئەوە پیاوەکانی زیاتر میر مهنایان لا خۆشەویست بوو وەك





سەرکردە. میر ناسر ئەمەی بۆ دەرکەوت لەبەر ئەوە لەگەڵ براکانی کەوتە نەخشەی لەناوبردنی کوڕەکەی، ئەوانیش لەم کارەدا هاوبیری بوون. جەمیلە بەم نەخشەیەی زانیو بە غولام جەباری وتو ئەویش خێرا بە میر مهنای وت:

- بیستوومە نەخشەیەکیان دژی تۆ کێشاوە لەلایەن باوکتو مامەکانتەوە.

میر مهنا وتی:

- لە دژی من؟ دوێنێ شەو باوکم وتی کە بڕیارە لە جەژنێکدا من بکاتە جێگری خۆی هەفتەی داهاتوو لە قەلآدا. تۆ ئەم قسەیەت لە کێ بیستووە؟

غولام جەبار وەڵامی نەدایەوە. میر مهنا تووڕە بوو و وتی:

- مەگەر لەگەڵ تۆم نییە؟

غولام جەبار نەیزانی چی بڵێ. نەیتوانی درۆیەك بسازێنێ، ناچار وتی:

- لە یەکێك لە کارەکەرەکانم بیستووە. من بە وردی لێی ئەپرسمو بۆت ئەگێڕمەوە.

دایکی میر مهنایش بۆنی ئەم شتەی کردبوو و بە میر مهنای راگەیاندبوو. شەو کاتێ باوکی باسی کەمکردنەوەی پاسەوانەکانی میر مهنای کرد، میر مهنا بۆی دەرکەوت قسەکەی غولام جەبار راستەو هەروەها رەفتاری مامو ئامۆزاکانی گۆڕا بوو، لەبەر ئەوە کەوتە دۆزینەوەی رێگەچارە. سەرچاوە مێژووییەکان لەم بارەیەوە وا ئەنووسن کە:

میر مەهنای وەغایی کوڕی میر ناسر لە شێخەکانی بەندەر ریگ کاتێ زانیی پیلانی کوشتنی داڕێژراوە پێشدەستیی کردو هەموو خزمەکانی لە باوكو مامو ئامۆزاو ژنەکانیانی کوشتو خۆی بووە دەسەڵاتدار.

لەو دەمەدا جەزیرەی خارك لە ژێر دەستی دەوڵەتی هۆڵەندا بوو و

لەلایەن (بارون کنیپ هاوزن)ەوە بەڕێوە ئەبرا. هاوزن کە پێشتر لێپرسراوی کاروباری بازرگانی هۆڵەندا بوو لە بەسرە، لەبەر دژایەتیکردنی عوسمانییەکان کەوتە زیندانو پاش دانی پارەیەکی زۆر ئازاد کرا. هەروەها (فندر هولست)ی هۆڵەندی کە لێپرسراوێکی هۆڵەندی بوو لە بەسرە بە جاسوس دەرچوو و رایکردو هات بۆ شەهرو هۆڵندییەکانی تریش هاتنە لای. ئەو کاتە هێشتا ناوچەکانی باشوور نەکەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی کەریم خانو هەر رۆژە شێخو سەرکردەیەك بە فیتی عوسمانییەکان ئاژاوەیەکی ئەنایەوە. مستەر هاوزن لەگەڵ سەرکردەی بەندەر ریگ کەوتە گفتوگۆ تا بتوانێت بە نوێنەرایەتی وڵاتەکەی لە دورگەی خارك ناوەندێکی بازرگانی دروست بکات. پاش ساڵێك مستەر هاوزن چووە سەفەرو گەڕایەوەو جێ پێی بازرگانیی هۆڵەندی لە دورگەی خارك پتەو کردو تورکە عوسمانییەکانی ناچار کرد کە هەرچییان لەمان ساند بیگێڕینەوە بۆیان. پاش هاوزن، فندر هولستو پاشان بوشمان بوونە دەسەڵاتداری خارك. دەسەڵاتدارانی هۆڵەندی هەمیشە لەگەڵ فەرمانڕەوای بەندەری ریگ ناکۆکییان هەبوو. بوشمان بۆ ئەوە نێردرابوو کە ئەم ناکۆکییە کەم بکاتەوە.

میر مهنا حەزی بە دەسەڵاتی ئەم هۆڵەندییانە نەبوو لەبەر ئەوە بە دوای رێگەچارەدا بوو. سەرەتا چەند کەسێکی بۆ گفتوگۆ ناردە لای بوشمان بەڵام لە راستیدا ناردبوونی بوشمان بکوژن. بەڵام چون بارودۆخ لەبار نەبوو نەیانتوانی بیکوژن. بوشمان پیاوێکی زانا بوو ئارایشێکی وای دا بە پیاوەکانی کە پیاوەکانی میر مهنای ترساند.

سەرەتا بوشمان هەموو سەربازە هۆڵەندییەکانی ریز کردو کەشتییە بچوکەکانی ئامادە کردو پاشان مۆڵەتی نەدا هەموو پیاوەکانی میر مهنا بێنە ناو قەڵاکەی، تەنیا مۆڵەتی بە چەند کەسێك دا بێنە ژوورەوە. خۆی لەسەر





کورسییەك پاڵی دابووەوەو چەند راوێژکار لەملاو ئەولاوە وەستابوونو چەندین پاسەوان بە شمشێرەوە ئامادە بوون. پاشان بوشمان پیاوەکەی میر مهنای بردە سەربانی قەڵاو تۆپەکانی پێ نیشان داو وتی:

- لە هەر لایەکەوە هێرش بکرێت بەم تۆپانە خێرا هێرشەکە تێك ئەشکێت، ئەم تۆپانە ئەوەندە زۆرن کە هەندێکیانم لە ژوورەوە داناوە.

پاشان بە کابرای وت لە زمانی منەوە بە میر مهنا بڵێ ئەگەر پێویستی بە یارمەتی بوو بەو مەرجەی کە رەوشی ئێمە پەسەند بکات پشتیوانیی ئەکەین.

کابرا گەڕایەوە بۆ لای میر مهناو وتی:

- شەڕکردن لەگەڵ ئەم کابرایە واتای لەناوچوونە، کەوابوو ئێمە ئەبێ بە مەرجەکانی ئەو رازی بین.

میر مهنا هەموو مەرجەکانی بوشمانی پەسەند کردو وازی هێنا. هۆڵەندییەکان خەریکی بازرگانیی خۆیان بوونو میر مهنایش لێرەو لەوێ خەریکی دزیی خۆی بوو. بوشمان لەم کارەدا توانیی سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

بوشمان کوڕی کەشیشێکی ناوداری هۆڵەندە بوو. بوشمان پیاوێکی ئازاو نەترس بوو. پێش ئەوەی بچێتە ئەمستردام رۆژێك لەگەڵ چەند کەسێکدا چووە لای فاڵچییەك. فاڵچییەکە بە بوشمانی وتبوو: پێش ئەوەی بگەیتە تەمەنی چل ساڵی ئەکوژرێیت!

ئەم وتەیەی فاڵچییەکە ژیانی بوشمانی گۆڕی. وای لێکرد پەنا بەرێتە بەر مەی خواردنەوەو وای لێهات توندوتیژی بگرێتە بەر تا جێگەیەك کە هاوڕێکانیشی وازیان لێهێناو دوژمنێکی زۆری لە هۆڵەندا پەیدا کرد. لێکۆڵەرێك بە ناوی نیبور کە لە نزیکەوە بوشمانی دیوە ئەڵێ:

باری ژیانی بوشمان جێگەی بەزەیی بوو، بۆیە لێرەدا

باسی ئەکەم تا کەسانی تر پەندی لێوەربگرن. پیاوێکی ڕاست بوو بە پاکیو بێ پشوودان لە خزمەتی کۆمپانیای بازرگانیی هۆڵەندا بوو. میواندار بوو بەڵام حەزی لەوە بوو کاتێ کەسێك دەعوەت ئەکات کابرا یا پەسەندی بکات یا خێرا بڵێ ناتوانم. ڕۆژێك بوشمان دوو ئەفسەری فەرەنسیو یەك کاپیتانی ئینگلیزی کە شەو پێکەوە بوون لە قەڵا کردنییە دەرەوە، چونکە لەوەی لە ماڵی ئەودا بخەون یا لە کەشتییەکەدا دوودڵ بوون. کاتێ ئەم دوودڵییەی ئەمانی دیی پاسەوانەکانی بانگ کردو وتی دەرگای قەڵا بکەنەوە با ئەمانە بڕۆن.

ئەم ڕووداوانە لە کاتێکدا بوون کە ئێران خەریك بوو یەکی ئەگرتەوەو هێور ئەبووەوە. کەریم خان چەند جارێك داوای باجی لە هۆڵەندییەکان کرد بوو بەڵام نەیتوانیبوو بیسێنێ.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١١٤٠دا بارودۆخی باشوور کەوتە بەر باس بە تایبەتی بوونی هێزی بێگانە لە بەندەرەکاندا. کەریم خان لەگەڵ میر مهناو شێخەکانی کەناری کەنداودا وەك شێخ سلێمان سەرکردەی هۆزی بەنی کەعب ناکۆکیی هەبوو. کەریم خان پەیامی ناردبوو ئەو دوو شێخە کە بە زووترین کات باجی خۆیان ڕەوانە بکەن، بەڵام ئەم شێخە هەرکات مەترسیی کەریم خان بهاتایە گۆڕێ سواری کەشتییەکانیان ئەبوونو کەریم خانیش کەشتیی نەبوو، لەبەر ئەوە ماندوو ئەبوو لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتی عوسمانی بە دزییەوە یارمەتیی ئەم شێخانەی ئەدا.

یەك جار کەریم خان توانیی میر مهنا بهێنێتە شیراز بەڵام میر مهنا میرزا محەممەد بەگی خورموجیو دشتستانی کە زاوای میر مهنا بوو کردە ناوبژیو





تکاکار تا کەریم خان وازی لێهێناو کردییەوە بە والیی بەندەر ڕیگ. بەڵام کاتێ کەریم خان خەریکی کاروباری باکوور بوو هەڵی کەوتە دەستو کەوتە کۆکردنەوەی هێزو بنکەی بازرگانیی ئینگلیزەکانی لە بەندەر ڕیگ تێك داو کەوتە چەتەییو دزی لە دەریاداو، بازرگانیی لە کەنداو تووشی کۆسپی گەورە کرد. ئەم کارە بووە هۆی دابەزینی ڕێزی ئێرانییەکان لە نێو وڵاتانداو ئەم کارانە بوونە هۆی ناڕەزایەتی هەموو هێزەکانی کەنداوو هەریەك لە لایەکەوە هەوڵی لابردنی ئەوی ئەدا.

## شەڕی مەغلوبە

کەریم خان دی بۆ چارەکردنی کێشەی باشوور پێویستی بە هێزی دەریایی هەیەو ئینگلیزەکانیش بەرژەوەندی بازرگانییان لە هێمنی ناوچەکەدا بوو لەبەر ئەوە حەزیان بە نەمانی میر مهنا ئەکرد. لەبەر ئەوە ئەیانویست کەشتییەکانیان بۆ لەناوبردنی میر مهنا بخەنە ژێر فەرمانی کەریم خانەوە تا سوودی سیاسیی لێوەرگرن. لە کاتێکدا کە کەریم خان سادق خانی ڕەوانەی سەرکوتکردنی میر مهنا ئەکرد نوێنەری ئینگلیز بە پەیامەوە گەیشت. کەریم خان ماوەیەك نوێنەرەکەی ڕاگرتو نەیدی بەڵام وتیان ئەمە نوێنەری پاشای ئینگلیزە بۆچ بانگی ناکەن؟

کەریم خان وتی:

- ئەگەر لای پاشاوە هاتووە، ئێمە پاشا نیین، بیبەن بۆ لای شا ئیسماعیلی سێیەم (کەریم خان تا شا ئیسماعیل مابوو ئاگاداری لێکرد بەڵام شا ئیسماعیل لە تەمەنی چل ساڵیدا ساڵی ١١٨٨ی هەتاوی مرد).

ئامادەبوان وتیان:

- بە ڕای تۆ پەیامی ئەم نوێنەرە چییە؟ ئەو ئەیەوێت دۆستایەتی لەگەڵ

پاشای ئێران بکات. دیاریی لە ئەوروپاو هیندستانەوە هێناوەو ئەیەوێت نوێنەرایەتیی بازرگانی لە ئێراندا بکاتەوەو، شتومەك لە ئەوروپاو هیندەوە بهێنێتە ئێرانو بازرگانی ڕەونەق پێبدات.

کەریم خان پێکەنیو وتی:

- یەکێك لەو دیارییانەی هێناویە بمدەنێ (کە دەوریی چینی بوو).

کاتێ دایانە دەستی خستییە خوارەوەو دەوری شکا. پاشان دەورییەکی مسی کە لە بەردەستیدا بوو دای بە زەویدا. خەڵکی ئێران ئەبێ لەو دەورییەدا کە دروستی ئەکەن نان بخۆن. پاشان وتی:

- ئەمانە ئەیانەوێت بە فێڵو تەڵەکە ئێران داگیر بکەن.

ئامادەبوان پرسییان: چۆن؟ کەریم خان وتی:

- هەروەك چۆن بە فێڵو فریو هیندستانیان داگیر کرد. ئێمە فریوی بێگانە (فەرەنگی) ناخۆین. خەڵکی ئێران پێویستیان بە کوتاڵی فەرەنگی نییە، چونکە خوریو لۆکەو کەتان لە ئێراندا زۆرەو خەڵکی ئێران هەرچییان بوێت خۆیان ئەیتەننو لەبەری ئەکەن. دیتان دەورییەکەی ئەوان خێرا شکا بەڵام دەورییە مسەکە هەرچەند بیدەی بە زەویدا ناشکێ. ئەگەر دەوری چینی نەبێ دەوریی مس هەیەو ئەگەر شەکری لاهوری نەبێ ئەوا شەکری مازەندەرانو هەنگوینو دۆشاوی ترێو خورمای خۆمان هەیە.

کەریم خان رووی کردە ئاغا محەممەد خانو ئازاد خانو شاباز خانی دەنبەلیو ئەمیر گونە خانی ئەفشارو ئیسماعیل خانی قەشقایو وتی:

- رای ئێوە چۆنە؟

هەموو بێ دەنگ بوون، ئەمجا رووی کردە ئاغا محەممەد خانو وتی:

- خانی قاجار، تۆ لەم کارانەدا زۆر زیرەکی، رای تۆ چۆنە؟

ئاغا محەممەد خان کە ئەیزانی ئەم پرسیارەی لێئەکرێ پێشتر وەڵامی





ئامادە کردبوو، وتی:

- من نموونەیەك دێنمەوە کە زانایان لێی تێبگەن. کاتێ لاتو لووت عاشقی کوڕی فەرمانڕەوایەك ئەبنو دەستیان پێی ناگات، ئەکەونە فێڵو فریوو ئەبنە هاوڕێیان، بە پێی ڕەوشی گونجاو ئەگەر مناڵ بن ئەوا بە کۆترو کەڵەشێرو چۆلەکەو کڵاوو شتی یاری هەڵیان ئەخەڵەتێننو لە خشتەیان ئەبەنو ئەگەریش باڵق بووبن ئەوا بە ژنی جوانو کچی چاوڕەش فریویان ئەدەنو لە کاتی مەستیدا لەزەتی خۆیانی لێوەرئەگرن.

کەریم خان رووی کردە سەرکردەکانو وتی:

- ئێستا ئەڵێن چی؟

هەموو قسەکەی ئاغا محەممەد خانیان پەسەند کرد. کەریم خان رووی کردە وەزیرەکانو وتی:

- ئێوە ئەڵێن چی؟ چی بە خەیاڵی ئێوەدا دێت؟

هەموو قسەکەی ئاغا محەممەد خانیان بە درۆ خستەوە.

کەریم خان کاتێ بۆچوونی پێچەوانەی ئەوانی بیست تووڕە بوو و وتی:

- ئەو نموونەیەی ئاغا محەممەد خان هێنایەوە نموونەیەکی لوقمانیو ئیفلاتونی بوو. ئەگەر ئێوە من بە لوڕێکی نەزانو نەفام ئەزانن، وا نییەو بە هەڵەدا چوون. هەمیشە زاناترینو تێگەیشتووترین کەس ئەبنە فەرمانڕەوای زەمانی خۆیان. ئەو عاقڵانەی کە وەك ئێوە خەڵکی بە نەزان ئەزانن وەك مشك وانە، چونکە زانایان دیویانە مشك ئەچێتە ناو ئاردو ئەتلێتەوەو بە هێواشی ئەگەڕێتەوە کونەکەی خۆیو خۆی ئەتەکێنێتو هەروەها دیویانە مشك بە پشتا ئەخەوێتو هێلکەیەك بە چوار دەستو قاچی لەسەر سکی هەڵئەگرێو مشکێکی تر کلکی ئەگرێو رایئەکێشێ بۆ ئەوەی هێلکەکە نەشکێتو، بینراوە کە مشك شووشەی رۆنی پڕ کردووە لە وردە بەرد، واتە

بەردی خستۆتە ناو شووشەکە تا رۆنەکە بەرز ببێتەوەو خواردوویەتیو بەم جۆرە شووشەکەی پڕ کردووە لە بەردو رۆنەکەی خواردووە. ئایا بەم کارانەی مشك، ئەکرێ بڵێین مشك عاقڵە؟

پاشان کەریم خان وتی:

- حەماڵو کیسەکێشەکانیش ئەزانن کە فەرەنگییەکان چۆن هیندستانیان داگیر کردو وەهاش ئەیانەوێت ئێران داگیر بکەن. ئەگەر وا بیر ئەکەنەوە کە فەرەنگییەکان رەفتاریان باشەو بەرژەوەندیی ئێوەیان ئەوێت ئەوە بزانن کاتێ کە ئێران کەوتە دەستیان ئەوا ئێوە هیچ پلەوپایەیەکتان نابێتو هەمووتان بە ناوی خاین ئەکوژنو هیچ کەس لە ئێوە رزگاری نابێت. ئێستا ئەوان لە ترسی ئێران بە نەرمی لەگەڵ هیندییەکاندا ئەجووڵێنەوە. ئەگەر ئێران بگرن بە دڵنیاییەوە ئیسلام لەناو ئەبەنو سوکایەتی ئەکەن بە سەرکردەو گەورەپیاوەکان. ئەوان بەزۆر هیندستانیان نەگرتووە بەڵکو بە فێڵو فریو گرتیان.

لەم کاتەدا کەریم خان رووی کردە ئاغا محەممەد خانو پرسی:

- ئەی پیاوی ژیر، لەم بوارەدا ئێران بە چیو فەرەنگی بە چی ئەبینی؟

ئاغا محەممەد خان پاش کەمێ بێ دەنگی وتی:

- ئێران وەك ئێسترێکی چەمۆشو فەرەنگی وەك فەیلەسوفێکی زانا وایە. ئێستری چەمۆش کەس ناتوانێ سواری بێت مەگەر بە عەقڵو زانایی.

کەریم خان دووبارە پرسی:

- کەوابوو چۆن لەگەڵ ئەم نێردراوە رەفتار بکەین؟

ئاغا محەممەد خان وتی:

- دیارییەکەی وەربگرەو بە ئەندازە دوو بەرامبەر پارەی بدەرێو لە بەرچاوی خۆیاندا دیارییەکان بدە بە وڵاخدارو کەناسو فەراشو نۆکەرەکانو





پاشان جەژنێك ساز بدەو لەو جەژنەدا با سوارە چالاکەکان هونەری سواریو سەربازیی خۆیان بنوێننو پاشان با فەرەنگییەکان بڕۆن. پاشان نامەیەك بۆ میر مهنا بنووسە کە هەموو فەرەنگییەکان بکوژێو تەنیا نوێنەری ئینگلیز نەبێ لەگەڵ (٥) کەسداو لوتو گوێی ئەمانیش ببڕێتو بە کەشتییەکەیانەوەو پارەو شتەکانیانەوە وێڵیان بکات.

کەریم خان هەرچی ئاغا محەممەد خان وتبووی وایکردو ئەو رۆژە رەزا قولی خانی برای ئاغا محەممەد خانو مستەفا خانی قاجاری برای ئاغا محەممەد خانو جەعفەر خانی زەندی باوکی لوتف عەلی خان هونەری خۆیان نواند. پاش کۆتایی مەراسیمەکەو رۆیشتنی فەرەنگییەکان کەریم خان نامەیەکی بۆ میر مهنا نووسی بەم جۆرە:

- نوێنەرەکانی پاشای ئینگلیز بکوژە تەنیا ئیلچی (سەفیر)و پێنج کەس نەبێ کە لوتو گوێیان ببڕەو دەست لە پارەو شتومەکەکانیان مەدە.

نامە رەوانەی میر مهنا کرا. میر مهنا کە بە دوای شتێکی وادا ئەگەڕا، یەکێك لە پیاوەکانی بە ناوی (کازم بێ خودا) بۆ ئەم کارە دیاری کرد. پاش دە رۆژ کەشتی گەیشتو فەرمانی کەریم خان جێبەجێ کرا. ئیلچی بە لوتو گوێی بڕاوەوە گەڕایەوە ئینگلستان. ماوەیەکی کەمی نەبرد هێزێکی گەورەی ئینگلیز گەیشتە بەندەر عەباس. کەریم خان لەم هەواڵە نیگەران بوو و لەگەڵ وەزیرەکان کەوتە راوێژ. وەزیرەکان کە سەرەتا دژی ئەو کارە وەستابوون بێ دەنگ بوونو داوایان لە ئاغا محەممەد خان کرد شتێ بڵێ، ئەویش وتی:

- نامەو دیارییەك بنێرە بۆ میر مهناو شەڕەکە بەو بسپێرە.

میر مهنا کاتێ نامەو دیارییەکەی دی خۆشحاڵ بوو و خێرا کەوتە کار:

میر مهنا کاتێ فەرمانی کەریم خان گەیشت، خێرا سێ

سەد کەس لە پیاوە خوێنرێژەکانی بە چەکەوە (هەریەکە دوو دەمانچەو یەك تفەنگ)و بە جلوبەرگی ژنانەوە (عەبای ژنانەوە) سواری کەشتی کردو بەرەو بەندەر عەباس بەڕێ خستن‌و خۆیشی لەگەڵ (٢٠٠) کەس بە کەشتییەکی دیکە کەوتە دوایان. کاتێ فەرەنگییەکان ئەم کەشتییەیان لە دوورە دی کە پڕە لە ژن لە خۆشیدا کەوتنە سەماو هاواریان ئەکرد، ئەو هەموو ژنە هاتن‌و لە خۆشیدا ڕێگەیان بۆ کەشتی کردەوە.

کاتێ کەشتی ڕاوەستا، چەکدارەکان ئینگلیزەکانیان دایە بەر گوللەو کوشتارێکی زۆریان لە ئینگلیزو هیندییەکان کرد. لەم کاتەدا کەشتیی میر مهنا گەیشتو شەڕ گەرم بوو. هەموو ئینگلیزەکانیان کوشت‌و تەنیا چەند ئەفسەرێك نەبێ کە بە لوت‌و گوێ بڕاوی بەردا.

کەریم خان لەبەر ئەم کارە دوو ساڵ مۆڵەتی بۆ میر مهنا دانا تا واز لە دزی بهێنێ‌و ببێتە والیی بەندەری ڕیگ. میر مهنا ماوەیەك ملکەچی کەریم خان مایەوە.

ئەو پێشنیارەی ئاغا محەممەد خان زۆر بەسوود بوو چونکە ئینگلیزەکانیشی کردە دوژمنی میر مهنا. لەلایەکی ترەوە شێخ ناسر سەرکردەی بەندەر بوشەهر لەگەڵ میر مهنا دوژمن بوو لەبەر ئەوە پاڵی دا بە کەریم خانەوە.

کەریم خان فەرمانی دا بە ئەمیر گونە خانی ئەفشار تا کاروباری باشوور ڕێك بخات‌و میر مهنا سەرکوت بکات.

میر مهنا پێشبینیی ئەم هێرشەی کردو دەستی کرد بە خۆ قایم کردن‌و





کۆکردنەوەی خواردەمەنی‌و زەخیرەکردنی.

یەکێك لە ڕۆژەکانی ناوەڕاستی بەهاری ١١٤٤ ئەمیر گونە خان بە سوپایەکی چەند هەزار کەسییەوە ڕێکەوت‌و ئەو هێزەی کە لە (گوپان) بوو هاتە یارمەتیی ئەمیر گونە خان‌و ڕووی کردە بەندەری ڕیگ.

میر مهنا کاتێ دیی بەشێك لە لەشکرەکەی چوونە پاڵ ئەمیر گونە خان نەیتوانی خۆی ڕاگرێ‌و سواری کەشتی بوو و چەند کەشتیی خواردەمەنی لەگەڵ خۆیدا بردو هەرچی ئەسپو وڵاخێك بۆی نەبرا کوشتی‌و ڕووی کردە دەریا.

میر مهنا کە چاوێکی کوێر ببوو و بە پارچەیەکی ڕەش پۆشیبووی ببووە دزە دەریاییەکی ڕاستەقینە. بەهار کۆتایی هات‌و گەرما زۆری بۆ میر مهنا هێناو ڕەفتاری توند بوو بە جۆرێك گوێی چەند پیاوێکی خۆی بە بەهانەی بچوك بڕی. ئەمە بووە هۆی ئەوەی هاوڕێکانی پیلانێك لە دژی داڕێژن.

نیبور لەم بارەیەوە ئەنووسێ:

> لە ئاکامدا ڕۆژی ١٤ی ژوێنی هێزێك کە ئەبوو میر مهنا سەرکوت بکات لە بوشەهرەوە ڕێکەوت کە پێکهاتبوو لە کەشتییەکی جەنگیی ئینگیزەکان بە فەرماندەی کاپیتان پرایس‌و کەشتیی شێخ ناسرو دوو کەشتیی بچوکی تری ناسر کە کارمەندی ئینگلیزەکان بوو لە بوشەهرو سێ کلابیت (کەشتیی بچوك). ئەم پیاوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەفسەر چەند سەفەرێکی دەریایی کردبوو، ناوبراو لەم کارەدا دەورێکی باشی هەبوو، کوڕەکەی شێخ ناسر لەناو کەشتییە گەورەکەدا بوو بەڵام زۆر ترسنۆك بوو، ئەم کەشتییانە دوا نیوەڕۆ لە کەناری دورگەی خارك ڕاوەستان.

میر مهنا کە ئەمەی دی خێرا کەشتییەکانی خۆی خستە ناو دەریاو شەڕ دەستی پێکردو هێرش کرایە سەر میر مهنا. میر مهنا بە کەشتییەکانییەوە دەوری دورگەی (خویری) داو چەند تۆپێکی ئاگر دا، بەمە کەشتییەکانی دوژمن کشانە دواوە.

لەم کاتەدا بوشمانی هۆڵەندی تووڕە بوو و حەزی ئەکرد میر مهنا بشکێت تا ئەو بە ئازادی بازرگانیی خۆی بکات، لەبەر ئەوە فەرمانی دا (٥) تۆپی (١٨) پاوەندی قەڵاو چەند تۆپی بچوك بەرەو جەزیرەی خویری ئاگر بدەن. تەقەی ئەم تۆپانە ئینگلیزەکانی ترساندو خێرا کشانەوە دواوە.

لەلایەکی تریشەوە ئەمیر گونە خان لە کەناری ئاو دانیشتو سەیری ئەم شەڕەی ئەکردو نەخشەی کەریم خان ئەوە بوو کە هێزێکی گەورە بنێرێتە بەندەری ریگ و کەڵك لە کەشتییەکانی ئینگلیزو شێخ ناسر وەربگرێتو لە ناکۆکیی ئەم دوو لایەنە سوود وەربگرێ. بەڵام کۆمپانیای هیندی شەرقی بەڵێنی بەجێ نەهێناو تەنیا یەك کەشتیی ناردو ئەویش لە نیوەی شەڕدا بۆی دەرچوو. کەریم خان لەم کارەی ئینگلیزەکان تووڕە بوو. هۆی ئەم هاوکاری نەکردنە ئەوەبوو کە کۆمپانیای هیندی شەرقی وایئەزانی کە کەریم خانیش پیاوێکی ئاژاوەگێڕەو باوەڕیان بە حکومەتی کەریم خان نەبوو. ئەم باوەڕەی ئەوان دوای کوژرانی نادرو کەس لە کەسی ئەو چەند ساڵە دروست ببوو.

هەروەك باسمان کرد ڕەفتاری توندوتیژی میر مهنا هاوڕێکانی ڕەنجاندو لە دژی ئەو ڕاپەڕینو بە فەرماندەی حەسەن سوڵتان هێرشیان کردە سەر میر مهنا، بەڵام میر مهنا بە یارمەتیی پیاوێکی ڕزگاری بوو و ڕایکرد. ماوەیەك لەسەر ئاو مایەوە تا شەوێك تۆفان کەشتییەکەی بردە شاری بەسرەو پیاوەکانی دەوڵەتی عوسمانی گرتیانو بردیانە لای عومەر پاشا، ئەویش





فەرمانی کوشتنی دا.

هەرچەندە میر مهنا یاخیو سەرکێش بوو بەڵام کوشتنی لەلایەن عومەر پاشاوە بووە هۆی ناڕەزایی کەریم خانو ئەم کارەی بە دەستوەردان لە کاروباری ئێران دایە قەڵەمو نامەیەکی ناڕەزایی بۆ والیی بەغدا نووسی.

## ڕوودای بەسرەو شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکان

پاش کوژرانی میر مهنا بە دەستی عومەر پاشا، کەریم خان حەسەن سوڵتانی دوژمنی میر مهنای کرد بە والیی خارك. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ بەهاری ١١٥٣ی هەتاوی. لەم کاتەدا تەنیا خوراسان مابوو کە بکەوێتە بن چاودێریی کەریم خانەوە. ڕووداوەکانی باشوورو دەستتێوەردانی دەوڵەتی عوسمانی لە بەغداو کاروباری ئێرانییەکان لەو ناوچانە بووە جێگەی سەرنجی کەریم خان. لەم ساڵەدا نەخۆشیی تاعون داکەوتو خەڵکێکی زۆر لە ئێرانییەکانی نەجەفو کەربەلا مردن. عومەر پاشا دارایی ئەم کەسانەی داگیر کرد. کەسوکاری ئەم خەڵکە لای کەریم خان شکایەتیان کرد. کەریم خان پەیامێکی بۆ عومەر پاشا ناردو وەبیری هێنایەوە کە ئەمە دووەمین دەستتێوەردانیەتی لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران، لەبەر ئەوە پێویستە دارایی ئەو ئێرانییانەی بە تاعون مردبوون بدرێتەوە بە کەسوکاریان. عومەر پاشا گوێی نەدایە ئەم نامەیەی کەریم خان بەڵکو باجێکی تریشی لەسەر ئەو ئێرانیانە دانا کە ئەچوونە زیارەت. کەریم خان ناڕەزایی توندی دەربڕی بەڵام عومەر پاشا نەیبیست. ئەمانە هەمووی بوونە هۆی تووڕەیی کەریم خان. لەلایەکی ترەوە محەممەد پاشا داوای یارمەتیی لە کەریم خان کرد. سلێمان پاشای والیی کوردستانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی تێکچوو بوو و پەنای هێنابووە ئێرانو کەریم خان بە گەرمی میوانداریی کردو کەریم خان بووە

ناوبژیوانو محەممەد پاشای لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ئاشت کردەوە (پاش مردنی سلێمان پاشا محەممەد پاشای برای ببووە والیی کوردستانی عێراق – میرنشینی بابان). دەوڵەتی عوسمانی عومەر پاشای برای محەممەد پاشای نارد تا محەممەد پاشا بکوژێتو خۆی ببێ بە میری کوردستان. محەممەد پاشایش وەك سلێمان پاشای برای پەنای هێنایە بەر کەریم خان. ئەویش بە گەرمی میوانداریی کردو نامەیەکی بۆ عومەر پاشا نووسی کە حکومەتی کوردستان بداتەوە بە محەممەد پاشا، بەڵام عومەر پاشا وەڵامێکی زۆر ناشیرینی دایەوە، لەبەر ئەوە کەریم خان تووڕە بوو و سوپایەکی بە فەرماندەی عەلی مراد خانی زەندو محەممەد پاشا ڕەوانەی کوردستان کرد. عەلی مراد خان سەرەتا بە چاکی شەڕی کرد بەڵام لە خۆی بایی بوو و بە مەستی هاتە مەیدانو لە ئەسپەکەی کەوتە خوارو بە دیل گیراو، پاییزی ساڵی ١١٥٣ ڕەوانەی بەغدایان کرد. عومەر پاشا بە چاکی نەزانی بیکوژێت بەڵام بە شێوەیەکی خراپ ڕەوانەی شیرازی کردەوە. کەریم خان ویستی تۆڵەی ئەو مەستییە لە عەلی مراد خان بکاتەوە بەڵام سادق خانی برای نەیهێشت. کەریم خان سوپایەکی بە فەرماندەیی نەزەر عەلی خان ناردە کوردستانو تۆڵەی شکانەکەی کردەوە، بەڵام هێشتا قینی عومەر پاشای لە دڵدا مابوو.

کەریم خان نوێنەرێکی بە ناوی (عەبدوڵڵا) نارد بۆ لای سوڵتان مستەفا خانو داوای کوشتنی عومەر پاشای کرد.

## نامەی کەریم خان بۆ مستەفا پاشای والیی بەغدا

نامە دوای سڵاوو هەواڵ پرسی بەم جۆرە هاتووە:

لە وەڵامی نامەکەی ئێمەدا سەید عەلی ئاغای سەلام ئاغاسیو ئیبراهیم ئاغای موکری هاتنە ئێرە. نامەکەی ئێوەیان گەیاند. ئەوە لەبارەی ئەو پێنج



قەلاّی پەری

بەندەی نامەکەوە باست کردووەو داواتان کردبوو پاش گەڕانەوەی (کشانەوەی) ئەو هێزەی ڕووەو بەسرەو کرماشان هاتوون ئێوە ئەو مەرجانە پەسەند ئەکەن. نامەکەی ئێوە کاتێ گەیشت کە سوپای ئێمە بە بێ شەڕو تالان چووبوونە ناو بەسرەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێوە داوای ئاشتیو دۆستایەتیتان کردووەو پێشینەی ئێوە لای ئێمە ڕوونە ئەوا لەسەر داوای ئێوە پیاوێکم نارد بۆ لای نەزەر عەلی خانی فەرماندەی لەشکر لە کرماشان تا هێزەکە بگێڕێتەوە دواوە. بەڵام لەبارەی بەسرەوە کە ئێستا لە دەستی سوپای ئێمەدایە ئەوا ئەو هێزە لەوێ ئەمێنێتەوە تا کاتێ عومانو مەسقەت ئەگیرێن کە ئەمە لە مەرجەکاندا (پێنج مەرجەکەدا) هاتووە. لە کاتێکدا کە ئێوەیش ئەو پێنج مەرجەی کە دەوڵەتی عوسمانیو خۆیشتان مۆرتان کردووە جێبەجێ بکەن ئەوا هێزەکەمان لە بەسرە ئەکێشینەوە.

ئێستا کە سەید عەلی ئاغا نێردراوی ئێوەیە لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەن ئەم نامەیەمان نووسی.

بەروار ١١٩٠

سوڵتان مستەفا خان وەڵامێکی چاکی بەم نامەیەی کەریم خان نەدایەوەو پاش ئەو وەڵامە کەریم خان هێزی ئامادەی گرتنی بەسرە کرد.

## هێرش بۆ سەر بەسرەو ڕووداوەکانی دوای ئەوە

هاوینی ساڵی ١١٥٤ سوپایەکی ڕێکوپێك بۆ هێرشکردنە سەر بەسرە ئامادە کرا بەڵام لەبەر گەرما دوا خرا بۆ پاییز. سادق خانی برای کەریم خان فەرماندەی ئەم هێزە بوو. هێزەکە لە شیرازەوە هاتە ئەهوازو سەر چەمی ئەروەند. بەڵام پەڕینەوەی ئەم هێزە گەورەیە لەژێر ئاگری تۆپی عوسمانییەکاندا ئاسان نەبوو، چونکە عوسمانییەکان پێش گەیشتنی سادق

خان لەوبەری رووبارەوە سەنگەریان لێدابوو. سادق خان بڕیاری دا هەرچۆن بووە لە ئاو بپەڕێتەوە. سادق خان سەرەتا ویستی بە بەلەم بپەڕێتەوە بەڵام ئاگری تۆپ مۆڵەتی نەدا، لەبەر ئەوە سادق خان هەرچی مەلەوانی ناو لەشکرەکەی کە نزیکەی (٢٠٠٠) لاوی بەختیاری بوون کۆ کردەوەو، بە شەو دەستی کرد بە سازکردنی پردێك لە دارخورماو ئەو شتانەی خەڵکی ناوچەکە بەکاریان ئەهێنا. هەرچەند عوسمانییەکان هەوڵیان دا پردەکە بڕوخێنن بەڵام سادق خان لەسەر کاری خۆی سور بوو و لە ماوەی نزیکەی سێ هەفتەدا پردەکەیان تەواو کرد (١٨ رۆژ). کاتێ پرد تەواو بوو سوپای سادق خان پەڕییەوەو رووی کردە بەسرە. پاش دوو رۆژ بەسرە گەمارۆ درا. فەرماندەی دوژمن لە بەسرە سلێمان ئاغا بوو. تۆپخانەی سادق خان بەسرەیان دایە بەر تۆپ، بەڵام دیواری بەرزی شارو خەندەقی دەوری شار بوونە هۆی ئەوەی تۆپی سادق خان هیچی پێنەکرێ. لەبەر ئەوە سادق خان فەرمانی دا لە نزیك دیواری شارەوە قەڵایەك دروست بکەن تا لەسەر دیواری قەڵاوە شار بدەنە بەر تۆپ. تۆپەکانی لەشکری زەند ئێوارەیەك بەشێك لە دیواری شاریان روخاند بەڵام سەربازەکان ماندوو بوونو توانای هێرشیان نەبوو. بەیانی کە سادق خان دیی عوسمانییەکان دیوارەکەیان دروست کردۆتەوە ناچار فەرمانی دا لە چواردەوری شاردا (٣٦) سەنگەر لێبدەنو رێگەی هاتوچۆی شاریان بە تەواوی بڕی تا بەڵکو شار ناچار خۆی بدات بەدەستەوە. رێگەی دەرياییشی بە چەند کەشتییەك بڕیو بەسرە لە وشکانیو دەریاوە گەمارۆ درا. کاتێ سوڵتانی عوسمانی ئەمەی زانی کەوتە گرتنەبەری رێگەی ئاشتیو پیاوێکی بە ناوی (محەممەد وەهبی ئەفەندی) نارد بۆ شیراز بەڵام لە پەیامەکەی سوڵتاندا بە هیچ شێوەیەك باسی بەسرەو گەمارۆکە نەکرابوو، تەنیا باسی دۆستایەتیو گۆڕینەوەی سەفیر کرابوو. پاش مردنی مستەفا خان عەبدولحەمید پاشا





چووبووە جێگەی ئەو. محەممەد وەهبی ئەفەندی زیرەك‌و زمان لووس بوو و سەرنجی کەریم خانی راکێشابوو. ناوبراو لە قسەکانیدا وتی:

- ئێوە ئەوە بزانن بەسرە موڵکی دایکی سوڵتان عەبدولحەمیدەو ئێوە هەر شارێکی ترتان بوێت ئەتاندەینێ بەڵام بەسرە ئەبێ رزگار بکرێت.

کەریم خان ئەو کاتە (٧٧) ساڵ تەمەنی بوو و نەخۆشیی سیلی لەگەڵ بوو. عوسمانییەکان ئەیانزانی زۆری تەمەن نەماوە لەبەر ئەوە ئەیانویست کات بکوژن چونکە ئەیانزانی دوای مردنی هەر پاشایەك ماوەیەك وڵات ئەبێتە کەس لە کەس. لەبەر ئەمە وەهبی ئەفەندی هەوڵی دا وەڵامێکی باش وەربگرێت، بەڵام کەریم خان وتی:

- دەوڵەتی عوسمانیو سوڵتانی ئێوە، کاتێ بەهێزە وەڵامی کەس ناداتەوە، کاتێکیش لاوازەو گەمارۆ ئەدرێ بەسرە ئەبێتە هی دایکی سوڵتانو شاریش پێشکەش دەکات.

بەهۆی ئەم بڕیارەی کەریم خان گەمارۆی بەسرە توندتر بوو. لەلایەکی ترەوە یاخیبووەکانی عومان کە لەم گەمارۆیە زیانیان ئەدی هاتنە یارمەتیی گەمارۆدراوان، چونکە گەمارۆی بەسرە ببووە هۆی ئەوەی ئازوقەو پێویستیی ئەوانیش بە دەستیان نەگات، واتە ئەوانیش لە گەمارۆدا بوون، هەروەها ئیتر نەیانئەتوانی دزی بکەن، لەبەر ئەوە بە چەند کەشتیو بەلەمەوە هاتنە یارمەتیی بەسرە. کاتێ ئەم هەواڵە گەیشت بە کەریم خان خێرا چەند زنجیری گەورەی ئاسنی دروست کردو ناردی بۆ هێزەکەی بۆ ئەوەی لە رووباری ئەروەندرود رایەڵیان کرد بۆ بەربەستی رووبارەکە تا کەشتی نەتوانێ لەم رووبارەوە تێپەڕێو هێزێکی گەورەی لەمبەرو ئەوبەری ئاو دانا تا نەهێڵین یاخیبووەکان بگەنە بەسرە، بەڵام شەوێك تۆفان زنجیرەکانی پچڕیو یاخیبووەکان هاتنە ناو ئەروەندرودو بەرەو شوێنی گەمارۆ هاتن.

سادق خان کە ئەم هەواڵەی زانی سەربازەکانی کۆ کردەوەو وتی:

- ئەگەر بشکێن ئەوا ئەکوژرێن‌و ژن‌و منداڵتان نابیننەوە، لەبەر ئەوە ئەبێ سەرکەون. بۆ هەر کوژراوێکی دوژمن (٣) تمەن‌و بۆ هەر دیلێك (٥) تمەن پاداش ئەدرێ (پێنج تمەن خەرجیی ساڵێکی ماڵێکی ٥ نەفەری بوو و کرێکارێك لە ساڵێکدا دە تمەنی پەیدا ئەکرد، واتە کرێی ساڵێکی یەك کرێکار دە تمەن بوو).

بەم کارەی سادق خان سەربازەکانی توانییان بەسەر یاخیبووەکاندا سەرکەون. لەم کاتەدا عومەر پاشا بە دەستی پاسەوانێکی مستەفا پاشا کوژرا. کەریم خان پێش گەمارۆی بەسرە داوای ئەوەی کردبوو کە سەری عومەر پاشای بۆ بنێرن بەڵام راستیی ئەم شتە نەسەلمێنراوە چون ئەو دەمە هێزی سەرەکیی عوسمانییەکان لە ئەوروپاو رووسیا لە شەڕدا بوو، لەبەر ئەوە والیی بەغدا سەری نەئەپەرژایە بەسرەو دەوڵەتی عوسمانی حەزی نەئەکرد بەرەیەکی تری کوشتار بکاتەوە. سەرەنجام خەڵکی بەسرە زۆریان بۆ هاتو دەستە دەستە ئەهاتنە لای سادق خان‌و ئەویش رێزی لێئەگرتن، تا لە سەرەتای بەهاری ١١٥٥دا شێخ دەروێشی کەلانتەری بەسرە لەلایەن سلێمان پاشای والییەوە هاتە لای سادق خان تا چۆنیەتیی بەدەستەوەدانی بەسرەی لەگەڵ باس بکات. سەرەنجام بەسرە رۆژی ١١٥٥/١/٢١ بە بێ شەڕ گیرا. سادق خان فەرمانی دا شار تالاَن نەکەن. ئەو کات کۆمەڵێك مەسیحی‌و جوولەکە لە بەسرە بوون بەڵام لەلایەن سوپای ئێرانەوە زیانیان لێنەکەوتو، رێز لە کلێساکەیان گیرا. ئەو کات لە سوپای ئێراندا جیاوازی لە نێوان موسڵمان‌و مەسیحیدا نەبوو.





## کەریم خان‌و کوڕانی محەممەد حەسەن خانی قاجار

### ( لەدایکبوونی فەتح عەلی خانی قاجار – فەتح عەلی شا )

وەك لە پێشدا باس کرا پاش کوژرانی محەممەد حەسەن خانی قاجار کوڕەکانی چوونە دەشتی تورکمان‌و بوونە پەناهەندەی هۆزەکانی تورکمان. محەممەد خان قوانلو کوڕە گەورەی محەممەد حەسەن خان هاتە لای کەریم خان‌و ئاغا محەممەد خانیش ئەوەی بەسەر هات کە باسکراو لەگەڵ پوری هاتنە شیراز. پوری خەدیجە بیگم شووی کرد بە کەریم خان‌و ئاغا محەممەد خانیش لەبەر زیرەکیی خۆی بووە راوێژکەری کەریم خان‌و کوڕەکانی دیکەی محەممەد حەسەن خان کە منداڵ بوون لە ئەستراباد لای دایکیان بوون. پاش ماوەیەك حسێن قولی خانی برای ئاغا محەممەد خان هاتە شیراز لای براکەی.

کەریم خان حسێن قولی خانی کردە والیی دامغان کە لەو کاتەدا محەممەد خانی دولو والیی دامغان بوو و لە ئەستراباد دائەنیشت. کاتێ فەرمانی کەریم خان گەیشتە دەستی محەممەد خانی دولو، ناوبراو دژی فەرمانی بە والیکردنی حسێن قولی خان وەستا. کەریم خان حەزی نەئەکرد ئاژاوە دروست ببێت لەبەر ئەوە لەگەڵ ئاغا محەممەد خان لەم بارەیەوە کەوتە راوێژو پرسی:

- تۆ کە بارودۆخەکەو، رەفتاری براکەتو، محەممەد خانی دولو باشتر ئەناسی، ئێستاکە حسێن قولی خانمان کردووە بە والی‌و ناوبراو (محەممەد خان) دژی ئەم کارەیە، کەوابوو ئێمە چی بکەین؟

ئاغا محەممەد خان سیاسییانە وەڵامی دایەوە:

- وتەی جەنابت روون‌و ئاشکرایەو وەڵامەکەیشی هەر لە پرسیارەکەدایە.

کەریم خان وتی بە روونی بڵێ. ئاغا محەممەد خان وتی:

- واتە محەممەد خانی دولو بە فەرمانی ئێوە ناجوولێتەوەو ئەمەیش بە

واتای یاخیبوونەو ئێستا ئەبێ بزانی سزای یاخیبوون چییە؟

کەریم خان حەزی نەئەکرد محەممەد خانی دولو لە خۆی زویر بکات کە لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی هەبوو، لەبەر ئەوە وتی:

- خانی قاجار، سزادان ئاسانە، هەموو ئەتوانن سزا بدەن. کاتێ هەموو ڕێگەیەکی تر نەما ئەوکات ئەبێ زۆر بەکار بێت. ئەمەیە نەریتی من، من بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ئاشتی لەگەڵ تۆ راوێژم کرد نە ڕێگەی زۆرو سزادان.

ئاغا محەممەد خان ئەم بۆچوونەی کەریم خانی پەسەند کرد هەرچەندە خۆی هەرگیز لەم شێوەیە سوودی وەرنەئەگرت، پاشان وتی:

- باشتر وایە پەیام بدەی بە محەممەد خانی دولو کە، لە جێگەیەکی تر پێویستیم بە تۆیە بۆیە حسێن قولی خانم ناردۆتە جێگەی تۆ.

کەریم خان هەرچی هەوڵی دا بێ سوود بوو لەبەر ئەوە نامەیەکی بۆ گەورەپیاوانی مازەندەران نووسیو داوای لێکردن ئەگەر تێکهەڵچوون لە نێوان محەممەد خانو حسێن قولی خان رووی دا هەموو بچنە پاڵ حسێن قولی خان. حسێن قولی خان بەم جۆرە چووە دامغانو ماوەیەك بە دڵی کەریم خان کاری کردو پاشان ڕەوشی گۆڕی.

## لەدایکبوونی فەتح عەلی خانی قاجار

حسێن قولی خان لە دامغان کچی یەکێك لە خانەکانی قاجاری مارە کرد ساڵی ١١٤٧و ساڵی دواتر کوڕێکیان بوو بە ناوی (خان بابا) یا هەمان فەتح عەلی خان واتە ناوی خان بابا گۆڕا بە ناوی باپیرەی فەتح عەلی خانی ئەشاقە باش. ئەم کوڕە لە دوارۆژدا بووە پاشاو زیاد لە (٢٠٠) ژنی هێناو قەرەبووی ئاغا محەممەد خانی کردەوە.

(ژان گور) ئەڵێ: ئاغا محەممەد خانو حسێن قولی خان کە برای دایكو





بابی بوون، نێوانیان زۆر خۆش بوو. کاتێ حسێن قولی خان کرا بە والیی دامغان ئاغا محەممەد خان بەوی وت:

- دیارە کە محەممەد خانی دولو لە چوونی تۆ بۆ دامغان ناڕازییەو دژی تۆ ئەوەستێ چونکە ئەزانێ هۆزی ئەشاقە باش لە دەوری تۆ کۆ ئەبنەوەو ئەویش کە لە هۆزی بوخاری باشە ئەمەی پێخۆش نییە. لەبەر ئەوە تۆ لە دامغان بە چاکی کار بکە تا من بتوانم کەریم خان ناچار بکەم کە یارمەتیی تۆ بدات. کەریم خان حەز ناکات لەگەڵ محەممەد خان دولی تێك هەڵچن چونکە لەم کاتەدا محەممەد خان شۆڕش ئەکات. راستە کە محەممەد خانی دولو پیاوێکی زەلامو بەهێزە بەڵام ئەوەی بەکار دێت هۆشو عەقڵە کە لە هێزی بازوو باشترە، لەبەر ئەوە تۆ ئەبێ بە شێوەیەك کار بکەیت تا زەمینەی ئەوە ساز ببێت کاتێ ویستمان ناوچەی باوكو باپیرانمان رزگار بکەین بتوانینو رووبەڕووبوونەوەی تۆ لەگەڵ محەممەد خاندا یەکەم تاقیکردنەوەی تۆیە.

ئەوەی محەممەد خان بە حسێن قولی خانی وت لەبەر زەمینە خۆشکردن بۆ بزوتنەوەی داهاتووی خۆی بوو. ئاغا محەممەد خان لە شیراز لەوپەڕی ئاسایشدا نەخشەی بۆ بزوتنەوەو دەسەڵاتێکی بەهێز لە داهاتوودا دائەنا کە خۆی سەرکردەی ئەم دەسەڵاتە بێت.

ئاغا محەممەد خان بە حسێن قولی وت:

- هۆیەکی سەرەکیی شکانی ئێمە لە زەمانی فەتح عەلی خانی باپیرمانەوە ناکۆکیی نێوانمان بووە بە تایبەت ناکۆکیی نێوان هەردوو هۆزی ئەشاقە باشو بوخاری باش. ئەگەر ئەم دوو هۆزە لەباتی ناکۆکی پشتیوانی یەك بوونایە نە من ئاوام بەسەر ئەهاتو نە هۆزەکەمان ئاوارە ئەبوو و نە هۆزی بوخاری باش ئاوا ئەبوونە ژێردەستی دوژمن. ئەگەر ئێمە پێکەوە بووینایە نە نادرو نە

کەریم‌و نە کەسی دی ئەیتوانی بەسەرماندا زاڵ بن. ئێستا کە تۆ ئەڕۆی‌و من ناتبینمەوە لەبەر ئەوە چەند شتێکت پێئەڵێم کە هەمیشە لەیادت بمێنێ.

(ژان گور) بە وردی ئەم شتانە باس ئەکات کە ئەمە کورتەکەیەتی:

١) بەدەستهێنانی سەربەخۆیی‌و دەسەڵات.

٢) بەدەستهێنانی ئەستراباد‌و پارێزگاری لەو.

٣) دروستکردنی یەکێتی لە نێوان هەردوو هۆزی ئەشاقە باش‌و بوخاری باشدا.

پاش ئەم ئامۆژگارییانە حسێن قولی خان چووە دامغان‌و بە رەزامەندیی کەریم خان براکانی تریشی بردە لای خۆی. حسێن قولی خان دەستی کرد بە پێکەوەنانی لەشکرێکی بەهێز‌و ئاغا محەممەد خانی لەم کارانەی ئاگادار ئەکرد. ئاغا محەممەد خان پاش ئەوە هەواڵی نارد بۆ حسێن قولی خان کە بۆ گرتنی ئەستراباد‌و سەرکوتکردنی محەممەد خان ئەبێ هێزێکی زۆر لە هۆزی ئەشاقە باش لە خۆی کۆ بکاتەوەو سەرەتا قەڵای (نمەکە) بگرێت. رێگەی دامغان بە ئەستراباد نزیك بوو و چەند رێگەیەکی تر هەبوون لە دامغانەوە بۆ تورکمان سەحرا. بوونی قەڵای (نمەکە) کۆسپێك بوو لەسەر رێگەی ئامانجەکانی ئاغا محەممەد خان، چونکە نەگەیشتنی حسێن قولی خان بە ئەستراباد بەو جۆرەی ئاغا محەممەد خان وتبووی هەموو نەخشەکانی دواتری تێك ئەدا. قەڵای نمەکە لە جێگەیەکی خۆشدا بوو و خەڵکەکەی جوتیار بوو و حەزیان لە شەڕو ئاژاوە نەبوو. خەڵکێکی بەرهەمهێنەر بوون بەڵام ئەم بارودۆخە تێکچوو. کوێخای دێ کە ناوی فەتح عەلی خانی دولو بوو رۆژێك پاش تەواوبوونی کار ئەگەڕایەوە کە پیاوێکی نەناسراوی دی‌و پرسی:

- فەرموو بچینە ماڵەوە.

بەڵام کابرا کە بەپەلە بوو وەڵامی فەتح عەلی خانی دایەوەو رۆیشت.





رۆژی دواتر لەو شوێنەدا چەند سوارێك سەرنجی فەتح عەلی خانیان راکێشاو دی کە ئەم سوارانە لە دەوری قەڵای نمەکە ئەسووڕێنەوە. نزیك بووەوەو پرسی:

- ئێوە کارتان بەم قەڵایە چییە؟

سوارێك کە لەوە ئەچوو فەرماندە بێت وتی:

- ئەمانەوێت بزانین ئەم دیوارە چەندە قایمە؟

کوێخا وتی:

- قایمی دیوار؟ بۆچی؟ ئێوە کارتان بە دیواری خەڵك چییە؟

سوارە وتی:

- حەز ئەکەم بزانم ئەگەر شەڕێك ببێت ئەم دیوارە چەندە بەرگە ئەگرێت؟

کوێخا تووڕە بوو و وتی:

- ئێمە لەگەڵ کەس شەڕمان نییە تا پێویستمان بە دیواری قایم هەبێ.

سوارە پێکەنی‌و کوێخا بە جارێ تووڕە بوو و وتی:

- بۆ پێئەکەنی؟

سوارە دابەزی‌و وتی:

- راستە تۆ پیری‌و وەك باوکی ئێمە وایت، بەڵام ئێمە لە شەڕدا ئەزمونمان زیاتر هەیە. لەبەر ئەوە تۆ بە هەڵەدا چوویت، چونکە ئەوانەی لە بیری شەڕدا نین ئەکەونە بەر هێرشی خەڵکی ترو ئەو کات ئەزانن کە ئەبێ شەڕ بکەن.

پاشان حسێن قولی خان قەڵای گەمارۆ داو خەڵکەکە ناچار بوون بە بێڵ‌و پاچ بەرگری لە خۆیان بکەن، بەڵام لە ئاکامدا قەڵا گیرا.

مێژوونووسە ئێرانییەکان بە شێوەیەکی تر باسی ئەم رووداوە ئەکەن، بۆ

نموونە هاشم ئاسف لە (رستم التواريخ)دا ئەنووسێ:

جهانسوز شا (حسێن قولی خان) محەممەد خانی بیگلر بیگی بە نۆکەری خۆی دائەنا، لەبەر ئەوە داوای باجی لە محەممەد خانی سوادکوهی کرد. کە محەممەد خان لەم تووڕە بوو چەند جوێنێکی بۆ جهانسوز شا نارد. (حسێن قولی خان پاش گرتنە دەستی دەسەڵات لە دامغان خۆی بە ناوی جهانسوز شا دایە قەڵەم). جهانسوز کاتێ ئەم جوێنانەی بیست (٥٠٠) سواری لێهاتووی هۆزی قاجارو تورکمانی لە گورگانەوە رەوانەی مازەندەران کرد. محەممەد خانی سوادکوهی کە ئەمەی زانی بە چەند هەزار چەکدارەوە هاتە دەری شار. ئەم دوو هێزە لە دەری شار رووبەڕووی یەك بوونەوە.

محەممەد خانی سوادکوهی کە لە کەژاوەیەکی زێڕیندا سوار ببوو لەناکاو جهانسوز شای رووبەڕووی خۆی بینیو لە ترسا ویستی رابکات کە حسێن قولی خان دیلی کردو لە پێش ئەسپەکەی خۆیەوە بەستییەوەو بە پێ هێنایە بنکەکەی خۆی لە مازەندەران. پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر کوشتی، ئەویش بەو جۆرەی کە خستییە ناو مەنجەڵێکی گەورەو نایە سەر ئاگرو هەر بە زیندوویی کوڵاندی. هەرچی بووی داگیری کردو ژنەکانیشی لە نۆکەرەکانی دابەش کرد. چۆنیەتیی ئەم رووداوەی بۆ ئاغا محەممەد خانی برای لە شیراز نووسیو تەتەر لە ماوەی (٥) رۆژدا پەیامەکەی گەیاندە شیراز.





ئاغا محەممەد خان زانیی کەریم خان لەوەی حسێن قولی خۆی ناو ناوە شاو بە بێ ئاگاداریی کەریم خان محەممەد خانی کوڵاندووە، تووڕە ئەبێ. لەبەر ئەوە چووە شاچراغو لەوێ دانیشتو هەندێ خۆراکیشی لەگەڵ خۆی برد (شاچراغ قەبری پیاوچاکێکە لە شیراز).

کەریم خان بە بیستنی هەواڵەکە ئەوەندە تووڕە ئەبێ کە تا چەند کاتژمێرێك کەس ناوێرێ بچێتە دەوری‌و پاشان بۆ ئاغا محەممەد خان ئەپرسێو ئەڵێن وا لە شاچراغ، لەبەر ئەوە لەگەڵ وەزیرەکانی ئەکەوێتە راوێژکردن. لە راستیدا ئەو زەمانە وەزیر دەورێکی ئەوەندە گرنگیان نەبووە لە بڕیاردانەدا. کەریم خان دوو وەزیری هەبوو، محەممەد جەعفەر ئسفەهانی‌و میرزا محەممەد حسێن فراهانی. سەید جەعفەر ئسفەهانی زۆر خۆی بە زل ئەزانی‌و ناوچاوێکی تاڵی هەبوو، بەڵام قسەکانی خۆش‌و دڵگیر بوون. لە دانیشتنی رەسمیدا تووڕەو روو گرژ بوو بەڵام لە دانیشتنی تایبەتیدا قسە خۆش بوو. ناوبراو ساڵی ١١٩٤ واتە ساڵێك پاش کەریم خان مرد. بەڵام میرزا محەممەد حسێن فراهانی مامی میرزا عیسا قایمقامی بەناوبانگ بە میرزا گەورە بوو و باوکی دایکی میرزا ئەبولقاسم قایمقامو وەزیرو راوێژکەری ناسراوی عەباس میرزای باوکی محەممەد شا بوو. میرزا محەممەد حسێن هەموو شەوێك کۆمەڵێك لە سەرکردەو گەورەپیاوانو شاعیرو ئەدیبانی بۆ نانخواردن بانگهێشت ئەکرد. لە حکومەتی زەندا بەڕێزو ناسراو بوو، ناوبراو شاعیرو چوار هەزار شیعرو یەك دیوانی هەبوو.

کەریم خان لەگەڵ ئەم دوو وەزیرە گفتوگۆی کرد، ئەوانیش کە ئاگاداری رەفتاری خواجە بوون وتیان:

- ئاغا محەممەد خان بێتاوانەو کەس بە تاوانی کەسی تر سزا نادرێت، کەوابوو ئەبێ ناوبراو لە شاچراغ بهێنرێتە دەر.

دوای ئەمە کەریم خان بە ڕێزێکی زۆرەوە ئاغا محەممەد خانی هێنایە دەر.

پاشان کەریم خان عەلی محەممەد خانی زەندی کوڕی سەرکردەی ناسراو محەممەد خان بە (١٢) هەزار چەکدراو تۆپو چەکی چاکەوە ڕەوانەی مازەندەران کرد. لە نزیکی مازەندەران ئەم هێزە لە شەودا کەوتە بەر هێرشی لەناکاوی جهانسوز شا. جهانسوز شا پاش دەستکەوتێکی باش بەرەو دەشتی گورگان رایکردو چووە ناو هۆزی تورکمان کە خزمایەتییان هەبوو. عەلی محەممەد خان هیچی بۆ نەکراو گەڕایەوە شیراز.

پاش شەش مانگ کەریم خان ڕۆژێك عەلی محەممەد خانی بانگ کردو پێی وت:

- عەلی محەممەد خان ئەمڕۆ ئەمەوێت بتکەم بە قوڕگی شێردا.

عەلی محەممەد خان بە ڕێزەوە وەڵامی دایەوە:

- هەرچی ئەکەی بەدەست خۆتە.

کەریم خان فەرمانی دا شێرێکی گەورەیان هێنا بۆ جێگەی دیاریکراوو زنجیریان لە ملی شێر کردەوەو کەریم خان وتی:

- بیکوژە.

عەلی محەممەد خان عەبای خۆی بەستە دەستی چەپیو خەنجەرەکەی بە دەستی ڕاستی گرتو رووی کردە شێرەکە. شێر ئەمبازی عەلی محەممەد خان بوو بەڵام عەلی محەممەد خان خۆی دا بە زەویداو شێر بەسەریا بازی دا. عەلی محەممەد خان هەستایە سەرپێو دەستی چەپی کرد بە دەمی شێرداو بە دەستی ڕاستی ورگی شێرەی بە خەنجەر دڕی. کەریم خان عەلی محەممەد خانی بانگ کردو ناوچاوانی ماچ کردو کڵاوەکەی خۆی کردە سەریو ناوی نا شێرکوژ.





لەم کاتەدا وتیان کابرایەك هاتووەو ئەڵێ پەیامێکی گرنگی پێیە. کەریم خان لەگەڵ عەلی محەممەد خانی شێرکوژ باسی سەرکوتکردنی جهانسوز شای ئەکرد کە کابرا هاتە ژوورەوەو وتی:

- خان سەلامەت بن، حسێن قولی خان کوژرا.

کەریم خان وتی بە کابرا:

- ماندووی بڕۆ پشوو بدەو پاشان بە وردی باسەکە وەگێڕە.

کابرا ڕۆیشتو پاش ماوەیەك هاتەوەو بە وردی باسەکەی گێڕایەوە کە:

- حسێن قولی خان چەند نۆکەری تورکمانی هەبوو کە باوەڕی زۆری پێیان هەبوو. شەوێك لە ناو جەنگەڵدا مابوونەوەو بە هاوڕێکانی وتبوو کە پاسەوانی نەدەنو هەموو بخەون. هەرچەند وتبوویان تۆ دوژمنت زۆرەو نابێ بێ پاسەوان بخەوین بەڵام ناوبراو ڕازی نەبووبوو. پێکەنی بوو و وتبووی:

- کێ ئەتوانێ بێتە ئێرە؟

بەم جۆرە لێی خەوتبوو. ئەو تورکمانانەی کە لەلایەن هۆزی بوخاری باشییەوە بە کرێ گیرابوونو دوو کەس بوون حسێن قولی خانیان کوشت. پاش یەك کاتژمێر یەکێك لە نۆکەرانی حسێن قولی خان هەڵئەستێو حەسەن خەیات کە نۆکەری تایبەتی حسێن قولی خان بووە هەڵئەسێنێو ئەڵێ خەوم دیوە، حسێن قولی خانیان کوشت. حەسەن خەیات ئەڵێ:

- سەیرە! شەوانی تر هەڵئەساو داوای قلیانی ئەکرد، بەڵام ئەمشەو بێ دەنگە. کاتێ ئەچنە سەر جێگەکەی دییان کە خەڵتانی خوێنەو گیانی تیا نەماوە.

کەریم خان لەم هەواڵە گریا. یەکێك لە ئامادەبووان بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- بۆچی ئەگرێت؟ ناوبراو دوژمنو یاخی بوو، کێ بۆ دوژمنی خۆی

ئەگری؟

کەریم خان وتی:

- نەفامی هیچ نەزان، حسێن قولی خان پیاوێکی ئازاو گەورەو کوڕی پیاو بوو، ئەبوو بەو جۆرەی شیاوە بژی. من ڕێزم لێئەگرتو وەك کوڕی خۆم دامئەنا. شەیتانەکانی مازەندەران فریویان داو بەکوشتیان دا. ئەی نەفام مەگەر ئەم شیعرەی حافزت نەبیستووە کە ئەڵێ:

ای دوست بر جنازه دشمن چه بگزری

دل خۆش مکن که برتوهم این ماجرا رود

واتە:

ئەی دۆست کاتێ بەسەر لاشەی دوژمندا ئەڕۆی

دڵت خۆش نەبێ کە ئەوەیش بەسەر تۆدا دێت

من لەبیری داهاتووی خۆمدام. من هەموو دەبدەبەی نادر شام دی کە وەك من سەد هەزار نۆکەری بوو، پاش ئەو دامودەزگایەی عەلی شاو ئیبراهیم شاو پاشانیش دەسەڵاتە ناوچەییەکانی وەك ئەبولفەتح خانو عەلی مەردان خانو ئازاد خانو فەتح عەلی خانی ئەفشارو محەممەد حەسەن خانی قاجارم دی، خوا هەریەکەیانی بە شێوەیەك لەناو بردو بوون بە پەندی ڕۆژگار، نازانم ئێمەیش چۆن لەناو ئەبا.

کەریم خان دوای ٨٣ ساڵ تەمەن لە ساڵی ١١٩٣دا بە نەخۆشیی سیل کۆچی دوایی کرد. بەرواری مردنەکەی کەریم خان بەم شیعرەی خوارەوە لەلایەن حاجی سباحی بیرگلییەوە نوسراوە:

رقم زد سباحی: زایوان شاهی          برون رفت کاوس و کی خسرو آمد

# بەشی سیانزەیەم

**شەڕی ناو بنەماڵە**
**سێشەممە ١٣ی سەفەری ١١٩٣**

چەند کاتژمێرێك لە نیوەشەو تێپەڕیبوو، شیراز غەرقی تاریکیو بێ دەنگی بووبوو تەنیا ئەرگی کەریم خان نەبێ. دەنگی هەورە بروسکەو گژەی با شەوەکەی سامناك کردبوو. ناو ئەرگ پڕ بوو لە جموجۆڵ. نائومێدی لە رووی میرزا ئەسیری ئسفەهانیو میرزا مەسیحی ئسفەهاندا ئەبینرا، ناوبراوان بە ناوبانگترین پزیشکی ئەو سەردەمە بوون. تەرمی کەریم خان سارد ببووەوەو گریانی پەری جهان خانمی کچی کەریم خان لەگەڵ دەنگی هەورە بروسکە تیکەڵ ببوو. گریانی کوچك خانمو بیبی خانمو کچەکانی تری کەریم خان بووە هۆی گریانی پیاوەکانیش. لێزمەی بارانی دەرەوەیش لەگەڵ گریانەکەدا یەك کەوتبوو. ژنەکانیان کردە دەرو پیاوەکان مانەوە.

ئەبولفەتح خانو محەممەد رەحیم خانو محەممەد ئیبراهیم خانی کوڕانی کەریم خان لەگەڵ کوڕانی شێخ عەلی خاندا خەریکی گفتوگۆ بوون. کوڕەکەی تری کەریم خان واتە محەممەد عەلی خان لەگەڵ زەکی خانی مامیدا قسەی ئەکرد. زەکی خان شتێکی چرپاند بە گوێی برازاو زاواکەیدا واتە محەممەد عەلی خانداو بردییە دەرەوە، لەم کاتەدا نەزەر عەلی خان هاتە ژوورو چووە لای ئەبولفەتح خانی کوڕە گەورەی کەریم خان (ناوبراو لایەنگری ئەبولفەتح خان بوو). نەزەر عەلی خانو پیاوەکانی دڵنەوایی





ئەبولفەتح خانیان ئەدایەوەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جێگری ئەویان دەرئەبڕی، پاشان وتی: جێگری کەریم خان تەنیا بەجێ مەهێڵن.

پاشان چووە لای فەرماندەی پاسەوانەکانو پرسیی هەواڵ چییە. کابرا وەڵامی دایەوە بە بێ هەواڵ. زەکی خانیش پیاوەکانی ئامادە کردەوە.

کاتێ نەزەر عەلی خان ئەمەی بیست هاواری کرد:

- بەهادر خان، بە هەموو پیاوەکان بڵێ بێن بۆ ئەرگ. هەموو بە چەکەوە. ئێستا چەند کەس ئامادەی کارن؟

بەهادر خان وتی:

- نزیکەی دوو هەزار کەس.

نەزەر عەلی خان وتی:

- (٥٠٠) کەسی ئازا بە پاسەوانی ژنو ماڵو دارایی دابنێو (٥٠٠) کەس بهێنەرە ئەرگو (١٠٠٠) کەس ئامادە بکە تا کەس نەتوانێ خەیاڵی خراپ بکات. لە هەر جێگەیەك پێویستە پاسەوان دابنێ.

پاشان نەزەر عەلی خان هاتەوە لای ئەبولفەتح خانو وتی:

- هێشتا لاشەی کەریم خان سارد نەبۆتەوە ئەیانەوێت لە کاری جێنشینی کوڕە گەورەدا کۆسپ دابنێن، بەڵام کام نەفامو شێتێك ئەم کۆسپە دروست ئەکات لەسەر رێگەی ئەبولفەتح خان کە هەموومان پشتیوانیی لێئەکەین.

لەم قسانە کوڕانی شێخ عەلی خانو ئامۆزاکانی ئەبولفەتح خان سەیری یەکیان ئەکردو بە دوای ئەو کەسەدا ئەگەڕان کە نەزەر عەلی خان باسی بوو. هەر کەسێك خەیاڵێکی ئەکرد، تا ئەوەی کە محەممەد رەحیم خانی کوڕی کەریم خان وتی لام وایە لە ئامانجی نەزەر عەلی خانی ئامۆزام تێگەیشتم، منیش ئەمویست شتێك باس بکەم کە دوێ شەو بیستوومە، بەڵام با سەرەتا نەزەر عەلی خان هەواڵی خۆی بڵێ پاشان من قسەی خۆم ئەکەم. نەزەر عەلی

خان سەیرێکی دەوروبەری خۆی کردو بە شێوەیەکی توێکڵاوی وتی:

- باش سەیری دەوروبەرتان بکەن. ئەگەر ورد ببنەوە کە من هاتمە ژوور خێرا دوو کەس چوونە دەرەوە. لەم کاتەدا ئەبێ ئێمە لەوپەڕی هێمنیدا ڕێز لە تەرمی ئەم پیاوە گەورەیە بگرین چون گیانی ئەو ئێستا لێرەیەو سەیری کرداری ئێمە ئەکات. بەڵام ئێمە ئەومان لەیاد کردووەو هەوڵی بەدەستهێنانی جێگەکەی ئەومانە. ئەگەر ئێمە بە ئەرکی خۆمان هەڵنەستینو گیانی ئەم پیاوە مەزنە ئازار بدەین هەرگیز ڕووی خۆش نابینین.

کاتێ ئامادەبووان سەیریان کرد دییان زەکی خانو محەممەد عەلی خان لەوێ نین. پاشان ڕوویان کردە محەممەد ڕەحیم خانو چاوەڕوانی وتەی ئەو بوون. محەممەد ڕەحیم خان وتی:

- زەکی خان.

پاشان ناوچاوی گرژ کردو چاوی بڕییە گۆشەیەکی دووری ساڵۆنەکە. لەم کاتەدا ئامادەبووان لە گۆشەیەکی ساڵۆنەکەداو دوور لە تەرمی کەریم خان وەستابوون.

کەریم خان بە ڕاستی مرۆڤێکی سادە بوو، ناوبراو بەسەر هەموو ئێراندا (جگە لە خوراسان) حوکمی ئەکرد، بەڵام هەرگیز بە خۆی نەئەوت پاشا. هەمیشە جلوبەرگی سادەی لەبەر ئەکرد، عەبای هاوینەی لە چیتی ناسرخانی بوو کە لە بروجرد ئەیانتەنیو جلوبەرگی زستانەی ئەتڵەسی لۆکەی قەدەکی ئسفەهان بوو. هەمیشە عەبایەکی لەبەر ئەکردو پارچەیەکی زەردی ئەبەست بە سەرییەوەو پارچەیەکی ئەکرد بە پشتێنو هەندێ کات جلوبەرگەکانی دڕاو بوونو هەندێ کات سەرقۆڵی کراسەکەی پینە بوو، چونکە باوەڕی وابوو شتی جوانو خۆڕازاندنەوە بۆ ژن هاتووە. هەرگیز جەواهیری بەکار نەهێناوە. ئەمە شتێکە هەموو مێژوونووسان ئەیڵێن.





لە دوو لای ساڵۆنی ئەرگ دوو بۆچوون سەری هەڵدا. تەرمێکی بێ گیانو کۆمەڵێك کە لەسەر پلەوپایە خەریك بوو دەستیان ئەدایە یەك. نەزەر عەلی خان ڕووی کردە محەممەد ڕەحیم خانو وتی:

- ئامانجت لە زەکی خان چییە؟ بۆ بێ دەنگی.

محەممەد ڕەحیم خان وتی:

- ئێستا ئەزانم زەکی خانی مامم بۆچی لەم دواییەدا لەگەڵ محەممەد عەلی خاندا ئەوەندە گەرموگوڕ بوو. من مامەم ئەناسم ئەو ئەکبەر خانی کوڕی خۆیشی خۆش ناوێت نەك کوڕی کەریم خان. ئەویش مرۆڤێکی خۆ بە زل زانە وەك محەممەد عەلی خان.

نەزەر عەلی خان وتی:

- ئێمە نابێ لە بەرامبەر زەکی خانو محەممەد عەلی خاندا بێ دەنگ بین.

هەوا ڕوون ئەبووەو شەو لە کۆتاییدا بوو. پیاوەکانی بەهادر خان گەیشتنو لە جێگەی تایبەتدا دانران. چەند کاتژمێرێك پاش ئەمە زەکی خانو محەممەد عەلی خان لە پێش هێزێکی (٥ تا ٦) هەزار کەسییەوە کە هەموویان لە سوارەی عەشایەرو ئازاو تفەنگچی بوون ئەرگیان گەمارۆ دا. ئەم ڕووداوە ئەوەندە خێرا ڕووی دا کە نەزەر عەلی خانو ئەبولفەتح خان نەیانتوانی ئەوەی پێویستە بیبەنە ژوورەوە. بەیانی کە ژنو کەسوکاری کەریم خان هاتن بۆ هاوبەشی لە بەخاك سپاردنی تەرمی کەریم خاندا ڕووبەڕووی تەقوتۆقی گوللە بوونەوە. سوارەی زەکی خان ئەیانویست هێرش بکەنە ناو ئەرگ.

دوو ڕۆژ دوای گەمارۆ خواردن لە ئەرگ نەما، ناچار دەستیان کرد بە خواردنی مراویو دوو ئاسکی ناو ئەرگ. ڕۆژی سێیەم کە هەموو خەڵکی شیراز

ئاگاداری شەڕەکە ببوون خواردنی ناو ئەرگیش تەواو بوو، بەڵام نەیانئەویست لە ئەرگ بێنە دەرەوە. لەلایەکی تریشەوە زەکی خان حەزی نەئەکرد ئەمە درێژە بکێشێ چونکە ناشتنی تەرمی کەریم خان دوائەکەوێت‌و ئەمە ناڕەزایی دروست ئەکرد، لەبەر ئەوە زەکی خان ویستی تا ناشتنی تەرمەکە ئەم ئاژاوەیە راوەستێنێ بۆیە ژنێکی بە ناوی گوڵرخ خانم کە خەسووی کوڕی نەزەر عەلی خان بوو بانگ کردو وتی:

- پورێ من نامەوێت براکوژی لەمە زیاتر روو بداتو دوژمن سوودی لێوەربگرێت. ئەمڕۆ سێ رۆژە تەرمی کەریم خانی برام لەسەر زەوی کەوتووە، ئەوانەی لەناو ئەرگدان ناهێڵن بنێژرێ.

بە چاوی فرمێسکاوییەوە درێژەی پێداو وتی:

- ئەگەر ئەو رەحمەتییە زیندوو ئەبوو و ئەمەی ئەدی، چی ئەکرد؟ سەیر بکە کێ دەستی داوەتە چەك، ئەبولفەتح خان، نەزەر عەلی خان، وەلی خان، تایەر خان، کوڕانی شێخ عەلی خان، کەلی عەلی خانو... مەگەر چییان ئەوێ، با بێنە دەرو مۆڵەت بدەن تەرمی ئەو رەحمەتییە بنێژرێ، ئەوکات چییان ئەوێت بیڵێن. تۆ بڕۆو پێیان بڵێو تێیانبگەیەنە.

گوڵرخ خانم چووە ئەرگ‌و نەزەر عەلی خانو ئەبولفەتح خانی بانگ کردو بە گریانەوە هاواری کرد:

- شەرم بکەن، لە کوێ شتی ئاوا ناشیرین رووی داوە؟ ئێوە هیچتان خۆشی نابینن. لەسەر تەرمی ئەم رەحمەتییە براکوژی ئەکەن.

گوڵرخ خانمیان بردە ناو ساڵۆنو ئەویش خێرا چووە لای تەرمی کەریم خان کە خەریك بوو بۆنی ئەکرد. بڕیار درا ئەبولفەتح خانو نەزەر عەلی خان لە ماڵی محەممەد رەحیم خان چاویان بە زەکی خان بکەوێت. لە ئەنجامدا ئەبولفەتح خان، نەزەر عەلی خان، محەممەد رەحیم خان، تایەر





خان، وەلی خان، کەلی عەلی خانو سەرکردەکانی تر چوونە ماڵی محەممەد رەحیم خان تا لەگەڵ زەکی خاندا کۆ ببنەوە. پاش نانخواردن چاوەڕوانی هاتنی زەکی خان بوون بەڵام ئەو دیار نەبوو. نەزەر عەلی خان تووڕە بوو و وتی:

- بە رەحمەت بێ کەریم خان ئەم برایەی چاك ئەناسی، لەم دواییانەدا لە خۆی دوور خستبووەوە.

لەم کاتەدا وتیان زەکی خان پیاوی ناردووەو پەیامی پێیە. کابرا هاتە ژوورو سەلامی کردو وتی:

- زەکی خان منی ناردووەو ئەڵێ لە ماڵی خۆیان چاوەڕێی ئێوەیە.

ئامادەبووان وتیان:

- لە ماڵی خۆی! بڕیار وانەبوو.

کابرا وتی:

- من بەس ئەم پەیامەم پێبوو.

سەرکردەکانی زەند وتیان ئێمە نایەینە ماڵی زەکی خانو ئەبێ ئەو بێتە ئێرە. کاتێ کابرا لە دەرگا چووە دەر تەقە دەستی پێکرد. پێشتر بڕیار درابوو ئەگەر ئەمان چوونە ماڵی زەکی خان ئەوا هەموویان باڵبەست بکرێتو ئەگەریش نەچوون ئەوا بکوژرێن، لەبەر ئەوە کابرای نێردراو ئیشارەتی کردو تەقە دەستی پێکرد. ماڵی محەممەد رەحیم خان لە هەموو لایەکەوە درایە بەر گوللەو بووە مەیدانی جەنگ. بەم جۆرە زەکی خان توانیی سەرکەوێتو ئەوکات کەوتنە بیری ناشتنی تەرمی کەریم خان. هاوکات دەست کرا بە گرتنی لایەنگرانی نەزەر عەلی خانو ئەبولفەتح خان. تەرمی کەریم خان لە ماڵێك لەناو باخێکدا لە نزیکی ئەرگ کە ئەودەم کلاو فەرەنگییان پێئەوت نێژرا. کەریم خان ئەم شوێنەی لا خۆش بوو لەبەر ئەوە وەسیەتی کردبوو

لێرە بینێژن. سیانزە ساڵ دوای ئەمە ئاغا محەممەد خانی قاجار فەرمانی بە میرزا محەممەد خانی لاری دا ئێسکەکانی دەربێنێ‌و ناردی لە تاران خستییە چاڵ تا هەمیشە بەسەریدا بڕوات، ئەم کارەیشی لەگەڵ ئێسکی نادر شا کردو ئەویشی لای کەریم خان نایە چاڵ.

کەریم خان حەوت منداڵی هەبوو، چوار کوڕو سێ کچ. هەندێ سەرچاوە ئەڵێن کوڕێکی تری بە ناوی ساڵح خان هەبووە. گوایە ڕۆژێك کابرایەکی زەلام دێتە لای کەریم خان کە خەڵکی ورمێ بووەو ئەڵێ: دایکم لە سەرەمەرگدا ئەم ئەنگوستیلەیەی دامێ‌و وتی تۆ کوڕی کەریم خانی. کەریم خان کە ئەنگوستیلەکەی دی وتی راست ئەکەی تۆ کوڕی منی.

ئەبولفەتح خان کوڕە گەورەی کەریم خان لە ژنێکی خەڵکی قوچان بوو، ساڵی ١١٦٩ لەدایك ببوو و کاتی مردنی باوکی ٣٤ ساڵ تەمەنی بوو. کەریم خان وتبووی کە ئەو بۆ پاشایەتی نابێ (بەکار نایە). زەکی خان سەرەتا ئەبولفەتح خانی بە جێگری باوکی دانابوو. محەممەد عەلی خان دایکی کۆنە جوولەکە بوو و ساڵی ١١٧٤ لەدایك ببوو، واتە کاتی مردنی باوکی ١٩ ساڵە بوو. زەکی خان هەر ئەو شەوەی کە ئەبولفەتح خانی بە جێگری باوکی ناساندبوو، بە محەممەد عەلی خانیشی وتبوو:

- من نەمئەتوانی لە نەریتی هۆزایەتی لا بدەم‌و لەباتی کوڕە گەورە تۆ دابنێم، چونکە هۆزی زەند منیان خۆش ناوێ‌و بەمە رازی نەئەبوون، بەڵام بەڵێن ئەدەم بەم زووانە تۆ لەپاڵ براکەتدا دائەنێم‌و پاشان ئەو لا ئەبەم.

زەکی خان پاش ناشتنی کەریم خان‌و کوشتنی نەیارەکانی هەرچی بوویان داگیری کرد، کە ئەو پارەیە بە سەد هەزار تمەن مەزەندە ئەکرا، بەشێکی ئەم پارەیەی لەنێو لەشکرەکەیدا دابەش کرد.

هەواڵی مردنی کەریم خان‌و ڕووداوەکانی پاش ئەم بە خێرایی بڵاو





بووەوە. کاتێ سادق خانی برای کەریم خان ئەم هەواڵەی بیست لە بەسرە بوو، بە پەلە بەرەو شیراز گەڕایەوەو لەناو ڕێ بەشێکی زۆری لە سوپاکەی بڵاوە پێداو تەنیا بە سێ هەزار کەسەوە گەیشتە نزیکی شیراز. زەکی خان ترسی لێبار بوو و ئامادەکاریی شەڕی ئەنجام دا. لە هەمان کاتدا بۆ فریودانی سادق خان پەیامێکی بۆ نارد کە بە زووترین کات بگاتە شیراز.

سادق خان لە نزیکی شیراز چادری هەڵداو کەوتە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە.

ناوبراو جەعفەر خانی کوڕی نارد بۆ شیراز تا ئاگاداری بارودۆخ ببێت. جەعفەر خان پیاوێکی باڵابەرزو ناوشان پان‌و بەهێز بوو، هەندێ جار بە تەنیا یەك مەڕی ئەخوارد، ناوبراو ئەوەندە بەهێز بوو جارێك پیاوێکی بە یەك زللە کوشتبوو. جەعفەر خان بە جلوبەرگی شڕەوە بە شەو هاتە ناو شارەوەو سەردانی ئەو شوێنانەی کە پێویست بوو کردو پاش ئاگاداربوون لە رەوشەکە خێرا گەڕایەوە لای باوکی‌و هەرچی دیبوو بۆی گێڕایەوەو وتی زەکی خان لە هەرکەسێك مەترسی بکات ئەیکوژێ‌و ئەبولفەتح خانی کردۆتە بەهانەو خۆی فەرمانڕەوایە. سادق خان‌و بەو سێ هەزار کەسەوە شاری گەمارۆ دا. زەکی خان کاتێ ئەمەی دی زانیی ئەگەر گەمارۆ درێژە بکێشێ زۆربەی سەرکردەکان ئەچنە پاڵ سادق خان‌و هێزەکەی زۆر ئەبێ، لەبەر ئەوە بانگی لەشکرەکەی سادق خانی کرد:

- ئێوە ئەگەر لەگەڵ سادق خان بمێننەوە سەری ژن‌و منداڵتان ئەبڕم. دە سەعات مۆڵەتتان ئەدەم. باش بیر بکەنەوە، ئەگەر تا ئەو کاتە بڵاوە نەکەن ئەوا گیان‌و ماڵ‌و منداڵتان پارێزراوە، بە پێچەوانەوە خۆتان ئەزانن چی لە ژن‌و منداڵی دوژمن ئەکەم. ئەم هەڕەشەیەی زەکی خان کاری کردە سەر لەشکرو بە شەو بڵاوەیان کرد. سادق خان ناچار بوو لەگەڵ چەند کەسێکدا

وەك محەممەد حسێن خانی سیستانی رووی کردە کرمان. زەکی خان خێرا هێزێکی بە فەرماندەی محەممەد حسێن خانی زەند نارد بە دوای سادق خاندا. سادق خان لە دوورەوە هێزەکەی دیو خۆی حەشار دا، لەبەر ئەوە محەممەد حسێن خان بێ ئاگام مایەوە.

سادق خان رۆژی ١٧ی رەبیعی یەکەمی ١١٩٣ دوو مانگ پاش مەرگی کەریم خان گەیشتبووەوە شیراز، واتە رۆژەکانی یەکەمی نەورۆز بوو. لەبارەی چوونی سادق خان بۆ کرمان وا هاتووە:

> کاتێ زەکی خان زانیی سادق خان رووی کردۆتە کرمان هێزێکی شەش هەزار کەسیی بە فەرماندەی محەممەد حسێن خانی زەند بۆ دیلکردنی سادق خان رەوانە کرد. کاتێ ئەم هێزە گەیشتە سادق خان شەڕێکی قورس دەستی پێکرد. هەرچەند سادق خان تەنیا (١٣٠٠) کەسی لەگەڵ بوو بەڵام لەبەر ئازایەتیی محەممەد حسێن خانی سیستانیو کوژرانی محەممەد حسێن خانی زەند سوپای شیراز ناچار بە پاشەکشێ بوو. سادق خان گەیشتە کرمان.

زەکی خان دەستی کرد بە ستەمکاریو خەڵك لە دەستی بێزار بوون. یەکێك لەو سەرکردانەی کە زەکی خان پێیان پشت ئەستوور بوو عەلی مراد خانی کوڕی الله مراد خانو خوشکەزای خۆی بوو. کاتێ باوکی مردبوو دایکی شووی کردبوو بە سادق خانو جەعفەر خانی ببوو، واتە عەلی مراد خانو جەعفەر خان دایك برا بوون. عەلی مەردان خان لە ماڵی سادق خان گەورە ببوو، بەڵام سپڵە دەرچوو و پاڵی دا بە زەکی خانەوەو پاشان ویستی بنەماڵەی زەند لەناو بەرێ. بنەماڵەی زەند لە ئێراندا زۆر خۆشەویست بوون. ئەگەر ناکۆکیی ناوخۆییان نەبووایە هیچ کۆسپێکی تریان لە رێگەدا نەبوو.





سادق خان کە گەیشتە کرمان خەڵکەکەی کۆ کردەوەو وتی:

- ئێوەی خەڵکی کرمان لای ئێمە خۆشەویستن. من ناتوانم وەڵامی چاکەی ئێوە بدەمەوە. بەڵام ئەوە شەش هەزار تمەن ئەشرەفی کەریم خانیو رۆپیە هیندستانیم لایە ئەتاندەمێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار، تا بەم رێگەیە وەڵامی چاکەی ئێوەم دابێتەوە.

لە شیرازیش زەکی خان بە ناوی ئەبولفەتح خانەوە حوکمی ئەکردو وای کردبوو کەس زاتی هیچی نەبوو. زەکی خان بە پێی بڕیاری پێشووی محەممەد عەلی خانی کردە شەریکی حوکم لەگەڵ ئەبولفەتح خانو، ئەبولفەتح خان نەیتوانی ناڕەزایی دەربڕێ.

رەفتاری توندی زەکی خان دەوروبەرەکەی ناچار کرد لێی دوور بکەونەوە، لەوانە عەلی مراد خانی خوشکەزای خۆی بوو. ناوبراو بڕیاری دا لە شیراز دەرچێت لە ترسی خاڵی. لەم دەمەدا ئسفەهان ئاڵۆز ببوو و ببووە کەس لە کەس. کەریم خان لە سەرەمەرگدا فەرمانی دابوو کوڕەکانو بنەماڵەی فەتح عەلی خانی ئەفشار لە رێگەی ئسفەهانەوە بچنەوە ورمێ. کاتێ کوڕەکانی فەتح عەلی خان گەیشتنە ئسفەهان هەواڵی مردنی کەریم خانو ئاژاوەی شیرازیان پێگەیشت، لەبەر ئەوە لە ئسفەهان مانەوەو هەموو پیاوەکانی ئەفشار کە لە ئسفەهان نیشتەجێ بوون چوونە لایانو شۆڕشیان کرد. والیی ئسفەهان بە ناوی حاجی ئاغا محەممەد لە ترسا خزایە قەڵای تەبەرك. ئەم قەڵایە لەلایەن مەلەك شای سلجوقییەوە دروست کرابوو، قەڵایەکی قایم بوو. والیی ئسفەهان لە قەڵاوە هەواڵی دا بە زەکی خان. لە ماوەی (١٥) رۆژی شۆڕشی کوڕەکانی فەتح عەلی خان شار بووە دوو دەستە، خەڵکی ناوچەکانی ماربینی ئسفەهان لایەنگری والیی پێشوو بوونو هاتنە یارمەتیی والیو هێزی والی زۆر بوو و توانیی خۆی رزگار بکات. لەولایشەوە

زەکی خان ئەبولفەتح خانی لابردو خۆی بووە فەرمانڕەواو هێزێکی بە فەرماندەی بستام خانی کارخانەیی بۆ سەرکوتکردنی کوڕانی فەتح عەلی خان ڕەوانەی ئسفەهان کرد. کوڕانی فەتح عەلی خان لە ترسی بستام خان لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بوونەوەو هاتنە پێشوازیی بستام خان. کاتێ گەیشتنە لای بستام خان، حاجی محەممەد والیی ئسفەهان وتی:

- من ناتوانم لەم تاوانەی ئەمانە ببورم کە یاخی بوونو شاریان تووشی ئەم کێشەیە کرد. من لە مافی خۆم ئەبورم بەڵام ناتوانم لە خوێنی ئەو هەموو بێتاوانانەی کوژران ببورم.

بستام خان چاوەڕوانی وەڵامی کوڕانی فەتح عەلی خان بوو، بەڵام وەڵامی نەبیست، لەبەر ئەوە کوڕی فەتح عەلی خانو چەند کەسێکی تر لە یاخیبووەکانی لە مەیدانی نەقشی جهان هەڵواسیو ئسفەهانی هێور کردەوە.

## سێ سەد تمەن باج لە گیانی مرۆڤەکان بەنرخترە

زەکی خان ڕەفتارێکی توندوتیژی گرتەبەر، هیچ باوەڕی نەمابوو، زۆرجار بە شەو فەرمانی کوشتنی خەڵکی ئەدا. هیچ لە گیانی خۆی دڵنیا نەبوو، تا کاتێ ڕووداوی ئسفەهان هاتە پێش. زەکی خان عەلی مراد خانی کوڕی قونیاس خانی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ئسفەهان ڕەوانە کرد. هەر کە عەلی مراد خان لە شار دەرچوو زەکی خان لەم کارە پەشیمان بووەوە. عەلی مراد خان کە ئامانجی دەرچوون بوو لە شیراز لەم فەرمانە زۆر خۆشحاڵ بوو، لەبەر ئەوە ڕێگەی چەند ڕۆژێکی بە ڕۆژێك ئەبڕی. عەلی مراد خان لە ئسفەهان نامەیەکی سادق خانی پێگەیشت کە کارەکانی زەکی خانی بە وردی باس کردبوو. عەلی مراد خان کە خۆی خەیاڵی فەرمانڕەوایی لە سەردا بوو بۆ هەلی لەبار ئەگەڕا کە بە ناوی پشتیوانی لە ئەبولفەتح خان شۆڕش بکات،





کەوتە زەمینە سازکردن بۆ ئەم کارە. ڕۆژێك کە پارەی بە سەربازەکان ئەدا هەمووی کۆ کردنەوەو لەبارەی ستەمیی زەکی خان قسەی بۆ کردنو توانیی هەموو سەرکردەکان لە دژی زەکی خان هان بدات. عەلی مراد خان کە زانیی لەشکر لەگەڵ ئەودایە ڕووی کردە قومو لە بەردەرگای مەرقەدی حەزرەتی مەعسومەدا لەشکرەکەی کۆ کردەوەو وتی:

- من لە بەرامبەر گۆڕی ئەم حەزرەتەدا لە ئێوەم ئەوێ پەیمان بدەن کە پێکەوە زەکی خان لابەرینو ئەبولفەتح خان لە جێگەی دابنێین. سەرکردەکان هەموو سوێندیان خوارد وا بکەن. زەکی خان لە هەواڵی شۆڕشی عەلی مراد خان تووڕە بوو و فەرمانی دا تەواوی ئەوانەی توانای شەڕیان هەیە خۆیان ئامادە بکەن بەرەو ئسفەهان. خەڵکی هەرچەند ئەمەیان لا خۆش نەبوو بەڵام لە ترسی زەکی خان خۆیان ئامادەی شەڕ کرد. بە پێی وتەی نووسەری مێژووی (گێتی گوشا): هەموو خەڵك مەگەر کەسانێکی کەم لە ترسان ئامادە نەبوون. نزیکەی (٥٠) هەزار کەس لە ماوەیەکی کەمدا ئامادە بوون. زەکی خان ئەکبەر خانی کوڕی لە شیراز داناو خۆیو ئەبولفەتح خانو محەممەد عەلی خان بەو هێزە گەورەیەوە ڕوویان کردە ئسفەهان. لە ماوەیەکی کەمدا گەیشتنە (ئیزدخواست). زەکی خان سەرەتا داوای باجی لە خەڵکی ئیزدخواست کرد. گەورەپیاوانی شار وتیان ماوەیەکی پێشتر باج دراوە، دووبارە باجی چی؟

زەکی خان وتی:

- وا بزانم ئێوە سێ سەد تمەنتان کەم داوە.

سەرۆکی شار وتی:

- خان سەلامەت بێت. باجی شار چەند هەزار تمەنە، لە کاتێکدا زەمانی کەریم خانی ڕەحمەتی پێنج یەکی ئەم پارەیەمان نەئەدا. خەڵك هیچیان

نییەو ناتوانین ئەو سێ سەد تمەنە پەیدا بکەین. خەڵك هەرچییان بووە داویانە.

زەکی خان بە تووڕەییەوە وتی:

- من ئێستا نیشانی تۆی ئەدەم کە چۆن باج وەرئەگیرێ.

زەکی خان لە کۆکردنەوەی باجدا زۆر بێ بەزەیی بوو، بە پێچەوانەی کەریم خان. کەریم خان لە هەر شارێك پیاوێکی دانابوو کە بە شێوەیەکی پەسەندو دادپەروەرانە چاودێریی کاروباری باجو نرخو کاری دارۆغە بێت تا ستەم لە کەس نەکرێت. هەر ساڵە ئەبووایە والیی هەر شارێك نامەیەکی پێشنوێژو قازیو شێخولئیسلام بۆ کەریم خان ڕەوانە بکات لەبارەی ئەوەی کە ئەم والییە ستەمی لە کەس نەکردووە. هەر ساڵە بە وردی چاودێریی کاری والیو فەرمانـدەو کاربەدەستەکانی ئەکردو، لەم حسابانەدا دینارێك هەڵە نەئەکرا. باجی هەر شارو ناوچەیەك دیاریکراو بوو. باجی ئەسفەهانو شارەکانی (٧٠) هەزار تمەن بوو، لە ساڵێکدا باجی کرمان (٢٠) هەزار تمەنو باجی هەموو ئێران جگە لە خوراسان (٥٥٠) هەزار تمەن بوو. ئەم پارەیە ئەوەندە زۆر نەبوو کە خەڵك بۆیان نەدرێ. لە زەمانی کەریم خاندا کاری دروستکردنو فرۆشتنی مەی تایبەت بوو بە مەسیحیو جوولەکەکان، موسڵمان نەیئەتوانی ئەم کارە بکات. بەڵام زەکی خان ئەم کارەی ئازاد کردو باجی لەسەر دانا کە لێرەدا مەی خواردنەوەی ئەبولفەتح خان (زۆر حەزی لە مەی بوو) هۆیەکی گرنگی ئازادکردنی مەی فرۆشی بوو. زەکی خان لە سەندنی باجدا بێ بەزەیی بوو، نموونەی ئەم کارەی لە ئێزدخواست بینرا:

زەکی خان (١٨) کەسی لە گەورەپیاوانی شاری ئێزدخواست بانگهێشت کرد، کە لە ناویاندا سەید رنجوری خواپەرست ئەبینرا. زەکی خان وتی باجی ساڵانەی ئێوە حەوت هەزار تمەن یا زیاترەو، ئەبێ باجی ساڵی داهاتوویش





بدەن، جا چۆن ئەیدەن ئەوە پەیوەندیی بە خۆتانەوە هەیە. سەید بە ناوی ئامادەبووانەوە وتی:

- خان ئەبێ ئەوە بزانێ کە خەڵکی ئەم شارە هیچیان نییە بیدەن. والی ئەڵێ سێ سەد تمەنیش نییە ئێستا خان باسی هەزاران ئەکات.

زەکی خان وتی:

- تۆ ئاگاداری زمانت ببەو بە ناوی کەسەوە قسە مەکە. بەشی خۆت بدەو کارت بە کەس نەبێت.

سەید وتی:

- ئەگەر بەشی خۆم بدەم ڕزگار ئەبم؟

زەکی وتی:

- بەڵێ.

مەلا خێرا عەباو مێزەری دەرهێناو دایناو وتی:

- ئەمە بەشی من. زیاتر لەمەم نییە مەگەر گۆشتی لەشم ببڕی.

ئینجا ڕووی کردە زەکی خانو وتی:

- ئەوانیش لە من زیاتریان نییە بیدەن. وازیان لێبهێنە.

زەکی خان تووڕە بوو و وتی:

- لەولاوە ڕاوەستە، تا بزانی ئاکامی هاندانی خەڵك چییە؟

پاشان ڕووی کردە والیو وتی:

- دوو ڕۆژ مۆڵەتت ئەدەم کە ئەو پارەیە ئامادە بکەیت کە نیوەی کەم ئەکەمەوە.

مەلا بە ریشی سپیو جلوبەرگی ژێرەوە وەستابوو، هەموو دڵیان بۆ ئەسووتاو حەزیان ئەکرد بۆی بپاڕێنەوە. زەکی خان وتی:

- ئەم زمان درێژە لێرە ئەمێنێو ئێوەیش دوو ڕۆژی تر پارەکە ئامادە

ئەکەن.

پاش دوو رۆژ پیاوەکان بێ پارە گەڕانەوە لای زەکی خان. ئەویش فەرمانی دا دەستیان ببەستن‌و ریزی کردن، زەکی خان دووبارە داوای پارەی کرد بەڵام وەڵام نەبوو. زەکی فەرمانی دا پیاوەکانی یەك یەك لە نهۆمی دووەمەوە فڕێ بدەنە خوارەوە، کە ئەکەوتنە سەر زەوی چون دەستیان بەسترابوو هیچیان بۆ نەئەکراو ئەمردن. دوای هەموو نۆرە گەیشتە مەلا، زەکی خان وتی:

- تۆ بوویتە هۆی ئەوەی کەس پارە نەدات لەبەر ئەوە بە توندی سزا ئەدرێیت.

زەکی خان وتی ئەو سێ سەد تمەنە لای مەلایە، هەرچی مەلا هەوڵی دا بێ ئاکام بوو. سەرچاوە مێژووییەکان لەم بارەیەوە وەك یەك نووسیویانە کە ئەمە نموونەیەکە:

> لە ئیزدخواست زەکی خان بۆ سەندنی باج دەستی دایە جینایەتێکی گەورەو دەستدرێژی کردە سەر گیان‌و ماڵ‌و ناموسی خەڵك. چون ئیزدخواست لە نێوان شیرازو ئسفەهاندایەو رێگەی هاتوچۆیە، هەواڵ درا کە پارەیەك لە ئسفەهانەوە لەلایەن والییەوە نێردراوە بەڵام عەلی مراد خان ناردویەو ئەو پارەیەی گێڕاوەتەوە بۆ ئسفەهان. لەبەر ئەوەی خەڵکی ئیزدخواست هێشتوویانە ئەم پارەیە بگەڕێتەوە زەکی خان کەوتە گیانیان‌و هەندێکی لێکوشتن‌و پاسەوانەکانی کەوتنە گیانی ژن‌و منداڵیان.
>
> خەڵك لەم کردەوانە زۆریان بۆ هات‌و بە دوای رێگەچارەیەکدا ئەگەڕان.





کاتێ زەکی خان ژنی مەلای هێنا‌و داوای لە پاسەوانەکان کرد لە بەرچاوی مەلادا دەستدرێژیی بکەنە سەر، پاسەوانەکان ئەم فەرمانەیان ئەنجام نەدا. ئەمە رقی زەکی خانی زیاتر کردو وتی:

- سەرپێچی ئەکەن؟ ئەزانن سزای سەرپێچی چییە؟

رووی کردە سەرکردەی پاسەوانەکان کە لە هۆزی مافی بوو و وتی:

- من پاسەوانەکانم لە هۆزی مافی هەڵبژارد، وامزانی وەفادارن (هۆزی مافی لوڕ بوون‌و لە ناوچەی قەزویندا نیشتەجێ بووبوون).

زەکی خان زللەیەکی دا لە فەرماندەی پاسەوانەکان‌و وتی:

- تۆ لەوانە تاوانبارتری، ئەوان تەنیا وتیان پارەمان نییە بەڵام تۆو پیاوەکانت نافەرمانی ئەکەن.

ترس کەوتە گیانی هەموو پاسەوانەکان. بەڵام چون کەس نەبوو سزایان بدات، ئەم کارە دوا خرا بۆ رۆژی دواتر. لەوە سەیرتر ئەوە بوو کە زەکی خان هەر ئەو کەسانەی کردە پاسەوانی خۆی.

پاسەوانەکان کە ترسی سزادانیان بوو شەو پیلانی کوشتنی زەکی خانیان دانا. شەو لە بەختی بەدی خۆی‌و بەختی چاکی پاسەوانەکان زەکی خان خەوێکی قورسی لێکەوت‌و دوو کەس لە پاسەوانەکان چوونە سەری‌و بە خەنجەر سکیان دڕی.

دوای کوشتنی زەکی خان خەڵکی شیراز کەوتنە ئاسایش‌و ئەبولفەتح خانیش جێگەی پتەو بوو. گەرچی وەك کەریم خان زانیبووی ئەبولفەتح خان شیاوی ئەو جێگەیە نەبوو، بەڵام ستەمگەر نەبوو و تەنیا بیری لای مەی خواردنەوە بوو. ئەبولفەتح خان وەك باوکی ناوی پاشای خۆی نەناو بە سادەیی لەناو خەڵکدا ژیا، بەڵام بۆ کاری فەرمانڕەوایی نەئەبوو. پیاوێکی لاواز بوو لەبەر ئەوە بە زوویی پشتیوانیی سەرکردەکانی زەندی لەدەست دا.

سادق خانی مامەی کە لە ترسی زەکی خان چووبووە کرمان بە هیوای گەیشتن بە دەسەڵات هاتەوە شیراز. پاش (٧٠) رۆژ ئەبولفەتح خان بە بەهانەی مەی خواردنەوەوە لەسەر کار لابرا. لەم بارەیەوە میرزا محەممەدی کلانتر ئا بەم جۆرە باس ئەکات:

هەرزی لەکزی کە سەد هەزار تمەنیان لە زەکی خان سەندو لە ئیزدخواست کوشتیانو هاتنە لای ئەبولفەتح خانو چەند جار بە ئەبولفەتح خانیان وت کە مۆڵەت بدات سادق خان بگیرێو بخرێتە ژێر پێی ئەسپەکان، چونکە خەریکی پیلان دانانە دژی تۆ. بەڵام ئەبولفەتح خان لەبەر دڵپاکیی خۆی باوەڕی نەکردو مۆڵەتی نەدا، لەبەر ئەوە لەکزییەکان نائومێد بوونو پاڵیان دا بە سادق خانەوەو هێنایانە ئەرگو ئەبولفەتح خانیان لابرد.

سادق خان پاش لابردنی ئەبولفەتح خان ئەوی بە شێوەی عوسمانییەکان کوێر کرد. ئەم نەریتە لە عوسمانییەکانەوە گەیشتبووە ئێرانو هەر پاشایەك ئەهاتە سەر تەخت دوژمنو نەیارەکانی خۆی کوێر ئەکرد. ئەم کارەی سادق خان بووە بەهانە بۆ عەلی مراد خان تا بە ناوی پشتیوانی لە ئەبولفەتح خان بێتە مەیدانەوە. سادق خان جەعفەر خانی کوڕی ناردە سەر ئەسفەهان بەڵام شکاو هاتەوە شیراز. عەلی مراد خان خۆی بەهێز کردو ئەفشارەکانی لە خۆی کۆ کردەوەو بە لەشکرێکەوە بەرەو شیراز هات. عەلی مراد خان بۆ ئامادەکردنی لەشکر کەوتە گیانی خەڵکی ئەسفەهان. هاشم ئاسف لە (ناسخ التواریخ)دا لەم بارەیەوە ئەنووسێ:

شا عەباس کڵێسای ئەسفەهانی دروست کردبوو و بە ئەندازەی (٥٠٠) من (واتە ٣ هەزار کیلۆگرام) زێڕو زیو





بەکارهێنرابوو لە دروستکردنی شەمعدانو دەوریو جەواهیراتدا، بەڵام عەلی مراد خان هەمووی بردو کردنی بە سکە.

لەوانەیە ئەم ئەندازەیەی هاتووە زیاتر لە راستیی ئەو ئەندازەیە بووبێت، بەڵام ئەمە دەری ئەخات کە سەرکردەکانی ئەوکات چۆن رەفتاریان لەگەڵ خەڵکدا کردووە. عەلی مەردان خان بە هێزەکەیەوە هاتە (چەمەن گندمان). سادق خان یەکێك لە کوڕەکانی ناردە بەرەنگاری عەلی مراد خان. لەم کاتەدا ئەکبەر خانی کوڕی زەکی خان پاڵی دا بە عەلی مراد خانەوە.

عەلی مراد خان کە (٣٥) هەزار کەسی لەگەڵدا بوو نەیئەتوانی هەموو ئەم هێزە لە یەك جێگەدا دابنێ چونکە هەم دابینکردنی خواردن بۆیان ئاسان نەبوو و هەم لە دەستەی جۆربەجۆرو دژی یەك پێکهاتبوو. لەبەر ئەمانە لەشکرەکەی کردە چەند هێزی چوار تا پێنج هەزار کەسی. سادق خان سوپایەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە ئەو زەمانە سوپا وەك ئەمڕۆ نەبوو بەڵکو خەڵك لەبەر دەستکەوتو پارە دوای سەرکردەکان ئەکەوتنو ئەبوو بە زۆر بیانبەنە شەڕ.

سادق خان یەکەم کەسی بنەماڵەی زەندەکان بوو کە ناوی شای لە خۆی نا. سادق شا تەنیا شەش تا حەوت هەزار چەکداری هەبوو و خۆیشی پیاوێکی ئازاو شەڕکەر بوو. سەرەتا چەند جاسوسێکی نارد تا لەشکرەکەی عەلی مراد خان هەڵسەنگێنن. دەستەدەستەکردنی لەشکرەکەی عەلی مراد خان جاسوسەکانی سادق شای بە هەڵەدا برد. بە بینینی دەستەی یەکەم کە چوار هەزار کەس بوو هەواڵیان بە سادق شا دا کە هێزی دوژمن کەمە. سادق شا کە وایزانی سوپای دوژمن هەر ئەو چوار هەزار کەسەیە، بەشێکی زۆری لە هێزەکەی خۆی بە چەکی باشەوە بە فەرماندەی عەلی تەقی خانی کوڕی ناردە

بەرەنگاریی هێزەکەی عەلی مراد خان. ئەم دوو هێزە لە نزیکی شیراز لە ناوچەیەك بە ناوی (هەزار بەیزا) بە یەك گەیشتن. کاتێ فەرماندەکانی سادق شا دییان هێزی دوژمن (٣٥) هەزار کەسەو ئەمان بە هەڵەدا چوون، خێرا بەرەو شیراز رایانکرد. هێزەکەی عەلی مراد خان کەوتە دوایانو شاری گەمارۆ دا.

جەعفەر خانی کوڕی سادق شا کە لەلایەن باوکییەوە نێردرابووە ئەو ناوچەیە، هەرچەند ئەیزانی کە عەلی مراد خان شیرازو هێزەکەی باوکی گەمارۆ داوە بەڵام کەوتە کەینو بەین لەگەڵ عەلی مراد خانو هەندێ پێداویستیی بۆ دابین کرد. لێرەدا عەلی مراد خان باوەڕی بە جەعفەر خانی دایك برای پتەو بوو. لێرەدا قووڵیی ناکۆکیی نێو بنەماڵەی زەند بە روونی دەرئەکەوێت.

لەبەر ئەوەی چوونە ناو شیراز کارێکی ئاسان نەبوو و خێرا ئەنجام نەئەدرا ئەوەبوو عەلی مراد خان قەڵایەکی بۆ حەوانەوەی هێزەکەی بە ناوی (مراد ئاباد) دروست کرد. دیواری ئەم قەڵایە لەگەڵ دیواری قەڵای شیراز زۆر جیاواز بوو، دیواری شیراز (١٢) کیلۆمەتر دوژمنی لە شار دوور ئەهێشتەوە، واتە بە دووریی (١٢) کیلۆمەتر بە چواردەوری شاردا دروست کرابوو. سادق شا چەند جارێك کوڕەکانی بۆ شکاندنی گەمارۆ ناردە دەری شار بەڵام هەموو جارێك بە شکاوی ئەگەڕانەوە. گەمارۆ لە سەرەتای هاوینی ١١٦٠ تا کۆتایی زستانی هەمان ساڵ درێژەی کێشا، بەڵام خواردن لە شار کەم ببوو و مەترسیی قاتو قڕی ئەکرا.

هاشم ئاسف لەم بارەیەوە نووسیویەتی:

قەڵای شیراز (٩) مانگی تەواو لە گەمارۆدا بوو، هەر رۆژەو شەڕو تێکهەڵچوون رووی ئەداو نزیکەی (١٥) هەزار





سوار لە هەردوولا کوژرا. هەردوو هێز کەسوکاری یەکتری بوون، واتە باوك لە شارو کوڕی لە دەر یا برایەك لە ناو شارو برایەکی دی لە دەرەوە بوو. هەر رۆژێك شەڕ ئەبوو کوڕ باوکی ئەکوشتو برا برای ئەکوشت بۆ مشتێ پارە.

خواردن لە شیراز کەم بووبوو و مەترسیی قاتوقڕی لە ئارادا بوو، گەنم زۆر گران بووبوو، منی گەنم گەیشتبووە ٢٥٠٠ دینارو یەك گایان ئەدا بە ١٥ تومان.

(ئەوەیش بزانین کە زەمانی کەریم نرخی خانوویەکی چاك تەنیا دە تومان بوو).

شاری شیراز لە دەشتێکی تەسکی بەپیتدا هەڵکەوتووە لەلای باکووری رۆژهەڵاتو باشووری خۆرئاواوە دوو کێو دەوریان داوەو دیواری دەوری شار ١٢ کیلۆمەتر درێژ بوو، دەوری دیواریش خەندەقێکی پڕ لە ئاو بوو، دیوار زۆر قایم دروست کرابوو، بە جۆرێك کاتێ محەممەد خانی قاجار (خواجە) ویستی تێکی بدات زۆر بە زەحمەت توانییان بەشێکی بڕووخێنن. لە باکووری شار قەڵایەکی بچوکی جوان دروست کرابوو کە لە چواردەورەکەی خەندەق هەڵکەندرابوو.

پاش ٩ مانگ گەمارۆ چەند کەس لە پیاوە باوەڕپێکراوەکانی سادق شا بە فەرماندەی حسێن بەگی کوڕی لوڕ بەگ کە لە هۆزی (ئاق ئولی) بوون لە رووی سپڵەییەوە خەیانەتیان کردو لەگەڵ عەلی مراد خان دەست تێکەڵییان کرد، پەیامیان دا بە عەلی مراد خان کە لەو جێگەی ئەوان پاسەوانن ئەتوانن بێنە ناو شارەوە.

بەیانی زوو هاوار لە دەروازەی باخی شا بەرز بووەوە، (شیراز شەش دەروازەی هەبوو، واتە دەروازەکانی، باخی شا، ئسفەهان، سەعدی، کارزون،

شاداعیو قەسابخانە). لەم کاتەدا عەلی فەقێ خان ویستی دوژمن بکاتە دەرەوە کە دەروازەی شاداعی کرایەوە. لەبەر ئەوە بە پەلە خۆی گەیاندە ئەرگو رووداوەکەی بۆ سادق شا باس کرد.

(ژان گور) لەبارەی بارودۆخی ئەو دەمەی شیراز ئەنووسێ:

> لە رۆژی ١٥ی زیحەجە تا سەرەتای محەرەمی ساڵی ١١٩٧ی کۆچی ٢٠ هەزار کەس لە خەڵکی شیراز لە برسا مردن، ئەمەیش بەهۆی ٩ مانگ گەمارۆو برسیەتییەوە، خەڵکی شیراز هەموو وەکو نەخۆشیان لێهاتبوو کە لە سەرەمەرگدا بن. لەبەر ئەوە هەر رۆژە سەدان کەس ئەمردن. خەڵکی شیراز وەك هەموو شیعەکان لە مانگی محەرەمدا ماتەمیان ئەکرد، بەڵام لە محەرەمی ١١٩٧دا لەبەر برسیەتیو لاوازی کەس توانای ماتەم گێڕانی نەبوو. ئەو رۆژە سادق شا ناچار کرا کە لەبارەی بەدەستەوەدانی شار لەگەڵ عەلی مراد خان گفتوگۆ بکات. عەلی مراد خان بەڵێنی دا بە گرتنی شار دەستدرێژی نەکاتە سەر ماڵو ناموسی کەسو گیانو ماڵی سادق شاو ئەبولفەتح خان ئەپارێزێ.

نۆ مانگ گەمارۆو شەڕ عەلی مراد خانی لە سەرانی زەند تووڕەو بەدگومان کردبوو، لەبەر ئەوە پاش گرتنی شار دانیشتنێکی ساز داو لەم دانیشتنەدا سادق خانی دایك برای کەریم خانیان بانگ کرد (سادق شا)، ئەشکەنجەگەران سادق شایان راکێشایە ناو بنکەی عەلی مراد خان. کاتێ سادق شایان هێنایە سالۆنی ئەرگ هەموو بێ دەنگ بوون، عەلی مراد خان کە لەسەر کورسییەکەی سادق شا دانیشتبوو وتی:

- سادق خان، باش سەیری چواردەوری خۆت بکە.





سادق خان سەری داخستو لە دڵەوە گریا. سادق خان باش لە قسەکەی عەلی مراد خان گەیشتبوو.

جەلاد بە فەرمانی عەلی مراد خان ئامادەی کار بوو، عەلی مراد خان کە فەرمانی کوێرکردنی سادق خانی دا خۆی ئەترسا سەیری چاوی جەلاد بکات. ئاگر ئامادە کرا، ترس ئامادەبووانی داگرت، هەموو لەوە ئەترسان کە رۆژێك خۆیشیان وایان بەسەر بێت.

کابرای جەلاد سیخە سووربووەکانی ئەمدیوو ئەودیو کردو سادق خانیان هێنایە پێشەوە، لەم کاتەدا سادق خان بە هەموو توانایەوە چاوی نوقاندبوو، بەڵام جەلاد بە دەست پێڵووی چاوی سادق خانی لاداو سیخە سووربووەکەی لە چاوی نزیك کردەوەو بوچەکی سووتاوی بڵاو بووەوەو سادق خانیان بە کوێری بردە دەرەوە. ئەم کوێریو سوکایەتییە بۆ سادق خان گران بوو، شەو بانگی پاسەوانی زیندانەکەی کردو وتی:

شتێکی وام بدەرێ تا ئەم دەرمانەی پێمە پێی ورد بکەمو ئەنگوستیلەیەکی گرانی پێبوو دای بە پاسەوانەکە. کابرای پاسەوان خێرا ئەوەی داوای کردبوو بۆی هێنا. سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لەم بارەیەوە ئەڵێ:

> سادق خان پاش کوێربوون یەك ئەڵماسی پێبوو وردی کردو خواردی، بەمە خۆی کوشت.

هەندێکی تریش ئەڵێن سادق خان بە خواردنی تریاك خۆی کوشتووە.

ساڵی ١٣٢٣ بەردی سەر گۆڕی سادق خان لە شاچراغ دۆزرایەوە، ئەم بەردە کە مەڕمەڕەو نیو مەتر قەویو دوو مەتر درێژو نیو مەتر پانەو بە خەتی جوان نووسراوەو بە زێڕ جوان کراوەو چەند شیعری جوانی شاعیرێك بە ناوی (گلشن) لەسەر هەڵکەندراوە. مێژووی مردنی بە شیعرێك لەسەر

بەردەکە نووسراوە کە ئەکاتە ساڵی ١١٦١ی هەتاوی.

رەفتـاری عـەلی مـراد خـان لەگـەڵ سـادق خـانو کـوڕانی کـەریم خـانو نەیارەکانی ترسی خستە دڵی خەڵکەوە. لەلایـەکی تـرەوە چون والیو کوێخـاو سـەرکردەکان هـەموو لەلایـەن سـادق خانـەوە دانرابـوونو عـەلی مـراد خـان نەیئـەتوانی هـەموویان بـە جارێـك لـەناو بـەرێ، لەبـەر ئـەوە بـرزو بـەگی پاسـەوانی کـە جێـی بـاوەڕی بـوو بـانگ کـردو فـەرمانی دا کـە خێـرا مـیرزا محەممـەدی کلانـترو ئاغـا نـزل اللهو عەبـدولڕەحیم خـانو حـاجی ئیـبراهیم شیرازیو براو کەسوکاریان بهێنێتە ئەرگ.

عەلی مراد خان رووی کردە ئەم کەسانەو وتی:

- چون ئەمـەوێت پایتـەخت ببەمـە ئـسفەهانو پێویـستم بـە کەسـی وەك ئێوە هەیە، لەبەر ئەوە بە زووترین کات بـە مـاڵو منالّـەوە بـچنە ئـسفەهانو منیش خۆم بەم زوانە دێمە ئسفەهان. کاتێ ئەم پیاوانە ویستیان ماڵو موڵکی خۆیان بفرۆشن برزو بەگ وتی:

- دۆستانە پێتان ئەڵێم هەرچی زووترە شار بەجێ بهێڵن، تـا عـەلی مـراد خان پەشیمان نەبۆتەوە بڕۆن.

عەلی مراد خان پاش سەرکوتکردنی دوژمنانی کەوتە کۆکردنـەوەی پـارەو لەم کارەدا زۆر زیادەڕەویی کرد. ئازایەتیی ئەکبەر خانی کوڕی زەکی خان کـە هاوکاری عەلی مراد خان بوو بووە هۆی ترس لای عەلی مراد خانو ویـستی بـە پیلانێك لەناوی بەرێ، لەبەر ئەوە بە جەعفەر خانی کوڕی سادق خانی وت:

- من ئەمتوانی تۆیش بکوژم، مەگەر وا نییە؟ جەعفەر خان وتی: وایە.

عەلی مراد خان وتی: کەوابوو ئەوەی پێت ئـەڵێم لـە بەرژەوەنـدیی تۆیـە. فەرماندەیەکی وەك تۆ ئەتوانێ دەوری چاکی هەبێ. مـن خۆشـیم لـەم کـوڕەی زەکـی خـان نایـە کـە دژی تۆیـە. لەبیرتـە بـاوکی چـۆن خـەڵکی کـوێر ئـەکرد.





جەعفەر خان چاوی باوکی کە بە دەست عـەلی مـراد خـان کـوێر کرابـوو هاتـە بەرچاو، بەلاّم بێ دەنگ بوو.

عەلی مراد خان وتی: ئەمشەو ئەیدەمە دەستت تا تۆیش ئەو لەناو بەری. تۆڵـە شـیرینە. پاشـان بـەڵێنی دا ئەگـەر جەعفـەر خـان ئەکبـەر خـان بکـوژێ بیکاتە والیی ناوچەیەکی چاك.

عەلی مراد خان ماڵو دارایی ئەکبەر خانی داگیر کردو سـەید مـراد خـانی زەندی لە شیراز بە بیگلر بێگی دانـاو خـۆی حـەوتی رەمـەزانی ١١٩٦ی هـەتاوی چووە ئـسفەهانو جەعفـەر خـانی لەگـەڵ خـۆی بـرد، پاشـان کـردی بـە والیـی زنجانو سوڵتانیە. جەعفەر خان لەم فەرمانە خۆشحاڵ بـوو، عـەلی مـراد خـان هەمیشە جەعفەر خانی لە ژێر چاودێریدا بوو، پاشان ناردی بۆ دروسـتکردنی کاروباری کوردستان بـەلاّم دوای ماوەیـەکی کـەم بـانگی کـردەوە بـۆ ئـسفەهان. جەعفـەر خـان خێـرا خـۆی گەیانـدەوە ئـسفەهان کـە عـەلی مـراد خـان سـەری سوڕما. عەلی مراد خان دوای چـەند سـەعات نـاوبراوی ناردەوە بـۆ کوردسـتان (ئامانجی تاقیکردنەوەی جەعفەر خان بـوو). ئـەم تاقیکردنەوانـە چـەند جـار دووپات بووەوە بەلاّم جەعفەر خان هەر جار لە جاری پێشوو چاکتر فـەرمانی ئـەنجام ئـەدا. لـەم کاتـەدا نـاکۆکیی نـاو بنەماڵـەی زەنـد کـەم ببـوو و تـەنیا مەترسـی ئاغـا محەممـەد خـانی قاجـار لـە ئـارادا بـوو و هـەر لەبـەر مەترسـی خواجەی قاجار بوو کە عەلی مراد خان جەعفەر خانی نەکوشتبوو.

# بةشى ضواردةيةم

**نةياريَكى دةرةوةى**
**بنةمالَةى زةند**

ئەرکی کەریم خان لە ڕۆژەکانی دوایی تەمەنیدا زۆر ئاڵۆز بوو، جموجۆڵو هاتوچۆی گومانلێکراو زۆر ببوو. بوونی هۆزە جۆربەجۆرەکانی وەك هۆزی قاجار ئەم نهێنییەی زیاتر کردبوو. لەم ناوەدا خەدیجە بیگمی ژنی کەریم خان لەناو ماڵو ئاغا محەممەد خانی برازای لە دەرەوەو خزمو دۆستەکانیان گروپێکیان پێکهێنابوو کە هەموو هەواڵە تازەکانیان خێرا ئەگەیشتە دەستو ئاغا محەممەد خان نەخشەی خۆی کە ساڵەها بوو داینابوو لە قۆناغی ئەنجامداندا ئەدی.

گوایە کەریم خان نەخۆشیی سیلی بوو، بەڵام ئەمە روون نەبۆتەوە چونکە ئەو دەمە زانستی پزیشکی زۆر دواکەوتوو بوو. کەریم خان هاواری ئێشی ناو سکی ئەکرد، لەبەر ئەم ئێشە ماوەیەکی زۆر بوو لە جێدا کەوتبوو و توانای دەرچوونی لە ئەرگ نەمابوو. لەم کاتەدا خەدیجە بیگم ئاگاداریی لێئەکرد. ئاغا محەممەد خانیش چون پیاو نەمابوو لەبەر ئەوە ئەیتوانی جارجارێك سەردانی پوری بکات لەناو ماڵ کە لە نەخۆشییەکەی کەریم خاندا ئەم هاتوچۆیە ببووە کاری هەمیشەی. (ژان گور) لەم بارەیەوە ئەنووسێ کە: ئاغا محەممەد خان بە روونی ئەیزانی کەریم خان کەی ئەمرێو لەبەر ئەوە نامەیەك بۆ یەکێك لە سەرکردەکانی ئەشاقە باش ئەنووسێ کە ئەم نامەیە





ئەوە ئەگەیەنێت کە ئاغا محەممەد خان لە کۆنەوە خۆی بۆ رۆژێکی ئاوا ئامادە کردبوو. لەم نامەیەدا نووسیبووی کە مەرگی کەریم خان نزیکەو منیش بەم زوانە خۆم ئەگەیەنمە تاران.

سێ رۆژ پێش مردنی کەریم خان واتە ١٠/سەفەر/١١٩٣ی کۆچی ئاغا محەممەد خان لە شیراز دەرئەچێت چونکە ئەیزانی دوای مردنی کەریم خان بارەکە ئاڵۆز ئەبێو ئەم ناتوانێ دەرباز بێت. لەبەر ئەوە بە بەهانەی راوکردن لە دەری شار ئەمێنێتەوە. ئاغا محەممەد خان بە خەدیجەی پوری وتبوو ئەگەر کەریم خان مرد خێرا بە نۆکەرێکدا هەواڵەکەی بە چەند کەس کە نزیکی شارو لای دەروازە قوران بوون بداو ئەوانیش ئاگرو دوکەڵ ساز بکەن تا ئەم ئاگادار بێت. ئەبولفەتح خانی کوڕی کەریم خان بە توندی قاجارەکانی خستبووە ژێر چاودێری. کاتێ هەواڵی بینینی دوکەڵیان بە ئاغا محەممەد خان دا باوەڕی نەکردو خۆی لە دەروازە قوران (یەکێك لە دەروازەکانی شیرازە) نزیك بووەوە بەڵام بە سەرسوڕمانەوە دی دەروازە بەستراوە، زانی شتێ لە ئارادایە، هەرچەند پاسەوانەکان هەوڵیان دا بانگی بکەنە ژوورەوە بەڵام ئەو بازەکەی بەرداو کەوتە دوایو بەم بەهانەیە خۆی دەرباز کردو رێگەی شیراز تا تارانی بێ خەوو پشوو لە شەش رۆژدا بڕی.

### یەکێتیی هۆزی قاجار:

بە پێچەوانەی شەڕو براکوژیی ناو بنەماڵەی زەند، ئاغا محەممەد خان هەوڵی دا هۆزەکانی قاجار یەك بخاتو قاجارێکی بەهێز پێکبێنێت، ئەم دوو شێوە جیاوازە لەلایەك بنەماڵەی بەهێزی زەند لێك هەڵوەشاندو لاواز کردو لەلایەکی تر قاجارەکان وا یەکیان گرت کە خواجەیەك توانی بەسەر چەندین ملیۆن کەسدا حوکم بکاتو هەردوو هۆزی ئەشاقە باشو بوخاری باش لە

زەمانی حوکمی خواجەدا یەکگرتوو مانەوە.

ئاغا محەممەد خان بە پێی نەخشەی پێشووی خۆی هاتە ئەستەرابادو هێزێکی پێکەوە ناو رووی کردە تاران، ئەمە لەو کاتەدا بوو کە عەلی مراد شیرازی گەمارۆ دابوو کە بەمجۆرە زەندەکان بە دەستی خۆیان یارمەتیی دوژمنیان ئەدا.

عەلی مەردان خان پاش گرتنی شیراز ئسفەهانی کردە پایتەختی خۆیو کاشانیشی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو غەفور خانی کردە والیی تاران. عەلی مراد خان پاش کوشتنی سەرانی زەندو نیشتەجێ بوون لە ئسفەهان هەوای گرتنی مازەندەرانی کرد کە ئامانجی سەرەکی دوو سەرکردەی لاریجانی بوون.

عەلی مراد خان پاش تێکشکانی زولفەقاری ئەفشار والیی خمسەی قەزوین هاتە تاران. زولفەقار خان پاش مردنی کەریم خان یاخی بوو لەبەر ئەوە عەلی مراد خان بە هێزێکەوە هاتە سەریو لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا لە نێوان قەزوینو زنجان شەڕێکی قورس رووی داو هێزەکەی زولفەقار خان پاش کوژرانی الله وردی خانی ئەفشار شکانو بڵاوەیان کرد. عەلی مراد خان کەوتە دوایانو هاتە زنجان زولفەقار خان خۆی حەشار دا بەڵام یەکێك لە سەرکردەکانی بە ناوی هیدایەت الله خان ویستی بیگرێو بیداتە دەستی عەلی مراد خان زولفەقار خان ناچار بەرەو خاڵخاڵ رایکرد، بەڵام پیاوەکانی محەممەد خانی سەعداوی گرتیانو ناردیان بۆ عەلی مراد خان ئەویش خێرا فەرمانی کوشتنی دا.

عەلی مراد خان پاش ئەم سەرکەوتنە دەستی دایە مەی خواردنەوە. لەم کاتەدا دوو سەرکردەی لاریجان هەردوو بە ناوی محەممەد قولی خانی رەشو محەممەد قولی خانی سپی لەگەڵ مرتەزا خانی باری ئاغا محەممەد خان یەکیان گرت لە دژی خواجە محەممەد خان. ئاغا محەممەد خان لە دژی ئەم





رەشو سپییە چاوی بڕیبووە مازەندەران. ئەم دوو خانەیش ماڵو مڵکێکی زۆریان هەبوو کە ئەیانزانی ئەگەر خواجە سەرکەوێت ئەوان ئەم مڵكو ماڵەیان لەدەست ئەدەن. ئەم دوو محەممەد قولی خانە هاتنە لای عەلی مراد خانو باسی ئاغا محەممەد خانیان بۆ کرد، بەڵام سەرەتا عەلی مراد خان باوەڕی نەکردو وایزانی ئەیانەوێت ئەو لە دژی ئاغا محەممەد خان هان بدەن. عەلی مراد خان وتی من ئێستا لەگەڵ ئاغا محەممەد خان لە شەڕدا نیم چونکە ئەزانم ئەو خواجەیەو ناتوانێ دژی من بوەستێ. بەڵام هەردوو محەممەد قولی خان وتیان: ئەبێ پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ چارەی ئەم شتە بکەیت. ئەگەر باوەڕت بە ئێمە نییە خۆت پیاوێك بنێرە تا بارودۆخەکەت بۆ روون ببێتەوە. عەلی مراد خان وتی: ئێستا کە ئێوە خۆتان لە مەترسیدا ئەبینن ئەبێ خەرجیی ئەم کارە بدەن، واتە لەشکر پێویستی بە پارەیە، ئێوە پارە بدەن تا لەشکر ئامادە بکرێت.

کاتێ خانی رەشو سپی زانییان پارەکە زۆر نییە رازی بوون بەو مەرجەی پەلە بکرێ لەم کارەدا. محەممەد قولی خانەکان بەشێکی پارەکەیان داو داوایان کرد ئەوانیش لەگەڵ فەرماندەی هێزەکە بن. هێزێکی زۆر رووی کردە ئەستەراباد. هەردوو محەممەد قولی خان لە کۆکردنەوەی هێزدا دەوری باشیان هەبوو. لەبارەی ئەم رووداوە لە (تاریخ جهانگشا)دا هاتووە:

> عەلی مراد خان دوو ساڵ لە ئسفەهان مایەوە پاشان ویستی محەممەد خانی قاجار (خواجە) سەرکوت بکات. بۆ ئەم مەبەستە شێخ وەیس خانی کوڕە گەورەی خۆیو محەممەد تایەر خانی بە هەشت هەزار کەسی پڕ چەکەوە رەوانەی مازەندەران کرد. پاشان خۆیشی بە هێزێکەوە هاتە تارانو هۆبەی هەڵدا. هێزەکەی شێخ وەیس خان گەیشتە

مازەندەران. ئاغا محەممەد خان کاتێ ئەم هێزەی دی‌و زانیی خەڵکی مازەندەران لە دژی ئەو یارمەتیی ئەم هێزە ئەدەن بەرەو ئەستراباد کشایەوە. شێخ وەیس خان هاتە ساری‌و هەموو گەورەپیاوانی مازەندەران هاتنە لای. بەڵام هێزەکەی شێخ وەیس خان دەستیان کرد بە تاڵانکردنی خەڵکی ناوچەکە، لەبەر ئەوە خەڵکی ناوچەکە بایان دایەوە بەلای ئاغا محەممەد خاندا. لەم کاتەدا هەردوو محەممەد قولی خانی رەش‌و سپی لەگەڵ مرتەزا خانی قاجار (برای ئاغا محەممەد خان) هاتنە لای شێخ وەیس خان‌و بریار درا شێخ وەیس خان لە ساری بمێنێتەوەو هێزەکە بە فەرماندەی تایەر خان روو بکاتە ئەسترابادو ئاغا محەممەد خان لەو ناوە دەرپەڕێنن. لەشکر کەوتە رێ‌و گەیشتە جێگەیەکی ئاستەم کە تەنیا یەك رێگەی باریکی هەبوو بۆ تێپەڕبوون، ناچار لەشکر تێپەڕی‌و چووە نزیکی ئەسترابادو لە دەری قەڵا هۆبەی هەڵدا. پیاوێکی خەڵکی مازەندەران کە پشتیوانیی ئاغا محەممەد خان بوو رێگە باریکەکەی گرت‌و نەیئەهێشت هیچ شتێك لە مازەندەرانەوە بگاتە هێزەکەی تایەر خان، لەبەر ئەوە خۆراکی هێزی تایەر خان تەواو بوو و قات‌و قڕی داکەوت. هۆزی تورکمان یەموت کە دراوسێی ئەستراباد بوون کەوتنە رێگرتن لە سەربازەکان‌و تاڵانکردنیان‌و کێشەکە بە سوودی خواجە تەواو بوو.

ئەڵبەتە مێژوونووسەکان هەریەك بە جۆرێك باسی ئەم رووداوە ئەکەن بەڵام (تاریخ جهان گشا) باشترین سەرچاوەیە کە لە راستییەوە نزیکە.





مێژوونووسێکی تری ئێرانی بەم شێوەیە باسی رووداوەکە ئەکات:

> عەلی مراد خان بۆ سەرکوتکردنی ئاغا محەممەد خان هێزێکی گەورەی بە فەرماندەی شێخ وەیس خانی کوڕی ناردە ناوچەکە. شێخ وەیس خان هاتە مازەندەران‌و ئاغا محەممەد خان بەرەنگاری بووەوە. ئەم شەڕە لە نزیکی ساری‌و بارفرۆش رووی دا. ئاغا محەممەد خان تەنگەی جرکلبادی کە شوێنێکی ستراتیژییە گرت‌و رێگەی گەیشتنی خواردنی لە هێزی دوژمن گرت.

ئاغا محەممەد خان بە بیستنی هەواڵی هاتنی هێزی عەلی مراد خان کەوتە دۆزینەوەی رێگەچارە. لەگەڵ جەعفەر قولی خانی برای لەبارەی شەڕو بەرگری‌و گرنگیی جرکلباد گفتوگۆی کرد. ئاغا محەممەد خان بە جەعفەر قولی وت لە ناوچەی جرکلباد خۆی حەشار بدات‌و کاتێ هێزەکەی عەلی مراد خان گەیشتە ناو دەربەندەکە رێگەی راکردنیان لێببڕێ‌و بە گوللەو بەرد تلکردنەوە بکەوێتە کوشتاری دوژمن. بەم نەخشەیەی ئاغا محەممەد خان هێزەکەی عەلی مراد خان بە توندی تێکشکان. ئەم شکانە عەلی مراد خانی تووڕە کرد. لەلایەکی ترەوە ئاغا محەممەد خان رەزا قولی خانی برای نارد بۆ گرتنی هەردوو محەممەد قولی خانی رەش‌و سپی. رەزا قولی خان فریوی هەردوو محەممەد قولی خانی خواردو کەوتە بیری ئەوەی کە خۆی ببێتە فەرمانڕەوا. محەممەد قولی خانەکان پێشنیاریی ئەوەیان پێدا کە پارەی خەرجیی ئەم کارەی بۆ بدەن، لەبەر ئەوە لەگەڵیاندا دژی ئاغا محەممەد خان رێکەوت.

ئاغا محەممەد خان لە بابل بوو کە هەواڵی بیست رەزا قولی برای لەگەڵ دوو محەممەد قولی یەکی گرتووەو ئەیەوێت بێتە سەری لە بابل. ئاغا

محەممەد خان ئەمانی بە کەم داناو لە بابل نەجووڵاو لەبەر ئەوە کەوتە گەمارۆوە، بەڵام توانیی هەرچۆن بێت خۆی دەرباز بکات. پاشان هەر لەوێ کەوتە کۆکردنەوەی هێز بۆ شەڕ لەگەڵ عەلی مراد خاندا.

والیی تاران لەم کاتەدا غەفور خان بوو کە بەهۆی قایمیی دیواری قەڵای چواردەوری تاران توانی خۆی لە ئاغا محەممەد خان رزگار بکاتو بەرگری لە شار بکات. لەم کاتەدا نەخۆشی وەبا کەوتە سوپاکەی ئاغا محەممەد خانەوەو سوپا بلاوەی لێکرد.

نەخۆشی کەوتە ناو شاری تارانیشو غەفور خانیش بەم نەخۆشییە مرد. ئەم رووداوانە لە هاوینی ١٤١١ی هەتاویدا روویان دا. بە هاتنی پاییز نەخۆشی کەم بووەوە بەڵام خەڵکێکی زۆر مرد بوون. نەخۆشیو گەرمارۆو سەرمای زستان زۆریان بۆ خەڵکی تاران هێنابوو. کاتێ عەلی مراد خان بیستی ئاغا محەممەد خان پاش گەمارۆی تاران رووی کردۆتە مازەندەران، بڕیاری دا سەرکوتی بکات. ئاغا محەممەد خان لەبەر ئەوەی کرابوو بە خواجە (خەسێنرا بوو) پیاوێکی زۆر خراپی لێدەرچووبوو و هەموو کەسی کردبووە دژی خۆیو کەس خۆشی نەئەویست. عەلی مراد خان توانی دوژمنانی ئاغا محەممەد خان لە خۆی کۆ بکاتەوەو هێرشێکی گەورەی بکاتە سەر. ئاغا محەممەد خان کە ئەم هێزە گەورەیەی بە فەرماندەی شێخ وەیس خان دی رایکردە ئەستراباد و ویستی بۆ هەمیشە واز بهێنێت، بەڵام رووداوەکانی داهاتوو وایانکرد بگەڕێتەوە ناو کایەکە.

چەکدارەکانی شێخ وەیس خان لەوەی کە شێخ وەیس خان لاوێکی سادە بوو کەڵکیان وەرگرتو کەوتنە تالانکردنو دەستدرێژیکردنە سەر ناموسی ئەو خەڵکەی یارمەتییان دابوون. لەبەر ئەوە خەڵکەکە بایان دایەوە بەلای ئاغا محەممەد خاندا، لە ترسی ئاو پاڵیان دا بە ئاگرەوە. لەم کاتەدا ئاغا محەممەد





خان خەریکی کۆکردنەوەی هێز بوو، هەواڵ هات کە تایەر خان بە هێزێکەوە هاتووە بۆ گرتنی ئەو. تایەر خان بە فەرمانی شێخ وەیس خان چووە ئەستراباد بەڵام شکاو خۆیشی کوژرا.

عەلی مراد خان کە هاتە تاران دەستی دایە مەی خواردنەوە بە جۆرێك کە حەزی لە شەڕوشۆڕ نەماو تووشی نەخۆشیی (استسقا) بوو. هەر لەم کاتەدا ناکۆکی کەوتەوە ناو بنەماڵەی زەند.

جەعفەر خانی کوڕی سادق خان بۆ هەلێك ئەگەڕا کە تۆڵەی باوکی بکاتەوە، لەبەر ئەوە کاتێ باری تەندروستیو مەی خواردنەوەی عەلی مراد خانی بیست راپەڕی. عەلی مراد خان کە نەخۆشیی تینوێتی هێزی لێبڕیبوو لەم شۆڕشەی جەعفەر خان سەری سوڕما. جەعفەر خان ئەودەمە والیی زنجان بوو و خۆی گەیاندە ئسفەهانی پایتەخت. عەلی مراد خانیش بە نەخۆشیو بە دارمەیت بەرەو ئسفەهان کەوتە رێ، بەڵام لە نیوەی رێگەدا مرد. ئەم رووداوە سەرەتای زستانی ١٧٨٥ی زایینی بوو. لەم کاتەدا میرزا رەبیع کە وەزیرو هەمەکارەی عەلی مراد خان بوو هەواڵی مردنەکەی لە هێزەکە شاردەوەو نەیهێشت کەس بە مردنی عەلی مراد خان بزانێ لەبەر ئەوەی کەس دەستدرێژی نەکاتە سەر پارەو دارایی شا، تا بەم جۆرە هاتنە ناو ئسفەهانەوەو کاتێ هەواڵی مردن بلاو بووەوە هێزەکە بلاوەی لێکرد. والیی ئسفەهان باقر خراسکانی لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە دەستی گرت بەسەر دارایی پاشاداو هەندێکی لە نێوان سوپادا دابەش کردو خۆی کردە پاشاو چووە سەر تەخت لە کۆشکی شاو دەرگای شاری بەست. جەعفەر خان لە زنجانەوە بە هێزێکی کەمەوە هاتە هەمەدان بۆ کۆکردنەوەی هێز بەڵام خەڵکی هەمەدان یارمەتییان نەدا. جەعفەر خان رووی کردە کزاز. لە کزاز ئەو هێزانەی زەند کە لە شەڕی ئاغا محەممەد خاندا شکابوونو هەندێ لە خەڵکی مازەندەران

کەوتنە دوای. کاتێ گەیشتە ئەسفەهان باقر خراسکانی دەرگای شاری لە روو بەستبوو، بەڵام جەعفەر خان توانیی شار بگرێتو باقر خراسکانی رایکردە ناو قەڵای تەبەرك. لەم کاتەدا شێخ وەیسی کوڕی عەلی مراد خان کە والیی تاران بوو نەیئەزانی چی بکات. جەعفەر خان خێرا بە بەڵێنی جۆراوجۆر هێنایە ئەسفەهانو سەرەتا کوێری کردو پاشان کوشتی. ئەم ناکۆکیی ناوخۆییە بووە هۆی ئەوەی جەعفەر خان نەیپەرژێتە سەر دوژمنی راستەقینەی.

ئاغا محەممەد خان کە بارودۆخەکەی دی بە هێزێکی گەورەوە رووی کردە ئەسفەهان. جەعفەر خان نجف خانی زەندی بە هێزێکەوە ناردە بەرەنگاری، بەڵام لە نزیك قوم نجف خان تێکشکا. جەعفەر خان کە ئەمەی زانی خێرا بە هێزێکەوە بەرەو شیراز رایکردو هەرچی پارەو دارایی هەبوو لەلایەن کوڕانی حاجی محەممەد عەلی عەلافەوە تاڵان کرا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کوڕانی حاجی محەممەد عەلی لە حکومەتی ئاغا محەممەد خاندا پلەوپایەیەکی باش بەدەست بهێنن. ئاغا محەممەد خان هاتە ئەسفەهانو هەرچی دارایی جەعفەر خان مابوو گرتیو ئەویتریشی لە خەڵك سەندەوەو باقر خراسکانی کردە والیو پێی وت هەرکات جەعفەر خان هێرشی هێنا بچۆرە قەڵای تەبەركو من ئاگادار بکە لە تاران تا بگەمە فریات. جەعفەر خان دوای کۆکردنەوەی هێز رووی کردەوە ئەسفەهانو باقر خراسکانی چووە ناو قەڵاو جەعفەر خان قەڵای گەمارۆ دا. باقر خان هەواڵی نارد بۆ ئاغا محەممەد خان لە تاران، بەڵام جەبار خانی چوار محلی کە هەمەکارەی باقر خراسکانی بوو دەرگای قەڵای بۆ جەعفەر خان کردەوەو باقر خراسکانیو نقد عەلی خانی عەرەب کە جێگری بوو گیرانو بە باڵبەستراوی هێنرانە لای جەعفەر خانو هەردووکیانی کوشت. ئەم هەواڵە گەیشتە ئاغا محەممەد خانو ئەویش رووی کردە ئەسفەهان. جەعفەر خان ترسی لێباریبوو. پیاوێکی





فالچی بە ناوی دەروێش بێراکی هەبوو بانگی کردو وتی بە باوەڕی تۆ من چی بکەم؟ دەروێش وتی:

- بە پەلەو بێ دواکەوتن بەرەو شیراز بڕۆو گیانی خۆت رزگار بکە. ئاغا محەممەد خان ئەبێتە پاشای ئێرانو پاشایەتی لە بنەماڵەکەیدا ئەمێنێتەوە.

جەعفەر خان کە باوەڕی زۆری بە دەروێش بوو خێرا رووی کردە شیراز.

کاتێ جەعفەر خان لە ئەسفەهان دەرچوو، محەممەد خانی زنکویی دەستی گرت بەسەر داراییو چەکی جەعفەر خانداو بە هاندانی ئیسماعیل خانی عەرەب عامری کە پیاوێکی ناسراوی ئەسفەهان بوو هات بۆ گرتنی ئەسفەهان. جەعفەر قولی خانی والیی ئەسفەهان کە لەلایەن ئاغا محەممەد خانەوە دانرابوو بەرەنگاری بووەوەو دوو هەفتە لە نێوان ئەم دوو هێزەدا شەڕ درێژەی کێشا لە نزیك ئەسفەهان. پاشان محەممەد خانی زنکویی شکاو لەگەڵ ئیسماعیل خانو هاوڕێکانیدا روویان کردە یەزد. ئەم هەواڵە بە ئاغا محەممەد خان گەیشت، ناوبراو لە تارانەوە هاتە ئەسفەهانو خان بابای (فەتح عەلی شای ئایندە) برازای بە هێزێکەوە بۆ گرتنی یەزد ناردو خۆیشی بۆ سەرکوتکردنی هۆزەکانی قشقای رووی کردە فارسو لە (چەمەن گندمان) هۆبەی هەڵدا. هۆزەکانی قشقای ناوچەی چەمەنی خەسرەو شیرین چوونە چیاکانی دەوروبەر. ئاغا محەممەد خانیش ناچار بە گەڕانەوە بوو. لەم کاتەدا جەعفەر خان دووبارە هاتەوە ئەسفەهان بەڵام بە گەڕانەوەی دووبارەی ئاغا محەممەد خان ناچار پاشەکشێی کرد.

ئەندامو رواڵەتی جەعفەر خان پاش کەریم خان لەناو زەنددا نموونە بوو. زۆر ئازاو خۆڕاگر بوو. لە شەڕی دەستەویەخەدا بێ وێنە بوو، کەم کەس ئەیانتوانی رووبەڕووی ببنەوە. پاش ئەسفەهان شیراز تەنیا جێگەیەکی لەبارو هێمن بوو بۆ جەعفەر خان هەرچەند لێرەو لەوێ نەیاری هەبوو. پاش

مردنی کەریم خان حکومەتی زەند مەگەر لە زەمانی عەلی مراد خاندا ئەگینا هەمیشە تووشی ئاژاوە ئەهات.

جەعفەر خان کە هاتە شیراز خێرا لوتف عەلی خانی بۆ سەرکوتکردنی سەرۆك‌و شێخەکانی بەندەرو کەنارەکانی کەنداو رەوانە کرد. لەم کاتەدا دەوروبەرەکانی جەعفەر خان زۆرتر لە سەید مراد خانی زەند کۆ ببوونەوە بەڵام لە ترسی جەعفەر خان ئەمەیان نەئەدرکاند. ئەم تاقمە کە سەرکردەکانیان بریتی بوون لە براکانی سەید مراد خان واتە ئیبراهیم خان‌و حاجی عەلی قولی خان‌و شامراد خان‌و جهانگیر خان ویستیان کودەتایەك بکەن بەڵام پیلانەکەیان ئاشکرا بوو و هەموویان گیران.


نەخۆشی سەری لە جەعفەر خان دابوو، هەر رۆژەو زیاتر پەکی ئەخست. سەید مراد خان‌و براکانی لەنێو زیندان کەوتنە دارشتنی نەخشەی راکردن‌و بۆ ئەم نەخشەیە پەیوەندییان کرد بە باوکی یەکێك لە نۆکەرەکانی جەعفەر خان‌و بەڵێنی یەك کیسە زێریان پێدا. وەك پێشەکی دە سکەی زێڕی دا بە کازم بەگ‌و وتی ئەگەر کوڕەکەت هاوکاریمان بکات ئەوا سەد سکەی ئەدەینێ. کازم خان لە هەلێکی باشدا چووە لای سلێمان میرزای کوڕی کە نۆکەری جەعفەر خان بوو و نانی بۆ زیندانەکان ئەبرد. ئەم سکە زێڕانە بوونە هۆی دروستبوونی پەیوەندی لە نێوان سلێمان میرزاو زیندانییەکان‌و کازم بەگدا. سکە زێڕەکانی سەید مراد خان هەر رۆژ ئەم پەیوەندییەی قووڵتر ئەکرد. زیندانییەکان وتیان کارەکەی ئێمە ئەوەیە کە سلێمان میرزا بە دزییەوە مشارێکمان بۆ بهێنێت‌و پێوەندەکانی دەستمانی پێ بکاتەوە. کازم بەگ وتی ئەمە کارێکی سەختە چونکە زیندان چەسپاوە بە ماڵی جەعفەر خانەوە. قوتیاس خان وتی ئەمە زۆر چاکە چونکە کەس نازانێت. سلێمان میرزا ئاشقی کەنیزێکی گورج کە لە ئەرگ کاری ئەکرد، ببوو. هەر رۆژە بەو



قەڵای پەری

پارەیەی باوکی ئەیدایە، دیاریی بۆ ئەکڕی‌و بە تەواوی لە یەك نزیك ببوونەوە. بڕیار درا ئەو شەوەی سلێمان میرزا زیندانییەکان رزگار ئەکات ئەم کارەکەرەیش ژەهر بکاتە ناو خواردنی جەعفەر خانەوەو هەموو شت بە جارێك کۆتایی بێت.

شەوی دیاریکراو گەیشت، کارەکەرەکە بە پێی نەخشەی پێشوو ژەهری کردە ناو خۆراکی جەعفەر خانەوە. ناوبراو هەرچەند زۆر نەخۆش بوو بەڵام هێشتا بە ئەندازەی چەند کەسێکی ئەخوارد، بە خواردنی ژەهر باری جەعفەر خان تێکچوو. لەم کاتەدا بووە هەرا، کاتێ جەعفەر خان بەو تەندروستییە خراپەوە هەستاو چووە ساڵۆنەکە دی ئەوا زیندانییەکان خۆیان رزگار کردووەو لە بەردەرگا هاتوون ئەم بکوژن. جەعفەر خان بەرەنگاریان بووەوەو سەرەتا زللەیەکی دا لە پەناگوێی شامراد خان کە سەری درا لە دیوارەکەو مرد. لەم کاتەدا ترس کەوتە نێو براکانی سەید مراد خان‌و ئیبراهیم خان کە زانی چاریان نەماوە لە پشتەوە دارێکی دا لە سەری جەعفەر خان‌و خستی، پاشان هەموو چوونە سەری‌و بە خەنجەر کوشتیان‌و سەریان بڕی‌و سەرەکەیان لە ئەرگەوە خستە خوارێ. بەیانی خەڵکی شیراز هاتنە سەیری سەری جەعفەر خان. لەم کاتەدا کابرایەکی بێ گوێ پەیدا بوو، چووە پێش‌و هەردوو گوێی جەعفەر خانی بڕی. ئەم پیاوە ناوی میرزا مەهدی بوو و لە کۆنەوە لە سوپادا هەمەکارە بوو لە بەشی داراییدا. ناوبراو لەبەر کارامەیی توانیبووی پلەوپایەیەك بۆ خۆی بەدەست بهێنێ‌و ناوبانگێك پەیدا بکات کە رۆژێك جەعفەر خان ئەبینێ کە پارەیەك دیار نییەو میرزا بانگ ئەکات بەڵام میرزا ناتوانێت بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ لەبەر ئەوە جەعفەر خان هەردوو گوێی ئەبڕێ‌و بە مەهدی بێ گوێ ناوبانگ دەرئەکات. ناوبراو ئەو رۆژە لە تۆڵەی خۆیدا گوێی سەری جەعفەر خان ئەبڕێت.



ئەرگی کەریم - شیراز

# بەشی ثانزەیەم

**دوایەمین حیلەی غوران**
**(دوو تەتەر)**

قەلاَی لار لە جێگەیەکی سەختی شاخاویدا هەڵکەوتبوو و بە شێوەیەکی سەربازیو قایم دروست کرابوو. ئەیتوانی لە بەرامبەر هێزێکی گەورەدا چەندین مانگ خۆی راگرێ. ئەم قەلاَیە چوار مانگ بوو لە گەمارۆدا بوو لەلایەن هێزێکی چەند هەزار کەسییەوە بەلاَم بەرگریی ئەکردو تفاقو چەكو تەقەمەنی ئەوەندە زەخیرە کرابوو کە دانیشتوانی قەلاَ هەستیان بە گەمارۆ نەئەکرد. گەمارۆدەران تۆپیان پێنەبوو چونکە نەیانئەتوانی تۆپی قورس ببەنە سەر ئەو چیا بەرزانە، دیواری قەلاَیش زۆر قایم دروست کرابوو بە شێوەیەك کە بە ئاسانی خراپ نەئەکرا. پاسەوانەکان کە لە تفەنگچییەکانی ناسراوی لاری بوون بە وریایی نەیانئەهێشت دوژمن لە قەلاَ نزیك ببێتەوە.

ئەو شەوە جموجۆڵێکی تایبەت لەنێو سەرکردەکانی لەشکردا ئەبینرا. خێمەیەکی گەورە لە ناوەڕاستی لەشکرەکەدا بوو، ئەسپێکی رەشی بە ناوی غوڕان لە تەنیشت ئەم خێوەتە بەسترابووەوە، ئەم ئەسپە تەنیا ئەسپێك بوو کە لەناو لەشکرەکەدا لای خێوەتی خاوەنەکەی ئەبەسترایەوە. لە گۆشەیەکی ئەم خێوەتەدا لەسەر کورسییەك لاوێکی زۆر جوان دانیشتبوو، بە جلوبەرگی لوڕیو پشتێنییەوە، سەرکردەکان ئەهاتنە لای ئەم لاوەو پاش گفتوگۆ





ئەچوونەوە دەرەوە. ئەم هاتوچۆو دیدارانە تا نیوەشەو درێژەی هەبوو، پاشان پاسەوانەکان گۆڕرانو هاتوچۆ تەواو بوو. پاش ماوەیەك فەرماندەی گشتی بانگی یەکێك لە پاسەوانەکانی کردو بە هێواشی بە گوێیدا چرپاندیو وتی:

- هەرکەس ئەم ناوی شەڕەی زانی ئەتوانێ بێتە ژوورەوە. بۆ ئاگاداری تەنیا هەشت کەس ئەم ناوە ئەزاننو ئەبێ هەر هەشت کەسەکە لە یەك کاتدا بێنە ئێرە.

پاشان پرسی: غوڕان چۆنە؟

پاسەوان وەلاَمی دایەوە:

- خانی زەند سەلامەت بێت، غوڕان تا خاوەنی وەك تۆی هەبێت پێویستی بە کەس نییە سەری بدات، چونکە مۆڵەت نادا کەس لێی نزیك ببێتەوە.

لوتف عەلی خان کاتێ ئەمەی بیست خۆی چوو سەری غوڕانی داو بە ئارامی چووە نزیکی. غوڕان نزیکترین دۆستو دڵسۆزی لوتف عەلی خان بوو، ئەم ئەسپە ناوبانگی لە سنوورەکانی ئێرانیش دەرچووبوو. لوتف عەلی خان هەمیشە ئەم ئەسپەی لە نزیکی چادرەکەی خۆی ئەبەستەوەو، هەمیشە خۆی سەری لێئەدا. غوڕان رەفتاری تایبەت بە خۆی هەبوو، ئەگەر لە تەویلەدا بوایە هەموو ئەسپەکانی تری بە جووتە ئەکردە دەرو خۆی بە تەنیا ئەمایەوە، بەلاَم لە کاتی سەفەردا لەگەڵ ئەسپەکانی تردا ئارام بوو. پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان ئەم ئەسپەو لوتف عەلی خاندا هەبوو، زۆر کات بە ئیشارە یەکدییان تێئەگەیاند. غوڕان لە هەموو کەس پتر لە لوتف عەلی خان نزیك بوو، لە سەرەتای ژیان تا کۆتایی ژیانیان پێکەوە بوونو چارەنووسیان پێکەوە گرێ درابوو.

کاتی خۆی کەریم خان ئەم ئەسپەی لە پیاوێکی ئاشەوان کڕیبوو و بە

ناوی جەژنانە دابووی بە لوتف عەلی خان.

بێینەوە سەر باسی ئەو شەوە:

بە هاتنی هەشت کەسەکە دانیشتنی سەربازی دەستی پێکردو هەموو چاوەڕوانی قسەی لوتف عەلی خان بوون چونکە ئەیانزانی لوتف عەلی خان لە کاروباری شەڕدا لەوان زیرەکترە. لوتف عەلی خان وتی:

- هەروەك خۆتان ئەڵێن بارودۆخی لەشکر روو لە خراپییە. کەمبوونەوەی خۆراك، نەخۆشیو درێژەکێشانی گەمارۆ سوپایان دڵسارد کردووە. لەم کاتەدا حسام خان وتی:

- بە سەرنجدان لە ئازایەتیو تفەنگچییەتیی لارییەکان بۆ گرتنی قەڵا ئەبێ قوربانیی زۆر بدەین.

لوتف عەلی خان وتی:

- بە هیچ شێوەیەك، من دژی ئەو بۆچوونەم. قوربانی بۆچی؟ ئێمە نابێ کوڕی خەڵك بە خۆڕایی بەکوشت بدەین. تازە ئەگەر شەڕ روو بدات من خۆم لە پێشی هەمووانەوەم.

مستەفا قولی وتی:

- مەگەر ئێمە مردووین؟

لوتف عەلی خان وتی:

- مستەفا قولی ئەزانم تۆ چەند گیانفیدایت، بەڵام ئەو ئازایەتیو گیانفیداییەت هەڵگرە بۆ سبەی شەو.

پاشان وتی:

- من سبەی شەو لەگەڵ پێنج کەسدا چالاکییەك ئەنجام ئەدەم بەڵام پێویستیم بە هاوکاریی هەموو هەیە. پاشان فەرمانی پێویستی پێدان.

بەیانی فەرماندەکان کەوتنە جموجۆڵو هەریەك بە دەستەیەکەوە





ئەچووە شوێنێكو چەکدارەکانی حەشار ئەدا. لە باکوورو باشوورو رۆژئاوای قەڵا هێز حەشار درا، بەڵام لە رۆژهەڵاتی قەڵاو رووبەڕووی دەرگا کەس خۆی دەرنەخست. کاتێ هەوا تاریکی کرد ئەو سێ لایەی قەڵا بوو بە چراخانیو رووناك بووەوە وەك ئەوەی کە هێزێکی زۆر دەوری قەڵای دابێت. دانیشتوانی قەڵا روویان کردە ئەم سێ لایە بۆ پارێزگاریکردن لە قەڵاو لای رۆژهەڵات کە هیچ نەئەبینرا لەبیر کرا.

لوتف عەلی خان لەم کاتەدا لبادی پێچا لە سمی غوڕان تا دەنگی نەیەتو لەگەڵ هاوڕێکانی جلوبەرگی شەڕیان لەبەر کردو ئامادە بوون. لوتف عەلی خان پێشتر باسی چۆنیەتیی کارەکەی بۆ هاوڕێکانی کردبوو و وتبووی من شتێکی وەك سپەرم دروست کردووەو ئەیبەمە لای دەرگای قەڵاو ئەچمە ژێریو کاتێ غوڕان هاتەوە لاتان ئێوە بگەنە لام تا کارەکەمان دەست پێبکەین. پاشان لوتف عەلی خان سپەرەکەی بردو غوڕان گەڕایەوەو هاوڕێکانی بە سکەخشە خۆیان گەیاندە لای لوتف عەلی خانو چوونە ژێر سپەرەکەوە. محەممەد خانی لاری کە فەرماندەی قەڵا بوو و کوڕی نەسیر خانی لاری بوو ناکۆکیی دێرینەی لەگەڵ زەندەکان هەبوو. ناوبراو ئەو شەوە سەری سوڕمابوو و نەیئەزانی چی بکات. لەم کاتەدا هەراوهوریای گەمارۆدەران زۆرتر بوو، دەنگی تەقەو تەقینەوە گوێی کەڕ ئەکرد. محەممەد خان بە عەبدوڵڵا خانی برای وت: وا چاکە عەلی محەممەد خان پیاوێك بنێرێتە دەری قەڵا بزانێت هەواڵ چییە؟. لەم کاتەدا پیاوێکیان کە بە مەهتەر غەیبی ناسراو بوو بانگ کرد، ناوبراو لە سەرکەوتنی دیوارو شوێنی سەختدا بەناوبانگ بوو. مەهتەر غەیبی لە دیواری قەڵا خۆی داهێشتە خوار لەو شوێنەدا کە لوتف عەلی خان باروتی نابووە ژێر دیوارو چاوەڕوانی تەقینەوەی ئەکرد. مەهتەر کە ئەو کەلوپەلەی دی سەری سوڕماو ویستی

بزانێت ئەمە چییە کە باروت تەقییەوەو دەرگا لە گرێژنە چوو و مەهتەر مێشکی پژا. محەممەد خان ئەمجار هۆی ئەو هەراوهوریایەی بۆ دەرکەوت. لەم کاتەدا هێرش کرایە ناو قەڵا. لوتف عەلی خان دەستووری دابوو کە کەس دەستدرێژی نەکاتە سەر دانیشتوانی قەڵاو تەنیا محەممەد خانو براکەی دیل بکەن. دانیشتوانی قەڵا کە ئەمەیان دی ناچار بە خۆبەدەستەوەدان بوونو لەم کاتەدا محەممەد خان هاواری کرد: کەس تەقە نەکات.

کە بەیانی دانیشتوانی قەڵا وردبوونەوە دییان ئەو هەموو چراخانییەی شەو بریتی بوو لە درەختی دەوری قەڵا کە ئاگر دراون لەگەڵ مەڕومالاتێکی زۆر کە چرایان بەستبوو بە شاخیانەوەو ئەمان بە هێزی دوژمنیان زانیبوو.

کاتێ لوتف عەلی خان دوای ئەم سەرکەوتنە هاتەوە شیراز خێرا ڕەوانەی ناوچەی (گڵەدار)یان کرد کە یاخیبوون لەوێ سەری هەڵدابوو. جەعفەر خان کەسی لەو چاکتر لە بەردەستدا نەبوو کە شۆڕشو یاخیبوونەکانی پێ سەرکوت بکات. کاتێ لوتف عەلی خان گەیشتە ناوچەی گڵەدار خەڵکەکە بە گشتی کۆچیان کرد. لوتف عەلی خان نامەیەکی بۆ سادق خانی باوکی نووسی بەڵام وەڵامی نەبوو چونکە لەم کاتەدا شیراز تووشی ئاژاوە ببوو. کاتێ تەتەر گەیشتە ئەرگ ئەو کاتە بوو کە سەری بڕاوی جەعفەر خان کەوتبوو لەبەر ئەوە بە پەلە ویستی بگەڕێتە بۆ لای لوتف عەلی خان بەڵام دی دەرگای شار بەستراون، ناچار گەڕایەوە ماڵی خزمێکی بە ناوی (میرزا حسێن عەلی زرقانی)، ناوبراو چێشتلێنەری ئەرگ بوو، هەموو ڕووداوەکەی بە وردی بۆ تەتەر گێڕایەوە. حسێن عەلی خانی زرقانی گەرچی لوتف عەلی خانی خۆش نەئەویست بەڵام لایەنگریی ئەکرد. میرزا زرقانی لەبەر گرنگیی کارەکەی دۆستو لایەنگری زۆر بوو. کاتێ زانیی ئەم خوشکەزایەی لای لوتف عەلی خانەوە هاتووەو پەیامی ئەوی پێیە خۆشحاڵ بوو و هەندێ بە لوتف عەلی





خاندا هەڵ وتو پاشان وتی کارێك ئەکەم بتوانی خۆت بگەیەنیتە لای لوتف عەلی خان. میرزا زرقانیو مرتەزای خوشکەزای ڕوویان کردە ماڵی کەرەم بەگ. لە ڕێگەدا بە کەرەم بەگ گەیشتنو پاشان هاتنە ماڵەوە. پاشان میرزا زرقانی باسەکەی بۆ کەرەم بەگ گێڕایەوەو وتی ئەم خوشکەزایەم لای لوتف عەلی خانەوە هاتووەو پەیامی ئەوی پێیە. پاشان وتی ئێستا تۆ چی ئەزانیت بیڵێ، کەرەم بەگ وتی: من ئەم بەیانییە لە ئەرگ بوومو بیستم ئەیانەوێت پەیامێك بنێرن بۆ بەندەر لەبارەی لوتف عەلی خانەوە، واتە داوایان لە والیی بەندەر کردووە لوتف عەلی خان بگرێتو، بڕیارە کەسێکی دی بنێرن بۆ قەڵای لار، خۆزگە لوتف عەلی خان ئاگادار بووایە.

میرزا وتی: ئەمە ئاسانە، ئەبێ تۆ میرزا مرتەزا پێش تەتەرەکانی سەید مراد خان ڕەوانە بکەی. کەرەم بەگ وتی هەرچەند ئەم کارە پڕ مەترسییە بەڵام لە دەروازەی باخی شاوە ئەم کارە ئەکرێو ئەو کەسانەی کاری پێویستیان هەیە ئەتوانن لەم دەروازەیەوە بچنە دەر. بەم جۆرە میرزا مرتەزا سەعاتێك پێش تەتەرەکانی تر لە دەرگا چووە دەرەوەو چەند سەعات پێش ئەوان گەیشتەوە گڵەدار. پاش پشوودان هەرچێکی دیبوو و بیستبووی بۆ لوتف عەلی خان گێڕایەوە. بڕیار درا بۆ ئاگاداربوون لە ناوەڕۆکی پەیامی تەتەرەکەی شیراز میرزا مرتەزا بچێتە سەر ڕێگەیو بە هەر فێڵێك بووە سەر دەربهێنێ. بەم جۆرە میرزا مرتەزا چووە سەر ڕێگەو کاتێ تەتەر گەیشت بە زمانی لووسو بە ناوی پشوو و نانخواردن کابرای هێشەوەو کەوتە قسە لەگەڵیداو توانیی بە زمانی لووسو بە ترساندنی نامەکەی لێوەربگرێ. کاتێ میرزا نامەکەی دی کە سەید مراد خانو سەرکردەکانی لەشکرەکەی لوتف عەلی خانی نووسیبوو کە ناوبراو بگرنو هەواڵی کوژرانی جەعفەر خانیان نووسیبوو. کاتێ لوتف عەلی خان ئەمەی دی زانیی کە سەید مراد خانو

براکانی واز ناهێنن‌و لەوانەیە فەرماندەکانی فریوی ئەوان بخۆن.

نامەکە بەم جۆرە نووسرابوو:

> ژنەکانتان ئەدەم بە پیاوی بێگانە، لەبەر ئەوە ئەگەر حەز بەمە ناکەن لوتف عەلی خان جێبهێڵن‌و بگەڕێنەوە شیرازو لوتف عەلی خانیش یا بگرن یا بیکوژن. هەرکەس سەری لوتف عەلی خان بێنێتە ئێرە ئەکرێتە فەرماندەی لەشکرەکە. هەرکەس لەگەڵ لوتف عەلی خاندا بمێنێ ئەوە بەسەر ژنیدا دێت کە پێشتر وتمان.

هەرچەندە ژن‌و منالی فەرماندەکان لە شیراز بوون‌و لەلایەکی ترەوە بەڵێنی فەرماندەیی کەم نەبوو بەڵام هەرگیز سەید مراد خان بە لوتف عەلی خانیان نەئەگۆڕییەوە. لەبەر ئەمە مەترسی بۆ لوتف عەلی خان زۆر بوو.

ناوچەی گڵەدار لە بوشەهر زۆر دوور نەبوو، بوشەهریش باشترین جێگە بوو بۆ لوتف عەلی خان، بەڵام گرفت ئەوەبوو کە والیی بوشەهر واتە شێخ ناسر ئەبو مهیری لەگەڵ جەعفەر خان ناکۆك بوو و دیار نەبوو لەگەڵ لوتف عەلی خان چۆن رەفتار ئەکات بەڵام لەو کاتەدا لوتف عەلی خان چارەیەکی تری نەبوو.

دوا نیوەڕۆیەك بە شێخ ناسریان وت چوار سواری نەناسراو لە بەردەرگا ئەیانەوێت تۆ ببینن. شێخ ناسر وتی با بێنە ژوورەوە بزانم کێن. لەوانەیە لەلای جەعفەر خانەوە بۆ باج وەرگرتن هاتبن. ئەم جەعفەر خانە وازمان لێناهێنێت، ئاخری رۆژێك تۆڵەی لێئەکەمەوە.

بەڵام بە هاتنەژووری لوتف عەلی خان‌و رەفتاری ئەو، کاری کردە سەر شێخ ناسر، کاتێ هەواڵی کوژرانی جەعفەر خانی بیست دڵنەوایی لوتف عەلی خانی دایەوەو وتی:





- راستە من لەگەڵ مەرحومی باوکت ناکۆك بووم، بەڵام ناوی تۆم بیستووەو تۆ لەگەڵ باوکت جیاوازی. هەروەها نەریتی ئێمە وایە هەرکەس پەنای پێهێناین خۆمانی لەسەر بە کوشت ئەدەین. ئێستا تۆیش کە جیاوازی‌و خۆشەویستی ئێمەی.



لوتف عەلی خانی زەند

# بەشی شانزەیەم

**شیراز ئاش کوژرانی**
**جەعفەر خان سەرەتای زستانی**
**١١٦٧ی هەتاوی**

لە سەردەمی کەریم خاندا دیواری دەوری شاری شیراز دروست کرایەوەو شەش دەروازەی تێکرا بەم ناوانە:

١) دەروازەی ئسفەهان.
٢) دەروازەی باخی شا.
٣) دەروازەی کازرون.
٤) دەروازەی شا داعی.
٥) دەروازەی قەسابخانە.
٦) دەروازەی سەعدی.

هەروەها شیراز پێکهاتبوو لە (١٩) گەڕەك بەم جۆرە:

أ) گەڕەکەکانی حەیدەرخانە:

١) گەڕەکی ئیسحاق بەگ.
٢) گەڕەکی بازاری مرغ.
٣) گەڕەکی بالاکفد.
٤) گەڕەکی درب شاهزادە.
٥) گەڕەکی مەیدان شا.

ب) گەڕەکەکانی نعمەتی خانە:

٦) گەڕەکی درب مسجد.
٧) گەڕەکی سرباغ.
٨) گەڕەکی سردرك.
٩) گەڕەکی سنگ سیا.
١٠) گەڕەکی لب ئاب.
١١) گەڕەی باغی توو.
١٢) گەڕەکی دشتك.
١٣) گەڕەکی باهلیە.
١٤) گەڕەکی دەروازە کازرون.
١٥) گەڕەکی شا چراغ.





١٦) گەڕەی شیادان.
١٧) گەڕەکی موردستان.
١٨) گەڕەکی سراجان.
١٩) گەڕەکی یەهودیان.

محەممەد حسێن فراهانی وەزیری بنەماڵەی زەندو سەید بوو. مامی میرزا عیسا قایمقامی ناسراو بە میرزای گەورەو لە دایکەوە باپیرەی میرزا ئەبولقاسم قایمقامی فراهانیو راوێژکەری عەباس میرزاو محەممەد شا بوو. ناوبراو لەگەڵ حاجی ئیبراهیم کلانتری شیراز پاش کوژرانی جەعفەر خان هەوڵی زۆریان بۆ هاتنەوەی لوتف عەلی خان دا، بەڵام لە پاشدا حاجی ئیبراهیم بایدایەوە بەلای ئاغا محەممەد خانەوە. حاجی ئیبراهیم پێش ئەوەی پاڵ بدات بە ئاغا محەممەد خانەوە گەورەترین خەیانەتی لە لوتف عەلی خان کردو، بە پێی قسەی خۆی کە بۆ ئاغا محەممەد خانی باس کردووە، ئامانجی ئەو لە هاوکاریی لوتف عەلی خان ئەوە بووە کە خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست.

حاجی ئیبراهیم کوڕی هاشمی کلانتر لە گەڕەکی بالاگفت لە شیراز لەدایك ببوو. دانیشتوەکانی ئەم گەڕەکە جوولەکە بوون، وا پێدەچێ ئەم کابرایەش جوو بووبێت. ئەو دەمە شیراز بە دوو گەڕەکی سەرەکی بە ناوی گەڕەکی حەیدەری کە پەیڕەوی سوڵتان حەیدەری باپیرەگەورەی سەفەویەکان ئەزانیو گەڕەکی نعمەتی کە خۆیان بە پەیڕەوی شا نعمەتوڵڵا وەلی دائەنا.ساڵی چەند جارێك ئەم دوو گەڕەکە شەڕیان ئەبوو و ئەکەوتنە گیانی یەك (شەڕە گەڕەك: هەرکەس لەم شەڕانەدا بکوژرایە بە خۆڕایی ئەڕۆیو تۆڵەی نەبوو).

هاشم کلانترو دایکی بوونە موسڵمانو هاشم لە ناو کۆمەڵدا پلەوپایەی پەیدا کردو بووە کوێخاو پاشان کلانتر، ئەم پلەیە لە باوکەوە ئەگەیشت بە کوڕ.

ئەم دوو پیاوە واتە محەممەد حسێن فراهانیو حاجی ئیبراهیم پێکەوە

بڕیاریان دا دەسەڵاتی سەید مراد خان هەڵوەشێننو لوتف عەلی خان کە لە ناو خەڵکدا خۆشەویست بوو بهێننە سەرکار. محەممەد حسێن فراهانی کەوتە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ لوتف عەلی خانو داوای لێکرد کە بۆ چاککردنی بارودۆخەکە بگەڕێتەوە شیراز. نامەی یەکەمی بە شیعر نووسی بۆ لوتف عەلی خان.

حاجی ئیبراهیم لەگەڵ بازرگانانی شار پەیوەندیی پتەوی هەبوو، محەممەد حسێن فراهانیش لەناو دامودەزگای دەسەڵاتدا ناسراو بوو. پێکەوە کەوتنە دانانی نەخشەی هێنانەوەی لوتف عەلی خان. بۆ ئەم کارە شەوێك حاجی ئیبراهیم لەگەڵ کۆمەڵێك بازرگان چوونە ماڵی محەممەد حسێن فراهانیو پاش نانخواردن باسی هێنانەوەی لوتف عەلی خان کرا. محەممەد حسێن فراهانی باسێکی تەواوی بارودۆخەکەو جەورو ستەمی سەر خەڵکی کرد پاش مردنی کەریم خانو وتی:

- خەڵکی شیراز لوتف عەلی خان باش ئەناسن، کەوابوو با هاوکاریی بکەینو بیگێڕینەوە شیراز تا بەڵکو کۆتایی بەم ئاژاوەو ستەمو ناخۆشییە بهێنێت.

لەم کاتەدا حاجی ئیبراهیم وتی:

- جەنابی وەزیر ئێمەیش هەر بۆ ئەم مەبەستە هاتووینو تۆ بڵێ ئێمە چۆن بکەین؟

پاشان محەممەد حسێن فراهانی بە تەنیا لەگەڵ حاجی ئیبراهیم دانیشت، لەسەر گرنگیی بە نهێنی مانەوەی ئەم نەخشەیە قسەی کرد. هەرچەند حاجی وتی ئەم خەڵکە جێگەی باوەڕی منن بەڵام وەزیر داکۆکیی لەسەر ئەوە کرد کە کەس نابێ ئاگاداری پیلانەکە بێت.

شێخ ناسری مهیری هەرچەند نەیاری جەعفەر خان بوو بەڵام بە چاکیو





پیاوانە یارمەتیی لوتف عەلی خانی داو، کەوتە کۆکردنەوەی هێز لە ناو هۆزەکانی باشووورداو لە ماوەیەکی کەمدا هێزێکی بۆ کۆ کردەوە. سەرکردەکانی باشوور هەموو هاتنە ماڵی شێخ ناسرو پەیمانیان دا هاوکاریی تەواوی لوتف عەلی خان بکەن. ئەم سەرەك هۆزانە هەموو خزمو کەسی یەك بوون. ئەو شەوە دانیشتنی ماڵی شێخ ناسر کۆتایی هات بەڵام بەیانی کاتێ شێخ نەسر خانی کوڕی شێخ ناسر هاتە ماڵ بۆ لای باوکی دیی کە باوکی بە وەستانی دڵ مردووە. ئەوەبوو هەموو خەڵکی باشوور کەوتنە ماتەمین گێڕانو لوتف عەلی خان دڵنەوایی شێخ نەسری دایەوەو داوای لێکرد خۆڕاگر بێت لە بەرامبەر ئەم کۆسپەدا.

سەید مراد خانو هاوڕێکانی حکومەتێکی سەربازییان لە شیراز دامەزراند بوو و کەوتبوونە گیانی خەڵكو تاڵانو راووڕووتو هەرکەس دژیان بوایە ئەیانکوشت. محەممەد حسێن فراهانی وەزیر چەندین ساڵە لەسەر کار لابراو حاجی ئیبراهیم کەوتە مەترسی سوکایەتی پێکردن. بەم جۆرە بەرەیەکی بەهێز لە محەممەد حسێن فراهانیو حاجی ئیبراهیمو بەشێك لە سەرکردەکانی زەند لە دژی سەید مراد خانو حکومەتەکەی دروست بوو. لوتف عەلی خانیش دیاری کرا کە لە جێگەی سەید مراد خان دابنرێ.

لەملایشەوە شێخ نەسری کوڕی شێخ ناسر بە یارمەتیی (ئەمیر عەلی خانی حەیات داودی) والیی بەندەر ریگ سوپایەکی پڕ چەكو بەهێزی بۆ لوتف عەلی خان ساز کرد. لەم کاتەدا هەواڵ هات کە شیراز ئامادەیە پێشوازی لە لوتف عەلی خان بکات. سەید مراد خان کە ئەمەی زانی شا مراد خانی برای بانگ کردو لەم بارەیەوە بڕیاری دا هەرچی هێزی هەیە بۆ سەرکوتکردنی لوتف عەلی خان بەکاری بهێنێ.

سەید مراد خان بەزۆر کەوتە ڕەشبگیریو ناردنی خەڵك بۆ شەڕو بۆ

چاوترساندنی خەڵك چەند سەربازێکی بێتاوانی لە بەرچاو خەڵکدا کوشت بەو بەهانەیەی گوایە ناچنە شەڕ. بەمجۆرە سوپایەکی زۆرو بۆری کۆ کردەوەو رەوانەی بوشەهری کرد. لەولایشەوە لوتف عەلی خان بە سوپایەکی بەهێزەوە رووی لە شیراز کردبوو. لوتف عەلی خان گەیشتە (بەرازجان)و شامراد خانیش گەیشتە دالکی لە ناوچەی کازرون کە ئەم دوو جێگەیە چل کیلۆمەتر لەیەك دوورن. شەو عەلی همەت خانی کلیایی لەبارەی ئەم شەڕەوە لە فەرماندەکان پرسیاری کرد. سهراب خان کە سەرکردەیەکی قشقای بوو و بەزۆر رەوانەی شەڕ کرابوو وتی:

- راستی من هەر لە سەرەتاوە دژی ئەم شەڕە بووم، پیاوەکانم وا ئەزانن کە ئەچنە شەڕی برای خۆیانو لەو باوەڕەدا نیم شەڕ بکەن. شا مراد خانو براکەی کەس خۆشی ناوێن. تازە ئەگەر لەم شەڕەدا سەریشبکەوین دیار نییە دواتر چیمان بەسەر دێنن. هەموو فەرماندەکان دژی ئەم شەڕە قسەیان کردو هەموو لەو باوەڕەدا بوون سەرکەوتن دوورەو گەڕانەوە بۆ شیراز پڕ مەترسییەو حکومەتی شیراز لە هەڵوەشانەوەدایەو گرنگتر لە هەمووی ئەوەیە کە ئەم شەڕە ناحەقە.

لەم کاتەدا کەرامەتوڵلا کە یەکێك بوو لە سەرکردە پیرەکانی لەشکر بە هێواشی وتی:

- بە رەحمەت بێ کەریم خان، هەموو فاتیحەیەکی بۆ بنێرن.

پاش خوێندنی فاتیحە درێژەی دا بە قسەو وتی:

- پاش مردنی کەریم خان کەس ئاسایشی بە خۆیەوە نەدیوە. چەند ساڵە شەڕی براکوژی بەردەوامە. ئایا لەم کاتەدا ئەگەر کەریم خان زیندوو بووایە لایەنی کام لای ئەگرتو دژی کام لا ئەوەستا؟ ئایا سەری سەید مراد خانو شامراد خانی ئەبڕی یا دژی لاوێکی وا کە هەموو خۆشیان ئەوێ شەڕی





ئەکرد؟

ئەم وتانەی کەرامەتوڵلا لە دڵی هەموو کاری خۆی کرد. هەموو یەك پارچە بڕیاریان دا بچنە لای لوتف عەلی خان، بەڵام نەیانئەزانی چۆن. کەرامەتوڵلا وتی ئەوە بە من بسپێرنو پێنج کەستان کە ئەتوانن تا بەیانی نەخەون بمێننەوەو ئەوانی تر بچن بشوو بدەنو بەیانی بێنەوە ئێرە.

بەیانی لە کاتی دیاریکراودا کۆ بوونەوە. دییان کە شامراد خانو چەند کەسێکی تر لە پیاوەکانی گیراونو لە گۆشەیەکدا چاوەڕێی چارەنووسن. بڕیار درا شامراد خان رەوانەی لای لوتف عەلی خان بکەنو بۆ ئەم کارە کەرامەتوڵلاو چەند کەسێکی تر دیاری کرانو خێرا بەرەو بەرازجان کەوتنە رێ.

## شیراز ئامادەی پێشوازیی لوتف عەلی خان ئەبێت

لوتف عەلی خان نەگەیشتبووە کازرون هەواڵیان دایە کە هۆزەکانی شیراز راپەڕیونو ئەرگیان گەمارۆ داوەو سەید مراد خان لەناو ئەرگ گرفتارە. لوتف عەلی خان بە پەلە رووی کردە شیراز، لەگەڵ گەیشتنی خەڵك خرۆشانو هاتنە پێشوازیی وەك ئەوەی کەریم خان زیندوو بووبێتەوە، خەڵك بە دەهۆڵو زوڕناو هەڵپەڕین ئەهاتنە پێشوازیی. ئەرگ خۆی دا بەدەستەوە. سەید مراد خانو هاوڕێکانی سزا دران. شەو لە کۆبوونەوەیەکدا کە بڕیاری سزادان ئەدرا لوتف عەلی خان وتی:

- بە باوەڕی من تاوانی سەید مراد خان لە تاوانی مەهدی لەشکرنووس کەمترە، چونکە راستە ئەو سەری باوکی منی بڕی بەڵام سوکایەتیی پێنەکرد، بەڵام مەهدی لەشکرنووس بە بێ شەرمی گوێی ئەو سەرە بڕاوەی بڕی. بەم قسەیە حاجی ئیبراهیم رەنگی گۆڕاو لەرزی لێهات، چونکە نە ئەیتوانی دژی

مەهدی بوەستێو نە ئەشیتوانی بەرگریی لێبکات. مەهدی هەمەکارەی حاجی ئیبراهیم بوو. هەر ئەو مەهدی لەشکرنووسە بوو کە ئەڵقە پەیوەندیی حاجی ئیبراهیمو خەڵك بوو و خەڵکی هاندابوو بۆ هێنانەوەی لوتف عەلی خانو لەم بوارەدا کاری باشی کردبوو، لێرەدا حاجی ناچار بوو و تکای کرد کە:

- من داوایەکم لە شای ئێران هەیە.

لوتف عەلی خان وتی:

- حاجی حەقت زۆر بەسەر منەوە هەیە، بیڵێ، هەرچی داوا بکەی ئەنجامی ئەدەم.

حاجی بە کورتی وتی:

- بەخشینی مەهدی لەشکرنووس.

هەموو بێ دەنگ بوون، کەس نەیئەزانی وەڵام چی ئەبێت. لوتف عەلی خان خێرا وتی:

- مەهدیمان بەخشی.

پاشان وتی:

- بۆ رێزگرتن لە دەوری حاجی ئیبراهیم خەلاتێك بدەن بە مەهدی.

کەسێکی تریش کە لەسەر داوای حاجی ئیبراهیم بەخشرا عەلی قولی خانی کازرونی بوو. ناوبراو هۆی سەرەکیی رزگاربوونی سەید مراد خانو براکانی لە زیندانو کوشتنی جەعفەر خان بوو. ناوبراو لەگەڵ براکانی چوونە پاڵ حاجی ئیبراهیمو کەوتنە دانانی پیلانی کودەتایەکی خشکەیی دژی لوتف عەلی خان.







لوتف عەلی خانی زەند – ئەم وێنەیە لە مۆزەخانەی ئێراندایە

# بەشی حەظدەیەم

**یەکەمین  roوبەڕووبوونەی**
**لوتف عەلی خان و ئاغا محەممەد خان**

ئاغا محەممەد خان بە سوپایەکەوە بۆ گرتنی شیراز هاتبوو، لەو کاتەدا لە ناوچەی چیمەن خەسرەوو شیرین لە باشووری ئیزدخواست هەواڵی کوژرانی سەید مراد خانو هاتنە سەرتەختی لوتف عەلی خانی پێگەیشت بەڵام ئەم هەواڵە کاری تێنەکردو ڕێگەی شیرازی گرتەبەر. کاتێ گەیشتنە سێ کیلۆمەتری شار خواجەی قاجار بارگەو بنەی بە عەلی قولی خانی برای سپاردو خۆی لەگەڵ جەعفەر قولی خانی برای بە هێزێکی دە هەزار کەسییەوە هاتە دەشتی نیکانو ئەنجیرە لە شەش کیلۆمەتری شاردا. لوتف عەلی خان خێرا هێزێکی کۆ کردەوەو هاتە دەری شار، هێزەکەی قاجار لە ڕۆژئاواو هێزی زەند لە ڕۆژهەڵاتەوە بوونو ئەمەیش بۆ هێزی زەند بەسوود بوو، لەبەر ئەوە بە هەڵهاتنی ڕۆژ لوتف عەلی خان هێرشی دەست پێکرد. کات هاوینو ڕۆژ گەرمو درێژ بوو، ئەمەیش بەسوودی زەندەکان بوو. شەڕ بە گەرمی بەردەوام بوو، هەرچەندە ئاغا محەممەد خان (٢٠) تۆپی پێبوو، بەڵام بەهۆی ئازایەتییەوە لوتف عەلی خانو چەکدارەکانی کوشتارێکی چاکیان لە دوژمن کردو شەڕ تا ئێوارەو تاریکیی هەوا بەردەوام بوو و بە تاریکبوونی هەوا پاشەکشێ دەستی پێکرد.

سوپای خواجە زۆر بوو و نزیکەی (٢٠) هەزار کەس ئەبوونو چەكو





تەقەمەنیی زۆریان پێبوو، لە بەرامبەردا هێزی لوتف عەلی خان کەم بوو و چەکدارەکانی نەیانتوانبوو بە باشی خۆیان ئامادە بکەن، لەبەر ئەوە لوتف عەلی خان بیری لەوە ئەکردەوە کە دوژمن بە شێوەیەکی دی بە چۆکدا بهێنێت. لوتف عەلی خان میرزا حسێنی فراهانیی وەزیری بانگ کردو لەگەڵی کەوتە گفتوگۆ، لوتف عەلی خان باوەڕی وابوو بە هێرشی لەناکاوی شەوانە ئەتوانێ ئەم سوپا بەهێزە لێکهەڵوەشێنێت، بەڵام میرزا حسێن وتی:

- ئەزانی ئەمە چ وەرزێکە؟

لوتف عەلی خان وتی:

- کۆتایی هاوینە.

وەزیر وتی:

- ئەگەر ئەو هێزەی ئەوان لە خۆراکی ئەسپ بێبەش بکەین، ئەوە گەورەترین کۆسپە بۆیانو سەرمایش بەڕێوەیەو ئەو هێزەیان ناتوانێ لە بەرامبەر سەرمادا خۆی ڕابگرێ.

خواجە شاری گەمارۆ داو یەك مانگ دیواری شاری دایە بەر تۆپ بەڵام کەڵکی نەبوو. بە هاتنی سەرماو کەمبوونەوەی خۆراك ئاغا محەممەد خان ناچار بوو دەست لە گەمارۆ هەڵبگرێتو پاش تاڵانکردنی گوندەکانی دەوروبەر هاتەوە تارانو زستان لە تاران مایەوەو کەوتە سازکردنی هێزێکی گەورەتر لە جاری پێشوو.

باری شیراز بۆ ئاغا محەممەد خان تایبەت بوو. ئازایەتیو جوانیو دەستبڵاویی لوتف عەلی خان، خواجەی ناشیرینو ناپیاوو پیسکەی تووڕە کردبوو.

## خواجەی قاجار ترسی لێ بار ئەبێ

هێشتا بەهار نەهاتبوو خواجە رووی کردەوە شیراز. لوتف عەلی خان ئەیزانی خواجە ماری برینداره‌و دەست لە شیراز هەڵناگرێ، لەبەر ئەوە بڕیاری دا شیراز لە باری ئابووری‌و سەربازییەوە ئامادەی بەرگرییەکی درێژخایەن بکات. لەبەر ئەوە خۆی بۆ کۆکردنەوەی سەرباز چوو بۆ ناوچە جیاجیاکان. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ رێکەوتنی خواجەی قاجار. لوتف عەلی خان بە سوپایەکی گەورەوە گەڕایەوە شیرازو شاری لە هەموو بوارێکەوە ئامادەی بەرگری کرد. خۆی لە شار هاتە دەرەوە، لەم کاتەدا ئاغا محەممەد خان گەیشتبووە ئسفەهان کە هەواڵیان دایە سوپاکەی لوتف عەلی خان زۆر بەهێزەو بەرەنگاری لەگەڵ ناکرێت. ئاغا محەممەد خان درەنگ باوەڕی ئەکرد، لەبەر ئەوە جاسوسێکی نارد هەواڵ بهێنێت، بەڵام ئەم جاسوسەیش هەر هەواڵی جاسوسەکانی تری هێنایەوە، لەبەر ئەوە ئاغا محەممەد خان شەڕی بە باش نەزانی‌و رووەو تاران کشایەوە.

لوتف عەلی خان لەناو پێشوازیی گەرمی خەڵکدا هاتەوە شیراز. حاجی ئیبراهیم لە دڵەوە زۆری پێناخۆش بوو. حاجی ئیبراهیم شەڕی لوتف عەلی خان‌و ئاغا محەممەد خانی پێخۆش بوو چونکە لاوازیی ئەوانی بەسوودی خۆی ئەزانی. هەوای پاشایەتیی لە سەردا بوو.

لەم کاتەدا ناکۆکی کەوتە نێوان سەید ئەبولحەسەن بیگلر بیگی کرمان‌و محەممەد حسێن خانی دەشتستانی والیی بەم. کوڕی محەممەد حسێن خان نامەیەکی باوکی هێنا بۆ لوتف عەلی خان‌و وتی کرمان لەژێر دەسەڵاتی سەید ئەبولحەسەندا خەریکە لەدەست ئەچێت. لوتف عەلی خان کە زانیی ئەم شتە تا رادەیەك راستە خەسرەو خانی برای لە جێگەی خۆی داناو خۆی بەرەو کرمان کەوتە رێ. لەم کاتەدا شار ناڕاستەوخۆ لە دەستی حاجی ئیبراهیمدا





بوو. خۆی بڕیاری ئەداو بە ناوی خەسرەو خانەوە فەرمانی دەرئەکرد. لەم کاتەدا بەرخوردار خانی زەند بووە فەرماندەی سوپاو پارێزگاریی قەڵای لە دەستدا بوو، کاروباری ئەرگیش لە دەستی محەممەد عەلی خاندا بوو. لەم کارەدا والیی سیرجان‌و سەرکردەو کوێخاکانی ناوچەکە بە تەواوی یارمەتیی لوتف عەلی خانیان دا.

بە نزیکبوونەوەی لوتف عەلی خان لە کرمان سەید ئەبولحەسەن دانیشتنێکی ساز دا بۆ بەشداربوونی گەورەپیاوانی کرمان بۆ گفتوگۆ لەبارەی پێشهاتەکەو لەبارەی بەرگری یا خۆبەدەستەوەدان پرسیاری کرد. هەرچەندە هەندێ کەس خۆبەدەستەوەدانیان لا باش بوو بەڵام بە هاندانی ئاغا عەلی یەکێك لە ناودارانی کرمان‌و لە ترسی تۆڵەی ئاغا محەممەد خان بڕیار درا بەرگری بکرێ. لەناو قەڵا خۆیان ئامادەی شەڕ کرد. لوتف عەلی خان کاتێ نەیتوانی لە رێگەی ئاشتییەوە کارەکە تەواو بکات ناچار قەڵای گەمارۆ دا. خەڵکی شار زۆریان بۆ هات‌و شێخ الاسلام‌و قازیی شاریان کردە تکاکار کە بیست هەزار تمەن بدەن‌و لوتف عەلی خان وازیان لێبهێنێت. لوتف عەلی خان وتی:

- من بۆ پارە نەهاتووم. پارەکە بەرنەوە. ئەبولحەسەن با خۆی بێتە ئێرەو داوای لێبوردن بکات تا دەست لە گەمارۆ هەڵگرین، بەڵام ئەبولحەسەن خۆی نەدا بەدەستەوە تا هاتنی وەرزی ساردی زستان‌و سوپای لوتف عەلی خانی ناچار کرد بکشێتەوە بۆ شیراز.



خواجە محەممەد خانى قاجار

# بەشی هەژدەیەم

**خەیانەت و ثیلانی**
**حاجی ئیبراهیم کلانتەر**

حاجی ئیبراهیم کلانتەر ئەڵێت:

کاتێ چوومە لای ئاغا محەممەد خان خواجە وتی:

- تۆم بۆ روونکردنەوەی شتێك بانگ کردووە تا ئاشکرا بێت ئایا من باشی بۆ چووم یا بەهەڵەدا چووم.

منیش وتم:

- هەرچی بپرسی راستت پێئەڵێم.

ئەویش وتی:

- دژی لوتف عەلی خان وەستایتو براکەت لەشکرەکەی لوتف عەلی خانی لێکهەڵوەشاندو تۆیش دەرگای شیرازت لێبەستو ئەویش رووی کردە باشوورو بەندەرەکان تا هێزێك لە دژی تۆ کۆ بکاتەوە، تۆیش لە ترسی ئەو کەوتیتە دۆزینەوەی رێگەچارەو ویستت منو ئەو رووبەرووی یەك بکەیتەوە، تا ئێمە بکەوینە گیانی یەكو تۆیش بە خەیاڵی رەحەت قەڵای شیراز داگیر بکەیتو رێگەی کەس نەدەیت بێتە شارەوەو خۆت ببیتە دەسەڵاتدارو ئەگەر ناچار بوویت بێیتە لای ئێمە. ئایا ئەمە نەخشەی تۆ بووە یا نا؟





من وتم:

- بەڵێ هەمووی راستە.

(ئەم باسە لە زمانی حاجی ئیبراهیمەوە هاتووە لە پەڕتوکی "روضة الصفا"دا، بەرگی نۆیەم، لاپەڕەی ٢٤٨–٢٤٩).

لەو کاتەدا کە لوتف عەلی خان شاری کرمانی گەمارۆ دابوو حاجی ئیبراهیم لە شیراز خەریکی پیلانێك بوو لە دژی لوتف عەلی خان، پیلانێك کە بە بۆچوونی زۆربەی مێژوونووسەکان چارەنووسی ئێرانی گۆڕی. بۆچوون لەسەر ئەم پیلانە زۆرن کە ئێمە نموونەیەکی جێگەی باوەڕ ئەهێنینەوە کە هەندێ لە رووداوو گەمە پڕ لە مەترسییەکان ئەخاتە روو:

کاتێ لوتف عەلی خان سەرگەرمی گەمارۆی کرمان بوو، ناکۆکی کەوتە نێوان حاجی ئیبراهیمو برخورد خانو محەممەد عەلی خانەوە. چون حاجی گوێی نەئەدا بە فەرمانەکانی ئەم دوو کەسە ئەوانیش لای لوتف عەلی خان کەوتنە بەدگۆیی لە حاجی. هەرچەندە لوتف عەلی خان گوێی بۆ قسەی ئەوان نەگرت بەڵام باوەڕی جارانی بە حاجی ئیبراهیم نەما. لەلایەکی ترەوە رووداوێك رووی دا کە ئەم ناکۆکیو بێ باوەڕییەی زیاتر کرد، ئەویش ئەوە بوو کە کاتێ لوتف عەلی خان لەسەر داوای حاجی، مەهدی لەشکرنووسی عەفو کردو پاش ماوەیەك خەڵاتی کرد، ئەم هەواڵە بە دایکی لوتف عەلی خان گەیشتو وتی بەخشینی بکوژی باوکی کەم بوو، کە ئێستا خەڵاتی ئەکات. لوتف عەلی خان لەم قسەیەی دایکی تووڕە بوو و ناردی مەهدی

> لەشکرنووسیان هێناو وتی: ئەگەر کەسێك خراپە لەگەڵ گەورەی خۆی بکات ئەبێ چیی لێبکرێ؟ میرزا مەهدی وتی: ئەبێ بسووتێنرێت. لوتف عەلی خان وتی: ئەو خاینە تۆیتو فەرمانی داو خستیانە ناو ئاگرو سووتانیان. ئەمە بووە هۆی بێباوەڕیی حاجی ئیبراهیمو لوتف عەلی خان بە یەکتری.

ئەمە یەکێك لە هۆکارەکانی ناکۆکیی حاجی ئیبراهیم بوو لەگەڵ لوتف عەلی خان. لوتف عەلی خان ئەم کارەی تەنیا لەبەر دڵی دایکی ئەنجام دا. لێرەدا نابێ دەوری فیتنەو بەرژەوەندپەرستانی ناو ئەرگ لەبیر بکرێت، ئەمانە هەموویان بوونە هۆی بەدبینیی لوتف عەلی خان بە حاجی ئیبراهیم. لەم کاتەدا لوتف عەلی خان لەبیری پێکەوەنانی هێزێکی وادا بوو کە مەترسیی خانی قاجار بۆ هەمیشە کۆتایی پێبێنێت.

ساڵی ١١٦٦ی هەتاوی میرزا محەممەد حسێن فراهانی لە ڕێگەی بەسرەوە چوو بۆ حەج. لە گەڕانەوەیدا لە بەسرە کەوتە هەوڵ بۆ کاروباری بازرگانیو لەگەڵ بازرگانەکاندا کەوتە دیدار. هەرچەندە کەریم خان مردو میرزا نەیتوانی کەڵك لەو پەیوەندیانە وەربگرێت بەڵام لە داهاتوودا ئەم پەیوەندییانە سوودیان هەبوو.

لە کاتێکدا کە حاجی ئیبراهیم ئەیویست کۆسپو گرفت بۆ لوتف عەلی خان دروست بکات میرزای فراهانی بە پێچەوانەوە هەوڵی تەواوی دا سوپاو پێویستی لەشکر بۆ لوتف عەلی خان پەیدا بکات. ناسراوو دۆستەکانی میرزا زۆر بەکەڵك بوون. کاتێ باسی فرۆشتنی ئەڵماسەکانی لوتف عەلی خان هاتە پێشەوە، میرزا نامەیەکی بۆ حاجی یوسفی دۆستی لە بوشەهر ناردو بانگی کردو دوای ئەوە گرنگیی بە نهێنی مانەوەی باسەکەی بۆ کردو پێی وت:

- ئەمەوێت لە بوشەهر هەردوو ئەڵماسی (دەریای نور)و (تاج ماه)





بفرۆشی، پێویستمان بە پارە هەیە بۆ پێکەوەنانی لەشکرو منیش لە کارەکانت ئاگادار بکە.

بازرگانەکانی بوشەهر زاتی ئەوەیان نەبوو مامەڵەی وا بکەنو ئەو دوو ئەڵماسە بکڕن، لەبەر ئەوە ویستیان کەسێکی تر پەیدا بکەن بۆ کڕینی ئەڵماسەکانو وتیان تا بە باشی ئەم دوو ئەڵماسە نەناسین ناتوانین مامەڵە بکەین.

کڕیاری ئەم دوو ئەڵماسە مێژووییە دوو پیاوی ئینگلیزی کە ناویان ئاغای مۆنستی (Mr. Monsty)و سێر جۆنس (Sir Jones) بوو. ئاغای جونس کە ناوی تەواوی (سێر هاردفورد جۆنز) بوو دەوری سەرەکیی هەبوو، ناوبراو یەکەمین بالۆێزی ئینگلیز لە زەمانی فەتح عەلی شادا بوو لە ساڵی ١٨٠٧ی زایینیدا، ناوبراو بۆ کڕینی ئەڵماسەکان هاتە شیراز. سێر جۆنس خۆی لەبارەی ئەم مامەڵەیەوە ئەنووسێ:

> هێشتا بیر لەوە ئەکەمە کە ئەگەر ئەو ڕووداوانە ڕوویان نەدایە ئایا من ئەمتوانی بەو بەڵێنەی بە میرزا حسێنم دابوو پابەند بم. بیرو بۆچوونو بەرزەفڕیی لوتف عەلی خان وای کردبوو کە ئەو ئەڵماسانە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی، بکات بە پارە. ئەو نەخشەی ئەوەی لە سەردا بوو کە وەك عەلی مراد خانی خزمی هێزێکی گەورە پێکەوە بنێ تا بتوانێ کێشەی خۆیو ئاغا محەممەد خان یەکلایی بکاتەوە. بەم هیوایە میرزا حسێن داوای لە بازرگانانی بوشەهر کرد کە ئەم ئەڵماسانەی بۆ بفرۆشن.

بەمجۆرە حاجی یوسف کەوتە پەیداکردنی کڕیارو هەواڵ بە سێر جۆنز گەیشت. جەنابی جۆنزیش کە بە باشی فارسیی ئەزانیو لە هیندستان ئەوە

فێر ببوو، بە ناوی کڕیار هاتە مەیدان. جۆنز لەم بارەیەوە ئەڵێ:

چون فارسیم ئەزانی داوایان کرد بچمە بوشەهر تا بەڵکو لەم بارەیەوە ڕێکەوینو، بڕیار درا بۆ ئەوەی مامەڵە بە نهێنیێ بمێنێ میرزا حسێن بە نامە داوا لە من بکات بچمە شیراز.

نەورۆزی ساڵی ١١٧٠ی هەتاوی جۆنز لە بەسرەوە بەرەو بوشەهر کەوتە ڕێ بەو هیوایەی کە گەورەترین ئەڵماس بە نرخێکی هەرزان بکڕێت. خۆی لەم رووەوە ئەڵێ:

کاتێ گەیشتم دیم شتەکە بەو جۆرە نییەو فرۆشیار نرخێکی زۆری داناوەو کڕیارەکان هەرزان داوا ئەکەن، بەڵام بە چەند هۆ وامئەزانی ئەم مامەڵەیەم لەگەڵ وەزیران لە شیراز سەر ئەگرێت. لە ڕاستیدا لوتف عەلی خان ئەیویست ئەم ئەڵماسانە بفرۆشێتو، لێرەدا هاوکاریی لەم مامەڵەیەدا خراپ نەبوو.

جۆنز لە بەسرەوە هاتە بوشەهرو لەوێوە هاتە شیرازو لە تەنیشت ماڵی وەزیر (میرزا حسێن) جێگەی بۆ دابین کرا. میرزا حسێن چون خۆی لەم کارەدا شارەزایی نەبوو ناردی حاجی یوسفی هێناو کردی بە دەلاڵ چونکە ناوبراو جەواهیر فرۆشو شارەزا بوو. لەم مامەڵەیەشدا شتێکی پێئەبڕا. جۆنز لەم بارەیەوە ئەڵێ:

من پێشتر لەگەڵ جەواهیر فرۆشی لوتف عەلی خان لە بەسرەو بوشەهر مامەڵەم کردبوو، ئەمجارە پێشنیارەکەی بە سوودی من بوو و باوەڕم پێ پەیدا کرد. ناوبراو دوای گفتوگۆیەکی زۆر رووی تێکردمو وتی: لە من داوا ئەکەن تا





لەگەڵ تۆ گفتوگۆ بکەم. من نرخێکی زیاتر لەوەی لوتف عەلی خان ئەیەوێت داوا ئەکەمو ئەمەیش تەنیا لەبەر پاراستنی ئابڕوو ناوبانگی خۆم. لەبەر ئەوە تۆ لەو نرخە مەترسەو ئەو نرخەی کە ئەزانی باشە دایبنێ.

جۆنز بە حاجی وت:

- جەنابی حاجی ئایا خۆت ئامادەیت هاوبەشی لەم مامەڵەیەدا بکەیت؟

حاجی لە وەڵامدا وتی:

- مستەر جۆنز ئەگەر من کاری وا بکەم ئیتر ئاسایشم نامێنێ، بەڵام حەز ئەکەم رای خۆت لەبارەی ئەڵماسی (دەریای نور)ەوە بزانم.

جۆنز وتی:

- ڕاستە گەورەترین ئەڵماسە، بەڵام گەورەییەکەی چەند؟ من تا خۆم ئەو ئەڵماسە نەبینم ناتوانم هیچ بڵێم. هەرچەندە ئەزانم ئەم ئەڵماسە گەورەیە بەڵام چون تەراشی ئەڵماس لە ئارادایە هەر ئەبێ ببینم. ئەگەر ئەو ئەڵماسەی (دەریای نور)ە کە تۆ ئەڵێیت هەروا بە سادەیی بمێنێتەوە، لە ئەوروپا هەرزانترە تا لە ئێران، واتە لە ئەوروپا ئەڵماسی نەتاشراو هەرزانتر ئەکڕن.

خێرا حاجی نموونەیەکی (وێنەیەکی) شووشەیی ئەو ئەڵماسەی پیشانی جۆنز دا. جۆنز بە بینینی ئەم بلوورە خێرا ئەکەوێتە یادی ئەو باسەی کە (تارونیە) لە سەفەرنامەکەیدا لەبارەی گەوهەرێك ئەیکات کە لە (گل کندا)ی هیندستان دیویە. جۆنز ئەڵێ:

- خێرا باسەکە هاتە پێش چاوم، (تارونیە) وتبووی کە خاوەنی ئەم گەوهەرە نرخی (٥) لك واتە سەد هەزار ڕۆپیەی لەسەر دانابوو، بەڵام تارونیە تەنیا (٤) لکی پێشنیار کردبوو.

جۆنز ئەو پەرتوکەی تارونیەی پێبوو، شەو دووبارە ئەیخوێنێتەوەو بەیانی ئەکەوێتەوە مامەڵە لەگەڵ حاجیو ئەڵێ:

- حاجی، ئێستا کە نرخی پارە دابەزیوە بە ئەندازەی ١٠٪ ئەگەر منیش هەر ئەو پێشنیارەی تارونیە بکەم زۆر بەجێگە ئەبێت. ئەگەر ئەوەیش بزانین کە فرۆشتنی ئەم بەردە کاتی ئەوێت تا کڕیار پەیدا ئەبێتو لەلایەکی ترەوە خەواندنی ئەو هەموو پارەیە پێویستی بە سوود هەیە، مەگەر ئەوەی کە ئەم ئەڵماسە بتراشرێت.

حاجی هیچی پێ نەمابوو و وتی:

- من قسەیەکم نییە، بەڵام ناتوانین لوتف عەلی خان بەم نرخە رازی بکەین.

لێرەدا جۆنز تێئەگات ئەگەر ماوەیەکی تری بەسەردا بێت ئەوا لوتف عەلی خانیش رازی ئەبێت، لەبەر ئەوە دێتەوە لای میرزا حسێنو میرزا حسێن ئەڵێ بەیانی چاوت بە لوتف عەلی خان ئەکەوێت. ئەم هەواڵە بۆ جۆنز زۆر خۆش بوو، میرزا وتی لەم بارەیەوە هیچ باس مەکەو با خاوەن ماڵەکە واتە حاجی محەممەد بەهبەهانیش نەزانێتو خۆت بە تەنیا وەرە دەرگای ئەرگو سبەی شەو پێش سەعات هەشت ئامادە بە.

جۆنز لەم بارەیەوە ئەڵێت:

> زۆرم حەز ئەکرد لوتف عەلی خان ببینم. لە سەفەری پێشوومدا بۆ شیراز ئەو لاو بوو. کاتێ گەیشتمە شیراز سەرەتای بەهار بوو، دوای سێ یا چوار رۆژ چوومە لای لوتف عەلی خان، ناوبراو رێزێکی زۆری لێگرتمو وتی لە هاتنی من خۆشحاڵ بووە، چونکە کارێکی هەیەو وەزیرەکەی خۆی راسپاردووە تا لەو بارەیەوە لەگەڵ من گفتوگۆ بکات.





رۆژی دواتر کاتژمێر پێش هەشت جۆنز چووە بەر دەرگای ئەرگ. پاسەوانەکان کە چاوەڕێ بوون پرسیاریان کرد: جەنابتان مستەر جۆنزن؟ جۆنز وەڵامی دایەوە: بەڵێ. پاسەوانەکان مستەر جۆنزیان بردە ناو ئەرگ. جۆنز لەم بارەیەوە ئەڵێ:

> لە کاتی دیاریکراودا چوومە ئەرگو بردمیانە ژوورێکی بچوك لە نزیك دەرگای ئەرگ کە میرزا حسێنی وەزیرو حاجی یوسفی جەواهیر فرۆشی لوتف عەلی خان لەوێ بوون. چاو قلیانیان هێنا، لەم کاتەدا خواجەیەك هاتو وتی لوتف عەلی خان منو میرزای داوا کردووە. لێرەدا جۆنز باسی ژوورەکەی لوتف عەلی خان ئەکاتو ئەڵێ: ئەم ژوورە لە رووی بەرەوە دیواری نەبوو بەڵکو پەردەیەکی جوان لە سەرتاخوارەوە هەڵواسرابوو تا لە کاتی پێویستیدا بەری هەتاو بگرێت. سێ لاکەی تری ژوورەکە بە دیواری بەرز دروست کرابوو و بە تاق نما رازابووەوە. لە روو بە روو وەك تاق وایە، ئەم تاق نمایە بە تاقی ترەوە پەیوەند بوو کە ببووە کۆڵەکە بۆی. لە حەوشەکەدا فوارەیەکی مەڕمەڕین ئەبینرا. لە دەرگا تا ساڵۆن دوو ریز باخچە لە گوڵی رەنگاوڕەنگ دروست کرابوو.

جۆنز پرسیاری لە وەزیر کرد:

- حاجی یوسف بۆ نەهات؟

وەزیر بە ئیشارە بە جۆنزی راگەیاند کە بێدەنگ بێت، لەم کاتەدا جۆنز تەماشای پەنجەرەیەکی کرد، لاوێکی جوانی دی کە عەبایەکی بەسەر شاندا داوەو دانیشتووەو بە ئیشارە داوای لە جۆنز کرد بچێتە ژوورەوە. جۆنز چووە

ژوورەوەو راوەستا. لوتف عەلی خان وتی:

- ئاغا وەرە لای من دانیشە.

لوتف عەلی خان سەرەتا ئەڵێ: بڵێ بزانم میرزا حسێن باش میوانداریی کردوویت؟ ئەگەر باش میوانداریی نەکردبیت شەلاق کاریی ئەکەم. لوتف عەلی خان ئەمانەی بە گاڵتەوە وتبوو.

جۆنز وەڵامی دایەوە:

- میوانداریی میرزا شایانە بوو.

لەم کاتەدا لوتف عەلی خان ئەچێتە سەر باسی فرۆشتنی ئەڵماسەکانو ئەڵێت:

- من بیستوومە تۆ پیاوێکی باوەڕپێکراوی، لەبەر ئەوە میرزا حسێن تۆی بانگ کردووە تا بکەوینە مامەڵەیەکی گرنگەوە.

پاش خواردنی میوەو شیرینی لوتف عەلی خان عەباکەی داکەندو تەنیا کراسێکی قۆڵ کورتی لەبەردا بوو. جۆنز تەماشا ئەکات دوو بازوبەند لە قۆڵی لوتف عەلی خاندایەو هەریەک ئەڵماسێک کە لە زیو گیرابوونی پێوەیە. لوتف عەلی خان بازوبەندەکانی کردەوەو بانگی میرزا حسێنی کردو وتی:

- وەرە ئەم بەردانە پیشانی ئاغای جۆنز بدە.

جۆنز هەستا تا ئەڵماسەکان وەربگرێت. لوتف عەلی خان وتی دانیشتەو بە جوانی سەیریان بکە. تۆ تەنیا فەرەنگییەکی (ئەوروپاییەکی) کە ئەم بازوبەندانەی دیوە. ئەمەوێت بیانفرۆشم، ئایا ئەیانکڕیت؟

لێرەدا جۆنز سەری لەم دوو ئەڵماسە سوڕماو ئەڵێت:

- ئەگەر بڵێم پارەی کڕینی ئەم دوو گەوهەرەم هەیە درۆم کردووە. بەڵام ڕێگەی فرۆشتنیان ئەزانم.

لوتف عەلی خان پرسی: چۆن؟





مستەر جۆنز وەڵامی دایەوە:

- ئەگەر جەنابتان بە راستی ئەتانەوێت بیانفرۆشن، ئەتوانرێ کۆمپانیایەك بۆ کڕینی ئەم دوو گەوهەرە پێکبهێنرێ، بەڵام ئەبێ سەرەتا لەگەڵ میرزا حسێنو حاجی یوسفدا گفتوگۆ بکەمو پتر کاتی جەنابت نەگرین.

لوتف عەلی خان وتی:

- تێئەگەم، ئەزانم لەگەڵ ئەوان ئاسانتر گفتوگۆ ئەکەیت، بەڵام رای تۆ لەبارەی نرخی (دەریای نور) چییە؟

جۆنز وەڵامێکی دوورودرێژ ئەداتەوە، بەڵام لوتف عەلی خان بە پەلەیەو ئەڵێ:

- ئاوا نابێ، من بە پەلەم، قسەیەك بکە کە من بتوانم بیری لێبکەمەوە.

مستەر جۆنز ئەڵێ:

- من ئێستا شتێك ئەڵێم بەڵام لەوانەیە بەیانی نرخێکی تر بڵێم، جا ئەگەر شا مۆڵەت بدات ئەوا نرخی ئەمڕۆ بۆ (دەریای نور) (٥) لك پێشنیار ئەکەم.

لوتف عەلی خان ئەڵێ:

- پێنج لك؟!و ئەداتە قاقای پێکەنینو ئەڵێ:

- تۆ پیاوێکی زیرەکی کە پێنج لك پێشنیار ئەکەیت. حاجی یوسفی جەواهیر فرۆشی من ئامادەیە رۆژی سەد جار بە سەری خۆی سوێند بخوات کە ئەم بەردە نرخی بۆ دانانرێ، بەڵام خۆم ئەتوانم گومان بکەم نرخی ئەم بەردە چەندە.

مستەر جۆنز ئەڵێت:

- قوربان کەوابێت هیچ کەس ناتوانێت ئەم گەوهەرە بکڕێت.

لوتف عەلی خان بانگی حاجی یوسف ئەکاتو پاشان خۆی ئەچێتە دەر.

مستەر جۆنز لەگەڵ حاجی یوسفو میرزا حسێندا ئەکەوێتە گفتوگۆ، بەڵام چون لە بواری جاسوسیو گوێگرتندا شارەزا بوو لە مانەوەی نۆکەرێك لە ژوورەکەدا نیگەران بوو. مستەر جۆنز لەم بارەیەوە ئەڵێت:

نۆکەرێك کە منی بردە ژوورەوەو خۆیشی لەوێ مایەوە. لەوانەیە بۆ ئەوەی گوێ بگرێو هەرچی باس بکرێت بۆ لوتف عەلی خانی بگێڕێتەوە. میرزا حسێن داوای کرد هەموو گفتوگۆکانی نێوان خۆمو لوتف عەلی خانی بۆ بگێڕمەوە. کاتێ هەموو شتێکم بۆ باس کرد میرزا لەبەر ئامادەبووان خۆی تووڕە پیشان داو وتی: بۆ نرخی گەوهەرەکانت کەم وتووە؟ لەعنەت لە حاجی یوسف کە جیاوازیی نێوان زەکی خانو لوتف عەلی خان نازانێت، ئاخر لوتف عەلی خان پارەی بۆ سوپا ئەوێتو خەڵکی تر پارەیان بۆ مەبەستی تر ئەوێت.

مستەر جۆنز وتی:

- من لە هیچ مامەڵەیەکدا درۆم نەکردووە. من بۆچوونی خۆمم دەربڕیوە، ئەگەر باوەڕ بە من ناکەن ئەم شارە پڕە لە گەوهەرناس، بانگیان بکەن با ئەوان نرخ دابنێن.

لەم کاتەدا مستەر جۆنز ئەڵێت نانی بەیانیم نەخواردووە، با بچم نان بخۆم جا بە وردی باسی لێئەکەین، بەڵام ئەڵێن لوتف عەلی خان فەرمانی داوە نان ئامادە کراوە. هەرسێ واتە مستەر جۆنزو حاجی یوسفو میرزا حسێن دێنە سەر خوانی ئامادەو لەگەڵ نانخواردندا باسی مامەڵە درێژەی کێشا. پاش تەواوبوونی نانخواردن حاجی یوسف مستەر جۆنز بۆ خوانی شەو دەعوەت ئەکات. مستەر جۆنز لەم بارەیەوە ئەڵێت:





کاتی خواحافیزی حاجی منی دەعوەت کردو منیش پەسەندم کرد. من ئەودەمە لە هەموو شت گەیشتبوومو ئەمزانی بۆ ئەم مامەڵەیە چی بکەم. دوانیوەڕۆ چاوم بە میرزا حسێن کەوت. بە سەرسوڕمانەوە دیم کە هەموو قسەو پێشبینییەکانی لەبارەی ئەڵماسەکانو بۆچوونی لوتف عەلی خانەوە راست بوون.

مستەر جۆنز باسی دەعوەتەکە ئەکاتو بە میرزا ئەڵێت:

- تۆیش دێیتە ماڵی حاجی یوسف؟

میرزا ئەڵێت:

- من پێش میرزا ئاگاداری ئەم دەعوەتە بووم چونکە ئەم دەعوەتە بە فەرمانی لوتف عەلی خانو بۆ پێشەوەچوونی مامەڵەکە ساز دراوە.

مستەر جۆنز ئەڵێت:

لە کاتی دیاریکراودا چوومە ماڵی حاجی یوسف، ماڵەکەی حاجی یوسف وەك ماڵی بازرگانەکانی تر کۆنو تاریك بوو. دەرگایەکی قایمی هەبوو. پاش چەند داڵانو پێچوپەنا بە یارمەتیی رووناکیی چرای دەستی گەیشتینە ژوورێکی بچوك کە بۆ کەوش کەنیو قلیان سازکردن کرابوو. پاشان چووینە ژوورو سەر سفرە. حاجی یوسفو برازایەکیو کابرایەکی شەریکی بە ناوی میرزا جانی لەوێ بوون. شتومەکی ناو ژوورەکە وای ئەگەیاند کە ماڵە دەوڵەمەندە، هەرچی شتی لێبوو لە باشترین هەڵبژێردرا بوون واتە باشترین فەرشی تبەسو کرمانو باشترین قاڵیچە. ژوورەکە بە جوانترین شێوە گەچکاری رازێنرابووەوە. دەرگاو

پەنجەرەکان بە جوانی دروست کرابوونو لەسەر شێوەی منەبتکاری ئێرانی.

حاجی یوسف لە بەر مستەر جۆنز هەلّئەستیّو بەخێرهاتنی ئەکاتو قلیانو قاوە ئەهێنن. سەری قلیان لە زێڕو پیالّەی قاوە زێڕین. پاش نانخواردن کە زۆری خۆراك بۆ مستەر جۆنز ئەبێتە هۆی سەرسوڕمانو باسی ئەلّماسەکان دێتە پێش. مستەر جۆنز ئەلّیّ:

پاش نانخواردن باسی ئەلّماسەکان هاتە پێش، بینیم کە میرزا جانی لە ناسینی گەوهەردا زۆر لێزانەو، بە منی سەلماند کە (دەریای نور) تەراش هەلّئەگریّو، وتی دەریای نور کەمیّ لە ١٧٦ قیرات زیاترە، بەلاّم لە بیرەوەرییەکەی تارونیەدا لەبارەی ئەلّماسەکەی بازرگانی گل کند ئەلّێت کە ئەو ئەلّماسە ٢٤٢ قیرات بووە. من بۆم روون نەبووەوە کە ئایا ئەو ئەلّماسە هەر هەمان ئەلّماس بووە یا نا. بەلاّم ئەوە هات بە بیرمدا کە لەوانەیە دوو ئەلّماس لەم شێوەیە لە دنیادا هەبێت یا ئەم جیاوازییە لەوەوە هاتبێت کە زەمانی مەغۆلەکان لە هیند بە فەرمانی پاشای مەغۆل کێشی گەوهەریان گۆڕیبێت، چونکە پاشا گەوهەرێکی بوو کە سیّ قیرات لە مساق سوکتر بوو، لەبەر ئەوە کێشی یەك مساق ئەلّماس بە (یەك مساق سیّ قیرات کەم) دانرا.

جۆنز بە سەرنجدان بەم راستییە ئەگاتە ئەو ئاکامە کە ئەم ئەلّماسە هەر ئەو ئەلّماسەی (تارونیە)یە. پاش دە رۆژ میرزا حسێنو حاجی یوسف دووبارە داوا لە جۆنز ئەکەنەوە کە بچێتە ئەرگو هەردوو ئەلّماسەکە جارێکی تر ببینێت. جۆنز ئەلّێت:





دووبارە چوومەوە ژوورە بچوکەکە بەلاّم ئەمجارە لەباتی میرزا حسێن سیّ کەسم دی، واتە میرزا حسێنو حاجی یوسفو میرزا جانی. پاش بەخێرهاتن میرزا حسێن چووە دەرو پاشان لەگەلّ خواجەیەکدا گەڕایەوە کە بەستەیەکی پێبوو تیایدا هەردوو بازوبەندی هێنابوو. حاجی یوسف خێرا بازوبەندەکانی کردەوەو ئەلّماسەکانی دەرهێنا. رەنگو ئەندازەی دەریای نور لەگەلّ ئەوەی تارونیە باسی کردبوو یەکێك بوو، ئەوکات بۆم دەرکەوت کە میرزا جانی راستی کردو ئەم ئەلّماسە بۆ تەراش ئەبێت. ئەم ئەلّماسە باشترین رەنگی هەبوو، پاش بەراوردکردن دیم پاش تەراش کێشەکەی کەم ئەبێتەوە بۆ ١٥٦ قیرات. بەلاّم تاج ماه بە شێوەی هێلکەیی بوو، بۆ جوانی من هێشتا گەوهەری وام نەدیبوو، کێشەکەی ١٤٥ قیرات بوو، کە پاش تەراش ئەبووە ١٣٠ قیرات، بەلاّم نرخەکەی زۆر بەرز ئەبووەوە. ئەم ئەلّماسانە لە بازوبەندەکاندا لە نێوان سیّ ئەلّماسی تردا بوون، واتە هەموویان ئەبوونە ١٢ ئەلّماس کە هەریەك ٦٠ قیرات یا زیاتر کێشیان هەبوو.

ئەو شەوە حاجی یوسفو میرزا جانی هەولّی زۆریان دا کە مستەر جۆنز نرخێك بۆ دەریای نور دیاری بکات. پاش باسێکی زۆر جۆنز ئەلّێت:

- ئەگەر بۆ هەردوو ئەلّماسەکە واتە (دەریای نور)و (تاج ماه) (٢٠) لك دیاری بکەم زۆر بەجێیە، چون نرخی ئەم دوو گەوهەرە زیاترە لەوەی من پێشتر دامنابوو.

بەلاّم میرزا حسێنو حاجی یوسف وتیان نرخی ئەم ئەلّماسانە زۆر لەوە

زیاترە. لێرەدا جۆنز پرسی:

- ئایا پاشا یاقوتێکی تری ئاوا گەورەی هەیە؟

وەڵامیان دایەوە کە یاقوتی وەك ئەمانە لە هیچ جێگەیەك پەیدا نابێت.

ئەم مامەڵەیە درێژەی کێشاو بەهار کۆتایی هاتو هاوین هاتو باسی ئەڵماسەکان کەمتر ئەکرا. لوتف عەلی خان سەرگەرمی هێرش بوو بۆ سەر ئاغا محەممەد خان لە ئەسفەهان. شەوێك لە ماڵی میرزا حسێن پاش رۆیشتنی میوانەکان میرزا حسێن بە جۆنزی وت:

- مستەر جۆنز لوتف عەلی خان جارێ خەیاڵی نییە ئەڵماسەکان بفرۆشێت، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە تۆمان جواب کردبێت، تۆ ئەتوانی تا هەرکات بتەوێت لە شیراز میوانی ئێمە بیت بەڵام من وا بە باش ئەزانم هەرکات لوتف عەلی خان لە شیراز دەرچوو تۆیش خێرا لە شیراز بڕۆیت.

کاتێ جۆنز هاتەوە ماڵ لە حاجی محەممەدی بەهبەهانی کە خاوەن ماڵی بوو پرسی کە بۆچ میرزا ئەڵێ دوای دەرچوونی لوتف عەلی خان لە شیراز منیش بڕۆم. ئەویش وتی لەبەر ئەوەی لەوانەیە لەو شەڕەدا بشکێت، ئەوکات ناوچەکە ئاڵۆز ئەبێتو ئەو ئاسایشە نامێنێ بۆ گەڕانەوەی تۆ بۆ بوشەهر.

مستەر جۆنز کەوتە خۆی بەڵام لەبەر ئەوەی شتی زۆر کڕیبوو سەفەرەکەی دواکەوت. مستەر جۆنز لەم گۆڕانکارییە بەپەلەیە سەری سوڕمابوو:

> کەم کەم بۆم دەرکەوت میرزا زۆر نیگەرانەو نان ناخواتو لەگەڵ کەس قسە ناکات. سەرەتا وامزانی لوتف عەلی خان لێی زویر بووە بە تایبەت کاتێ بۆ ماڵاوایی چوومە لای لوتف عەلی خان دیم کە کەمتر لەگەڵ میرزا قسە ئەکات. لوتف عەلی خان وتی: مستەر جۆنز من ئێستاکە لە



قەڵای پەری

> فرۆشتنی ئەم گەوهەرانە پەشیمان بوومەوەو وتی نۆ مانگی تر واتە سەرەتای بەهاری داهاتوو بێرەوەو میوانی خۆم بە، من ئێستا ئەچم بۆ سەرکوتکردنی ئاغا محەممەد خان. دڵنیا بە ساڵێکی تر کە هاتیتەوە بارودۆخەکە جیاواز ئەبێ. حەز ئەکەم لێرە بیت تا من لە شەڕ ئەگەڕێمەوە.

پاشان جۆنز ئەم قسانەی لوتف عەلی خانی بۆ میرزا باس کرد، میرزا وتی:

- لە خوا داواکارم بگەڕێیتەوە، بەڵام دووپاتی ئەکەمەوە، هەرچی زووترە لە شیراز دەرچۆ.

مستەر جۆنز بڕیار ئەدا خێرا بڕوات، بەڵام لەبەر ئەوەی شتی زۆر کڕیبوو و رەوانەی ئەکردن رۆیشتنەکەی دواکەوت.

# بەشی نۆزدەیەم

**کارەساتی  سمیرمی سەروو**

## نیگەرانیی میرزا حسێنی وەزیر

هەروەك وتمان مستەر جۆنز میرزا حسێنی زۆر نیگەران هاتە بەرچاو، لەبەر ئەوە پرسی:

- میرزا ئایا من کارێکی ناشایستەم کردووە وا تۆ ئەوەندە نیگەرانی؟

میرزا لێرەدا ئەبینێ ئەگەر راستی بە جۆنز نەڵێت لەوانەیە ئەم میوانە دڵی بشکێ، لەبەر ئەوە ئەڵێ:

- نهێنییەکت پێئەڵێم بەڵام نابێ لای کەس باسی بکەیت.

مستەر جۆنز لە بیرەوەرییەکانیدا ئەڵێ:

میرزا حسێن وتی: من چواردە رۆژ پێش رۆیشتنی لوتف عەلی خان باسی حاجی ئیبراهیمم بۆ کردو کەوتم بەسەر قاچیداو وتم حاجی بگرە چونکە باسی حاجیم لە والیی ریگ بیستبوو. بەڵام شا لەبەر پیاوەتیو مەردایەتیی خۆی ئەم کارەی نەکردو وتی: ئێستاکە لەشکر ئامادەیەو ئەم کارە باش نییەو ئاژاوە دروست ئەبێت بەڵام کاتێ گەڕامەوە بیری لێئەکەمەوە.

لوتف عەلی خان ئەیزانی کە حاجی ئیبراهیم خەیاڵی خراپەو لە هەل





ئەگەڕێت بەڵام چون خزمەکانی خۆی هەمەکارەبوون حاجیی بە هیچ نەئەزانی. کاتێ لە شیراز دەرچوو بە پێچەوانەی پێشنیاری وەزیر کاروباری دا بە دەست ئەم کەسانەوە: حاجی ئیبراهیم، بەرخوردار خانی زەندو محەممەد عەلی خانی زەند، بەڵام چون باوەڕی بە حاجی نەبوو کوڕی حاجی واتە میرزا محەممەدی لەگەڵ خۆی برد. حاجی عەبدولڕەحیم خانی برایشی لەگەڵ لوتف عەلی خان نارد تا نەخشەکەی جێبەجێ بکات.

لە یەکێك لە شەوەکانی سەرەتای هاویندا لوتف عەلی خان ئامادەی رۆیشتن بەرەو ئسفەهان ببوو. هەرچەندە لەمێژ بوو لوتف عەلی خان بڕیاری ئەم سەفەرەی دابوو بەڵام مرۆڤە ژیرو دنیادیدەکان لەم رۆشتنە نیگەران بوون بە تایبەت میرزا حسێنی وەزیر کە زیاتر لە هەموو نیگەران بوو. کاتێ لوتف عەلی خان لەبارەی سەفەرەکەی پرسیاری لێکرد ناوبراو وتی:

- بە بۆچوونی من یا ئەم سەفەرە مەکە یا پێش دەرچوونت لە شیراز حاجی ئیبراهیمو دەستەودایەرەکەی زیندان بکە تا ئەو کاتەی ئەگەڕێیتەوە.

بەڵام لوتف عەلی خان وتی:

- حاجی ئیبراهیم لە بازاڕدا خۆشەویستە، ئەگەر زیندانی بکەم شار ئاڵۆز ئەبێتو ئەمە ئەبێتە هۆی نیگەرانیی من لە شەڕەکەدا، لەبەر ئەمە ئەبێ جارێ لەگەڵ حاجی بسازێین. من بۆ دڵنیایی لەوەی حاجی کاری خراپ نەکات کوڕەکەی لەگەڵ خۆم ئەبەم.

میرزا وتی:

- تۆ خۆت دڵپاکیو حاجی ئیبراهیم ناناسی، حاجی ئیبراهیم هەزار کوڕ ئەکاتە قوربانیی گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکانی. حاجی دەسەڵاتی ئەوێتو لای ئەو سەری کوڕی گرنگ نییە. ئەگەر کوڕی ئەو لای تۆیە، ئەوا ژنو منداڵو کەسوکاری تۆ هەمووی لای ئەوەو لە کاتێکیشدا کە تۆ هەموو دەسەڵاتت

داوەتە دەستی ئەو.

لوتف عەلی خان وتی:

- میرزا من باوەڕم بە هەموو قسەکانی تۆ هەیە، بەڵام ئەو سوپایە کە ماوەیەکی زۆرە کاری بۆ ئەکەم ناتوانم بە خۆڕایی وازی لێبێنمو خۆم بە کاروباری تایبەتیو ناکۆکیی خەڵکەوە خەریك بکەم. ئامادەکردنی لەشکرو زەمانی هێرش دیاریکراوەو ئەگەر زووتر یا درەنگتر بجووڵێمەوە سەرکەوتوو نابین. شکانیش لە بەرامبەر ئاغا محەممەد خاندا خۆت ئەزانی چی بە دواوەیە. ئەگەر لووتی ئاغا محەممەد خان بشکێنم ئەوا حاجی ئیبراهیمو پیاوەکانی حسابی خۆیان ئەکەن. تۆ دان بە خۆتدا بگرە، ئەگەر من درەنگ بکەومە خۆ ئەوا ئاغا محەممەد خان بە (٥٠) هەزار کەسەوە ئەگاتە دەروازەی شیراز.

ئەو شەوەی کە بڕیار بوو بەیانی سوپا ڕێکەوێت، هەموو کۆ ببوونەوەو باس گەرم بوو، حاجی ئیبراهیم لە خۆشیدا نەیئەزانی چی بکاتو گەرمی قسە بوو و وتی:

- هەموو ئەبێ شەڕ بکەن، بریا منیش بمتوانیبا لەگەڵ پاشادا بمو شەڕ بکەم بەڵام هەرچەند خۆم ناتوانم کوڕەکەم لەگەڵ لەشکردایە. خانی زەندیش نابێ هیچ نیگەرانی ئێرە بێت، ئێمە نۆکەرانی شا کارەکان ئەبەین بەڕێوە بە جۆرێك کە وەك ئەوە وابێت کە خان خۆی لێرەیە.

لوتف عەلی خان خێرا وتی:

- جەنابی کلانتەر لوتفی هەیە کە مۆڵەت ئەدا کوڕەکەی لەگەڵمان بێتو هیوادارم کە کاروباری شار باش بەڕێوە بچێت، هەرچەند ئەزانم کاتێ حاجی هەمەکارە بێت کاری شار بە چاکی ئەنجام ئەدرێ بەڵام چون ئەمەوێت حاجی بەو تەمەنەوە زۆر نەکەوێتە زەحمەتەوە داوا لە بەرخوردار خانو محەممەد





عەلی خان ئەکەم وەك سەفەری پێشوو کە خۆم چووم بۆ کرمان ئاوا کاروباری قەڵاو پاسەوانەکانو ئەرگ بگرنە ئەستۆو یارمەتیی حاجی بدەن.

حاجی ئیبراهیمیش خێرا وتی:

- منیش داوا لە عەبدولڕەحیم خانی برام ئەکەم پارێزگاری لە پاشا بکات تا ئێمە باشتر دڵنیا بین.

هێشتا هەتاو نەیدابووە سەر کێوەکانی (گهوارە دێو)و (باباکوهی) کە دوایەمین چەکداری سوپای کەریم خان لە دەروازەی قوران چوونە دەرەوە، لەم کاتەدا کوڕەکەی حاجی ئیبراهیمو برای حاجی هاتنە لای لوتف عەلی خانو وتیان ئەگەر شا مۆڵەت ئەدا ئەبینە پاسەوانی تایبەتی، بەڵام لوتف عەلی خان زۆر باوەڕی پێیان نەبوو، بۆیە وتی:

- من کارێکی ترم بە ئێوە هەیە، پاسەوانی ئێوە ماندوو ئەکاتو هەروەها من بۆ ئەوەی نەناسرێم زوو بە زوو پاسەوانەکانم ئەگۆڕمو پێویستم بە پاسەوان نییە. داوام لە ئێوە ئەوەیە ئاگاداری ئەسپەکان بن چونکە ئەسپ بۆ لەشکر زۆر پێویستە.

لوتف عەلی خان بەم کارەی توانی یەکەم ئەم دوو کابرایە لە خۆی دوور بخاتەوەو دووەم لە جێگەیەکی وا دایانبنێت کە مەترسییان لێنەکرێت. هەردوو چوونە سەر کاری خۆیان تا کاتێ گەیشتنە ناوچەی سمیرم.

سمیرم ناوچەیەکی خۆشە لە نزیك قوشەی ئسفەهان، لەشکری زەند لەم جێگەیە هۆبەی هەڵدا.

لەولایشەوە ئاغا محەممەد خان کە هەواڵی زانی خۆی لە ئازربایجان بوو، لەبەر ئەوە خان بابای جهانبانی (فەتح عەلی شا)ی برای بۆ بەرەنگاریکردنی سوپای زەند ناردو ئەم دوو سوپایە لە ناوچەی سمیرم گەیشتن بەیەك. سوپای قاجار دوو سێ بەرامبەری سوپای زەند بوو، بەڵام جیاوازی لەوەدا بوو کە

لوتف عەلی خان خۆی لەگەڵ لەشکر بوو بەڵام ئاغا محەممەد خان لە ئازربایجان بوو، هەروەها لەشکری زەند بە مەیلی خۆیان هاتبوون بەڵام لەشکری قاجار زۆربەی بە کرێگیراو بوون.

شەوی یەکەم شەڕێکی سووک رووی دا، بەڵام چەند رۆژێك دواتر هەردوولا دەستیان کرد بە هەواڵ کۆکردنەوە. لەم کاتەدا عەبدولڕەحیم خانی برای حاجی ئیبراهیم کەوتە پیلان گێڕانو پەیوەندیکردن بە پیاوەکانی خان بابا خانەوە. خان بابا کاتێ بەم پەیوەندییەی زانی سەرەتا وای بیر ئەکردەوە کە ئەمە داڕێك بێت لەلایەن لوتف عەلی خانەوە، بەڵام ئەو هەواڵانەی عەبدولڕەحیم خان ئەیناردن دەریئەخست کە ناوبراو خەیانەت بە سەرکردەکەی ئەکات. عەبدولڕەحیم خان پاش پەیوەندیی زیاتر بەڵێنی دا شەوێك وا هێزەکەی لوتف عەلی خان لێکهەڵوەشێنێ کە پێویست بە شەڕ نەکات. خان بابا بۆ عەبدولڕەحیم خانی راسپارد کە ئەگەر کارێکی وا بکات ئەوا هەرچییەکی بوێتو هەر پلەیەك داوا بکات ئەیداتێو ئاغا محەممەد خان ئەیکات بە باوەڕپێکراوی خۆی. عەبدولڕەحیم خان بە بیستنی ئەم هەواڵە چاکتر کەوتە خۆو هەواڵی نارد کە:

- خانی قاجار دڵنیابێت، تەنیا هێزەکەی خۆتان ئامادە بهێڵنەوە تا لە کاتی پێویستدا گورزی خۆمان بوەشێنینو لوتف عەلی خان لەناوبەرین.

ئێوارە بوو کە جاسوسەکانی عەبدولڕەحیم هەواڵیان دا ئەمشەو چاوەڕوان بن تا لە کاتی دیاریکراودا بێمە لاتانو بڵێم چی بکەن. ئەو شەوە عەبدولڕەحیم خان کوڕەکەی حاجی ئیبراهیمی بە دزییەوە رەوانەی شیراز کردەوەو خۆیشی نەخشەیەکی خەیانەتکارانەی دانا بەم جۆرە: بە پشتی هەر وشترێکەوە مەشعەڵێکی بەستەوەو ئەسپەکانی ئامادە کرد تا کاتێ مەشعەلی وشترەکانی هەڵکرد ئەسپەکان لە ترسا بەناو لەشکردا غار بدەنو لەم کاتەدا





ئیشارە بدات بە لەشکری خان بابا، ئەوانیش بیکەنە تەقەو هەراوهوریا. نیوەشەو پیاوەکانی عەبدولڕەحیم خان نەخشەکەیان بە ئەنجام گەیاند. لەناو لەشکری زەند بوو بە هەرایەك کە عەبدولڕەحیم خانیش بەو جۆرە پێشبینیی نەکردبوو. لەبەر تاریکیی شەو چەکدارەکانی لەشکر کەوتنە کوشتنی یەکتری. دەمەوبەیانی لوتف عەلی خان بە چەند کەس لە هاوڕێکانییەوە گەشتنەوە شیراز بەڵام دی دەروازەکانی شار بەستراون. لوتف عەلی خان نەیئەزانی چی رووی داوە. هاواری کرد: منم لوتف عەلی خان. بەڵام وەڵامیان دایەوە: دەروازە بەستراوەو ناکرێتەوە. کاتێ کوڕەکەی حاجی ئیبراهیمی لەسەر دیوار دی کە پێئەکەنی، کەوتە یادی قسەکەی میرزا حسێن، بەڵام هێشتا هیوای وابوو کە بتوانێ حاجی رازی بکات واز لەم کارە بهێنێ، لەبەر ئەوە داوای کرد حاجی خۆی بێتە دەروازەو هەروەها هیوادار بوو لایەنگرەکانی لەناو شاردا حاجی ناچار بکەن دەروازە بکاتەوە، بەڵام حاجی ئیبراهیم پێشبینیی هەموو شتێکی کردبوو، ناوبراو پێش ئەم رووداوە کەوتبووە خۆو لەناو شاردا لایەنگری زۆری بۆ خۆی دروست کردبوو، خۆی لای خەڵك خۆشەویست کردبوو، کەوتبووە پارە بەخشینەوە لەناو خەڵکداو پاسەوانو پیاوەکانی بەرخوردار خانو محەممەد عەلی خانیشی لە خشتە بردبوو. تا لە کاتێکی لەباردا بەرخوردار خانو محەممەد عەلی خانی گرتو کەوتە گیانی لایەنگرانی لوتف عەلی خان بەم نەخشەیەی خوارەوە:

لەو رۆژەدا کە سەرکردەکانی زەندی گرت بڵاوی کردەوە کە هەرکەس ئەیەوێت بێتە ناو لەشکری فارس رۆژی هەینی بە چەکەوە ئامادە بێت تا دوای وەرگرتنی پارە رەوانەی لەشکر بکرێت. بەمجۆرە لایەنگرەکانی لوتف عەلی خان فریویان خواردو، بەو خەیاڵەی کە پارەکە وەرئەگرنو بۆی دەرئەچن لە کاتو شوێنی دیاریکراودا بە چەکەوە ئامادە بوون. پیاوەکانی

حاجی ئیبراهیمیش بە سینیی پڕ لە کیسەی پارەوە وەستابوون. هەرکەس چەکی پێبوایە کیسەیەك پارەی ئەدرایەو لە دەرگایەکەوە ئەکرایە دەرەوە بەو هیوایەی لە دەرگایەکی ترەوە بێتە دەرو بچێتە ریزی سوپاوە بەڵام کاتێ لە دالانێکی تەنگ تێپەڕ ئەبوو و لەلایەن پیاوەکانی حاجی ئیبراهیمەوە چەك ئەکراو پارەکەی لێئەسەندرایەوەو رووت ئەکراو ئەیانکردە دەر، لەلایەکی ترەوە تا چەکدارەکانی تر بەمە نەزانن. بەم جۆرە حاجی شاری چەك چن کردبوو. کاتێ لوتف عەلی خان هاواری کرد کە لایەنگرەکانی ئێمە نایەڵن ئێوە بە ئاسوودەیی دانیشن، حاجی ئیبراهیم بە پێکەنینەوە وتی:

- کام لایەنگر؟ ئەوانەی لە زیندانن؟ یا ئەوانەی مردوون؟

لوتف عەلی خان کە چۆنیەتیی پیلانەکەی بۆ دەرکەوت ئەو شەوە لە نزیکی شیراز مایەوەو بەیانی هەندێکی تر لە چەکدارەکانی پەیوەندییان پێوە کردو شاری گەمارۆ دا. خەڵکی شار هەوڵیان ئەدا بچنە دەر لای لوتف عەلی خان بەڵام دەرگا بەسترابوون. لەم کاتەدا دوو هەزار کەسی دی لە سمیرمەوە گەڕانەوەو هێزی لوتف عەلی خان زۆر بوو. حاجی فەرمانی داو تۆپیان لەسەر دیوار دابەست. لەم کاتەدا لوتف عەلی خان جارێکی تر ناردی بۆ لای حاجی تا بەڵکو پەشیمان ببێتەوە بەڵام بێ سوود بوو. لەبەر ئەوە لوتف عەلی خان ناچار بوو دەست بداتە هێرش. حاجی کە ئەمەی دی کەوتە پیلانو نامەیەکی نارد بۆ لەشکرەکەی لوتف عەلی خان بەم شێوەیە:

ماڵو منداڵی هەمووتان لە شیرازنو دەستی ئێمەیش کراوەیە. ئەگەر بە هاوکاریی لوتف عەلی خان درێژە بدەنو دژی ئەو رانەوەستن، ژنو منداڵی هەمووتان ئەکەونە بەر دەستدرێژیو پەشیمانی سوودی نابێت، بەڵام ئەگەر واز بهێننو بێنەوە ناو شار پاداشتی چاکتان ئەدرێتەوەو رێزتان لێئەگرێ.





پاش ئەم نامەیە لەشکری لوتف عەلی خان لێکهەڵوەشاو لوتف عەلی خان لەگەڵ مامەی واتە محەممەد خانی زەندو زاڵ خانی خشتیو پێنج کەسی تردا رووی کردە بەندەرەکانی باشوور. حاجی کاتێ ئەمەی زانی هێزێکی ناردە دوای لوتف عەلی خان، بەڵام لوتف عەلی خان خۆی گەیاندە کێوەکانی نێوان خشتو کازرونو هێزەکەی حاجی بێ ئەنجام گەڕایەوە.

ناوچەی کازرون لەژێر چاودێریی رەزا قولی خانی کازرونیدا بوو، ناوبراو لە کوشتنی جەعفەر خاندا دەوری سەرەکیی هەبوو، لەبەر ئەوە دوژمنی لوتف عەلی خان بوو، کاتێ هەواڵی زانی هێزێکی نارد بۆ گرتنی لوتف عەلی خانو ناوبراویان گەمارۆ دا، بەڵام دەستەیەك لە چەکدارەکانی خشتی کە لەگەڵ زاڵ خان بوون هاتنە یارمەتیی لوتف عەلی خانو رزگاریان کردو بردیان بۆ دەشتستان.

## دیداری دووبارە بەڵام لە بارودۆخێکی جیاوازدا

مستەر جۆنز لە بیرەوەرییەکانیدا ئەنووسێ:

شەوێ پێش سەفەری لوتف عەلی خان چوومە باخی (کلاه فرنگی) کە هەمیشە ئەمتوانی بە ئازادی تیایدا بگەڕێم. کاتێ چوومە ناو حەوشەکە تووشی کوڕەکەی لوتف عەلی خان کە (٧) ساڵە بوو، بووم. ئەگەر بمزانیبا وامئەکرد ئەم کوڕە نەبینم. ئەم کوڕە ناوی (فەتحوڵڵا خان) بوو، بەڵام بە سەرسوڕمانەوە فەتحوڵڵا خان یەکێك لە نۆکەرەکانی نارد بە دوامدا، منیش چوومە نزیکییەوەو سڵاوم کرد. فەتحوڵڵا خان تەماشای کردمو وتی: تۆ ئەو فەرەنگیەیت کە باوکم باست ئەکات. تۆ سەعاتێکی موزیکدارت بۆ باوکم بە دیاری

هێناوە بەڵام هیچت بۆ من نەهێناوە. من بەیانی کە باوکم لە ماڵ نییە ئەبمە پاشاو تۆ ئەبێ بێیتە دیدەنیی من. وەك چۆن ئەچیتە لای باوکم.

مستەر جۆنز ئەڵێ:

- جەنابتان چیتان ئەوێت بۆتانی بهێنم؟

فەتحوڵڵا خان ئەڵێ:

- میرزا حسێن ئەڵێت چاکترین چەقۆ لە وڵاتی ئێوە دروست ئەکرێت، یەك چەقۆی چاکم ئەوێت. دایکیشم ئەڵێت باشترین مقەست لە وڵاتی ئێوە دروست ئەکرێت، دوو مقەستیش بۆ دایکم بهێنە.

لەم کاتەدا جۆنز چەقۆیەکی جوانی پێئەبێ، خێرا ئەیدا بە فەتحوڵڵا خان، ئەویش لە خۆشیدا ئەڵێ:

- وای تۆ چەند پیاوی چاکیت!

جۆنز ئەڵێ:

نزیکەی یەك سەعات پێکەوە گەڕاینو قسەمان کرد. من هەرگیز منداڵێکی وا زیرەكو جوانو ژیرم نەدیوە، بەڵام بەداخەوە جاری دووەم کە ئەم فەتحوڵڵا خانەم دی لە ئازربایجان بوو، من بالۆیزی وڵاتی خۆم بووم بەڵام ئەو پیاوێکی هەژارو خەسێنراو بوو و نۆکەری جێگری کەسێك بوو کە ماڵو تاجو تەختی باوکی ئەوی وێران کردبوو.

مستەر جۆنز کە هێشتا نەیتوانیبوو لە شیراز دەرچێت گەڕانەوەی لوتف عەلی خان ئەبینێو ئەڵێ:

شەش ڕۆژ بوو لوتف عەلی خان شیرازی بەجێهێشتبوو کە بەیانییەك لەناکاو بوو بە هەراوهوریای خەڵك لەناو





کۆڵانەکەدا. حاجی محەممەدی بەهبەهانی خاوەن ماڵ وتی: حاجی ئیبراهیم بەرخوردار خانو محەممەد عەلی خانی گرتووەو ئەڵێ فەرمانی گرتنیان لەلای لوتف عەلی خانەوە هاتووە. پاش ماوەیەك نۆکەرێکی میرزا حسێن هاتە لام بە چەند چەکدارێکەوە بۆ پارێزگاریکردن لە منو وتی خانمی میرزا هەموو کەلوپەلێکی بۆ پێچاویتەوە ئیتر پێویست ناکات لەبیری ئازوقەدا بیت.

مستەر جۆنز ئەڵێ: حاجی محەممەدی عەلی بەهبەهانی خاوەن ماڵ چووە دەرو هاتەوەو وتی:

- تا ڕادەیەك خەڵك بێ دەنگن، وائەزانن هەموو ڕووداوەکان بە فەرمانی لوتف عەلی خان ئەنجام ئەدرێ، بەڵام من وا تێئەگەم ئەمە وا نەبێ چونکە دەروازەکانیان بەستووەو هاتوچۆ بۆ لای لەشکرەکەی لوتف عەلی خان قەدەغەیە. هەروەها پیاوێك کە ژنەکەی لوتف عەلی خان ناردبووی بۆ لای لوتف عەلی خان لە دەروازە گرتوویانەو پشکنیویانەو وتوویانە ژنی لوتف عەلی خان ئەگەر گیانی خۆیو کوڕەکەی لا گرنگە نابێ دەست لە کارەوە وەردات. بە بۆچوونی من هەموو ئەم کارانە لەژێر سەری حاجی مەلعونەوەن.

مستەر جۆنز لە درێژەدا ئەڵێ:

شەو لەناکاو بوو بە تەقە لەناو شاردا، جارجار گوللە ئەدرا لە دەرگای ماڵەکەی من. پاسەوانەکانم وەڵامی ئەم تەقانەیان ئەدایەوە. لەم کاتەدا جارجار حاجی محەممەدی خاوەن ماڵ ئەچوو تا دەرگاو هاواری ئەکرد ناپیاوینە میوان لەم ماڵەدایەو هەروەها ئەم ماڵە پڕە لە چەك ئەگەر زیان بە میوانەکەم بگات ئەوکات ڕووبەڕووی من ئەبنەوە.

بەیانی کە ڕۆژ بووەوە بیستیان کە شەو چەندین ماڵیان تاڵان کردووەو هەروەها لایەنگرەکانی لوتف عەلی خانیان چەك داماڵ کردووە کە بۆتە هۆی ئەو تەقوتۆقە. دوای ئەمە لەشکری لوتف عەلی خان دەستە دەستە گەیشتنەوە پشتی دەروازەی شار. مستەر جۆنز ئەنووسێ:

> شەو دەنگی تۆپ پەیدا بوو، خەڵك زانییان لوتف عەلی خان گەڕاوەتەوەو لە دەوری شارە. خەڵك ئەیانزانی کە سوارەکانی لوتف عەلی خان سێ جار تۆپ ئەتەقێنن. جاری یەکەم کە لوتف عەلی خان سوار ئەبێ، جاری دووەم کە ئەگاتە نیوەی ڕێگەو جاری سێیەم کاتێ لە ئەسپ دائەبەزێ.

لوتف عەلی خان لە یەكو نیو فرسەنگی شاردا هۆبەی هەڵداو سەنگەری لێدا. شار خێرا لەگەڵ کەمبوونەوەی خواردن ڕووبەڕوو بووەوە. ترسی سزادان حاجی ئیبراهیمی داگرت. بەڵام لە بەدبەختیی لوتف عەلی خان ژنو منداڵی فەرماندەکانی هەموو لەناو شیرازدا بوونو لەژێر چاودێریی حاجی ئیبراهیمدا. لەبەر ئەوە حاجی توانیی سوود لەمە وەربگرێتو هەواڵی بۆ فەرماندەکان نارد کە ئەگەر لەشکری لوتف عەلی خان بەجێ نەهێڵن ژنو منداڵەکانیان ئەشکەنجە ئەکرێن. ئەم ڕاسپاردەیە کاری خۆی کرد، لەشکر بڵاوەی لێکردو فەرماندەکان هاتنەوە شارو زۆربەیان گیران. لوتف عەلی خان لەگەڵ (١٢) کەس لە هاوڕێو نۆکەرانی خۆی ڕووی کردە دەشتستان.

ڕۆژی دواتر میرزا حسێن کە لەگەڵ لوتف عەلی خان چووبووە سیمیرم گەڕایەوە. مستەر جۆنز چووە لایو میرزا حسێن وتی:

- هاوڕێی خۆشەویست، بەداخەوەم کە هێشتا لێرەی، من پێشنیاری خۆمم کرد بەڵام گوێیان لێنەگرتم. ئەگەر بە قسەی منیان بکردایە کار وای لێنەئەهاتو ئێستا حاجی لە زیندان بوو نەك لە جێگەی لوتف عەلی خان.





پشت سووریو ئازایەتیی لوتف عەلی خان بووە مایەی شکانیو لەدەستدانی گیانی، چونکە ڕەزا قولی خانی برای عەلی قولی خان ناوچەی کازرونی لەژێر کۆنترۆڵیدایەو ئامادەیە کە لوتف عەلی خان بگرێ یا بکوژێ. بە بۆچوونی من تا لوتف عەلی خان نەکوژن مۆڵەت نادەن تۆ بڕۆیت چونکە ئەزانن لوتف عەلی خان ئەڵماسەکانی پێیەو تۆ ئەیانکڕیتو بەمە لوتف عەلی خان پارەی دەست ئەکەوێتو لەشکر دروست ئەکاتەوە. بەداخەوە ئەبێ بڵێم لەمەبەدوا منو تۆ نابێ زۆر یەکتری ببینین. هەرکارێکت بوو بە حاجی یوسف بڵێو بە باوەڕی من وا چاکە بچیتە لای حاجی ئیبراهیمو داوای مۆڵەتی دەرچوون بکەی لە شیراز.

مستەر جۆنز هەرچۆنێك بوو توانیی دوای هەفتەیەك حاجی ئیبراهیم ببینێو ئەم دیدارە بەم جۆرە باس ئەکات:

> لە ماوەی دیدارەکەمدا زانیم حاجی مەلعون بە قەست ئەیەوێت بە پێوە ڕاوەستم، منیش پاش کەمێك وەستان چوومە لای سەرووی حاجیو ئەو جێگەیەی کە لوتف عەلی خان دایئەنیشانم دانیشتم. حاجی وتی: فەرەنگی تۆ هێشتا لێرە ماوی؟ وەڵامم دایەوە: بەڵێ هەرچەند خۆم پێم خۆش نییە.
>
> من هاتووم مۆڵەت وەرگرم کە ئێستر بە کرێ بگرمو بگەڕێمەوە بۆ بوشەهرو پێویستم بە کاغەز هەیە تا لە ڕێگە دەست نەهێننە ڕێگەم. وەڵامی دایەوە: ئێستا باش نییە چونکە ڕێگەکان ئاسایشیان نییە هەروەها لوتف عەلی خانو لۆتییەکانی ڕووتت ئەکەنەوە. من وتم: من ئەوەندەم چاکە لە لوتف عەلی خان دیوەو منی دڵنیا کردووە کە ئەگەر

یەکتری ببینین هیچ جۆرە زیانێك لەلایەن ئەوەوە بە من ناگات، بەڵام لەبارەی لۆتییەوە ئەبێ بڵێم لۆتی لە هەموو شوێنێك هەیە.

حاجی ئەم قسانەی مستەر جۆنزی لا گران بوو.

پاش ئەمە مستەر جۆنز چاوی بە میرزا حسێن ئەکەوێو میرزا حسێن ئەڵێ:

- ماوەیەکە رێکەوتنێك لە نێوان حاجی ئیبراهیمو عەبدولرەحیم خانی برایو چەند کەسێکی تر لە سەرکردەکانی دەشتستانو گەرمین بە تایبەتی رەزا قولی خانی کازرونیو شێخ نەسر پێکهاتووە، کە ئامانج لەم رێکەوتنە ئەوەیە لوتف عەلی خان لەناوبەرنو پێکەوە دەسەڵات لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن. ئەمانە داوایان لە خانی کرمانو چەند خانی تر کردووە بێنە پاڵ ئەمان. بۆ ئەم مەبەستە واتە کوشتنی لوتف عەلی خان عەبدولرەحیم خانیان دیاری کردووە وەك ئەوەی کەرێك بکەن بە گژ شێرێکدا.

هاوین تەواو ببوو و پاییز هاتبوو بەڵام هێشتا جۆنز لە شیراز مابووەوە. مستەر جۆنز لە رۆیشتن نائومێد ببوو، تا رۆژێك حاجی بەهبەهانی خاوەن ماڵ وتی میرزا حسێن ئەیەوێت ئەو چاوی پێت بکەوێت. مستەر جۆنز لە کاتی دیاریکراودا ئەچێتە دیداری میرزاو میرزا حسێن ئەڵێ:

- یەکێك لە بازرگانەکانی بوشەهر بە ناوی حاجی ئیبراهیم ئەسفەهانی لێرەیەو ئەیەوێت بگەڕێتەوە بوشەهر. لەبەر ئەوە ئەم هەلە لەدەست مەدەو بەیانی بچۆرە لای حاجیو بە تووڕەیی بڵێ کە من تەنیا بازرگان نیم بەڵکو کارمەندێکی رەسمیی وڵاتی خۆمەو تۆ ناتوانی من لێرە بهێڵیتەوەو حاجی کلانتەر بترسێنە. ناوبراو زۆر ترسنۆکە.

جۆنز لەبارەی ئەم دیدارەوە ئەڵێ:



قەڵای پەری

دوانیوەڕۆ چوومە لای حاجی ئیبراهیم بە پێچەوانەی جاران لەگەڵم گەرم بوو. منیش وەك پێشنیارەکەی میرزا حسێن قسەم کرد. لە ئاکامدا بەڵێنی دا لە گەڕانەوەی من پەلە بکات. دوای چوار رۆژ هەواڵیان دامێ کە ئەتوانم لەگەڵ حاجی ئیبراهیمی بازرگان بگەڕێمەوە بوشەهر. مۆڵەتی دەرچوونم پێدرا. خێرا چوومە لای میرزا حسێنو ئەویش بەڵێنی لێوەرگرتم کە چاوم بە لوتف عەلی خان بکەوێت لە هەر جێگەیەك بێت. حەزم ئەکرد ئەم بەڵێنە بە هەر نرخێك بێت بەجێی بهێنم.

میرزا حسێن بە مستەر جۆنز ئەڵێ کە میرزای گەورەی مامی کتێبخانەیەکی هەیەو بایی (٢٥٠) هەزار روپییە کتێبی تێدایەو چون هەژارو بێ پارەیەو داهاتوویشی روون نییە ئەیەوێت تۆ ئەم کتێبانەی بۆ ببەیتو لە هیندستان بیانفرۆشیتو پارەکەی بۆ رەوانە بکەیتەوە، چونکە لەوانەیە ئاغا محەممەد خان بێتە شیراز لەم کاتەدا مەترسی زۆرەو هەروەها میرزا ئەڵێ:

- من خۆم ئەسپێکی چاکم هەیە نامەوێت بکەوێتە دەست پیاوەکانی حاجی یا قاجار لەبەر ئەوە بە دیاری ئەیدەم بە تۆ.

مستەر جۆنز رازی بوو کتێبەکانی میرزای گەورە لەگەڵ خۆیدا بباتو رازیش بوو ئەسپەکە بەو مەرجە ببات کە نرخەکەی بدات بە میرزا. میستەر جۆنز بۆ ئەم مەبەستە ئەچێتە ماڵی میرزا حسێنو ئەنووسێ:

سەرەتا وامزانی (٦٠٠) کتێبە بەڵام پاشان ئاشکرا بوو کە (٧٥٠) کتێبە. ئەم کتێبانە بە جوانترین خەتو بەرگ رازابوونەوە، بەرگی هەندێ لە پەڕتووکەکان بە رووپۆشێکی زێڕو جەواهیری ورد رازێنرابوونەوە. بەرگی ئەوانی تر بە

مقەبایەکی جوان دروست کرابوون کە هەموویان نەخش و نیگار بوون. لەنێو ئەم کتێبانەدا شانامەیەکی دەوری سوڵتان مەحمودی غەزنەوی تێدا بوو. چەند ڕۆژێك لەگەڵ میرزادا خەریکی بەستنی پەڕتوکەکان بووین. پاش تەواوبوونی بەستنی کتێبەکان من داوام کرد کە کاغەزێك لەم بارەیەوە لە نێوانماندا بێت بەڵام میرزا رازی نەبوو. لە کاتی ڕۆیشتنمدا ژن و منالی میرزا هەواڵی ئەم کتێبانە ئەزانن و ئەڵێن ئاغا محەممەد خان ئاگاداری ئەم پەڕتووکانەیەو ئەگەر ئەم کتێبانە لە ئێران بچنە دەر ئەوا ئاغا محەممەد خان کە گەیشتە شیراز داوای ئەکات، ئەگەر بزانێت پەڕتووکەکان نەماون یا میرزا ئەکوژێت یا داوای پارەیەکی زۆر ئەکات، لەبەر ئەوە ئەم پەڕتووکانە نابێ لە ئێران دەرچن. لەبەر ئەوە لە ناردنی کتێبەکان پەشیمان بوونەوە.

کاتێ ئاغا محەممەد خان هاتە شیراز دوای ئەڵماسەکانی لوتف عەلی خان داوای ئەم کتێبخانەیەی کرد. کەوابوو ئەگەر بڕیاری زیرەکانەی ئەو ڕۆژەی بنەماڵەی میرزا نەبوایە ئەوا هەموو بنەماڵەی میرزا بە دەستی ئاغا محەممەد خان ئەکوژران و ئەم کتێبخانەیە گیانی میرزای لە کوشتن و کوێرکردن پاراست.

بەمجۆرە دوای شەش مانگ مستەر جۆنز شیرازی بەجێهێشت و لەگەڵ حاجی ئیبراهیمی بازرگان ڕووی کردە بوشەهر. مستەر جۆنز لەم بارەیەوە ئەڵێ:

لەناو بارەکانمدا یەك قورئانی دەستنووسی تێدا بوو کە زۆر کۆن بوو کە بە هەزار ڕوپییە کڕیبووم، ئەترسام بیدۆزنەوە، چونکە من مەسیحی بووم و ئەگەر ئەم





قورئانەیان لای من بدۆزیایەتەوە ئەوا چارەنووسم دیار نەئەبوو.

هەرچۆن بوو مستەر جۆنز و حاجی ئیبراهیمی بازرگان خۆیان گەیاندە نزیکی کازرون و لە نزیك شار پشوویان دا. کاتێ حاجی بۆ کڕینی پێویستی چووە ناو شار پیاوەکانی ڕەزا قولی خان پێیانزانی و بردیانە لای ڕەزا قولی خان، ئەویش بە فێڵ دەعوەتی کردن کە شەو بچنە ماڵی تا بیانگرێت. بەڵام یەکێك لە نۆکەرەکانی ڕەزا قولی خان ئەمانی لە پیلانەکە ئاگادار کردو ئەوانیش بە پەلە ڕێکەوتن و کازرونیان بەجێهێشت، بەڵام ڕەزا قولی خان پیاوەکانی بە دوایاندا ئەنێرێ و دوای تەقەو شەڕێك ئەوان خۆیان دەرباز ئەکەن و ئەچنە دەشتی کمارج و ناوچەی دەسەڵاتی زاڵ خانی خشتی. لێرەدا پشوو ئەدەن.

لێرە هەواڵیان بیست کە لوتف عەلی خان دوێنێ گەیشتۆتە خشت. خێرا مستەر جۆنز ئەچێتە لای زاڵ خان تا هەواڵ بدات بە لوتف عەلی خان و لوتف عەلی خان ئەنێرێ بە دوای مستەر جۆنزدا. مستەر جۆنز وا باسی ئەم دیدارە ئەکات:

دیم لوتف عەلی خان لەژێر چادرێکی بچوکدا لەسەر سەرجلی ئەسپەکەی دانیشتبوو و پاڵی دابووەوە بە زینی ئەسپەکەیەوە. شمشێر و دەمانچەکەی لەگەڵ ئەو تفەنگەی من بە دیاری دابوومێ لە کەنار خۆیدا داینابوون. ئەسپەکەی لە دەری چادر بەسترابووەوە. دەرگای چادر کراوە بوو. چوومە پێشەوەو کڕنوشم برد. بە ئیشارە وتی وەرە پێشەوە. کاتێ چوومە ناو چادرەکە دەستی هێنا ویستم دەستی ماچ بکەم بەڵام بە سەرسوڕمانەوە دەستی ڕاوەشاندم و گوشیو

وتی: لای ئێوە بەمجۆرە بەخێرهاتن ئەکەنو، وتی فەرموو دانیشە. بەڵام هەرچی سەیرم کرد هیچی لێنەبوو لەسەری دانیشتمو زەویش هەمووی تەڕ بوو. لوتف عەلی خان زوو تێگەیشتو خێرا وتی: نالێم لەسەر زەوی دانیشە، وەرە لای خۆم دانیشە، قسەم هەیە لەگەڵت. خێرا کەوتە پرسیارکردن: هەواڵت لە ماڵی من هەیە؟ ئایا پێش دەرچوونت لە شیراز فەتحوڵلا خانی کوڕمت دیوە؟ میرزا حسێن چۆنە؟ خەڵکی شیراز لەبارەی منەوە چی ئەڵێن؟ حەز ئەکەن من بگەڕێمەوە شیراز؟

کاتێ پرسیار تەواو بوو وتم: میرزا حسێن منی ڕاسپاردووە کە هەموو شتێك بۆ تۆ باس بکەم. لەگەڵ ماڵی ئێوە بە ڕێزەوە ڕەفتار ئەکرێت، لەو بارەیەوە خەیاڵت ئاسوودە بێت هەرچەندە لەژێر چاودێریدان. هێشتا مۆڵەتیان بە فەتحوڵلا خان نەداوە لە ئەرگ دەربچێت، هەروەها خەسرەو خانی برات، منو میرزا هیچ یەك نە فەتحوڵلا خانو نە خەسرەو خانمان بەم زوانە نەدیوە. میرزا حسێن زۆر دڵتەنگەو دڵشکاوە. بەڵام لەبارەی خەڵکەکە ئەبێ بڵێم ئازایەتیو لێوەشاوەیی تۆ بۆتە شیعرو گۆرانیو خەڵکی شیراز لە کۆڵانو بازاڕدا ئەیلێنەوەو هەموو خەڵکی بە هیوای گەڕانەوەی تۆن.

لەم کاتەدا جۆنز هەندێ لەو شیعرو هۆنراوەو گۆرانیانە بۆ لوتف عەلی خان ئەخوێنێتەوە. پاشان (فرانکلین ئەسکات) ئەم هۆنراوەو گۆرانیانەی کۆ کردۆتەوەو لە بیرەوەرییەکەیدا بە ناوی (سەفەرێك لە بەنگالەوە بۆ بۆمبەیو





شیراز) نووسیویەتی:

ئەم هۆنراوە پاش کوژرانی لوتف عەلی خان لە زەمانی لوتف عەلی خانەوە دانراوەو خەڵك ئەیانووتەوە:

یا رب ستدی ملك ز دست چومنی          دادی بە مخنثی نەمردی نەزنی
از گردش روزگار معلومم شد          پیش تو چە دف زنی چە شمشیرزنی

واتە:

خوایە پاشایەتیت لە من سەندەوەو دات بە نێرەموکێکی نە ژنو نە پیاو بە تێپەڕبوونی زەمانە بۆم روون بووەوە کە لای تۆ لۆتییەكو جەنگاوەرێك وەك یەکە.

# بەشی بیستەم

**دەردەدڵێی لوتف عەلی خان**

لوتف عەلی خان پاش بیستنی هونراوەکانی مستەر جۆنز فرمێسك پەڕییە چاوی، مستەر جۆنز ئەڵێ:

لوتف عەلی خان چاوی بڕیبووە بنمیچی چادرەکەو بە پەلە قسەی ئەکردو وتی: ئەگەر خوا کردی جارێکی تر چوومەوە شیراز دەسەڵاتی تەواو ئەدەم بە میرزا حسێن. پاشان پرسی: ئایا تۆ باوەڕت بە چارەنووس هەیە؟ خۆی وەڵامی دایەوە: نا! نا! ئەڵێن فەرەنگییەکان باوەڕیان بە چارەنووس نییە. بەڵام گوێ بگرە باوکم‌و باپیرم زۆریان میرزا حسێن خۆش ئەویست، خۆیشم خۆشم ئەوێ، بەڵام بەداخەوە باوك‌و باپیرو خۆیشم لە کاتی تەنگانەدا گوێمان بۆ قسەکانی نەگرت. کاتێ سادق خانی باپیرەم لە بەسرە گەڕایەوە میرزا حسێن لە بەرامبەری بە چۆکدا هات‌و لێی پاڕایەوەو وتی: ئەبولفەتح خانی کوڕی کەریم خان بکە بە پاشاو من بکە بە سەرپەرشتی کارەکان. بەڵام باپیرم بە پێچەوانەوە ئەبولفەتح خانی گرت‌و کوێری کردو خۆی بوو بە پاشاو ئەم کارە بووە هۆی کوژرانی. کاتێ جەعفەر خانی باوکم سەید مراد خان‌و عەلی قولی خانی گرت میرزا حسێن باوکمی ئامۆژگاری کردو وتی: ژنەکانی سەید مراد خان لە حەرەمسەرا دەربکە. بەڵام باوکم بە گوێی نەکردو ئەمە بووە هۆی سەربڕینی. پێش ئەوەی منیش بچم بۆ ئسفەهان میرزا حسێن منی لەو پیلانە نهێنییەی حاجی ئیبراهیم ئاگادار کردو لە منی داوا کرد کە حاجی بگرم‌و





پیلانەکەی پووچەڵ بکەمەوە. بەڵام من وەك باوو باپیرم گوێم پێنەدا. ئەوەبوو کە من ئاوام بەسەر هات کە ئەمبینی. لەم چادرە کۆنەو لەسەر ئەم زینە لەم دەشتەدا بێکەس. بەڵام هەرچی بوو خۆم کردم. زاڵ خان ئامادەیە چادرو شتی چاکم بداتێ بەڵام تا خۆم هەموو شتێك بەدەست نەهێنمەوە ئەبێ وەك پیاوە هەژارەکانم بژیم. ئەمە ڕێگەی کەریم خانە لە کاتی تەنگانەدا هەڵی ئەبژارد.

مستەر جۆنز لەبارەی ناوچەکەو ئەوانەی ئامادەن یارمەتیی لوتف عەلی خان بدەن ئەپرسێ‌و لوتف عەلی خان ئەڵێ:

لام وابێ میر عەلی (پیاوێکی خەڵکی بەندەر ریگە) هەموو پارەو ئەسپەکانی داوە بە من. حەز ئەکەم ڕۆژێك بتوانم وەڵامی ئەو هەموو پیاوەتییەی بدەمەوە. شێخ نەسری نەفامی والیی بوشەهر کە خەریك بوو بیگرم، هەرچەندە کە بشمگرتایە هیچم پێنەئەوت چونکە پێشتر یارمەتیی دابووم‌و ئەوەم لەبیر نەچووە، ئێستا بە یارمەتیی حاجی ئیبراهیم دژی من وەستاوە. بەڵام گەر بمگرتایە ئەوا پێمئەوت ئەی نەزان چۆن جیاوازیی نێوان من‌و حاجی ئیبراهیمی بەقاڵ نازانی. لەبیرم دێ پاش کوژرانی باوکم ڕۆژێك حاجی محەممەد عەلی بەهبەهانی خاوەن ماڵەکەی تۆ وتی: تۆ نابێ لە شێخ نەسر هیچ چاوەڕوان بکەیت چونکە ناوبراو حەیوانێکەو خوا بە مێشکێکی بچوك‌و دوو گوێی درێژەوە دروستی کردووە.

مستەر جۆنز ئەپرسێ: گوایە لە سیمیرم نزیك بوو دیل بکرێیت.

لوتف عەلی خان ڕووداوەکە ئەگێڕێتەوە:

بەڵێ ڕاستە، چون حەز ئەکەیت بزانیت بۆت باس ئەکەم: هەوا تازە تاریك ببوو، بوو بە هەراوهوریا ڕووبەڕووی چادرەکەی من، لەو کاتەدا من بە تەنیا لە پشوودانداا بووم، خێرا خۆم ئامادە کرد، سەرەتا وامزانی قاجارەکان هێرشیان هێناوە. خێرا ڕووم کردە هەراکە، تەقە گەرم بوو، من هەر ئەچوومە بەرەو هەراکە تا کاتێ خۆم لەناو کۆمەڵێکدا دی کە یەکێك بە ناوی خۆم بانگی کردم: لوتف عەلی خان لە کوێیە؟ پاشان دەنگی زاڵ خانم بیست کە ئەیوت: دوژمن هێرشی کردۆتە ناو چادرەکەی لوتف عەلی خان بەڵام بەر

دەستیان نەکەوتووە. بانگم کردە زاڵ خان: مەگەر چی رووی داوە؟ قاجار هێرشیان هێناوە؟ ئاغا محەممەد خانی خەساویشی لەگەڵە؟ زاڵ خان وەڵامی دایەوە: نە قوربان حاجی ئیبراهیم شیرازی گرتووەو لێرەش براکەی (عەبدولڕەحیم خان) ئاژاوەی ناوەتەوەو ئەیەوێت جەنابت بگرێت. شۆڕش کەتووەتە ناو لەشکرەوە. منیش وتم: کەوابوو ئەسپەکانمان بدۆزینەوەو لە لەشکر دوور بکەوینەوە تا بەیانی بزانین چی رووی داوەو دۆستو دوژمن لێك بکەینەوەو نەخشەی داهاتوو دابنێین. لەم کاتەدا پیاوێك دەمانچەیەکی نا بە منەوە بە جۆرێك کە باروتی گوللەکە درا لە دەموچاوم.

لەم کاتەدا لوتف عەلی خان ئەو باروتەی چووبووە ژێر پێستی پێشانی جۆنزی داو درێژەی بە قسەکانی دا:

گوللەکە خەریك بوو بدات لە سەرم، منیش خێرا بە شمشێر سەری کابرام لێکردەوە. هێشتا لەو جێگەیە بووین کە کۆمەڵێك سوار پەیدا بوونو باسی منیان بوو. هەنگاوم هەڵهێنا کابرا بانگی کرد: راوەستە! بێژە بڵێ بزانم لوتف عەلی خان لە کوێیە؟ کابرا میر ئاخورەکەی خۆم بوو، ناسیمەوە. کابراکە منی دی خۆی دا بەسەر قاچمداو ئەیوت: راکە، سواربەو راکە، هەموو شتێکت لەدەست چووە مەگەر ئەسپەکەت. ئەسپەکەی دامیو منیش سوار بووم. لە لەشکر دوور کەوتمەوە تا هەوا روون ببێتەوە. کاتێ رۆژ بووەوە دیم لەشکر بڵاوەی کردووە. چەند کەسێك خەریکی کۆکردنەوەی چادرەکەی منن. چادر ئەوەندەی گوللە بەر کەوتبوو کون کون ببوو. تاڵانچی کەوتبوونە شت چنینەوە. توانیم سێ سەد تا چوار سەد کەس لە لەشکرەکەم کۆ بکەمەوەو روو بکەمەوە شیراز. رۆژی دواتر بەشێکی تر لە هێزەکەم پەیوەندییان پێوە کردم. میرزا حسێنو میرزای گەورەیش هاتنو کەوتینە رێ. لە رێگەدا هەواڵی بەسەرهاتی بەرخوردخانم بیست. هێشتا نەگەیشتبووینە شیراز کە تۆپچییەکان گەیشتنەوە لامان، ئەوەبوو بڕیارمان دا خەڵکی شیراز لە هاتنەوەی خۆمان ئاگادار بکەین، لەوانەیە تۆیش گوێت لە دەنگی ئەم تۆپانە بووبێت.





من هیوام وابوو لایەنگرانو دۆستانم لەناو شارەوە بێنە یارمەتیمان، بەڵام نەمئەزانی حاجی ئیبراهیم حسابی هەموو شتێکی کردووە. من بردنی خۆراکم بۆ ناو شار قەدەغە کرد، بەڵام سوودی ئەوتۆی نەبوو، چەکدارەکانم ماندوو بوون. لەم کاتەدا حاجی توانیی بە نامە لەشکرەکەم بترسێنێ بەوەی کە ئەگەر واز نەهێنن ئەوا ژنو مناڵەکانیان لەناو شاردا سزا ئەدات. نامەکەیان پیشان دامو وتیان چون لە رزگارکردنی شار نائومێد بوونو ژنو مناڵیان لە مەترسیدایە ناچارن واز بهێنن بەڵام لە کاتێکی باشدا یارمەتیی من ئەدەن. میرزا حسێنو میرزای گەورە ئامادە نەبوون من جێبهێڵن بەڵام ناچارم کردن بڕۆن. پاش هەڵوەشانەوەی سوپا بڕیارم دا بچمە بوشەهرو زستان لەوێ بمێنمەوە تا بە یارمەتیی شێخ نەسر لەشکر ساز بدەمەوە. لە رێگەدا تووشی شەڕی زۆر بووین تا گەیشتینە کازرون، رەزا قولی خانی والیی کازرون بەڵێنی بە حاجی ئیبراهیم دابوو کە منی بە زیندوویی یا کوژراوی بۆ ببات. کاتێ گەیشتینە دەشتی کازرون شەڕێکی قورسمان لەگەڵ کازرونییەکان کرد، ئەگەر رەزا قولی نەترسایە (ترسنۆك نەبووایە) ئەوا شەڕ قورستر ئەبوو. ئێمە بیست کەسو چەکدارەکانی رەزا قولی خان نزیکەی (٥٠٠) کەس بوون، بەڵام ئێمە لە دەشتەوە کە دوژمن خۆی حەشار دابوو نەڕۆیشتینو دەستمان دایە کێوە سەختەکان. تەنیا رێگەیەکی زۆر سەختی تێدا بوو و ناچار هەموو ئەسپەکانمان بەجێهێشت تەنیا غوڕان نەبێ کە لە زۆر جێگەدا بە دەست هەڵمان ئەگرتو لە سەرەوژێرە سەختەکاندا رامانئەکێشا. پیاوەکانی رەزا قولی نەیانئەوێرا دوامان بکەون بەڵام ئەسپەکانی ئێمەیان ئەکەوتە دەست (٣٠ ئەسپ)، پاشان هاتینە دەشتستانو، زاڵ خان کە پێشتر ناردبوومەوە هاتە پێشوازیمان. پاش ماوەیەك میر عەلی والیی ریگ هاتە لامو هەرچییەکی هەبوو پێشکەشی کردمو شێخ نەسریش هات من بگرێت بەڵام کاتێ گیانی خۆی دەرباز کرد زۆر خۆشحاڵ بوو. پاش ئەوەی دەشتستانییەکانم سەرکوت کرد ئێستا بە یارمەتیی زاڵ خان خەریکی کۆکردنەوەی هێزم.

# بةشى بيست و يةكةم

**بةسةرهاتى دةرياى نور و طةوهةرةكانى تر**

هەرچەندە باسی ئەم ئەڵماسانە پەیوەندیی ئەوتۆیان نییە بەم باسەوە بەڵام لەبەر گرنگیی رۆڵی (دەوری) ئەم گەوهەرانە لە ژیانی لوتف عەلی خاندا باسی مێژوو و چۆنیەتیی پەیدابوونیان ئەکەین. لێرەدا ناچارین بە کورتی باسی هێرشی نادر شا بۆ هیندستانو بەدەستهێنانی ئەم ئەڵماسانە بکەین.

نادر شا پاش شەڕو رووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر رۆژی ١٩ی نۆڤەمبەری ١٧٣٨ی زایینی لە تەنگەی خەیبەر تێپەڕیو رووی کردە هیندستان، هەرچەندە پەڕینەوە لە رووباری سندو شەڕەکانی سەر رێگە هەمووی گرنگ بوونو ئازایەتیی نادر شا دەرئەخەن بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی بکرێو پەیوەندیی بەم باسەی ئێمەوە هەیە شەڕی (کرنال)ە. لەم شەڕەدا هێزی ئێران (٩٠) هەزار کەسو سەدو پەنجا تۆپو دوو هەزار فیلو دوو هەزار وشتر بوو، هێزی هیندییەکانیش (٢٠٠) هەزار کەسو (٥٠٠) تۆپو دە هەزار فیلو دوو هەزار وشتر بوو.

پاش ئەوەی نەسروڵڵا میرزای کوڕی نادر کچی پاشایەکی هیندی مارە ئەکات محەممەد شای باوکی کچە بایی (٣٧٥) ملیۆن ریال گەوهەرو بەردی بەنرخو مرواریو یەك زرێی زێڕو چەند دەنك ئەڵماسو سێ فیل بە تەختی زێڕەوەو پێنج ئەسپی بەناوبانگ بە زینو بەرگی رازاوەوە بە دیاری ئەدا بە زاواکەی.





لەم دیارییە بە ئەندازەی (٧٥) ملیۆن ریال درا بە ئەفسەرەکانی لەشکرو (٢٥٠) ملیۆن ریال درا بە سەربازەکان.

لە رۆژی ١٨ی زیلحیجەی ساڵی ١١٥١ی کۆچی بە فەرمانی محەممەد شا (عەزیموڵڵا خانو (وەکیل سیتارام) والیی بنگالە بە هەموو کارمەندانی دەربارەوەو (سەردار تەهماسب قولی خانی جەلایر) لەلایەن نادر شاوە کۆمیسیۆنێکیان پێکهێنا لە ماڵی (سەربلند خان) بۆ ئەوەی ئەو پارەو دیارییانە تۆمار بکەن کە ئەبێ بدرێ بە نادر شا. سەرەتا ماڵو دارایی دەوڵەمەندانی هیندی تۆمار کراو پاشان ئەو ئەندازەیەی کە ئەبوو بیدەن دیاری کرا. ئەم کۆمیسیۆنە (٢٢) رۆژ کاری کردو پاشان لیستی دیارییەکانیان بەم جۆرەی خوارەوە خستە پێش چاوی نادر شا:

دیارییەکانی محەممەد شا:

١) جەواهیرو بەردە بەنرخەکانی پاشای هیندیو شازادەکانی تر: ٩٣٧,٥٠٠,٠٠٠ ریال.

٢) تەختی تاووسو (٩) تەختی رازاوەی ترو شتومەکی لە زێڕو زیو دروستکراو (تەخت کورسیی پاشایە): ٣٣٧,٥٠٠,٠٠٠ ریال.

٣) زێڕو زیوی خەزێنەی پاشاو دیاریی تایبەتیی محەممەد شا: ٣٥٣,٧٥٠,٠٠٠ ریال.

٤) شتومەکی ناو کۆشکەکانی پاشای هیند: ١١٢,٥٠٠,٠٠٠ ریال.

٥) پارچەی لە زێڕ چنراوی بەنرخ: ٨٥,٠٠٠,٠٠٠ ریال.

٦) چەكو تەقەمەنیی وەك تۆپ، تفەنگ، شمشێر، نێزەو خەنجەر: ٣٧,٥٠٠,٠٠٠ ریال.

دیارییەکانی مەهراجەکانو فەرمانداو سەرکردەکانی لەشکری هیند:

٧) مەهراجەو فەرمانداو والییەکان: ٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ریال.

٨) ناوەند ئەفسەرانی سوپا: ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ریال.

٩) دیاریی مزەفەر خان: ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ریال.

١٠) دیاریی نیزامەلمولك‌و قەمەرەدین خان: ١١٠,٠٠٠,٠٠٠ ریال.

١١) دیاریی کەسوکاری خان دوڕانی فەرماندەی سوپای هیند:

٣٧,٥٠٠,٠٠٠ ریال.

١٢) دارایی سەعادەت خانی بورهانەلمولك: ١١,٢٥٠,٠٠٠ ریال.

کۆی هەمووی: ٣,٧٢٥,٠٠٠,٠٠٠ ریال.

(ئەم ڕێژانەی سەرەوە لە کتێبی سێر جێمز فرێزەردا هاتووە).

لە هەندێ سەرچاوەی تریشدا ئەم ڕێژەیە باس کراوە بەڵام جیاوازیی تێدا بەدی ئەکرێ وەك لەمانەی خوارەوەدا هاتووە:

١) سێر جان مالکم لە پەڕتووکەکەی بە ناوی مێژووی ئێراندا:

٧٠,٠٠٠,٠٠٠ لیرەی ئینگلیزی.

٢) سێر پرسی دولافوز لە پەڕتووکەکەی بە ناوی مێژووی هینددا:

٩٠,٠٠٠,٠٠٠ لیرەی ئینگلیزی.

٣) س. ف. دولافوز لە پەڕتووکی مێژووی هینددا:

٣٣,٠٠٠,٠٠٠ لیرەی ئینگلیزی.

٤) ژەنەراڵ کیشمیش ف. روسی لە پەڕتووکی شەڕەکانی نادر شادا:

٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ روپییەی هیندی.

٥) پرۆفیسۆر ئیدوارد براون لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێراندا:

٨٧,٥٠٠,٠٠٠ لیرەی ئینگلیزی.

٦) ڤلادیمێر مینۆرسکی روسی لە مێژووی نادر شادا:

١١٠,٠٠٠,٠٠٠ روپییەی هیندی.





٧) محەممەد عەلی فروغی لە پەڕتووکی مێژووی ئێراندا:

٣٠٠ تا ٧٠٠ کرور تمەن.

٨) ئیقبال ئاشتیانی لە پەڕتووکی مێژووی گشتیدا:

٣٠٠ تا ٧٨٠ کرور تمەن.

٩) عەبدوڵڵا رازی هەمەدانی لە پەڕتووکی مێژووی ئێراندا:

٤٠٠ تا ٨٠٠ کرور تمەن.

١٠) ویلیام شتولس‌و ئاندرس لە پەڕتوکی باری بازرگانیی ئێراندا لە زمانی جوناس هانوی بازرگانی ئینگلیزی کە ساڵەکانی ١١٥٦ تا ١١٦١ (واتە ساڵەکانی حکومەتی نادر شا) لە ئێراندا بووە، ئەم ڕێژەیەی دەستکەوتی نادر بە پارەی ئەڵمان بە ١,٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠ مارك بەراورد کردووە، کە ٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠ مارکی بە شێوەی قاڵبی زێڕو زیو بووەو ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ مارکی بە شێوەی جەواهیرو بەردی بەنرخ بووە کە بە پارەی ئەمڕۆی ئێران ئەکاتە ٥٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ تمەن‌و هەروەها نرخی تەختی تاوسی بە ٢٢٥,٠٠٠,٠٠٠ مارك داناوە. کەمترین ڕێژەش کە لە مێژووی نووسەرە ئەوروپاییەکاندا هاتووە ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ لیرەی ئیستەرلینگە.

لەناو ئەم دیاری‌و دەستکەوتانەدا سێ ئەڵماس بە ناوەکانی (دەریای نور)و (کوه نور)و (ئاڕلوڤ) بوون کە لە هەموو ئەڵماسەکان گەورەترو بەنرخترbوون.

١) دەریای نور: ئەم ئەڵماسە زۆر جوان نییە، ئەوروپاییەکان بەم ئەڵماسە ئەڵێن مەغۆلی گەورە. پێش ئەوەی بتراشرێ ٧٨٠ قیرات بوو کە ئێستا ٢٨٠ قیراتەو وەك لەتە سێوێك وایە. ئەم ئەڵماسە دەست بە دەست کەوتە لای پاشاکان‌و هەمیشە بە خۆیان بووەو نرخی ئەم ئەڵماسە بە ١٢,٠٠٠ لیرەی ئیستەرلینگ دانراوە.

٢) کوه نور: ئێستا لە مۆزەخانەی ئنگلستاندایە، یەکێك لە ئەڵماسە

بەناوبانگەکانی جیهانەو ئینگلیزییەکان پێی ئەڵێن شای ئەڵماس. ڕەنگ‌و تەراشی بێوێنەیە. ئەم ئەڵماسە لە سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیحەوە لای (ئویەئین) ڕاجەی هیندی لە (ڕاجپوتانا)دا بووە. ئەم ئەڵماسە دەست بە دەست ئەگاتە دەستی محەممەد شاو ئەویش لە ترسی نادر لە مێزەرەکەیدا ئەیشارێتەوە بەڵام نادر بەمە ئەزانێ‌و بە گەمەوە مێزەری محەممەد شا هەڵئەگرێ‌و لەسەر سەری خۆی دائەنێ. بەمجۆرە ئەڵماسەکە داگیر ئەکات. پاشان ئەم ئەڵماسە دەست بە دەست گەیشتەوە هیندستان‌و کەوتە دەست ئینگلیزەکان. پێش تەراش ٧٩٣ قیرات بوو بەڵام دوای دوو جار تەراش ئێستا ١٠٦ قیراتە.

٣) ئارلۆڤ: لە مۆزەخانەی مۆسکۆدایە، ئەم ئەڵماسە پاش کوژرانی نادر فرۆشرا بە بازرگانێکی ئەرمەنی، کێشەکەی ١٩٣ قیراتە.

# بەشی بیست و دووەم

**حاجی ئیبراهیم ماندوو ئەبێت**

هەرچەندە حاجی ئیبراهیم کەوتبووە تاڵانکردن‌و راونان‌و گرتنی بنەماڵەی زەندو لاوازی کردبوون بەڵام هەر ترسی مابوو و نیگەران بووبوو. نیگەرانیی حاجی ئیبراهیم شێخ نەسریشی گرتبووەوە. شێخ نەسر لە زەمانی باوکیدا یارمەتیی لوتف عەلی خانی دابوو بەڵام لەم دواییەدا بە یارمەتیی حاجی دژی لوتف عەلی خان وەستابوو. ترسی سەرەکیی شێخ نەسر لەبەر ئەوە بوو کە والیی بەندەری ریگ پاڵی دابوو بە لوتف عەلی خانەوە. لەبەر ئەوە داوای یارمەتیی لە حاجی ئیبراهیم کرد. حاجی خێرا هێزێکی بە فەرماندەی رەزا قولی خانی شاهسۆن بۆ بەرەنگاریکردنی لوتف عەلی خان نارد. شێخ نەسریش بە هێزێکەوە لە بوشەهرەوە رێکەوت تا ئەم دوو هێزە لە دوو لاوە لوتف عەلی خان بدەنە بەر هێرش. هەردوو هێز لە گوندی بەرازجان بەیەك گەیشتن‌و ئامادەی شەڕ بوون. لوتف عەلی خان بە هێزێکی کەمەوە بە یارمەتیی زاڵ خانی خشتی‌و ئەمیر عەلی خانی حەیات داودی لە بەندەر ریگەوە رێکەوت بۆ بەرەنگاریی دوژمن، لە رێگەدا سوڵتان عەلی خانی هەزار نێزەیش کە بە (٧٠) کەسەوە لە شیرازەوە رایکردبوو پەیوەندیی بە لوتف عەلی خانەوە کرد.

لوتف عەلی خان لە تەنگەی تەنگستان هێرشی کردە سەر هێزەکەی رەزا





قولی خانی شاهسۆن‌و بەو هێزە بچوکەیەوە لەشکرە گەورەکەی رەزا قولیی شکاندو پرشوبڵاوی کرد. شێخ نەسر رایکرد بەرەو بوشەهرو رەزا قولی بەرەو کازرون‌و (٢٥٠) چەکداری رەزا قولی خان لە هۆزی عەبدولمەلیك هاتنە لای لوتف عەلی خان.

هەواڵی ئەم سەرکەوتنەی لوتف عەلی خان‌و تێکشکانی هەردوو لەشکری رەزا قولی خان‌و شێخ نەسر ترسی خستە دڵی حاجی ئیبراهیمەوە. ناوبراو کە تا پێش ئەم شکانە دەمی لە سەربەخۆیی‌و ئازادییەوە ئەدا ناچار بوو دەست بە دامانی ئاغا محەممەد خانی قاجار ببێت. بۆ ئەم مەبەستە دانیشتنێکی ساز داو پاش باسی شکان‌و هەروەها ئەوەی کە ئەمان ناتوانن لە رووی لوتف عەلی خاندا راوەستن هاتە سەر باسی ئەوەی کە ئەبێ داوای یارمەتی لە ئاغا محەممەد خان بکەن. پاش ئەمە حاجی ئیبراهیم حاجی قولی خانی بە سێ هەزار مایینی زەندییەوە وەك دیاری نارد بۆ ئاغا محەممەد خان‌و نامەیەکی پاڕانەوەی ناردو داوای لێکرد هێزێك بۆ یارمەتیی ئەمان رەوانە بکات‌و چەند کەسێکیش بۆ وەرگرتنی دارایی‌و شتومەکی حکومەت‌و بنەماڵەی زەند.

ئاغا محەممەد خان کە لە ئازربایجان بوو ئەم نامەو دیارییانەی حاجیی پێگەیشت، لە پاداشتی ئەم کارەی حاجیدا، ئەوی کرد بە والیی شیرازو نازناوی خان‌و جەنابی دایەو بۆ وەرگرتنی دارایی بنەماڵەی زەندو کۆچ پێکردنی بنەماڵەی لوتف عەلی خان رەزا قولی خانی نەوایی‌و سەید عەلی خانی قەزوینی دیاری کردو بە فەتح عەلی خانیش فەرمانی دا کە مستەفا خانی قاجار بە چوار هەزار کەسەوە بنێرێتە ئابادەو کاتێك پێویستی کرد بچێتە یارمەتیی حاجی ئیبراهیم.

پاش ئەو سەرکەوتنە باسی ئەوە کرا کە لوتف عەلی خان خۆی بۆ هێرشی تر ئامادە ئەکات. حاجی ئیبراهیم لەشکرێکی حەوت هەزار کەسیی بە

فەرمانـدەی رەزا قـولی خـانی شاهـسۆنو هاوکـاریی لوتـف عـەلی خـانی فـیروز ئابادیو رەیس قاسم کوهمرەییو رەزا قولی خانی کازرونی نارده بەرەنگاری لوتف عەلی خان. هەردوو هێز لە کازرون رووبەڕوو بوونـەوە، بـەلاّم لەشکرە زۆرو بۆرەکـەی شـیراز خێـرا تێکشکاو خـۆی خزانـدە قـەلاّی کازرون. سـەرەتا لوتف عەلی خان قەلاّی گەمارۆ داو لە هێرشێکدا گرتی. کۆمەلێك لە هێزەکەی حاجی کوژراو هەندێکی تریان گیران. لەم شـەڕەدا رەزا قـولی خـانی کازرونیو کوڕەکـەی گـیرانو بـە سـزای خۆیـان گەیـشتن. پاشـان لوتـف عـەلی خـان هاتـە گونـدی جـویمو دە رۆژ مایـەوەو پاشـان رووی کـردە شـیرازو لـە شـەش کیلۆمەتری شیراز هۆبەی هەلّدا، بەلاّم حاجی هەموو لایەنگرەکانی لوتف عەلی خانی لەناو شاردا چەك دامالّ کردبوو. لوتـف عـەلی خـان رووی کـردە زرقـان بەلاّم خـەلك لـە ترسـی حـاجی پێـشوازییان نـەکرد، ناچـار بـە زۆر چـووە نـاو شـارەوەو قـەلاّی شـاری دروسـت کـردەوەو چـەکداری لـێ دانـا. حـاجی کاتـێ ئاگـاداری ئەمـە بـوو بـاقر خـانی گلـەداریو هـادی خـانی بروجـردی بـە (٥٠٠) چەکدارەوە نارده یارمەتیی خەلکی زرقان. ئەمانە کاتێ گەیشتن قەلاّ گیرابوو، ناچار لە دەری شار مانـەوە. خێـرا لوتـف عـەلی خـان هێزێکـی نـاردە سـەریان. هادی خان کوژراو باقر خان بـە هـەموو چـەکدارەکانییەوە گـیران. پـاش ئەمـە لوتف عەلی خان هێزێکی لە قەلاّ داناو خۆی شـیرازی گـەمارۆ دا. بـەلاّم گرتنـی قەلاّی شیراز ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوە لوتف عەلی خان لـە حـاجی راسـپارد کـە یەکێك لەم دوو مەرجە پەسەند بکات:

١) ئەگەر ژنو منالّی لوتف عەلی خان بنێرێتە دەر ئەوا گەمارۆ لا ئەبرێ.

٢) سوێند بخوات واز لە شەڕ بهێنێو دەرگای شار بکاتـەوەو رێگـەی راسـت بگرێتە بەر.

حاجی هەردوو مەرجەکەی رەت کردەوەو رەبیع خانی مرودەشـتی نـاردە





لای مستەفا خانی قاجار لە ئابادە تا هێرش بکاتە سەر لوتف عەلی خان.

## شکانی مستەفا خانی قاجار

مـستەفا خـانی قاجـار لەسـەر داوای حـاجی بـە چـوار هـەزار کەسـەوە لـە لاڕێوە خۆی گەیاندە شیراز، لە دەری قەلاّ چادری هەلّدا. حاجی کەوتە پیلانو ویستی لوتف عەلی خان بکێشێتەوە زەرقانو لە قەلاّدا گەمارۆی بدات. بـۆ ئـەم کارە داوای لە فەرماندەی پاسـەوانەکانی دەروازەی ئـسفەهان کـرد کـە بـە فێلّ هەوالّ بدات بە لوتف عەلی خانو بلێ کەوا لایەنگری ئەوەو داوای لێبکات شەو خۆی بگەیەنێتە نزیکی شیراز. لوتف عەلی خان کە ئەم نامەیەی پێگەیشت بـە سێ سەد کەسەوە رووی کـردە دیـواری شـیراز، بـەلاّم کاتـێ بـاری نـاو دەروازەی ئالۆز دی زانیی ئەمە تەلّەیەو خێرا بەرەو زرقان گەڕایەوە. لوتف عەلی خـانی فیروز ئابادی ئەمەی بە هـەل زانـیو هێرشـی بـردە سـەر لوتـف عـەلی خـان لـە تەنگەی الله اکبر بەلاّم لەم جێگەیەدا هێزێکی قاجار لەگەلّ لەشکری زەنـد بـە فەرماندەی سولّتان عـەلی خـانی زەنـد لـە شـەڕدا بـوون. سـەرەتا سـولّتان عـەلی خـان شـکا، بـەلاّم لوتـف عـەلی خـان تـوانیی هێـزە پەراکەندەکـە کـۆ بکاتـەوەو هێرشـی پێـچەوانە بکاتـە سـەر لەشـکری قاجـارو بـە سەرسـوڕمانەوە تـوانیی لەشکری چوار هەزار کەسی قاجار پەرشوبلاّو بکاتو مستەفا خـانی قاجـاریش بریندار بکات. حـاجی ئیـبراهیم خێـرا هێـزە بلاّوبووەکـەی کـردە نـاو قـەلاّوە. لوتف عەلی خـان سـەرکەوتووانە هاتـەوە زرقـانو دوای چـەند رۆژێـك شـیرازی گەمارۆ دایەوە.

## سەرکەوتنی دیکەی لوتف عەلی خان

بە شکانی مستەفا خانی قاجار ترس کەوتە گیانی حاجیو ناچار هاواری بردە لای محەممەد خانی قاجار. بۆ ئەم مەبەستە بەشێك لە دارایی بنەماڵەی زەند وەك سندوقی مرواریکراو خەنجەری ئەڵماسو جەواهیراتێکی زۆری بە میرزا رەزا قولیو سەید عەلی خانی قەزوینیدا نارد بۆ تاران. ئەم دوو کەسە لە لاڕێوە خۆیان گەیاندە تارانو دیارییەکانیان دا بە محەممەد خانی قاجارو بارودۆخی شیرازیان بۆ باس کرد وەك شکانی مستەفا خانو ترسی حاجی. خواجەی قاجار پاش بینینی ئەم دیارییانە هێزێکی حەوت هەزار کەسیی بە فەرماندەی جان محەممەد خانی قاجارو رەزا قولی خانی قاجارو دولوی بوخاری باشی لە رێگەی ئەرسنجانەوە نارد بۆ شیرازو مانگی جمادی اول ساڵی ١٢٠٦ گەیشتنە ناو شیراز.

ئەم هێزە پاش پشوویەکی سێ رۆژە لەگەڵ هێزە شکاوەکەی مستەفا خانو چەکدارەکانی حاجی ئیبراهیمدا لە شار هاتنە دەرو لە دەشتی کشن ئامادەی شەڕ بوون. لوتف عەلی خان بە سوپایەکی کەمەوە هێرشێکی ئازایانەی کردە سەر لەشکری قاجار. لەم هێرشەدا لەشکرە گەورەکەی قاجار تێکشکاو رەزا قولی خانی دولو کوژراو چەکدارەکانی تر ئەوەی توانی خۆی گەیاندەوە شیرازو ئەوانی تر گیرانو کوژران.

## قاتوقڕیو پیلانی حاجی ئیبراهیم

لوتف عەلی خان سەرەتا ئەڵقەی گەمارۆی تەنگتر کردەوە، بەڵام لەبەر تەواوبوونی خۆراك ناچار بوو بگەڕێتەوە زرقان. بارودۆخی ناو شیرازیش زۆر خراپ بوو، خەڵك زۆریان بۆ هاتبوو. لەم کاتەدا حاجی کۆمەڵێکی تری خەڵك لە شیراز دەرکرد تا لەلایەکەوە نەیارەکانی پاك بکاتەوەو لەلایەکی تریشەوە





خۆراکی ئەمانە دیاری بکات. لەم کاتەدا مستەفا خانیش ناچار لەبەر بێ خۆراکی چووە ناوچەی کربال لە نزیك شیراز بەڵام لە ترسی لەشکری زەند نەیتوانی لەوێ بمێنێتەوەو ناچار چووە باخی جیهان نما. لەم کاتەدا لوتف عەلی خان هێرشی کردە سەر مستەفا خانو لەشکرەکەی لێك هەڵوەشاندو گەڕایەوە زرقان. لەم کاتەدا هۆزەکانی نانگلیو مافی کە پێشتر دۆستی حاجی بوون لەبەر چەند هۆیەك وەك دۆستایەتیی حاجی لەگەڵ قاجارەکانو دوژمنایەتی حاجی لەگەڵ هۆزەکانو ئازایەتیو ناوبانگی لوتف عەلی خان، ویستیان حاجی بکوژن. بەڵام حاجی بەم خەیاڵەی ئەوانی زانیو لە شار دەری کردن، ئەوانیش خێرا چوونە لای لوتف عەلی خان.

# بەشی بیستو سێیەم

**شەڕی دوڵی ئەبرەج**

ئاغا محەممەد خان هەمیشە ئەیووت سێ شت بۆ ئەوە ئەبن لە مێژوودا بنووسرێن: یەکەم ئازایەتیی لوتف عەلی خان کە بە (٤٠٠) تا (٥٠٠) کەسەوە بەرەنگاری سێ هەزار چەکدار بووەوە.

سێر جان ملکم، لاپەڕە ٣ — ١٩٢.

روضة الصفا بەرگی نۆهەم، لاپەڕە ٢٤٧.

شکانە یەك لە دوا یەکەکانی لەشکری حاجیو قاجارەکانو پاڕانەوەی حاجی، ئاغا محەممەد خانی خستە سەر ئەو خەیاڵەی کە خۆی بۆ کۆتاییهێنان بە کاری لوتف عەلی خانو بەدەستهێنانی تاجو تەختی زەند بچێتە شیراز. بۆ ئەم مەبەستە بەهاری ١٢٠٦ بە لەشکرێکی سی هەزار کەسییەوەو چەكو تەقەمەنییەکی زۆرەوە لە تارانەوە رووی کردە شیرازو گەیشتە چەمەن ئەبرەج.

لوتف عەلی خان خێرا لە زرقانەوە بە هێزێکی کەمەوە هاتە بەرەنگاریی خواجە. لوتف عەلی خان ئەیویست بە شەڕی پارتیزانی دوژمن ماندوو بکات. بۆ ئەم کارە ئەبوو لە بارودۆخی لەشکری دوژمن ئاگادار بێت، لەبەر ئەوە ئەبوو پێش دوژمن بگاتە ناوچەی ئەبرەجو بۆ ئەم کارەیش ئەبوو لە تەنگەی ئەبرەج تێپەڕێت.





خواجە کە ئەمەی زانی یەکێك لە پیاوەکانی بە ناوی ئیبراهیم خانی ئەشرەفی مازەندەرانی نارد لە تەنگەی ئەبرەج جێگیر ببێتو وتی: بە جۆرێك ئەو تەنگە بخەرە ژێر چاودێری کە یەك کەسیش نەتوانێت لەوێوە هاتوچۆ بکاتو، کاتێ هێزەکەی لوتف عەلی خان گەیشت بیانخەرە تەڵەوەو نابێ هیچ کەسیان دەربچن.

ئیبراهیم خان وتی: بەڵێن ئەدەم باش چاودێریی تەنگە بکەم.

خواجە وتی: ئەگەر کەمتر خەمی بکەیت سەرت لێ ئەکەمەوە.

ئیبراهیم خان لە ترسی خواجە هەوڵی دا باش چاودێریی دۆڵەکە بکات. هێزێکی باشی لەگەڵ خۆی برد، دەوروبەری دۆڵەکەی دیوار کردو رێگەی باریك کردەوە بە جۆرێك تەنیا یەك کەس بتوانێت لێوەی رەت ببێتو لە پشتی دیوارەکەوە چەکداری داناو لە دوا ئەوانەوە کەسی تری دانا کە تفەنگ دابگرنەوە.

لوتف عەلی خان بە کەمتر لە (٥٠٠) کەسەوە گەیشتە دۆڵەکەو کێوەکانی دەوری دۆڵەکەی هەڵبژاردو وەستا تا هەوا تاریك بوو. هەندێ چەکداری پیادەی لەگەڵ خۆی بردو ئەوانی تری لە دەری دۆڵەکە دانا. لوتف عەلی خان کە لە شەڕی پێشمەرگەییدا تەواو لێهاتوو بوو توانیی لە کێوەکان سەربکەوێتو لە هێزەکەی ئیبراهیم خان نزیك ببێتەوە بێ ئەوەی پێی بزانن. لوتف عەلی خان سێ کەسی نارد بۆ لایەکی دۆڵەکەو سێ کەسی تر بۆ لای ئەولای دۆڵەکە تا بزانن هەواڵ چییە. ئەم شەش کەسە دوای پشکنینی تەواو گەڕانەوە لای لوتف عەلی خانو وتیان لە ناوەڕاستی کێوەکە کەسی لێ نییە بەڵام لە هەردوولای دۆڵەکە چەکداری قاجار دامەزراونو ئامادەی تەقەن. لوتف عەلی خان پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە هێرشێکی کوتوپڕی کردە سەر هەردوو لای دۆڵەکە، واتە لە پشتەوە هەڵی کوتایە سەر

چەکدارەکانی دوژمن. ئەو شەوە (٢٢)ی سەفەری ١٢٠٦ بوو. هێرش کاتژمێر دووی شەو دەستی پێکردو لە دوو سەعاتدا هێزی دوژمن لێکهەڵوەشاو ئیبراهیم خان کوژراو دۆڵەکە پاك کرایەوەو هەموو چەکدارەکانی دوژمن کوژرانو هەندێکی کەمیان دیل کرانو، زانیاریی پێویست لە دیلەکان وەرگیرا. لە پشتی ئەم دۆڵە دەشتی بەرینی ئەبرەج بوو کە ئاغا محەممەد خان خۆی لێ مەڵاس دابوو، بەڵام لە چواردەوری لەشکرەکەی سەنگەری لێدابوو لە ترسی هێرشی شەوانەی لوتف عەلی خانو دیوارێکی لە دەوری سەربازگەکەی دروست کردبوو و پاسەوانی لە چواردەوری دیوارەکە دانابوو.

لەولایشەوە لوتف عەلی خان کە سەرکەوتبوو بڕیاری دا هێرشێکی کوتوپڕ بکاتە سەر لەشکری خواجە. بۆ ئەم مەبەستە چوار کەسی نارد هەواڵ وەرگرن، ئەم کەسانە چوونە لای دیواری دەوری لەشکری خواجەو بارودۆخەکەیان هەڵسەنگاندو گەڕانەوە بۆ لای لوتف عەلی خان، لوتف عەلی خان خۆشحاڵ بوو و وتی:

- خراپترین بەرگری ئەوەیە کە مرۆڤ پشت بە شتی بێ گیان ببەستێت، پشتبەستن بە دیواری گڵ لە شەڕدا بە تایبەت لە شەڕی پارتیزانیدا بە واتای خۆکوشتنە. ئەو کابرایە وا ئەزانێت دیوارو زۆری لەشکر ئەیپارێزن. ئەبێ ئێوە گورزێکی وای لێبدەن لە ناو بردنتان لەشی بکەوێتە لەرزە، ئەمە زۆر گرنگە.

هێرشی ئازایانەی ئەو شەوەی لوتف عەلی خان کە بە (٤٠٠) کەسەوە هەڵی کوتایە سەر (٣٠) هەزار کەس نە لەوەوپێشو نە لەوەوبەدوا لە مێژوودا نەبینراوە. ئەگەر ئاغا محەممەد خان خۆی ئەم ڕاستییەی باس نەکردایە لەوانەبوو کەس باوەڕ نەکات، هەمیشە ئاغا محەممەد خان ئەوەی دووپات ئەکردەوە کە: (سێ شت ئەبێ لە مێژوودا بنووسرێت: یەکەم ئازایەتیی لوتف عەلی خان کە بە ٤٠٠ کەسەوە هاتە سەر ٣٠ هەزار کەس).





لێرەدا ئەگەر ڕووداوێکی بچوك ڕووی نەدایەو هەندێ خەیانەتو فێڵبازیی خواجە نەبوایە ئەوا لوتف عەلی خان شەڕی بردبووەوەو کار یەکلاییی ببوو. شەڕو ڕووداوەکە بەم جۆرە بوو:

پاش سەرکەوتنی دۆڵی ئەبرەج لوتف عەلی خان بە پەلە ڕووی کردە ئەبرەج، کە نزیك بووەوە دوو دەستەی لە هێزەکەی دا بە محەممەد خانو عەبدوڵڵا خانی مامەیو بڕیاری دا لە سێ لاوە هێرش بەرن. لە نیوەشەودا هەرچەند لەبەر مانگەشەو هێرش ئاسان نەبوو بەڵام هێرش دەستی پێکرد، لەبەر خێرایی هەڵمەتەکە لەشکری قاجار لێکهەڵوەشاو بوو بە هەرا، (٤٠) کەس لە جەنگاوەرانی زەند تا نزیکی چادری خواجە هاتن، لەم کاتەدا فەرماندەیەکی قاجار بە ناوی (میرزا فەتحوڵڵای ئەردەڵانی) هاتە لای لوتف عەلی خانو وتی خواجە ڕایکردووەو لەبەر پێشگیری لە تاڵانکردن وا چاکە خانی زەند دەست لە شەڕ هەڵبگرێو تا ڕۆژبوونەوە چاوەڕوانی بکات. لوتف عەلی خان بەم قسەیە باوەڕی کردو فەرمانی شەڕ وەستانی دا. لەم کاتەدا چەکدارەکانی کەوتنە تاڵانکردنو پاشان ڕوویان کردە مرودەشت. کاتێ ڕۆژ بووەوە لوتف عەلی خان بۆی دەرکەوت کە خواجە ڕاینەکردووەو ناچار ڕووی کردە مرودەشتو پاش دوو ڕۆژ ڕووی کردە کرمان.

سێر هارفۆرد جۆنز لە بیرەوەرییەکانیدا بەم شێوەیەی خوارەوە باسی ئەو ڕووداوانە ئەکات:

ئاغا محەممەد خان سەرەتا هەموو بەرزاییەکانی نێوان ئەسفەهانو ئستەفری خستە ژێر کۆنترۆڵو پاشان بە لە شکرێکی قورسەوە لە ناوچەیەك نزیك بە گەردەنەی (گروم) هۆبەی هەڵدا. ئاغا محەممەد خان بەهۆی زۆریی هێزەکەیو گرنگیی ناوچەکەو کەمیی لەشکری لوتف عەلی خانو دووریی ئەوان بێ خەم کەوتە پشوودان. بەڵام لوتف عەلی خان پاش هەڵسەنگاندنی

بارودۆخەکە لە یەك هەڵمەتی وادا کە تا ئێستا لە مێژوودا نەبینراوە خۆی گەیاندە گەردەنەی ئەبرەج و پاشان لە کاتێکدا کە لەشکری قاجار نانی ئێوارەیان ئەخوارد هەڵی کوتایە سەریان و لێکی بڵاوکردن و دوای ئەوە هێرشی کردە ناوجەرگەی لەشکر و پاش بەرگرییەکی توند سوپای قاجار تێکشکا. لەم کاتەدا فەتح عەلی خان خۆی گەیاندە لوتف عەلی خان و وتی تا بەیانی شەڕ بوەستێنە و چاوەڕێ بکە. لوتف عەلی خانیش چون زۆر ماندوو بوو بەم پێشنیارە خائینانەیە رازی بوو. کاتێ رۆژ بووەوە ئاغا محەممەد خان کەوتەوە خۆ و هێزە لێکهەڵوەشاوەکەی کۆ کردەوە و لوتف عەلی خان لەشکرە بچوکەکەی کۆ کردەوە و بە ئارامی کشایەوە. خواجەی قاجار هیچ پێشگیریی لێنەکرد هەرچەندە پیاوەکانی داوایان لێکرد کە هێرش بکاتە سەری بەڵام ناوبراو وتی: هیچ کات نابێ هێرش بکەیتە سەر شێرێکی برسی کاتێ لە تۆ دوور ئەکەوێتەوە.

خواجە رووی کردە شیراز، حاجی هەر لە دوورەوە هاتە پێشوازیی و دەروازەکانی شاری دا بەدەستەوە و بنەماڵە و دارایی لوتف عەلی خان و گیان و ناموسی خەڵکی شیرازی خستە ژێردەستی ئەم خواجە ستەمگەرەوە. لێرەدا ئاغا محەممەد خان بە حاجی ئیبراهیم ئەڵێ:

- حاجی من لە ژیانی خۆمدا سێ رووداوی سەرسوڕهێنەرم دیوە، یەکیان ئەو هەموو ئازایەتییەی لوتف عەلی خان بوو کە بە (٤٠٠) کەسەوە هاتە سەر لەشکرە گەورەکەی من و دووەم ئەو خەیانەتە گەورەیەی تۆیە.

ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە خەیانەتەکەی حاجی بێ وێنە بوو، هەروەها ئازایەتیی لوتف عەلی خان جێگەی گومان نییە. لە ماوەی هێرشەکەدا خواجە لەگەڵ فەتح عەلی خاندا پەیوەندیی هەبوو، واتە بە پێی نەخشە و پیلانی خەیانەتکارانە شەڕی شەی پوری سەرکەوتنی لوتف عەلی خان لێدراو پێشنیاری پێکرا کە تەقە راوەستێنێ، واتە فەتح عەلی خان هەواڵی دا بە خواجەی ناپیاو کە لوتف عەلی خانی رازی کردووە تا بەیانی





تەقە راوەستێنێ.

پاش گەیشتنی خواجە بۆ شیراز یەکەم کەس کە هێنایانە لای میرزا محەممەد حسێن (وەفا) بوو و یەکەمین پرسیاریش ئەوە بوو کە: چی بەسەر کتێبخانەکەدا هاتووە؟

میرزا حسێن وەڵامی دایەوە: لێرەیە.

خواجە وتی: چاکە کە لێرە ماون. ئەگەر بە کابرای ئەوروپاییت بفرۆشتایە کە هاتبوو بۆ کڕینی جەواهیر ئێستا ژیانی خۆت و خێزانت لەدەست ئەداو، ئەو کەسەیش کە جەواهیراتی لە ئێران ئەبردە دەر سزام ئەدا.

ئەم رووداوە میرزای گەورە ساڵی ١١٨٨ی هەتاوی بۆی گێڕامەوە و ناوبراو خۆی لەو جێگەیەدا ئامادە ببوو.

ئاغا محەممەد خان کە دیی حاجی چاوەڕێیەیە وتی:

- با ئەم پیاوە خائینە چاوەڕێ بێت، کەسێك کە خەیانەت لە گەورەی خۆی بکات واتە خەیانەت لە کەسێك بکات کە کردوویەتی بە جێگری خۆی و وڵاتێکی داوەتە دەست ئەگەر دەستی بڕوا ئاخۆ چی بەسەر مندا، کە بە دوژمنم ئەزانێ، ئەهێنێ.

نزیك نیوەڕۆ پاش چەککردن و پشکنینێکی چاك حاجی و هاوڕێکانیان بردە لای خواجە. کاتێ خواجە دەموچاوی چرچ و بێ مووی خواجە و دەنگی ژنانەی ئەوی دی خێرا رواڵەت و جوانیی لوتف عەلی خان هاتەوە بەرچاوی و لە دڵەوە لەو هەموو خەیانەتە پەشیمان بوو. خواجە هەرچەندە حاجیی کرد بە وەزیری خۆی بەڵام هەرگیز باوەڕی پێنەبوو و بە فەتح عەلی خانی جێگری خۆی وتبوو: مەهێڵە ئەم پیاوە هەرگیز ئاسوودە بێت و ئاگاداری ببە. ئەم راسپاردەیەی خواجە کاری خۆی کردو کاتێ فەتح عەلی شا دیی حاجی خەیاڵی خراپە ساڵی (١٢١٥) حاجی و بنەماڵە و کەسوکارەکەی کۆ کردەوە و هەموویانی کوشت تەنیا یەکێکیان نەبێ.

له مێژووی قاجارییه نووسینی عەبدوڵڵا مستوفی دا هاتووه:

گوایه ئاغا محەممەد خان به فەتح عەلی شای وتبوو ئاگاداری حاجی ببه، ئەو چۆن لوتف عەلی خانی به ئێمه فرۆشت، ئێمەیش به خەڵکی تر ئەفرۆشێت. بەڵام فەتح عەلی شا سەرەتا ئەم راسپاردەیەی لەبیر کردو حاجیی بەرز کردەوەو کردی به سەرەك وەزیر. حاجی هەموو کەسوکاری خۆی کردە وەزیرو والیو کاربەدەستی بەرز. نەیارەکانی ئەمەیان بۆ فەتح عەلی شا روون کردەوەو شایان هان دا که له ناویان بەرێ. سەرەتا له هەموو شارەکاندا پیاوی باوەڕپێکراو جێگیر کران تا له کاتی دیاریکراودا به یەك جار هەموو کەسوکاری حاجی بکوژن، له هەمان کاتدا حاجیشیان خسته ناو مەنجەڵو کوڵاندیانو هەموو داراییەکەیان دەست بەسەرا گرت.

بڕیار درا دوو کوڕی حاجی بخەسێنرێن، یەکەم به ناوی میرزا عەلی رەزا خەسێنرا بەڵام ئەوی تر به ناوی عەلی ئەکبەر لەبەر نەخۆشی وازی لێهێنرا.

ئەو رۆژە کاتێ حاجی کلیلی شاری دا به خواجەی قاجار، خواجه پرسیی:

- خەزێنەی زەند له کوێیەو؟ چەندەیە؟

حاجی وەڵامی دایەوە:

- خانی قاجار سەلامەت بێت، خۆت باشتر ئەزانیت کەریم خان خەریکی پاره کۆکردنەوە نەبووەو ئەوەندە باجی وەرئەگرت کە بەشی خەرجیی ئاوەدانکردنەوەی بکات. خواجه ئەم قسەیەی لای خۆش نەبوو و ئیشارەی کرد تەپڵیان لێدا (خواجه لەبەر ئەوەی دەنگی له دەنگی پیرێژن ئەچوو رووی نەبوو قسه بکات بەڵکو ئیشارەی ئەکرد تەپڵیان لێئەدا)، واته حاجی بێ دەنگ به. پاشان خواجه وتی کاتێ شار دیواری نەما ئەوکات دێینه ناو شار. خواجه له ترسی گەمارۆ دران نەیئەوێرا بچێته ناو شارەوە. حاجی وتی:

- مەگەر دیوارێك کە کەریم خان دروستی کردووە تێك ئەدرێت، ئەمه





کارێکی نەگونجاوە، وەك ئەوە وایە بەردێك ورد بکەیت.

خواجه وتی: ئەگەر بەقەدەر ئەڵماسیش سەخت بێت تێکی ئەدەم.

پاش چەند مانگێك دیوار تێکدراو له (١٨)ی شەوالی ١٢٠٦دا (١١٧٠ هەتاوی) خواجه هاته ناو شارەوەو له باخی وەکیل نیشتەجێ بوو. خێرا فەرمانی دا کوڕە مناڵەکەی لوتف عەلی خانیان خەساندو لەگەڵ دایکی رەوانەی ئەستراباد کران. پاشان فەرمانی دا کوڕەکەی کەریم خان هەڵکەنن (له کاتێکدا کەریم خان له باوك چاکتر بوو بۆ خواجەی دڕندە)و ئێسکەکانی رەوانەی تاران بکەن تا له پلیکانەکانی قەسرەکەیدا بیخەنه ژێر گڵ بۆ ئەوەی هەمیشه به سەریدا بڕوات. بەڵام پاش چەند ساڵێك فەتح عەلی شا فەرمانی دا ئەم ئێسکانه دەربهێننەوەو له نەجەف یا له شا عەبدولعەزیم بینێژن.

ئاغا محەممەد خان سێ مانگ له شیراز مایەوەو پاش تاڵانکردنی هەموو ماڵو خانووەکانی کەریم خان گەڕایەوە تاران (محەرەمی ساڵی ١٢٠٧).

پاش چەند مانگ مانەوە له تاران خواجه دووبارە بۆ لەناوبردنی لوتف عەلی خان هاتەوە شیرازو، له شەعبانی ١١٠٧ی بەرامبەر ١١٧٠ هەتاویدا هاته چەمەن ئاسپاسو پێشتریش هەواڵی به حاجی دابوو که لەم جێگەیەدا ئامادەبێت. سەرەتا خواجه فەتح عەلی خانی قاجارو مستەفا خانی قاجاری لەگەڵ عەبدولڕەحیم خانی کوڕی تەقی خانی یەزدی به هێزێکەوە نارد بۆ دەوروبەری کرمانو خۆی هاته چەمەن ئاسپاس، که گەیشته جێ خێرا به حاجی وت:

- حاجی خێرا ئەسەدوڵڵای کوڕتو ژنەکەی بهێنه ئێرە.

حاجی ئەسەدوڵڵای ٩ ساڵەی کوڕی لەگەڵ ژنەکەی وەك بارمته هێنایه لای خواجه، خواجه ئەم دوو بارمتەیەی نارده قەزوینو بارمتەکانی تری نارده تارانو خۆیشی به خەیاڵی ئاسوودەوە رۆژی ١٤ی محەرەمی ساڵی ١٢٠٨ گەڕایەوە تاران.

# بةشى بيستو ضوارةم

**كرمان**

پاش شەڕەکەی ئەبرەج لوتف عەلی خان لەگەڵ چەند خزمو هاوڕێیەکیدا ڕووی کردە کرمان. والیی کرمان میرزا ئەبولحەسەن خان کەهەگی مۆڵەتی نەدا بچنە شارەوە، شەویش کوڕەکانی نەزەر عەلی خانی زەند کە ڕقی کۆنیان لە لوتف عەلی خان بوو هێرشیان کردە سەری. لوتف عەلی خان ڕێگەی لاری گرتەبەر بەو هیوایەی عەبدوڵڵا خانی لاری یارمەتیی بدات بەڵام عەبدوڵڵا خان هیچی بۆ نەکرا، لەبەر ئەوە لوتف عەلی خان ڕووی کردە سیرجانو ڕەفسنجانو لەوێوە بۆ کوبنانو ڕاوەر. میرزا محەممەد خانی ڕاوەری ویستی لوتف عەلی خان بگرێتو بیداتە دەست خواجەی قاجار. لوتف عەلی خان ناچار لە ڕێگەی لوتی چل پایەوە ڕووی لە تەبەس کرد. ئەمیر حسێن خانی تەبەسی پێشوازیی لە لوتف عەلی خان کردو دوای (٥٠) ڕۆژ میوانداریی سێ سەد سواری خستە ژێر دەستی. کاتێ لوتف عەلی خان ئاگاداری تێکدانی دیواری شیراز بوو، بەو هێزە بچوکەوە بە هیوای گرتنی شیراز بەڕێ کەوت. لە نزیکی یەزد محەممەد تەقی خانی یەزدی بەرەنگاری بووەوە. لوتف عەلی خان بەو هێزە کەمەوە لە ناوچەی ئەردەکان هێرشی کردە سەر لەشکرەکەی محەممەد تەقی خانو لە یەکی هەڵوەشاندو ڕووی کردە ئەبەرقو. خەڵکی ئەبەرقو پێشوازییەکی چاکیان لێکرد. ماوەی بیست ڕۆژ مایەوە، لەو ماوەیەدا





لایەنگرەکانی لە دەوری کۆ بوونەوەو لەشکرێکی پێکهێنا. پاشان نەسروڵڵا خانی مامەی لەوێ داناو خۆی بە لەشکرەوە ڕووی کردە قەڵاکانی بواناتو ئستهبانات. خەڵکی ئەو ناوچانە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاریکردن تەنها نەیرێز نەبێ. لوتف عەلی خان لە هەڵمەتێکدا نەیرێزی گرتو پاشان ڕووی کردە دارابگردو خێرا گرتی. هەواڵی هاتنەوەی لوتف عەلی خان بۆ ناوچەی فارس (شیراز) ترسی خستە دڵی حاجی ئیبراهیمو خواجەی قاجارەوە. ئاغا محەممەد خان هێزێکی حەوت هەزار کەسی بە فەرماندەی محەممەد حسێن خانی قوینلو ناسراو بە دوداغ ناردە بەرەنگاریی لوتف عەلی خانو بە دوای ئەودا محەممەد ئاغای قاجاری بە چوار هەزار کەسەوە وەك هێزی پشتیوان ڕەوانەی شەڕ کرد. محەممەد حسێن خان قوینلو نەیتوانی هیچ بکات، پاش خواردنی گورزێکی باش لەلایەن لوتف عەلی خانەوە ناچار پاشەکشەی کرد.

لوتف عەلی خان ماوەی (١٥) ڕۆژ لە نزیك لەشکری دوژمندا خۆی حەشار داو کەوتە هەڵسەنگاندنی لەشکرە (١١) هەزار کەسییەکەی دوژمن. پاش ئەم ماوەیە هەڵمەتی بردە سەر لەشکری دوژمنو بۆ چەندین جار بەسەر لەشکری قاجاردا سەرکەوت.

بەڵام خواجە وازهێنەر نەبوو، هەر جارە هێزێکی گەورەتری ئەنارد. ئەم شکانە یەك لە دوا یەکانەی لەشکرەکەی ئاغا محەممەد خانی وا تووڕە کردبوو کە کەوتبووە گیانی کەسوکارو براکانی خۆیشیو هەموویانی یا بە کوشت، یا کوشتبوونی یا کوێری کردبوونو تەنیا خان بابای برازای توانی ڕزگاری ببێت.

لەم کاتەدا حاجی ئیبراهیم نەخشەی داوێکی بۆ لوتف عەلی خان دانا، بۆ ئەم مەبەستە داوای لە هەموو لایەنگرانی خۆی لە هەموو ناوچەکاندا کرد کە لوتف عەلی خان بگرنو بەمە پلەوپایەی خۆیان بەرنە سەرەوە. یەکێك لەو

لایەنگرانەی حاجی تەقی خانی یەزدی بوو. لوتف عەلی خان کاتێ لە تەبەس بوو ئەمیر حسێن خان نامەیەکی نووسی بۆ تەقی خان تا لە کاتی پێویستدا یارمەتیی لوتف عەلی خان بدات. لوتف عەلی خان لە نزیکی یەزد نامەکەی نارد بۆ تەقی خان بەڵام تەقی خان کە ئەڵقە لە گوێی حاجی بوو شیرازی لەم کارە ئاگادار کردو داوای یارمەتیی کرد بۆ گرتنی لوتف عەلی خان. حاجی بە پەلە هێزێکی بۆ نارد. کاتێ لوتف عەلی خان بینی وەڵامی تەقی خان نییە زانیی پیلانێك لە گۆڕێدایە، لەبەر ئەوە کەوتە رێ بەڵام دی کە ئەیانەوێت رێگەی لێبگرن. لوتف عەلی خان تەنیا سەد سواری لەگەڵ بوو، بەڵام سەد سواری وا کە ئەیتوانی بچێ بە گژ هێزێکی گەورەدا. بەمجۆرە درێژەی بە رێگەی خۆی دا، پیاوەکانی حاجیو تەقی خانیش بە دوایاندا رۆیشتنو بەو هیوایەی لە کاتی پشووداندا لەناکاو بچێتە سەریان. بەڵام لوتف عەلی خان لەوە وریاتر بوو کە بکەوێتە داوی ئەوانەوە. پاش دوورکەوتنەوە لە چاوی پیاوەکانی تەقی خان لوتف عەلی خان لە کاروانسەرایەکی کۆنی سەر رێگە لای دا. تەقی خان ئەیویست لوتف عەلی خان لەم کاروانسەرایەدا بخاتە داوەوە، بەڵام لوتف عەلی خان دەستپێشی کردو کاتێ پیاوەکانی تەقی خان نزیك بوونەوە لوتف عەلی خان لەناکاو بە حەفتا سوارەوە خۆی گەیاندە ناوجەرگەی دوژمن، لەم هەڵمەتەدا بەشێك لە پیاوەکانی تەقی خان کوژرانو خۆیشی (تەقی خان) بریندار بوو. هێزەکەی لوتف عەلی خان پاش ئەم هەڵمەتە هەر بەو خێراییە کشانەوەو دوور کەوتنەوە. لوتف عەلی خان خۆی گەیاندە تەبەسو ئەمیر حسێن خان بە گەرمی پێشوازیی لێکرد، بەڵام ئەمیر حسێن خان ئەو توانایەی نەبوو یارمەتیی پێویست بدات بە لوتف عەلی خان. لوتف عەلی خان بڕیاری دا بچێ بۆ قەندەهار بەڵام لە رێگە هەواڵی بیست تەیمور شای قەندەهار مردووە لەبەر ئەوە پەشیمان بووەوەو هاتە قاین. لەلایەن





ئەمیر عەلی خانی قاینی والیی قاینو ئەمیر عەلەم خانی کوڕییەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا. ماوەیەك لە قاین مایەوە کە نامەیەکی جیهانگیر خانی سیستانی لە نرماشیرەوە پێی گەیشت، جیهانگیر خان دۆستی بنەماڵەی زەند بوو، لە نامەکەدا وتبووی هەرچی لە توانایدایە ئەیخاتە ژێر دەستی لوتف عەلی خانەوە. لوتف عەلی خان خێرا وەڵامی جیهانگیر خانی دایەوەو لەم کاتەدا والیی (بم)یش پشتیوانیی خۆی بۆ لوتف عەلی خان دەربڕی.

لوتف عەلی خان ماوەیەك لە بم مایەوەو هێزێکی پێکەوە ناو لەسەر پێشنیاری جیهانگیر خان بە نیازی گەمارۆی کرمان کەوتە رێ. لە رێگەدا خەڵکی ماهانو جوپار پەیوەندییان پێوەکرد. لوتف عەلی خان بۆ سازدانی لەشکرەکەی لە جوپار هۆبەی هەڵدا. لەگەڵ هاتنی مانگی شەعبانی ١٢٠٧ (١١٧١ی هەتاوی) لەشکر ئامادە کرا. لوتف عەلی خان سەرەتا عەبدوڵڵا خانی مامی بە هێزێکەوە رەوانەی کرمان کردو خۆیشی بە دوای ئەودا کەوتە رێ. مرتەزا قولی خان والیی کرمانو ئیبراهیم ئاغای قاجار خێرا دەرگای قەڵایان بەست.

لە شەودا عەبدوڵڵا خان لەلایەکەوە هێرشی بردو چەکدارەکانی قەڵا وایانزانی هێزی دوژمن هەر ئەوەیە، لەبەر ئەمە هەموو روویان لەو لایەی قەڵا کرد بۆ شەڕ. لەم کاتەدا لوتف عەلی خان لەلایەکی ترەوە بە دیواردا سەرکەوتو چووە ناو شار. لەم کاتەدا مرتەزا خانو ئیبراهیم ئاغا خۆیان خزاندە ناو ئەرگو لە تاریکیی شەو سوودیان وەرگرتو بۆی دەرچوونو شار کەوتە دەستی لوتف عەلی خان. قەڵای کرمان زۆر قایم بوو.

ئاغا محەممەد خان بۆ بەرەنگاریی لوتف عەلی خان رۆژی چواری شەواڵی ١٢٠٨ (١١٧٢ی هەتاوی) لە تارانەوە هاتە کرمانو شاری گەمارۆ دا. شار هەموو پاڵی دا بە لوتف عەلی خانەوەو شارەکانی دەوروبەریشی پشتیوانی لوتف عەلی

خان بوون بەڵام لەبەر گەمارۆ نەیانتوانی خۆیان بگەیەننە لوتف عەلی خان. سێر پرسی سایکس لەم بارەیەوە ئەڵێ:

> خەڵکی شارەکانی جیرفت، تەهرود، بایك، سێرجان، قەڵاشیر، بم، نرماشیر، رابەر لارو کەهکیلویە هەموو بە لایەنگری خانی زەند راپەڕین بەڵام نەیانتوانی هێزی خۆیان یەك بخەن.

لە جیرفت دوو هەزار کەس دژی لەشکری ئاغا محەممەد خان هەستانو لە شەهرود پێنج هەزار کەس دژی خواجە شەڕیان کرد. بەڵام خواجە گرنگی بە کرمان ئەدا، هەرچەندە ڕێگە باش نەبوو بەڵام خواجە تۆپخانەیەکی چاکی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە بۆ رووخاندنی دیواری قەڵای کرمان کاریگەر بوون هەرچەندە خێرا خەڵکی ناو قەڵا دیوارەکانیان دروست ئەکردەوە. لەبەر ئەوە ئاغا محەممەد خان کەوتە خەیاڵی لێدانی کارێزێك بۆ ژێر دیواری قەڵا تا بەهۆی باروت دیوارەکە تێك بدات. ئاغا محەممەد خان هەرچی کارێزکەنی چاك بوو خستنیە کارو دەست کرا بە کارێز لێدان. لە ناو شاریشدا لوتف عەلی خان لە نەخشەی خواجە ئاگادار بوو و هەرچی کارێزکەنی شار بوو کۆی کردنەوەو لەم بارەیەوە لەگەڵیاندا کەوتە راوێژ. بڕیار درا بۆ بەرگری لەم نەخشەیە ئەوانیش لە ناو شارەوە دەست بکەن بە کارێز لێدان تا ئەگەن بە نزیکی کارێزەکانی دوژمنو لەم کاتەدا بە تەقاندنەوەی باروت کارێزەکانی دوژمن تێك بدەنو پیلانی خواجە پووچەڵ بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە کارێزکەنەکانی کرمان خێراتر لەوانی خواجە دەست بەکار بوون. سێر پرسی سایکسی ئینگلیزی لەم بارەیەوە ئەڵێ:

کاتێ محەممەد خانی قاجار کرمانی گەمارۆ دا رووبەری شارەکە شەش کیلۆمەتر بوو و دیواری شار سەدو بیست بورجی تێدابوو، بەرزیی دیواریش





نۆ مەتر بوو، شێوەی دیواری شار چەند گۆشە بوو، دیوار لە قوڕو بەردو زیخو موو و هەندێ شتی تر دروست کرابوو، لەبەر ئەوە بە ئاسانی خراپ نەئەکرا.

پاش ماوەیەك لە کارێزکەندن، کارێزکەنەکانی خواجە وتیان خەریکە کارێز ئەگاتە کۆتایی. خواجە ویستی شەوو رۆژێك دەست لە کار بکێشنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی قەڵا فریو بدات، ئەو شەوەی کاری کارێز راوەستا دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە هاتو کارێزی خواجە رماو پیلانەکەی پووچەڵ بووەوە. بەڵام خواجە وازی نەهێنا، ئەمجارەیان بە هیوای برسیەتی دانیشت تا خەڵکی کرمان بە چۆکدا بێنێت. سەرەتا ئاوی لە شار بڕیو هەموو کارێزە ئاوەکانی پڕ کردەوە. لوتف عەلی خانیش کە پێشبینیی ئەمەی کردبوو داوای لە خەڵکی شار کرد هەرکەس لە ماڵی خۆیدا بیرێك هەڵکەنێ.

ئەوەی کە بە زیانی کرمان بوو ئەوەبوو کە خواجە بە جوانی ئاگاداری بارودۆخی شاری کرمان بوو، ناوبراو سێ جار لەگەڵ کەریم خاندا هاتبووە کرمانو بە باشی شاری دیبوو و خەڵکی شاریشی ئەناسی، واتە ئاگاداریی پێویستی لەسەر شار هەبوو. کات کۆتایی هاوین بوو، وەرزی سارد بەڕێوە بوو، ئاغا محەممەد خان کە زانیی ناتوانێ بەم زووانە شار بگرێت فەرمانی دا لە دەوری قەڵا خانوو بۆ حەوانەوەی لەشکر دروست بکەن. لەشکر خێرا دەستبەکار بوونو خانوویان بۆ دە هەزار کەس سازکرد کە کەرەستەی ئەم خانووانە لە گوندەکانی دەوروبەر ئەسێنرا. لەم کاتەدا گەمارۆدان کاری کردبووە سەر بارودۆخی شارو برسیەتی دەستی پێکرد. خەڵك زۆریان بۆ هاتو کەوتنە دەرکردنی ئەوانەی خەڵکی ئەو شارە نەبوون، بەڵام وازیان لە پشتیوانیی لوتف عەلی خان نەهێناو، خەڵك لەسەر دیواری شارەوە جوێنیان بە خواجە ئەداو بانگیان ئەکرد خەساو. ئەمە ئاغا محەممەد خانی زۆر تووڕە

کردبوو، ئەیویست هەرچۆن بووە شار بگرێت، بۆ ئەم کارە ویستی کەڵك لە پەیژە وەربگرێت تا سەرکەوێتە سەر دیوار، بەڵام بەرگریی قارەمانانەی خەڵك ئەم نەخشەیەی پووچەڵ کردەوە. ئاغا محەممەد خان ئەیزانی لوتف عەلی خان لە شار دێتە دەر لەبەر ئەوە فەرمانی دا رووبەڕووی دەروازەی شار تۆپ دابەستن تا لەگەڵ کردنەوەی دەرگاو هاتنەدەری لوت بیدەنە بەر تۆپ. برسیەتیو مەرگو میرو نەخۆشی زۆری بۆ خەڵك هێنابوو. لەم کاتەدا خواجە توانیبووی بەشێك لە خەندەقی پڕ لە ئاوی دەوری قەڵا پڕ بکاتەوەو رێگەیەك بۆ گەیشتن بە دیواری شار دروست بکات. لوتف عەلی خان بیری لەوە نەکردبووەوە کە خواجە بتوانێت ئەم خەندەقە پڕ بکاتەوەو، هەروەها کاتێ دیی خەڵك توانای بەرگرییان نەماوە بیری لەوە کردەوە ئەگەر لە شار دەربچێت خەڵکی شار لە دەستی خواجە ئاسوودە ئەبن. خەڵك بەو شێوەیەیش هەر پشتیوانییان لە لوتف عەلی خان ئەکرد، لەبەر ئەوە لوتف عەلی خان نەیئەزانی چی بکات.

خواجە بۆ گرتنی قەڵا فەرمانی هێرشی هەمەلایەنەی دا. بۆ ئەوەی ورەی خەڵکی ناو قەڵا دابەزێنێ نامەیەکی ئەهاویشتە ناو قەڵاو ئەینووسی کە ئەمڕۆ ئاگربارانی فلان بەشی قەڵا ئەکەینو خەڵکی لە تۆپبارانەکە ئاگادار ئەکرد. ئامانجی خواجە لەم کارە ئەوەبوو کە لەلایەك ورەی خەڵکەکە دابەزێو لەلایەکی ترەوە پاسەوانەکان ئەو جێگەیە بەجێ بهێڵنو لە هەمان کاتدا وایئەزانی لوتف عەلی خان مۆڵەت بەوە نادا کە خەڵکەکە لەم شوێنە بڕۆنو ئەوە ئەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی، بەڵام لەم کاتانەدا تەنیا ژنو منالْ ئەو جێگەیەیان بەجێ ئەهێشتو لوتف عەلی خان خۆی یارمەتیی ئەدان کە لەو جێگەیەدا نەمێننو بڕۆنو جەنگاوەرەکان لە شوێنی خۆیان ئەمانەوە، بەمە پیلانی خواجە پووچەڵ ببووەوە. پاش ئەمە خواجە دەستی کرد بە





هێرشو، بە سەربازەکانی وت هەرکەس بتوانێت خۆی بگەیەنێتە بن دیواری قەڵا پاداشتێکی باشی ئەدرێتێ بە بڕی خەرجیی یەك ساڵی خێزانو ماڵەکەی، ئەگەر لەم کارەشدا بکوژرێت سێ بەرامبەری ئەوە ئەدرێ بە خێزانەکەیو هەر دەستەیەك بتوانێت بەشێك لە دیواری قەڵا بگرێت بە هەریەکەیان (٦٠) تمەن پاداشت ئەدرێتو هەرکەسیش بچێتە ناو شارەوە ئازادە چۆن تاڵان ئەکات بیکاتو هەرچییەکی ویست بیکات.

خواجە مەبەستی لەم شتە ژنان بوو، واتە ئەیویست بڵێ هەرکەسێك هەر ژنێکی گرت هەرچی ئەوێت لەگەڵی بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی پیاو نەبوو حەزی نەکرد یا شەرمی کرد ناوی ژن بهێنێ.

بەم هەموو هیوایەیەوە سەربازەکان هێرشیان کردو بە دیوارەکاندا هەڵئەگەڕانو جاسوسو بەکرێ گیراوەکانی ناو شاریش کەوتبوونە چالاکی، بەڵام بەرگری بە هەموو شێوەیەك لە قەڵا ئەکراو هێزی دوژمن هەرچی بە دیواردا سەرئەکەوتن بە کوژراوی یا بە سەرو گوێی خوێناوییەوە ئەکەوتنە خوارەوە. هێرشی رۆژی یەکەم بێ ئاکام بوو.

بەیانی رۆژی دووەم هێرش دەستی پێکردەوە، هەندێ گیانفیدا پەیژەیان نا بە دیواری قەڵاوەو هەندێکی تر دەستیان کرد بە هەڵکەندنی ژێر دیواری قەڵا. لوتف عەلی خان زانی کە هەردوولای رۆژهەڵاتو رۆژئاوای دیوار خەریکە تێك بدرێت خۆی گەیاندە بەشی لای رۆژهەڵاتو لە هەڵمەتێکی ئازایانەدا دوژمنی ناچار بە پاشەکشێ کرد، بەڵام لەلای رۆژئاواوە دیوار کون کراو هەندێ سەرباز کە هاتنە ناو شارەوە خێرا کوژران بەڵام ئەوانی تر توانییان باروت لە ژێر دیوارەکەدا دابنێنو بیتەقێننەوە، بەمە بەشێکی دیوار رووخاو لە ئێوارەدا هێزی دوژمن هاتنە ناو شارو باری شەڕ بە سوودی خواجە گۆڕا.

# بەشی بیست و پێنجەم

**بەجێهێشتنی کرمان**

لوتف عەلی خان کە بارودۆخەکەی بەم شێوەیە دیو بۆ ئەوەی بەڵکو خەڵکی شار لەمە زیاتر زیان نەبینن بڕیاری دا شار بەجێبهێڵێ، لەبەر ئەوە هێرشێکی دەست پێکرد، مێژوونووسە ئەوروپاییەکان بەمجۆرە باسی ئەوە ئەکەن:

> لوتف عەلی خان لە کاتێکدا بە شمشێرەوە هێرشی ئەکرد هاواری ئەکرد من لوتف عەلی خانم. چەکدارەکانی قاجار کە چەند هەزار کەسێك بوون لە ترسا ئەچوونە دواوە. لە هەموو مێژووی ئەوروپادا جەنگاوەرێکی ئازای وەك لوتف عەلی خان هەڵنەکەوتووە.

ئەو شەوە لوتف عەلی خان لەناو شاردا ئەگەڕا کە هەواڵیان دایە دیوار رووخاوە، خێرا لە هێرشێکدا دوژمنیان کردە دەرو دیواریان ساز کردەوە. لەم کاتەدا هەواڵ هات کە کەسوکارو پیاوەکانی ئەسەدوڵڵا خان کە پێشتر شارەوانی شاربوو و چون جاسوسی خواجە بوو لە سێدارەیان دابوو. دەروازەیەکیان بۆ دوژمن کردۆتەوەو هێزی دوژمن هاتنە ناو شارو دەستی خەیانەت یەك لە دوای یەك دەروازەکانی کردبووەوە. خواجە پاداشتێکی چاکی بۆ گرتنی لوتف عەلی خان دانابوو. لوتف عەلی خان ناچار سواری ئەسپ بوو و لە قەڵا لەناو ئەو هەموو هێزەوە دەرچوو و رووی کردە بەم.





## لوتف عەلی خان لە بەم

لوتف عەلی خان کە کرمانی بەجێهێشت لە رێگەدا دیی کە چەند سوارێك بەدوایدا دێن، سەرەتا وایزانی سوارە دوژمنە بۆیە خۆی حەشار دا، کە نزیك بوونەوە دیی جیهانگیر خانی برای والیی بەمو دۆستی خۆیەتی. لوتف عەلی خان بڕیاری دا بۆ کۆکردنەوەی هێز بچێتە سیستانو هەروەها یارمەتی لە والیی قاینو تەبەس وەربگرێت. پاش ماوەیەك رۆیشتن دییان رێگەیان ون کردووەو هێشتا لە گوندی حسێن ئاوایی نزیك کرماندان، ناچار بۆ پشوودانو نانخواردن چوونە ناو گوندەکە. پاش پشوودانێکی کەم لوتف عەلی خان بە تەنیا کەوتە رێو خۆی گەیاندە بەمو چون شەو بوو ماڵی محەممەد عەلی خانی سیستانیی والیی بمی نەئەدۆزییەوە، ناچار لە دەرگای ماڵێکی داو کابرای خاوەن ماڵ لوتف عەلی خانی بردە ماڵی محەممەد عەلی خان.

لوتف عەلی خان پاش نانخواردن چون زۆر ماندوو بوو لێی خەوت. بەیانی زوو محەممەد عەلی خان کە لوتف عەلی خانی دی سەری سوڕما چونکە جیهانگیر خانی لەگەڵ نەبوو. کاتێ خوانی نانی بەیانی ئامادە کراو هەموو لەسەر خوان ئامادە بوون محەممەد عەلی خان چاوەڕێی هەواڵی جیهانگیر خانی برای بوو، بەڵام لوتف عەلی خان هیچی نەووت تا دوای نانی نیوەڕۆ، ئەوکات لوتف عەلی خان بە وردی هەموو شتێکی بۆ محەممەد عەلی خان گێڕایەوەو وتی کە جیهانگیر خان بە دە کەسەوە لە دواوەیەو بە زوویی ئەگات.

(سێر بورتر)ی مێژوونووسی ئینگلیزی لەم بارەیەوە ئەڵێ:

> محەممەد عەلی خانی سیستانی لە وتەکانی لوتف عەلی خان هیچ گومانی خراپی نەبوو، بەڵام هەمیشە ئەیووت: بۆچ پێکەوە نەهاتوون؟

دوای ئەم قسانە لوتف عەلی خان وتی کە بڕیار وایە ئەو بچێ بۆ سیستان بۆ کۆکردنەوەی هێزو وتی کە خواجە لەوانەیە هێزێکی زۆر بۆ گرتنی من بەملاو ئەولادا بنێرێتو لەوانەیە بۆ ئێرەیش واتە بم بێن.

دکتۆر کلوکەی فەرەنسایی کە دکتۆری ناسر الدین شا بووە لەم بارەیەوە ئەڵێ:

> خانی زەند ئەیویست بم بەجێ بهێڵێت، چونکە وای بیر ئەکردەوە کە خانی قاجار پیاوی بۆ گرتنی ئەو ناردووەو لەوانەیە بە زوویی بگەنە بم.

ئەم وتەی لوتف عەلی خان محەممەد عەلی خانی خستە خەیاڵەوەو ترسی ئەوەی لێنیشت کە لەوانەیە پیاوەکانی خواجە بێنە ئێرەو ئەو بە تاوانی هاوکاریی لوتف عەلی خان سزا بدەنو لەوانەیە جیهانگیر خانی برایان وەك بارمتە گرتبێت، لەبەر ئەمە رای لە بەرامبەر لوتف عەلی خان گۆڕاو فەرمانی دا بە پاسەوانەکان کە ئاگادار بن لوتف عەلی خان رانەکات. لەم کاتەدا بە لوتف عەلی خانی وت تۆ ئەبێ بزانیت داهاتووی ئێران پەیوەستە بە ژیانی ئێوەوە، ئەگەر شتێکتان بەسەر بێت ئەوە زیانێکی گەورەیە، ئەبێ بزانن رێگەی بم بۆ سیستان زۆر پڕ مەترسییەو رێگرەکانی (شۆرگەز) بەناوبانگنو لەم کاتەدا لوتف عەلی خان وتی:

- ئێوە دڵسۆزیی خۆتان نیشان ئەدەن بەڵام من لەگەڵ خەڵکی تر جیاوازم، لەناو لەشکری محەممەد خانی قاجارەوە دەرچووم، بۆ من یەك نەفەرو یەك لەشکر جیاوازیی نییەو هیچی وام پێ نییە دز بیبات.

محەممەد عەلی خان وتی:

- من مەبەستم ئەوە نەبوو و هەموو کەس ئازایەتیی ئێوەی دیوە بەڵام لانی کەم ئەبێ ئەمشەو پشوو بدەیتو بەیانی چەند سوارەت لەگەڵ بەڕێ





ئەخەم.

لوتف عەلی خان رازی بوو ئەو شەوە بمێنێتەوە. بەیانی کاتێ لوتف عەلی خان ویستی بڕوات محەممەد عەلی خان بە بەهانەی ئامادەکردنی ئازوقەی سەفەر تا نیوەڕۆ هێشتییەوە، بەڵام هەر جیهانگیر خان دیار نەبوو، محەممەد عەلی خان نیگەران بوو، نەیئەزانی چی بکات.

ئەو رۆژە غوڕان (ئەسپەکەی لوتف عەلی خان) زۆر نیگەران بوو، ئەوەندەی حیلاند کە لوتف عەلی خانیش نیگەران کردبوو، ئەیزانی ئەم ئەسپە بێهوودە ئەوەندە ناحیلێنێ. کاتێ لوتف عەلی خان ئەچووە لای ئەسپەکە، ئەسپ بێ دەنگ ئەبوو بەڵام کە ئەیویست لە تەویلە بێتە دەر ئەسپەکە دەستی ئەکرد بە حیلەو پڕمەو نیگەرانی.

لوتف عەلی خان ویستی بکەوێتە رێ، داوای لە نۆکەرەکەی محەممەد عەلی خان کرد کە زینو جلی ئەسپەکەی ئامادە بکات. لەو کاتەدا کە لوتف عەلی خان خەریکی زینکردنی ئەسپەکەی بوو چەند پاسەوانێکی محەممەد خان هاتنە لایو سەرەتا وتیان با یارمەتیت بدەین لە زینکردنی ئەسپەکەدا، لوتف عەلی خان وتی پێویست ناکات بەڵام چون بە پەلەم بە حاکم بڵێن ئەمەوێت بڕۆم. لەم کاتەدا ئەو چوار پیاوە شمشێریان کێشاو وتیان ئەگەر ئەتەوێت والی ببینی دابەزەو دوامان بکەوە. لوتف عەلی خان ئەسپی تاودا کە لە دەرگا بچێتە دەر بەڵام محەممەد عەلی خان هاواری لە پاسەوانەکان کرد، رێگەیان لێگرت. لەم کاتەدا لوتف عەلی خان ناچار بوو بکەوێتە شەڕ، پاسەوانەکانی تر ورووژانە ناو تەویلەکەوە. لوتف عەلی خان کەوتە شەڕو دوو پاسەوانی کوشت بەڵام دەرگای دەرچوون گیرابوو. سێر هارفورد جۆنز لەم بارەیەوە ئەڵێ:

> لوتف عەلی خان لە شەڕە شمشێردا زۆر خێرا بوو، شمشێرەکەی لە کاتی وەشاندندا نەئەبینرا، هێزو توانای

خانی زەند ئەو رۆژە بۆ رزگاربوونی بە تەواوی بەکاریهێنا.

دکتۆر کلوکە ئەڵێ:

پاسەوانێکی ناسر الدین شا بۆی گێڕامەوە کە ئەو رۆژە هەموو خەڵکی بم لە دژی لوتف عەلی خان بە فەرمانی محەممەد عەلی خان کۆ کرابوونەوە. هەرچەندە خەڵکەکە بەم شتە رازی نەبوو بەڵام بە زۆر کۆیان کردبوونەوە.

محەممەد عەلی خان کە لە گۆشەیەکی تەویلەکەدا خۆی حەشار دابوو وتی هەرکەس بتوانێت لوتف عەلی خان بگرێت یەك کیسە ئەشرەفیی ئەدەمێ.

دکتۆر کلوکە ئەڵێ:

لەم کاتەدا پیاوێك کە خۆی مەڵاس دابوو بە شمشێر قاچێکی ئەسپەکەی لوتف عەلی خانی قرتاندو لوتف عەلی خانیش خێرا بە یەك شمشێر سەری لێکردەوە.

کارەساتێکی غەمناك بوو تراژیدیایەکی وا کە تەنیا مەگەر لە فلیمدا ببینرێ، پیاوێکی پەنابەرو میوان ئاوا لەلایەن خاوەن ماڵەوە ئەکرایە قوربانی.

قرتانی قاچی غوڕانو شەکەتیی زۆر، لوتف عەلی خانی پەکخستبوو. لەم کاتەدا لوتف عەلی خان هەردوو دەستو شانو پشتی بریندار بوون.

محەممەد عەلی خان فەرمانی دا بیگرن بەڵام نەیکوژن. بەم شێوەیە لوتف عەلی خانیان هێنایە ماڵەوەو دەستیان کرد بە دەرمانکردنی.

لەم کاتە محەممەد عەلی خان نامەیەکی بۆ خواجە نووسیو شێوەی گرتنی لوتف عەلی خانی بۆ باس کرد. کاتێ تەتەر لە شار دەرچوو جیهانگیر خانو هاوڕێکانی هاتنەوە بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو.

# بةشى بيستو شةشةم

**بةهارى غةمناك**

هەندێ کات مرۆڤ کارەساتی وا ئەبینێ کە وشەی مرۆڤو مرۆڤایەتی ئەخاتە ژێر پرسیارەوە. شێوەی رەفتارو کرداری لوتف عەلی خانو درندەیی ئاغا محەممەد خان هەر لە رواڵەتیاندا دیارە، بەڵام ئەو پرسیارە بەرجەستە ئەبێت کە ئایا خەڵکی ئەو سەردەمە بۆچ ئەم جیاوازییەیان نەئەزانی؟ ئایا پیاوەکانی خواجە نەیانئەزانی کە خواجە چۆنو بە چ شێوەیەکی درندانە چاوی هاوڕێکانیانو خەڵکی بێتاوان دەردێنێ؟ بەڵام لێرەدا ئەوە دێتە بیری مرۆڤ کە بڵێ ئەو خەڵکەیش کە لەگەڵ خواجەدا بوون هەموو کوێر بوونو هیچیان نەئەدی. هیچ ئاژەڵو درندەیەك ئاوا چاوی هاوچەشنەکەی خۆی دەرناهێنێ.

## کرمان نەورۆزی ١١٧٣ی هەتاوی

یەکێك لە رۆژەکانی کۆتایی زستانی ساڵی ١١٧٣ی هەتاوی لە گۆشەیەکی ئەم وڵاتەدا خەڵکێکی ئازاو خۆڕاگر پاش چەند مانگێك گەمارۆو برسیەتیو نەخۆشیی لەناکاو کەوتنە بەر هێرشی لەشکری خواجەی قاجارو ئەوەی بەسەر خەڵکی کرماندا هات یەکێك بوو لە شەرمەزارترین رووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی.





سایکس لە سەفەرنامەکەیدا بە ناوی (هەشت ساڵ لە ئێران) ئەنووسێ:

> لەشکری ئاغا محەممەد خان بیست هەزار ژنو منداڵیان دیل کردو بە ناوی کەنیز بردیانن. بە فەرمانی خواجە حەفتا هەزار چاویان دەرهێنا. خواجە بە فەرماندەکەی وتبوو کە ئەگەر جووتێك چاو لەم (٧٠) هەزارە کەمتر بێت ئەوا چاوی خۆت دەردێنم.

جان ملکم لەم بارەیەوە ئەڵێ:

> نزیکەی هەشت هەزار ژنو منالی لەنێو لەشکردا دابەش کرد، گوایە حەفتا هەزار کەس کوێر کرانو بەشێکی زیاتر کوژران، ئەوەیشی کە رزگاری بوو لەبەر ئەوە بوو کە جەلادەکان ماندوو ببوونو ئیتر نەیانئەتوانی کار بکەن.

ئەوەی زۆر سەیرو سەمەرەیە ئەوەیە کە خواجە لەم بارەیەوە لەگەڵ خوا رازو نیاز ئەکات بەم جۆرە:

> ئاغا محەممەد خان لەبارەی کوشتاری خەڵکی کرمانەوە زۆرجار لەگەڵ حاجی ئیبراهیمی کلانتەر باسی کردبوو و وتبووی کە: زۆرجار لەگەڵ خوا رازو نیازم کردووەو پاڕاومەتەوە کە ئەگەر خەڵکی کرمان شایانی سزا نین ئەوا با من بەسەریاندا سەرنەکەوم، چونکە ئەکەومە کوشتاریان، کەوابوو ئەمانە تاوانبارن کە من بەزەییم پیایاندا نایەتەوەو گەر نە من ئەوەندە دڵڕەق نیم!.

ئەو رۆژە لەشکر بە فەرمانی خواجە لە هەموو کارێك ئازاد بوو، لە کوشتن، تاڵانو دەستدرێژیی سەر ناموسی خەڵك.

مێجەر سایکس لەم بارەیەوە نووسیویەتی:

لەگەڵ خەڵکی کرمان بەوپەڕی دڕندەیی ڕەفتار کرا، ژنانیان دایە دەست سەربازەکانو فەرمان درا پاش دەستدرێژیکردنە سەریان بیانکوژنو خواجە فەرمانی دا بیست هەزار جووت چاوی بۆ بەرن. بەم شێوەیە هەموو نێرینەی شار کوێر کرانو ژنەکانیش دران بە لەشکر. خواجە فەرمانی دا، بۆ مانەوەی بیرەوەریی گرتنی لوتف عەلی خان، شەش سەد سەر سەربڕنو شەش سەد دیلی تر ببەنو لەو جێگەیەی لوتف عەلی خانی تیا گیرابوو منارەیەکیان پێ ساز بکەنو شەش سەد کەسەکەی تریش بکوژن.

(پوتین جر) ساڵی ١١٩٩ی هەتاوی خۆی ئەم منارەیەی دیوە، مێژوونووسە ئێرانییەکانیش لەبارەیەوە نووسراویان هەیە، وەك:

میرزا حسێن فەسای ئەڵێ:

نزیکەی هەشت هەزار ژنو منداڵ لە نێوان لەشکر دابەش کرانو هەموو پیاوەکانیان یا کوێر کرد یا کوشتیانن. دەستی میرزا محەممەد عەلی خانی برای (ملك الشعراء)یان بڕی لەبەر ئەوەی نووسەری لوتف عەلی خان بوو.

لە جێگەیەکی تردا هاتووە کە:

ئەوانەی بە چاوی خۆیان دیویانە ئەڵێن: خواجە لەسەر کێوی دختران کە ئەڕوانێتە سەر شاری کرمان ماڵێکی دروست کردبوو و لەوێوە بە دووربین تەماشای شاری کرمانی ئەکردو، فەرمانی دا تا جەنگاوەرەکانی لوتف عەلی خانو پیاوانو ناودارانی شاریان ئەهێنایە ئەوێو پاش ئەوەی چاویان دەرئەهێنانو گوێیان ئەبڕین لەو شاخەوە بەریان ئەدانە خوارەوەو ئەیانکوشتن، پاشان فەرمانی دا هەرچی ژنو منداڵ ماوە ڕەوانەی تارانیان بکەن.





## پیاوێك نابینم تا سڵاوی لێبکەم

ئەمە ئەو قسەیە بوو کە خواجە پاش چەندین ساڵ شەڕ لەگەڵ لوتف عەلی خان لە یەکەم دیدارییاندا بیستی.

لوتف عەلی خان کە هەموو لەشی برینی شمشێر بوو و هێزی تیانەما هێنایانە لای خواجە. خواجە تەماشایەکی وردی لوتف عەلی خانی کردو وتی:

- هەی! هێشتا خۆت بە ئازاو بەهێز ئەزانی؟

لوتف عەلی خان هەرچۆنێك بوو سەری هەڵبڕیو تفێکی کردە ناو چاوی چرچاویی خواجە.

خواجە تووڕە بوو، فەرمانی بە نۆکەرە تورکمانەکانی دا دەستدرێژی بکەنە سەر لوتف عەلی خانو، پاشان کوێری کردو ڕەوانەی تارانی کرد.

هەرسێ ئەڵماسەکەیان لە دەستی لوتف عەلی خان کردبووەوەو دایان بە خواجە.

رقی چەپەڵی ئاغا محەممەد خان بەمە تەواو نەبوو، فەرمانی دا لوتف عەلی خان دەرمان بکەن تا پاشان ئەشکەنجەی بدات. خواجە لەم کاتەدا چووە شیرازو سێ مانگ لەوێ مایەوەو پاشان میرزا محەممەد خانی قاجاریی نارد تا لوتف عەلی خان بکوژێت. بەم شێوەیە لوتف عەلی خان کە (٢٥) ساڵ لە تەمەنی تێپەڕی بوو کۆتایی بە ژیانی هات.